# زینۆی بەتەم

PDF4Kurd

# زینۆی بەتەم

کامران حامدی

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر – ٢٠١٤

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **زینۆی بەتەم**
- نووسینی: کامران حامدی
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: ڕێمان
- پیتچنین: پەروین پیرەبابی
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٤
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: موکریانی (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٤٦٥) ساڵی (٢٠١٤)ی پێ دراوە**

**زنجیرەی کتێب (٨٦١)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

**خوێنەری هێژا و بەڕێز:**

**کەسایەتێکانی ناو ئەو ڕۆمانە نیشتەجێی وڵاتی رۆمانەکەن و ناوەکانیشیان بە رێکەوت هەڵبژێردراون و فڕیان بەسەر دەرەوە نییە، هەر بۆیە هەر چەشنە وێچوونێک لەگەڵ ناویان کەسایەتی دونیای راستەقینە تەنیا بە یەکگرتنی ئەوان لە لای ئێوەی بەڕێزە و هیچی تر ، سەرەرای ئەوەش ئەگەر کەسێک یەکیانی بەدڵ نەبوو و لە دڵی گران هات، داوای لێبوردنی لێدەکەم.**

**ئەو ڕۆمانە پێشکەش دەکەم بە:**
**تۆ**

## به نێوی خودا

## (١)

کێوەکانی حاجی برایم وەک دەیان برای چاک پشتیان داوەتـە پشـتی یـەک. بەرامبەریان قەندیلی بەرز، قـورس و قـایم دەسـینگی زەوی چـەقیوە. زینـوێ بەتەمە. لەبن پێی، بادیناوێ، شینە مارێکی دوور و درێژە ڕادەخوشی. زستانان هێندە لەو مەلبەندە بەفر دەکەوێ کەس بڕوا ناکا بچێتەوە؛ کـەچی، بـەهـاتنی وەرزی بەهارو گەشانەوەی هەتاو، سەدان و هەزاران جۆگە ئاو وەڕێ دەکـەون، هۆنهۆن لە چاوی کێوان دێنە خوار، بە سەر گۆنایانـدا دەخـزن، بـە کـەلێن و قوژبنی گابەردانـدا ڕێیـان دەدۆزنەوە، دەسـتیان دەدەنـە دەسـتی یـەک و خـۆ دەباوەشی بادیناوێ داوێن. لارەی لەشی نەرم ونیانی گوڵە گەزیزە و نـەورۆزان دەتباتە دونیای بەرینی خەیاڵات. بە چریکەی مـەل و قاسـپەی دووری کـەوان، خوڕەی جۆگەی ئـاو، لێزمـاوی بـەفراو، گـوێ قـوڵاغ دەبـن. دەنـگ و ڕەنـگ لێکدەهاڵێن، جلەلاوێنن دەمبەدەم هەراش دەبن، ڕێوی دوودوو، سـێسـێ دێنـە بەرچاو؛ توند و تیژ ڕەپێی یەک دەنێن، ڕاوەدەستن، گوێیان قوت دەکەن، دیسان بەسەر تەقتەقە بەردندا بازدەدەن. فەرخە کەروێشـکان دەبینـی دوور و نیزیکـی کولانـەیان چاویـان زیتەزیتێتی، لانـەولانان دەکەن.پەپوولـەکان یـەکیـەک و دوودوو لە سەر شانی گوڵان دەنیشن، سرت و خورتیانە، دەبنەیەک. سەدان گوڵ وەحەوا دەکەون، سوور، زەرد، ئابی، و پەمۆیی، دەشتێک گـوڵ، جـاڕە گوڵـن باڵیان گرتووە؛ ئەوشوێنانە بەری پیرانێی پێدەڵێن، کەدەیان ئاوایی چووکـە و گەورە دەئامێزیدا حەساونەوە. لەوێ بەرەوەتر دەشتی لاجان و گەلوانە کە هەتا چاو هەتەر دەکا پان و بەرینن. پێ بە پێی بادینـاوێ بـەرەو سـنوور هەڵکشـێ! بەنێو شیو و دۆڵەکاندا وێڕای وی باوی هەنگاوت خۆش کە! وردەوردە لەهەراوی زەوی کەم دەبێتەوە و کوێستان دەوروپشتت لێدەگرێ، دەگەیە شوێنی وا تـەنیا ئاسمانـت لـێ دیـارە و بـەس. داوێنـی شـاخەکان تـژە لـەداری لێـڕەوار؛

دارەمازوو، کەوت، بەڕوو، خاسەک و گێوژ. سەدان ساڵە سەریان بە سەری یەکەوە؛ پەنجەیان داوەتە یەکتر، شانیان بە شانی یەکەوە ناوەو پشتیان بە پشتی یەکتر. قەتی لێ دەرناچی.

ئاوایی جەڕان لەداوێنی زاواکێو هەڵکەوتووە. تەویلە و هۆل و ماڵی دێ پاڵیان وە پاڵی یەک داوە، بەوێنەی مانگی کەتە. هەرتک سووچی لە بەستێنی بادیناوێ را کێشراوە. باغێکی گەورە، ماڵە حەمەدئاغای لە ئاوایی جیا کردۆتەوە. لەسەر تەپۆڵکێکی لە باشووری جەڕان پاسگای ژاندەرمەری دەبینی. شەو و ڕۆژ دوو ژاندەرمە لەبەر دەرگا و دوو لە سەربان ڕاوێچکەیانە.بەستێنی بادیناوێ ئەوبەرەوبەر بۆتە مێشەڵانێکی چغور، لەسەر گوێی چۆمەکەش ڕیزاوڕیز بیکۆل ڕسکاون و ڕەگ وبنچیان لەبن گابەردانددا درێژ کردووە و زولف و پرچیان ڕژاوەتە نێو بادیناوێ. نیسێیان جێ جێی چۆمەکەی ڕەش هەڵگێڕاوە. دوور لە دێ، لەسەر ڕێی خانێ، قاوەخانەیەک لەبن نیسێی چەند دارە گوێز سازکراوە. ئاوێکی ڕوون بە بەرپێیاندا دەڕوا و دوای تێپەڕ کردنی مەودایەکی کەم دەڕژێتە نێو گەزچاری قەراغ بادیناوێ و پان دەبێتەوە. پنگاو دەخواتەوە. ئەوجار بە کەلێنێکدا دەست درێژ دەکا و دەستی بادیناوێ دەگرێ و وێرای وی بەرەو وڵاتێکی دوور دەڕوا.

***

## (٢)

برایم سەروچای لە پێش دانان بە دەسترێکی چڵکن و نەمدار کورسیلەی پـێش دەستی سرِیوە. پولێک مێش لەسەر قەنـدان و کوورسـیلەکە هەڵـفرِین، سـرِ و سست برێک سوورِان، دیسان نیشتنەوە.

«مام خدر! خێرە ئینشاڵلا، ئەوە بەو بەیانە زوویەی بۆ کوێ دەچی؟

مام خدر قودوولەی توتنی لە گیرفانی پاتۆڵی دەرهێنـا. دەرکـی قودۆکـەی کردەوە. یەک دوو پتەی لێ دا توتنەکەی کۆ کردەوە.

«دەچمە ماڵە حاجی بایز»

بە سەری قامکی پەرِە سـیغارێکی جیـا کـردەوە هێنـدێکی تـووتن تێکـرد و هەڵیپێچا.

«دەچم، ئەی بەڵکوو تکایەکم بۆ بکا، رِەسووڵم بۆ بەردەن!»

جگەرەکەی داگیرساند. بـۆنی تونـدی تـووتن دەسـبەجێ لـە ژووری گـەرِا. دووکەڵێکی خەست بەرامبەر بە دەموچاوی دەستی بە سەمایەکی شێتانە کرد. پان دەبۆوە، درێژ و خواروخێچ دەبۆوە و وردە وردە بەرەو میچ هەڵدەگەرِا.

«دەی بە هومێدی خودای، وەڵلاهی! حاجی بایز، هەرچەند دەسـتی لەسـەر دانێی پیاوی چاکە، جا کوا پیاوی وا؟ وەڵلاهی! بە سەرت ئەو نەبایـە ئێسـتاش ئەمن هەر لە مەراغەی دەبووم.»

مام خدر، مژێکی توندی لـە سـیغارەکەی دا. شـەبەقی ئاورەکـەی دەژووری تاریک دا سرنجی چاوانی رِادەکێشا. سێ چوار نەرمە کۆخەی کرد.

«ئەدی مراد ئەتۆ بۆ دەچی؟»

برایم سەری بەردابۆوە سەر سەماوەرەکە و خەریکی سرِینەوەی دەوراندەوری بوو.

«کاک برایم! قەول وایە حاجی بایز، بابم لەگەڵە خۆی بەرێتە حەج، لەبـەر ئەوەی دەچم.»

«زۆر ممبارەکە، جا چ لەوەی چاتر؟ یارەبی خودا بەقسمەت هەموو موسوڵمانێکی بکا.»

بەرامبەریان بۆ هەڵگرتنی ئیستکانە بەتاڵەکان هات. تیشکی هەتاو بە دەرگادا وردە وردە خزابوە ژوور، هەتا سێ چوار هەنگاوان وەژوور کەوتبوو. تاریکی لەبەر دەستی ڕای کردبوو، خۆی لە سەرەوەی دیوەکەدا شاردبۆوە. گرمەی سمی بارگینان نێزیک‌تر ببۆوە، برایم ئیستکانی بەتاڵی بە دەستێکی گرتبوو، هاتە بەر دەرگا و چاوی دە ڕێگای جەڕان بڕی. تەپ و تۆز لە ژێر سمی دوو بارگینان هەڵدەستا، لە ئەوبەرەوبەری ڕێگا بە ئاسپایی دەنیشتەوە. تفەنگیان ترووسکەی دەهات. پەڵە هەورێک لە ئاسمانی پشت سەریان دیار بوو. دوور و نیزیکی قاوەخانە بوون. برایم هاتەوە ژوور. ئیستکانەکانی لە پەنا سەماوەرەکە دانا، پەردەی دیوێکی چکۆڵەی هەڵداوە، سەری بردە ژوور و لەگەڵ ئایشێی خێزانی سرت و خورتێکی کرد. مام خدر قونیچکە جگەرەکەی دەنێوان دوو قامکی گرتبوو، سووتویەکی زۆر ئاورەکەی شاردبۆوە، بۆ لای لێوی ویشکی برد و مژێکی توندی دیکەی لێدا.

«برایم! ئەو سوارانە کێن؟»

دووکەڵ باقە باقە وێڕای قسەی هاتەدەر. برایم سەری هێناوە ژوور، پەردەکەی بەرداوە وو بۆ لای دەرگا چوو.

«وا بزانم ئیستیوار ئەکبەری و گووروبان حوسێنی بن.»

تیشکی هەتاو بە قەراغ لاق و لەتەریدا نارێک دەهاتە ژوور. زرمە زرمیان لەبەر دەرگای قاوەخانە لەپڕێکی نزم بۆوە. پڕمەی ئەسپان هاتە گوێ.

«بەخێرێن. فەرموون دابەزن.»

دەنگی برایم کە لێیان چووبووە پێش هات.

«چایەکەم هەر ئێستا دێم کردووە فەرموونە ژوور. ئەمن وڵاخەکان دەبەستمەوە.»

مام خدر قونچکە سیغارەکەی خستە ژێرپێ. بۆ یەک دەم ئاورەکەی گەشاوە و بە کاڵۆشەکەی پێی ڕێخست. دووکەڵێکی کز هەتا چۆکی هات و تەواو بوو. ئیستیوار و گووروبان وەژوور کەوتن. شەپکەیان لە سەریان لابرد. یەک دوو جاران لە ڕانیان دا و هەرتکیان تەکاند؛ تۆز و غوماڵێک ساز بوو. بێ سڵاو

وەسەرەوەی ژووریٚ کەوتن و دانیشتن. جیرە جیرێک لە کورسێکەی هەستا. پۆلێک مێش هەڵفڕین و زۆر زوو نیشتنەوە. مام خدر و مراد کە لەبەریان هەستابوون بە نارەحەتی دانیشتنەوە. ئیستیوار تفەنگی لە پەناخۆی بە کورسێکە هەڵپەسارد و چاوی تێبڕین!

«ها، مام خدر ئەوە بەو بەیانە زوویەی بۆ کویٚ دەچن؟»

مام خدر لە جێی خۆی جووڵە جووڵێکی کرد و کوتی:

«دەچمە خانیٚ، ماڵە حاج بایز، لەبەر خاتری ڕەسووڵی.»

ئیستیوار بە تەشەر کوتی: «دەچی بۆت بەردا؟»

قاقای لێدا و بە دوای وی دا گووروبان حوسێنی پێکەنی. مام خدر سەری بەرداوە و چی نەکوت. مراد هەستێکی ناخۆش دایگرت. دەستێکی نادیار ئەوکی ڕێکدەکوشی. دەهەڕەتی لاوی دابوو.

لاو و مێرمناڵ و مناڵ دڵیان پاک و ڕوونە، تەنیا جوانی دەبینن و بەس. دڵ نەرمە. نەخاراوە. بۆیەش بە بیستنی وشەیێکی ناخۆش، تەشەرێک، تانەیەک، وێکدیٚ. سەبرێکی کوتی: «مام خدر ڕۆژمان لیٚ درەنگ دەبیٚ.»

برایم هاتەوە ژوور، پووش و پەلاش بە دەلینگی پاتۆڵەکەیەوە لکابوو، ئیستیوار دوگمەی گیرفانی کراسەکەی کردەوە؛ پاکەتێکی سیغار دەرهێنا و لە گیرفانی شاڵوارەکەی شەمچەیێک و کوتی:

«ئەنگۆ هەر دەبیٚ بە شەپ شتوو لیٚ حاڵی کەن.»

چاوی زیتی پێداگێران. «پێتان وایە دنیا بیٚ ساحەبە؟»

برایم خێرا دوو چای تێکرد و لە پێشی دانان، «یاخوا بەخێرێن فەرموون، ئایشیٚ!

ئایشی! خێرابە، پێخۆری بێنە.»

مام خدر خۆی وێک هێنابوو. لە ناخی دڵێوە پێی خۆش بوو برایمی بە هانا هاتبوو. بە هێواشی دەستی‌دا گۆچانەکەی و هەستا سەر پیٚ، بیٚ ئەوەی وڵامی ئیستیوار بداتەوە بۆ لای برایم چوو.

«مام خدر بڕۆ لێی گەڕیٚ میوانی خۆم بە.»

«خودا ڕاوەستاوت کا، چ تەوافەتی نییێە.»

پارەی دا و بە کۆمە کۆم وەپێش کەوت، لە بەر دەرگا مـاڵ ئاوایيـان کـرد. و وەدەرکەوتن. پۆلێک سێروو چۆلەکە لەسەر لکوپۆی دارە گوێزەکان هەڵـفڕین، وەک دەیان پنی ڕەش و بۆر لـە ئاسمـانی سـاماڵ دا سـووڕان. تێکـڕا لـووری ئالوداری سوانەی قاوەخانە بوون و جریوە جریویان ساز بوو.

ئایشێ مـەجوعمێک بـە دەسـتەوە هاتـە ژوور، بـە پەلـە بۆلایـان چـوو، بەخێرهاتنی کردن و لە پێشی دانان. چزە چزی هێلکەوڕۆن خـۆی داویشـتە نێـو قسان. لە نووکی پێوە هەتا تۆقی سەر چاویان پێداگێرا، چاویان زیتە زیتی بوو. ئایشێ هەستی پێکرد. خێرا گەڕاوە دیوەکەی خۆی. برایم خۆی گێژ کردبوو تەنیا نێوچاوانی هێندێک تێکنابوو. ئیستیوار دەسـتی درێـژ کـرد مەجۆعمـەی کێشـا پێشێ.

«ها! برایم دوێنێ شەو چەند نەفەر بوون؟»

برایم قاپێکی پڕ لە قەندی تازە شکاوی هێنا؛ قەندانەکەی پڕ کرد؛ بە دەسـتی رایتڵەکاند و سەرەکەی داناوە.

«سێ نەفەر بوون، پێنج وڵاغیشیان پێبوو، چۆارسەت تمەنیان دامێ.»

ئیستیوار پارۆکەی نیوە تەواو هێشتەوە و گوڕاندی: «چۆن سێ نەفەر، ئەدی مینە درێژ و وان؟»

برایم ڕەنگی بزرکا و کوتی: «حەسەنە ڕەش دوێنێ شەو کوتی مینە چی دیکـە بێرەدا نایەت. کوتویەتی بارانەش لەوەی دوا دەدەم بە پاسگای بەردەقەلی.»

ئیستیوار پارۆکەی ساز کرد و دەنێو سێ قامکە ئەستوورەکانیدا ڕایگرت و بە قینەوە کوتی: «جا زۆر باشە، شەرتە پەندێکیان بەسەر بێنم بۆ بابیـان تـەمبێ کەم.»

جریوەی باڵندان لە کەمی دابوو. برایم و خێزانی لەبەر دەرگا ڕاوەسـتابوون؛ چاویان لە دوای سوارەکان رۆیبوو. ئایشێ وەرسوڕاوە، کوتی: «ئەدی چیان نەدا بە تۆ؟»

برایم ورتێکی لێوەهات. ئەویش وەرسووڕاوە رووی دە تەویلـەی کـرد هـەتا دەرکەکەی داخاتەوە. ئایشێ لەبەر خۆیەوە پرتاندی و چۆوە ژوور.

دوور و نیزیکی خانێ بوون، تیرۆژی هەتاو وە پژوپۆی چناری ئەوبەر ئەوبەری تاقە شەقامی شار کەوتبوو. پەلکی سەر چلۆوکیان سپی دەچۆوە. لە چوار لایەوە بانگی مزگەوتان بەرز بوو.

مام خدر لەبن لێوی وڵامی دانەوە. بە دوو سێ کۆڵانی تەسک و چۆڵدا تێپەرین. لە حاندی دەرگایەکی گەورە مام خدر گوێدرێژەکەی ڕاگرت.

«هۆش، هۆش.»

ڕووی لە مراد کرد و کوتی: «ئێرەیە.»

مراد چاوی لە دەرگاکە بڕی. دەرکوتەکەی بە وێنەی سەری شێر ساز کرابوو. مام خدر دەستی بۆ برد و سێ چوار جاران دەرکەکەی کوتا. تاییکی کراوە و کاردارێکی پیر بەرامبەریان ڕاوەستا. سلاویان کرد.

«سەلامو عەلەیکوم!»

«عەلەیکەسەلام. برالە حاجی بایز لەماڵە؟»

«بەڵێ لە ماڵە، فەرموون!»

بەڕێنموونی کاردار گوێدرێژیان بردە تەویلە و دایانکرد. دیاری و شمەکیان لە پشتی هێنا خوار. ئەوجار هەر بە دوای هەمان کاردار چوونە دیوێک و دانیشتن. مام خدر تۆزێک پشتێندەکەی شل کردەوە. قودوولەی تووتنی لە گیرفانی پاتۆلی دەرهێنا و خەریکی تێکردنی سیغار بوو. مراد پشتی بە دیوارێوە دا و چاوی بە دەلاقەی گەورەی ژوورێدا دە حەسار بڕی. دوو سێ عافرەت و یەک دوو کارداری پیاو دەهاتن و دەچوون. مام خدر لەگەڵ هەوڵ مژ دوو سێ جار لەسەر یەک کۆخی، هێندێک تووتن لەسەر کۆشی ڕژابوو، بە بەری دەستی تەکاندی. ڕووی لە مراد کرد و کوتی:

«وا وێدەچێ حاجی میوانی هەبن.»

مراد چاوی لە حەوشە هەڵبڕی و دە مام خدری بڕی. «هەڵبەت!»

کاردارە پیرە هاتە ژوور، دوو چای لەسەر کەشەفێکی دانابوو قەندانێک لە پەنایان، لەبەر دەستی دانان. مام خدر بە هەلی زانی و کوتی:

«برالە ئەرێ پێتکوت ئێمە هاتووین؟»

«پەلەی مەکە ئێستا پێی دەڵێم، چەلێ لەلای میوانانە.»

هاڕەی ماشێنێک لەبەر دەرگا هات. یەک دوو جار سیگناڵی لێدا. کاردارێکی جحێڵ و کەڵەگەت بە هەڵاتن بۆلای دەرگا چوو. مراد و مام خدر هاتنە بەر دەلاقە و چاویان دە حەوشە بڕی. جیبێکی ژاندەرمەری بە هاڕە هاڕ وەژوور کەوت؛ پڕ بە حەوشە هاڕەی هات و کوتوپڕ بێدەنگ بوو. ئەفسەرێکی شووش و باریک و سمێڵ تاشراو. دابەزی و بە دوای ویدا سەربازێکی کورتە باڵا هاتە خوار و لە پشت سەری سەروانی ڕاوەستا. حاجی بایز بە پێکەنین بەرەوپیریان چوو. دوور و نیزیکی سەروانی ئامێزی کردەوە. سەروانی دەباوەش گرت و ڕایمۆسی؛ ئەوجار وەپێش خۆی دا و بەدەستی چەپی بۆلای پلیکانەکانی ڕێنموونی کرد. مام خدر یەکبین قسەی دەکرد و مەودای بیرکردنەوەی بە مراد نەدەدا. دەنگی قسەکردنی سەروان و حاجی بۆ ماوەیێکی لە حاند ژووریی ئەوان بەرز بۆوە و لە دوایە تەپە تەپی وەسەرکەوتنیان لە پلیکانان هات و بەرەبەرە دەنگەکان نزم بوون. مراد هاتەوە سەر جێگای هەوەڵی و دانیشتەوە کوتی:

«مام خدر ئەوە کێیە؟»

مام خدر هەناسێکی هەڵکێشا و کوتی:

«جا چووزانم، کوڕم، بە ناشکوری نەبێ کەس ناناسین، جا پیاو وەکوو حاجی بایز نەبێ چییە؟ هەتا دیومە هەر لەگەڵ پیاوی دەگەورە و ماقووڵ هەڵنیشتوە و ڕۆنیشتوە!»

لەگەڵ خۆی و مرادی درۆی دەکرد هەرتکیشیان دەیانزانی. مراد زۆر جار، لە زمانی مام خدری بیستبوو ئەودەم کە حاجی بایز قەرە بووە و چ مۆچە و مەزراییێکی نەبوە. دەم دەمە تەپەتەپی لاقی کاردارێک دەهات و نێونێوە شەقەشەقی ئیستکان و کەلوپەلی دیکە دەهاتە گوێیان. بۆنی پڵاووگۆشت خۆی بە دیوی ئەوانیش داکردبوو. کاردارە پیرە هاتەوە ژوور، مەجوعمەیەکی لەپێش دانان. هەڵمێکی کز لە چێشتەکە هەڵدەستا، ئیشتایان بزووت. پێش ئەوەی مام خدر قسان بکات کوتی: «پێمکوت، فەرمووی پێیان بڵێ چەلێ دانیشن، بانگیان دەکەم.»

مام خدر و مراد مەجوعمەیان هێنا نێوەڕاستی خۆیان و دەستیان بە خواردن کرد.

دوو سێ پەڵە هەوری سپی و ئەستوور لە پشت دەلاقە ڕا دیار بوون، نیسێ یان نێوەی حەوشەی داگرتبوو بەرەبەرە پەرەیان دەساند و ڕوو بە

پەنجەرە دەهاتنە پێش، کاردارە جحێڵەکە هاتە ژوور و ڕووی دە مام خدر کـرد و کوتی: «حاجی ئاغا دەفەرمووێ بێن.»

مام خدر دەستی لــە هــەرد قــایم کـرد و هەســتا ســەرپێ. گۆچانەکــەی لــە قولینچکی دیوەکە هەڵگرت و بە کۆمە کۆم وەپێش مراد کەوت و بەرەو دیوەخــان وەسەر قالدرمان کەوت. سلاویان کرد و لە پەنای یەکتر لەبەر دەرکە ڕاوەســتان. حاجی وڵامی دانەوە و کوتی: «بەخێریی مام خدر! بەخێریی کوڕە!»

مام خدر برێک خۆی قیت کرد و کوتی: «خودا عافوت کا حاجی ئاغا!»

مرادیش لە وڵامی دا کوتی: «خودا سلامەتت کا حاجی ئاغا!»

سەروان لە سەرەوەی هەۆان پاڵی بە دوو سەنیری گەورە و ئەستوور دابــوو، لە پشــت ســەری بــە دیوارێــوە وێنــەی جحێڵــی شــا بــە بــەرگی ئەفســەرێوە هەڵاوەسرابوو، زەردەی لە کــەناری لێــوی دا قــەتیس مــابوو. لــە خــوارەوەی سەروان کابرایەکی ورگن و سەرتاس پاڵی دابۆوە و لوولەی قەننەی بە دەستەوە چاوی تێ‌بڕیبوون. حاجی بــایز ڕووی وەرســووڕاندەوە لای ســەروان و گــوتی: «سەروان باکۆیی! ئەوەی باسم بۆ دەکردی ئەوەیە.»

مام خدر خۆی زۆرتر کۆم کردەوە، ورتێکی لەبن لێوی هات، چــاوی زووزوو لە سەر دەمی حاجی بایزی بۆلای سەروانی و لە سەرڕا بۆ لای حاجی دەگەڕا.

«پیاوێکی فەقیرە، هەر ئەو تاقە کوڕەی بە دەســتەوە مــاوە، ئەگــەر ئیزنــت لەسەر بێ، تکای بۆ بکەم، ئەو جاری لێ خۆش بن.»

مام خدر چاوی بێ قوچاندن دەزاری سەروان بڕی و چاوەڕوانی وڵامــی مــاوە. سەروان کوتی:

«ئەوجار لەبەر خاتری تۆ لێی خۆش دەبم، چەلێکی دیکە کوێخــا شــکایەتی لێی هەبێ هیچ تکایەکی قەبووڵ ناکەم!»

مام خدر بە کۆمەکۆم و بە دوعا کردن بۆ ماچ کردنی دەستی حاجی و سەروانی چۆە پێش، حاجی بزێکی لەسەر لێوی دیار بوو کوتی: «برۆ مــام خــدر ئــەوەی ناوێ، قەدەرێکی دیکە وەرە بیبەوە لەگەڵ خۆت و پێشی بڵێ ئــەوجار بــە هــیچ جۆرێکی لە قسەی کوێخا دەرنەچێت.»

سەروان کوتی: ئەدی ئەو کوردکێیە؟

حاجی کوتی: «ئەوە کوڕی مەحەمەد ڕاوچێە، یەکە ڕاوچی و شوێن هەڵگری ئەو مەڵبەندەیە!»

«وەرە پێشێ کوڕە بزانم بابت چۆنە؟ بیستوومە ناسازە.»

مراد دوو هەنگاو چۆ پێش و لە پەنا مام خدر ڕاوەستا و کوتی: «چاکترە حاجی ئاغا، دوعاچیتە.»

حاجی کوتی: «هەڵبەت ئەتۆی لە بابەت نێو نووسینی حەج ناردۆە، پێی بڵێ حاجی ساڵە باسی کردوە، نێوم نووسیوە.»

«بە چاوان حاجی ئاغا.»

سەروان لەبەری پێ هەتا تۆقی سەری چاو لێکرد. چۆارشانە و پتەو، سینگی بڕێک بۆلای پێشێ دەرپەڕیبوو، بالای نە زۆر بڵیند و نە زۆر نەوی، خەتی سمێڵی نەرم و ڕەش کێشرابوو، کەپۆی خڕ و چکۆڵە، گۆنای هێندێک دەرپەڕیبوون. بەشێک لە مووی خورمایی ڕەنگ لە ژێر سەرکڵاوەکەی هاتبوونە دەر، چاوەکانی نەتدەزانی چیان تێدایە، مەند و قووڵ.

***

## (٣)

لە پڕ ئاسمان وێکدەهات. بۆر دەچووە. هەورەکان لە چەند سووچەوە هێرشیان دێنا. پاڵیان وە پاڵی یەک دەدا. بە جارێ ئاسمان ڕەش دادەگەڕا. هەتاوی کز نوقم دەبوو. هەور دەیانگرماند، شریخە و هۆریان دونیای دەلەرزاند. ڕەشە بای پاییز وەک گورگی برسی بە لوورە لوور لە شاخیڕا بەرەو دەشت و ئاواییان خۆی داویشت و شێت و هار جەستەی دارانی ڕادەژاند. هەزاران گەڵای زەرد و سوور و نارنجی دادەپرووزقاند و لە ژێر پێی خۆی دەنان و تێدەپەڕی. ئەوجار ڕێژنە و لێزمە وڵاتی دادەگرت. ئاسمان دەگریا. ماوەیەک دوایە هەور گەواڵ گەواڵ بە سینگی دا ڕادەخووشین. هەتاوی کز جارێکی تر وەدیهات. چیا و بەرد و دار و دەوەن دەدرەوشانەوە. پاییز هاتبوو!

لە دوورەوە دەنگی سەوەڕێک دێ. تەزوویەکی سارد بە لەشی دادێ و دەڕوا. لە پەنا دیواری ماڵە کوێخا سەر هەڵدێنێ، خەرمانەی مانگ سرنجی ڕادەکێشێ و دەیباتە دنیایێکی سیحراوی، ئەستێرە لە دوورەوە، زۆر لە دوورەوە ترووکە ترووکیانە. ئاسمان ئەوشۆ یەکجار بڵێندە! نیگای تێدا ون دەبێ. کۆڵانی تەسک و باریکی ماڵە هێرۆ روونتر لە شەوانی پێشوویە. سەردادەخاتەوە. ئەوسەر ئەوسەری کۆڵانەکە چاو لێدەکا، کەس بە دیارەوە نێیە. سریلەی کەلێنی دیواران سرتە سرتیانە. دوو سێ هەنگاوان هەڵدێنێ و لە پەنا دەرگایەک ڕاوەدەستێ. بڕێکی دیکە خۆ وێکدێنێ. هەست ڕادەگرێ و گوێ بە دەرکەیەوە دەنێ، هیچ دەنگێک نایە. دیسان چاو دە ئاسمان دەبڕێ؛ پەڵە هەورێکی ئەستوور، نەرم نەرم بەرەو مانگ دەچێتە پێش، ڕادەکێشرێ، وەک جادوو کرابێ چاوی لە مانگ بڕیوە؛ دەخزێتە پێشێ، دێ لە دەوری هاڵێ. شەو و تەنیایی قۆلبەستی دەکەن.

خشپە خشپێک دێ؛ دڵی بە گرمە لێدەدا. جیڕەیەکی سەبر لە دەرگا دێ؛ بە حاڵ کەلێنێک دەکرێتەوە.

«هێرۆ! هێرۆ! ئەتۆی؟»

هەورەکە پێش چاوی مانگی بەرداوە. قامکیان چوون دەباڵ یەکەوە. گەرما دەلەشیان گەڕاوە. ترس و ئەوین دەشەڕدان. گەرما و سەرما لێکراساون.

ئەوین مزرە؛ ئەوینی ڕاستەقینە تێکەڵاوی تاموبەرامی دژ بە یەکترە. ئەوین پێکەوەیان دەنووسینێ. دەبنە یەک؛ لێکدەهاڵێن. ماری عاشقە و ماشقەن، ترس دووریان دەخاتەوە، لێکیان هەڵدەبڕێ. ترس لە داهاتوو، لە دەمێکی دی، لە کوژانەوەی چۆڵە چرای مانگ و ئەستێران، لە کۆتایی شەو، هێرۆ سەری توند بە سینگێەوە نووساندۆە، چاوی گەشی لێکناون. تەنیا بۆتە هەست و بەس، دوور لە دونیا، دوور لەمرۆڤ، دوور لە هەموو شتێک و نزیک لە ئەوین. مراد سەری بەرداوەتەوە سەر سەری، عەتری کەزیەکانی هێرۆ بوونە پشوو و هەناسە و خۆ بەسینگی دادەکەن. هەناسەیان تێکەڵە. چاویان نوقمی چاوی یەکترە، دوویان ڕەش ڕەش وەک شەو! دوویان شین شین وەک ئاسمان!

«هێرۆ گیان! چەندەم خۆش دەوێی، تۆ خودا بڵێی کەنگێ پێک بگەین؟

هێرۆ هەناسە هەڵدەکێشێ «مراد گیان! خۆشەویستم! نازانم بە خودای، ئەمنیش وەختە شێت بم، مراد گیان زۆر دەترسم.»

تریفەی مانگە لە تنوکێک ئەسرینی کەنار چاوی دادەلەرێتەوە، مراد توند بەخۆیەوە دەکوشێ و بێدەنگ چاو دە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە دەبڕی.

«مراد! وەرە با سبحەینێ هەڵێین؛ بە خودای بچیە هەرجێیەکی ڕەگەڵت دەکەوم.»

هێرۆ سەری هەلێناوە و چاوی دە چاوی بڕێوە. مراد دەست بە پرچی دادێنێ و دەڵێ:

«هێرۆ گیان! چەلێ ناکرێ هەڵێین؛ ئەوچەلەش دەنێرمە سەرت، بەڵکوو جێبەجێ بێ، حەوجێ بە وەی نەبێ؛ جا ئەگەر هەر نەیدامێ هەڵتدەگرم.»

هێرۆ هەناسێکی هەڵدەکێشێ و سەری بەردەداتەوە.

«بۆ بابم ناناسی؟ ئەگەر شتێکی کوت هەر ئەوەیە! بەتەمایە بەژنم بدا! بە خودای دەترسم ئاخریش هەروا بکا!»

ئەستێرەیەک لە سووچێکی ئاسمان ڕاخووشی ماوەیەکی کەم شوێنی لێ بەجێما.

«هێرۆ گیان! دەزانم، ئەمیش بابت دەناسم، بەڵام ئێستا ناکرێ. با بابیشم یەکجاری لە حەج بێتەوە ئەودەم تەگبیرێکی دەکەین.»

«مراد گیان! کەیفی خۆتە، خۆ بە خودای بێتوو بەژنم بدا دەسبەجێ خۆم دەکووژم، ئەمن سوێندم بۆ تۆ خۆاردوە.»

مراد توند توند بە خۆیەوە لکاند. «هێرۆ! هێرۆ!»

دەنگی کوێخای بوو وەخۆی هێنانەوە!

«مراد برۆ بابم هات.»

مراد لێی جیا بۆوە و سەبرێکی کوتی: «سبحەینێ لە داوەتی ماڵە کاک ڕەحیم دەتبینمەوە.»

ماوەیەک دوایە هەر کامە لەسەر جێی خۆی ڕاکشابوو، بە دەلاقەیدا چاویان دە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە بڕیبوو. لەسەر زەوی خەیاڵ و ئەویندا داری هیوایان دەچەقاند. تەنیا زرمە زرمی سمی بارگینان بۆ چەند ساتان لە دنیای ڕەنگامەی خەیاڵ دووری خستنەوە.

***

## (٤)

ئاسمان ساو و بێ خەوش بەسەر ئاواییدا کشابوو. هەتاوی سەخی باوەش باوەش تیشکی خستبوە سەر زەوی.

بادیناوێ لرفە لرفی قۆناغە ڕێیەک دەڕۆیی. پۆل پۆل قاز و مراوی ڕەنگاوڕەنگ، سپی، بۆر، بەلەک، بۆرچیل لە کەنارەکانی بڵاو ببوونەوە.

حەوشەی ماڵە کاک ڕەحیم لەبەر حەشیمەت جمەی دەهات. کیژ و کوڕ، پیرولاو دەست لە دەستی یەکتر هەڵدەپەڕین. بێ ماندووبوون و پشوودان. بزەیان دەهاتە سەر لێو. خوناوکە لە نێوچاوانیان ڕێچکەی دەبەست. گەرم دادەهاتن، دەستیان ئارەقەی دەکرد، قامکیان هەڵدەخلیسکا و دیسان پەنجەیان لێک قایم دەکرد و گەڕێکی دیکە، بە هەوای دەهۆڵ و زۆڕنا، بە هەوای ئاهەنگی دڵیان دەسووڕان. سەربانی ماڵیان پڕ لە ژن و منداڵ بوو. لە گوێسوانەی بانەکان هاتبوونە پێش. بۆنی گەرمەنان، بۆنی پلاوگۆشت و بۆنی عەتر و مێخەکان جەڕانیان پڕ کردبوو. مەجوعمە بە ڕیز دەهاتنە دەر، دەستاو دەست دەڕۆیشتن و لە پێش میوانان دادەندران، مراد و هێرۆش وێڕای ئەوانەی دی دەهات و چۆ دابوون، دووراودوور یەکتریان بە چاو دەنگاوت. بزە دەهاتە سەر لێویان، هەر هەلێک هەڵکەوتبا تێکەڵی هەڵپەڕین دەبوون و دەست دەنێو دەست یەکتردا زرمەیان لە هەرد دێنا. لە هەرتک دیوی ماڵە زاوا جەماعەت ریزاوریز دانیشتبون، لە سەرەوەی هەمۆان مەلا محمود و کویخا بوون. بابی زاوا حەجمینی نەبوو، یەک بین لە ژووریڕا بۆ حەوشە و لەوێڕا بۆ سەربانی هاتوچۆی دەکرد، هەر تاوناتاوێکی شتێکی بە لاوەکان دەکوت، یان هەرای عافرەتێکی دەکرد، ئەوجار خێرا بەرەوپیری میوانان دەچوو پاینازی دەکردن. هەراهەرای منداڵان بەرز بۆوە، جەماوەر چاویان بۆ لای ئەو سەری کۆڵانی ڕاکێشرا، دەهۆڵ کوت بە کەیفی خۆی کوتای و زووڕناچێکەش پڕ بە گووپی

تێیتووراند! محەممەد چاوەش پڕ بە زاری تێیهەڵکرد. بووک لەسەر وڵاغێکی ڕەش دەنێو جەغزی خەڵکی دا دەهاتە پێشێ. سەرکێش بە دەستی چەپ منداڵانی لەبەر سمی بارگینان لادەدا. تەپ و تۆزی داوەت وڵاتی داگرت. کاک رەحیم و خێزانی بە پەلە پەل چەند مستیان نوقل و قەرەپوول هەڵاویشت. قڕیوە قڕیو و هەراهەرای منداڵان دەنگی محەممەد چاوەشی شاردەوە. ئەحمەد رانکوچۆغەی سوورگوێز لەبەردا بەرەوپیری بووک چوو. لەپڕ زریکێک وڵاتی تاساند. خەڵک سەریان سووڕما؛ گێژ و وڕ مانەوە. لەو سەری کۆڵان ڕا دوو تەرم لەسەر پشتی دوو ئێستران شۆڕ ببوونەوە! داوەت شێوا. کیژ و کوڕ، پیر و لاو و منداڵ شپرزە و سەر لێشێواو غاریان دا! ڕۆڕۆی ژنان، خۆبڕینەوە و پچڕینەوەی کیژان، داوەتی بە یەکجاری تێکدا! مینە درێژ و ڕەحمانی برازای هاتبوونە داوەتێ! هەی ڕۆ هەی ڕۆ!

## (٥)

قەندیل ئەسپێکی ڕەسەن بوو هەستابوە سەر پێ! یاڵ و پژی، سپی سپی شۆڕ ببوونەوە. سەرەتای قەوسی پاییز بوو.

حاجی محەممەد سڵاوی نوێژی داوە؛ بەری دەستی ڕوو دە ئاسمان و هێنـدێکی دوعا کرد. هەرتک دەستی بە دەم وچاوی دا هێنا، هەستا و بەرماڵی خڕ کـردەوە. هەڵم باقە باقە بە دەم و لـووتی سـەماوەرەکـە دا دەهاتــە دەر. چادانــە زەردە ڕووکێشە کەی هێنا پێش و کەوچکێکی چا تێکرد. عـەتری چـای دەژووریَ گـەڕا. مراد کەوڵ بە دستەوە وەژوور کەوت.

«سەلام!»

«وەعەلێکەسەلام!»

لە ناوەڕاست ژوور کەوڵەکەی ڕاخست و چۆ دەر. حاجی دوو چای لەخورێنی خواردەوە، مراد نوردێک نان لەسەر دەست و پیاڵـەیەک پـەنیر هاتــەوە ژوور. حاجی کوتی:

« بەدایکت بڵێ پێچە تازەکەم بۆ بێنێ، دەچمە ماڵە کوێخا.»

هاتە قەراغ کەوڵەکە، بیسمیلای کرد و پەنجەیەکی نان لێ کردەوە.

« باشە بابە گیان .»

ڕەنگی هێناو برد. قسەکەی دێنا سەر زمان و دەیگێڕاوە. حاجی هەسـتی کـرد! چی نەکوت. بڕێکی پەنیر دەنێو نانەکەی ناو بـۆلای زاری بـرد. مـراد چـای بـۆ تێکردو لەبەر دەستی دانا. ئەوجار چۆوە دەر. بۆلای مدبەقی چوو. بـۆنی گەرمـە نان مەند و قورس دە حەسارێیاندا ڕاوەستابوو. چوارپێ بۆرەکەیـان لەوسـەری

حەوشە ڕا بە کلکەسووتە بۆلای هـات؛ لمبـۆزی بـۆلای لاقـی درێـژ کـرد و بـە نوزەنووز دستەکانی لە حەرز و کالۆشی مرادی دەخست.

« چخە، چخە»

لەخۆی بڕێک دوور خستەوە. خـات زارا دەسمالّـی سـپی لـە دەم و لـووتی هالاندبوو، ئەنگووتکی پان دەکردەوە، خێرا خێرا تیرۆکـی بەسـەر دادەهێنـان، لەسەر ڕفێدەی بۆری بەر دەستی درێژی دەکردن و ئـەوجار بـە تـەواوی هێـزی شان و پیلـی بـە تەنـدوورێوەی دەدان. هاتـە بەرامبـەری لەوبـەری تەنـدووریّ هەلّتروشکا، ئاورینگ جار جار لەبنی تەندوور هەلّدەستان. ماوەیەک هەروا لە دایکی ڕوانی ئاخرین نانیشـی لـیّ کـردەوە و سـەری تەندوورەکـەی نایـەوە، دەستمالّـی لـە دەموچـاو کـردەوە، کۆشـی تەکانـد. بـۆنی نـانی سـوتاو و گەرمەتەندوور دەهات.

«بابم دەلّیّ پێچە تازەکەی بۆ بەری دەچێتە مالّە کوێخا.»

دوای کوتنی کوێخا سەری بەرداوە، خات زارا کوتی:

«نانی خوارد؟»

مراد سەری‌هەلّێنا و چاوی دەچاوە چکۆلّە ڕەشەکانی بڕی.

«ئەوە خەریکە.»

دیسان سەری لەبەر خۆی ناوە. خات زارا دەستی بە ئەژنۆی گـرت و هەسـتا سەرپیّ، هاتە پەنای دانیشت. دەستی دەنێو دەستی کزی خۆی گرت. مراد سـەری هەلّبڕی.

«کوڕم بۆ وا ماتی؟ خۆ پردت لیّ نەڕووخاوە. خودا گەورەیە. دوێنیّ شـەوێش پێمکوت. قەولی دا هەر ئەو شەوانە بـۆت پچێتـەوە خـوازبێنی. دە هەسـتە دەی کوڕی خۆم بی، وا بە ماتی دامەنیشە.»

پێکەوە هاتنە دەر و خات زارا بەرەو ژوور و مـرادیش بـۆ لای تەویلـە وەڕیّ کەوت.

هەتاو، تلاوتل وەسەر شانی زاواکێو کەوتبوو، جەغەتەی سەهۆلّی کۆلانانی دەشکاند. پۆلە قازی سپی و بۆر بە هەراوهووریا لە بەرپێیان لادەچـوون، سـیّ چـوار جـار بالّـیان لێکـدەدا و دەیانبەسـتەوە. تێکـڕا وەردەسـووران و مـل و دندووکیان بۆلای درێڕ دەکرد. سەگی بەڕەلا لەو سەر ئەو سەری کۆلان دەهـاتن و

دەچوون. تاقمێک لە دێهاتێکان بەرەو گووند یا شار وەرێ کەوتبوون. دەرگای ماڵە کوێخا گاڵە درابوو. سێ جار کوتای و چاوەڕوان ماوە بۆڕە و بارەی پەلەوەر لە هەموو لایەکەوە دەهات. دەنگی کوێخای گوێ لێبوو.

«هێرۆ! هێرۆ! کچێ غاردە لە دەرگا دەدەن.»

دەرکەی کردەوە؛ چاوی بە حاجی محەممەد کەوت. لەپڕێکی ڕەنگی گۆڕا.

«سڵاو مامە حاجی.»

«عەلەیکەسەلام، چۆنی کچم؟ کوێخا لە ماڵە؟»

«بەڵێ مامە حاجی، فەرموون!»

لەبەر دەرگا لاچوو رێی بۆ کردەوە، «ئامۆژن چۆنە؟»

هەستی بە توند توند لێدانی دڵی خۆی کرد. دەیهەویست لە مرادیش بپرسێ گێڕایەوە.

«رووت سپی بێ کچم، زۆر چاکە.»

«هێرو! کێیە ڕۆڵە؟»

حاجی پێش هێرۆ وڵامی داوە، «کوێخا لەماڵی؟»

«فەرموو حاجی.»

بەرەوپیری هاتبۆە سەر هەیوان. چوونە ژوور و هێرۆش بەدوایاندا هاتەوە دیوەکەی دیکە. بەرەوڕووی یەکتر پاڵیان بە دوو سەنیری گەورەوە دا. هێرۆ دوو چای لەسەر کەشەفێک دانابوو هاتە ژوور.

«بەخێر بێ مامە حاجی.»

«بە مراد بی کچم.»

لەبەری پێرا هەتا تۆقی سەر تێهەڵڕوانی و بزێکی هاتە قەراغ لێوی. کوێخا هەستی پێکرد، نێوچاوانی هێندێک تێکنا و حاجی دەقسان گرت.

«بەخێرێی حاجی، لەگەڵ چاوئیشەکەت چۆنی؟»

هێرۆ خانوومان چوو دەر.

«خودا سلامەتت کا، کوێخا چاترم، چەل چەلە چلان دەدا دەنا ژانی شکاوە.»

«دەی چاک دەبی ئیشاڵلا.»

تیشکی ڕۆژ بە پەنجەرە چوارتایەکەدا خۆی دەژوورێ هاویشتبوو، خۆی لەسەر چوار بەشی چکۆلەی مافوورە سوورەکە پان کردبووە، کوێخا دەستی بە

ڕدێنی داهێنا. ماوەیەکی کورت بێ ئەوەی قسێکی بکا چاوی دە هێرۆی بڕی کە بۆ بردنەوەی ئیستکانە بەتاڵکان هاتبۆوە ژوور. پێچی سەری کردەوە، تاقیلە سپی و خاوێنەکەی لابرد. تووکی سپی کە تازە سەریان وەدەر نابۆوە وەدیار کەوتن.

پێچەکەی ڕێکوپێک کردەوە و لەسەری بەستەوە.

«حاجی! زۆر زۆر بەخێریێ.»

بە چاوی هێرۆی هەتا دەرکە بەڕێ کرد.

«دەزانی لەبەر چی لەدووتم نارد؟»

حاجی دەستی لە گیرفانی پاتۆڵەکەی نا و دەسحێبێکی درێژی قەزوانی دەرهێنا. مەلاکەی دیتەوە. بە دوو قامکی شادەوگەورەی دەستی بە گەراندنێ دەسحێبەکەی کرد.

«خێرە ئیشاڵڵا.»

«هەر خێرە. هەوەڵ ئەوەیە ئەوڕۆ و سپێکی مودیرمان بۆ دێت، جا لەبەر خاتری ئەوەی قوتابخانەمان نیە، ئەگەر ئیزنت لەسەر بێ دەرسەکەی هەر لە مزگەوتێ بڵێ و شەوانەش بێتەوە ماڵە تۆ، چونکینێ وەتاغی زیادیشت هەیە، دووهەمینیشی کچت دەماڵێدا نیە.»

«کوێخا گیان! خۆ بۆخۆت دەزانی ئەمن لە حاستە تۆ سێحەب ماڵ نیم.»

کوێخا هەرای کچەکەی کرد: «هێرۆ! کچم ئەوە لە کۆی بۆ چای ناهێنی؟»

«لە کوێ ڕا دێ؟»

«ئەو جورەی بزانم خەڵکی سابلاغێیە.»

«دەی زۆر باشە، هەر بچمەوە بە زارای دەڵێم دیوێکی بۆ خاوێن کاتەوە.»

تیشکی هەتاو بەرەبەرە زۆرتر لەسەر مافوورە خۆی پان دەکرد و دەخزا پێش. هێرۆ دوو چای دیکەی هێنا؛ گورج و گۆڵ داینا و گەڕاوە.

«حاجی مەسەلەی دووهەم لەبابەت ئەو پارچە زەوییەی خڕسووتمانانە. پێم خۆشە بە خۆشی بیدەنێ و ئاوێکی بەو ئاورەی داکەن.»

حاجی دەستی لە گەڕاندنی دەسحێبەکە هەڵگرت، برۆی هێندێک تێکنا و هات وڵامی بداتەوە، کوێخا دیسان هەڵیدایە:

«حاجی سەبر کە قسە کەم تەواو بێ جا لە پاشان چت پێخۆشە بیڵێ.»

حاجی دیسان قامکی وەکارخستن، دەنکی دەسحێبەکەی بە قەڵسی جووت دەکردن و دەیهاویشتن.

«خۆ بۆخۆت حەمەدئاغای لەمن باشتر دەناسی، ئەگەر لەسەر شتێکی سوور بوو، بە ئیمامی ڕەببانیش ناگەڕێتەوە. ئێستاش دەڵێ دەمهەوێتەوە.»

حاجی چی دی خۆی پێ ڕانەگیرا؛ ئیستکانی پێش دەستی هێندێک دا کەنار، برێک لە چایەکە ڕژا نێو ژێرپیالەکە، دەنگی هەڵێنا و کوتی:

«ئەوە دەڵێی چی کوێخا؟ ئەو پارچە زەویێ بیست دانە ساڵە بە دەستی ئێمەوەیە، خۆ هەموو کەس دەزانێ ڕەحمانی کاکم لاق و چاوی لەسەر خدر ئاغای داناوە، بۆ مەگیم خدرئاغای بابی پێی نەبەخشیوە؟ ئەدی ئەو هەڵەسوونە چیە هێناویێتەوە؟»

کەسپ و کۆ دایگرتبوو، چاوە شینەکانی چڵیان دەدا، دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، ڕەگی ملی هەڵیانداویشت.

«حاجی! هێندێک لە سەرەخۆ بە، خۆ منداڵ نی، ئەمن خۆشم دەوێی بۆیە پێم خۆشە پێکبێن، دەنا بۆخۆشت دەزانی بە زەبروزۆری ژاندرمانیش بێت دەیئەستێنێتەوە، جا بۆ خۆو دەزانن!»

***

## (٦)

هەوری بۆر گەواڵ گەواڵ دەباوەش ئاسمان دەخزان و پـێش چـاوی ڕۆژیـان دەگرت. هەتاوی پاییزی خۆی لەدەستیان رادەپسکاند. و ماوەیەکی تر چاوی لـە زەوی دەبڕی، هەتا بە یەکجاری لە هەموو لایەکەوە لێی وەردەهاتن و تێیـان دا نوقم دەبوو. بای سارد و زاویتە لە چیا ڕا بە گژەگژ دەهاتە خوار، لکوپۆپی دار و دەوەنی ڕادەژاند. باوەشێک گەڵای ویشک هەڵاتووی دەڕفاند و خوولی پێدەدان ئەوجار بێ بزەیانە بەسەر تەرمیان دا تێدەپەری.

زەوی و زار چۆلوهۆل ببوون. جارجار قەلێیک لە سووچی ئاسمان دەیفڕاند و دیسان وڵات بێدەنگ دەبۆوە.

جەمەدانەکەی دا بە دەستەکەی دی، چـاوی لـە ئاسمـان بـڕی، پـەراوێزی گەواڵێکی بە پاشین تیشکی ڕۆژ زەرد هەڵگەڕابوو. تاپۆی قەندیلی دەنێو تـەپ و مژدا دیار بوو. باوی هەنگاوی خۆشتر کرد. ڕێی بەرامبەری وەک سڕەمارێکی بۆڕ درێژ ببوو. دووراودوور قاوەخانەی هاتە بەرچاو. دووکـەلێکی ئامـاڵشـین لـە سەربانی هەڵدەستا، بەدەست کزەبای سەر لە ئێـوارە لـوولی دەخـۆارد، وەک خەیاڵێکی ئاڵۆز ڕووی لە هەموو لایەک دەکرد و تێکەڵی ئاسمان دەبۆوە. بزێکی هاتێ و دیسان هەنگاوی خۆشتر کرد. لە حاند تەویلەکە پڕمەی ئەسـپێک هـات. چێو و لکی ویشکی دارەگوێزان لە ژێر پێی قرچە قرچیان بوو. هاتە بەر دەرگـای قاوەخانەکە، بڕێک ڕاوەستا، ماوەیەکی خایاند چاوی خووی بە تاریکی گـرت. سلاوی کرد، پەردەی ژووره چکۆڵەکە لادرا و عافرەتێک هاتە دەر.

«عەلیکە سەلام، بەخێرێی فەرموو.»

سمایل دوو هەنگاو چۆ پێشتر، چاوی بـەو سـەر ئـەو سـەری قاوەخانـەی داگێڕا، شەبەقی ئاوری کوورەی لەسەر دیوار و شمەکی ژورێ دەلەرزاوە.

«سوپاست دەکەم، براژن چاتان هەیە؟»

«ئەرێوەڵڵا براله فەرموو دانیشه ئەوه بۆت دێنم.»

سمایل جەمەدانەکەی لە پەنا لاقی دانا و لەسەر کورسیلێکی نیزیک کوورەی دانیشت. ئایشێ توندوتۆڵ دەهات و دەچوو، دەچووە ژوورەکە و شتێکی دێنا و دەهاتەوە لای سەماوەرەکە. وردە وردە شمەکی ورد و چکۆلەی ژوورێش دیاریان دەکرد. ئایشێ چایەکی لەبەر دەستی دانا. «فەرموو.»

«سوپاس، ئەدی براژن بۆ بەتەنێی، پیاوەکەت لە کوێیە؟»

«ئەوە لە پشت قاوەخانەی خەریکی دار شکاندنە. هەر ئێستا پەیدا دەبێتەوە.»

دەنگی نزمی کەوان لە ژوورەکەی دیکەڕا دەهات. چایێکی دی بۆ تێکرد و بۆی هێنا و چووە دەرەوەی قاوەخانە. دەنگەدەنگی پیاوێک کە دەیدۆاند هات. ماوەیەک دوایە تارمایەک لەبەر دەرگای قاوەخانە پەیدا بوو. بۆ دەمێک دیوەکەی تاریکتر کرد.

«ماندوو نەبی کاکە.»

«بەخێرێی، بۆ خۆت ماندوو نەبی.»

باوەشێک داری لە پەنا کوورەکەی هەڵرشت، دەرگای کردەوە دوو کۆلکەی خۆاروخێچی تێهاویشت و دایخستەوە. هاتە بەرامبەری و دانیشت.

«یاخودا بەخێرێی، خەڵکی کوێی کاکە گیان؟»

«خەڵکی سابڵاغێم.»

«ئەدی ئەوە بۆ کوێ دەچی؟»

دووکەڵێکی کز بە کەلێنی کوورەکەی دا دەهاتە دەر. لڕفە لڕفی کوورەی ساز بوو. شەبەقی ئاورەکەی زۆرتر ببوو و تاوناتاوێکی چاوی ڕەش و گەشی سمایل لەبەری دەدرۆشانەوە.

«دەچمە جەڕانێ.»

«چۆنە دەچی؟»

هەستابووە سەرپێ و دەستی بۆ ئیستکانە بەتاڵەکەی درێژ کردبوو.

«ئەمن مامۆستام بریار وایە ئەو ساڵ لەوێ دەرسێ بڵێم.»

خوڕەی چا کە برایم دەئیستیکانی کرد هەستێکی خۆشی‌دا بە سمایل.

«هەر بەخێرێی.»

چایەکەی لەپێش دەستی دانا، یەکیشی بۆ خۆی دانا و لەجێی ئەوەڵێ ڕۆنیشت.

کۆلکەکان بە چاکی گڕیان گرتبوو، بەشێک لەکوورەکەیان سوور هەڵگیرابوو. برایم چاوی لەسەر سمایلی هەڵنەدەگرت. دوو بڕۆی ڕەش و پەیوەست، جووتێک چاوی ڕەش و گەش، کەپۆیەکی چکۆڵە و خشپیلانە و سمێڵێکی باریک، نیگارەی لاوانی حەقایەتی کۆنی دەخستەوە بیری مرۆڤ.

«زۆرم ماوە بگەمێ؟»

برایم راچڵەکی. «ئەگەر خۆش بڕۆی ڕەنگە بۆ بانگی شێوان بگەیەی.»

دوندی چیا بەرزەکان دە ئابلۆقەی هەوراندا ون ببوون. تەنیا قەندیل بوو کە دەروەستی نەهاتبوون و سەری لە نێویان هەڵبڕیبوو. قۆچاغ و بە پێملی ڕێگای گرتبۆ بەر. هەژگەل و پڕ و پووشی قەراغ ڕێگا بە داوێنی بای هەڵدەڕوسکان؛ جووڵە جووڵیان تێدەکەوت، چەند گەزی لەگەڵ دەرۆیشتن، گیژووڕ داوێنیان بەردەدا؛ ڕۆدەبوونە دەلینگی پاتۆڵی سمایل و پێوەی دەنووسان. هاشە هاشی بادیناوێ لە دوورەوە دەهات. دەمارێکی شین و ئەستوور بوو بە سەر باسکی زەوی‌دا کێشرابوو. هەزاران گەز و بێ و چنار لەو بەرەوبەری تێکهاڵابوون؛ نیسێی کێوی بڵێند و دارستانی چڕوپڕ کەوتبوونە سەری. تاریکی و تارمایی کەمکەم بەسەر وڵاتی داکشا.

لە دوورەوە کزە کزی تاق و لۆق چرایەک دیاری دەکرد. دەنگی بانگێ مزگەوت لە دێی وەدەر کەوت و گەیشتە سمایل. شەکەت و ماندوو گەیبۆ قەراغ دێی. پیرێژنێک لەبەر ماڵێکی ڕاوەستابوو، کەزیەکانی لە ژێر دەسماڵ وەدەر کەوتبوون، نێوەڕاستیان سپی و ئەوبەر ئەوبەریان ئێستاش ڕەنگی خەنەی پێوە مابوو، سڵاوی لێ ئەستاندەوە.

«وەعەلێکەسەلام و ڕەحمەتوڵڵا، «ماندوو نەبی کوڕم.»

«سڵامەت بی دایە گیان! ماڵە کوێخای لە کۆیە؟»

دەستی ویشک و لاوازی هەڵێنا و ئاماژەی بە ئاخری کۆڵانەکە کرد و کوتی:

«هەر ئەبەو کۆڵانە دا بڕۆ لە مزگەوتێ تێپەڕە یەکسەر دەگەیەی. ئێستا بۆخۆشی لە مزگەوتێیە.»

«زۆر سپاس دایەگیان.»

گاڕان بەرامبەری دەهاتن؛ بـۆڕە بۆڕیـان هـەموو دێـی داگرتبـوو. دەرگـای مـاڵان کرابوونەوە. لەحاند هەر ماڵەی دەستەیەک لە گاڕانێ جیا دەبوونەوە، گایەکان هێدی و لەسەرەخۆ و گوێلکەکان توند و بە پەلە خۆیان بە حەوشە دادەکـرد، کیژگـەل سـێ سێ و چۆار چۆار بە پەنای دا دەڕۆیشتن، گۆزەیەک لەسەر شان یان سەتڵێک لە قـۆڵ لەحاستی وی لە قەستی نێوچاوانیان تێکدەنا و بێدەنگ دەبوون. هەر لێی تێدەپـەڕێن تریفەیان لێ دەهات. تاقمێک پیاوی بە تەمەن لەبەر دەرگای مزگـەوت ڕاوەسـتابوون. مەندیلی مەلا مەحموود دەتارمایی سەری شەودا لە چـاوانی دەدا. بـە دەنگێکـی بـەرز سڵاوی کرد. تێکڕا وڵامێان داوە و یەک بە یەک بەخێر هاتنیان کرد.

«بەخێرێی!»

«ماندوو نەبی.»

«سوپاسو دەکەم، ئەمن مامۆستای ئێرەم.»

کوێخا و پیاوەکان دەنێو خۆیان گرت و بردیانە مزگـەوتێ. کـوورەیێکی داری گەورە لە نێوەڕاستی ژووری دانڕابوو. سێ چـۆار مـافورەی کـۆن و تاوسـوتوو ڕاخڕابوون، دوو سێ بەڕماڵی تازە و نوێ لە نزیک میحـراب پـان کرابوونـەوە. دوو چرای گڕسۆز لەسەر لێواری دەلاقـە و تاقـەی ئەوبـەری ژووری دانرابـوو. نزیک نیو سەعاتان دەوریان داو دۆاندیان. پاشان شان بە شانی حاجی محەممەد بە کۆڵانی تاریک و باریکی جەڕان دا بـەرەو مـاڵ ڕۆیشـتن. ئـەوی شـەو هـەتا درەنگانێک ماڵە حاجی محەممەد پڕ لە میوان بوو. دیوە گەورەکەیان بە دووکەڵی سیغاران ئاخنرابو. مراد و یەک دوو لاوی دیکە خێرا خێرا چایـان دێنـا و پێیـان رادەگەیشتن. ئاخری شەو تاق تاق و دوو دوو وەدەرکەوتن و بەجێیان هێشتن.

دەستە هەوری بۆر و چڵکن لـە حانـد مانگـێ لێـک هەڵوەشـان، ئەسـتێرە ترووکەیان ساز بوو، مـانگی کـەت وەک تـانج لـە تـۆقی سـەری ئاسمانـەوە دەدرۆشاوە. ڕەشەبا هەڵی کردبووە سـەر وڵات. هـەور بـە یـەجگاری بـەرۆکی ئاسمانیان بەردا و ئاسمان ساماڵ ساماڵ لە ژوور سەری زەوی ڕاوەستا، بـەڵام بای ڕەش و سەرشێت هەروا بـە قـەوەت بـە کۆڵانانـدا تێدەپـەڕی و خـۆی بـە حەوشەی ماڵاندا دەکرد. سمایل مانـدوو و هـیلاک پیلـۆی کەوتنـە سـەر چـاو. جریوەی دوو ئەستێران لە ماڵە حاجی محەممەد بڕاوە.

***

## (٧)

شوان شەرتیان پەریبوو، ئاژەڵ لە قەدی کێو و دەورو پشتی ئاواییان دەلەوەڕان. قاز و قورینگ شەو و ڕۆژ بە تەشقی ئاسمانی جەڕاندا بەرەو ئارانان قەتارەیان بەستبوو. باکوت قۆڵی هەڵماڵیبوو، بە تاژەنگی سەرما و سۆڵ چیا و دۆڵ و دەرانی دابووە بەر پەلاماری خۆی. بەری بەیانان یان بوومەلێڵی ئێواران هەڵیدەکردە هەور و باو زاویتە؛ کڕێوە و باپووسکە هاروهاچ خۆیان بە چاوان دادەکرد. وڵات قڕوقپ دەبوو، کۆلان چۆل و هۆل و ئاواق دەمانەوە، تەنیا هاشە هاشی بادیناوێ بێدەنگی تێکدەشکاند.

ئەوڕۆش لەبەری بەیانێوە هەوری بۆر باڵیان بەسەر دێدا کێشاوە. سەرما و سەخڵەت هەتا نێو ماڵانیش هێرش دێنێ، تاق و لۆق مرۆڤێک لە ماڵێکی دێتە دەر و بە پڕتاو خۆ دەماڵێکی دیکە ڕۆدەکا. تاقمێک منالی چلکن و سەرقژن گێژو وڕ چاویان دەزاری سمایلی بڕیوە. بە کاوەخۆ لەو سەر ئەوسەری مزگەوت هاتوچۆ دەکا و بە دەنگی بڵیند پێیان دووپات دەکاتەوە. بە هۆی ئاسمانی لێڵ و تار ژووری مزگەوت تاریکتر لە ڕۆژانی دیکەیە. تاوناتاوێک قرچێک لە بزووتی نێو کوورە خۆ داوێتە نێو دەرسەکە، پڕیشکی ئاور لە زارکی کوورەکە دەردەپەرن و دەکەونە سەر کەشەفی بەردەمی، زاری ویشک بۆت و ئەوکی گیراوە. یەک دوو منال سرتە سرتیان دێ. دەنگی هێندێک بڵیندتر دەکا، منال بێدەنگ بوونەوە. دەنگە دەنگێک لە دوورەوە دێ. بەرە بەرە بەرزتر دەبێ. گۆی ناداتێ و یەک بین پیتەکان دەخوێنێتەوە. دەفە لێدانی دەروێشان بە راشکاوی نزم و بەرز دەبێت، جرینگە جرینگەی ئاڵقەی کەناریشیان دەبیسرێ. منال سرتوخورت و جووڵە جووڵیان تێکەوتۆ، ئیدی زکری دەروێشان بە چاکی دێتە گوێ. سمایل کتێب بە دەست بۆ لای دەلاقە دەچێ.

«بێدەنگ بن، دانیشن!»

منالّ بۆ دەمێک سرتەیان بڕا و دانیشتنەوە سەر جێی خۆیان لە کۆلان ژن و پیاو، لاو و میرمنالّ لە دەوریان هالّان. خەلّیفێکی ردێن بۆز، کورتەبالا و ورگن، دە جەغزی خەلّکیدا ڕاوەستابوو. تاقمێک دەروێشی چلّکن لەوبەر ئەوبەر و پشتەسەری پرچیان کردبۆوە و سەریان ڕادەوەشاند. منالّ بە قریوە قریو دێنە پەنای و وێڕای وی چاو دەدەرێ دەبڕن. دەروێش سەعید کز و لاواز سەری دەسووڕێنێ، جەزم ببوو. کەف و کولّ لە قەراغ زاری دیارە. سمایل لێیان تووڕە بوو، منالّ بە پەلە هەر کامە بۆ دیتنەوەی شوێنی هەوەلێ دە حەول کەوتن. دەرکەی مزگەوت کراوە و خەلیفە لە پێشەوە و جەماعەت بە دوایەوە وەژوور کەوتن. منالّ بە پەلەپەل لەبەر پێیان لاچوون. دوو سێ کتێب کەوتنە بەر پێیان وخشەخشیان لێ پەیدا بوو. خەلّک یەک بە دوای یەکدا بۆ ماچ کردنی قۆلّی خەلیفە هورووژمیان دەکرد. بە قوڕبانی دەبوون و زۆرتر لێی وەردەهاتن. سمایل ئەوگار و مات ماوەیەکی چاو لێ کردن و لە دوایە بێدەنگ و هەست وەک هەتاوی ئەو ڕۆژانە دەنێو هەوری بۆردا ون بوو.

شەو و ڕۆژ دەوروبەری پڕ دەبوو. جموجۆلّێکی سەیر کەوتبۆ نێو خەلّک. لە ئاوایی و دێهاتی دەوروبەریش ڕا دەهاتن. تاریفی کەڕامات و پیاوچاکی زار بە زار و دێ بە دێ رۆیبوو. بە سواری ئەسپ و گوێدرێژان یان بە پێیان لە شوێنی زۆر دووریش را دەهاتن. بێ ئەوەی کەس شتێکی لێ دیبێ، کەڕاماتیان بۆ هەلّبەستبوو.

«وەلّلاهی بە چاوی خۆم دیتم عوسمانە گۆجی «گەرگوولی» چاک کردەوە! هەی مالّتە بێشکە، تفی دەزاری ئایشێ سووری «خڕەبردان» کرد و دەسبەجێ وەقسەی هێناوە.»

«ئەرێ براله خەلّیفە رەزا هەر لە جەڕانییە؟»

«ئەرێ وەلا، ئەمن پیرێ لە لای بووم.»

«ئەرێ راستە دەلّێن نووشتووی دەسبەجێ کارێ دەکا؟»

«بە سەرت عەقیدەت پێی بێ، ئەوی ڕۆژێ هەر بلّێ یەک و دوو ئێسترە ڕەشەی مالّە مام ڕەحمانی بۆ دیتنەوە.»

«هەی بە قوربانی بم.»

دەروێش سەعید لە خۆشیان جیفڕکی لێ دەدا، دایمە لەبەر دەستی خەلیفەدا دەهات و دەچوو.

بەفری قورس هەوەڵین هێرشی هێنا سەر دێ، گوێسوانەی بانـان و کـەناری دەوەلان و قۆرییان نەبێ هەموو شوێنێک کەوتنە ژێر بەفر. سمایـل و مـراد کـە نارە و کەناری بادیناوێ بە نێو دارستانی رووتەن و ویشـک پیاسـەیان دەکـرد. سمایل لەو دوو حەوتوویە دا هەر پیشی خواردبۆوە، چەند جاران چـوو بـۆ لای کوێخا و پێی گوتبوو مزگەوت چۆل کەن. کوێخـا هـەر ئـەورۆ و سـپەینێی پـێ کردبوو. هەناسێکی توندی هەلکێشا، چاوی دەبادیناوێ بـوو. قـەلمراوێک لـە کەناری چۆم دندووکی لە حەرزی دەدا، دوو ماسیگرە لەدوورەوە باڵیان لێ دەدا، حەیان نەبوو بۆ لای وان دین یان بۆ ئەوسەری چۆمی. مـراد لـە ژێـر بـەفریدا قونچکی چێوێکی دیت، رۆیبۆیە و دەریکێشا، رووی دە سمایلی کرد و کوتی:

«کاک سمایل! بۆ هێندە خۆتی پێوە قەلس دەکەی، کوڕە دونیـا بـە خـەمان پێک نایە.»

سمایل زەردێکی تاڵی هاتێ و کوتی:

«مراد گیان! خۆ بە سەرت تورەیی من هەر لەبەر ئەو بەزم و رەزمەی نییە؛ بیر لەوەی دەکەمەوە هەتا کەی دەبێ خەلکی ئێمە نوقمی نەزانی بـن. دەنـا هـەرتک چاوی دەرێ هەر دەبێ بڕوا. جووتە ماسیگرە کە هاتبوونە بەرامبەری وان. یـەک جێ پێکەوە لووری چۆمی بوون، دەهات سینگێان تەر بێ، هەلکشانەوە سەر.

«ئێستاش دەچمە مزگەت و پێی دەلێم بە خۆشـی بـەجێی دێلـێ چاکـە دەنـا دەچمە شاری و یەک لای دەکەم.»

وەرسووڕاوە و بە نێوان سێ چوار دارە چناری کز و درێـژدا تێپـەری، هاتـە سەر رێ و بۆ لای دێی رێی داگرت. مراد چێوە وشکەکەی لەنێوەراستێ دا شکاند و فڕێی دا سەر بەفر، هەرتک لەت لە بەفردا قووم بوون و دوو شوێنیان لێ بەجێ ما. چاوی لـە بادینـاوێ بـڕی. ماسـیگرە زۆر دوور ببـوون و دەهـات تێکەلـی ئاسمانی لێڵ بن.

خەلیفە سەری بەردابۆوە سەر کوتە کاغەزێکی. لاوێکی کز جومگەی بە دەست دەروێش سەعید. بەرامبەری لەسەر چۆکان دانیشتبوو. چـاوی بـە دوای قـامکی قەلەو و سپی خەلیفە بۆ ئەو سەر ئەوسەری لاپەرەکە دەکێشرا. مـەلا مـەحموود

مات و کەساس دەسحێبێکی درێژی بەوێنەی جەغزێک لەچۆکی کردبوو سەبر سەبر دەیگێڕا سمایل سلاوی کرد و چۆوە پێش، هێندێک لەبەری هەستان و تاقمێک لە دەروێشەکان ئاخێز بوون. یەک سەر هەتا بەرامبەر خەلیفە ڕاوەنەستا. خەلیفە بەسیلەی چاوی ئاگای لە هاتنی بوو، سەبرێکی سەری هەلێنا و تێی روانی.

«جەنابی خەلیفە ئەگەر ئیزنت لەسەر بێ، لە سپێنێ را تەشریفوو بچێتە جێیەکی دیکە، ئەورۆ پازدە ڕۆژە مندال تەحتیل کراون.»

خەلیفە بەتەواوی خۆی راست کردەوە، زگی وەک تۆپێکی خڕ لە ژێلا هات. دەروێش سەعید جومگەی لاوەی بەردا و هەستا سەر پێ و بە تووڕەیی کوتی:

«ئەو قسانە بۆ تۆ نەهاتوون!»

چاوی زەق زەق دەچاوی بڕی. «منال دەرسی شەیاتینیان ناوێ!»

هەرا هەرا پەیدا بوو، خەلیفە بزێکی لەسەر لێوی ویشک هەلاتبوو. سمایل رووی لە دەروێش وەرگێڕا و دە خەلیفەی کرد و کوتی:

«کاکی خۆم، بە خۆشی تەشریفت دەڕوا چاکە، دەنا یەکسەر دەچمە ئیدارە و...»

دەروێش سەعید نەیهێشت قسەی تەواو بێ، ئامبازی بوو لەحەوای مراد گورجوگۆل مەچەکی گرت و رێکی کوشی. دەروێش نەڕاندی: «ئەتۆش! ئەتۆش! هەی کوڕی سەگی.»

شەر دەهات قورس بێ، کوێخا و مەلا هاتنە نێوانیان و نەیانهێشت. مراد بۆ دەمێکی چاوی دەچاوی کوێخا ئالقا. سەری بەرداووە چاوی دە تەختی ژووری بڕی. مەلا مەحموود، سمایل و مرادی لەگەلە خۆی بردە دەر، دەنگە دەنگی درویشان هەتا لە پێچی کۆلانەکەی تێپەرین هەر دەهات. لاوەکە گێژ و وڕ چاوی دەخەلیفە بڕیبوو کە بە سرتە کوێخای دەدواند.

***

## (٨)

تاریکی وەک خەوی قورس دەهات بەسەر زەینی زەوی و ئاسمــان دا زاڵ بــێ؛ تاک تاک جریوەی ئەستێران لە گۆشە و کەناری ئاسمان کەمۆڵێک ئەو خەوەیان ڕامالٔ دەدا.

ئەحمەدە زلە تاوڵەمێکی هەڵەسووڕاند، جەغزێک لە ئاورینگی لێ دەبــوووە و هەر دەهات و گەورەتر دەبوو. بۆنی پڵاوگۆشت لەسەر مەجۆعمەی بە کزە بای سەری شەو بە بەردەمی میوانانددا دەرۆیی. حەمــەد ئاغــا پاڵــی بــە پاڵپشــتێکی دەسکردی تورکەمانی دابوو. بە کەیف و دەمــاغ قاقــای دەکێشــا، لــە تەنیشــتی خەڵیفە و ئیستیوار ئەکبەری پاڵیان دابووە. بەرامبەریان ڕەحمانئاغــای کــوڕی تاپڕێکی ڕەش و بریقەداری لەسەر کۆشی، خەریکی ئەزمونی بوو. چاپەزێکی لاو هاتە ژوور، کەشەفی چای پێبــوو، ســەروچای لــە پــێش دانــان. گــەڕاوە دەر، ئەوجار سێ قەنــدانی چــینی ســووری هێنــا و هاتــەوە ژوور، لــە بەرامبــەری حەمەدئاغا قەندانێکی دانا. سەری هەڵێنا و کوتی:

«ئاغا! کاک ئەحمەد دەڵێ بایرام عەجەم هاتوە.»

چاوەڕوانی وڵامی ئاغا لەجێی خۆی بێجووڵە ماوە.»

«بڕۆ پێی بڵێ بێتە دیوەخانێ.»

ئەحمەدەزلە دوو قەننەی بە دەستەوە هاتــە ژوور، بــە دووای ئــەودا بــایرام عەجەم سڵاوی کرد و هاتە پێشێ. دەموچاوی ڕەش و چرچ بــوو، جــێ برینێکــی کۆنی لەسەر چەنەگەی دیار بوو. ئەحمەدەزلە قەنێکی لەبەر دەستی حەمەدئاغا و یەکی دیکەی لەبەر دەست خەڵیفە دانا و کوتی:

«ئاغا گیان! کارت بە من نییە؟ لە مدبەقێ کاریان پێمە.»

ئاغا چاوی دە بایرامی بڕیبوو کوتی: «نا، بڕۆ. دوایە بانگت دەکەم.»

ئەوجار بە دەنگێکی کڕ ڕوو دە بایرامی کرد و کوتی: «وەرە پێشتر بزانم.»

بایرام هەرکە چاوی بە ئیستیوار کەوت ڕەنگی بزرکا و زمانی لە گۆی چوو وەپتەپت کەوت. حەمەدئاغا قاقایێکی کێشا و کوتی: «هەتیوە سەگبابە ناڵێم وەرە پێشێ؟»

ئیستیوار دەستی بە سمێڵی داهێنا، زەق زەق تێی ڕوانی. بایرام ملی لار کرد و هاتە پێشتر. ئیستیوار وەقسە هات و کوتی:

«ئەوەیە بایرام ئەو هەموو نێوبانگی دەرکردوە؟»

بایرام دەستی بە پاڕانەوە کرد و کوتی: «ئاغا گیان؟ بە خودای لەمێژە دەستم لە دزی هەڵگرتووە.»

ئاغا دیسان پێکەنی و کوتی: «داری هەڵێنی سەگی دز دیارە!»

هەموویان پێکەنین، زۆرتر لەبەر پێخۆشبوونی ئاغا. تەنانەت بایرامیش بزێکی هاتە سەر لێو و زاری کراوە، جۆرێک کە جێ ددانێکی کەوتووی وەدیار کەوت. دوای ماوەیەکی لە پاشخانەی ماڵە حەمەدئاغای بە هەر پێنج قامکی شەڕە پارووی لەگەڵ ئەحمەدەزلەی دەکرد.

مانگ گەمێیەک بوو لە زەریای ئاسمانێ بە پێل. شەپۆلی هەوران بە سەریدا تێدەپەڕێ، تێیاندا نوقم دەبوو؛ شەپۆل لەسەری لادەچوو، وەدی دەهاتەوە. گژەبایەک هار و سەرشێت زنجیری پساندبوو، دەستی دەوەشاند، دەنێو مێشەڵان و دارستانی دەکەوت، دار و دەوەن دەوریاندا، دەمێک دەگیریان داویشت، هەزاران پەنجە و قامکی ویشک و درێژیان بۆلای درێژ دەکرد. ناڵە ناڵی لێ پەیدا دەبوو، لە چنگیان دەرباز دەبوو، خۆی بە کۆڵانی دێی دادەکرد، دەرگای ماڵانی پێکدادەدا، دارە بووز و چناری حەوشەی ماڵانی بە قەڵسەوە ڕادەژاند. قرچە قرچی لکی ویشک و ناسکیان ئاوێتەی شەقەشەقی دەرکە و دەلاقان دەبوو.

تیشکی لەرزۆکی چرا گڕسۆز و فانووسان دەکەوتە سەر زەوی و بە حاڵ بەربەرەکانی لەگەڵ تاریکی دەکرد، بە هەویای تێکرووخانی قەڵای شەو، خالید شەکەت و ماندوو چاوی دەترووکە ترووکی چرایان بڕیبوو. تەزووی بەلەشی دادەهات، خۆی زۆرتر وێک دێنا و باوی هەنگاوی خۆشتر دەکرد، پەرژینی باغی حەمەدئاغا ئامێزی بۆ تاریکی ڕاگرتبوو. تاریکیش خۆی بە باوەشی داکردبوو.

جۆجۆ کـەلێنێک دەپـۆلی تووتـڕک و شـیلانان کـەوتبوو؛ بـە وێدا شـەبەقی چراتۆڕی ماڵە ئاغای دەهاتە بەر چاوی. خەیاڵێکی دوور و درێـژ لــە مێـژ بـوو لەگەڵی هاتبوو. ئێستاش پێ بە پێـی دەڕۆیـی. خشـپێک هــات، داردەسـتەکەی دەمشتۆیدا کوشی. ئاوڕێکی داوە. دڵی داخورپا. گۆپاڵێک وەسەری کەوت، کاس بوو و سەری لە گێژەوە هات، تیشکی چـرای دێـی تێکـەڵ دەبـوو، لێـک جیـا دەبوونەوە، دەبوونە دە، سەد، هەزار و دەبوونەوە یـەک! هەسـتی بـە گـەرمی خووێنی سەری کرد و ئاگای لە دونیایە بڕا. شـریخەی دوو تفـەنگان وەنــەوزی چاوانی هەڵقرتاند. وڵات ئاڕۆژا! دێهاتێکان بە پەلە پەل و خەواڵوو خۆیـان بــە کۆڵانان داکرد. هەراهەرا و غەڵبە غەڵب دەنێو خەڵک کەوت. کەس نەیـدەزانی چ باسە، هەر کەسە دە تاریکی کۆڵانان‌دا حەولی دەدا یـەکێکی بناسـێتەوە و لێـی بپرسێ!

«مام خدر ئەتۆی؟»

«ئەرێ وەڵلا.»

«ئەرێ ئەوە چ قەوماوە؟»

«کوڕە جا چووزانم، ئەمنیش وەک تۆ.»

«کاک حەسەن ئەرێ ئەو هەراهەرایە چییە؟»

«نازانم بەسەرت، تازە چاوم گەرم داهاتبوو تەقەکەم گوێ لێبوو!»

«هۆی محەممەد کوڕە ئەوە بۆکوێ هەڵدێی؟»

«وەرە دەڵێن لە ماڵە ئاغای یەکێک کوژراوە!»

زیقە زیقی کۆرپەی ساوا لەنێو بێشکە و لانکـان‌دا لەوسـەر ئەوسـەری دێـی دەهات. ماڵە حاجی محەممەدیش بە ژن و پیاو هاتبوونـە دەر. حـاجی و مـراد و سمایل بەرەو جەماوەرەکە بە پەلە دەچوون. بای سەر شێت وێدەچوو جـەڕانێی بەجێهێشتبێ یان داخوا لە گۆشێکی خۆی مات دابێ؛ گوێی بۆ بیستنی رووداوەکە هەڵخستبوو. باڵە باڵی ئاژەڵی ئاغـای بـەو شـەوە هێنـدەی دی خەڵـکی گێـژ کردبوو. مەڕ و بزن گێژ و وڕ لێکهاڵابوون، ترووسکەی چاویان لەبـەر لەنتـەر و فانووسان دەهات وردە وردە چاو خووی بە تاریکی دەگرت و گـوێ دەنگـی لێـک جێیا دەکردەوە. گوڕە گوڕی ئاغـا و ئیسـتیوار ئەکبـەری تێکەڵـی مێگـەل بـوو. ئەحمەدەزلە و نۆکەرێکی دیکە لە لێدانی خالید و بایرام عەجەمی ڕانەدەوەستان.

خالید وەک تۆپێکی بە دەستیانەوە دەهات و دەچو؛ دەکەوتە سەر زگ و پشت؛ کەمۆلێک هەڵدەستاوە، شەپێکی دیکە لە نێو قورِ و بەفری تەنکی پێشێل کراودا دەیگەوەزاندەوە؛ دەهاتەوە سەر ئەژنۆ، نالەیەکی دەکرد، برێک گاگۆڵەی دەکرد و دیسان شەپێکی دیکە دەیخستەوە. مراد کە خالیدی ناسی لە دوورەوە بە هانایەوە چوو. یەکسەر ئامبازی ئەحمەدەزلە بوو. بە دوان کەوتنە سەری، گورج و گۆڵ دەستی دەکردەوە بەڵام دەروەستیان نەدەهات. ئیستیوار ئەکبەریش وێڕای گووروبان حوسێنی و ژاندەرمان کە بە سۆاری لە پاسگا ڕا هاتبوون دایانگرت. حەمەد ئاغا گوڕانی:

«بەسیانە، دەست ڕاگرن!»

خەڵک لێیان چوونە پێشتر و تێکەڵی مەڕ و بزنان بوون، خاتزارا و حاجی بە قیژە قیژ چوونە لای خالید و مراد و لەنێو قورِ و زڵەقدا هەڵیانگرتنەوە. حەمەدئاغا جارێکی دی نەڕاندی:

«بیژوینە، هەی حەرامزادەینا، جا چۆن مێگەلی من بر دەدەن، ئەوە لە کوێتانە! وەڵڵاهی! بە گۆڕێکی ئەو بابەم چۆتیٚ! کارەساتێکوو بەسەر بێنم ببنە پەندی عالەمێ!»

خەڵک بەسەر سورِماوێوە چاویان دەگێڕا، دەمێک لە زاری حەمەدئاغا، ماوەیەک دە خالید و بایرامی، دەمێکی دیکە دە مێگەل و ساتێک دەخۆیان. ژاندەرم بە زەبری قۆنداغە تفەنگان خالید و بایرامیان وەپێشە خۆیاندا و ئەحمەدەزلە و نۆکەرەکەی دیکەوێڕای چەند نەفەر لە دێهاتێکان مێگەلی ئاغایان بردەوە هۆڵێ. هەتا ئەستێرەی بەیانی وەدەر کەوت چرای جەڕانێ نەکووژانەوە.

***

## (٩)

بەفر هەڕەی هەروین؛ کلووکلوو دێنە خوار و زەوی و زار دادەپۆشن.

شەو بەرەو تەواوبوونە، بارستی بەفرِ دوو بستە. جێ سمی دوو وڵاغان شەقڵی بەفری مۆر دەشکێنن. لە حاند ماڵە کوێخا پرمەی دوو ئەسپان دێ، هەڵمێکی خەست لە دەمولووتی وڵاغان دێتە دەر و تێکەڵ مژی بەرە بەیان دەبێ. چوارپێی ماڵە کوێخا دەوەڕێ و لەوسەر ئەوسەری دێ سەیەکانی دیکە وڵامی دەدەنەوە. سەید چۆار جاران تەقولەبابێ دەکا و چاوەنوارِ دەمێنێتەوە. ئەسپ لەجێی خۆیان سمکۆڵی دەکەن. تەپەی سمیان وەک لەشتێکی بۆش بدرێ ئاوایە. هێرۆ پێڵاوی هەڵکێشا و بەپەلە بۆ لای دەرگا چوو. ئەشکۆڵی لێ لابرد و کردێوە.

سڵاویان کرد: «سەلام وعەلێکم – عەلێکە سەلام!»

«کوێخا لە ماڵە؟»

«هێرۆ! کچی کێیە؟»

لە ئەسپ دانەبەزین و خۆیان لەسەر پشتیان کۆم کردەوە و هاتنە حەوشە. چۆارپێی دڕ شاڵاوی بۆ هێنان. حیلەی ئەسپان بەرزبوو.

«میوانی ڕادەگری؟»

کوێخا هاتبۆو سەر هەیوانێ.

«هەی بەخێرێن، پێو لەسەر سەرمانە. کچێ خێرابە، ئەو وڵاغانە بەرە تاقەتیان کە.»

سەید نەجمە دابەزی و جڵەوی ئەسپی دایە سەید حەسەنی کوڕی. هێرۆ بۆلای سەید حەسەن چوو. چاوی دەچاوی ئاڵقا. کەڵەگەت و چاو و برۆ زەرد، جڵەوی ئەسپانی بۆ ڕاداشت. هێرۆ سەری بەرداوە لێی وەرگرت و بۆلای تەویلەی

بردن. چوارپێ ڕەشە لە پشتەوەیان دەڕۆیی. هێرۆ وڵاخی داکرد و گەڕاوە ژوور. «ئەوە چۆنە سەید تاهیر بەو بەیانە زوویەی هاتووە؟ چ کارێکی هەیە؟»

هەستێکی نەناسراو، جۆرێک دڵخورتی لە ناخێوە سەری هەڵدابوو. لە چاوی سەید حەسەنی ترسابوو، دوو ماری پاپوکە خۆاردو بوون، دوو پڵینگی ڕاساو بوون. چاویان دەگیرودەی خۆیان گرتبوو. «ئەدی ئەو کوڕە کێیە لەگەڵێتی؟ هەڵبەت کوڕێتی، خودایە بڵێی بۆ هاتبن؟»

«هێرۆ! وەرە رۆڵە نانی بێنە.»

گورجێ نان و پێخۆری ساز کرد، لەسەر مەجۆعمەیەکی داینا و بۆی بردن. سەر زارەکی بەخێر هاتنی کردن و گەڕاوە دەر. نەیهێشت چاوی بە چاوی سەید حەسەنی بکەوێ. ئاوری کووره خومارین ببوو. کوێخا دوو سێ کۆلکەی تێهاویشت، بە پەنگری سکڵی بنەوەی تێکوەردا. ڕووی تێکردن و کوتی: «فەرموون دەی.»

هاتنە قەراغ کەوڵەکەی و دەستیان بە خواردن کرد. هێرۆ ڕیزێکی چا هێنا و داینا. گوێی قوڵاغ کردبوو بەڵکوو لە قسەکانیان شتێکی بۆ دەرکەوێ. چۆوە دەر. کوێخا دوای دڵنیابوون لە چوونەدەری ڕووی دە سەید تاهیر کرد و کوتی:

«براله! ئەدی ئەوە بۆ هیچ باسوخەبەرو نەبوو؟ قەت دەزانی ئەمن لە کەنگێوە وڵامم لێ ناردوون؟»

سەید نەجمە قەدێکی شاڵەکەی شل کرد و کوتی:

«وەڵڵاهی! جا بڵێم چی، خۆ بۆخۆت ئاگات لەکار و باری من هەیە، ڕۆژێک لێرەم و ڕۆژێک لە خانێ و ڕۆژێک لە کوێستانێ.»

بایەکی توند لوولی بە کرێوەی حەساریدا، بە قەدی دیوارانی دادان و ئەوجار بەرەو ئاسمانی بۆر بەرزی کردنەوە.

«دەی هەر بەخێرێن.»

کرێوە لێی کردبۆوە، بەڵام ئاسمان هەروا رووگرژ مابوو. وێدەچوو سەر لەنوێ دەست بە بارین بکاتەوە. هێرۆ بە بیانووی چا دانان و یان ئیستکان هەڵگرتنێ، خۆی دەخافڵاند و گوێی هەڵدەخست، ئەی بەڵکوو هۆی هاتنیانی بۆ ماڵێیان لێحەیان بێ، کەچی بەشێکی چکۆلەی لە قسە و راوێژی وەدەست

دەکەوت. دەهاتەوە دەر و دەمێکیش لەبەر دەرگـای خـۆی مـات دەدا گـوێی بـە دەرکەیەوە دەنا.

جاری وابوو دەنگیان زۆر نزم دەبوو جۆانیـان لـێ حاڵـی نـەدەبوو، نێـوی دێیەک شوێنێک و کابرایەکی، دەبیست و دیسـان دەگـەڕاوە دیوەکـەی دیکـە و دەستاڕی دەکۆشی دەگرت و ساواری دەکردەوە. چەلێک زۆر بـە هێواشـی نێـوی خۆی لە زاری سەید نەجمە بیست؛ لە پڕ دڵی داخۆڕپـا. دەیـان خـەیاڵ و بـیری جۆراوجۆر دەهاتنە سەر زەینی، دڵەڕاوکە لەشی سست دەکرد. دەهاتەوە سـەرە خۆ، دەستاڕی توندتر دەسووڕاند. کوێخا هاتە دەر و سـەری لـە دیـوی هێـرۆ ڕاکرد! هێرۆ دەستاڕی لەبەر دەستی لادا و لەبەری هەستا.

«فەرموو بابە گیان!»

«ئەو کێڕدەم بۆ بێنە حەسارێ.»

کوێخا بەری کۆڵانەی لێ گرتن، فڕوجێکی جنجیری گرت، قیڕە قیـڕی هـەتا هێرۆ کێردەکەی بۆ هێنا هەر هات. کوێخا لاقی فڕووجەی جـووت کـردن و لاقـی لەسەر دانا، سێ چۆار پەڕی لە ملی کردەوە، فڕووج یـەک دوو جـار قیڕانـدی، بێسمیڵڵای کرد و کێردەکەی لە ملی نا؛ خوێنی سوور بازرەی کردە سـەر بـەفر و نەخشاندی. هەڵمێکی کز بۆ دەمێکی لە خـوێنی هەسـتا. چوارپێەکـە بـە کلکـە سووتە بۆلای هات، چاوی لە خۆشیانترووسکەیان دەهات. کوێخا بـە نـووکی پێڵاو سەری فڕووجەی بۆ چوارپێ هاویشت. گورج پڕیدایـە و کڕمـە کـڕمی لـێ هێنا. کوێخا فڕووج و کێردەکەی دا بە هێرۆ و گەڕاوە لای میوانان.

سەرما تەشقی تێکشکابوو؛ هەتاوی کز بە حاڵ وەدیار کەوتبوو. سەید نەجمە و کوڕەکـەی هەسـتانە سـەرپێ و بـە دوای ئـەواندا کوێخـاش دەسـتی کردنـە ئەستۆندەکی جەستە و هەستا سەر پێ.

«ئاغا سەید! ئەو شۆ مەچنەوە، لێرە بن.»

سەید نەجمە مێزەری سەری ڕێک و پێک کرد و کوتی:

«خودا ئاوەدانی کا، ناتوانین بەسەرت، قەولم بە حاجی بـایز داوە ئەوشـۆ دەبێ بچینە وێندرێ.

هاتە بەرامبەری و کوتی:

«بەڵام هەر هێندێک ڕێوبان خۆش بێتەوە و سەرما و سۆڵ نەمێنێ دێین.»

یەکتریان دە ئامێز گرت و سەروچاویان ڕامۆسی.

«هێرۆ! هێرۆ! غاردە ئەو ولاغانە بێنە دەرێ.»

هێرۆ هەوساری ئەسپانی گرت و بە دوای خۆیدا هێنانی حەوشە. پۆسی بەر سکیان دەلەرزا، کلکیان جار جارە هەڵدەسووڕاند. حەسەنی لێی چوو پێش دیسان چاویان لێکئالقا. بزەیەک هاتە سەر لێوی حەسەنی. دەستی درێژ کرد و هەوساری لێ وەرگرت، قامکی وە قامکی کەوت. هێرۆ نێوچاوانی گرژ کرد و بە توندی لە بەرامبەری لاچوو. ماڵئاوایێان کرد و ڕۆیشتنە دەر. کوێخا زگی تینگاوتینگ لە ژێرکراسی دەرپەڕیبوو. لە ژێر سمی بارگینان بەفر و قوڕ لێکدەدران و دەردەپەڕین. لە پێچی کۆلانە باریکەکەی دا ون بوون، شوێنی سمی دوو ولاخان نارێک مابۆوە. کوێخا ئاوڕی لەسەری کۆلانی داوە. سمایل کیفێکی قاوەیی بە دەستەوە لێی نزیک دەبۆوە. کوێخا ماندوو نەبوونی لێ کرد و گەڕاوە حەوشەی. دەمێک دووایە لە پەنا کوورەی پالی دابۆوە. گەرما سەبر سەبر خزا نێو گیانی و لەشی قورس کرد؛ هەتا جێیەکی پڕخە پڕخی دەدیوەکەی داگەڕا.

***

# (١٠)

حاجی محەممەد سلاوی نوێژێی داوە، دەمێک لەبەر خۆیەوە دۆعای کرد و پاڕاوە. بەرماڵی خڕ کردەوە وو چوو پاڵی بە دەستەنوێنی سەرەوەی دیوەکەی دا. دەسحێبەکەی لە گیرفانی پاتۆڵی دەرهێنا و چوو دە بیرێکی قوڵەوە. شەوقی چرای دیوی سمایلی بەشێک لە حەوشە بە حاستەم ڕووناک کردبوو. خاتزارا هاتە ژوور و لە پەنا سەماوەری دانیشت؛ چای تێکرد و بۆی برد و گەڕاوە سەر جێی خۆی. هەناسێکی هەڵکێشا، حاجی چاوی لە دەلاقە هەڵبری و ڕووی تێکرد، دەیزانی قسێکی پێیە! خاتزارا کوتی: «بە ناشکوکری نەبێ، ئەو ساڵ چی چاکمان بۆ نایە!»

حاجی کوتی: «ئافرەت! شوکرانە بژێر بە، خودا ساردتریشی لە لایە.»

چای خۆاردەوە و ئیستکان و ژێرپیاڵەکەی هێندێک لەبەر دەستی لادا و کوتی: «هەستە پێیان بڵێ بێن نانەکەمان بخوین، هەتا شەو درەنگ نەبوە سەرێکی ماڵە کاکم دەدەم.»

خاتزارا دەستی بە ئەژنۆی گرت و لە حەرزی جیا بۆوە.

هەڵمێکی خەست لە قاپە شۆرباوەکان هەڵدەستا، ئیشتیای دەبزووتن، خاتزارا لە پەنا سەماوەرەکە بۆخۆی تێکوشی و ڕووی لێ وەرسووڕاندەوە دیواری و خەریکی خواردن بوو. نانیان خۆارد و کشانەوە پشتەوە. مراد دەگەڵ دایکی شتومەکیان بردەوە دەر. حاجی کەشیدەی لەسەر بەست و ڕووی دە سمایل کرد و کوتی: «بمبوورە بەجێو دێڵم، هەتا ماڵە کاکم دەچم و دەگەڕێمەوە. لەسەر ڕێیەش بە مام خدری دەڵێم بەیانی بێ لە دومان.»

سمایل کوتی: «ئیختیارت هەیە حاجیئاغا، ئەتۆ فەرموو.»

مراد چای لە پێش دەستی دانان، لە حاست بابی سەری هەڵێنا و کوتی: «مام خدر چۆنە دەچێتە شاری؟»

حاجی کوتی: «قەول وایە سپحەینێ ڕەسوولی بەردەن.»
مانگ خەرمانەی دابوو. بووکی بێگەرد بوو؛ زریوەی کراسی بەری ڕژابووە سەر بەفری خڕمە خڕمی بەفر لە ژێر پێی بەرز بۆوە. کۆڵان و کووچەی جەڕان چۆل و هۆل بوون. جار جار دەنگی یەکێکی لە حەوشە دەهات. پڕمەی ئەسپێکی، یان حەپەی چوارپێیەکی، خڕمەی بەفری بۆ ساتێکی ون دەکرد.
مام ئەحمەد لەنێو زیقە زیقی منداڵاندا هەرای کرد: «ئەسمەر! ئەسمەر! کچێ ئەوە لەکوێی؟ دەرکەیان شکاند.»
یەک دوو جار کۆخی و بۆڵەیەکی کرد. ئەسمەر چارشێوشانی بە شانی دادا و چوو بۆ کردنەوەی دەرگا.
«کێیە؟»
«بیکەوە کچم ئەمنم.»
جیرەیەک لە دەرکەی هاتو گراوە. حاجی سڵاوی کرد و وەژوور کەوت. گڕی چرای گڕسۆزی بەرز و نەوی دەبوو، خوار و خێچ دەبوو و نیسێی حاجی و منالی خالیدیش هەر بەو جۆرەی بلێند و نەوی و خوار و ڕاست دەبوون. یەکسەر چوو لە پەنای مام ئەحمەدی دانیشت و دەستی گەرم و ویشکی دە دەستی سارد و گەورەی خۆی گرت.
«کاکە گیان! چۆنی؟»
«محەممەد گیان! بەخێرێی، چاکم.»
ئەسمەر هاتە ژوور و چوو بۆ لای لانکی منداڵەکەی؛ کۆرپەکەی دەرهێنا و لە باوەشی گرت. دوویەکانی دیکە سەر خڕ و سەر تاشراو پالیان بە دیوارە گێچخاکەکەیەوە دابوو.
«مام حاجی گیان! بەخێرێی، ئامۆژن چۆنە کاک مراد چۆنە؟»
حاجی دەستەکەی دیکەی دەگیرفانی پاتۆلی ڕاکرد و مستێکی نوقڵ دەرهێنا.
«ڕووت سپی بێ کچم، چاکن، ها ئەوانەیان بدەیە.»
دوو کوڕە چکۆلەکە چاویان لەگەڵ دەستی حاجی دەگێڕا. بە دیتنی نوقڵان لە خۆشیان گەشانەوە. منال لەسەر بەشکردنی نوقڵان کێشەیان لێ پەیدا بوو.
دایکیان بە سرتە بە تەما بوو بێدەنگیان کا. تنوکێک فرمێسک لە کالانەی قوڵ و ڕەش هەڵگەڕاوی مام ئەحمەد وەدی هاتبوو، خڕبۆوە، لە چاوی خللۆر بۆوە و

بەسەر پانای دەم و چاوی چرچ و لۆچی دا بلاو بـۆوە. دەسـتی حـاجی تونـدتر کوشی و کوتی:

«محەممەد! دیوتە ئەو خودا نەناسە چ بوختانێکی بەو کوڕە فەقیرەی کرد.»

حاجی برۆی تێکناو بە دەنگی خەمین کوتی: «جا دەلێی چی کاکە گیـان؟ ئـەو ناپیاوە هیچی نەچۆتەوە سـەر بـابی. خـۆتی پێـوە نارەحـەت مەکـە، خـودا گەورەیە.»

ئەسمەر کچەکەی لەسـەر پشـت درێـژ کـرد و چـوو بـۆ لای سـەماوەرەکە، کۆرپەکە دەست و لاقی لێکدەدا و لەبەر خۆیەوە گال و گغی دەکرد، لێزگێکی شین لە ئەستۆی هالأبوو.

«بۆ خۆم سپەی دەچمە شاری لای حاجی بایز، ئەو کارێکمان بۆ دەکا.»

ئەسمەر چای بۆ هێنان؛ داهاتەوە و لە پێشی دانا. حاجی چاوی لەسەر دەم و چاوی کە بە نینۆکی ڕنیبووی قەتیس ماوە. کەلەگەت و چاو و برۆ ڕەش. کاتێک ڕەدوای خالید کەوت شازدە سالأنە بوو. زۆربەی هاوالەکانی خالیدی ئێرەییـان پێ بردبوو. حاجی مات و کەساس سەری بەرداوە، چاوی کەوتـە سـەر دەمـاری دەستی کاکی و خەیاپ هەلێگرت. ڕەحمانئاغا سمێلـی لـە دوو سـەران ڕا قیـت کردونەوە و سەوزەی تێداون. ردێنی پاک پاک تاشیوە و گۆنای سوور دەچنەوە. دوو ریزی فیشەک لە خۆی هالأندوە و خەنجەرێکی دەبەر پشتێندی ناوە. کۆک و بۆشناغ سۆاری ئەسپە شینی بۆت، ئەسپە کوڕژنێ دەکا، خۆی دەپچرێنێ و بـە تەمایە سۆاەکەی هەلگرێ. دەسووڕێ، نسـکۆیە دەبـا، یـاخی بـووە. ئەحمـەد چۆارشانە و پتەو، چاوی شینی تروسکە تروسکیانە. کاکۆلـی زەردی لـە بـن سەرکلأوەی مەرەز هاتۆتە دەر. خەنجەر لەبەر پشتێنی وێڕای چوار پیاوی دیکـە چاوەڕوانی ئەوەن ئەسپان بەرەو ئەشکەوتی خڕەدالاش تاو دەن. دەسـتی تونـد ڕێککوشی.

«کاکە! با ئەمنیشوو دەگەلْ بێم.»

زەردە لەسەر لێوی ئەحمەد هەلکەندراوە.

دەستی لە دەستی دەرهێنا و بە دەستە کوتە دەسرە چلکنەکەی لـەبن لێفـەی دەرهێنا، بۆلای چاوی برد و سڕیەوە.

«محەممەد گیان! کوڕە مەهێلە لە زیندانێ بمێنێتەوە.»

خڕم و هۆڕی ئەسپان جەڕانیان هارووژاند، وەک تـیری سـەختەکەوانی لــە سینگی جێا بوونەوە و بەرەو کوێستان تێهەڵبوون.

«بە ئۆمێدی خولای جێبەجێی دەکەین. حاجی بایز پیاوی چاکە.»

ڕەوەزە بەردی هەڵەمووت سەر ڕێی لێ گرتبوون، ئەسپ زۆر بــە چــەتوونی وەسەر دەکەوتن. کۆڕژنیان دەکرد و ددانی زەردیان وەدیار دەخست. خڕکە بــەرد لەژێر سمیان دەردەپەڕی، مارمێلکە و سەڕمازەڵە چرکەیەک دەحەبەسـان ولــە دوایە توند و تیژ چوار دەست و لاق لەبەریان هەڵدەهاتن.

«کوڕە بێتوو ئەویش چی پێ نەکرێ ماڵوێران دەبین، خۆ بــە خــودای ئــەمن بەخۆم و بەو حالەی چم پێ ناکرێ.»

ئەسمەر نەرم نەرم لانکی ڕادەژاند. دوو منالەکەی دیکە لە حاستە خۆیان درێژ ببوون و خەویان لێ کەوتبوو.

کاری تفەنگی نەبوو. لەپڕ لێیــان دەرپــەریبوو. بۆڵــەی کێــوی لەرزانــدەوە. ئەسپە شێ هەستا سەر پێ و حیلاندی. ئاغا ســەرنخوون بــۆوە و بەرامبــەر بــە ورچەی چاوی زەق مانەوە! ئەسپ دەسووڕان و دەیانحیلاند. سوار واق وڕ مــاوو کاس و گێژ دەیانڕوانێیە ئەو دیمەنە. ورچ ئاغای وەبنە خۆی دا. ئەحمەد شاڵاوی برد و خەنجەری کەلەکەی هەڵدڕی، خوێن بازرەقەی کــرد. ورچ لەســەر ئاغــای وەرسووڕاوە، پەنجەی لە شانی ئەحمەد قایم کرد، تەقەی شکانی ئێسکی هــات! خەنجەری ئەحمەد چەلێکی دیکــە بــەرز بــۆوە و لــە شــوێنێکی دی تونــد کــرا. خەنجەرێکی دیکە و پەنجێکی دی . ئەوسا هــەرتک بێــدەنگ بــوون! بــە ســواری ئەسپە بۆری هێنایانەوە دێی شەتلانی خوێن.

پەنجەی دە پەنجەی خۆی گرت و ڕێکیکوشی.

«مام حاجی! چایەکەت سارد بۆوە.»

ئەستێرەی بەیانی خەواڵوو لە سووچی ئاسمان چــاوی دادەگــرت. سمایــل و حاجی محەممەد و مام خدر پێ بە پێی یەک کەوتنە سەر ڕێی بەستەڵەکی خانێ.

***

## (١١)

شوێنی پێی کەروێشک لەسەر بەفری مۆر دیارە. لێت حەیان نێیە لە کوێ دەستی پێ کردوە و لە کوێ تەواو بۆە، لەنێو دارستانی ڕا، لە قەراغی چۆمی، لە حاندی ئەستێری بەرمالان، لە هەموو شوێنێکی هەر دیارن. وە بناری کێوی کەوتوون، لە تیرەگی شاخێکی بۆ تیرەگی شاخێکی دی ڕۆیون. کیژگەل زۆر ناعیلاج گۆزەیەک لەسەر شان خێرا دەهاتنە سەر کانی و پڕیان دەکرد و دەگەڕانەوە. نەلەمەی شووش و باریک و روت، پەنجەیان دەگەرووی ئاسمان ڕۆ کردبوو.

بۆرەپنەیەک لەسەر چلۆکی دارێکی نیشت. بە سەختی خۆی گرتەوە. سێ چوار جار قڕراندی و هەڵفڕی. وڵات بێدەنگ و هەست بوو. گەرمایەک بە لەشیدا گەڕا، بۆ خۆیەتی!»

لە مێشەڵانەکەی هاتە دەر و بەرەو ئەستێرەکە ڕۆیی. بەفر هەتا گوێزینگی دەهات. دەوران دەوری کانی بەردچن کراوە و پلوسکێکی تەنەکە و ژەنگاوی دە کانێکەی گیراوە. هاتە سەر لێواری دیوارەکە و کوتی: «سلاو!»

هێرۆ و نازداری کچی مام خدر لەپڕ سەریان هەڵێنا. «سلاو کاک مراد چۆنی؟»

دوو سووچی کانێکەی چلورە درێژ و کورت شۆڕ ببوونەوە. تەنکە هەڵمێک لەسە رئاوەکەی هەڵدەستا، سەری کەپۆ و روومەتیان لەسەرمان سوور دەچۆوە.

«ماندوو نەبن، ئەوە بەو سەرمایەی بۆ هاتوون؟»

هێرۆ هەستابۆ سەرپێ و چاوی نێ بڕیبوو. بزیەک لە سەر لێوی جێ گۆڕکێی دەکرد. نازدار گۆزەی وەبەر پلووسکی دا و شۆڕە شۆڕی ئاوەکەی دەنگی گۆڕا.

«ئەورۆ کاک ڕەسوولم دێتەوە، بۆ نازانی؟»

مراد بازدی دا خۆار و له پەنا هێرۆ هەڵترووشکا.

«با، خەبەرم هەیە، چاو و دڵیشو ڕوون بێ، دوێنێ شەو بابم باسی کرد، زۆری ئارەزوو دەکەم.»

نازدار له تەنیشتەوە نەقورچێکی سەبری دەهێرۆی کوتا. گۆزەی پڕی لەبەر پلووسکێ لابرد و لەسەر شانی دانا. تنۆک تنۆک ئاو بە مەچەکی دا دەهاتە خۆار.

«هێرۆ! ئەمن بەپەلەم دەبێ بڕۆم، ئەتۆش پڕی کە و وەرەوە. هێرۆ گۆزەی بردەبەر پلووسکەکەی و وەبەری دا.

«زۆر باشە ئەمیش ئێستا به دووتدا دێم.»

نازدار پشتی تێکردن و وەڕێ کەوت؛ حەولی دەدا پێ دابنێتە سەر شوێنی هەوەڵیان، پێنج شەش هەنگاو دوور بۆوە. ئاسکە ئاوڕێکی لێدانەوە، چاوی دە چاوی هێرۆ بڕی، قریوێکی لێوە هات! مراد گوێی لێ بوو، سەری بەرداوە و بە قامکی خەریکی کایە کردن بە ئاوەکەی بوو. نازداریان لێ دوور کەوتبۆوە، مراد دەستی درێژ کرد و دەستی گرت.

«هێرۆ گیان! زۆر لەمێژە نەمدیوی. زۆرت بە تاسە بووم.»

هێرۆ سەری بەرداوە و چاوی له کانی بڕی، خیزێکی ورد له بندینی دەدرەوشا.

«مراد گیان! وەختە شێت بم، ئەدی بۆ هەر نانێرێوە؟»

مراد لێی چووە پێشتر و دەباوەشی گرت! مەمکی قیت و قنجی له سەر سنگی گرییان ەکرد. بسکۆلی ڕەشە مارێک بوو لەسەر گۆنای پاپۆکەی دابوو. مراد هەناسەی هەڵکێشا و کوتی:

«ئەوڕۆ بابم چۆتە شاری بەڵکوو کارێکی بۆ بکەن خالیدی بەردەن، خۆ ناکرێ هەتا نەیەتەوە بنێرین، کەس چی چاکمان پێ ناڵێ.»

هێرۆ لەسەر شانی مراد را چاوی لەوبەر ئەوبەری کرد؛ پۆلێک مراوی بە خۆبادان بەرەو چۆم دەڕۆیشتن.

«جا باشە ئەوە هاتوو خودای نەخواستە بەریاننەدا؟ ئێمە هەر دەبێ ئاوا بمێنینەوە؟

مرا گیان! بە خودای ئەمن زۆر دەترسم.»

مراد لێوی لەسەر گۆنای ئاڵی دانا و کوتی:
«هێرۆ گیان! بڕێکی دیکە سەبر کە.»
دونیایـــان لـــەبیر چووبـــۆوە. ئـــەوین دەخـــۆی گرتبـــوون و وەک لاولاوە پێچابوونێوە!
هێرۆ لە باوەشی هاتە دەر و کوتی:
«مراد گیان! دەبێ بڕۆم درەنگە لەوانەیە یەکێک بمانبینێ.»
پۆلە مراوێکە دانە دانە لە دوای یەکتر خۆیان بە چۆمی دادا.
«ئەوشۆ وەرە بابم دەچێتە ماڵە مام خدری.»
شلک و نەرم رۆیی، خەیاڵێکی شیرن بوو لە پێش چاوی دوور بۆوە.
***

## (١٢)

تارمایی ئێوارەی درەنــگ وەک جــاڵجاڵــۆکێکی دەهــات دەوران دەوری وڵات بتەنێتەوە. جەغەتە سەهۆڵی شکاو، سەر لە نوێ وێک هاتنەوە. سەر گۆمیلکەی نێو کۆڵان و سەر ڕێیان توێخێکی تەنک دایپۆشی.

مناڵ بە قریوە و هەرا لە ماڵە مام خدر دەهاتنە دەر، بۆ سەری کۆڵان غاریان دەدا، سەر لە نوێ دەگەڕانەوە شوێنی هەوەڵیان؛ تاسەی وەگیرخستنی مـزگێنی سەری لێ شێواندبوون! نەیاندەوێرا دایکی ڕەسووڵی کە لەوان سەر لێ شێواوتر دەهات و دەچوو بۆ دەمێکی زۆر بە جێهێڵن. دەروێش سەعید مەڕێکی دەنێو لینگی درێژی دا ڕاگرتبوو، کێردێک بە دەستەوە جار جار چاوی لە ئاسـۆ دەبـڕی کـە هەتاوی تێدا بزر ببوو. دیسان چاوی دەوسەری کۆڵان دەبڕی و چـاوەنواڕ دەمـا. هەتا و دوایین تیرێژی لە خالیگەی هــەوری نــەزۆک چەقانــدبوو. مـام خـدر و ڕەسووڵ وەدیار کەوتن. مناڵ بە قریوە کۆلانیان لەسەر سەریان دانا، دەسبەجێ دەورەی دایکیان دا. بە پەلەپــەل دەســتی دەباخەڵــی کــەوای ڕۆکـرد و مســتێکی قەرەپووڵ دەرهێنا. ئێستا بە چاکی دەستی نەکردبۆوە لەسەر دەستیان ڕفاند. بە هەڵاتن دایک و کوڕ ئامبازی یەک بوون. دەروێش کێـردی لــە ملــی مــەری نــا، خوێنێکی ئامال ڕەش لەبەر پێیان بازرەقەی بەست.

لادێیی تاق تاق و چەند چەند دیارێک بە دەستەوە دەچوونە ماڵە مام خدری. ماڵیان جمەی دەهات. هاڵاوی گەرما هەموو جار لەگەڵ دەرگا کردنەوەی شاڵاوی دێنا دەر و لەبەر سەرمای شەو خۆی ڕانەدەگرت و بڵاو دەبـۆوە. سـیغار دوا بــە دوای یەک دا دادەگیرسان و دەکووژانەوە. ریزاوریز ڕدێن سپی و پیاوی پــیر لــە سەرەوەی ژوورێ دانیشتبوون. پرسیاری جۆراوجۆریان لــە ڕەسوولــی دەکـرد،

نــەقلێکی خۆشــیان دەگێــڕاوە، قاقایــان لێــدەدا و دیســان پرســیارێکی دیکــە! هەنگامەیێکی سەیر بوو، بیانوویەکی چاکیان بۆ گوزەرانی شەوێکی درێژ دەست کەوتبوو.

هەور وردە وردە لە ئاسو ڕا دەستی یەکتریان گرت و خۆیان بەرەو ئاسمــانی جەڕان هەڵکێشا! بژ و مژ بێئەوەی کەس هەستی پێ بکا وڵاتی داگرت. بێ هەست و خوست لە حەوشە چۆ دەر، کەس بە دیارەوە نەبوو. هەتا لە ماڵە مــام خــدر دوورتر دەبۆوە زۆرتری هەست بە بێدەنگی دەکرد. دیــواری مــاڵان لــە ســەرەوی کۆڵان لێک نزیک ببۆوە و هەر هەنگاوەی هەلیدێنا دیوار دەکشانەوە و گوزەریان دەدایە، چەق و لووری گورگان تێکل سەوەر ببوو. ڕاوەستا، چــاوی تیژکــردن، هەرتک کۆڵانی چاو لێ کرد، سێ چۆار جار لە دەرکەی دا، کڕمە کڕمی بەفری بن پێی هێرۆی هات، مڕەی چۆارپێ ڕەشەی دەهات، دەستی بە وەڕینێ کرد! «کێیە؟» «بیکەوە هێرۆ»

جیڕەیەک لە دەرگا هات و کراوە. چوونە ژوور چوارپێ ڕەشە بــڕێکی مڕانــد، دوو سێ جار مراد فیتووی بۆ لێدا، چۆارپێکە ناسیەوە! کلکە سووتەی بۆ کرد و لمبۆزی بۆ درێژ کرد. لێکهاڵان. کەزیەی هێرۆ بــۆنی نێرگزیــان دەدا. پەنجــەیان لێکگرێدا، چاویان قوچا و گوێیان بۆ گرمەی دڵیان قولاغ بــوو. هــەوری ڕەش و تەماوی هاتبوونە ژوور سەری دێی، تەنیا ســاتێک مانــگ خــۆی لــە پەنجــەی ڕەشیان ڕاپسکاند، ئەوجار بەجارێکی تاریکی داسەپا.

«مراد گیان! چەندەم خۆش دەوێی، زۆر دەترسم!»

«هێرۆ گیان! خودا گەورەیە.»

فرمێسکێک لە کەناری چاوی هێرۆ زنەزنی بوو، ماوەیەک دواتر تەنیا تریقە و گەمەیان دەبیسرا.

دەروێش سەعید دەفێکی دابەدەست لاوێکی و کوتی: «ئەوەم بۆ گەرم کە و بــۆم بێنە ژووریّ.»

پاشان بە هەر چۆنێکی بێ لە پەنا کوێخا جێیەکی کردەوە و دانیشت، ســەری بردە بن گوێی و سرتێکی کرد. کوێخا لە پڕ سوور هەڵگەڕا، نێوچاوانی تێکنــا و بە حاڵ لێوی لەرزین، دەستی لە حەرزی قایم کرد و هەستا سەر پێ.

«کوێخا بۆ ئاوا زوو دەڕۆی؟»

«ئەوە دێمەوە بڕێکم کار هەیە.»

پێڵاوی زۆر بە چەتوونی دەنێوان پێڵاوی جەماوەر دا دیتەوە، هەڵیکێشـــان و وەدەر کەوت. دەرگای دیـوی هێـرۆی کـت و پـڕ کـردەوە چـووە ژووریێ. هێـرۆ پەیکەرێکی داتاشراو لە جۆانی بوو لە باوەش خەودا خزابـوو. چـاوی هەڵـێنان خۆی خڕ کردەوە و بە سەیری چاوی لە کوێخا کرد و کوتی: «بابە گیان! چ بـۆە، بۆ ئاوا زوو هاتێوە؟»

کوێخا مابۆوە چ بڵێ. مینگێکی کرد و چۆوە دەر.

مراد کۆڵان بە کۆڵان هاتەوە ماڵە مام خدری و لە پەنایەکی دانیشـت و گـوێی لە دەفەلێدان و زیکری دەروێشان هەڵخست.

***

# (١٣)

تاریک و ڕوونی بەیانی بوو، کلوو کلوو بەفر دەهاتە خۆار، کاردارێکی پیر بە ئاسپایی هاتە ژوور و سڵاوی کرد، حاجی محەممەد لەسەر بەرماڵەکەی لاچوو جوابی داوە: «عەلیکەسەلامو رەحمەتوڵلاهی وەبەڕەکاتووهوو.»

کاردار بە مقاشی پۆلووی کوورەکەی تێکوەردا و دوو کۆڵکەی تێهاویشت و فوویەکی بە قەوەتی لێکرد. کاردار لە حەوشەی گەورەی ماڵە حاجی وە جم و جووڵ کەوتبوون. پۆلێک پاساری لەسەر لک و پۆپی داری حەسار هەڵکورمابوون. حاجی بایز وەژوور کەوت و سڵاوی کرد، حاجی محەممەد لەبەری هەستا و سڵاوی لێ هەستاندەوە. «فەرموو دانیشە!»

«خودا دەست بە عومرت بگرێ حاجی.»

«ماڵە خۆتە براله، ئەمن لە حاستە تۆ خۆم بە سێحەب ماڵ نازانم.»

«هەی خودا ئاوەدانی کا.»

شوێنی پێی کارداران لەسەر بەفری خۆار و خێچ کێشرابوو. پاساری بۆ دۆزینەوەی شتێکی هەرچەند بێ بایخ تێکڕا دەفڕینە خواریێ لەسەر هێندێک ڕەشانگی کەناری باغچە قنەقنیان دەکرد. بە هاتنی یەکێکی بۆلایان دەفڕینەوە سەرداران.

حاجی بایز چاوی ئێستاش ترووسکەی هەڕەتی لاوێتیان تێدا دەدیترا. دەم و چاوی ئاولاوی و ئاماڵ سووری وێدەچوو بیر و هەزری لە چاوان بشارنەوە. کەس نەیدەزانی چ دەمێشکی دا دەگوزەرێ. زەبەلاح و قەڵەو بوو، لە هەر مەجلیسێکی دەیزانی چۆن قسان بکا، یانی دوای دەوڵەمەندبوونی وای لێهات لە پێشدا ئاکنجی جەڕانێ بوو. هەر لەوێشی ژن خواستبوو. لە ئەسڵدا قەرەبوو، چ مووچە و مەزرایەک یان مەڕ و ماڵاتێکی نەبوو. خانووچکێکی لەبەر کانی کۆڵووی هەبوو و هێندێک شرە و بڕەی ماڵێ و بەس. بەیانێکی زوو شت و مەکی

له گوێدرێژێکی ناو جەڕانێ بەجێهێشت. چەند وەخت دوایە هەوالی دەولەمەند بوونی لە دێیان بڵاو بۆوە. هەر ئەوێ ساڵێ خانووبەرەی چاک و حوجرەی گەورەی لە خانێ کڕیبوو. دەیانکوت خەزێنەی دیوەتەوە. ئی واش بوو دەیکوت دوای ڕاپۆرت دان لە حەمە شەلی قاچاغچی بارەکەی کە دەماڵە ویدا شاردبویەوە داگیری کرد و پێی ئاوای لێهات، بەڵام هەرچی بوو ئێستا حاجی بایزی جەڕانێ بوو و چەند کچی بە مێرد و کوڕی بە ژنی هەبوو. چەند دەست خانوو لە خانێ و نەغەدە و چەند پارچە زەوی بەرئاو و ماڵاتێکی زۆری بە شەریکایەتی لەگەڵ حاجی سالەی ئاواڵ زاوای هەبوو. ڕۆژ نەبوو میوانی ماقووڵ و گەورە، گەورەی نەبێ. هامووشۆی ئاغا و کاربەدەستانی دەکرد.

حاجی بایز بڕێک لە ئاخری قەندی کە لە نێو زاری دا مابوو کرۆشتی و ئیستکانی لەبەر دەستی لادا و کوتی:

«دەی حاجی باس و خەبەری دێی؟»

«حاجی گیان! سلامەتیت، هەر وەک جارانە.»

سەری بەرداوە و چاوی دەمافوورەکە بڕی. «حاجی بۆ قسان ناکەی؟»

هەناسێکی هەڵکێشا و کوتی:

« جا بڵێم چی حاجی گیان! ئەوە چاوم لە تۆیە کارێکمان بۆ بکەی، هەوەڵ خودا و دوامینیش ئەتۆ.»

حاجی کەشیدەی لەسەری لابرد، تاقیلەی سپی و خاوێنی سووڕاند، کەشێدەی لێهاڵاندەوە و کوتی:

«حاجی ئەمن شەوێش پێم کوتوی هەرچی لە دەستم بێ کۆتایی ناکەم، بەڵام بە سەرت زۆریش چەتوونە. ئەوجۆرەی بیستوومە تاوانەکەی لەسەر سوور بۆتەوە، حەوت هەشت نەفەری خەڵکی جەڕانیش قامکیان بۆ پێوە ناوە. ئەو هەتیوەی لەگەڵی گیراوە درکاندویەتی، بە خودای زۆر چەتوونە.»

ئەویان دیارە تۆش دەیناسی، دزێکی بەناوبانگە.

حاجی محەممەد وەک ئاوری پێوەنێن دەرهەڵبو و کوتی:

«کوڕە حاجی گیان! ئەوە دەڵێی چی؟ بەسەرت، بە قوبڵەی محەممەدی هەموو کەس دەزانێ ئەوە گزە و دەهۆ بوو بۆیان ساز کرد؛ دەنا خالیدی کاکم لەوەتی لە

کۆشی دایکی بەربۆتەوە قەت دەستپیسی نەکردوە، خۆ بۆ خۆت تایفـەی ئێمـە چاک دەناسی. کوڕە ناوەڵلا هەر لەبەر ئەو پارچە زەوی‌یە و ئەهانێ.»

حەوشە بە یەک جاری ڕووناک ببوو، تارمایەکی کەم مابوو کە ئەویش خۆی بە دیواران هەلاوەسیبوو دەهات لێیـان وەسـەرکەوێ و ڕاکـات. کـارداره پـیره مەجۆعمە لەسەر دەست هاتەوە ژوور، حاجی بایز ڕووی تێکرد و کوتی:

«بە کەماڵی بڵێ ئەورۆ برێک زوو بچێتە دووکانێ. قەوڵ وایە بارمان بۆ بێ.»

ڕووی دە حاجی کرد و کوتی:

«ئەمن ئیشاڵلا حەولی بۆ دەدەم، ئەتۆش ئەگەر بە قسەی من دەکـەی کاکـت ڕازی کە لەگەڵی پێکبێ، دەنا چەلێکی دی بە زمێکی دی پێدەگرێ.»

حاجی محەممەد کوتی: «وەڵلاهی جا بڵێم چی؟ چ خودا بـەرداره دوای بیسـت سالان لێیان بستێنێتەوە؟»

حاجی بایز کوتی: «دەی بزانین چۆن دەبێ، ڕۆژی هـەینی سـەروانی لەگـەڵ خۆم دێنمە ڕاوێ، هەر لەوێش دەیدوێنین ئەی بەڵـکوو ڕەزایـەتی دا و خلاسـی بێ.»

«جا چۆنت جوابی چاکەی بدەمەوە؟»

ماوەیەک دوایە حاجی محەممەد بە کۆلانی شـار دا بـەرەو زینـدانێ ڕۆیـی، شوێنی تەگەری تاقمێک ماشێن لەسەر بەفری بەیانی دیـار بـوود. ووکانـداران بەردەرکەی دووکانیان دەماڵی و خێرا خێرا دەچوونەنێو دووکان و شمەکیان دێنا دەر و لەسەر جێی خۆیان دادەنا.

ئالایەکی بەفڕاوی و تەر لە دوورەوە لە سەربانی زیندانێ بـەحاڵ دەلـەراوە. دوو سەربازی کەڵەگەت و توورە لەبەر دەرکەی کێشکیان دەکێشا، سەری کەپۆ و گۆنایان سوور هەڵگەڕابوو. لێیان چووە پێشێ و سلاوی کرد.

«هاتوومە مەلاقاتێ!»

«ئەورۆ مەلاقات نییە. برۆ دووشەممەی وەرەوە.»

بە تورکی یەکیان پێی کوت. گorووبانێکی ڕەشتاڵە و خڕیلە سەربازێکی بـە بێڵەوە وەدوای خۆی دابوو، چاوی پێکەوت.

«چییە مامە حاجی چت دەوێ؟»

«قوربان هاتوومەمەلاقاتێ.»

گوورووبان وەرسووڕاوە و شتێکی بە سەربازەی کوت و لێی هاتە پێشتر ، هەتا نزیک دەرگا.

«مامە گیان نازانی ئەورۆ مەلاقات نیّ؟ برۆ دووشەممەی وەرەوە.»

حاجی قودو شیرنی و پرێسکەی دەستی بۆ بزاوتنی روحمی گوورووبانی هێنا پێش خۆی و کوتی:

«قوربان ناتوانم بێمەوە، هەر ئەوەندەی ئیزنم بدەن چاوێکم پێی بکەویّ و ئەوانەی بدەمە دەستی بەسمە.»

سەربازە ویستی لێی توند کا ، ئێستا هەوەڵین وشەی پیّ نەکوتبوو گوورووبان دیسان هەڵیدایە:

لێیگەڕیّ بێتە ژوور.»

«هەی بە قوربانت بم.»

حاجی بزێک لەسەر لێوی چۆ حەساری زیندانیّ. دیواری بڵیند لە هەموو لایەکێوە هەڵکشابوون. دەلاقەی چکۆڵە چکۆڵە تێیان دا دیار بوو، دڵ وێکدێت و دەگیریّ، ڕووح کز دەبیّ، سست دەبیّ. گوورووبان بە دوای خۆیدا بردیە دیوێکی، پۆلێک دەلەسە لەسەر میزێکی قاوەیی داندرابوون و هێندێک کەلوپەلی دیکە.

حاجی چاوەڕوان چاوی تێبڕیبوو. گوورووبان چووە پشت میزەکەی دانیشت، یەک دوو دەلەسەی لەسەر میز هەڵگرت و ئەو بارەو باری کردن!

«دەی مامە گیان چت دەویّ؟»

«قوربان هەر چاوم پێی بکەویّ و ئەو شتانەی بدەمیّ.»

«ئی کیّ؟»

«ئی خالیدی جەڕانیّ.»

«ئاها ، ئەوەی مەڕی دزیوە؟»

«قوربان بەسەرت بوختانێیان پیّ کردووە.»

«نابیّ مامە، ئەو بە هیچ کولێکی مەلاقاتی نیّە، ناکریّ.»

«کوڕە بە قوربانت بم، بەو بەفر و سەرمایە لەوێڕا هاتووم.»

سەربازە بێڵ بەدەستە هاتە بەر دەرگا و سەری دەژووریّ ڕاکرد و کوتی:

«سەرگوورووبان خەڵاس بووم.»

حاجی دەبیری دۆزینەوەی قسێکی بۆ ڕازی کردنی حەولی دەدا.

«زۆر باشه بڕۆ.» سەربازه گەڕاوه دەر.
«کوتم نابێ مامه بۆ هەر ڕاوەستاوی؟»
حاجی نەیتوانی قسەیکی وابینێتەوه، هەر قسەکانی پێشووی دووپات کردەوه.
«کوڕه مەحزی ڕەزای خودای ڕێگام زۆر دووره، هەر چاوێکم پێی بکەوێ.»
گورووبان لەسەر کورسێکه دەهات هەستێ، حاجی بیرێکی به مێشکیدا هات، به ترسەوه شمەکی لەسەر میزەکه دانا و به ئەسپایی دەستی بۆ باغەڵی برد، گورووبان به ئانقەست خۆی خەریکی دەلەسان کرد. حاجی هێندێکی پوولّ دەرهێنا و زۆر به ترسەوه لەسەر میزەکەی دانا. گورووبان لەبنەوه چاوی لێ بوو.
حاجی ماوەیەک دوایه له دوای سەربازێکی چۆه دیوێکی نیوه تاریک و شێدار، دوو پەتووی سەربازی تەنک ڕاخرابوو. خالید له خۆشیان شاگەشکه بوو. پڕ به باوەشی پڕی به حاجی داگرت و یەکتریان ڕامووسی. سەری تاشرابو و بن کالانەی چاوی ئامالّ شین ببوون.
«دەی خالید! چۆنت لێ دەگوزەرێ خۆ لێت نادەن؟»
خالید سەری بەرداوه: «نا، مامه گیان زۆر ناڕەحەت نیم، تەنیا پەرۆشی بابم و منداڵەکانم.»
حاجی کوتی:
«کوڕم بیری وان مەکەوه، خۆ ئەمن نەمردووم ئەلحەملای هەموویان باشن تەنیا به تاسەی تۆوەن.»
خالید هەناسێکی هەڵکێشا و کوتی:
«به خودای مامه گیان! ئێستاش هەر کاسم.»
حاجی کوتی: «خەمی لێ مەخۆ، دوێنێ شەو به خاتری تۆ له ماڵه حاجی بایز بووم، قەولّی پێداوم هەر چۆنێکی بێ بەرتدا. بەڵام شتێکم زۆر پێ سەیره!»
خالید سەری هەڵێنا و چاوی شینی تێبڕی و کوتی: «چی؟»
«وەڵڵاهی پێم سەیره ئەتۆ چی و ئەو هەتیوه دزه چی؟»
خالید له حەیفان قسەی بۆ نەکرا، هەر چۆنێکی بوو بەسەر خۆی دا زالّ بوو و کوتی:

«بە خودای مامە گیان! ئەو جارە نەبێ قەتم ئەو سەگبابە نەدیوە، ئەوەنـدەم لەبیرە لەپشتەوە ڕا لە سەریان دام، ئەوەتا ئێستاش جێگەی هەر ماوە؟

داهاتەوە شوێنی بڕینی سەری نیشان دا: «لێرەش شەوێک لەگەڵـم بـوو لـە دوایە لێکیان هەڵاواردین.»

حاجی لەدەرگای زیندانێ هاتەوە دەر، ماڵئاوایی لە دوو ئێشکچێکان کـرد. هیچێان جۆابیان نەداوە. وردە وردە بەرەو بازاڕ وەڕێ کەوت.

کڕێوە هێدی و لەسەرەخۆ دەستی پێکرد. ئاگات دەکـرد و نـەدەکرد، زریـان وەخۆ کەوتبوو بەفری کۆن و کڕێوەی ئێستای هەڵدەگرت. بـە دیـوار و دەرکـەی ماڵانی دادەدا، هەڵیدەپەساردن. ئەوجار بەجێی دەهێشتن و بە گژەگژ تێدەپەڕی. حاجی محەممەد تەلیسێک بە شانەوە هاتەوە سەر ڕێی جەڕانێ. وڵات یەکدەست سپی دەچوو. پۆلێک قاز و قوڕینگی بە جێماو لە یاران بە پەلە بەرەو ئەو دیوی، بەرەو گەرمێنێ دەفڕین.

***

## (١٤)

چەند ڕۆژ بوو بەفر چیای دەوراندەوری ساباڵاغێی ئابلۆقە دابوو، تەنیا پێدەشتی داشامەجیدی بوو بە تەواوی دانەپۆشرابوو، تاق تاق تاشە بەردی گەورە، ڕەش دەچونەوە. قەڵای سارمێ شابازێکی بەرزەفڕ بوو، شاباڵی دەنێو تەم و مژدا لێککردبۆوە.

مرۆڤ بەیانان و ئێواران بە هەشتاو دەهات و دەچوون؛ بە پەلە پەل خۆیان بە ژوورێکدا دەکرد. سەری شەوانە وڵات چۆل دەبوو، شەقام ئاواق دەمانەوە، بە دەگمن یەکێک یان چەند کەس پێکەوە دەبیندران. داری قەراغ شەقامان ڕووت و ویشک ریزاوریز ڕاوەستابوون. تاوناتاوێکی بۆرە پنەیەک یان کۆترە گایەیەک لە شەقەی باڵی دەدا و چێوی ویشکێان دەجووڵاندەوە. دارتێلی کارەبا وەک پیاوی پیر تەنیا بەرپێی خۆیان دەدیت و هێندێک دوورتر تیشکی چاویان دە تاریکی خەستدا بزر دەبوو. دەنگی سەوەڕ لە هەموو قولینچکی شار دەبیسرا. شار شەوانە بە سام دەبوو؛ هاڕەی جیبێکی یان شریخەی تفەنگێکی لە دوورەوە و هاوارێکی ون دڵی خەڵکی دادەخورپاند.

بە ئاسپایی لە پلیکانان هاتە خوار. پرخ و هۆری بابی دەهات. پێڵاوی هەڵکێشا، دەستی بۆ دەرکەی برد.

«ڕۆڵە ئەوە بەو شەوەی بۆ کوێ دەچی؟»

بە پڕتاو ئاوڕی لێداوە.

«دایە گیان! ئەتۆی ئەوە بۆ نەنستووی؟»

لێی هاتە پێشێ و بەردەرکەی لێگرت.

«ڕۆڵە! بەو شەوەی بۆ کوێ دەچی؟ نازانی شەوانە نابێ کەس وەدەر کەوێ؟»

«دایە گیان! برۆ بنوو، ئێستا دێمەوە، هەتا ماڵێکی دەچم و دەگەڕێمەوە.»
«سمایل گیان! سپەینێ بچۆ، ئەو سەگانە هەرچی ببینن لێیدەدەن، وەرە برۆ بنوو.»
«دایە گیان! دڵخۆرتی من مەبە، نیزیکە، خێرا دەچم و دێمەوە، دەبێ هەر ئەوشۆ بچم.»
لە مابەینی قساندا گۆی هەڵدەخست هەتا بزانێ پرخەی بابی هەر دێ. خێرا دەرکەی کردەوە، سەرما تەوژمی هێنا ژوورێ، مچوڕکیان پێداهات.
«کوڕە بۆ خاتری خودا ئەوشۆ مەچۆ هەتا دێیەوە دڵم دەتۆقێ.»
«برۆ ژوورێ دایە گیان با بابم وەخەبەر نەیە زۆرم پێناچێ، هاچەرم پێیە، برۆ.»
خۆی کێشایە قەراغ دیواری ماڵیان کە تاریکی تێدا خپ و مات ببوو. یەک دوو ئاوڕی داوە، ڕەشایی سەری دایکی هەر دەدی، لە پێچی کۆڵانێان ئاوا بوو، بە پەنا دیواراندا توند و تیژ دەڕۆیی، جارجار پشیلەیەک لە پەنا چەلەنگی زبڵێکی دەردەپەڕی، شەقە شەقی چەلەنگی دەهات و دیسان وڵات بێدەنگ دەبوو. ئاسمانی تەماوی هەتا سەربانی ماڵان هاتبۆ خوار، خانوو چکۆڵە و نەوی دەتکوت لە سەرمان پشتیان دابۆوە پشتی یەکتر، دوو جاری دەرکە کوتا، مینە لێی کردەوە، ئەوسەر ئەوسەری کووچەی چاو لێکرد و خێرا خۆی بە ژوورێ داکرد، نیسێی پێنج کەسان لەبەر شەبەقی چرای دەلەرزانەوە، تێکەڵ یەکتر دەبوون، لێکجوێ دەبونەوە، درێژ و کورت دەبوون، یەک یەک دەرباوەشیان گرت و چاک و خۆشیان کرد. سولەیمان کەڵەگەت و چاو و برۆ ڕەش وەسەرەوەی خست.
«سمایل ئەۆە بۆ ئاوا درەنگ هاتی، وردە وردە دەمانکوت نایە.»
سمایل بزێکی هاتە سەر لێو و کوتی:
«کاک سولەیمان، بۆ خۆت بابم دەناسی هەتا هەموو ئەخباری دونیایە نەگرێ، نانوێ.»
تێکڕا پێکەنین. مینە هاتە سەرپێی و چووە دیوەکەی دی. «دەی کاک سولەیمان چ خەبەر؟»

سولەیمان چاوی بەسەر تاق تاقیان داگێـڕا. دەنکێکـی جگـەرە لـە پاکـەتی بەردەستی دەرکێشا ، هەروا دەنێو قامکیدا ڕایگرت و کوتی:

«جا بڵێم چ خەبەر. ئەوە چەند ڕۆژە بۆ خوشت لێـرەی و وەزعەکـەت دیـوە. کەڵ بە موو بەندە.»

مینە ریزێکی چا هێنا و دانە دانە لە بەر دەستی دانان. «ئەدی کاک سولەیمان خەبەری کاک ڕەشید و مەحموودی؟»

سولەیمان چاوی گێڕا و لەسەر عەولای راگرت و کـوتی: «عـەولا ئـەوڕۆ لـە تارانێ هاتۆتەوە ، دەڵێ ساواک هەرتکیانی دەست بەسەر کردوت ، عـەولاش زۆر بە چەتوونی دەرباز بووە.»

سمایل گوێی لە سولەیمان و چاوی لەسەر عەولا قەتیس مـابوو ، دووکەڵـی سیغاران بە وێنەی ئـالینکی بـەرەو میچـی هەڵـگەڕابوو ، فـەتاح کورتـەبالا و سپیکەلان دەستێکی بە مووی سەری داهێنا و هاتە سەر چۆک دانیشتو و کوتی:

«ئەدی سمایل لە لای تۆ چ باسە؟» سمایل کوتی:

«لەوێ هیچ باس نێە ، هەر بەفر و سەرمایەکی زۆرە و هیچی دی.»

زۆر لە مێژبوو لە ماڵ وەدەر کەوتبوو ، چاوی لە سەعاتی کرد و کوتی «کاک سولەیمان دەی بەرنامە چییە؟ دەبێ چ بکەین؟» سولەیمانیش چاوی لە سەعاتی دەستی کرد و کوتی:

«جارێ هیچ ، ئـەمن لەگـەڵ عـەولا و مسـتەفای ئەوشـۆ بـۆ ئـەودیو وەرێ دەکەوین ، ئێوەش هەر کەسە لەسەر کاری خۆتان بن ، لە پاشان وەخـتی خـۆی ولاموو بۆ دەنێرین.

تێکڕا هەسـتانە سـەرپێ ، یـەکتریان دەبـاوەش گـرت ، سـەبرێکی دەرگـای کووچەیان کردەوە. پرووشە لەبەر شەبەقی زەردی چرای دارتـێلان بـۆ سـاتێکی دەدرەوشانەوە ، لە سەر دەم و چاویان دەنیشت. نەرم وسووک.

سمایل تیلاوتیلی دیواران بەرەو ماڵێ ڕۆیی. شوێنی کەوشی بە حـاڵ لەسـەر بەفری تەنک دیاری دەکرد. لەوسەری شار سێ لاو قەراغە و قـەراغی مـالان بـە بێدەنگی بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون شەو و شاریان بەجێهێشت.

***

## (١٥)

پاساری پۆل پۆل دەنیشنە سەر ڕەشەنگی قەراغ تەویلە و هۆڵە مــەڕان، قنــە قنی دەکەن، شتێکی دەدۆزنەوە و بە ترسەوە چاو دەگێڕن، تێکڕا دەفڕێنەوە سەر گۆیسوانەی، لووری حەرز دەبنەوە، هێشتا نەگــەیونێ بــە خشــپێکی بەرزەفــڕ دەبنەوە، لەسەر لک و پۆپی داران هەڵدەکورمێن، خۆیان هەڵدەمسێنن و جریوە جریویان ساز دەبێ.

لە حەوشە دا چاوی لە دایکێتی، توند و تــۆڵ بــە چــەلغۆرێکی کــۆن ژووری تەویلە دەماڵی. پەین و پاڵەکەی لە قولینچکی لای دەرکەی کۆ دەکاتــەوە. بــۆڕە بۆڕی گا و گوێلکان تاوناتاوێکی هــەودای خەیاڵــی دەپســێنن. ئاسمــان ســاو و بێخەوشە، تیرۆژی خۆر لەسەر بەفر دەگەڕێتــەوە. دەچێتــە مدبــەقێ و دەســت دەداتە شەنەی، دێتەوە دەر و بەرەو قۆری بەرماڵان دەڕوا، هــەتا هێــزی هەیــە شەنەی لە ناخی گیردەدا، باقێکی گەورەی لەگەڵ خۆی دێنێتە تەویلە، مانگــا و گوێلک سەریان خستۆتە سەر تفــاقی. دایکــی پشــتی راســت کردۆتــەوە چــاوی لێدەکا، «رۆڵە گیان عەلی! هەتا ماڵە ســەید نەجمــەی بچــۆ، ئــەو مەجمەلــە شیرەیان بۆبەرە، دەکوڕی خۆم بی خێرابە، با کۆن نەبێ.»

عەلی خۆشی بە دڵی دادەگەڕێ. شەنەی بە دیواری تەویلەوە هەڵدەپەسێرێ و وەدەر دەکەوێ. دەرکەیان ئاواڵەیە یەکراســت دەچێتــە حەســار و هــەرا دەکــا: «ماڵێ، ماڵێ.»

بۆخۆی دەزانێ کێ بە دەنگێوە دێ. قامکی دەستی کەمتاکورتێکی بە مەجمەلە شیرێوە تەزیون. خەزاڵ نــەرم و نــۆڵ بــەرەوپیری دێ. بزەیــان لەســەر لێــوی

نیشتووە. چاو لێکهاڵقاون، خەزاڵ کولمەی سێوی لاسوورن، لێی هاتۆتە پێشێ و دەستی بۆ گرتنی مەجمەلەی درێژ کردووە.

«ئەتۆ بۆ زەحمەتت دەکێشا؟»

«دایکم دەیکوت با کۆن نەبێ.»

قامکیان گەیشتە یەک، وێککەوت، ڕووح، گیان، هەست، جاری وایە هەمووی لە جێیەکی کۆ دەبنەوە، لەسەر قامکێکی، لە داوەموویەکی!

«بابت نەهاتۆتەوە؟»

خەزاڵ مەجمەلەی لێوەر دەگرێ، ئاوڕ دەداتەوە پشتەوە، کەس نایبینێ.

«ناوەڵڵا قەولە دووسپەی بێنەوە.»

پشیلێکی بۆر و قەڵەو، کلکی قیت کردۆت تێر و تەسەل داڵغەی بە قەراغ دیواری دەکا.

«ئەدی ئێستا کێو لە ماڵە؟»

«هەر دایم و پوورم.»

«ئەدی سەید حوسێن لە کوێیە؟»

خەزاڵ چەلێکی دی ئاوڕی لە پشتەوەی دەداتەوە.

«ئەو چۆتە خدراوێ، ماڵە نەنکم.»

خەزاڵ دیسان ئاوڕی لە پشتەوەی داوە، دڵەڕاوکەی دەچاوی‌دا دەبیندرا، عەلی هەستی پێکرد، ماڵئاوایی کرد و وەدەر کەوت. پشیلە بۆرە هاتۆتە بەر پێی خەزاڵ و خۆ لە لاق و لەتەری دەخشێنێ. چاوی لە مەجملەیە و میاوە میاوی دێ. خەزاڵ بە لاقی بڕێکی لە خۆی دوور دەکاتەوە. نەرم و خشپیلانە دەڕواتەوە ژوور.

عەلی دەست دەبەر پشتوێن سەبر سەبر بەرەو تاقە دووکانی دێی دەڕوا. حەول دەدا خەزاڵی بۆ دەمێکیش لەپێش چاو لا نەچێ. حەول دەدا چەلێکی دی هەستی وێککەوتنی قامکیان دەخۆی‌دا زیندوو کاتەوە، زۆر کەم هەڵدەکەوێ بتوانێ ئاوای لێ نزیک بێتەوە، جا بۆیە نایهەوێ وا بە هاسانی لەبیری چێتەوە. نێوچاوانی سەید نەجمە و کوڕەکەی، ترسی خەزاڵی لەوان، هەمیشە وەک پێکۆڵێکی دەجەرگی ئەوینی ڕۆ چووبوو. گەیشتۆتە حاندی دووکانێ، بەفری بەر دەرکەی بە تەواوی پێشێل کراوە، بەفر و قووڕ تێکەڵە، زۆرتر بەفرە و ڕەنگی قاوەیی لەگەڵی لێکدراوە، سێ چۆار لاوی بێکار و سەر ڕووت لە نێوەڕاستی

دووکانی هەڵترووشکاون و دامە دەکـەن؛ شـەو و ڕۆژی زسـتانان ئێـرە دەبێتـە مەکۆی جحێڵان. ڕۆژانە دامە و تۆو تررووکاندن و شـەوانەش جۆرابێنـە. سـڵاوی دەکا و دادەنیشێ. بە شووشەی چڵکنی پەنجەرەی دووکاندا چـاوی لـە دەرکـەی ماڵە خەزاڵێ یە، دەرکەی دووکانی تاوناتاوێکی دەکرێتەوە، دوو دوو سـێ سـێ منداڵی سەرقژن و چڵکن دێنە ژوور، چاویان لەسـەر شـتومـەکی بەردەسـتیان موڵەق دەمێنێتەوە، قەرەپوڵیان توند، لە مشتۆیاندا دەکوشن، دەسـت دەشـتان وەردەدەن، هەڵـیاندەگرن و دایاندەنێنـەوە، دەبـیری هەڵـبژاردنی بـۆرترین و زۆرترینی دان. گێرە و کێشەیان تێکـەوتووە، مـام حەسـەن قـەراغی چاویلکـە ئەستوورەکەی لە هەرتک لایان ڕا چەسپی لێهاڵاندووە و بوڵە بۆڵی دێ. خـەزاڵ دێتە دەر، دەڕوانێتە ئەوسەری کۆڵانیان. پۆلە قازی سپی و بۆرچیل بە قیژە قیژ لەبەر پێی لادەچن، عەلی دێ لە دووکانی بێتە دەر، ترسـی پێـزانینی لاوەکـان برێکی ماتەڵ دەکا. مستێک تۆو دەکڕێ دەگیرفـانی پاتۆڵـی دەکـا و دێتـە دەر، هەراهەرای منداڵان و قاقای جحێڵان وردە وردە نزم دەبێتەوە.

بەرامبەر بە دایکی و پشت بە عەلی لەبەر دەرگای تەویلە ڕاوەسـتاوە. عـەلی دەچێتە مدبەقێ و لە قەستی دەست دەداتە داشقە و بەرەو تەویلـە دەڕوا. دوور و نزیکیان گوێی قۆڵاخ کردوون.

«نەنکت چۆنە؟ ئەورۆ خات مرۆت باسـی کـرد، کـوتی کـەوتوە، خـۆ دەنـا بەسەری ئەو عەلی ئاگا و خەبەرم نەبووە.»

«ئەرێ وەڵڵا ئەوە کاکیشم چۆتە دیتنی. ئێمەش ئەگەر بابم هاتەوە دەچینە لای.»

عەلی پێمەڕەکەی لە پەنا دیوار هەڵدەگریت و بە شێنەیی پەین و پاڵی دە داشـقە دەکا، لەگەڵ هەر جارە پێمەڕە لێدان و هەڵێنانی چاوی دە خـەزاڵ دەبـڕێ، سـەدان وشە و دەیان ڕەستە و قسە دەدڵیدا قەتیس ماون، هەلێک، دەرفەتێک، ساتێک بۆی برەخسێ و بتوانێ دەریانبڕێ. چاویان زۆر لە مێژە پێکەوە دەدوێن، یەکتر دەناسن، هەر دووراودوور تێکدەگەن! بەڵام زمانیان، قسەیان، ئێستاش نامۆن، زەمان توند و تیژ دەڕۆا، ڕاوەناستێ. بۆ کەس، ئەسپی یکرانە هەڵتدەگرێ، هەوساری بە تۆ نیە، بە کەس نیە، چاو دێت لەسەر چاوگەیـەکی بگیرسـێتەوە، هەسـت دێ کانگایـەکی بدۆزێتەوە، کەچی مەودایان پێنادا، ڕکێفکوت لە دەشتی هەروهەراوی ژیان هەرایـەر دەبێ، دەمێکـیتـر خـەزاڵ دەڕۆاتـەوە، هـەمین قورسـایی ڕازی نـەکوتراو، ڕازی

نەدرکاو، شانی دادەچۆڕێنن. خلە خلی حەڵـقەی کـوتوزنجـیری ئـەوینیان سـەر لەنوێ، مۆتەی شەوانی تەنیایی دەبنەوە. دایکی بۆ کارێکی خەزاڵـی بەجێهێشـت و چۆوە ژوور. هەستی بە کەینە و بەینەی ئەوان کردبـوو. خـەزاڵ سـەری بـەرداوە و چاوی دەبەر پێی خۆی بڕیبوو. شوێنی کەوشیان راست و چەپ و چیڕ دیـارە. عـەلی دڵی بە گرمە و توند لێدەدا؛ هەست بە گەرم داهاتنی تەواوی لەشـی دەکـا، هـەوەڵ وشە کوتنی گرانە. دوو هەنگاو دێتە پێشێ، دەستێکی پێمـەڕەی تونـد دەدەسـتی دا دەکوشێ. «خەزاڵ! خەزاڵ!»

سەری هەڵێنا و چاوی تێبڕی.

«دەڵێی چی؟»

«وەرە کارم پێتە.»

«ئاخر دایکت ئێستا دێتەوە.»

لێوی دەلەرزن نازانێ چ بکا.

«چەلێ نایەتەوە، وەرە ئێرە.»

خەزاڵ چاوی لە رێی دایکی عەلی دەکا.

«زووبە وەرە ئێرە.»

بە ترسەوە دەچێتە پێشێ. دەستی دەگرێ و دەیکێشێتە ژوورێ.

«بەرمدە ئێستا دێ دەمانبینێ.»

«خەزاڵ! وەختە لە تاوانت شێت بم.»

خەزاڵ حەولی دا دەست لە دەستی دەرهێنێ، خلە خلی بازنـەی بـەرز بـوو، یەک دوو مانگا و گوێلک سەریان لەسەر تفاقی هەڵگرت و چاویان لێکردن.

«کوڕە بێت و بمانبینێ ئابڕوومان دەچێ.»

«خەزاڵ گیان! وەرە با سوێند بۆ یەکتر بخۆین.»

«عەلی گیان! ناوێرم، دەڵێن گوناحە.»

تکێک ئارەقە لە نێوچاوانی دیارە، چۆلـەکێک بـە پـڕتاو خـۆی بـە ژووری تەویلە داکرد، فڕەفڕی زایەلەی داوە، هەتا ئەو سەری رۆیی و بە پەلە گەڕاوە و وەدەر کەوتەوە، تێکەڵ ئاسمانی شین بوو.

دایکی لـە قەسـت جنێـوی بـە پۆلـە مریشـک و مـراوی دا کـە بـەرەوپیری چووبوون، زۆرتر مەبەستی ورياکردنەوەی عەلی و خەزاڵ بوو.

«بەرم دە دایکت هات.»

دەستی بەردا، لە پشت سەرێوە دەڵێ: «خەزاڵ گیان! زۆرم خۆش دەوێی.»

خەزاڵ پڕێسکێکی لە خات مەنیجێ وەرگرت و شلک و نەرم رۆیی. لە تەویلە را عەلی کۆتەلێک بوو چاوی رۆیبوون. دایکی هاتە پەنای، دەستی دە دەستە هەزریقاوەکانی گرت: «کورڕم بۆ وا ماتی؟»

چی نەکوت. هات دەستی دەرهێنێ و بە دوای دا بڕوا، توندتر دەستی رێککوشی:

«رۆڵە گیان! لەو فکرە دەست هەڵگرە، ئەوە بۆ ئێمە نابێ، ئەدی کوڕی خۆم!»

عەلی گوێی لێ نیە، «بۆ خۆشت دەزانی ئەوانە کچیان دەوێ و ئێمەش نیمانە.»

عەلی وەخۆ هاتۆتەوە و سەری بەرداوەتەوە.

«هەر ئەو ساڵ بۆت دەچمە سەر خەجیجی ڕەحمان گاوانی. زۆر لەوەش جوانتر و چاکترە.»

گوێلکێکی سوور بەڵەک بۆڕاندی و هێندێک خۆی سووڕاند.

«ئەورۆ خات مرۆت دەیکوت سەید نەجمە و سەید حەسەن چوونە جەڕانێ چاویان بە کچی کوێخا ڕەسووڵی بکەوێ. خەزاڵیش بەر خوێن دەدەن بە وی. عەلی راچڵەکی، بۆ دەمێکی تاسا، دەستی بە پڕ تاو لە نێو دەستی دەرکێشا و هەڵاتە دەر، کاس و گێژ روو بە ماڵە خەزاڵ رۆیی. پۆلە قاز باڵیان لێککردەوە و هەرا هەرایان ساز بوو و لەبەر پێی لا چوون. دەرگایان گاڵە دراوە. نازانێ چ بکا، چاو لە گردی بەرماڵان دەکا، سپی سپی، تیرۆژی هەتاو لەسەری هەڵدەخلیسکێ، تاق تاق دارێک یان دەوەنێک لەولاو ئەولای سەریان بەرداوەتەوە، رێدادەگرێ، لە دوورەوە دایکی چاوی تێبڕیوە. وەک خاڵێکی چکۆڵە و بۆر لە ژێر دارێکی بێ جووڵە دەمێنێتەوە.

***

## (١٦)

بەفری تازە و کۆن بەپێی مەڕ و وڵاخـان پێشـێل کـراوە، ئەوبـەر ئەوبـەری ڕێگای سەرتاسەر لە ژێر بەفری قـورس سـپی دەچێتـەوە. هـەتاو لـە تەشـقی ئاسمانی جێگیر بووە.

دەمێک ڕاوەستا، تەلیسەکانی هاویشتنە سەر شانەکەی دی. هەڵم بـە کونـە کەپۆی دێنە دەر، وڵات چۆل و هۆل و بێدەنگ، باوی هـەنگاوی خۆشـتر دەکـا. هەودای پساوی خەیاڵی گڕی دەداتەوە، دەستەیەک پاساری لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دێن و بەسەر سەری دا تێدەپەڕن. دووکەڵ لە سەربانی قاوەخانە بەرەو ئاسمانی شین و ساماڵ تێهەڵ بۆوە، دارە گوێزی ڕووتن و بەفراوی دێنە پێش چاوی. چـی وای نەماوە بگاتە دەرگای قاوەخانە، پڕمەی چەند یەکسمان لـە تەویلـە را دێ! وەژوور دەکەوێ و سڵاوێ دەکا، وتووێژی دانیشتوان بۆ دەمێکی هەڵقرتا، تێکڕا سڵاویان لێ ئەستاندەوە، عەلێکەسەلام! لەبـەر تروووسـکە تروووسـکی تیشـکی خۆری سەر بەفر ئێستاش چاوی دێشا و ژووری تاریکی جوان نەدەدی.

بۆنی توندی سیغاران وێڕای هـاڵاوی گـەرمای سـۆبەی دەسـبەجێ هەڵـیان کوتایە سەری.

«خودا عافووتان کا، برایم کوڕە ئەو ژوورەت بۆ وا تاریکە، خۆ چـاو چـاوی نابینێ.»

«بەخێرێی مامە حاجی.»

«بەخێرێی حاجی ئاغا.»

«مەناف ئەوە ئەتۆی؟»

لە ترسی کەوتن زۆر بە ئاسپایی بۆ لای سەرەوەی ژوورێ وەرێ دەکەوێ.

«فەرموو مام حاجی وەرە ئێرە.»

شۆقی بڵێسەی ئاور وەهەموو شتێک دەکەوت. ماوەیەکی کورت سووری هەڵدەگەڕاند و دیسان بەجێی دەهێشتن.

«پەکوو لەو سەرمایەی!»

مەناف جێی بۆ لەسەرەوەی خۆی کردەوە، یەکتریان لە باوەش گرت و سەر و چاویان ڕامووسی، تێکڕا لەبەری هەستابوون و برایمیش چایەک بە دەستەوە چاوەنۆاڕی دانیشتنی بوو.

«فەرموون تکاو لێ دەکەم، خودا عافووتان کات.»

برایم دەسبەجێ چایەکی لە پێش دەستی بۆ لەسەر کورسێکەی دانا و کوتی: «ماندووش نەبی حاجی ئاغا.»

«خودا عافووت کات، برایم کوڕە ئەتۆ بۆ چرایەکی هەڵناکەی، هەر دەڵێی ماڵە دزانە.»

وردە وردە چاوی خووی بە تاریکی گرت و تێیڕۆانین. دانە بە دانە چاک و خۆشی لەگەڵ کردن، ئاخری هەمۆان چاوی هێناوە سەر مەنافی، سمێڵێکی ماش و برینجی ئەستوور، لێوێکی شین هەڵگەڕاو، جووتێک چاوی ڕەش و شان و پیلیکی قایم و پتەو.

«دەی کوڕم ئەوە چۆنە لێرەی؟»

وەڵڵاهی جا چت عەرز کەم، ئەورۆ بەیانی گەیشتینەوە، بارەکانمان لێرە خستووە، ئەدی ئەتۆ بەو بەفر و سەخڵەتێیە لە کوێ دێیەوە؟»

قاچاغچێکان دەستیان بە قسە کردن کردبۆوە. برایم دەهات و دەچوو. حاجی دەستی بە گێرانەوەی بەسەرهاتی کرد. قاچاغچی خەریکن شتێکی دەمێشکیاندا بدۆزنەوە نەیانگوتبێ. مەناف چایەکەی یەک قورتم بەسەر داکرد و ئیستکانی بەتاڵی دانا و کوتی: «ئەزقەزا دەمهەویست ئەورۆ سەرێکی ئامۆژن و مرادی بدەم.»

فرنجەکەی هێندێک کردەوە، شەبەقی ئاوری بۆ ساتێکی لە سەر دەسکی دەمانچەی لەرزاوە.

رووی لە هاشمی کرد و کوتی:

«ئەمن ئەوشۆ دەچمە جەڕانێ ئەنگۆش سیوادی بـەیانێ بـاران بەرنـە مالـە حاجی بایز و وەرنەۆە ئێرە، ئەمیش هەر دێمەوە ئێرە.» حـاجی محەممـەد لـە پێشەوە بەرەو دەرگا وەدەرکـەوت. مـەناف لـە دوای ئـەو بەرامبـەر بـە بـرایم ڕاوەستا، هەگبێکی پووڵ لەبەر پشتێندی دەرهێنا و کوتی:

«بـە ئیسـتیواری بڵـێ چەڵـێکی دی زیـاتری بـۆ دادەنـێن، وەڵاخێکمـان هەڵدێردراوە. ماڵئاواییان کرد و هاتنە دەر. وێدەچوو پۆلە چۆلەکە هاتبنە سەر گوێسوانەی قاوەخانە و لکوپـۆپی دارە گـوێزان، جریـوە جریویـان دەهـات، تەلیسی لە حاجی وەرگرت و هاویشتێ سەرشانی خۆی.

هـەتاو تۆپەڵێکی زەرد و ئـاورین بـوو بـەرەو ئاسۆ هەڵخلیسکابوو. دوور و نیزیکی دێی بوونەوە، لە دوورەوە نگـارەی ئاسمـان و چیـا کەوتوونـە سـەر بادیناوێ. بیکۆڵ و گەز لە قەراغان هەڵدەلەرزین.

«بە سەرت مام حاجی بەو کارەم هەر نەزانیوە، ئەورۆ بیست ڕۆژ دەبـێ لـەو دیوی بووین، جا چاکە ئێستا چیان پێکوتون؟»

زریان دەموچاوی حاجی ئامال سوور کردبوو، بە تایبەتی قەراغی گـۆیی کـە لە بن مێزرە زەردەکەی هاتبوونە دەر سوورتر لە شوێنی دیکە ببوون.

«وەڵڵاهی! حاجی بایز قەولی پێداوم کارێکمان بۆ بکات، دەنا خۆ ئەو لامـەز هەبە قسەی لەگەڵ نایە، هەر دەڵێ خالید مەری منی بڕ داوە و ئەهانێ.»

مەناف جێی تەلیسی لەسەر شانی گۆڕی و کوتی:

«ئەدی مام ئەحمەد دەڵێ چی؟»

«جا بڵێ چی کوڕم، چی لە دەست نایە.»

خانووی دێیان لێ دیار بـوون، لـەو سـەری دێـی را خانووبـەرە و هـۆڵ و تەویلەی ماڵە ئاغای بە وێنـەی هێڵـێکی بـۆر هـەتا نیزیـک قـەراغ بادینـاوێ کێشرابوون.

«مامە حاجی ئەدی لە بابت مەسەلەی مرادی چتان کردۆتەوە؟»

حاجی هێندێکی دیکە کەشیدەی داکێشا خوارێ و کوتی:

«جارێ چمـان نـەکردۆ، قـەول وابـوو، ئەوسـەر و بەنـدەی بـۆی بچینـە خۆزبێنی، ئەویش بە ناشکوری نەبێ ئاوامان لێهات.»

هەتاو بە یەکجاری ون بوو؛ چرای مـاڵان یـەک لـە سـەر یـەک داگیرسـان، دێهاتێکان بە پەلە و لەزبەڕەو ماڵـیان دەڕۆیشـتن. مـراد لەوسـەری کۆڵانیـان بەرەوپیریان هات، لەبەر دەرگای ماڵـیان گەیشـتنە یـەکتر، لەگـەڵ مـەنافی یەکتریان لە باوەش گرت و لە دوای حاجی چوونە حەساریان چۆارپێکـەیان بـە نووزە نووز لەبەر پێیان کلکەسووتەی دەکرد و کسکەکسکی چاوی هەر دەمـە لـە لایەکەوە دەهات. خات زارا هاتۆتە بەر هەیوانێ و بە پێکەنینەوە بەرەو پیریـان دێ، ماندوونەبوونی لە حاجی دەکا و لەوێ تێدەپەری و بەرامبەر مەناف و مراد دێ.

«سلاو ئامۆژن.»

«عەلەیکەسەلام و رەحمەتولڵاه، یاخودا بەخێرێی کوڕم، چاوم ڕوون بۆوە.»

مراد تەلیسی لێوەرگرت و بردێ مدبەقێ.

«ڕەعنا چۆنە؟ منداڵەکان چۆنن؟ ئەدی بۆ نەتدێنان؟»

«دووعاچیتن ئامۆژن، ئەورۆ هاتوومەوە، ئێستا نەچوومەوە ماڵێ.»

«دەی فەرموو ژوورێ، هەر بەخێرێی.»

بە پەڵە بۆ لای مدبەقێ چوو، گورجوگۆڵ فڕووجێکی ئاوەڕووت کرد و خەریکی سازکردنی شێوی شەو بوو.

سەوەڕ لە کۆلانی وان پەیدا بوو، چوارپێکەیان بە دەنگێکی بـەرز وەڕی و بـە پڕتاو خۆی هاویشتە سەر لێواری بان و چاوی دەکۆڵانی بڕی. مانگی یەک شەوە لە سووچی ئاسمان وەدیار کەوت، هێندێک دوورتـر لـەوی ئەسـتێرێک چـاوی دەترووکاند. پۆلێک هەور پچڕ پچڕ ببوون، بە پەنایدا دەڕۆیشتن. نان و چایـان خواردبوو، هەر یەکەی لە جێی خۆی چووبوو دە خەیاڵەوە.

یەک دەم دەستت لە بەرۆکی ناکاتـەوە، ڕاتدەکێشـێ، پێـت خـۆش بـێ یـا ناخۆش، دەتبا. لەگەڵ چاو هەڵێنانت، لەگەڵ هەسـتان لـە خـەوت لەگەڵـتە. ناتوانی بەجێی هێڵی، خەیاڵ زاڵە بەسەرتدا، هەموو کاتێ، ئـەتۆ سەرتاسـەر خەیاڵی. لێکهاڵاون، دەخۆشی و ناخۆشیدا، ژیان کێهە بەشی بـە قـەوەتتـرە؟ ڕاستەقینە یان خەیاڵاتی؟ مەودای دەدەیەی، دەڕوا و دەتبا، سنووران دەپەڕێنن، ژیانی ڕاستەقینە بەجێ دێڵن، دەترسـێی، دەپرینگێیـەوە، دەگەڕێیـەوە، باڵـی

هەڵدەپڕووزێنی، شاپەڕی دەبەستی، ماندوو و شەکەتی، شەو درەنگانە، پێلووت دەخەیە سەر چاوت ئەزنە دەخەویش‌دا لەگەڵتە.

حاجی ڕووی دەمەنافی کرد و کوتی:

«ئەمن هەتا ماڵە کاکم دەچم سەرێکی دەدەم و دێمەوە.»

مەناف کوتی: «ئەمیش پێم خۆشە بێم. خات زارا هاتە نێو قسەیان و کوتی:

«ئەمنیش دێم، بڕێکم هەلیماو بۆ لێناوە.»

بێ ئەوەی چاوەڕوانی وڵامیان بێمێنێتەوە هەستا سەر پێ و وەدەر کەوت. حاجی و مەناف بەرگیان ڕێک و پێک کرد و وەدەر کەوتن. مراد بە تەنیا مابۆوە، گیزە گیزی سەماوەر لە قولینچکی دیوەکەیان دەهات. چاوی بە دەلاقەدا دە حەسارێ بڕی.

مەناف شان بە شانی حاجی دەرۆیی.

شەو بایەکی سارد لە دم چۆمێوە دەهات و باوەشی پێدادەگرتن، تەزو بە لەشیان دادەگەڕا. زکری دەروێش و دەفەیان لە لای مزگەوتی را دەهات.

«مامە حاجی ئەوشۆ چ باسە؟»

حاجی محەممەد ئاوڕی لە پشتەوە داوە، خات زارا چەند هەنگاویان لێ دوور بوو.

«شەوی چوار شەممووان خەلیفە ڕەزا و دەروێشان زکرێ دەکەن.»

مەناف کوتی: «ئەو خەلیفە لە کوێوە هاتوە؟ نێوبانگی لە خدراوێش هەیە!»

حاجی یەک دوو جار کۆخی و کوتی:

«وەڵڵاهی جا چوو زانم، دەڵێن ئی لای ورمێیە و کەڕامەتیان زۆر بۆ هەڵبەستووە، تەنانەت دەڵێن ئەوێ شەوێش ئەو کەڕامەتی نۆاندووە بە ئاغای کوتووە ئەۆە مەڕت بڕ دەدەن!»

گەیشتنە بەر دەرکەی ماڵە مام ئەحمەدی، حاجی سێ چوار جار دەرکەی کوتا دەنگی دەروێشان بەرز و نزم دەبوو. کڕمە کڕمی بەفری حەسار هاتە گوێیان.

«کێیە؟»

«بیکەوە کچم.»

ئەشکۆڵی بەر دەرگای لاچوو. دەرکە جیرەیەکی لێهات و کراوە. منداڵەکان لەبەر لاقیان دەهاتن و دەچوون. مام ئەحمەد دەموچاوی زەرد هەڵگەرابوو سڵاو و

چاک و خۆشیان تەواو بوو چاوەڕێی قسەی مام ئەحمەد و حاجی بێدەنگ بوون. مام ئەحمەد دەستی درێژ کرد و دەستی حاجی محەممەدی دەدەستی خۆی گرت و کوتی:

«براله! ماندووش نەبێ، چت کردۆ پێم بڵێ؟»

حاجی چاوی بەسەر تاق تاقیان داگێڕا و کوتی:

«کاکه گیان! خاترجەم بە، حاجی بایز بەڵێنی پێداوم جێ بە جێی کات.»

بزە وو پێکەنین لەسەر دەموچاوی هەموویان دەبیندرا. مام ئەحمەدیش زەردێک لەسەر لێوە ویشکەکانی دیار بوو. منداڵەکان پەیتا پەیتا خورمایان دەزاریان داویشت و ئێستا دەنکێکیان قووت نەدابوو ڕۆدەبوونە دەنکێکی دیکە. هەتا ئاخری ئەسمەر لێیان وەدەنگ هات. لەو پەنارا یەکی نەقورجێکی تێکوتان، هەستا سەر پێ و قاپێکی هەلیماو تێکرد و هێنای و لە پەنای مام ئەحمەدی دانیشت و خەریکی بە زار داکردنی بوو.

مانگیلە ماوەیەک دەنێو کەمبەرەی هەوران دا ون دەبوو، وڵات تاریک و تنۆک دەبوو، دیسان وەدیار دەکەوتەوە و دیسان نوقم دەبۆوە، تریفەی لاوازی بە دەلاقەی تەماوی ماڵە مام ئەحمەدی دا دە چاوی مەنافی دەڕژاند. باسی هەموو شتێکی کرا؛ لە دیوار و پەنجەرەی زیندانێ را هەتا زکر و دەفەی دەروێشان. مام ئەحمەد دەستی توند ڕێککوشی و کوتی:

«جا براله! تکایەکی دیکەشم هەیە.»

هەموو بێدەنگ مانەوە.

«فەرموو کاکه گیان! چت دەوێ؟»

تەنانەت منداڵەکانیش کە لەسەر دەنکی ئاخری خورماکەی دەهات لێیان بێتە شەڕ بێدەنگ مانەوە و زاتیان نەبوو چەلێ، دەستی بۆ بەرن.

«براله پێمخۆشە پەکی کاری مرادیش نەخەی. ئەسمەر دەیگوت:

«لەبەر خالیدی دەستو راگرتووە، بۆ کاری خێر هەتا زووتر لاق هەڵێنێوە درەنگە، جا لەبەر خاتری ئەوەی پێمخۆشە هەتا زوویە بۆی بچنە خۆازبێنێ.»

حاجی سەری بەردابۆوە و چی نەدەکوت. ئەوانی دیکە تێکڕا چاویان دەزاری بڕیبوو.

«باشه محەممەدگیان! قەولم پێ بدە هەر سبەی شەوێ بچی.»

حاجی سەری هەڵبڕی، چاوی دە چاوی ئەسمەرێ هەڵقا و کوتی:

«کاکە گیان! چ پەلەیەکی هەیە، با یەگجاری خالیدیش بێتەوە جا ئەو جار دەچین.»

مام ئەحمەد دەستەکەی دیکەی لە بن پێخەفەکەی داگیرا، دەسترێکی دەرهێنا و قولینچکی چاوەکانی کە ئاویان تێدا وەستابوو سرێوە و کوتی:

«نا، محەممەد گیان! لە سەر هاتنەوەی وی ڕاوەمەستن، ئەوە ئەڵحەملای حاجی بایز قەولی پێداوی، ئەوانە جحێڵن و دڵیان بە یەکەوەیە، چ تاوانێکیان نیە، جا بۆ پەکی کاری ئەوانیش بخەین، ئەمن بە ناشکوری نەبێ پێم ناکرێ دەگەڵو بێم، دەنا لە پێشدا وەپێشوو دەکەوتم.»

حاجی چاوی لە خات زارا کرد کە کچە چکۆڵەکەی خالیدی لەسەر کۆشی دانابوو هەلیدەتەکاند هەتا دەخەوی کات. لێزگەیەکی دەنک گەورەی شین لە ملی کورپەکە هالابوو. چاوی لە سەر یەک دانابوو.

«جا زۆر باشە کاکە گیان! هەرچۆنی ئەتۆ بڵێی وا دەکەین.»

هەور گەواڵ گەواڵ، بۆر و ڕەش، ئەستوور و بە بارشت، ئاسمانیان داگرت، ئاسمان دارماڵ لە هەوران لە زەوی نیزیک بۆوە، هەور و تەم قۆڵیان دابوو قۆڵی یەکتر و ترووکەی ئەستێرانیان بڕی. مراد لە سەر جێی خۆی دەنێو پڕخ و هۆڕی بابی و مەنافی‌دا بیری لە قسەی دایکی دەکردەوە، چاوەڕوانی هاتنی ڕووناکایی بەیان وردە وردە پێڵۆکانی خستنە سەر یەکتر.

شەو بەرەو شەق بوون دەڕۆیی.

***

## (١٧)

بەفری تازە کەوتۆتە سەر بەفری کۆن. هەور پشتیان داوەتە پشتی یەکتر و بوونە پاڵوبەنی یەک، ئاسمان شین مۆر و لێڵە، پرووشە بە دەست باهۆزی زەلیلە، کەژ و کۆ دەناو تەم و مژدا غەور بوون. تاپۆی دارستان، و گەز جاڕی قەراغ چۆمی بەحاڵ دیارە کۆلانی تەسک و باریکی جەڕانێ کش و ماتن و جگە لە حاجی محەممەد کەس بە دیارەوەنیە.

بە پڕ تاو ڕوو بە ماڵە مام خدری دەڕوا. دووکەڵی بانان بۆرە ماری سڕن و بێ و شاندن بەرەو ئاسمانی بۆر ڕادەخوشێن. بڕژانگی لێک نزیک و چاوە شینەکانی چکۆڵە کردوون. بەو حاڵەش باپوسکە خۆی بە چاوی دا دەکەن. لەسەر مژۆڵ و سمێڵی دەنیشن و دەسبەجێ دەتوێنەوە. سەر لەنوێ ئی دیکە جێنشینیان دەبن. دەرگاکە دانەخڕابوو؛ کەلێنێکی تێکەوتبوو، بە دەست پاڵی پێوە نا و کردێوە، چووە حەوشەی ماڵیان وهەرای کرد:

«ماڵێ! ماڵێ!»

خێزانی مام خدری هاتە سەر هەیوانێ و وڵامی داوە:

«فەرموو حاجی ئاغا.»

«مام خدر لە ماڵە؟»

«ئەرێوەڵلا، ئەوە لە ژوورێیە، فەرموو دەی.»

حاجی گەیشتبووە نزیکی، لە سەر هەیوانێ خۆی تەکاند، پێڵاوی لەپێ داکەند و دەستی بە چاکوخۆشی کرد.

«خات زارا چۆنە؟ مراد چۆنە؟»

«خودا عافووت کا.»

کۆخە کۆخی مام خدری هاتە گوێی.
«حاجی فەرموو ژووریٚ.»
وەژوور کەوت و سڵاوی کرد و یەکسەر چوو بۆ لای کوورەی. خێزانی مام خدر هاتە ژوور و دیسان بەخێرهاتنی کرد. مام خدر کوتی:
«خێر دەبیٚ ئیشاڵڵا، ئەوە بەو بەفر و کڕێوەی چۆنە وەبیر ئێمە کەوتووی؟!»
دوو سیٚ تنۆکی چکۆڵەی ئاو لە توانەوەی بەفر لە سەر سمێڵ و مژۆڵی دەدرەوشانەوە.
بزێکی هاتیٚ و کوتی:
«مام خدر گیان! ئەمن هەمووکات ئەتۆم لەبیرە، بەڵام بۆخۆت دەزانی ئەوسەرو بەندەی هێندەم گیروگرفت بۆ هاتۆتە پێش؛ پێم نەکراوە سەرت بدەم.»
مام خدر کۆلکە ددانی زەرد و خۆاری وەدەر کەوتن و بە پێکەنینەوە کوتی:
«هەر بەخێرێیی حاجی گیان! زارا چۆنە؟ مراد چۆنە؟ هەموو ساغن ئەلحەملای؟»
لەسەرەخۆ دەستی خستە نێو گیرفانی پاتۆڵی و قوتووی تووتنی لێدەرهێنا، ئەو جار کردێوە و پەرێکی بە قامکە هەزریقاوەکانی جیا کردەوە و بە قامکە توتەی دەستی ڕاستی شوێنی تێخست. هێندێکی تووتن لەسەر ڕۆکرد و ڕێک و پێکی کرد و هەڵیبەست. سەری هەڵێنا و چاوی دە حاجی بڕی و زمانی ئەستوور و ئامال زەردی یەک دوو جار لەسەر ڕا بە سیغارەکەدا هێنا و دەستی دا بە مقاشی پەناکورە و سکلێکی چکۆڵەی دەرکێشا و پێی داگیرساند، یەک دوو نەرمە کۆخەی کرد و قەف قەف دووکەڵی دەرداوە و کوتی:
«لە خالیدی چ خەبەر؟ چوو کردوە؟»
حاجی چای بەردەستی یەکبین خواردەوە و کوتی:
«وەڵلاهی بە هۆمێدی خودای ئەو ڕۆژانە دێتەوە.»
«دەی ئیشاڵڵا، یارەبی خودا ڕوحمێک بەو بابە زەلیلە و منداڵە وردانەی بکا.»
ئاوری کوورەی وردە وردە دەهات دامرکیٚ، حاجی کوتی:
«مام خدر ئەوە هاتووم لە دووت شەویٚ بجینە ماڵە کوێخای بۆ خوازبێنی.»
مام خدر کوتی:

«زۆر ممبارەکە، زۆرم پێخۆشە، بە هەر تک چاوان، کێی دیکە دێن؟»
حاجی چای دووهەمیشی خواردەوە و تڵتەی نێو زاری بڕێک جووت و کوتی:
«دەچم لە دوای مەلا مەحموود و ڕەحیم گاجوانیش.»
مام خدر کڵۆیەکی قەند هەڵگرت و دە چایەکەی‌دا خووساندی و دە زاری هاویشت و کوتی:
«یاڕەبی خودا ممبارەکی کا.»
کلاوەی دەکرد؛ بەفرێکی دەنک درشت دەستی پێ کردبوو. ڕەشانگ لە هیچ‌کوێ نەدەبیندرا. جێ جێ پاسارەی بانی مالان هوڵ و گەوڕان و کەناری قوریان نەبێ بە حاڵ زەرد و بۆر دەچوونەوە، دەنا دەتکوت دنیا خڕ و پڕ نوقمی بەفری بووە. ماڵە مەلا مەحموودی بە مزگەوتێوە نووسابوو، ئالوو دار کتومت وەک ددانی مام خدری لە ژێر بەفری دەرپەڕیبوون. لە حاند دەرکەیان باڕنی کردبوو؛ بەفر هەتا نێو قەدی دەرکەی هەڵپەساردرابوو. کوڕە گەورەی مەلای دەرکەی لێ کردەوە، پاش چاک‌وخۆشی لەگەڵی وەژوور کەوت، مەلا مەحموود کورتە بالا و گەنم ڕەنگ لە سەرەوەی دیوەکە دانیشتبوو خەریکی قوڕعان خوێندنی بوو. سلاوی کرد و مەلا لێی هەستاندەوە. خێرا بۆلای چوو دەستی مەلای ماچ کرد، مەلا قوڕعانەکەی سێ جاران ماچ کرد و هەستا سەر پێ و لەسەر ڕەقحەی پشتسەری خۆی دانا و بە خێرهاتنی کرد.
«یا خودا بەخێرێی حاجی وەرە پەنا کوورەی دانیشە با گەرم بێوە.»
هەتا مەلا مەحموود دانەنیشت حاجی محەممەد هەر بە سەر پێوە بوو. لە دوایە لە خوارەوەی دانیشت.
«سەڵامەت بی ماموستا گیان! خودا عافووت کات.»
مەلا هاواری کوڕەکەی کرد و کوتی:
«ئەبوو کوڕە چامان بۆ بێنە.»
حاجی کوتی:
«مامۆستا گیان! تازەم خۆاردۆتەوە، خودا بە زیادی کا.»
بۆنی تایبەتی کتێبی کۆن تێکەلاوی بۆنی دووکەڵی کوورەی ببوو.
«مامۆستا گیان! لەبەر خاتری ئەوەی هاتبووم عەرزت کەم ئەوشۆ دەگەڵم بێی بچینە ماڵە کوێخای بۆ خوازبێنی.»

مەلا مەحموود بە بەری دەستی ڕانەکانی خۆی هێندێک داماڵی و کوتی:
«زۆر موبارەکە ئیشاڵلا، زۆر باشە وەرە لە دووم.»
پرسیار و وڵام هەتا درەنگانێکی خایاند، دەنکی بەفری هەر دەهات و درشتتر و گەورەتر دەبوون. حاجی دەستی لەسەر شانی مامۆستای دانا و نەیهێشت ئـەو هەستێ و بۆخۆی پشتاوپشت بەرەو دەرکەی ژوورێ ڕۆیی و کوتی:
«بەو قورعانەی لێتخوێندۆ، بەسەرێکی مامۆستای هەڵناستی.»
بەڵینی لە کاک ڕەحیمیش وەرگرت و بە هەشتاو بـەرەو ماڵـە خۆیـان ڕێـی داگرت.
هەواڵی خوازبێنی دەماودەم ڕۆیی؛ لە هەموو ماڵان باسی ئەوشـۆیان دەکـرد. ژن بابەتی قسەیان وەگـیر کـەوتبوو، گوێیـان نەدەدایـە سـەرما و بـەفر، بـە بیانوویەکی پڕ و پووچکە لە ماڵە یەکتر وەژوور دەکەوتن.
«باجە ئایشێ ئەرێ کاخلیو هەیە؟ ئەو پیاوە چووبۆ شاری لە بـیری چـووە بکڕێ!»
«ئەرێوەڵلا، جا چ بوو کچێ ماڵە خۆتانە.»
«بیستووتە؟»
«چی؟»
«ئەلحان دێدە مەنیج هاتبوو ماڵێمان. ئارەقی جاترەی دەویست ئـەو باسـی کرد؛ ئەوشۆ قەول وایە بچنە سەر هێرۆی کچی کوێخای بۆ مرادی!»
«ئایاڕۆ خوشکێ دنیا خڕابوونە، جا خۆ ئێستا مانگێک نیە کوڕی هێوەریـان لەسەر دزی گرتووە! بۆ کوڕەکەی دەچێتە خوازبێنی، چۆنیان دڵ بەرایی دەدا؟»
لەسەرو سەکتیان دەدان، قسـەکانیان دەکێشـاوە؛ لـە جێـاتی ئـەوان داوای کچێان دەکرد و لە جیاتی ئەوانیش وڵامیان دەدانەوە.
«کچێ لە ئاوی مەند بترسێ، ئامینە گۆجی ژنی دەروێـش سـەعیدی لـە لای باس کردووم، کەینە و بەینەیان هەیە!»
«کچێ خوشکێ ئەوە دەڵێی چی، بە خودای ئـەوە دەبـینی کوێخـا دەسـتیان وەڕو دەنێ، ئەوە کوێخایە و دۆغری، جا چۆن کچی ئاوا شۆخ و شـەنگ دەداتـە بەر دەستی خات زارایە!»

بە باس و خۆاسی ڕووداوێکی چکۆڵە و ئاسایی وەک لە شیروەستانی ژنێکی یان کڕینی لەچکێکی، شەو و ڕۆژێکیان پێ دەبردەسەر، جا نەخۆازە شتێکی وایان دەست کەوتبا وەک بنێشتە خۆشکەی دەیانجووت و دەیاندا بە یەکتر.

هێرۆ لەگەڵ نازداری کچی مام خدری سڕتە سڕتیان بوو، کۆڵمی شەقی مەیلەوسوور ببوون، چاوی دەدرەوشانەوە، شەکرە خەنەی دەهاتێ و لێوی گۆشتنی بە حاڵ دەلەرزین. شنەی ئاوات باپوسکەی زیلەمۆی ئەوینی لادابوو، کڵپەی دەهات، سکڵی تەواو سوورەوە بووی وەدیار خستبوو. تین‌وتاوی پەرەی ئەستاندبوو، بڵێسە لە دڵی ڕا هەتاکوو دەم‌وچاوی کێشرابوو. جووتە چاوی ڕەشی گەرمایان دەپرژاند.

کوێخا ڕەسووڵ لە سەرەوەی ژووری پاڵی بە دەستەنۆنێکێوە دابوو. بێ ئەوەی هەست بکات دەستی بە ڕدێنی بۆزی دا دەهێنا، چاوی زەق زەق بێ تڕووکاندن دە کوورەی بڕیبوو. لە دەرگایان دا، عەزیزی کوڕی دەروێش سەعیدی گورج و گۆڵ چوو کردێوە. مەلا مەحموود لە پێشێ و ئەوانی دیکە بە دوای‌دا وەژوور کەوتن. کوێخا لەبەریانهەستا و مەلای وەسەرەوەی خۆی خست و بەخێرهاتنی هەموویانی کرد. حاجی محەممەد و مام خدر و کاک ڕەحیم بەرامبەر بە ئەوان دە ریزێکی‌دا دانیشتن. هەر چۆاریان دەستیان بۆ گیرفانیان برد و دەسحێبەکانیان دەرهێنا. کوێخا تاک تاکی بەخێرهاتن کردن و بێدەنگ ماوە. دەروێش سەعید کز و درێژ دوای بەخێرهێنانیان هاتە بەرامبەر بە کوورەی و هەڵتڕووشکا و خەریکی خۆش‌کردنی بوو، عەزیزی کوڕی کەشەفێک چا لەسەر دەست هاتە ژوور و ئەویش بە زمان و بە سەر بەخێرهاتنی کردن و چایەکانی لە مەلای ڕا لەبەر دەستی دانان. کوێخا برۆی داکشابوون، چین‌وچرووکی نێوچاوانی قووڵتر ببوون، بێدەنگ مابۆوە. دەروێش سەعید دەرگای کوورەی داخستەوە و چوو لە پەنا دەرکەی لە جێی هەوەڵی دانیشتەوە. مام خدر دەستی بە قسە کردن کرد؛ لە بەفر و سەرما و باتۆفی ڕا بگرە هەتا دەغل و دان و خەلە و خەرمانی ئەوسال، تاک تاک‌یان جاری وابوو دوو دوو قسەیان لێ دەگێڕاوە بەڵام کوێخا هەروا بێدەنگ سەری بەردابۆوە و جاروبار نەبێ بە ڕاشکاوی شتێکیان لێ پرسیبا جوابێکی سەر زارەکی دەدانەوە. بەدەگمن دەیهێشت چاوی بە چاوی حاجی محەممەدی کەوێ، هەموویان هەستیان بە سارد و سڕی کوێخا

کردبوو. مەلا مەحموود کە هەتا ئەودەم کەمتر قسەی کردبوو نەقڵێکی لە بارەی کوڕ و کچ و ئەو بابەتانە دامەزراند و پاشان بردییەوە سەر شووکردن و ژن هێنان و ئەوجار کوتی:

«کوێخا گیان! هەڵبەت دەزانی ئەوشۆ بۆ هاتووین؟»

کوێخا خۆی گێل کرد و کوتی:

«چیت عەرز کەم مامۆستا خۆ کراماتم نییە؟»

مەلا خۆی نەژاکاند و کوتی:

«براله ئەوشۆ هاتوینە خۆازبێنی هێرۆی کچت بۆ مرادی کوڕی حاجی محەممەد و ئومێدم وایە بە نۆکەری خۆتی قەبووڵ کەی. مراد کوڕی چاکە و قسەی لەسەر نیە و دەزانم هەروا دەبێ و چاکەی هەرتک لای تێدایە!»

هەموو بێدەنگ بوون و چاوەڕۆانی قسەی کوێخای. حاجی محەممەد سەری بەردابووە و دەنگی دەسحێبەکەی جووت دەکردن و دەیهاویشتن، تەقە تەقی دەنگی دەسحێبان دەبیسرا، کوێخا هێندێکی دیکە نێوچاوانی تێکنا و بە ڕوویەکی گرژەوە کوتی:

«مەلا ئەتۆ داوای هەموو شتێکم لێ بکە، وەرە شەمچێکی بەو ماڵەوە نێ بەڵام داوای ئەوەم لێ مەکە.»

حاجی هەڵیدایە و کوتی:

«بۆ کوێخا، لە کوڕی من چاکتری دەدەی؟»

کوێخا ئەو جار چاوی دە چاوە شینەکانی حاجی بڕی و کوتی:

«قسە لەسەر ئەوەی نێە.»

حاجی دەسحێبەکەی لە لەپی دەستی دا کۆ کردەوە و بە توندی لە پێش خۆی دانا و کوتی:

«ئەدی قسە لەسەر چێە؟ پێم بڵێ با بزانم.»

کوێخا کوتی:

«قسە لەسەر ئەوەیە ئەمن بەتەنێم، هێرۆش بناوانی ماڵێیە، بە ناشکوری نەبێ لەوەتی دایکی مردۆ تەنیا ئەو بە ماڵێ رادەگا، چون بۆ خۆشو دەزانن ماڵی بێ کابان وێرانەیە، حاجی وەک وەڵامی خۆی وەرگرتبێت پاڵی بە پاڵپشتەکەیەوە داوە و دەسحێبەکەی لە عەرزی هەڵگرتەوە.

مەلا مەحموود کوتی:

«کوێخا ئەمەش دەزانین هەر ئەوەت بە دەستێوە ماوە، بەڵام چ خودا هەڵناگرێ هەتا هەتایە لەماڵێ بیهێڵێوە، گوناحباری دەبی.»

مام ڕەحیم و مام خدریش کوتیان:

«ئەشەدووبیلا، ڕاست دەکا!»

کوێخا کوتی:

«زۆر کوتن قوڕعان خۆشە! بە نیاز نیم بیدەمێ، بە لەبزی من نایدرێتێ، جا بۆ خۆشی ڕەگەڵی دەکەوێ با بکەوێ.»

بێدەنگێکی قورس کۆڕەکەی داگرت. حاجی برۆکانی تێکهاڵقابوون و دەم و چاوی ئاماڵ سوور ببوون، چاوی چەپی دەپەڕی. مام خدر بە سەری قامکی شادەی سوتووی سیغارەکەی لەسەر ژێرسیغاری دەتەکاند. مام ڕەحیم دەنکی دەسحێبی شینی پەلاستیکی جووت دەکردن و لە سەرە خۆ دەیهاویشتن، دەروێش سەعید چاوی زیتە زیتێان بوو هەر چەند چرکان لەسەر یەکیانی دەگەڕاند. مەلا مەحموود یائەڵلای کوت و هەستا سەر پێ و ئەوانی دیکەش هەستان و بە دوای ئەودا ماڵئاواییێان کرد و وەدەر کەوتن. هێرۆ ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو. مات و مەلوول گوێی لە کڕمە کڕمی بەفری حەساریان لە ژێر پێی میوانەکان ڕاگرتبوو.

هەور هەر وا وەک مۆتە چۆکیان لە سینگی ئاسمان توند کردبوو، ئاسمان پشووی بۆ نەدەکێشرا، دەنکە دەنکە بەفرێکی زۆر ورد وە دەم و چاویان دەکەوت. نەتدەزانی دەبارێ یان بەفری کۆنی سەر لێواری بانان و گوێسوانەی ئاغەڵ و هۆڵە مەڕانە شەوبا دەیهێنێ... بەنێو کۆڵانی تەسک و باریکی دێدا هەر کامە بەرەو ماڵە خۆیان ڕۆیشتن. چرای ماڵان یەک بە دوای یەک دا دەکووژانەوە، جیرڕێک لە دەرکەیەکی ڕا دەهات و دیسان تاریکی و بێدەنگی دوو جاڵجالووکە بوون بە دەوری دێدا داوی ڕەشیان دەتەنی. تەنیا زریان بە هۆژە هۆژ بە ناو حەوشە و کۆڵاناندا تێدەپەڕی و دەبوو بە هاوسوڕی شەوێکی سارد!

***

# (١٨)

وڵات بەستەڵەکە. چیاکانی حاجی برایم نوقمی تەم و مژن، لە دوورەوە بۆت حەیان نییە هەورن، هەتا زەوی هاتوونە خوار یا چیا و کۆسارە هەتا ئاسمانی هەڵچون، تێکەڵن، یەک ڕەنگن، سپی و بۆر لێکدراون. چیای بەفراوی و سپی وێنەی چۆڕی شیر و ئاسمانی لێڵ و مژاوی لێکهاڵاون. لە شیو و دۆڵاندا هۆڕەبا دێوێکی نادیار و بەسامە، تەنووره دەکێشێ، پێنگۆڵی ڕەوە گورگان لە تیلەی شاخ و تەشکی داوێنیان دیارە. شوێنی ڕێویان و هەزار لایەی کەروێشکان لە هەموو سووچێکی، لە کەناری ڕێگایان ڕا بگرە هەتا نێو خڕۆ دۆڵان و لە وێڕا هەتا بناری چیا و ڕەوەزە بەردان و هەتا ناو دارستان و گەزجاری قەراغ چۆمان کێشراون.

لەوبەر ئەوبەری ڕێگایە، دەنێو بەفری قورسدا جێ جێ دەوەنێک یان چاڵووکێک سیس و کز بە حاڵ دیارن، سەر و پۆتراکیان سپی و لەبەر تەوژمی باهۆڕ هەڵکورماون. دار دەستەکەی هەنگاوێک پێشتر لە خۆی دە بەفری دەچەقینێ، شەقڵی سپێ بەفری دەشکێنێ، بێ وچان لە خانێ ڕا هاتۆ، تەنانەت لەقاوەخانەی برایمیش لای نەداوە. وڵات بێدەنگ و بە سامە، خەیاڵات هەڵیگرتووە، بۆ هاتبۆ ئێرە؟ دەیتوانی نەیە و لە سابڵاغ مابا‌وە؛ لەسەر دووکانی بابی دانیشتبا، لە پەنا کوورەی نەوتی، ژووری گەرموگوڕ.

جەمەدانەکەی قورس بوو و شان و پێلی پێوەی دێشا، ئاسمان پرووشە دەکا، ورد، زۆر ورد دەبارێ!

لە چێ کەمی هەبوو؟ چۆن بوو تووشی ئەو ڕێیەی بوو؟ ئاوڕی لە دوایە داوە. سەری بەهارە، وڵات کەشڵایە، چۆمی سابڵاغ زەریایەک ئەسرینی ڕوونە کە لە

شاخەکانی لەندی شێخان ڕا وەڕێ کەوتووە. بە گوڕە و لرفە لرف بــە بــەردەمی سپیدار و چنار و بێکۆڵاندا دەخوشی، سێبەریان دەخەنە سەر تویڵی و وێنــەیان دە چاوی دا دەلەرێتەوە، دەڕژێتە نێو قۆپی مەولــەوی، لــەوێش ڕا بــە وێنــەی ئەسپێکی ڕەشباز، تۆڕ و یاخی بەرەو باغی مکایل بە پڕتاو دەڕوا. پــردی ســوور زینی ئاڵدۆزە لەسەر پشتی داندراوە.

دەستە دەستە خەڵک بە پێیان و بە داشقان دێن. ژن و پیاو، کیژ و لاو، کــوت و کەشی منالان، قاقا و تریفەی جحێلان، کۆکنایشی تەیر و تەوالان.

بەفر خۆش دەبارێ، دەنکەکان دڕشت و گــەورەن و بــە جــۆانی دەبینــدرێن، هەست دەکا سەرکلاوە و دەموچاوی بە تەواوی بەفر داپۆشیوە، ویســتی خــۆی بتەکێنێ، پەژیوان بووە، ڕاوەستا و جەمەدانی لە سەر گاشە بەردێکی پەنا ڕێگــا دانا. قامکی دەستی سێ چوار جاران کردەوە و وێکی نانەوە، بەفر بــە تابشــت و هێز بۆت، هەتا چاوی هەتەری کرد لە چوار لای ڕۆانی؛ هیچ ڕەشــانگێک بــەدی نەدەکرا، دەستی دا چەمەدانەکەی و وەڕێ کەوتەوە.

هەوەڵ کۆڕیان لە قاوەخانەی سەر پردی سوور بەستبوو.

سولەیمان کەڵەگەت و بە هەیبەت، روح سووک و خوێن شیرین، بە دەنگێکی گەرموگوڕ قسان دەکا، لە دوورەوە پریکە پریکی کــوڕ و کــالان دەبیســرێت، دوو بولبول دەنێو مێشەی قەراغ چۆمی جوابی یەکتر دە دەنەوە، قسەکانی کاریان لە سەر دڵی کردووە.

باسی بەهارێیە، بەرەنگاری زستان بوون، باســی گــۆڕین و چوونــە پــێش. بەڵام ئەو بۆ ئەو قسانەی بە دڵــە؟ خــۆ ئــەو هــەموو شــتێکی هەیــە، جــوانی، دەوڵەمەندی، لاوێتی، داهاتووی ڕوون، لەبەر چی هەست بــەو گۆڕینــە دەکــا؟ گۆڕینی چ شتێکی؟ هەودایەک کێشابووی، لە کوێــڕا بــوو؟ بــۆ کــوێی دەکێشــا؟ کەنگێ کێشرابوو؟ کێ ڕایەڵی کردبوو؟

هەتا نیزیک ئــەژنۆی دە بــەفری دا ڕۆ دەچــوو، پووزەوانــەی هــەموو جــار بەفرێکی زۆر و ویشکی پێوە دەنووسا، لە داوێنی شاخان بارنی دەکرد.

ژیان لە پــەنای کــوورە رابــواردن و چــاوەڕێی بــەفر توانــەوە، دانیشــتن و چاوەنواڕی تێپەڕبوونی زستان، ئاســاییــە. ڕۆیشــتن و بەرهەڵســتی ســەرما بوون، ڕۆیشتن ڕووە ئامانجێکی گەورە، سنوور پەڕاندنە! ئەدی چۆنە تاقمێــک

دادەنیشن و تاقمێک دەڕۆن؟ چ شتێک جیاوازیانە؟ بۆ مەگەر هەرتک لا ئینسان نین؟ هەستیان نیە؟

بە ڕاستی تۆ بڵێی یەک لە نادیارەوە بۆ ڕۆیشتن هەڵبژێردرابێت؟ بڵێی یاسای سروشت بێ؟ بڵێی لەگەڵ لە دایک بوونیان ئەو یاسایە بە سەرمان دادەسەپێ؟ تۆ بڵێی ڕەمزی ژیانی سیحراوی ئینسان ئەوە بێ؟

زۆری مابوو بگاتە دێبەری جەڕانێ، گوێی لە دەنگێکی بوو، ئاوڕی داوە. قەرانتوویەکی لە دوورەوە دیت، چاوی تیژ کرد و لێی ورد بووە، تارمایەکە دەستی لێ هەڵێنا و هەرای لێ کرد. هەتا نەگەیشتە نیزیکی نەیناسی.

هەمزە چەرچی هەوساری گوێدرێژێکی پێیە.

«ماندوو نەبی ئاغا مودیر.»

«سوپاست دەکەم کاک هەمزە.»

«ئەوە بەو هەور و هەڵایەی بۆ بەتەنێ وەڕێ کەوتووی خوداماڵێکتە؟ قەت ئاگات لەو قیامەتەی هەیە!؟»

سمایل هێندێک لای دا قەراغ ڕێگا هەتا بێتە شانەوشانی:

«جا بڵێم چی کاکە! نەمویست شەوێ لە خانێ بمێنمەوە.»

هەمزە جەمەدانەکەی لێوەرگرت و لەسەر پشتی گوێدرێژەکەی قایم کرد.

«لە قاوەخانەی ڕابە دووتەوەم! ئایشێ خێزانی برایمی دیتبووی دەنا هەر نەشمدەزانی، خۆ ماشەڵلا وا قۆچاغیش دەڕۆی کەست ناگاتێ.»

سمایل چاوێکی دیکەی لە گوێدرێژەکەی کرد و کوتی:

«ئەتۆ لە کوێ ڕا دێیەوە؟»

«هێندێکم شت و مەک لە خانێ کریوە دەیبەمەوە.»

لە دوورەوە مژێکی زۆر لەسەر بادیناوێ دیار بوو، جێ جێ تەنک و جێ جێ ئەستوور و تۆپڵاغ دەیتواند. کوتی:

«لەگەڵ ماڵە حاجی محەممەدی چۆنی؟»

سمایل چاوی لەسەر بادیناوێ وەرسووڕاندە سەر هەمزەی و کوتی:

«ماڵی چاکن، زۆر باشم.»

«هەموو کەس لێیان ڕازیە، حاجی پیاوێکی خێر و مەندە.»

کەروێشکێکی بۆر لە داوێنی شاخی پەنا ڕێگا هەستا و بەرەو ڕەوەزە بەردی کەوانەی تێهەڵبوو، هەمزە پڕ بە زاری دەنگی دا: «ئوهۆوییێت، ئوهۆوییێت!»

کەروێشکە هێندەی دی توند هەڵات، خۆارکە و پێچەکە غاری دا، ئەوجار بە بازی بڵیند خۆی گەیاندە ڕەوەزە بەردەکە و لە چاوان ون بوو.

«هەمزە بزیەیکی هێنا سەر لێو و کوتی:

«لاڵ بم تاژیٚ ڕەشەم پیٚ نیە و تێبەردەم!»

دەستی دەگیرفانی پاتۆڵەکەی ڕاکرد و مستێکی مێوژە ڕەشە دەرهێنا و دە دەستی سمایلی کرد و کوتی:

«دوینیٚ شەو بۆ مرادی چوونە خوازبێنی کچی کوێخای. گوایە ئەویش نەیداونیٚ.»

خانووی دێی لە دوورەوە یەکدەست سپی دەچوون.

«جا لەبەر چی نەیداونیٚ؟»

«وەڵلاهی ئەو جۆرەی برایمی قاوەچی و خێزانی دەیانکوت، گۆایە بە نیازە بۆ خۆی بە ژن بدا! جا دۆامینی ئەوەش لە ترسی حەمەد ئاغاش بیٚ هەر نەیدەدانیٚ!»

سمایل مێوژەکانی دەزاری هاویشت و دیسان چاوی دە جەڕانیٚ بڕێوە، دووکەڵی سەربانی تاقمێک لە مالان بەرەو ئاسمانی مژاوی هەڵدەگەڕان و تێکەلاوی دەبوون. لە راستی دەرکەی ماڵە هەمزەی ڕاوەستان. هەمزە زۆری لەگەڵ حەول دا لێی میوان بیٚ، سمایل قەبووڵی نەکرد و جەمەدانی لێوەرگرت و وردە وردە بەرەو ماڵە حاجی وەڕیٚ کەوت.

مراد لە ژووریٚ ڕا بەرەوپیری هاتە حەساریٚ و جەمەدانی لێوەرگرت و پێکەوە چوونە ژوور.

ڕۆژ بەرەو کۆتایی بوو؛ تارمایی سەری شەو ڕژابۆ نێو حەوشە و دیوان. پۆلێک قەل لە لێواری دیواران و هەر شوێنێکی بەرزی دیکە، کە وەگیریان کەوتبوو، هەڵکوورمابوون! بۆنی شۆرباولەپە بە کەڵێنی قابڵەمەدا بلاو ببۆوە؛ بە تەواوی دە وڵاتی گەڕابوو.

سمایل لە دوای حەسانەوە چووە دیوی خۆی. خات زارا لە پێشدا کوورەی بۆ هەڵکردبوو؛ گڕفە گڕفی دەهات، کتێبەکانی ڕێزاورێز لەسەر ڕفحەی قولینچکی

ژووریَ چندرابوون، چۆنی به جێهێشتبوون هەر ئاوا بوون. جەمەدانی کـردەوە و شتومەکی نێوی دانە دانە دەرهێنا و هەر یەکـەی لـە جێیـەکی دانـان، کتـێبی منداڵانی لە قەراغ دیواری ڕێز کردن، دوو کتێبی گەورە و ئەستووری لە تـەختی جەمەدانی دەرکێشا و بە ئاسپایی لە ناو ڕێزی کتێبی سەر رفحەی نان.

یەک دوو جار بە هێواشی لە دەرکەی درا، ئاوڕی داوە، مراد سـەری هێنـابۆ ژوور.

«کاک سمایل! بمبوورە، ئیجازەیە بێمە ژوور؟»

«فەرموو مراد گیان! وەرە ژوور.»

نەختە بـەفرێک لەسـەر کـاکۆڵ و شـانی لەبـەر تیشـکی چـرای دیوەکـەی دەترووسکاوە، وردە وردە دەهات بتوێتەوە.

«بمبوورە، پێم وایە موزاحیمت بووم.»

«مراد گیان! ئەو قسانە چیە؟ فەرموو دەی.»

خێرا جەمەدانی لە نێوەڕاستی ژووریَ هەڵگرت و وەلای ناو کوتی:

«وەرە دەی با ژوورەکە سارد نەبێتەوە.»

مراد هاتە ژوور و لە پەنای کوورەی دانیشت و بێدەنگ چاوی بە ڕێزە کتێب و شمەکی ژووریَ داگێڕا.

سمایل هاتە پەنای دانیشـت، دەسـتی دەباخەڵـی نـا و پاکـەتێکی جغـارە دەرهێنا.

«دەی مراد خان بۆ وا ماتی کوڕە؟ چ قەوماوە؟»

مرداد چاوی دە چاوی بڕی و کوتی:

«کاک سمایل! بەخۆم نیە، دەڵێی لەسەر دونیایە نیم.»

سەری بەرداوە و چاوی دە ڕایەخی ژێر خۆی بڕی.

سمایل سیغارێکی داگیرساند، مژێکی توندی لێدا و دووکەڵ و هەناسەی تێکڕا دەردا و کوتی:

«مراد گیان! ئەتۆ بۆ خۆت بە منت دەکوت دنیا بە خەمان پێکنایە! ئـەدی بـۆ ئەتۆ بەتەمای پێکی بێنی؟»

«دوێنێ شەو بابم و چەند کەس چوونەوە خۆازبێنی، بەڵام دیسان دەستی بـە ڕوویەوە نان.»

«له ڕێیه کاک هەمزە باسی کرد؛ زۆرم پێناخۆش بوو، ئەمما خۆتی پێوە نارەحەت مەکە.»
مراد بێئەوەی سەر هەڵێنێ کوتی:
«کاک سمایل! پرسیارێکت لێ دەکەم.»
«فەرموو مراد گیان! چت پێخۆشه لێم بپرسه.»
«ئەتۆ دۆستت هەیه؟»
سمایل بۆ ساتێکی چاوی جوان و رووخساری نەسرینی هاته پێش چاو، بزەیەکی هاتێ:
«ئەرێ مراد گیان! ئەمیش دڵم به کچێکێوه.»
مراد سەری هەڵێنا و کوتی:
«ئەگەر شتێکی ئاوات بۆ بێته پێشێ چ دەکەی؟»
سمایل سووتووی سیغاری خسته نێو ژێرسیغار و کوتی:
«نازانم مراد! قەتم بیر لەوەی نەکردۆتەوه؛ بەڵام مراد گیان! له دونیایەدا شتی زۆر گرینگتر لەوەش هەیه.»
«وەک چی کاک سمایل؟»
«وەک ئەو خەڵکه هەژار و فەقیرەی دەیانبینی، وەک ئەو زوڵم و زۆرەی ژاندەرم و تاقمێک ئاغا و شێخ لێیان دەکا.»
بەڵام مراد دەوکاتەی‌دا ئەوانەی پێ گرینگ نەبوو، چۆن لەوەتی چاوی کردبۆوە، ئەو شتانەی دیبوو. بەشێکی زۆر له ژیانی هەمۆان بوو، بەشێک که له زۆر دوورەوە، له زۆر کەونارەوە لەگەڵیان هاتبوو، نەک تەنیا مراد وابێ، یان تەنیا دێهاتێکان؛ زۆربەی خەڵکی هەروا بوون، چاویان پێیڕاهاتبوو، ژیانیان پڕ بوو لەو شتانه، میراتی کۆن بوو پشتاوپشت پێیان گەیبوو؛ جا بۆیه ئەوشۆ خەمی خۆی زۆر پێ گەورەتر بوو! ڕووحەکان لەت لەت و هەڵبڕ هەڵبڕ کراون، به تەنێن، هەر کەسەی بەشێکی چکۆڵەی له ژیان دەخۆی‌دا وەکۆ کردوە و پێی خافڵاوه، بۆ خۆیەتی و بەس، دوور له ئەوانی دی.
جا بۆیه ئەوانەی ڕووحیان، بیریان، هەستیان، لەگەڵ خەڵکی گرێ دەدەن، گەوره دەبن، ئیدی یەک نەفەر نین، جەماوەرێکن. خۆشیان خۆشی خەڵک و ناخۆشیان ژانی خەڵک. ئەو جووره کەسانه ده ژیانی خەڵکی دا دەژین، ژیانێکی

**دوور و درێژ، بێ لێوار و سنوور، بە وێنەی دەریا، هەر کامە دەبنە شـەپۆلێک، یەک لە دوای یەک دێن، بێ بڕانەوە، بـێ پسـانەوە، ئەوەیـە ئـەو هەوادایـەی دەیانکێشی!»**

**مراد کوتی:**

**«کاک سمایل! بڕیارێکم گرتۆە، دەبێ قەولّم پێ بدەی لەنێو خۆمان نەچێتـە دەر.»**

**سمایل سیغاری کووژاندەوە و کوتی:**

**«فەرموو، قەولت پێ دەدەم کەس لە منی نەبیسێ.»**

**«ئەمن هەلّیدەگرم، ئەگەر لە سەری بەکوشت بچم هەلّیدەگرم.»**

**دەنگی خات زارای لەو سەری حەوشە ڕا هـات کـە بـۆ نـان خـواردن بـانگی کردن...!**

***

## (١٩)

منالْ قريوه قريويان نەبڕابۆوە، کتێبی تازەیان لەپێش دەست بوو، دوور لە چاوی سمایل لاپەرەیان هەڵدەداوە و چاویان لە وێنەکان دەکرد. سمایل سەری بەر دابۆوە سەر کاغەزێکی و خەریکی نووسین بوو، سەری هەڵێنا و کوتی:

«بێدەنگ بن.»

پێنووسەکەی دانا سەر کاغەزەکە و هەستا سەرپێ، کتێبی کردەوە و بە دەنگی بەرز بۆی خوێندنەوە، منالْ تێکڕا بە دەنگ لە دوای وی دووپاتیان دەکردەوە!

ڕمبە ڕمبی یەکسمان هات، سمایل بەپێی خوێندنەوەی دەرسەکە، سەبر سەبر بۆ لای دەلاقەی ڕوو بە کووچە ڕۆیی، هەڵم سەرتاسەری شووشەکەی داپۆشیبوو، بە بەری دەستی بەشی ڕۆانینی خۆی سڕێوە و چاوی دە کووچە بڕی.

لە سەردەرانەی ماڵە مام خدر، ژاندەرمێک و کابرایەکی کەڵەگەت و کز بە سواری چاوەڕۆانی کردنەوەی دەرکە بوون. دوو لاوی کۆلانگەڕۆ بێکارە لەو سەری کۆلان ڕا دەهاتن، گەیشتنە حاستی ئەوان، ڕاوەستان و سلاویان کرد و سەبر سەبر کشانەوە پشتەوە، خۆیان دا کەناری دیواری ماڵی بەرامبەر بە ماڵە مام خدر و پالێیان پێوەدا.

لە پشت سەری سمایل منالْ قریوەیان زۆر ببوو، لە پشت پەنجەرەی لاچوو، ئاوڕی لێ دانەوە و منالْ بێ ئەوەی هیچیان پێ بلێت بێدەنگ بوون، بەلام جووڵەیان هەر دەهات. سەر لە نوێ دەستی بە خوێندنەوەی کتێبەکەی کرد. هێور هێور بۆ ئەو سەری ژوورەکە ڕۆیی، منالْ چاویان دە زاری بڕیبوو لەگەڵ هاتوچۆی سەریان دەسووڕاند، گەڕاوە پشت دەلاقە، هەڵم خەریک بوو دیسان

شووشەکەی لێڵ کاتەوە، بۆ ئەوەی بیسرێتەوە هێندێک سەری بەرز وو نەوی کرد هەتا دەرێی لێوەدەر کەوتەوە؛ سوارەکان لە کووچەی نەمابوون، دەرگای ماڵە مام خدر ئاواڵە بوو، کەفەڵی ئەسپێکیان لەگەڵ بەشێکی کەم لە لیباسی ژاندەرمەکەی لە حەساری لێ دیار بوو. دوو لاوەکە خەریکی سەرەتاتکی بوون و پێکەوە قسەیان دەکرد.

هەڵم بە یەکجاری شووشەی داگرتەوە؛ تەنیا تاپۆیەکی دەرێ لە پشتی ڕا دیار بوو.

سمایل هاتە سەر جێگای خۆی دانیشت، پێنووسی هەڵگرت و هێندێکی شت نووسی.

دەنگە دەنگێک لە کووچەی ساز بوو. گوێی نەدایە، دەنگەکان تێکەڵی یەکتر بوون، کوردی و تورکی لێکدرابوون، دەنگی تیژی ژنێکیش تاو نا تاوێکی دەکەوتە نێوانێیان.

پێنووسی لەسەر کاغەزی بەجێهێشت و بە پەلە هاتەوە پشت دەلاقە، بە پەلە سڕیوە و خۆی کۆم کردەوە و چاوی بە کۆڵانەکە دا خشاندەوە؛ سوار خەریکی داگرتن و بەستنی دوو تا تووتنان لە سەر پشتی ئێسترێکی بوون، مام خدر و ڕەسووڵی کوڕی و خێزانی هاتبوونە کووچە و دەیاندواندن، دوو لاوە بێکارەکە لێیان هاتبوونە پێشی. سمایل کوتی:

«بێدەنگ و هەرا دانیشن ئەوە دێمەوە.»

خێرا لە مزگەوت هاتە دەر و بۆ لایان چوو. مام خدر دەنێو قساندا دەکۆخی و بە کوردی و بە تورکی لە بەریاندەپاڕاوە. گەڵای تووتنی لە زارکی تەلیسان وەدیار کەوتبوون. هێندێک تووتنی ورد ڕژابووە سەر بەفری بن پێیان و بە سمی وڵاخ و لاقی مرۆڤان لێکدەدران. چی وای نەمابوو بگاتە لایان مام خدر ڕۆبوویە قۆڵی کابرا کەلەگەتەکە و کوتی:

«میرزا حەسەن بە قوربانی ئەو کەوشانەت بم، بە سەرت میرزا حەسەن ئەوەم بۆ کێشانی خۆمە، هەر ئەوەندەم هەیە و ئیللەڵلا، کوڕەگوناحت دەگاتێ.»

سمایل سڵاوی کرد:

«سەڵام!»

سڵاویان لێوەرگرتەوە.
«عەلیکە سەلام!»
«ماندوو نەبن، ئەوە چ بووە؟»
«چ نیە، ئەو مامە ماڵی قاچاغی لە ماڵێ دا هەبوو.»
مەعموورە درێژەکە خەریکی توند کردنی ئاغزوونەی سەر پشتی ئێسترەکەی بوو.
«ناکرێ لێی خۆش بێ، چیان نیە، زۆر فەقیر و هەژارن.»
«براله ئەمن مەعموورم و مەعزوور، ئەوە قاچاغە و دەوڵەت لە منی دەوێ، دوایە با بۆخۆی بچێ لە دووخانیاتی وەریبگرێتەوە!»
مام خدر نەیدەزانی ڕوو دەکێهەیان بکا، قۆڵی مەعموورەی بەر نەدەدا و کوتی:
«ئاغا موودیر بە سەرت تەقە ئەو دوو تا ڕەشکە تووتنەم هەیە، کوڕە بۆ خاتری خولای.»
مەعموورە بە توندی قۆڵی لە چەنگی مام خدر دەرکێشا و ڕوو دە ژاندەرمە کوتی:
«سوار بە با بڕۆین!»
مام خدر بە توندی کوتی:
«جا بۆ هەر ئی من دەگری، ئەو دێیە هەموو هەیانە، بۆ هەر لە منی دەگری؟»
بارەکەی توند کردبوو. مەعموورە نیو گەزی لێ کشاوە پشتەوە و جوان چاوی لێ کرد هەتا بە خاترجەمی وەڕێ کەون و کوتی:
«جا بڵێم چی مامە ڕاپۆرتیان لە تۆ داوە، دەڵێن هەر ئەتۆ لەو دێیەی تووتنت هەیە.»
ڕەسووڵ دەرهەڵبوو و کوتی:
«ناوەڵڵا هەموو هەیانە، ماڵە هەمزە چەرچی لە ئێمەشیان زۆرتر هەیە.»
لە نادیارەوە چەنگێک دڵی سمایلی ڕێککوشی، شووشەی بیری لێڵ و تارماوی کرا، خەمێکی قورس هاتە سەر شانی و دایچۆڕاند.
چاوی لەسەر سوارەکان مابۆوە کە لە پێچی کۆڵانەکە دا دەهات ون بن، بێ ئەوەی قسێکی دیکە بکا گەڕاوە مزگەوتێ.

جەوهەری پێنووسەکەی ڕژابوو سەر کاغەزی؛ بەشێکی زۆری ڕەش هەڵگەڕاندبوو، دەهات ویشک بێتەوە.

بە تووڕەیی ڕووی دە منالان کە لەبەری هەستابوون کرد و کوتی:

«ئەوە کێ دەستی لێ داوە؟»

تێکڕا بە هەرا هەرا کوتیان: «ئاغا مودیر عوسمان دەستی لێدا.»

عوسمان سەری تاشراو و قەڵت قەڵت کرابوو، دەموچاوی ویشکی لە چەند جێیان ئیشکە بیرۆی لێ هاتبوو. هات لێی قەڵس بێت، پەژیوان بۆوە، ماوەیەک دوایە منالی بەڕێ کردەوە و بەتەنێ لە پەنا کوورەی کە ئاوری تێدا نەمابوو و سارد ببۆوە دانیشت، بۆنی خۆڵەمێشی نێو کوورەی دەهات. ماوەیەکی زۆر دەبیرێکی قووڵدا نوقم بوو.

ڕۆژ درەنگانێ بە بێوازی هەستا سەر پێ و شتومەکی کۆ کردەوە و بەرەو ماڵ وەڕێ کەوت. لەو سەری کۆلانڕا سوارەکان بەرامبەری هاتن، گەیشتنە حاستی، سلاویان لێ کرد و چاوەڕوانی ولامی نەمانەوە و لێی تێپەڕ بوون. سەری لەگەڵ سووڕاندن، تا، تا، تووتن لەسەر پشتی ولاخان دابەسترابوون. یەک دوو چەلان قامچیان لە کەفەلی ئەسپان توند کرد، ئەسپ نەرمە غاریان دەست پێکرد و بە پێی ئەوان ئێسترەکانیش غاریان دا و لە پێش چاوی دوور بوونەوە.

***

## (٢٠)

حاجی محەممەد چووە ئەو دیوی تاپڕە تـەک لـوولی توورکێەکـەی کـە بـە بزمارێکی لە قەدی دیوار هەڵاوەسرابوو لێ کردەوە و هاتەوە دیوەکەی هەوەڵێ و پاڵی بە دەستە نوێنەکەیەوە دا و دانیشت دەستێکی بە لوولەی تفـەنگی داهێنـا، سارد بوو. هەرای کرد:

«ئافرەت، ئافرەت!»

خات زارا بە دەنگێوە لە حەسار ڕا هاتە ژوور و کوتی:

«دەڵێی چی حاجی؟»

«برۆ ئەو فیشەکدان و شتەم لە مجرێکەی بۆ بێنە دەر.»

خات زارا چۆوە دەر و دوای ماوەیەکی فیشەکدان و قودوولکـەی سـاچمان و باڕووتی بۆ هێنا و لەبەر دەستی دانا و هەروا بەسەر پێوە ڕاوەستا و کوتی:

«دەچێە ڕاوێ حاجی؟»

حاجی لوولەی تفـەنگی شـکاندبۆوە، هەڵـیهێنا سـەر دەسـتی و چـاوێکی قووچاند و بە چاوەکەی دیکەی نێوی چاو لێ کرد و کوتی:

«حاجی بایز بە هەمزە چەرچی دا وڵامی لێ ناردووم سپەینێ بـۆ ڕاوێ دێنـە ئێرە.»

تفەنگی هێنا خوار و ڕۆندانی هەڵگرت و زۆر بەشێنەیی ڕۆنی تێدا.

ئەوی ڕۆژێ لە نوێژی نیوەڕۆیە ڕا هەتا بانگی شێوان فیشەکی کوتاوە و کەل و پەلی ڕاوێی تەیار کرد. چەل چەلە سەری هەڵدەبڕی و بە دەلاقەی بەرامبەریدا چاوی دەدەرگایە دەبڕی و چاوەڕۆانی هاتنەوەی مراد و دوو تاژی مـەنافی زاوای دەماوە.

له خدراویٚ چـوار منالــی مــەنافی لــە خۆشــی خالــیان پێیــان وە حــەرزی نەدەکەوت؛ لەو دەمەوە هاتبوو لە دەوری هالابوون، جار جــار دایکیــان لێیــان وەدەنگ دەهات؛

له مرادی کە تەواوی هۆشی لەسەر قسەی وی بوو دووری دەخســتنەوە. مــراد ناعیلاج دەستی دەباخەڵی ڕاکرد و هێندێکی قەرەپووڵ دانیٚ، منالٚ لــە خۆشــیان خالیان لە بیر چۆوە بە هەلاتن بۆ شتکڕینی لە ژوور چوونە دەر.

«ئەریٚ وەلٚلا بڕالە گیان! دۆینیٚ مەنیجی دشم لە دایکی سەید بیستبوو، قەول وایە خەزالی بۆ سەید حەسەنی کوڕیان بە ژن بدەن. دەیکـوت چوونــە جــەڕانیٚ کچی کوێخا ڕەسوولیان دیتووە.»

مردا کسپەی لە دلــی هــات. دلــی داخورپــا، حــەجمینی لــیٚ هەلــگیرابوو، نەیدەزانی بلیٚ چی، شتێک لە ناخیدا ئاوری گرتبوو، بە ماتی چاوی دە حەسار بڕی. تاژی کز و چالاک هەلتووتەکابوون و گوێیان سلٚ کردبوو.

خوشکی لە پەنای هەستا و چوو بۆ لای سەماوەر و چایەکی بۆ تێکرد و بــۆی هێنا. هەناسێکی هەلکێشا و لە پەنای دانیشتەوە.

«هەمووی لەبن سەری ئامینە گــۆج دایــە، ئــەو بــۆتە پێخەســوویان. گۆیــا هەر ئەویش هێرۆی بۆ دیتوونەوە.»

هەلمێکی کز لەسەر چایەکەی هەلدەستا، بە حالٚ خۆی بادەدا و لە پاشان لە چاوان ون دەبوو.

ئەویٚ شەو لە تەواوی مالی جەڕان باسی ڕاوی سپەینیٚ بوو. میوان درەنگانــیٚ بە جیبێکی بەنێو دێیدا بەرەو مالە ئاغا ڕۆیبوون. منالی دیٚ هەتا نیزیک پاوانی مالە ئاغا وەدۆایان کەوتبوون. بەفر و جلێتاوی ژێر تەگەریان وەسەر و گوێلاکی کەوتبوو. بەلام هەر نەگەڕابوونەوە.

ئەستێرەی ڕۆژ بە تەنیا ترووکە ترووکی بوو. هەور لە چەند شوێنی ئاسمان شڕەقیان تێکەوتبوو. پچڕ پچڕ ببوون و بە دەم شنەی بەری بەیان گــەوالٚ گــەوالٚ تێپەڕین، کەلەباب لەچوار سووچی ئاوایی دەیانخوێنــد. چــرای دیــوی سمایــل کووژابۆوە، لەو سەری حەوشە بەدەرکەی ئاوالــەی مدبــەقیٚدا ئــاورینگی کــا و کۆتێکی خات زارا دە تەندووری هاویشتبوو دەبیندران.

حاجی محەممەد هاتە حەوشە، تەزووی بە لەشی دا گەڕا، مەسینەی لە پەنا دیوار هەڵگرت و چۆ ئاودەستان.

هاتەوە حەوشە و چۆ سەر ئاوەڕۆکەی، مەسینەی دەنێو لینگی گرت و خۆی کۆم کردەوە و دەستنوێژی هەڵگرت و مەسینەی دانا سەر هەرد و سەری هەڵێنا و چاوی دە ئاسۆ بڕی. چیاکان لەدوورەوە بۆر و ڕەش دەچوونەوە. هاتەوە ژوور، لە پەنا سەماوەرێ دانیشت و خەریکی چا سازکردن بوو، ئینجا هەستا سەر پێ و نوێژی دابەست، دەنگە دەنگی مراد و خات زارا لە حەوشە ڕا دەهات، کەڵە شێرەکەیان سێ جاری لەسەر یەک خوێند، لە دوورەوە کەڵەبابێک جوابی داوە.

مراد چۆە تەویلە، بۆنی پەین و پاڵی تازە، قورس و گران هاتە بەر لووتی. تاژی لە قولینچکی سەرەوەی تەویلە کسکە کسکی چاویان بوو، لێیان چوە پێشتر، هەرتکیان سەریان لەسەر دەستیان دانابوو، بە نووزە نووز هەستان، خۆیان لەبەریەک کێشاوە و لمبۆزیان هێندێک بۆ لای درێژ کرد.

تفاق و جەمە جۆی دە ئاخوڕی مانگایان کرد و گەڕاوە دەر، یەک سەر بۆلای مدبەق چوو. دایکی لەچکێکی ڕەشی گوڵداری لە نێوچاوانی بەستبوو، توند و تۆڵ ئەنگوتکی دەگرت، بەرامبەری لەبەر تەندوورێ هەڵتروشکا و چاوی دە قامکی شووش و باریکی دایکی بڕی.

ئەوشۆ هەزارە خەوی لێ زڕاندبوو؟ قسەکانی دوێنێی خوشکی زەق و زۆپ هاتبوونەوە بیری. خەویان لێ تاراندبوو، پێڵووی خستبوونە سەر چاوی بەڵکوو خەو لەگەڵ خۆی، بیباتە دونیای هەراوی خۆی، بەڵکوو لەچەنگ خەم ڕزگار بێ، بەڵام کەڵکی نەبوو، یەکبین جینگڵی دابوو، چاوی دە ئاڵووداری میچی بڕیبوو. خەیاڵی ناخۆشی بە ژن‌دانی هێرۆ، پسانی هەودای ئەوینی، پێشێلکرانی هەستیان، ڕووخانی کۆشکی جوانی هیوایان، شاڵاوی بۆ دێنا. تلی دەخوارد ڕوو بە دەلاقە، چاوی دە ئاسمانێیە، ئەستێرە یەک یەک و دوو دوو بزر دەبن، هەور دێون، ڕەش ڕەش، بۆر بۆر، سپی سپی، ڕەنگ دەگۆڕن، وێنە دەگۆڕن، خەیاڵی ئاڵۆزن، بیری ناخۆشن، دێن و دەڕۆن، بێ پسانەوە. خەو ئاخری دەرکی دونیای ڕەمزاوی خۆی لێکردەوە.

ئاسمان ساماڵ ببوو. نازانێ بۆ هاتۆ بەرامبەری دانیشتووە، خەم جەستەی تەنیوە، گێژ و سەر لێشێواوی کردوە، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت

هێناوێتی، شتێک، گرێیەک لەسەر دڵێتی، قورس و گرانە، وچانی لێ هەڵگرتووە.

بۆ هاتبۆ بەرامبەری، بۆ، خۆ پێش ئەوەی قسان بکا دەیزانی چی پێدەڵێ.

«کوڕم بۆ وا ماتی؟ چ بووە؟»

مەلی چاوی لەسەر قامکی هەڵفڕانە سەر چاوی. چی نەکوت.

«مراد کوڕم، دە پێم بڵێ بزانم چ بۆ، چ قەوماوە؟»

مراد هەناسێکی هەڵکێشا و سەری بەرداوە. یەک دوو ئاورینگی زۆر ورد و چکۆڵە لە تەختی تەندووری ڕا هاتنە دەر و دەسبەجێ ون بوون، تارمایی بەری بەیانێ قووتی دان.

«چ نییە دایە گیان.»

دایکی دەستی لە ئەنگوتک گرتنێ کێشاوە، بڕێک ڕیتکە بە بەرهەڵبێنە ئارداوێکەوە نووسابوو.

«جا چۆن ئەمن دایکی تۆم نابێ لێت بزانم ڕۆڵە گیان، چۆن وادەبێ؟»

«دوێنێ دادە ڕەعنام دەیکوت هێرۆی بە ژن دەدەن بەماڵی سەید نەجمە خدراوێ».

خات زارا دەستی دا ئەنگوتکێکی و هاویشتێ سەر پنەی، بە سەری قامکانی پانی کردەوە، تیری هاویشتە سەر و کوتی:

«ڕۆڵە گیان! ئەمیش بیستوومە، جا دەڵێی چی کوڕم، ئەو پیر بەکەڵە خەرفاوە، ئۆی لاڵ بم ئەستێ. چەندی دڵ بەو ماڵ و حاڵەی خۆش بوو. فرتۆڵێک دێتە جێت، هەی لاڵ بم.»

کەمرە و دەوەی نێو تەندوورێ بە تەواوی ببوونە پشکۆ، دیواری تەندووریان سوور هەڵگەڕاندبوو.

«چ خۆت مەشەمزێنە، خودا گەورەیە، ئەی بەڵکوو لە کەری شەیتانی دابەزی، هەستە، هەستە بڕۆ ئەو پرێسکە کاخڵێم لەبیر چووە بۆم بێنە.»

مراد هەستا سەر پێ و وەدەر کەوت.

زریقە ڕۆژ لە چیاکانی ئاسۆی دابوو. لە زینوان مژێکی تەنک لە نێوان ئاسمان و زەوی مۆلەق مابۆوە، ڕووناکی وردە وردە پەرەی دەسەند.

حاجی محەممەد کەواپاتۆڵێکی ڕەشی لەبەر کردبوو، سۆرانی توند و تۆڵ لە مەچەکی هاڵاندبوو، تۆزلیخەکانی هەتا ئەژنۆی هەڵکێشابوو، تاپڕەکەی دەشانی کردبوو و فیشەکدانی لە قەدی هاڵاندبوو. شان بە شانی، مراد کەواپاتۆڵێکی پزوی ئاماڵ زەردی لەبەردا و پشتێندی ڕەشی خاڵخاڵی لە پشت بەستبوو، ڕەستەی تاژێکانی بە دەستەوە بوو بە پێ و چالاک بەرەو ماڵە ئاغا دەڕۆیشتن، تاژی زگیان بە پشتیانەوە نووسابوو، گوێیان قوت و بازوی بڵیندیان داویشت. هەرکە پشیلەیەکیان لە لێواری بانێکی یان لەو سەری کۆڵان دەدی دەیانمڕاند و حەولیان دەدا خۆیان لەدەست مراد بپچڕن دارەکانی باغی ئاغای ڕووت و ویشک، تێکوڵ سوور و بۆر، دوراودوور دیار بوون. دووکەڵی ئاماڵ شین قەف قەف بە کولانچەی ماڵاندا بەرەو ئاسمانی ساماڵ هەڵدەکشان. دێهاتێکان لە سەربانان، لەسەر قۆریان، یان لەبەر دەرگا و نێو کۆڵانان ڕا چاویان تێدەبڕین، سڵاویان دەکرد و تێدەپەڕین و لە کاتی ڕۆیندابێ ڕاوەستان وڵامی پرسیاریان دەدانەوە.

«سەلام و عەلیکم، عەلیکە سەلام، حاجی ئەوە بۆ کوێ ئیشاڵڵا.»

هەر چەند لە دوێنێ ئێوارێوە هەمووشیان دەیانزانی هەر دەیانپرسیەوە. حاجی تفەنگی بڕێک لەسەر شانی هەڵداویشت، دەفەی سینگی دەدا پێشێ و سەری بەرزتر دەکرد و دەیکوت: «دەچینە ڕاوی.»

هەتا لە پێش چاویان ون دەبوون چاویان لێدەکردن، دوور و نیزیکی باغی ئاغا ببوون، هاشە هاشی بادیناوێ بەرزتر ببوو.

پەلێک قاژوو لەسەر لکوپۆپی مێشەڵانی قەراغی قیژ و قاژیان لێ پەیدا ببوو، گەیشتنە ڕاست پەرژینی باغی، دوو سێ چۆلەکە مشکە دەنێو دڕک و داڵەکەدا دەرپەڕین و دیسان چوونەوە نێو پەرژینی، ریشۆڵ و پاساری تێکەڵ یەکتر، لەسەر باسکی لاوازی داران هەڵنیشتبوون لە چرکە و چریکەیان سەر سام دەبووی! لە دەرازێنی ماڵە ئاغا ڕاوەستان، حاجی دوو سێ جار دەرکوتەی کوتا؛ کاردارێکی منداڵکارە لێی کردنەوە و چوونە نێو حەوشەی گەورەی ماڵە ئاغا، چوار بارگین کەل و پەلیان لەسەر پاشکۆی بەسترابوو، پرمە پرمیان بوو، ڕەستەی چوار تاژی، دوویان ڕەش و دوویان بەڵەک بە دەست دو کارداران بوون.

تیرۆژ لە لووتکەی چیاکانی ڕۆژئاوای دابوو، سەبر سەبر دادەخــزا خــوار و مژی سەر ملەی لێ دەتاراندن.

حەمەدئاغا بۆشناغ و تەیار لە پێش هەموویاندا هاتە دەر، سمێڵــی لــە دوو لایان ڕا بە وێنەی کلکی دەمارەکۆڵ قیت ببوونەوە. ڕدێنی پاک پــاک تاشـرابوو. ڕوومەتی مەیلەو سوور و شەق بوون. تاپڕێکی دوو لوول لەسەر شانی بریسکەی دەدا. دوو ڕیز فیشەک لە قەدی هالآبوو.

بە دوای ئەویدا سەروان باکۆیی کەڵەگەت و چاو و برۆ ڕەش، ڕیزێکی فیشەک لە شانی هالآبوو. تاپڕێکی بە دەستەوە و کۆلتێکی کەمەری بە قــەدەوە بــەدوای ئەویشدا حاجی بایز و ڕەحمان ئاغا هاتنە دەر. سەر زارەکــی چــاک و خۆشــیان لەگەڵ حاجی محەممەد و ئەوانی دی کرد.

حاجی بایز ڕووی دەسەروان کرد وکوتی:

«جەناب سەروان! حاجی محەممەدی راوچــی، ئــەوەی تــاریفم بــۆ دەکــردی ئەوەیە.»

حاجی محەممەد زەردێکــی هاتــێ، چــاوی دەشووشــەی ڕەشــی چاویلکــەی سەروانی بڕی کە وێنەی ئەو شتانەی بەرامبەری تێدا تێکەڵ و پێکەڵ دیار بوون.

سەروان بزەیەکی هێنا سەر لێو و کوتی:

«با بیبینین و تاریفی کەین.»

بەفری ژێر سمی بارگین و لاقی مرۆڤان پاخۆشە کرابــوو. ســواری بارگینــان بوون و لە پێش حاجی محەممەد و مراد و دوو کاردارەکــەدا وەڕێ کــەوتن. هــەتا ماوەیەکی زۆر هەر بە سەر ڕاستە ڕێیەدا ڕۆیشتن. هەڵم بە زار و لووتی ئەسپ و تاژیاندا دەهاتە دەر. حاجی محەممەد و مراد هەتا نیزیــک ئــەژنۆیان دەبــەفری دەکەوتن؛ سەر و سینگیان دەدا پێشێ و زۆر بە چەتوونی لاقیان هەڵدێناوە.

هەزار لایەی کەروێشکان لە هەموو شوێنێکی دەبیندرا. جێ جێ زەردە گــوێنی یان قەڵغانێک سەری وەدەر نابوو زۆر جێیانیش تەنیا بەفر بوو و هیچی تر.

گەیشتبوونە قەدی شاخێکی پڕ زەرد و ماە، پاڵداوێنی بەهۆی بەفری قورس و باڕنی زۆر ســاف و لــووس ببــوو، هــەزاران دەســتی توانــا ماڵــەیان بەســەر داکێشابوو. لە زینۆی، رەوەزە بەردێکی گەورە دیار بوو. بوون بــەدوو دەســتە، سوار سەر ڕاو، پیادە بەر ڕاو. حــاجی محەممــەد چــاوی تیــژ کردبــوو؛ زەبــری

پێدەدان هەر شتێکی بە حاڵ بجولێتەوە ببینێ، پڕ بە دڵ بە تاسەی دیتنی نچیر بوو. هەم لەبەر تاریف و پێهەڵکوتنی حاجی بایز و هەم لەبەر ئەوەی ئێواری بتوانێت باشتر باسی خالید بکات، وەک هەڵۆیەکی دەیڕوانیە تەواوی کون و کاژێران، لە شوێنی پەنجەیان ورد دەبۆوە، تیشکی خۆر لە بەفرەکەی دابوو و چاوی ڕەشکە و پشکەیان دەکرد، ئاویان لێدەهات و دەزوورانەوە، بەڵام گوێی نەدەدایە، چاوی بە دووی هەزار لایەیان دادەڕۆیی.

کاتی لاوێتی چاوی وا بە حوکم بوون بە پاییزیش دە ڕەشانگێدا بەر لە ئەوەی یەک شەوە بەسەر وڵات دا بکێشرێت، لەسەر خۆڵ و بەردیش شوێنی هەڵدەگرت. ئەدی ئەوڕۆ بۆ وای لێهاتووە؟ ترسێک بە دڵی دا هات، نەکا چاوی پرووش بوون؟

سەری هەڵێنا و خوارەوەی ڕۆانی سوار لەسەر پشتی ئەسپان چەت و چەوێڵ دانیشتبوون، ئاوڕی لە پشتەوە داوە، مراد لە پشت سەری بوو، هەنگاوی خۆشتر کرد، هیوایەک کەوتە دڵی، کەروێشکێکی بۆڕ ماتەی دابوو، هاواری کرد:

«تەماڵە ، تەماڵە، ئاغایە من تەماڵە!»

کەروێشک گۆی قووت کردنەوە، بەرەو ژوور توند و تیژ هەڵگەڕا.

مردا ڕەستەی تاژیانی بۆ کێشا. هەرا هەرا و بگرە بگرە پەیدا بوو، تاژی تیر بوون لە کەوانی تەرە ببوون، بازی بڵێندیان داویشت، شان بە شانی یەک هەڵیانکوتا سەری. کەروێشکێکی جحێڵ و بڕەو بوو، چی وای نەمابوو بگاتە ڕەوەزە بەردی. لە سەرێش ڕا ڕەستەی چوار تاژیان بۆ کێشا.

کەروێشک خوار و خێچ داگەڕاوە خوار، سەری لێ شێواو بوو. لە هەموو لایەکەوە بۆی دەهاتن، تاژێکی بەڵەک گەیشتە سەری، واقەی کەروێشکەی دەمێک هات ئەوسا وەک تاوێرە بەردێکی تاژی و کەروێشک گلار بوونەوە خوارێ.

هەتا نوێژی نیوەڕۆیە نۆ کەروێشکیان راو کرد. دوور و نیزیکی دەلاوێی کەوان بوون. جەگەن و قامیشی ویشک لە دوورەوە جەغزیان لەدەوری گۆمیلکەی کێشابوو، بە حاڵ شینکاڵەی زڕە پنگی پیر دیار بوو. بە ماتە مات لێی نیزیک بوونەوە؛ حەمەد ئاغا و سەروان بەرامبەر بە گۆمیلکەی دەڕۆن. لە خوارەوەی وان

حاجی بایز و ڕەحمان ئاغا و لە خوارتر حاجی محەممەد و مراد دە ڕێزیکی دا دەچنە پێشێ ئێرە لە چوار وەرزی ساڵ ماڵی کەوانە، دندووکیان لە شیناوەردی قەراغەکانی دەدەن، بە دەوری یەکدا دەسووڕێن، سڵەی دەکەن، ملیان قیت دەکەن، چاویان زیت زیت دەگێڕن، سەر لەنوێ دەسووڕێن و قاسپەیان دێ.

لێیان نزیک بوونەوە، دە تیراوێژیان دان. تەقە لە تفەنگی سەروان و حەمەد ئاغای هات؛ زایلەی شریخەیان دە کوێستانی بەفراوی و بێدەنگ داکێشراوە بالە پرژەی دووکەوان ساز بوو، دەستە کەو فڕەی باڵیان کتوپڕ هات و بە سەر سەری حاجی بایز و ڕەحمان ئاغای دا فڕین، تەقە لە تفەنگیان هات، گوللە هەتەریان کرد و قاقای حەمەدئاغا و سەروان لە دوایان بەرز بۆوە.

حاجی محەممەد سیرەی تێگرتن، مابوویان بگەنە سەر سەریان. شریخە لە تفەنگی ئەویش هات، گوللە هەتەری کرد و قاقای بڵیندی ڕاوچیانی لەگەڵ خۆی هێنا. حاجی محەممەد تفەنگی دابوو بەمرادی. گورج و گۆڵ شکاندبوویەوە. فیشەکی دەبەر نابوو، دەستە کەو لە سەریان تێپەڕیبوون، چی وایان نەمابوو بە یەجگاری لە پێش چاوان ون بن.

شریخەی تفەنگی هات، سەروان بە دووربینی کەوتنی دوو کەوی دیت. لە بن لێوی ئافەریمی کوت و دووربینی وەرسووڕاندە سەر مراد کە تفەنگی شکاندبۆوە و قاپغە فیشەکی لێ دەرداویشت.

گوێیان کیپ ببوو بە حاڵ دەزرینگاوە.

کوێستان کشومات بۆوە. تاژی ڕەشی شەو سەری دە دووی زەردە کەروێشکی ڕۆژ نابوو.

ماندوو و برسی، بەڵام بەکەیف و دەماغ گەڕانەوە جەڕان. زەردە کەڕۆێشک لە قەندیلی ئاوابوو، تاژییە ڕەشە هاتە سەر پاشۆان! تەندووری ماڵە ئاغای هەژدیهایەکی پەت کراو بوو زاری داپچڕیبوو. بڵێسەی ئاوری لە ناخێوە دەهاتە دەر، گڕە پێچەی هەتا میچی دەڕۆیی و دۆژەنگی شوڕەوە بووی دەلەراندەوە، وردە وردە دامرکا و دوای ماوەیەکی بۆن و بەرامی خۆشی کەوی برژاو جێگیر بوو.

مراد لە پاشخانە لە خوارەوەی کارداران دانیشتبوو و چاوەڕوانی هاتنە دەری بابی لە دیوەخان بوو. گەرما بە لەشیان داگەڕابوو. سەروان و حەمەدئاغا لە

سەرەوەی هەمووان پاڵیان دابۆوە، بە سلامەتی یەک ئیستیکانی ئارەقیان قەرەتەپە هەڵداویشت و بەدەستی یەکتر قرتمێک لە سینگە کەویان لە سەر دەخوارد. قاقایان بێ نێوبڕ دەهات. حاجی محەممەد لە تەنیشت حاجی بایز سەری بەردابۆوە و مرتەقی لێوە نەدەهات. حاجی بایز بە دمیان پێدەکەنی. لە دوای قاقایان هەموو جار لێوی بۆ پان دەکردنەوە.

حاجی محەممەد بە چاو جارێکی دی داوای لە حاجی بایز کرد مەسەلەی خالید بێنێتە گۆر.

حاجی بە سرتە کوتی:

«سەبر کە جارێ وەختی نیە.»

چاویان لوول و خومار بوو و قسەیان حەلەق مەلەق.

حاجی بایز بزێکی هێنا سەر لێو، ڕووی دە حەمەدئاغا کرد و کوتی:

«ئاغا گیان! ئەگەر ئیزنم بدەی شتێکی بڵێم؟

حەمەد ئاغا بە پێکەنینەوە کوتی:

«حاجی بیڵێ، چت دەوێ بیڵێ.»

حاجی چاوێکی لە حاجی محەممەد کە سەری بەردابۆوە و قامکی دوو دەستی تێک هاڵاندبوو کرد و کوتی:

«لە بابەت برازاکەی حاجی محەممەدی.»

حەمەد ئاغا لەپڕ دەرهەڵبوو، بە دەنگێکی کڕ گوڕاندی:

«حاجی باسی ئەو هەتیوەم هەر لەگەڵ مەکە.»

وای گوڕاند حاجی ڕاچڵەکی، بیری کردەوە هەڵبەت زوو درکاندوویەتی، ناعیلاج سەبرێکی گرت، جارێکی دی چاوی دە چاوی سوور هەڵگەڕاوی ئاغا بڕی و کوتی:

«ئاغا گیان! ئەو نەفامی کردوە ئەتۆ چاوپۆشی لێ بکە.»

حەمەد ئاغا بە دەنگێکی تێکەڵاوی تووڕەیی و گلەیی وڵامی داوە:

«ئەها ماڵت نەشێوێ حاجی ئەتۆش! بە تەمای ئەوشۆ بەزمەکەمان لێ تێک دەی، بە گۆڕێکی خدرئاغای بابمی چۆتێ نایبەخشم، جا ئیدی لە سەریشی مەڕۆ.»

حاجی بایز کە هەستی بە ئـەوەی کـرد لــە ڕادەبــەدەر بـۆ خــاتری حــاجی محەممەد خۆی هێناوەتە خوار، لەبەر ئەوەی کە تۆڵەی ئەو کــارەی کردبێتــەوە ڕووی دەحاجی محەممەد کرد و کوتی:

«ئەوەتا ئیدی پیاو، کوندە جەرگت کردم. دزی دەکا ئەدی پاڕانەوەی چی؟»

حاجی محەممەد کە سەری هەر هەڵنەهێنابوو بە توندی سەری هەڵبری ڕووی دە حاجی بایز کرد و کوتی:

«حاجی ئەتۆش ئەوە دەڵێی چی؟ کێهە دزی؟ ئەوە پیلان بوو بۆی ساز کرا.»

بەتەما بوو لە دووی قسەی بدا کە حەمەد ئاغا مۆڵەتی نەدایە و بە ســەری دا نەڕاند:

«هەستە وەدەر کەوە هەی دەویت باب، ئەحمەد، ئەحمەد هەتیوە لە کوێن؟»

هەرا هەرا ساز بوو، سەروان نێوچاوان گرژ و تاڵ چاوی دە حاجی محەممــەد بڕیبوو، پەیدا بوو ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی کۆڕی لێ تێکدابوون قەڵس بوو.

ئەحمەدە زلە و نۆکەرێک خێرا بــە دەنگێــوە هــاتن، هــەر لــە پاشــخانە ڕا هاواریان کرد:

«بەڵێ ئاغا ئەوەتاین.»

مراد دەسبەجێ هەستا سەرپێ و غــاری دا بــۆلای دیوەخــان، لــە پشــتەوەڕا نۆکەرێک پری پێــداگرت، بــە پاڵــە پەســتۆ حــاجی محەممــەد و مرادیــان لــە پاشخانەش وەدەر نا و دەبەفری حەساریان گەوزاندن.

ڕەحمانئاغا کەس نەیزانی لە کوێڕا پەیدا بوو. قامچی بە دەســتەوە لەســەر هەیوان ڕا بە سەر نۆکەرانی دا گوڕاند:

«تێیان هەڵدەن، وەدەریان نێنە دەرێ ئەو تولە بابانە.»

باب و کوڕ مات و وەڕەز شان بە شانی یــەک ڕەســتەی تاژیــان بــەدەست، چاویان دە کزە کزی چرای ماڵان و گوێیان لەنووزەنووزی تاژی شەگە و کرمــە کرمی بەفری ڕەق هەڵاتووی ژێر پێیانە. وەزەیان نییە چاو لێک بکــەن، ددانیــان کلێلە بۆت، تەنیا یــەک وشــە، وشــێکی چکۆلــەش توانــای دەربــازبوون لــەو زیندانەی نێە، شکاون، هەرتکیان، باب و کوڕ.

باب لە کوڕ شەرم دەکا، شکان لە پــێش چــاوی تەقــە کــوڕەی، ورد بــوون، چکۆڵە بوونەوە کوڕ لە باب شەرم دەکا. سەریان داخســتۆ. تــاریکی ئەنگوســتە

چاوە و بە هانایانەوە هاتۆە، کەچی دیسان ناوێرن سەر هەڵێنن، ناوێرن ئـاوڕ لێکبدەنەوە، نەکا خەنجەری تیژی، خەنجەری ئـاورینی چـاو، پـەردەی شـەو بدڕێنێ، نەکا بۆ ساتێکی زۆر کەم چاویان بە چاوی یەکتر بکەوێ، نەکا... .

هەر یەکەی شکانی خۆی دەتوانـێ ببینـێ بـەڵام ئـی ئـەوی دی نـا. وێنـەی گەورەیی یەکتریان دە زەیـنـیدا هەیـە، بـە درێژایـی عـومرێکی، زۆر لـەمێژە هێناویانە، پاراستویانە، ناوێرن چاو لێکبکەن، نەوەک نەمابێ، نـەوەک پـاک ببێتەوە، نەوەک گۆڕدرابێت! شانیان داچۆڕاوە، قسە لە نێوانیـان هەڵـگیراوە، لێک دوور بوونەوە، زۆر دوور، یەکتر نابینن، کەس نابینن.

زوڵم و زۆر دێوێکی ترسێنەر و بە هێزە و تەنووران دەکێشێ؛ قاقای بە سامی لە دوورەوە، زۆر لـەدوورەوە، لـە کـەونارەوە، دەنگدەداتـەوە، لـە شـاران، لەدێیان، لە ماڵان، لە چۆل و سـارایان هـەر دەبیسـرێ، شێرکۆڵـەیەک لێـی ڕادەپەڕێ هەڵدەکێشێ شیری تیـژ، دەسـتێکی دەپـەڕێنێ! لاقێکـی، سـەرێکی، سەدانیتر جێی دەگرنەوە. بە هێزتر، بەقینتر، شالاو دێنن، پـێ دەنێنـە سـەر سینگی، ئەوکی توندتر لە جاران ڕێکدەکوشن، هەزاران زمانی هەیە، ئـاورین و تیژ، قەڵای قایم، قایم و پتەو، شوورەیان سـاز کـراو لـە هـەزاران دڵـی ڕەق، دەست و لاقی ئەو دیوەی، هەژارانن، برسێکانن، سەیرە!!!

مات و شکاو خۆیان بە ماڵێدا کرد.

***

## (٢١)

تاقمێک ئەستێرە لە تەشقی ئاسمان شاهیکێیانە!

دەروێش سەعید هەنگاوێک لە دواتری خەلیفە دەڕوا، چەق و لووری چوارپێیان لە پشتەوەیان ڕا دێ. دەرگای گەورەی ماڵە حەمەدئاغا گالە دراوە. خەلیفە دەستی دەباخەڵی نا و بەستێکی پووڵ لێدەرهێنا و بۆ دەروێشی ڕاداشت، چاوی دەروێشی لە خۆشیان ترووسکەترووسکێتی.

«هانێ ئەوەش بۆ منداڵەکانت خەرج کە.»

«نابێ جەنابی شێخ! جا چۆن پووڵت لێوەرگرم؟»

«هەلیگرە متفەڕکە، ئەوەی پێشمکوتی لەبیرت نەچێ.»

دەروێش ڕۆبوویە قۆڵی خەلیفە و پێدانووسا.

«هەی بە بابەوەت دەبەر مرم، چۆنت پووڵ لێوەرگرم؟»

خەلیفە دەستی بە شانیدا هێنا و کوتی:

«دەڵێم هەڵیگرە، با خێر و بەرەکەت ڕووت تێکا.»

دوو سێ جار دەرکوتەی کوتا.

«چاوەڕێ دەبم هەر شتێکت دیت خێرا پێم بڵێی.»

«بە هەرتک چاوان، شەرتە لەو شۆڕا هیچ شەوێکی نانووم.»

لە پشت دەرگا ڕا تەپەی لاقی کە لەسەر بەفری ڕەق دادەندرا هات. دەروێش سەعید وەک شتێکی یەکجار بە وەجی دە دەست دابێ، چاوی لەسەر پووڵەکەی هەڵنەدەگرت.

نۆکەرێک دەرگای کردەوە و خەلیفە چۆ حەوشە. دەرگا گالە درا و دەروێشی وەخۆ هێناوە، بە جیفڕک لێدان گەراوە نێو دێ.

دیوەخان ئاخنراوی دووکەلی سیغار و قەنەیە، ئیستیکانی نیوەپڕی ئارەق لە پێش دەستیان داندراوە. سڵاوی کرد و چۆوە ژوور، قورس و گران لەبەری هەستان.

حەمەدئاغا بە پێکەنینەوە ڕووی دە سەروان باکوێی کرد و کوتی:

«ئەوەش جەنابی خەڵیفە.»

حاجی بایز چوو قۆڵی ماچ کرد. خەڵیفە دەستی بە ڕدێنی پان و بۆزی خۆی داهێنا لە جێیەکی نیزیک حاجی بایز دانیشت.

شەو شەق و دنیا تاریکە! پرخ و هۆڕی حاجی بایز بڵیند و تاریک دێ. هەڵی کردۆتە شەو بایەکی و لک و پۆپی ویشکی داران دەجووڵێنەوە.

چرای دیوان کووژانەوە یا زۆر داکێشراون. نێو نێوە پرمەی سەبری ئەسپێکی لە تەویلە ڕا دێ و هاشەی یەکدەستی بادیناوێ.

سەروان هاتۆتە سەر هەیوانێ، چاوی دە ئاسمانی بێ هەور و پڕ لە ئەستێرە بڕیوە، یەخەی فرنجەکەی هەڵداوەتەوە، سیغارێکی دەردێنێ و بە چەخماخێکی زەردی لە دەستان خۆش دایدەگیرسێنێ. مژێکی توندی لێدەدا، لێوی ژێرەوەی بڕێک هەڵهێناوە و دووکەڵی سپی بێ پسانەوە دەداتە دەر. تەلەس و سەرخۆش دوو سێ هەنگاو دەچێتە پێشتر و پاڵ بە کۆڵەکەی ئەستووری لای ڕاستی خۆیەوە دەدا، ئاوری سیغار بە شەوبای دەگەشێتەوە. هەست بە تەپە تەپێکی سەبر دەکا، بە سەر شانی دا ئاوڕی لێداوە، هاتە پەنای، سەبرێکی ئیکلامی کێشا و دەستی داداوە. سەروان مژێکی دیکە لە سیغاری دەدا.

«ها جەنابی خەلیفە ئێرە خۆشترە یان شار؟ کاروبارت چۆنە؟ ئەوجۆرەی بیستوومە بۆخۆت بوویە شێخێکی گەورە!»

خەڵیفە کوتی: «لە سایەسەری شا و ئی تۆ خەراپ نییە، تەنیا لەبەر ئەو ڕدێن و دەروێشە چڵکنانە وەرەزم.

سەروان پتەیکی لە پشتی سیغار دا و سووتوی لێ تەکاند و بە پێکەنینەوە کوتی:

«شێخی وەک تۆ هەر دەبێ مریدی واشی هەبێ.»

چەک چەکێک بە بەردمیاندا تێپەڕی، بۆ ساتێکی دیتیان و لە پێش چاویان ون بوو. ماوەیەک بێدەنگ بوون. سەروان سیغاری فڕیدا ژێر پێ و پێی ڕێخست و کووژاندیەوە. دەم و چاوی یەک دوو چینی تێکەوت و کوتی:

«چت کردۆە؟»

جارێ هیچ، هەروا چاوەڕێم، دەروێشێکم شەو و ڕۆژ بۆ کردۆتە ئێشکچی.»

سەروان چاویلکەی ڕەشی لە چاو کردەوە. شیتاڵێکی پارچەی نەرم لە باخەڵی فرنجی دەرهێنا و هەڵمی شووشەکانی پێ سریوە.

«هەروا وشیار بە و چاوی لێ خافڵ مەکە، نابێ لە چەنگمان هەڵێن.»

«بەڵێ قوربان، ئەرخەیان بە.»

«دەبێ بزانین بنکەیان لەکوێیە و کێن.»

لوورەی گورگێکی لە نیزیک ڕا هات و بە دوایدا حیلەی توندی ئەسپێکی لە تەویلەی پشت باغی ڕا.

«ئەدی لە دێی چ خەبەر؟»

«هیچ قوربان، یەک دوو جار نەبێ خەڵکی کۆ کردۆتەوە و قسەی بۆ کردوون. دەنا چی نەکردۆوە.»

«چی کوتۆ؟»

«باسی حەق و زوولم و ئەو جۆرە شتانە. خۆم تێنەگەیاند کوتم با نەسڵەمێتەوە.»

«چاکت کرد، لێی گەرێ هەرچی پێی خۆشە بیلێ، وەختی خۆی دەبێ دەست بەکار بین، بەهیچ جۆر نابێ سۆسەمان بکا.»

«بە چاوان.»

شەو با ئەوسەر ئەوسەری باغی دەکرد، دەرۆیی و دیسان لەپەرژینی بازدی دەدا و دەهاتەوە. پرخە پرخی سەروان و خەڵیفەش لە دوو دیوان ڕا ساز بوو. شەبەقی ئاوری سۆبان وە دیواران دەکەوت و دەیان وێنەی سەیر و سەمەرەیان لەسەر دەکێشراوە.

***

## (٢٢)

دوو ڕۆژ بوو بۆ جەماعەتێش نەچووبوو بۆ مزگەوتێ. لە ناخەوە هەستی بە هلۆڵ بوون دەکرد، تێک شکابوو، لە بیانوویەکی دەگەڕا، لە شتێکی، لە قسێکی هەتا بگوڕێنت و زامی دەروونی پێ هەتوان کا! رووحی شکاوی پێ هەڵبەستێتەوە. کەس زاتی نەبوو بیدوێنێ! قەڵس و تووڕە دەیڕۆانێە هەموو شتێکی. جار و بار لە بیری دەچۆوە، دەهات بێتەوە سەر ژیانی ئاسایی، لە پڕ بیری چکۆڵە بوونەوەی، وەک بێچوە مارێک لە هێلکەی دڵی سەری وەدەر دەنا، گورجێ زەلام و ئەستوور دەبوو، لێی دەهالا، بە دەوری دا قەفی دەخوارد و وشەی خۆفی دەخستە گیانی. ژاری دەڕژاندە نێو گیانی و ژیانی لێ تاڵ دەکرد! زۆرتر لە قسەی خەڵک، لە قسەی دۆست و ئاشنایان وەرەز بوو. بۆ خۆی دەیزانی لە پشت سەری چی پێدەڵێن، وەک ڕۆژ لێی حەیان بوو. خەبەرەکە وەک دەهۆڵ دەنگی داوەتەوە. «حاجی و کوڕەکەیان بە شەپان وەدیوی دەرێ ناوە، لە بەیانێوە زاری بۆ پان کردبوونەوە، شەوێ نان و چاشیان نەدانێ و بە شەقان فڕێیان دان! کوڕە بابم حەقی خۆیەتی، ئاگات لێبو پێرێ بەیانی وەڵلا دەتکووت میری ڕەواندزێیە تفەنگی دەشانی کردۆوە؟! جا ئەمن نازانم چۆنی لە ڕوو هەلات بچێتە ماڵیان؟ خۆ ئێستا دوو مانگ نێە خالیدی برازای مەری لێ بڕ داون، ئەدی چۆن لەگەڵیان دەچێتە ڕاوێ؟»

خوێنی خوێنی دەخواردەوە، لێوی خۆی دەکرۆشت، بە سەر خێزانیدا دەیگوڕاند.

زوڵم دیتن، زۆر بیستن، شکان لە لایان زاڵم و زۆرداران ئاساییە، لەگەڵی گەورە ببوو، بە درێژایی تەمەنی خۆی، بابی، باپیری و پێشتر لە ئەوان

بیستبووی، خوی پێ گرتبوو! شکانی زۆرتر بە دەست قسە و تانەی خەڵک بوو، لە دەست ئەوانەی وەک خۆی بوون، لە دەست بێدەسەڵاتان، بۆخۆشی وەک ئەوان بوو، قسەی خۆی بوو لە زاری وانی دەبیست! لە ئێرەدا کووژراو لە جیاتی پیاو کووژ، تاوانبارە، ماڵخوراو لە جێاتی دز گوناحبارە!!

مراد مات و بێدەنگ بەیانان و ئێواران بەتەنیا دەچۆە قەراغ بادیناوێ، چاوی شینی تێدەبڕی، بیر و خەیاڵ بە هەودایەکی نادیار لە چاوی ڕا بۆ سەر خوڕگەی بادیناوێ دەکێشران، لە سەر پشتی سپی دادەبەزین، بە سۆاری هەتا وڵاتی پێوار دەڕۆیشتن. شەوەکی بێدەنگ و هەست دەگەڕاوە. لە قوولینچکێکی ژووری هەڵدەکڕوشما، چاوی بێ تروووکاندن لە سەر شتێکی؛ سەماوەر، یان سۆبە یا لەرزە لەرزی ئاوری چرای گڕسۆز مولەق دەماوە.

هەوەڵێ کڕێوێکی ورد دەستی پێکرد؛ وردە وردە درشت و درشتر بوو. هەور بۆر بۆر لە سەر یەک کەڵک بوون. بەفرێکی قورس لە بارین بوو. تاریکی ڕنوویەکی قورس و بێدەنگ بوو هەرەسی هێنابووە ناو کۆڵان و حەساران.

ڕەش سوارێک بە بەر ماڵە دەروێش سەعید دا تێپەڕ بوو. جووتە چاوی دەروێشی بە شەباقەی دا تێگێرا بوو، بارگین دەنێو بەفری کۆن دا قۆرتەی دەکرد، لە حاندی ماڵی حاجی محەممەد هەوساری لێ کێشا، گورج و گۆڵ دابەزی و ڕەشمەی بە دەستەوە گرت و چووە بەر دەرگا. ئەوسەر ئەوسەری کۆلانی جوان چاو لێکرد، کەس بە دیارەوە نەبوو، لە دەرکەی دا و چاونۆار ماوە.

مراد دەرکەی کردەوە، سەرتاپێی چاو لێ کرد، نەیناسی، دەموچاوی بە ئاغابانوو هەڵبەستبوو.

«سەلام.»

«عەلەیکەسەلام.»

«ماڵە حاجی محەممەد ئێرەیە؟»

«بەڵێ هەوە، کارت بە کێیە؟»

«کارم بە مامۆستا سمایلە»

سمایل هاتە بەر دەرکە. مراد چەند گەزیان دوورتر لێ ڕاوەستا، ڕش سۆار سەری بردە بن گوێی سمایل و سرتێکی لەگەڵ کرد. مراد گەڕاوە حەسار.

دەنکی بەفر شاڵاویان دێنا؛ سەروپۆ تراکیان سپی هەڵگەرابوو.

ماڵئاوایی کرد و خۆی هاویشته سەر پشتی ئەسپی، بە نووکی کاڵـە دەبـەر سکی کوتا و بەو شوێنەی پێیدا هاتبوو گەڕاوە؛

زۆری پێ نەچوو تاریکی دەخۆیدا حەشاری دا.

دوای داخرانی دەرکەی ماڵە حاجی محەممەد تارمایەک پێی نایە سەر بـەفری تازە، قەراغە و قەراغی دیواران توند و تیژ بەرەو ماڵە حەمەدئاغا رۆیی.

کاڵەپێیەک بەفر باریوە، ئێستاش هەر دێت و خۆشـتری دەکـا، گیزەگیـزی سەماوەری دیوی سمایل بڵیندە، تەنکە هەڵمێک بـە کـەنارەکانی دا دێتـە دەر، مەودایەکی کەم دەڕوا و وەشووشەی پەنجەرە دەکەوێ، دەبێت بە ئارەقە و سەبر سەبر دێتە خوار، چەند هێڵی کورت و درێژی هاوتەریب ساز دەکا.

مراد لە پەنا سمایل پاڵی بە سەنیرێکێوە داوە و سەری بەرداوەتەوە.

«مراد بۆ وا بێدەنگی؟ بۆ قسان ناکەی؟»

سەری هەڵدێنێ و چاو دە چاوی دەبڕێ، هەناسەیەکی هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

«جا بڵێم چی کاک سمایل؟ نازانم چ بکەم، تێماوم.»

«براله ئەمن ئەوە چەند مانگە لە سەر سفرەتانم، پێمخۆشە وەک برای خۆتم چاو لێکەی، ئەوەی دەدڵت دایە بیڵێ.»

«کاک سمایل بە تەمام...»

سەری بەر داوەتەوە.

«بە تەمای چی؟ مراد پێم بڵێ.»

«بە تەمام هێرۆی هەڵگرم.»

سمایل بزەیەکی دێتێ و دەڵێ:

«جا باشە مراد گیان! بیرت لە ئاکامی ئەو کارە کردۆتەوە.»

«ئەگەر پیاوی لەسەر بکووژرێ ناهێڵم بە مێردی دەن!»

قڕچە قڕچی بزووتی نێو کوورەی دێت، دارە بـەروو تێکۆڵـیان بـە هـۆی بـەفری تەربۆوە و فسە فس و چڵزە چڵزیان لێ دێ. سمایل دەست لەسەر دەستی دانێ و دەڵێ:

«مراد گیان! ئەگەر بە قسەی برای خۆت دەکەی دەست لەو فکـرەی هەڵـگرە، کوێخا مەسڵەتوو لەگەڵ ناکا، بچنە هـەر جێیـەکیش دەوبینێتـەوە. بـۆ خـۆت دەزانی ئاغا و ژاندەرمەی لە پشتە.»

«دەزانم کاک سمایل بیرم لەو شتانە کردۆتەوە، بەڵام ناتوانم هەروا بێدەنگ بم و لە پێش چاوم بیدەن بەو سەیدەی. تکات لێدەکەم لە لای دایکیشم باسی مەکە.»

سمایل چاوی کەوتە سەر سەماوەری، هەڵم لێکهاڵاوە، ئەستوور و سپی بەرەو میچ هەڵدەکشێ، ئاوی کولیو و هەڵماوی بە قەراغیدا سەر ڕێژ دەبێ.

هەڵدەستێ و بۆ لای دەچێ و دەڵێ:

«ئەرخەیان بە، جا باشە پێم بڵێ بە نیازی بچنە کوێ؟»

«جارێ بۆ خۆشم نازانم، لەوانەی بچینە ماڵە دادە ڕەعنام لە خدراوێ.»

«کەیفی خۆتە، ئەمما ئەگەر بەمن کە مەچنە وێ، هەوڵ شوێنێک بێن ئەوێیە. ئەمن دوو سێ دۆستی چاکم هەیە، ئەو سوارەی ئەشۆ لە لای ئەوان ڕا هاتبوو، ئەوە لە کانێ زەردێن.

چای دێم کرد، سەماوەر دامرکاوە و هێدی و لە سەرەخۆ بۆتەوە.

«لە ماڵە قادرخانین.»

بە بیستنی نێوی قادرخان، مراد مات بوو. سمایل دوو چای تێکرد و لەسەر کەشەفێکی چکۆڵەی دانا و گەڕاوە جێی هەوەلێی دانیشت.

«چ بوو بۆ بێدەنگ بووی؟»

«هیچ، پێم وانەبوو دۆستی ئاغاشت هەبێ!»

سمایل بەدم پێکەنینەوە کوتی: «مراد گیان! با شتێکت پێ بڵێم، لە هەموو چینوتوێژێکیدا مرۆڤ دەتوانێ چاک یان خراپ بێت، پێت وانەبێ هەرچی نێوی ئاغا و خان بوو ناتوانێ مرۆڤ بێ، یان هەرچی ڕەعیەت و هەژارە پیاوی چاکە، ئەرخەیان بە بچیە لای وان چاوەدێریت دەکەن.»

چرای دیوان کووژاوەتەوە، فانووسی چکۆڵەی بەر هەیوان داکێشراوە و بەحاڵ دایسێ.

مراد لە حەسار یەک دوو پشووی توند دەکێشێ، هەوایەکی سارد و بێ خەوش قووت دەدا و سەبرێکی دەری دەداتەوە.

ئاسمان تۆێخێکی زۆر ناسکی سووری بە خۆیەوە گرتۆوە، دەچێتە دیوی خۆی و لە سەر جێگاکەی درێژ دەبێ. گوێی بە لایی لایی خەو دەسپێرێ.

***

## (٢٣)

لە پاش ئەوێ شەو، شەوی خوازبێنی، هێرۆ لە ماڵ پاوان کرا.

تەنانەت بۆ ئاو هێنانیش کوێخا ئیزنی نەدابوو بچێتە دەر، ئامینە گۆج بۆی دێنان. بە پێکەنینەوە گۆزەی پڕی دێنا ژووریان، ددانی زەردی وەدیار دەکەوت، لە بنی دادەنیشت و پێی هەڵدەکوت، دەنێو قسان‌دا بە هیما تاریفی سەید حەسەنی بۆ دەکرد. هێرۆ نێو چاوانی لێ تێکدەنا، بە بیانوویێکی هەڵدەستا و بەجێی دەهێشت، بۆاری نەدەدایە! ئامینە گۆج دەستبەرداری نەبوو، لە بەری بەیان ڕا هەتا پاش‌نوێژی شێوان کە کوێخا لە مزگەوت دەهاتەوە لە ماڵیان دەماوە.

ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هێرۆ لە کەمێی دەدا، ڕوومەتی لە گەشە کەوتبوون، چاوی سیس و مات دیاریان دەکرد، جۆرێک سستی لە ئاکاریدا خۆی دەنواند.

سەر لە ئێوارێ بوو، پاساری بە فڕەفڕ لە لکێکی بۆ لکێکی یان بۆ سەر سۆانەی تەویلە و گەوڕێ جێگۆڕکیان دەکرد، مریشک و کەڵەباب لەولاو ئەولای حەوشە ڕا بەرەو کولانەیان دەڕۆیشتن، قەڵ تاک تاک و دوو دوو هەڵدەفڕینە سەر لێواری بانی، جووڵە جووڵیان هەتا ماوەیەکی دەهات لە دوایە بێدەنگ هەڵدەکوڕمان.

ئامین دەستی لە شات و شووتێ هەڵگرتبوو. توند و تۆڵ بە دەستە ساغەکەی دەستکی دەستاری دەسووڕاند.

لەدەرکەیان دا، دەستاری لە کۆشی کشاندەوە و بۆ کردنەوەی دەرکە لە پلێکانان چۆ خوار، هێرۆ هاتبوو بەر هەیوان و چاوەنۆاڕی کردنەوەی دەرگا بوو.

نازدار سەر زارەکی چاک و خۆشی لەگەڵ ئامینێ کرد و وەپێشی کەوت و بەرامبەر بە هێرۆ هات هێرۆ بەروپیری چۆەخوار و یەکتریان دەئامێز گرت و پێکەوە هاتنە ژوور ئامین دەستاری هێناوە نێو کۆشی و سەر لە نوێ خەریک بوو و گوێی هەڵخست. باسی هەموو شتێکیان کرد، ئیلا ئەو شتەی ئامین چاوەنۆاری بوو، جارێکی بە بیانووێکی هەستا چۆە دەر، لە پێشخانە گوێی قولاغ کرد، کەچی هێرۆ بە چاو هەڵتەکاندن لە نازداری گەیاند نابێ باسی مراد بکا.

وڵات بەرەو تاریکی دەرۆیی، غەور کەم تا کورتێکی حەساری داگرتبوو، هێرۆ هەتا دەرگای کووچە لەگەڵ نازداری ڕۆیی.

نازدار پێی نا کووچە، خێرا چاوی بە ئەوبەر ئەوبەری داگێڕا، دەستی هێرۆی توند لە دەستی گرت و سەری بردە بن گوێی و کوتی:

«مراد ئەوڕۆ لەسەر کانی ڕایسپاردم پێت بڵێم سبەینێ بەیانی زوو ساز بی دێ لە دووت.»

لەسەر شانی هێرۆی ڕا ئامینی دیت بۆ لایان دێت، بە پەلە کوتی:

«دەیکوت خۆت چاک داپۆشە و سەیەکەشتان شەوێ بەرێ تەویلە بیبەستێوە.»

دەنگی کوێخا لەگەڵ دوو پیاوان لەو سەری کووچە ڕا دەهات.

«دەیکووت پێش مەلابانگدانێ لەبەر دەرکە چاوەڕوان بێ.»

ئامین گەیشبۆە نیزیکیان، نازدار قسەی گۆڕی، دەستی لەدەستی هێرۆ دەرکێشا و ماڵئاوایی کرد و بە هەڵاتن بەرەو ماڵیان ڕۆیی، لە حاندی کوێخا ڕاوەستا و سلاوی کرد. هەرکە لێیان تێپەری دیسان هەڵات، جووتە مەمکی چکۆڵە و خڕی لە ژێر کراسەوە بە حاڵ دەلەرینەوە.

شەو درێژ ببۆوە، نەدەپساوە. پاشنوێژی خەوتنان بە بیانووێکی چۆ حەسار، چوارپێکەیان دوو دەستی لە سەر بەفری درێژ کردبوو کلکە سووتەی لەبەر دەکرد، بە نووزە نووز بۆ لای هات، پەتی دە ملی کرد و بەدوای خۆیدا بۆ تەویلەی برد. گەڕاوە ژوور. بابی هەر لەسەر بەرماڵ بوو، بە کەلێنی دەرگادا چاوی لێکرد، لە سەر جێگەی لەسەر پشت ڕاکشاوە، ملی لار کردۆتەوە. بە شووشەی هەڵماوی پەنجەرەدا چاو لە ئاسمان دەکا. دەرێ بە خۆف و سامە،

سەوەڕ چەند جار لە دەرێ، لەناخی دێی، لە کۆڵاناندا، لەوسەر ئەوسەری دێی ساز بوو، گوێی لە غار غاردانیان و مڕەمڕیان بوو. چی لێ دێتەوە؟ بیری لە وەی نەدەکردەوە، لە ئەوین دا ئەو پرسیارە بێ مانایە؛ ئەگەر ئەو هەبێ ئەوین نابێ، ئەو پرسیارە و هەزاران پرسیاری لەو ڕێزەدا لە ئەوینی ڕاستەقینە دا نایە، پرسیاری وا، وشەی وا لە هەرێمی ئەقڵدایە، هەرێمی ئەقل، قازانج و زەرەرە، نەک سووتان، ئەوین سووتانە، لە خۆ بوردنە، یەکی دی ویستنە، تەنیا دەبیری کازێوەی بەیانێ؛ ئەو دەمەی دەست دەنێو دەست مراد، بەرەو داهاتووی خۆی دەڕۆیی...!

ئەو شۆ بۆ وا درێژ بۆ، مانگ ون ببووە! ئەستێرەی ڕۆژێ لە گەشە کەوتبوو، بەیان بەربوون بوو، پڕخە پڕخی بابی دەهات...

هەستا سەرپێ! پێڵووی قورسە و چاوی بە حاڵ دەزۆرێنەوە! بۆلای دیوی بابی چوو، سەبرێکی دەرکەی کردەوە، گەرما قورس هات و باوەشی پێداگرت، پاچڕکی پاچڕکی لە پێشخانە چۆە دەر، تەزوویەک یەک جێ ئازای ئەندامی دەخۆیەوە گرت.

لە پشت دەرکە ڕاوەستا و گوێی هەڵخست، جڕیوە جڕیوی مریشک و قەلان بە حاڵ دەهات، خشپە خشپێک هات، لە حاندیماڵیان بێدەنگ بوو.

«هێرۆ! هێرۆ!»

چل مێردەی بە ئارامی لابرد، مراد ساز و باز بەرامبەری ڕاوەستابوو. دەرکەی لە پشت سەری خۆی جووت کرد و دەستی دەنێو دەستی نا و گورج ڕێیان داگرت.

لەدێی وەدەر کەوتبوون، ئەستێرەی ڕۆژێ بە حاڵ دیار بوو. دەنگی کەڵەبابان دەبیسرا، هەنگاویان خۆشتر کرد، شوێنی وابوو هەتا ئەژنۆیان دەبەفری دەکەوتن، هەڵدەستانەوە، بە تۆڵەی ئەو نەختە مەحتەڵ بوونەی خێراتر دەڕۆیشتن...!

کوێخا ئاوری لێدەبوەوە، دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو. لەرکان لێوی خۆی دەکرۆشت. بە پەلە و سەر لێشێواو بەرگی لەبەر کرد، قرتمێک لە دۆخینەکەی بە دیارەوە مابوو و قولینچکی کەواکەش نەکەوتبۆ ژێر پاتۆڵی.

بە هەڕمە هاتە حەسار، سروەی بەیانی مچورکی پێدا هێنا. لە سەری ڕا دەستی پێکرد و تەواوی ئازای ئەندامی دەخۆی گرت.

وەبیری هاتەوە پێچی لەسەر نیە، بە هەناسەبڕکە چۆوە ژوور و پێچ و کڵاوی هەڵگرت و گەڕاوە حەوشە. بیری بۆ نەدەکراوە، چ بکا؟ هاوار بکا؟ بەو بەیانە زویە؟ بە تەنێ وەدوایان کەوەێ؟

گێژ ببوو، نووزە نووزی چوارپێ لە تەویلە ڕا دەهات، خێرا بۆلای تەویلە چوو دەرکەی لێ کردەوە.

چوارپێ بە خۆبادان و کلکە سووتە هاتە دەر، بێ خەبەر لە حاڵ و ڕۆژی کوێخا لە دەوری دەسووڕا. کوێخا گورج مایني زین کرد و لە تەویلە کێشایە دەر.

«هێرۆ با لە ڕاستە ڕێیە لادەین. بە قەراغ چۆمی دا بڕۆین. چاکترە، دەنێو ئەو دەون و گەزانەدا نابیندرێین.»

دەست دە دەستی یەک خۆیان گلاردا خوار، بیشەی قەراغ چۆم چڕوپڕ و هێندێک تاریک دەینۆاند. هەزاران بی خۆرسک و گەز، بڵیند و نەوی، پیر و نەمام لێکهاڵابوون، بادیناوێ شوێن بە شوێن بە سەر گابەردی گەورەی قەراغیدا قەلپەزەی دەکرد. دار و دەوەن رەگ و ریشەیان وەک هەزاران داو ڕایەڵ کردبوو بەڵکوو دەکەمەندی خۆیانی بگرن، بە گوڕە و هاشە، توڕە و تۆسن، حەزیایەکی شین بوو بەرەو وڵاتی دوور دەخۆشی.

هەوالی هەڵگرتنی هێرۆ وەک تۆپ دەنگی دابۆوە. ژاندەرم و کوێخا شەڕانخێویان بە یەکسمان دەکرد. بەفری کووچە و کۆڵانان لە بن سمی یەکسمان پێ شێڵ کرابوو.

هەڕا هەڕا و زەنا زەنا دە خەڵکی کەوتبوو، هەرکەسە شتێکی دەکوت.

کوێخا سەری لێ شێواو بوو نەیدەزانی دەبێ بەرەو کوێ بڕۆن. بە پڕتاو بۆ لای ماڵە حاجی محەممەد ڕۆیی و ژاندەرم بە دوویدا ڕکێفیان لێدا. لەسەر پشتی ماینی ڕا پێلاقەیەکی توندی بە دەرکە دادا، دوو لای دەرکە کرانەوە.

پڕ بە زار گوڕاندی: «ئەو هەتیوە لە کوێیە، بۆ کوێ چوون؟»

حاجی محەممەد و زارای خێزانی حەبەسابوون، چیان نەدەکووت، سمایل هێدی و لە سەرەخۆ ڕاوەستابوو و چاوی لێدەکردن.

کوێخا وەک شێتانی لێ هاتبوو، ڕکێفی لە ماینی دا و هاتەوە گوڕەپانی دێی خوێنی وەجۆش هاتبوو، غەزەبی لێدەباری.

برایم خۆی له پشت گەزێکی مەڵاس دابوو، جووڵەی نەدەکرد، چاوی تیژ کردبوو و به کەڵێنی لکوپۆی ناسکی گەزەدا سەری لەگەڵی دەسووڕاندن، پشووی سەبر دەکێشا، به بەردەمی دا ڕۆیشتن.

هێرۆ لەچکە لەسەری داخزابۆوە سەر ملی، تاڵ تاڵ مووی سەڕی دەشەکانەوە، تەنکە هەڵمێک له دەموچاوی هەڵدەستا، سەری گونا و کەپۆی ئاماڵ سوور ببوون، بەهەناسە بڕکە کوتی:

«مراد هێندێک سەبرتر بڕۆ، پشووم سۆار بۆوە.»

«هێرۆ گیان! چی وامان نەماوە بۆ کانی گوڵان، لەوێ وچان دەدەین، هێندەمان نەماوە!»

هێرۆ چی نەکوت و شل و شەکەت لەگەڵی ڕۆیی.

گورووبان حوسێنی به نووکی چەکمە دەبەر کەلەکەی ئەسپەکەی کوتا و هاتە شانەوشانی کوێخا.

«کوێخا دەڵێی چی؟ به کوێ دا بڕۆین؟ ئەوە لەو دەمیەوە هەر بە دەوری خۆمان دا دەسووڕێین، هەتا درەنگ نەبووە پێمان بڵێ به کوێدا بڕۆین؟»

کوێخا بیری بۆ نەدەکراوە. گورووبان که وای دیت ڕووی دە سواران کرد و کوتی:

«وەرنە ئێرە، تێکڕا لە دەوری هاڵان. کردنی بە دوو پۆل و دەستەیەکی بە ڕێی خدراوێدا بەرێ کرد و بۆ خۆی و کوێخا لەگەڵ دەستەیەکی ئامادەی رۆیشتن بۆ سەر ڕێی خانێ بوون.

جەماعەتی دێی ورد و درشت، ژن و پیاو له گۆڕەپانی دێ ڕاوەستابوون.

چاویان له تراتێنی سواران دەکرد. هەر یەکی شتێکی دەکوت:

«هەر دیار بوو هەڵیدەگرێ، به خولای دایکم له حەوت قفڵیشی نابا هە ررەگەڵی دەکەوت!»

«کوڕە به سەرت بەیانی زوو دووراودوور له لای مزگەوت دیتمن، جا ئەمن چوزانم ئەوانن!»

«کوڕە هەڵبەت چوونە ماڵە مەناف سمێڵی.»

«جا دایکم بلێ بۆ نەتدەدایە، دوو جاران هاتە خوازبێنی، سوور سوور دەتزانی حەز لێکدەکەن.»

«هەی لاڵ بم بەو سەرما و سەخڵەتەی ڕەقیش نەبن چاکە.»
برایم! برایم! چ قەوماوە؟ ئەوە بەو هەڕمەی بۆ کوێ دەچی؟»!
«ئەوە دێمەوە عافرەت، هەتا جەڕانێ دەچم.»
ماینە سووری تاودا، هەوساری لێ شڵ کردبوو چوار ناڵەی پێدەکرد. سمێڵی دەهات بیبەستێ، بای توندی سەرماینە سووری شەکەی بە سەر کلاوە مەرەزەکەی دەکرد.
دوور و نیزیکی دێی ژاندەرم و کوێخای دیت، هاواری کرد:
«ئۆهۆی، ئۆهۆی!»
سەریان بۆ لای سووڕاندەوە.
کوێخا و سۆارەکان بەرامبەری ڕکێفیان لێدا. خەڵک بە دوویاندا هەڵاتن، هەوساری ماینی کێشا. ماین حیلاندی.
«کوێخا! کوێخا! ئەمن دەزانم لە کوێن لە وان دەگەڕێن؟ کوڕی حاجی محەممەد و هێرۆی کچت؟»
سۆار وەک تیری سەختە کەوانێ دەرپەڕین.
قازەلاخێک لەسەر دڕکێکی نیشت و تێی چرپاند.
سەری هێرۆی دەباوەشی گرتبوو چاوی دە چیای بەرامبەریان بڕیبوو.
«هێرۆ! هەستە با بڕۆین، درەنگە.»
هێرۆ چاوی هەڵێنا و چاوی دەچاوە شینەکانی بڕی.
«باشە مراد گیان!»
هێور هێور بە شاخی هەڵگەڕان.
گوڕووبان حوسێنی دووربینی هێنا پێش چاو، لە ترووپکی شاخی ڕا هاتە خۆار، لە قەدی کێوی دیتنی، تیلاوتیل دەڕۆیشتن، چی وایان نەمابوو لە باسکی کێوی ئاوابن.
«هۆوەتان کوێخا، هانێ چاویان لێ کە.»
هێرۆ زۆر بە چەتوونی هەنگاوی هەڵدێناوە، دەبەفری دەکەوت، مراد دەستی دەکێشا.

هەڵدەستاوە، بە کۆمە کۆم بە دووی دا دەچۆوە پێشێ. ئاوا بوون، بـۆ دۆڵـی ئەو دیوی شاخی و داگەڕان، شوێنی جۆگە ئاوێکی خۆاروخێچ لەسەر ڕا هاتبووە خۆار.

لەو بەر ئەوبەری، داری خۆرسک، ڕووتن و لاواز سەریان هەڵێنابوو.

هاتنەوە سەر تەختایی، بارستی بەفر کەمتر بوو، هێندێکی دی ڕۆیشتن، زۆر لە قاوەخانەی دوور کەوتبوونەوە، بەسەر ڕاستە ڕێیەکی دا ڕۆیشتن، چی وایان نەمابوو بگەنە مڵکی شیناوێ.

ڕمبە ڕمبی سواران ئاوڕی پێدانەوە، دڵە راوکێ دایگرتن، دەستیان لێک قـایم کرد و هەڵاتن.

هێندە نەڕۆیبوون سۆار گەیشتنە سەریان. هێرۆ بەربۆوە، مراد بۆی گەڕاوە، قامچێکی توند وەک درێشوی ڕەشەمار دەموچاوی گەسـت. ویـزەی نەدەبـڕاوە و وەسەر و گوێلاکی دەکەوت. دەکەوتە بن سمـی ئەسـپان، ئەسـپ چەپۆکانـەیان دەکرد، لەسەر بەفری تلۆر دەبۆوە، خۆی وێکدێنا، لەبەر سمیـان خـۆی لا دەدا. هێرۆ پڕچی بە دەست بابێوە، دەیقیژاند و خۆی بۆ لای مراد ڕادەپسکاند. شـیو و دۆڵ زایەڵەی دەداوە، مراد بریندار و بێهۆش دەمەوڕوو لەنێو بەفری کـەوتبوو. خوێنی دەمولووتی بەفری بەردەمی سوور کردبوو. کوێخا هێـرۆی لـە پاشـکۆی ماینە بۆری دانا و چوار ناڵ ڕووی دە جەڕانێ کردەوە. کەلەپچەیان لـە دەسـتی مراد بەست و وەپێشە خۆیان دا.

برایم هەتا مەودایـەکی لەگەڵـیان هـات، ئـەوجار سـەری ماینـە سـووری وەرگێڕاوە لای قاوەخانە، وا وێدەچوو لە کارەکەی پەژیوان ببۆوە. کوێخـا لـە بیری چووبوو بیشی دۆنێ و گورووبان حوسێنیش بە چاو داوای پووڵی لێدەکرد.

گورووبان لە پشت ئەسپی ڕا چاوی لەو بەر ئەوبەری ڕێگایـە دەکـرد و هـەر تاوناتاوێکی بە قامچی لە پشت و ملی مرادی ڕادەکێشا.

کوێخا لە حاستی خەڵکی ڕاوەنەستا و توند و تیژ بەنێو دالانێکی کـە بۆیـان کردوە تێپەڕی.

خـات زارا دووڕاودوور بـە سـەر و پـۆتراوکی ئاڵـۆز، بەرامبـەر مـرادی هەڵدەهات، دەیزیقاند و سینگی لە برایم و کوێخا دەکوتا. ئاوقای مراد بوو، بـە نینۆکی دەموچاوی خۆی دەڕنی و دەیقیژاند، وەک مـەلی سـەربراو لـە دەوری

هەڵدەبەزیەوە. حاجی محەممەد و مەلا هاتنە سەر ڕێیان و دەستیان بە پاڕانەوە کرد.

خات زارا کەوای مرادی گرتبوو و دەیپچڕی، قامچی گورووبانی لەسەر شانی خات زارا و مرادی دەهاتە خوار، ویزەی فیتووی بۆرە مار بوو.

هێرۆ پەیکەرێک بوو، لاڵ و کەڕ، لەو دونیایە دانەبوو، هەستی بەهیچ نەدەکرد.

«هەی دێڵە سەگ، سەرم شۆڕ دەکەی! سەرت دەبڕم! جا چۆن ئاوام لێهاتۆە هەتیوی حاجی محەممەد ڕاوچی کچم لێ هەڵگرێ؟»

هەتا هێزی هەبوو زللێکی دیکەی لە بنان گوێی سریواند.

ساکارترین وێنەی زۆر، هەوەڵین وێنەی یاسای جەنگەڵ. لێدان، هەوەڵین لەونی، داسەپاندنی بیر و باوەڕ.

مرۆڤ لە هەموو شوێنێکی، لە هەموو زەمانێکی، لەهەموو حاڵێکی دا بەشێکی زۆرتر لە ژیان، بە حەقی خۆی دەزانێ.

لێدەدا، دەبڕێ، دەکوژێ، دەدزێ، درۆیان دەکا، زیندانان ساز دەکا، قانوون و یاسایان دادەنێ، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەمن بەشێکی زیاترم دەوێ! ئەتۆش و ئەویش، یاسای جەنگەڵ بەلام تێکەلاوی بیر و هۆش، وەسیلە و دەست و پەیوەند، لێدەدا چوون بە هێزترە، دەکوژێ چوون یاسای لە پشتە، یاسایەکی بناغە و بنچینەی لەسەر زۆرە! دەدزێ چونکە، دزی زۆردار، دزی وریا و زیرەک، کۆک و پۆشتە، تێر و تەسەڵ، دزی نەدار و ڕووت مەحکووم دەکا؟

دەرگای لەسەر گاڵە دا و بە پەلە هاتەوە حەسار، ماینە بۆر لە نێوە ڕاستی حەسار چاوی زیت و گوێی قوت ببوو، ڕەشمەی کەوتبۆ سەر بەفری، مارێکی ڕەش بوو سڕ ببوو. سواری بوو و بەرەو گۆڕەپانی دێ ڕکێفی لێدا.

بە دوو ژنان پیلی خات زارایان گرتبوو، لە مرادیان دەکردەوە. گورووبان مشتۆی قامچی دەدەستیدا دەکوشی، بە نێوچاوانی گرژ و تاڵ و دەنگێکی کڕ گوڕاندی:

«مەلا لاچوو لەسەر ڕێمان، مەملەکەت قانوونی هەیە، هەرچی هەستا کچی خەڵکی بدزێ، ئەدی دەوڵەت چ کارەیە؟»

کوێخا گەیشتە حاستی وان، هەوساری ماینی کێشا، ماین دوو سێ جاران سوورِا و کۆڕژنی کرد و ددانی زەرد و پانی وەدیار خستن. خێرا دابەزی. خەڵک ڕێیان بۆ کردەوە، هەموویان خەریکی ئەوەی بوون جێیەکی چاکتر بۆ دیتنی ڕووداوەکە بدۆزنەوە، پاڵیان پێکەوە دەنا، ملیان درێژ دەکرد و لەسەر شانی یەک خۆیان هەڵدێنا.

لە شاری چکۆلە و دێهات بە هەڵکەوت ڕووداوی گرینگ ڕوو دەدات. ئینسان لە هەر شوێنێکی بێ پێویستی بە ئاڵوگۆڕە، بە تێکدانی ڕێکوپێکی یەکدەستی ژیانە، پێویستی بە کڵپەی دەروونە، دەنا ژیان وەک ئاوێکی پنگاو دەخواتەوە و دەگنخێ و بۆگەن دەبێ. ژیانی یەکدەست سارایە، سەرتاسەری دارماڵی تراویلکەیە و چاوی بیر و خەیاڵی تێدا بزر دەبێ. ڕێبواری بە تەمەنی تێدا چەواشەیە، بەڵام ژیانی پڕ لە هەڵسوکەوت، ژیانی پڕ لە ئاڵوگۆڕ، دیمەنی پاییزی کوێستانە، ڕەنگاوڕەنگ، چاوگەی جوانی خەیاڵە، شەڕو هەڵڵا، تێکەولێکە و هەرا هەرا زۆرتر ئەو تێکدانەی ژیانی ئاسایی لەگەڵە، هەر نەبێ شەڕی مەلان، جوارپێ و هەر گیاندارێکی دیکەش هەر بۆیە سرنجیان ڕادەکێشێ. پاشەکەوتی ڕاوێژیان بۆ شەوانی دوور و درێژ، بۆ ڕۆژانی ئاسایی. هەرکەسە دەماوە تەمەنی خۆیدا کە ئاوڕ لە دوایە دەداتەوە ئەو ڕووداوانەی لەگەڵ ژیانی ڕێک و پێکی یەک نابیننەوە، زەق و زۆپ دێنە بەر چاوی ڕووناکی مێژووی گەلانیش هەر ئی ئەو کەسانەیە وەک هەمۆان نەژیاون وەک هەمۆان بیریان نەکردۆتەوە، وەک هەمۆان نەمردوون.

کوێخا بێ سێودوو ئەمبازی مراد بوو، وەبەر شەپ و زللانی دا. مراد دەست بەستراو و خوێناوی دەبەفرێ گەوزا. وزەی نەمابوو هەستێتە سەرپێ، نەختێک لە حەرزی جێا دەبۆوە، ڕێژنەی شەپ و قامچیان دەیانخستەوە.

«حەڕامزادەی قوون گواوی وات لێهاتۆە گووی وا دەخۆی، کچی من هەڵدەگری؟»

تف و کەف و جوێن لە زاری دەردەپەڕین؛ جوێنی نێوەتەواو دەهێشتەوە، سەری قامکی تەزیبوون. حاجی محەممەد خۆی لە دەست خەڵک ڕاپسکاند و شالاوی بۆ برد.

«هەی فلان فلان شودە، دەوید باب کوشتت!»

گorووبان لەسەر بارگینی دابەزی، تفەنگی لە شان هێنا خوار و بە قۆنـــداغی کەوتە سەری، هەڵاو هەنگامەیەک بوو، باب ئاگای لە کوڕ نـــەما. سمایـل چـی دیکە خۆی پێ ڕانەگیرا و لە پشتەوە ڕا خـۆی بـە گورووبـانی دادا و دە بـەفری گەوزاند، تفەنگی گورووبانی لە دەستی بەربۆوە، سەر بەفر و نوقم بوو، ڕمبـە ڕمبی سواران لە پشتەوە ڕا هات، ژاندەرم گەیبوونێ، تەقەی تفـەنگیان خەڵـکی تاساند. ژن و منال زریکاندیان و لە ترسان هەڵاتن. دوو سێ یەکیان دمەوڕوو دە بەفری کەوتن، ماوەیەک دوایە ژاندەرم بە نووکی قۆنداغان هەر سێکیان وە پێشە خۆیان دان. خەڵک بە پچە پچ و سڕتەسڕت هەتا نیزیک دەرگای گەورە و ئاسنی پاسگایان لەگەڵ چوون. ئالای تاوانگازی سەربانی پاسگایە دە شەکاوە.

خات زارا شلەژاو و دەموچاو خوێنـاوی، بـێ ئـەوەی دەبـیری شـاردنەوەی مەمکی چرچ و لۆچی کە لە ژێر یەخەی دڕاوی کراسـی هاتبوونـە دەر دابـێ لـە نێوان خەڵکی خـۆی ڕادەژانـد و دەینالانـد . پیلێـان گـرت و بردیانـەوە ماڵـێ. ئیستیکانی بەیانی کە نیوە پڕ مابوونەوە وەبەر پێیان کەوتن و بە سەر مافوورە سوورەکەی دا خلۆر بوونەوە و چای نێویـان ڕژا. دەتکـوت کـەس نابێنـێ، بـە چەپۆکان بە سـەری خویـدادەدا و دەموچـاوی دەرنێـوە و دەینالانـد. ژن تونـد دەستیان دەگرت بێ ئەوەی نۆبەی یەک بدەن قسەیان دەکرد. ئەسمەر خـەجیجی کچی بە باوەشەوە خێرا چۆە لەو دیوی و چارشێوشانە سەوزە گوڵڕەشەکەی بۆ هێنا و بە سەر شانی دادا.

«هەی لاڵ بم ڕۆڵە هەی لاڵ بم مرادگیان. کوشتێان، بە خولای کوشتێان، ئەی پیر بەکەڵ لە خودام تەڵەبە بتبینم لاقت بە قوونتەوە نوساوە، خات مەنیج کچێ بە قوربانت بم، کوڕەکەمێان کوشت، لەسەر ئەو چەتیوە بەڕەڵایە کوڕەکـەمێان کوشت، هەی دایکت کوێر بێ ڕۆڵە گیان.»

سەری ڕادەوەشاند و دەینالاند. زارۆکەی ئەسمەرێ دەیزریکاند و دایکی خێـرا خێرا لە باوەشی دا هەڵیدەتەکاند. بە پەلە بردی لە قولینچکی دیوەکەی لە سەر پشت درێژی کرد و بۆ ئاو هێنان چۆوە پێشخانەی. خێـرا ئـاوی هێنـا و دای بـە دەست خات مەنیجی بە دمێوە کەن. دوو کوڕەکەی بێدەنگ و گێژ بەرامبەری خات زارا هەڵترووشکابوون، ژن پێیان خۆش نەبوو لە تاو وتوێ کەوێ و ئاوری قینی دامرکێت کە ئەودەم مەودای قسەیان کەم دەبۆوە و هـەمبانی توێشـەیان بـەتاڵ.

تووبای ژنی حەمە ڕەش بە سرتە، بەڵام چوورێک کە خات زاراش گوێی لێ بێ بە خات مەنیجی کوت:

«برایمی قاوەچی دیتبوونی.»

خات زارا ڕک و قینی هورووژمیان بردە سەر برایمی.

«هەی برایمە قزە، یاڕەبی خۆشی لە خۆت نەبینی! هەی قزە! هەی چڵکاو خۆر! هەی حیزە!»

بە بەری دەست لە ڕانی خۆی دەدا و تووک و دوعای لێدەکردن.

«کچێ باجە ئایشێ کوڕەکەمێان کوشت.»

ئایشێ کە دیتی ڕووی قسەی دەوی کردوە ئەویش بۆ هاودەردی دوو جوێنی بە برایمی دا. چوون نەیدەوێرا باسی کوێخا بکا.

«بەرم دەن، بەرم دەن کچێ با بچم.»

توند بە حەرزەکەیانەوە دەنووساندەوە.

«دانیشە خات زارا بە خودای چیان لێ ناکەن، ئیستێکی دی بەریان دەدەن.»

«ئەتۆش هەی گەوادی بێ شەرەف؟ بۆ ناچی ئاگات لە ژنەتیوە قەحبەکەی خۆت بێ، هەموو ڕۆژێ ژاندەرم و قاچاغچی دەباڵ دایە، هەی برایمە قزە، هەی خوێری.»

تاقەتی ناڵە کردنیشی نەمابوو، زەق زەق چاوی دە پەنجەرە بڕیبوو. کەڵەباب و مریشک بە بەر پەنجەرە دا دەڕۆیشتن، سەریان هەڵدێنا و چاویان دە ژوورێ دەبڕی! بە دیتنەوەی شتێکی لە ژێر بەفری غاریان دەدا و بۆ لێ هەستاندنی لە یەکتر وە دوای یەک دەکەوتن.

کوێخا تووڕە و تۆسن لە پاسگایە هاتەوە دەر، دوور و نیزیکی ماڵیان ئامینە گۆج و دوو ژنی دیکەی دێ، لە حاند وان ماینە سووری ڕاگرت و بە تووڕەیی ڕووی تێکرد و کوتی:

«ئەوەی هەموو لە تۆ دەزانم هەی گۆجی توڵەباب، بڕۆ خێرا ئەو هەتیوەی مێردت هەڵگرە وەرنە ماڵێ.»

ڕکێفی لێدا و تێپەڕی، ئامین دەستە گۆجەکەی لە بنهەنگڵی دەستە ساخەکەی شاردبۆوە، ڕووی دە ژنەکان کرد و کوتی:

«وەڵڵاهی خوشکم هەر چاوم لەسەر هەڵنەگرتبوو. ئەمن نازانم بە کوێدا یەکتریان دی، ناڵێ کچەکەی خۆم وەفاڵ هاتۆە شانەکەی دەسەری من دا دەشکێنێ. با بڕۆم خوشکێ بزانم دەڵێ چی.»

لەو سەری کۆڵان ڕا دەروێش سەعید لەگەڵ مەلای دەهاتن، یەکێک لە ژنەکان کوتی:

«باج ئامین ئەوەتا دەروێشی مێردت.»

ئامین هاواری لێکرد:

«هۆی کابرا! وەرە بچۆ ماڵە کوێخای، کاری پێتە.»

هێرۆ کاس و گێژ لە سووچی ژوورێ، خۆی گرمۆڵە کردبوو، پرچی ڕەشی وەک لکوپۆپی شەنگە بی ڕژابوونە سەر دەموچاوی. گوێی ئێستاش هەر دەزرینگانەوە، جێی قامکی بابی لەسەر هەرتک ڕوومەتی سوور دەچوونەوە و چڵیان داویشت. ئەو دەمەی کە دایکی مابوو خۆی دەباوەشی ڕادەکرد، لە سەری وەجواب دەهاتەوە.

«پیاوەکە بۆ لێی دەدەی منداڵە، نافامێ.»

کوێخاش پاش ماوەیەکی ڕەقەکەی دەنیشتەوە و دەستی لێ هەڵدەگرت؛ دایکی دەستی بە سەری دادەهێنا؛

«کچی خۆم ئەتۆ گەورەی، بۆ بە ولاخان ڕاناگەی؟ بابت حەقێتی، ئەوەتا کچی خات زلەخای هەر بە قەرا تۆش نابێ ماڵێکی هەڵدەسوڕێنێ.»

بیری دایکی، تەنیایی ئەوڕۆیی، ئیش و ئازاری لەشی و بێ دەسەڵاتی، کانی زنەیەکی لەدڵیدا ساز کرد؛ زنە زنی بوو، هەڵدەقوڵی و بە قەراغ چاوی دا ئەسرین دەڕژانە خوار، ڕوومەتیان تەڕ دەکرد، هەتا سەر لێوی دەڕۆیشتن، بێدەنگ دەگریا.

حیلە و پڕمەی ماینی هات، قاز و مراوی بە قیژە قیژ لەبەر پێیان لاچوون، کوێخا ماینە سووری بردە تەویلە و لە ئاخوڕی بەستەوە، دەستێکی دە قەسەڵی نێو ئاخوڕی وەردا و هاتەوە دەر.

«سەلام کوێخا کارت پێم بوو؟»

دەنگی دەروێش سەعیدی بوو کە لەپێش ئامینی خێزانی لەبەر دەرگەی تەویلە ڕاوەستابوو. کوێخا بە خێسە چاوی لێکردن و کوتی: «وەرنە ژوور.»

وەپێشیان کەوت و بردنی ئەو دیوەی هێرۆی لێبو.

«هەر ئێستا دەچێیە خدراوێ، بە سەید نەجمە دەڵێی کوێخا دەیکوت هەتا ئاخری ئەو حەوتوویە بێن مارەی کەن.»

هێرۆ ڕاچڵەکی سەری هەڵێنا و چاوی تێبڕین، لە خەو هەستابوو، خەوێکی ناخۆش. هەوەڵ جار بوو دەیدیتن. چاوی پێدادەگێڕان.

«ئەو ماینەی هەلگرە و وەڕێ کەوە، بڕۆ دەی یاڵلا.»

دەروێش گورجی چووە خوارێ، ئامین هەروا ڕاوەستابوو، چاوەڕوانی ئەوەی بوو کارێکیش بەوی بسپێرێ یان شتێکی لێ بپرسێ، بەلام کوێخا چی پێ نەکووت و چۆوە دیوەکەی. وا دیاربوو کوێخا ئەوی تەنیا لەبەر ئەوەی بانگ کردبوو هەتا خەبەرەکەی لە دێی دا بلاو کاتەوە، هەتا ئەورۆ نەیتۆانیبوو لە ترسی لۆمەی خەڵک بلاوی کاتەوە، بەلام ئەورۆ جێاوازی هەبوو، کەس نەیدەتوانی سەر کۆنەی کا، گریمان یەکێکیش لۆمەی کردبا، ئەوانەی دی بە گژی دادەهاتنەوە.

«جا برالە حەقێتی، خودا چاکە بۆ برایمی قاوەچی بکا، زووی پێزانی، دەنا هەتا هەتایە سەری هەڵنەدەهات، ئەمنیش بم لە جیاتی ئەو هەر وادەکەم، بە مێردی نەدا چی لێ بکا، ڕایگرێ لەگەڵ هەتیو مەتیوان کەوێ.»

کوێخا لە قولینچکی دڵیدا شەکرە خەنەدەی لێدەدا، بە ڕواڵەت غەزەبی لێدەباری، ئاوری لێدەبووە، کەچی لە سووچێکی دڵیدا درۆ سەری هەڵدابوو.

ئینسان قەلایەکە کە سێحراوی، دەورەی دراوە لە سەدان قەلای دیکە، یەکیان درۆیە! لە کاتی قەڵسیدا دەتوانێ لە ناخێوە پێبکەنێ، لە کاتی پێکەنیندا دەتوانێ لە دڵێوە تووڕە و قەڵس بێ! بەشێکی زۆر لە ژیانمان درۆیە، لەبەر خەڵکی، لەبەر دەوروبەر، لە ترسی خەڵکی، درۆیان دەکەین، هەڵیان دەفریوێنین؛ خۆشمان هەڵدەفریوێنین، هەڵماندەخەڵەتێنن، خۆشیان هەڵدەخەڵەتێنن، تەنیا لەبەر یەکتر درۆیان دەکەین، ئەوەی وانەبێ، مناڵ یان شێتە، عەقڵ بۆتە تۆانای درۆ کردن، درۆ بیستن!!

هەتا ئەورۆ لە لای هێرۆش نەیتوانیبوو باسی بکا، وەک شتێکی ئەگەر هەروا ژنبەژنەی پێکردبا و ئەویش دەنگی نەکردبا خۆی بە گوناحباری دەزانی، کەچی ئەورۆ هەرچی لێی کردبا حەقی خۆی دەزانی، جا بۆیە دەبا دەست و بردی کردبا

و هەتا تەندوور گەرمە نانی پێوەدابا. خۆی بە شتی قۆر و پووچەکە دەخافڵاند، دەچووە ژوور، دەهاتەوە دەر، دەچۆوە نێو تەویلە و چاوی لە جێ سمی ماینە بۆر دەکرد، هەتا ئەوسەری دەچوو و دەگەڕاوە، دەچۆوە هۆڵی مەڕان، بە نێوانیان دا دەڕۆیی، لەبەر لاقی لای دەدان، دەستی لە پشتی دەدان، دەگەڕاوە حەوشە، وەبیر تاریفەکانی خەزاڵی لە دەم ئامینە گۆجی دەکەوتەوە.

«خشپیلانە و نەرم و نۆڵە. کوڵمەی سێوە لاسوورەن، کابانی چاکە.»

وەبیر قسە وباسی خەڵک دەکەوتەوە، دڵی سست دەبوو.

«کوڕە جاڕەقەوە خەڵیلێ؟ عەیب و شوورەیی بە کچی خۆی دەشێ!»

هەستی بە بۆشایی لە ناخێوە دەکرد، ئەوانەی نێوانی لەگەڵیان خۆش بوو دەیهێنا پێش چاوی، قسەی نەکوتراویانی دەبیست.

«برالە قسەیەکیش بۆ خودای بکەین، ماڵی بێ ژن وێرانەیە، تەقە ئەو کچەی بناوانی ماڵێ بوو، دەچی کردبا، ئەوە چەند ساڵە ئەستی مردۆوە، هەروا بێ ژن گوزەراندوویەتی، جا خۆ ناکرێ لەوەی دواش هەر بەتەنێ بێ، یەکێکی هەر دەوێ، نانێکە، چایەکە....»

دەگەشاوە، دەچۆ سەر قۆڕیەی بەر ماڵیان، باقە باقە گیای بە زیادەوە بێ ئەوەی پێویست بێ دێنا و دە ئاخوڕانی دەکرد.

گورووبان حوسێنی پۆتینی لە لاقی دەرهێنابوو پاڵی بە کورسیلەکەی دابوو، لاقی بەرامبەر کوورەی درێژ کردبوو، هەڵمیان لێ هەڵدەستا، بۆ خاوێک دە دیوەکەی گەڕابوو لە سەری میزی ئەو سەری هێندێک کاغەز و دەلەسە بە نارێکی کەڵک ببوو، دەسرەیەکی سپی گوڵداری لە لێو و کەپۆی دەدا و لێی دەکردەوە، چاوی لە خوێنێکی کەم کە پێوەی دەنووسا دەکرد.

ژاندەرمێکی کەڵەگەت و ڕەشتاڵە هاتە ژوور، ئیحتڕامی دانا و شەق ڕاوەستا و کوتی:

«سەر گورووبان خەڵیفە رەزا هاتۆوە و دەڵێ کارم پێیەتی.»

لاقی هێنا خوار و لەسەر پۆتینەکانی دانا و کوتی:

«بڵێ بێتە ژوور.»

خەڵیفە سڵاوی کرد و دەرکەی داخست و بێ ئەوەی گورووبان پێی بڵێ لەسەر سەندەلی تەنیشتی دانیشت. گورووبان کوتی:

«فەرموو جەنابی خەڵیفە چت دەوێ، هاتووی نۆشتەم بۆ بنووسی؟»
خەڵیفە دەستی بە ڕدێنی پان و بۆری داهێنا، عەباکەی هاویشتە سەر لاقی و کوتی:
«هاتووم پێت بڵێم حاجی محەممەد و مودیری بەردەی.»
گورووبان قاقای کێشا و کوتی:
«جا ئەتۆ چکارەی ئەوەی بە من دەلێی؟!»
خەڵیفە بزەیکی هاتێیە و دەستی بردە ناو باخەڵی کەواکەی کارتێکی وێنەداری دەرهێنا و بۆی ڕاداشت گورووبان وەریگرت و چاوی لێکرد. «چی؟ پیاوی ساواک؟!»
وەک کارەبا گرتبێتی بەرزە پا بوو ئیحتڕامی نیزامی بۆ دانا.
«بمبوورە، نەمزانی.»
خەڵیفە بەدەست ئاماژەی پێکرد دانیشە. «لە هیچ شوێنێکی نابێ باسی ئەوەی بکەی.»
گورووبان بە پەلە پەل پۆتینی لە پێ کرد و کوتی:
«بە چاوان قوربان.»
«ئەوەی پێم کوتی حاجی و مودیری هەر ئێستا بەردەدەی و کوڕی حاجیش کەیفی خۆتانە.»
گورووبان حوسێنی سەری سووڕ مابوو، مەبەست لەوەی چێە، بە ترسەوە کوتی:
«قوربان بمبوورە ئەوەت لێدەپرسم، لەبەر چی ئەو دوانە بەردەین؟»
خەڵیفە هەستا سەر پێ و کوتی:
«ئەو شتەی پێت دەڵێم زۆر نەهێنی‌یە، ئەمن لەبەر ئەو مودیرەی لێرەم، دەمانهەوێ ئەوانەی پەیوەندی لەگەڵ دەگرن بیانناسین، ئەوڕۆش بۆیە بە تۆم کوت چوون هەتا ئیستیوار لە مورەخەسی دێنەوە لەوانەیە پێویست بێ عەمەلیات دەست پێبکەین، وریا و ئامادە بن هەرکات لێم ڕاسپاردن دەست پێبکەن، ئەگەر ئەوڕۆ بەرمان نەدابان هاواڵەکانی دەسڵەمینەوە.»

ماوەیەک دۆایە خەڵیفە لە پێش حاجی محەممەد و سمایلی لەدەرکەی پاسگا هاتە دەر. خات زارا لە کووچەی بە قۆڵی خەڵیفەدا نووسا و بە گریانــەوە داوای مرادی لێدەکرد. «بە بابەوەت دەبەر دەمرم ئەدی مراد؟»

«لە سەرەخۆ بە خوشکم چی لێ ناکەن.»

خەڵک لە دەوری خەڵیفە کۆزیلکەیان دا و ئەویش بەنێویــاندا بــەرەو ماڵــە ئاغا وەرێ کەوت. سمایل چووبوو دە بیرەوە، پێی سەیر بوو خەلیفە بە هانایان هاتبوو.

کازیوەی بەیان بوو. ئێستا خۆر بە تــەواوی لــە چیــای ڕۆژهــەڵات وەســەر نەکەوتبوو، بەحاڵ گزینگی لەئاسـۆیە، پەلــە هــەورێکی شێبەڵــەک کردبــوو. کەلەپچە لە نێوەڕاست دوو سواران بــەرەو خانــێ بــە ڕێیــان کــرد. دەلەسێکی ئەستوور لە تێری ئەسپێکی نرابوو.

سەریان تاشیبوو. دەموچاوی ڕەش و شین هەڵگەڕابوو، جێ جێ لە نێوچاوان و سەر ڕوومەتی خوێن قڕتماغــەی بەســتبوو، ســەری بــەردابۆوە و بــیری لــە ئیجباری دەکردەوە. تاق و لۆق دێهاتی‌یەک دووراودوور دەیدیتن، ڕاوەدەسـتا و چاوی تیژ دەکرد، لە ترسی ژاندەرمان نەیاندەوێرا لێیان نیزیک ببنەوە، هــەتا لە گەوەی کۆڵانەکەی ون دەبوون چاویان لە سەریان هەڵنەدەگرت، پاشان بەلەز دەڕۆیشتن هەتا هەوەڵ کەس بن ڕووداوەکە بۆ ئەوانی دیکە بگێڕنەوە.

دەموچاوی بە سۆنگەی ســەرمای بــەیانی دەرزی ئــاژن دەکــرا. جــێ بــرینی دەموچاوی دەزوورانەوە. سەرما و ئێش و ئازار هەتا مێشکی ئێسقانی دەسمــی، ئاو لە چاو و کەپۆی دەهات. سەری هەڵــێنا چــاوی لــە جێــی گــلار بوونــەوەی دوێنێی خۆی و هێرۆی دەگێڕا، بێشە و دارستانی کەنار چۆمی تیشکی هــەتاویان نەگەیشتبوویە و چڕ و پڕتر دیاریان دەکرد. جــێ خشــگەی دوینێــان هاتــە بــەر چاوی. کانی گوڵان لە دوورەوە چاوێکی فرمێسکاوی بوو.

خــات زارا بــە هــەڵاتن وەدویــان کــەوتبوو. ســروەی بــەیانی گەمــەی بــە چارشێوشانە سەوزەکەی دەکرد، چاوی زۆر لە پێشتر لە خۆی دەبــڕی، تــەنیا دەشت و چیای بەفراوی بوو لە هەموو لایەکەوە کێشرابوون.

گەیشتبوونە حاست قاوەخانە، لایان نەدا، مراد سەری هەڵــێنا و چــاوی دە چاوی ئایشێ ئاڵقا، سەری بەرداوە و تێپەرین. ئایشێ هەتا لە پێش چــاوی بــە

یەک جاری نەدیو بوون، ڕاوەستا، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گەراوە قاوەخانە و جنێوێکی بە مێردەکەی دا. «خودا چاکەت بۆ نەکا، بۆ بووی بە دڕووی مەموزین؟ چیت پێ گەیی؟»

خات زارا ئەوگار و داماو چاوی لە ڕێگا هەڵگرت و دەبادیناوێی بڕی. بە لڕفە لڕف سەری لە دار و بەرد دەدا، خوار دەبۆوە، شینە مارێک بوو لە لاقی کێوان دەهالا، پاپۆکەی دەخوار و خۆی داویشت. لەوێش چاوی هەڵبڕی لە ئاسۆی بڕی. قەندیل لە دوورەوە لەنێو تەپ و مژدا سەری هەڵبڕیبوو. مژ لە تەنکەی دابوو، دەهات لێکهەڵوەشێت، تێکشکاو وشپرزە بە سەر ڕێیەدا گەڕاوە. قولینچکی چاوە چکۆڵەکانی تەر بوون.

***

## (٢٤)

له هەراوی نێوان دوو شاخان‌دا خێوەت نارێک و تێکەڵ و پێکەڵ هەڵدراون. کەپری چکۆڵە لە بناری شاخی لە ژێر بارستی بەفری قورس دا کۆم بوونەوە.
چیلکە و چاڵ و هەڵاشی لێواریان بۆتە جێی حەسانەوەی سێرو و پاساریان. شتومەک هێندێک لەبەر دەرگای خێوەتان و هێندێک لە ژووریێیان دا لەسەر یەک کەڵەک کراون، خێوەتێکی گەورە لە نێوەڕاستیان‌دا وەک ڕەشە خاڵێکی لەسەر پۆسی سپی زەوی هاتۆتە دەر. دوو سەماوەری گەورەی تێدا هەڵکراوە و لە نێوەڕاست چادرەکەی کوورەیەک نێڵ دراوە.
مەناف سمێڵ لەسەر کورسیلەیەکی درێژ لە ریزی تاقمێکی دیکە لە قاچاغچێان دانیشتۆە، دەسحێبێکی دەنک گەورەی کارەبای بە دەستەوە بە ئیشتێا چاوی لە شەڕەکەوێ بڕیوە.
کەو قیلە و قانج چاو لێکدەکەن، لە دەوری یەک دەسووڕێن. لێک نیزیک دەبنەوە، لەپڕ خۆ پێکدا دەدەن، دنووکیان لە ملی یەکتر گیر دەکەن. پەڕ لێکدەدەن، لێک دەکشێنەوە، ئەزنە ئەمبازی یەک دەبن، حەشیمەت ئاپۆرەیان داون، خۆڵی گۆرەپانێکی بۆیان کراوەتە شەرگە جێ چڕنووکیانی لەسەر دیارە! وردە تووکی شینی ئاماڵ سپی دەکەونە سەر حەرزی، دندووکیان لە ملی یەکتر گیر دەکەنەوە و پەرێکی دیکە، هاڵاوی کوورە و هەڵمی سەماوەران، دووکەڵی سیغار و تۆزی شەڕگەی کەوان مەند و قورس لەسەر سەریان ڕاوەستاوە، هەرا هەرا ساز بۆوە، «هەی لەمنت کەوێ شەڵە!»
«ئەها ئەوەتا ئەوەی دەڵێم!»

هەرچی بە بەر دەرکەی دا دەڕوا ڕاوەدەستێ، لەدوورەوە چاو لێـدەکا دەنگــی دەدەن: «دەرکەی دادەوە.»

خۆی پێڕاناگیرێ دێتە ژوور! کەوە شەڵ رەســەرە، دۆمــی خــاوەنی شــەکرە خەنەی لێدەدا پێی هەڵدەلێ: «مەهێلە، ئەوەتا دەی، ئەو پەڕەش، هەی بابم بــە قوربانت بێ ئەو پەڕەش!»

چاوی ناترووکێنێ و لەسەری هەڵناگرێ، کەوەکەی دی بە زی و توند و تیــژ لەبەری هەڵات، کەوە شەڵ قۆڕدماغ ڕاوەستاوە، سەری بەرز و چاوە ڕەشــەکانی زیتە زیتیانە، قاسپەی تێکەڵی شەقە شــەقی دەســحێب و ئیســتیکانی قــاوەچی دەبێ. قاسپەی سەر دەکەوێ.

هاشم هاتە پەنای مەنافی ڕاوەستا، چاوێکی لە کەوە شەڵی کرد کــە قیــت و قۆز لەبەر دەست خاوەنی ڕای دەکرد.

«کاک مەناف بارەکان سازن، دەڵێی چی؟ چ بکەین؟»

مەناف چایەکەی بەر دەستی هەڵدەگرێ و بە زاری دادەکا. «زۆر باشە پێیــان بڵێ خۆ ساز کەن، دەڕۆین.»

جڵەوە ئەسپ و ئێستر دە ڕیزێکی دا لــە پشــت ســەری یــەک وەڕێ دەکــەون. ڕێگایە وەک بەری دەست دەناسن. سەبر سەبر بەرەو سنووری ئێران دێن. هــەتا لە سنوور نیزیکتر دەبنەوە، ڕێگا ئاستەمتر و دژوارتر دەبێ، یەکســم، زۆر بــە چەتوونی بە پەنابارەنگێوان دا ڕەد دەبن. جێی وایە دەبێ جووت دەستیان باوێن و سوار و باری سەر پشتیان هەڵاوێن، بار خوار دەبنــەوە و لاســەنگ، نــاعیلاج سوار دێنە خوار و سەر لە نوێ توندیان دەکەنــەوە. جێــی چرنــووکی گــورگ و ڕێوی و هەژار لایەی کەروێشکان لە هەموو شوێنێکی دیارە دەشت و چیــا، دۆڵ و دەران، تەلان و بەندەن تێکڕا لە ژێر خەڵاتی بەفردا ئوقرەیــان گرتــووە. تــاق و لۆق پنچکێک، زەردە گوێنییەک، چاڵوکێک یان قەلقانێک سەریان هەڵــێناوە، لە وەختێکی وا بەفر نەبێ، ئەو ڕێیەی بە چوار ساعەتان دەبڕن، بەڵام دە زستان و بەستەڵەکاندا، دوو هێندە، بگرە زیاتریش دەخایەنێ.

زۆر چەلان لە ئاخروئوخری پاییزان یان دە ڕەشــەمەدا هەڵــی کردۆتــە بــا و بۆرانێکی وا چاو چاوی نەدیوە، هەر بڵێی یەک و دوو باکوت و باپووسکە دەستی پێکردۆ و ڕەشانگی نەهێشتۆتەوە. جــا دەو کاتانــەدا ئــەوەی شــارەزای ڕێگــا و

بانەکەی نەبووبێ و با پەناوپەسێو و ئەنواکانی نەزانیبێ، کاری کراوە. زستان جێی بەقایە نیە، زۆر کەس بۆ ماڵی قاچاغ ڕۆیشتوون، بەڵام بە یەکجاری بە تەرەچوون، خۆر لە ئاسمان دا دەدرەوشاوەتەوە، گزینگی لەسەر بەفران هەڵخلیسکاوە، ئاسمان زەریایەکی شین و قووڵ و ساماڵ بۆت، دنەی روینێی داون. لە نیوەی رێیە هەور هەڵیان کوتاوەتە سەر ئاسمانی؛ لەهەموو لایەکەوە، سپی سپی، بۆر بۆر، ڕەش ڕەش، پێش چاوی تاویان گرتۆوە، باهۆڕ لە تروویکی چیایان ڕا هەڵۆیەکی برسی بۆت غیڑی هەرد هاتۆ، با سریشکی وەک هەرەسێکی لەگەڵ خۆی هێناوە، کڕێوە و پرووشە خۆی بە چاویان دا کردۆە، ئەوجار تەزوی سەرما هەزاران شووژن بووە، ئاژن ئاژنیان کردوون، پێش چاویان گیراوە، لاقیان سڕبۆە و تەزیوە، مچوورک لە تۆقی سەریان ڕا هاتۆت و لەبەری پێیان دەرچۆە، ڕێیان لێ هەتلە و پشوویان سۆار، هەنگاویان خۆشتر کردۆە، کەچی پاش ماوەیەکی وەزیان لێ بڕاوە، چاویان لە دەور و پشتی خۆیان گێڕاوە، بەڵکوو پەنا و پەسیوێک تێدا وەحەسین؛ تەنیا بەفر بوتوتەپ و مژ، چاویان ڕەشکە و پشکەی کردۆە و ئەژنۆیان سست و بێ تاقەت. وەڵات بە سام و خۆفناک. ترسی ڕەق هەڵاتنێ؛ ئەنجن ئەنجن کران بە دەدانی گورگان، ترسی نەمان و مردن، نەگەیشتن و نەدیتنی ماڵ و منداڵ، تاقەتی ڕۆینێی لێ ئەستاندوون، دمەوڕوو دەنێو بەفری کەوتوون، چاویان قورس بۆت، جوولەیان لێ بڕاوە، خەوێکی قورس باڵی بە سەردا کێشاون؛ مردن پەنای داون، خەو هەتا هەتا ڕفاندوونی!!

سەروبەندی بەهارێ ڕێبوارێک، شوانێک، یان کاروانێک دووراودوور ڕەشایان دیوە!

لە سنوورێ پەڕینەوە، ڕێگا هەڵەمووت و سەختە لە کەناری گاشە بەردی ئەوبەر ئەوبەری ڕێگایە زۆر بە چەتوونی لا دەدەن، لەئەسپان دابەزین و کلکە لغاویان بە دەستەوە. سەر بەرەو ژوور دەڕۆن، هەڵدێرێکە هەپروون بە هەپروون ورکە بەردی بەفراوی و تەر لە ژێر سمی ولاخان هەتڕە دەبنە خوار، وڵاخ سەر سمان دەدەن. دێن لاتراسکە بن، سوار شانیان وەبەر وڵاخ و بارەکان دەدەن. هەڵم لەلووت و زاریان دێتە دەر، لە هەڵدێرەکەی تێپەڕیون، سەر

بەرەوژێر دادەگەڕێن. شیوی قەلەڕەشان بەرامبەریانە، ئەسپە کوێتی مەناف قەدم دەکا، قاژ و قیژی قەلەڕەشان دەنگ دەداتەوە.

گەیشتبوونە دۆڵەکەی بە دایمە لە هەموو وەرزێکی دا پڕە لە قەلەڕەشە، بە قاژوقیژ خۆ دەکون و کاژێڕی چیاکان ڕادەکەن، تێکڕا هەڵدەفڕن و بە وێنەی سەدان خاڵی ڕەش لە ئاسماندا دەسووڕێن، شیوێکی تەنگ و باریک و ئەوبەر و ئەوبەری شاخۆ و بەردا ویلەیە.

هاشم هاتۆتە ڕێزی مەناف و شان بە شانێتی، دەست دەبن گوێی دەنێو حەیرانێکی تێهەڵدەکا. قەڵ بە قیژە قیژ لە رەوەز و گڕانە بەردی ئەوبەر ئەوبەری شیوەکەی ڕا وەحەوا کەوتن. حەیران تەواو بوو، مەناف ئاوڕی لە پشتەوە داوە، لغاوی کێشاو ڕاوەستا!... پڵیدەی لوتی ولاخان دەلەرزاوە، پڕمەیان دەهات، ئەسپە کوێت چاوی داپچڕیبوو، یەکە ناس و قەدەم بوو؛ بە مەنافی نەبێ سواری نەدابوو بە هیچ کەس، مەنافیش لە چاوی خۆی خۆشتر دەویست، هاوینان هەر تەواو نە دەهاتەوە، کەلوپەلی لێدەکردەوە، ڕووت و سوک وەدوای خۆی دەدا، یاڵ و پژی بە شنەی با دەشەکینەوە، نەرمە غار بە دوای مەنافیدا دەچۆ سەر چۆمی. ملی دە گەوەی باسکی دەگرت و یالی دادەهێنا، بۆنیان بە یەکترەوە دەکرد، مەناف سرتەی بە گوێی دا دەکرد و کوێتەش دەیپڕماند. دەیکێشا قەراغی چۆم و ئاوی پێدا دەکرد، تەواوی جەستەی دەشوشت و لێی دەگەڕا دەنێو مێرگ و بژوێناندا تێر تێر بلەوەرێت و بۆخۆشی لەسەر تەنیشت تلۆر دەبوو و سەری لە سەر بەری دەستی دادەنا و چاوی تێدەبری. بریقەی دەدا، لە ئاوری ساز کرابوو، ئارگون، ئارگون. سەر لە ئێوار بە بەری دەست لە کەفەلی دەدا، کوێتە هەڵدەستا سەر پاشوان و دەیحیلاند و بەرەو خدراوێ باڵی دەگرت، لە دوورەوە گێژەڵووکەیەک بوو دەهات، بێ زین و لغاو و ڕەشمە، لەدرازێنی ماڵیان ڕاوەدەستا، سمکۆڵی دەکرد و دەیحیلاند.

ولات پشێوەیە، قەرەپشی زۆر بوون، لێکهەڵمەبڕن، دەمانچە و ئامادە بێ.

قەت وا نەبووە!

زیاتر لە پازدە ساڵ بوو بەو ڕێوبانەدا هاتبوو و ڕۆیبوو، دە سەرما و سەخڵەتی زستانان، بە قڕچە قڕچ و کوڵە کۆڵی سووری هاوینان، بە هەور و هەلاو تۆف و بارانان، تووشی هەموو شتێکی هاتبوو، لە ورچ و گورگ و ماران

ڕا بگرە، هەتا ژاندەرم و چەتان، قەت نەترسابوو، ئاوازەی ئازایەتی و ئـــەمینی لە ئێران و ئێراقدا بڵاو ببۆوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو هەتا ئێستا حاجی بـــایز ماڵەکەی هەر بە وی سپاردبوو، بەڵام ئەورۆ لە دەمێـــک لـــە وەی پـــێش خـــۆفی ڕێنیشتبوو، چەند جاران دڵە کۆتە دایگرتبوو، دەستی بـــۆ لای دەمانچـــەی بـــەر پشتوێنی چووبوو، دەستی لێدابوو، بیری بەرەو شتێکی دی وەرسووڕاندبووە.

سوار لێک نیزیکتر بوون و چاویان لەوبەر ئەوبەری قاچاغە ڕێیـــە دەبـــڕی، هاشم دوو سێ نووکە کاڵۆشی دەبەر زگی ئەسپەکەی کوتا و خۆی گەیاندە ڕێزی مەنافی.

«چیە مەناف؟ قەتم ئاوا نەدیوی، چ باسە؟ بۆ وا پەشۆکاوی؟»

«نازانم هاشم، لە نەکاو خۆف دایگرتووم، ئەوشۆش هـــەر خـــەونی ئاڵـــۆز و پلۆزم دیوە، هەموو جار ئەگەر وەبیرم دێتەوە دڵە ڕاوەکە دامدەگرێ.»

هاشم دەستی دەگیرفانی دەنێ و پاکەتێک جغارە دەردێنێ دەنکێکی بۆ مەنافی ڕاداشت و یەکیشی لەسەر لێوی خۆی دانا.

«چ نیە کوڕە ئیشاڵلا خێر دەبێ، هەڵبەت جێ خەوت ناخۆش بۆوە.»

شەمچەی هەڵکرد و خۆی خوار کردەوە هەتا مـــەناف سـیغاری داگیرسـێنێ و ڕاست بۆوە.

«جا خەونەکەت چ بوو؟»

«مەناف مژێکی توند لە سیغارەکەی دەدا!»

«دە خەونمدا دەســـتەیەک ســـەگی هـــار دەورەیـــان دام، بـــۆر و ڕەش و زەلام، چاویان لە ژێلا هاتبوو. سوور، سوور، دەدانیان خوێناوی و بـــە دەرەوە بـــوو، کەف و خوێن بە قەراغ زاریان دا دەڕژا، کوێتە چەپۆکانەی دەکرد و دەیحیلانـــد، لە هەموو لایەک بۆمان دەهاتن، زاریان دادەپچڕی، جێیەکە هەڵدێر و هەپـــڕوون بە هەپروون بوو، کوێتە ڕێی غاری نەبوو، بە جارێک حەوت هەشتێک شالاویان بۆ هێنابن، دەدانیان لە ڕیچەوە دەبرد و دەیانمڕاند، ڕکێفم لێدا، کوێتە هەســـتا سەرپێ و کەوتمە خواڕێ! هەڵدێرێکی تاریک و بە سام بوو، چەنگم داویشت خـــۆ بەشێکی بگرمەوە، نەمتوانی، ئامبازم بوون، دەستم بـــۆ دەمانچەکـــەم بـــرد بـــۆم هەڵنەدەکێشـــرا، کەوتنـــە ســـەرم، دەیانپچڕیمـــەوە. ڕەعنـــا و منداڵـــەکانم دەیانزیقاند، ئەوەندەم دیت بێ دەست و پێ کەوتووم، هەر جێیەی لەشم بـــە زار

سەگێکی بوو. ئەنجن ئەنجنی دەکــرد، تــەنیا چاوەکــانم مــابوون لــە دوورەوە کوێتەیان دەدیت دەیحیلاند و ڕاپەڕیم!»

«خێر دەبێ ئیشالّلا، ئەوە چی وامان نەماوە، لەو تەنگــەی بچینــە دەر، لــە دوای ئێرەش ڕا ئیدی وەکوو ئەوەیە گەیشبینەوە.»

قشقەڵە لەسەر گرانەبەردان بێدەنگ بوون، جووڵ جوولێکی کەمیان دەدیترا، پۆلە چنارێک بێ جووڵە و شەکە لێیان وەدیار کەوت. چێــوی ویشــکیان ســەدان چنجرووکی تیژ بوو دە قۆرگی ئاسمان ڕۆ چووبوون.

پسکۆڵی قامیشان لە لێواری جۆگــەی بــەرپێی دارســتانەکە بڵــیند و نــەوی دەبیندرا. هەتا مەودایەکیش دوای مێشەی ڕۆیبوون دەتکوت گوزەڕیان بــۆ ئــاوی ڕوون ساز کردبوو.

کوێتە سڵەمێوە؛ گوێی لە مووچەوە بردو حیلاندی، بیبڵەی چاوی دەسووڕان، لە حاستە خۆی چەقیبوو نەدەڕۆیی.

«ڕووت بن.»

سوار شەڵەژان و تێکیان هاویشت.»

«ڕووت بن دایک حیزینە.»

دەستیان بۆ بەر پشتێندیان چوو. شریخەی تفەنگان وڵاتی داگرت.

هاشم نرکەی لە دڵی هات و سەرەونخوون بوو. قەڵ تێکرا قراندیان و بەرز فڕ بوونەوە.

دەرفەتیان پێ نەدان؛ لە پشت داران، لە پشت تاشــە بــەردی قــەراغ ڕێگــا ڕا کەوتنە بەر ئاوڕی تفەنگی چەتان. یەک لە دوای یەک دەیانگوڕانــد و دەکەوتنــە خوار. وڵاخ بەرەو پێهەڵی شاخۆڕ و تەپۆڵکەی ئەوبەر ئەوبــەریان، بــە حیلــە و نریخە غاریان‌دا. مەناف ئاوری دە شانی ڕاستی بەرببوو، خــوێن وەک کفــارەی بازرەقەی بەستبوو و بەفری سوور دەکرد.

کوێتە دووراودوور دەیحیلاند و دەسووڕا. شریخەی تفــەنگان هــەر دەهــات، هاوڕێکانی دەنێو خوێن و بەفری دا گەوزابوون و جوولەیان لێ برابوو.

چوار شانە و زەڵام هاتە سەر سەری ڕاوەستا، چاوی لە ژێڵا هاتبوو. مەناف لە سەر بەفری شەمارەی دەکرد، گەیشبۆ نیزیک لاقی.

«ئەرسەلان مەمکوژە، منداڵی وردم هەیـە، چـاوەڕێمن، مـەمکوژە ماڵـەکەی بەرە.»

شریخەی تفەنگێکی دی هات و وڵات بە یکجاری بێدەنگ بوو.

کوێتە لـەدوونـدی شـاخۆری سمکۆڵـی کـرد، ئەوسـا چەپۆکانـەی کـرد و سووڕاوە، بەفر و قوڕی ژێر سمی لێک دا و پڕ بە دۆڵەکەی حیلاندی، لـەدوایـە وەک باهۆزێکی لە پشت تەپۆڵکەکەی ون بوو...!

***

## (٢٥)

جارێکی دی هەڵدەستێ و دێتە بەر هەیوانێ، دووربینی دێنێتە پێش چـاوی، دەڕوانێتە ڕێگایەکە کە لە ژێر بەفری قورس دا وەشـارتێ؛ بـە حـاڵ ئاسـەواری دیارە، چۆل و هۆلە و کەس دیار نیە. دوربینی دەسەرتر گـرت، کـەژ و کۆسـپی سپی؛ نیسێی ئێوارەی درەنگ بە سەریان‌دا کشـاوە، شـاخی بـەفراوی، بڵـیند و نەوی پاڵیان وە پاڵی یەک داوە، کیپ و موو پڕ شانیان وەبەر ئاسمانـێ نـاوە! قادرخان چوار شانە و کەڵەگەت، خوێن شیرین و ڕووح سووک دەنوێنێ.

دەنگی پیاوانە و بلیند و گەرم و گوڕە، چاوی ڕوون ڕوون هەڵـۆی کوێسـتان. دێتە پەنای ڕاوەدەستێ، دەست لە سەر شانی سولەیمانی دادەنێ و دەڵێ:

«کاکە سولەیمان بە سەرت دلە ڕاوەکەت نەبێ هیدایەتێان لەگەڵە.»

سولەیمان دووربینی هێناوەتە خوار و سەری بۆ لای وەردە سووڕێنێ.

«بەخۆم نیە قادرخان هێندەیان ئارەزوو دەکەم نەبێتەوە!»

دەچنەوە ژوور، عەوڵا و مستەفا مجرێکـی گـەورەیان هێناوەتـە ژوور و لـە کەنارێکی دادەنێن. جاجمێکی کۆنی سووری پێدادەدەن، چاویان لە چـاوی یـەک دەهاڵقێ و بزێک دێتە سەر لێویان. پێکەوە دێن و لە پـەنا کـوورەی دادەنیشـن. دوو مـافوورەی دەسـت چـن و خـاوێن لـە نێـوە ڕاسـتی دیوەخـان پـان کراونەوە، دەوران دەوریان کەنارە ڕاخـراون و لـە سـێ لای دیـواران پالپشـتی نەخشین ڕێک و پێک هەڵپەساردراون، تاپڕێکی دوو لوولەی تازەبەدیوارێکێـان هەڵاوەسراوە.

لەسەر تاقەی ژوور سەری سولەیمانی دوو چرای گڕسـۆز و چراتۆڕێـک لـە نێوەڕاستیان داندراوە. دوو پەنجەرەی گەورە یەک بـەرەو ڕۆژهـەڵات و ئـەوەی دییان بەرەو ڕۆژئاوا بەیانان و ئێواران بەشێک لە پێشەنگی هەتاوی دەگرن و دە ژووریان داوێن؛ یەخسیریان دەکـەن. مالـی دێـی بـە تـەواوی لـە پەنجـەرەی

ڕۆژهەڵاتەوە دیارن و پەنجەرەی ڕۆژئاواش دەڕوانێتە مووچە و مەزرای قادرخانی کە نێو نێوە پۆلە چنار و سپیداری تێدا ڕسکاون.

سولەیمان حەجمینی لێ هەڵگیراوە، لەبەر قادرخانیش لە ڕووی هەڵنایە چەلێکی دیکە بۆ خۆی بێتەوە بەر هەیوانێ. ڕوو دە مستەفا دەکا و دەڵێ:

«مستەفا هەستە چاوێک لەرێیە بکە، ئەوە بوو بە شەو، هەر نەهاتن، نەکا تووشی شتێکی هاتبن!»

مستەفا گورجێ دێتە بەر هەیوان. بارە و بۆڕەی ماڵاتان دەنگ دەداتەوە، ڕۆژئاوا بۆت و تاق و لۆق چرای ماڵان بە لەرزە لەرز لە پشت پەنجەرە تارماوێکان بەر هەڵستی تاریکی دەکەن.

قەرانتووی سواران پەیدا بوو، ڕاستەوخۆ بەرەو دێی دەهاتن، مستەفا خێرا گەراوە ژوور و کوتی:

«کاک سولەیمان پێم وایە هاتن.»

دەسبەجێ هاتنە سەر هەیوانێ و چاویان تێبڕین. گەیشبوونە حاستی قەبرستانی کۆن؛ یەک سەر بەنێو کۆڵانی تەسک و چەپ و چیڕی کانێ زەردا بەرەو ماڵی قادرخان دەهاتن، ئەنگوچکیان توند و تۆڵ لە جوومگەیان هاڵاندبوو! لەهەیوانێ هاتنە خوار و بەرەو پیریان چوون، خێزانی هیدایەتی دەرگای گەورەی لێ کردنەوە، گەیشتنە یەکتر، پیاوەکان دەست و موشتاغیان کرد و چوونە دیوەخانێ.

چراتۆڕ هەڵکراوە و بە هات و هاوار تاریکی تاراندۆە. تاریکی لە بەری ڕایکردۆە. دوو فانووس لە هەیوانێ بە گژی داهاتون، چۆە لە پەنا و پەسیوی حەوشەی گەورەدا خۆی مات داوە.

دیوەخان ڕووناکە و بۆتە ئاسمان. چاو ئەستێرەن دەدرەوشێن، لێو بە بزە و پێکەنین، بزە دابەش کراوە، جەفەنگ و شۆخی کۆڕیانی گەرم کردۆە، پرسیار و وەڵام لەنێوانیاندا دێن و دەرۆن، گوێ ڕادەدێرن؛ نێوچاوانیان تێکدەنێن، بێدەنگ دەبن، برۆ لێکدەکێشنەوە، هیدایەت کوورەی نێل داوە، گرفە و قرچە قرچ خۆ داوێتە نێو قسەیان.

فەتاح ڕووی دە سولەیمانی کردۆە دەڵێ: «کاک سولەیمان لەو دیوی چ باسە بۆمان بگێرەوە.»

وزەیان لێ نایە:

«شەو و ڕۆژ شەڕە، شەڕێکی قورس و نابەرابەر. بەعسی ڕوحم بە کەس ناکەن. کوڕ و کچ، ژن و پیاو، ورد و درشت، پیرو جحێڵ بە دوژمنی خۆ دەناسن؛ بە شەو و ڕۆژ بۆمبارانیان دەکەن، وڕەوڕی کۆپتروگرمەی تەیاران نابڕێتەوە. گرمەی تۆپان، قرمەی ڕەشاش و مەتەرەلۆزان، شریخەی تفەنگان بڕستی لە خەڵک بریوە. سەرما و زستانیش لەوێ ڕاوەستێ، هەر کوردێک دەبینی لە ژن و پیاو، منداڵ و پیر، قورس و قایم ڕاوەستاون، ناڵە لە کێوان دێ لە وان نایە، وڕەیان بەرزە.»

هاڕەی چڕاتۆڕ یەکبین دێ، کوورە لە گڕفە کەوتۆە و یەک هەوا دایسێ.

خوێنیان وەکوڵ هاتۆە، ڕکوقین لە چاویاندا کەلەکە بۆت. هێدایەت چۆ دەرێ و دوای ماوەیەکی شێوی هێنا. فڕووجاو بۆنی دە ژوورێ گەڕا؛ سەر لە نوێ دەچێتە دەرێ و سەماوەر و کەلوپەلی چای دێنێتە ژوور و لە قولینچکی لای دەرکە دایدەنێ. سولەیمان ڕووی قسەی دە فەتاح و مینەی دەکا و دەڵێ:

«ئەدی لە سابلاغێ چ خەبەر؟»

مینە کوتی: «لەوێش ڕۆژ بە ڕۆژ وەزع خەراپتر دەبێ، ئێمە دە ڕۆژ بوو شەوانە بە دزی سەری ماڵێمان دەدا و بە ڕۆژ لە شاری وەدەر دەکەوتین. لە بابم بیست ساواک چوونە ماڵە سمایل و هەموو شتێکیان پشکنیوە.»

نێوی سمایڵ کە هات سولەیمان کوتی:

«قادرخان کەنگێتان قەول داناوە پەیوەندی لەگەڵ بگرن؟»

بریار وایە سێ شەوی دیکە هێدایەت بچێتەوە لای.»

سولەیمان دەمێک بیری کردەوە، سەری هەڵێنا:

«زۆرم پێ سەیرە چۆنە هەتا ئێستا لە دێی کاریان پێی نەبۆە»!!!

عەوڵا کوتی: «هەڵبەت نازانن لە کوێیە.»

سولەیمان هەستا سەر پێ و چوو بۆ لای سەماوەرەکە.

«هێدایەت بکشێوە ئەمن تێدەکەم.»

«نابێ بە سەرت کاک سولەیمان، جا چۆن شتی وا دەبێ!»

«برالە چ فەرق ناکا، پێم خۆشە ئەمن تێیکەم، ئەتۆ ماندووی.»

ئەوانەی دیکە هەستان بێنە لای سەماوەری، سولەیمان کوتی:

«دانیشن، هیچتان مەبزوون، پێم خۆشە ئەمن چای تێکەم.»
لە سەر چۆک دانیشت و کوتی:
«عەوڵا گیان! ساواک کەڕوێشکی بە حارەبەی دەگریٚ؛ چۆن نازانیٚ لە کوێیە؟! چۆن شتی وا دەبیٚ؟ ئەو ماستە بیٚ موو نیە! ئەنگۆ دەڵێن چی؟»
ڕووی دە هاواڵەکانی دیکەی کردبوو. خۆشە خۆشی چا کە دە ئیستیکانی دەکرد دە بێدەنگی ژووریٚدا مووسیقایەک بوو.
مستەفا کوتی: «بەمنیش هەر وایە؛ هەڵبەت لە قەستی تخوونی نەکەوتوون، جا ئیدی لەبەر چی، نازانم!»
قادرخان کوتی: «پێم وایە ئەمن دەزانم لەبەر چیە.»
چاوەڕوان مابۆوە لێی بپرسن لەبەر چیە؟ عەوڵا هەستا کەشەفە چای هەڵگرت و بە پێوە کوتی: «لە بەر چیە قادرخان؟»
«دەیانهەویٚ بزانن کیٚ لەگەڵی پەیوەندی دەگریٚ.»
سولەیمان ئیستیکانە چای هەڵگرت و بە قامکی شووش و باریکی ڕایگرت.
«ڕاست لەبەر ئەوەیە، چی دیکە نابیٚ لە مەترسیدا ڕاگیریٚ، سبەی شەو بچن لە دووی.»
قادرخان ڕووی دە هیدایەت کرد و کوتی:
«ئەسپە شێی بۆ دەبەی و لەگەڵ خۆتی دێنییە ئێرە.»
سولەیمان ڕووی وەرسووڕاندە سەر مستەفا و عەوڵا و کوتی:
«فەتاح و مینە ماندوون، ئەو دوانەشتان لەگەڵی بچن، نەوەک شتێک بێتە پێشیٚ.»
«بە چاوان کاک سولەیمان.»
ئەستێرەی کۆیە لە سووچی ئاسمان بە پەنجەرە تارماوێکەیدا چاوی لێدەکردن، کوورە یەک هەوا دایسا، چراتۆڕ کووژابۆوە و تەنیا گڕسۆزێک پڵێتەی داکێشرابوو لە سەر تاقەی دایسا و کەمێک دیوەخانیٚ ڕووناک دەکرد، نیسێی لاوەکان کە دە ئامێز خەودا حاوابوونەوە دەکەوتە سەر گۆشە و کەناری دیواران.
دوورونیزیکی دێیان لە ڕاستە ڕێیان لایان دەدا، تیلاوتیلی شاخ و بە بزنە ڕێیان دا دەڕۆیشتن. خۆیان لە خەڵکی دەپاراست، دم چۆم و دم چۆمان بە نێو

مێشەڵان و دارستان دا تێدەپەڕین. لە زەوی هەراو و چۆل ڕکێفیان لێدەدا و ئەسپ تاو دەدران، ئەگەر دەگەیشتنە هەوراز و نشێوان هەوساریان لێ دەکێشا و وریا و لە سەرەخۆ هەڵدەگەڕان یان دادەخزان. بڕنۆیان لە پاشکۆی ئەسپان تاقەت کردبوو دایانپۆشیبوون، دەمانچە و خەنجەر لە ژێر فرینجان وەشار تی کرابوون، دەموچاو داپێچا و بەرەو جەڕان دەڕۆیشتن.

کەروێشک ماتەیان هەڵدەگرت، ڕمبەی ئەسپان هەڵیدەستاندن، گوێیان قووت دەهاتنە سەر پاشۆان، ئەوجار ڕەوەو ترووپکی شاخ، بازی بڵیندیان داویشت.

ڕێوی دووراودوور کلکیان دەگەڵۆز دەگرت، لە باسکی شاخی بەفراوی ئاوا دەبوون.

هاتبوونە سەر ڕێی جەڕانێ. تاو پەڕان بوو و ڕۆژ پرشەنگی لەبەر زگی سێ چوار پەڵە هەوری لۆکەیی دابوو. لە لای چەپی ڕێیە، بادیناوێ بە ناو شیو و دۆڵی تەنگدا ڕادەخوشی، ماسیگرە بۆر و سپی و بەڵەک پاشین هێرشی خۆیان دەبردە سەر چۆم و بەرەو ئاسمان باڵیان دەگرتەوە. ڕۆژ سووتابوو، خۆڵەمێشی بە دەم شنەی یەرەو تەنگێدا باریبوو، ئاسمان شین بۆر دەچووە.

مستەفا لەپێش ئەوانی دیکە دەڕۆیی. ئاغابانووی لە دەمی کردەوە، لغاوی ئەسپی کێشا و ڕایگرت.

«چ بۆە مستەفا؟»

«کوڕینە ڕاوەستن، چی وامان نەماوە بگەینە ماڵان. وا چاکترە ڕاستەوخۆ نەڕۆین.

«دەڵێی چ بکەین؟»

ئەمن و ئەتۆ هێندێک پێشتر دەچینە نێو مێشەی قەراغ چۆمی، با هیدایەت بەتەنێ بچێ، کەس سۆسەی نەکا.»

لە ڕێیە لایاندا و چوونە نێو مێشەلانی و خۆیان و ئەسپیان حاشار دا.

میوان لە ماڵی کوێخا ڕیزاوڕیز دانیشتوون، شەقە شەقی ئیستیکان و ژێرپیاڵان لە پێشخانە دێ، خەڵیفە لە سەرەوەی هەموویان دانیشتۆە و لە لای ڕاستی سەید نەجمە و لە تەرەفی چەپی کوێخایە. مەلا مەحموود ئێستا نەهاتۆە، هێرۆ کاس و گێژ لەو دیوی لە سووچێکی هەڵکروشماوە، غولغولە و

دەنگە دەنگیانی گویَ لێیە، خەونە دەبینیَ، خەونێکی ناخۆش، خەونی پیَشێل کرانی ئەوینی، خەونی مارەکرانی خۆی. ئەدی خات زارا کوا؟ حاجی محەممەد بۆ دیار نێە؟ مردا لە کوێیە؟ بۆ دەنگی نایە؟ دەخەون دا هەر چەند بزانی خەونیشە دیسان بۆت هەڵناقرتێت یان ئەو جۆرەی پێتخۆشە ناچێتە پێش، دەسەڵات نیێە، هەڵبەت ئەوەش هەر خەونە دەیبینی! مرادی لیَ وەدیار دەکەوت، خوێناوی، کوت و پاهەنگی لێدڕاوە، تنۆک تنۆک فرمێسک لە چاوی دێنە خوار.

مەلا بانگیدا، میوان رۆژوویان شکاند. ئامینە گۆج دەهات و دەچوو و بیری لە شاردنەوەی دەستە گۆجەکەی نە دەکردەوە، لە مدبەقیَ ڕا شتی بۆ پێشخانە دێنا. گۆزەی بەتالی ئاوی لە برایمی قاوەچی وەردەگرت و دەیبردە حەوشە.

مەلا مەحموود هات و کوێخا و سەید نەجمە بە وەکیلایەتی کچیان مارە کردن. میوان یەک بە یەک دەست و مووچی کوێخا و سەید حەسەنی دەبن. بۆنی توندی توتنی دەم و چاوی زۆریانی بۆچڕ کردوە. دەروێش سەعید ڕاوەستانی نێیە، پەێتا پەێتا دیَ و دەڕۆا خێزانی بانگی دەکا: «هۆی کابرا وەرە بچۆ مالیَ ئەو مەجوعمانەم لە پێشخانەی داناوە بیانهێنە ئێرە، خێرابە کێشتەکە سارد دەبێتەوە.»

کۆلان تاریک و تنۆکن، تەنیا سپیایی بەفر زەق و زۆپ لە چاو دەدا.

لەدەرازێنی مالی حاجی محەممەد چاوی پێکەوتن، خۆی کشاندەوە پەنا تاریکی و مات بوو.« بۆ خۆیەتی، موودیرە.»

بە پڕتاو دەچێتە مالی و خێرا مەجوعمان هەڵدەگریَ و بە لەز دەگەڕێتەوە مالەکوێخای، لەسەر کۆلانیَ ئاوڕ دەداتەوە، مەجوعمان خێرا دادەنیَ و بیَ ئەوەی ولامی ئامینی خێزانی بداتەوە دەچێتە دیوی میوانان.

مەجوعمەی پڕ دەست بە دەست دەگەنە ژووران، مەودای نێیە خۆ بگەیەنێتە خەلیفە، ژوور جمەی دیَ و یەکی دی نابا. هەر چۆنێکی بیَ دەچێتە پەنای، سەری دادەخا و دەگوێی دەچرپینیَ. خەلیفە برۆی وێکدێن، بە چاو ئاماژەی گورووبانی دەکا و گورجیَ دەچنە دەر.

میوان قامکی چەور و چێلیان دەلستەوە و جەفەنگیان لێدەدا، بە پووشکە و دەنکە شەمچان کەلێنی دەدانیان دەئاژنێوە، لیوانی دۆیان پێدا دەکرد و قرپیان دێناوە.

«یارەبی خودا موبارەکی کا.»

دەروێش سەعید دەتکوت سەریان دە دووی نابوو، بێ ئەوەی چـاو لـە پـێش لاقی بکا بە غاردان بۆ لای پاسگایە دەڕۆیی، یەک دوو جاران هەڵنگووت، بـەڵام دەستی بە قەراغ دیواران گرت و نەیهێشت بکەوێ.

مەجوعمە خێرا خێرا خڕ دەبنەوە تەنیا مەجوعمـەی خەڵـیفە و گوروبـانی دەستی لێ نەدراوە. میوان سرت و خورتیان تێکەوتۆە.

«بۆ کوێ چوون؟ چ باسە؟»

«ئەمن ئاگام لێبوو خەڵیفە ئاماژەی گورووبانی کرد.»

«هەڵبەت دەورێش سەعید شتێکی پێ کوتووە.»

«وەڵلاهی جا چووزانم، کەس دە دەروێشی ناگا.»

«ئەرێ عوسمان خەڵیفە و گورووبانت نەدی چوونە کوێ؟»

«با ئەمن دیتم چوونە دەر.»

سمایل بەرامبەر بە حاجی محەممەد ڕاوەستاوە، ئاوقای یەک دێن، ئـەوجار دێنە بەرامبەر خات زارا و سەری دادەنوێنێ، خات زارا نێو چاوانی ماچ دەکا.

«کوڕم! بە خودام ئەسپاردی گەردنمان ئازا کە.»

«دایە گیان! ئەنگۆ گەردنم ئازاد کەن، توخودا ئەگـەر مـرادیش هاتـەوە لـە جیاتی من ماچی کە.»

خات زارا لە پڕمەی گریانی دا، حاجی بۆ لایان هات.

«بەسە عافرەت.»

سمایل چەمەدانی دەست دایە و هاتەدەر.»

سمایل و هیدایەت گەیشتونە نێوەراستی کۆڵان، بێدەنگی شەو دەشکێ.

«ئیست، ئیست!»

ڕەشایی لەوبەر ئەوبەری کۆڵان توند و تیژ دێن ودەڕۆن. زارکـی کووچـەیان لێگرتون، خەڵک واقیان وڕ ماوە.

«ئەو دەنگە چییە؟»

«گورووبان لێیان دە!»

دەنگی خەڵیفەیە، عەبای فڕی داوە و بە دوو دەستان دەسکی دەمانچەی دەکوشێ و سێرەی لە کووچەی تاریک گرتۆت. تەقەی لەسەر یەکی دوو دەمانچان خەڵکی ڕاچڵەکاند.

میوان لە حەوشە و کووچەی ماڵە کوێخا تێکداوێن.

هیدایەت هەڵدەکێشێتە دەمانچە و جوابیان دەداتەوە. گوللە بە ویزە ویز بەسەر سەری دا دەڕوا. هەرتکیان خۆ بە حەرزی دادەدەن.

«ناتوانن هەڵێن، چەک دانێن و خۆ بە دەستەوە دەن، دەنا دەکووژرێن.»

«کاک سمایل پێشیان لێ گرتووین، ڕێمان نییە بە وێدا بڕوێین، چ بکەین؟

حاجی محەممەد و خات زارا سەریان هێناوەتە دەر، دڵبە دوا چاویان لێدەکەن خات زارا دەقیژێنێ و هاواریان لێدەکا. خەڵیفە و گورووبان هەر تاوناتاوێکی لە پەنا دیواری سەر وەدەر دەنێن و تەقەیان لێدەکەن و سەریان دەدزنەوە. مەبەستیان زۆرتر مەحتەل کردنیانە. درگای ئاسنی پاسگایە کراوە. دەستەیەک ژاندەرم بە پڕتاو غار بە ئەسپان دەکەن، ڕمبە ڕمبیان شەوی تاریک و ڕەش دەلەرزێنەتەوە. خات زارا لەئەژنۆی خۆ دەدا و پڕ بە کووچە دەگری. ڕمب و هۆری سواران لە پشتەوەیان ڕا دێ.

هیدایەت سەری سووڕاندەوە و سیرەی لێ گرتن. تەقە لە دەمانچەی دێ، کۆڕژن و حیلەی بڵێندی ئەسپێکی هات و ژاندەرمێ سەری گلار بۆوە خوار، تەقەیەکی دی، ژاندەرم هەوساریان کێشا و خۆیان دا بەر تاریکی پەنا دیواران و دەسبەجێ دابەزین. لە هەرتک لای کووچە دایان گرتن، گوللە بە گیزە گیز بە سەر سەریاندا دەڕوا، وە دیواری ئەوبەر ئەوبەریان دەکەوێ، بازرە دەبێ و گڵی تەڕ لێدەکەنەوە، وە بەفری پەنایان دەکەوێ. چزەیان لێدێ. و سارد دەبنەوە، عەوڵا و مستەفا برنۆیان لە پاشکۆی ئەسپان دەرکێشاوە، فیشەکیان وەبەر ناوە و دەشانیان کردووە. سوار بوون و جڵەوی ئەسپی هاواڵەکانیان بە دەست و بە پڕتاو بەرەو دێی دێن، خەڵک بە لەز لەبەریان هەڵدێن، گورووبان و خەڵیفە تەقەیان لێدەکەن جڵەوی ئەهسپی دوایان بەر داوە، سەر دەستەکی جوابیان دەدەنەوە، شڕیخەی بڕنۆیان نەعرەی پڵینگی بوو، هاواریان لە خەڵیفە بڵیند کرد.

«سووتام، ئەی هاوار.»

پشتاوپشت دەنێو بەفر کەوت، گورووبان لە پەنا دیوار و تـاریکی دا خـزی و خۆی دوور خستەوە. ناوێرێ تەقەیان لێ بکا، مستەفا پیاوانـە و بڵـیند پـڕ بـە کۆڵان هاواریان دەکا.

«سمایل هەروا لە سەر زگ وەرنە پێش.»

وێڕای عەولا ژاندەرمی ئەوسەری کۆلانیان داگرتۆە، ئـاوڕی تفـەنگان چـاوی گورگین، دە درەوشێنەوە. خۆیان گەیاندۆتە مستەفا و عەولای جڵەوی ئەسـپیان گرتۆوە و سواریان دەبن، ڕکێف لێدەدەن و بەرامبەر بە چاوی خەڵـکی واق و وڕ ماوی میوانی ماڵە کوێخای دەنێو تاریکی شەو دا ون دەبن...!

***

# (٢٦)

هەتا سێ چوار ڕۆژان جەڕان پڕ ببوو لە ژاندەرم و ئەفسەر. هاڕە هاڕی جیب و ڕەپ ڕەپانی سواران دێیان دە لەرزاندەوە، لەڕێگای خانێوە پۆڵ پۆڵ دەهاتن، چەکدار و تەیار. قەڵس وو تووڕە دەنێو دێدا شەڕانخێویان بە بارگینیان دەکرد. لە پاسگا ڕا بۆ ماڵە حەمەد ئاغا و لەوێ ڕا بۆ پاسگا دە هاتوچۆ دابوون، بەفر و قوڕ لەژێر تەگەری جیب و سمی ولاغان دەر دەپەڕی و وەکەناری دیواری مالان دەکەوت، شوێنیان لە سەر بەفر خوار و خێچ و تێکەڵ و پێکەڵ مابۆوە. دەستە دەستە لە ئاوایی ڕا بەرەو کوێستان دەڕۆیشتن . دێهاتێکان چاویان لێدەکردن. بە پەلە لەسەر ڕێیان لادەدچوون و خۆیان دە مالان داویشت. مەگەر ئەوەی کاری زۆر گرینگی هەبا لە مال وەدەر دەکەوت؛ دەنا هەموویان لە ماڵێ دا کپ ببوون و زاتیان نەبوو وەک ڕۆژانی پێشوو لەبەر بێکاری بخولێنەوە. تەواوی کون و کاژێڕی ماڵە حاجی محەممەدیان پشکنیبوو، هەموو ڕۆژ لە بەیانێوە هەتا شەو حاجێیان بۆ سیمجین دەبردە پاسگایە، ئەو جار وە خەڵکی کەوتن، ئەوی سۆسەیان لێ کردبا وێدەچوو ئەو سوارانەی ئەوێ شەوو بناسێت دەیانکێشایە پاسگا، بەلام کەس نەبوو بیانناسێ ئیلا یەک نەفەر، کە ئەویش نەیدرکاند.

وڵات ئەهۆن بۆتەوە و ژاندەرم دێیان چۆل کردۆە، دێهاتێکان لە ماڵ هاتوونە دەر.

پیاوی پیر و بە ساڵا چوو لەچێشتانان ڕا هەتا نوێژی نیوەڕۆیە لە پاشنوێژێ ڕا هەتا بانگی شێوان خۆیان لەبەر بەرۆوچکەی دیواری مزگەوت هەڵدەخەن.

چاویان لەهەتاو، لەدوور و دوورتر دەگێرسێتەوە. کە فام دەکەیەوە و ڕاست و چەپی خۆت دەناسی چاوت لە داهاتوویە؛ لە نەدیوو نادیار، شەو و ڕۆژ دێن و

دەڕۆن، مانگ،ساڵ دێن و تێدەپەڕن. گەورە و گەورەتر دەبیَ، کەچی چاوت هەر لە پێشیَیە، چاوەنوارِی داهاتووی، ژیان دەخۆت دەگریَ، لە هەموو لایەکەوە دەتپێچێتەوە و دەورت دەتەنیَ. ئەوین، کار، ماڵ، ژن، مناڵ، لێتدەهاڵێن، دیسان چاوت هەر لە پێشیَیە، لە دوورتر.

ڕادەبوێری خێرا و بێدەنگ، ئاگا ناکەی، هەست ناکەی، ژیان گەیشتۆتە قۆناغی ئاخر، پیرو لە کار کەوتوو، سەر و پۆتراک سپی، پشتت چەماوەتەوە، چاو سیس و پرۆش بوون، بەڵام دیسان لە دوور بڕاوە!

چییە ئەو داهاتوویە بە ڕاستی؟

بەهار بە پەنامان دادیَ، گوڵ و گیا ڕسکاون، سروشت دارماڵی عەتر و بەرامی گیا و گوڵانە. هەستی پێناکەین، چاوی لیَ ناکەین، هاوین گەرم و بەتین جێی دەگرێتەوە، پاییزی ڕەنگاوڕەنگ بە شوێنی دادیَ، ئاوڕ نادەینەوە، چاو لە داهاتویە! زستان دیَ، بە جاریَ دنیا دادەگریَ، ئاوڕ نادەینەوە، بەڕاستی ئەو داهاتوویەی ژیانی هەمووومان، چاوی هەمووومانی بە دواوەیە، چیە؟ بڵێی مەرگ نەبیَ؟ ئەگەر وابیَ کە دۆڕاندوومانە و ژیانمان فیدای مەرگ کردووە، ساتەکانمان، ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانمان!

پیرێژن کۆزیکلەیان بەستۆت و تەشی و قسان پێکەوە دەڕێسن. کوڕ و کاڵ بەهیوای دیتنی کیژان کۆڵانگەڕی دەکەن. مێر مناڵ و مناڵ لە شوێنی هەوراز و بەستەڵەک خلیسکێنیَ دەکەن یان لە قەراغ چۆمی تەپکە و جەللە داوی دادەنێنەوە.

کۆخە کۆخی مام ئەحمەد نەپساوەتەوە. لەبەری بەیانێوە دەستی پێکردۆ، هەوەڵیَ نزم و نەوی دەکۆخی، حەوت هەشت جاران لەسەر یەک، قاوەڵتوونی باشتر بوو دوو سیَ جار دەکۆخی و ماوەیەکی بێدەنگ دەبوو. لە دوای بانگی ئێواریَ لێی توند کردۆت، لەسەر یەک لەسەر یەک دەکۆخی، لەگەڵ هەر کۆخەی دەفەی سینگی لە ژێر پێخەفی ئەستوور و کۆنەی بەرز و نەوی دەبیَ. هازە هازی سینگی لەگەڵ پشووکێشان و دەردانەوەی دیَ، پێچوکڵاوی لەسەر کەوتووە و سەری تاشراوی بەدیارەوەیە.

ئەسمەر چۆتەوە قولینچکێکی و هەڵکردوشماوە، بەڵکوو گوێی لە کۆخەی نەبیَ. کۆرپەکەی دەگری، جنێوێکی لەبەر خۆیەوە پێدەدا.

«جوانه مەرگ بی.»

دێته دەر، دوو کوڕەکەی هێندێکیان مێوژ لە نێوە ڕاست خۆیان داناوە و لەسەر بەشکردنی قسان دەکەن.

کووره کووژاوەتەوە و بۆنی خۆڵەمێشی دەژووریّ گەڕاوە، کچەکەی لە کوتوتاسەوە چۆە، پڕ بەدەنگ دەگری. دەسرازەی لیّ شل دەکاتەوە و لە لانکیّ دەریدێنیّ. لەسەر کۆشی دادەنیّ و یەخەی کراسەکەی دادەکێشیّ، مەمکی دەردێنیّ و ئەو ڕانەی سەری منداڵەکەی لەسەره تۆزێک هەڵدێنیّ. لیزگەی ملی منداڵەی هاتۆتە سەر زاری، بۆی لادەدا و مەمکی دەزاری دەنیّ. کچەکەی بە ملّچە ملّچ دەیمژیّ و نووزەی لێدەبریّ.

ئەسمەر سەری دەسووڕێنێتەوە و چاوی دەمام ئەحمەد دەبڕیّ. کالانەی چاوی قووڵ و ڕەش دەچنەوە، دەموچاوی زەرد هەڵگەڕاوە و تەنکە ڕدێنێکی سپی دایپۆشیوە دەستی چرچ و لۆچی لە لێفەی دەرهێناوە و لەسەر زگی بە بێوازی داینـاون، دەماری شین و گەورە لەسەریان دیارە.

ئەسمەر لەوەتی هاتبۆ ئەو ماڵە هەر ئاوای دیبوو، زەلیل و پەک کەوتوو، هەتا خەسووی مابوو باشتر بوو، ئاوێک، نانێک بایە یان پێداویستێک هەبا بۆی دێنا. دەنا جێگەوبانەکەی کە ئەویش زۆر درەنگ دەگۆڕدرا بۆی هەڵدەگرت و ڕایدەخستەوە. لە دوای مردنی خەسووشی زۆرتر خالیدی مێردی پێی ڕادەگەیی، بەڵام ئەو دوو سیّ مانگە هەموو هەر کەوتبۆ سەر شانی ئەو، بۆ شوشتنیّ یان ڕدێن و بەر تاشینیّ نەبیّ کە حاجی محەممەد دەهات.

منداڵەکەی بەپەلە مەمکی دەمژی، جار جار گۆپکەی مەمکی لەزار دەهاتە دەر، دوو سیّ دڵۆپ شیر بە قەراغ زاریدا دەڕژا سەر ملی، نووکەیەکی لێوە دەهات و دیسان بە پەلە پەل دەیدیتەوە و دەیمژێوە. لیزگەی شین و گەورەی سەر ئەستۆی تەڕبۆە.

بە دوو قامکان دەیسرێتەوە، وەبیر دایکی دەکەویّ. چۆ دەبیرێکی دوور و درێژەوە، بەدرێژایی هەشت ساڵان.

ئەودەمەی تازە خۆی ناسیبوو، شۆخ و شەنگ، خوێن لە دەماری دا وەکوڵ هاتبوو، کەوتبۆ جۆش و خرۆش. لەگەڵ دەستە بێریان دەچوونە مەڕی، تریقە تریق و حیلکە حیلکیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیی. لاوی ئەویندار سەر ڕێیان

لێدەگرتن، نەقورچیان تێکدەکوتا و لێیان تێدەپەڕین. لەنجـە و لاریـان توولــە نەمامی دەخستە ئێرەیی، ڕەوە ئاسک بوون بەنێو مێرگ و جاڕە گوڵاندا بازیــان دەدا.

وەبیر ماڵە بابی کەوتەوە، لەو دەمە ڕا ڕەگەڵ خالید کەوتبوو بە نەحلەتیان کرد و لێیان نەپرسـی. جـارێکی دایکـی بـەدزی بـاب و براکـانی هـات دیتـی، سەعاتێکی زۆرتر لەلا نەمابۆوە، تـازە عوسمـانی ببـوو، دەسـتی دەباخەڵـی ڕاکردبوو لیزگێکی شینی دەنک گەورەی هەر ئەوەی ئێستا لە ئەستۆی مناڵەکەی هالابوو دابوویە.

کۆخەی توندی مام ئەحمەد هەودای خەیاڵاتی پساند، ئاوڕی لێداوە، بەڵغەم و تف هاتۆتە سەر زاری، بە دەستەماشان لە دەسترەی دەگەڕێ، دەیبینێتــەوە و دەمی پێ دەسترێتەوە.

«ئەسمەر! ئەسمەر! کچم هەستە چۆرێکم ئاو بۆ بێنە.»

مندالی دە لانکێ دەنێتەوە و دەچێتە دەر، دەفرێکی دار هەڵدەگرێ و هێنــدێک ئاو لە جەڕەی قوژبنی دیواری بۆ تێدەکا. ئاو لە گەرووی ناچێتە خوار، بــە زۆر قووتی دەدا، دەیهێنێتەوە. زەرداوێک بەسـەر چەنــەیدا پــان دەبێتــەوە، خێــر دەچێتە خەڵوەتی و پەرۆیەکی بۆ دێنێ و بۆی دەسڕێتەوە.

هاتۆتە پەنای لانکێ و سەیر سەیر ڕایدەژێنێ. بیرێکی ناخۆش خۆ بەمێشـکی دادەدا، خۆی دادەسەپێنێ، بێ ویست و خۆازی، لە نەکاو هەڵدەقولێ، وردەوردە دەخزێتە نێو مێشکی، بێ بەزەیی داو لەسەر داو دەتەنێتەوە.

«ئەگەر خالید نەیەتەوە چ بکەم! ئەگەر بێ سەر و شووێن بچێ و...»

بە پەلە دەگەڕێ بیری بباتە سەر شتێکی دی، چاو دەگێـڕێ، دوو کوڕەکــەی لێیان بۆتە کێشە، هەڵدەستێتەوە ســەر پــێ و یــەکی چــەپۆکێکیان پێــدادەدا و بێدەنگیان دەکا.

خەیاڵ خۆی مات داوە سەر لەنوێ و لەنەکاو هرووژمی بــۆ دێنێتــەوە، دڵــی سست و ئەژنۆی بێ تاقەت دەکا، دەست لە بەرۆکی ناکاتەوە، لێی بۆتە گورگ و ددانی لە ڕیچەوە دەبا و دەلوورێنێ، مۆتەیــە و دەم دەم ئــەوکی ڕێکدەکوشــێ، بیری ناخۆش میچی خانووی فەقیرە، لایەکی دلۆپەی بکا، بیگـری، ســووچێکی دی دەست پێدەکا، پێشی پێ ناگیرێ.

تارمایی بە سەر ئاسمان و حەوشەیاندا کشاوە، دیوەکە یەکجار سارد و سڕە، دەچێتە حەسار و باوەشێک دار دێنێ و دەگەڕێتەوە، دەستە چیلەی دەتەختی کووڕەی داوێ، دوو سێ کۆلکەی لەسەر دادەنێ، دەچێتە خەڵوەتی و قدوولکە نەوتی دێنێ و پێنج شەش دلۆپیان پێدادەکات و دەست دەنێو گیرفانی پاتۆڵی دەنێ و شەمچەی دەردێنێ و هەڵیدەکا. فسە فسی داران وردە وردە ساز بۆوە. چیلک و چاڵی بنەوە گرتوویانە و کوڵکەکان ویشک و قەمان دەکەنەوە. ژووری لە حەسار تاریکترە، چراگڕسۆزی لەسەر تاقە دێنێتە خوار و نەوتی تێدەکا. پەرۆیەک دێنێ و لە دەوران دەوری دەا و هەڵیدەکا، خۆف و ترسی نەهاتنەوەی خالیدی بەری نادا.

«ئەگەر بێتوو بە بیانوویەکی سەری بە گۆمێ بکە چی؟ جا خودایە بەخۆم و سێ منداڵی ورد ڕوو دەکوێ کەم؟»

گریان دە ئەوکیدا قەتیسە. مام ئەحمەد دەمێکە بێدەنگە و کچەکەشی خەوی لێ کەوتۆە، بە حاڵ دەنگی هەناسەی گوێ لێیە. بیرێک بە مێشکی دادێ، ناوێرێ لێی گەڕێت هەراش بێ و ململانی لەگەڵ دەکا، بەڵام ترسی لێقەومان هانی دەدا، بەسەر لێشێواوی دەچێتە خەڵوەتی.

شۆقی چرای لە پشت پەردە دیارە دەلەرزێتەوە، دەڵێی بوونەوەرێکی نەناسراو سەمایە دەکا و وێنەی دەکەوێتە سەر پەردە. نازانێ بۆ هاتۆتە ئێرە، دەگەڕێتەوە ژوور، چەلێکی دیکە چاو لە مام ئەحمەد دەکا، وێدەچێ ئەویش خەوی لێ کەوتبێ؟

«دەبێ بچم، دەشقەم دڵیان نەرم بێ، دەچم لەبەریان دەپاڕێمەوە، لاقیان ماچ دەکەم.»

شانۆی چوونی بۆ ئەوێ دێنێتەوە پێش چاو، هیوایەک لە دڵیدا سەری هەڵداوە، دڵگەرم بۆوە.

چاوی دێتە سەر پەنجەرەی تارماوی و لێڵ، پاشین ڕووناکی چرای ڕۆژ لە پشت پەردەی شەو دێ ون بێ. دڕدۆنگ بۆتەوە. حەجمینی لێبراوە، نازانێ چ بکا، سەر لێ شێواو دێ و دەڕوا. خۆی ساخ کردەوە، چۆە مدبەقێ و کێردێکی دەست شاخی گەورەی هەڵگرت و دەگیرفانی پاتۆڵی خست. دێتەوە ژوور، خۆی

دادەپۆشێ، دوو کوڕەکەی مەڕمەڕێکیان داکردۆە هەر یەکەی لە سووچێکی ڕا مەڕمەڕی تێهەڵدەکەن.

ئالقەرێزی بە دەرکە دادەکا و لەسەریان دادەخا و هەڵکێشی هەڵدەکێشێ و دێتە کووچە، کۆڵان و کووچەی دێی بە تەواوی خۆیان داوەتە بەر دەستی شەو، چرای ماڵە ئاغای بریسکە بریسکیانە، کەنارە و کەناری دیواران دەڕوا، مرۆڤ تاق تاق و چەند چەند پێکەوە دەخزێنە نێو ماڵان.

بەستەڵەکە، کڕمە کڕم و ناڵە ناڵی بەفری لەسەرمان ڕەق هەڵاتوو بە ڕاشکاوی دێ. تەزووی سەرما بەلەشیدا دێ، خۆی وێک هێناوە. تاپۆی پەرژینی باغی حەمەدئاغا لە وێڕا بە وێنەی دیوارێکی نەوی دیارە. داری نێوباغی لە ژێر بەفری دوێنێدا چەماوەتەوە، تەویلە و هۆڵی ماڵە ئاغای پاڵیان وەپاڵی یەک داوە ڕەشتر لە شوێنی دیکە دەنوێنن.

ئەو قسانەی دەیهەوێ بیانڵێ دە دڵیدا دووپاتیان دەکاتەوە. جێی وشان دەگۆڕێ. شەو بەسەر بادیناوێش دا زاڵ بۆە؛ بێشەی قەراغێ تاریکتر لە کێوەکانی ئەوبەر ئەوبەرێتی. خۆف و سام کەوتۆتەدڵیەوە، سێ چوار جار تەقولباب دەکا و چاوەنوارِ دەمێنێتەوە، دەستکی کێردەکەی دەمشتۆیدا دەگوشێ.

«خەڵک چی دەڵێن با بڵێن، با بەکەیفی خۆیان سەرکۆنەم کەن.»

قەراغ چاوی ئاویان تێ تزابوو. سەری کەپۆی لە سەرمان سوور هەڵگەڕاوە. سەر و نێوچاوانی تەزیوە. دوو سێ جاری دیکە لە دەرکەی دەدا و گۆی هەڵدەخا، ئاورێک لەدێی دەداتەوە، کڵپێک، گزارەی هەژدیهایەکی بوو هاتە دەر، غوڵغوڵە و سڕمە سڕمی گوێ لێیە، دەرکە دەکرێتەوە، چاوی هەر لەدێیە، جارێکیتر بڵێسە سوور و گەش سەر هەڵدێنێ، ئەحمەدە زلە تەژە و زەلام لە پشت سەری راوەستاوە.

«چیت دەوێ؟»

کڵپە ون بووە و دیسان هەڵکشاوە، لە گەڕەکی ئەوانە، ماڵێک شەوانە بۆت و دەم بەدەم بڵێسەی ئاور لێی جیا دەبێتەوە. بە پەلەپڕووزێ غار دەدا، دەنێو بەفری ڕقهەڵاتوو دەکەوێ، ئەژنۆی دێشن و بەری دەستی دەزووڕێنەوە، هەڵدەستێتەوە و بێ ئەوەی چاو لە ئاور هەڵگرێ، غار دەدا، هەرا هەرا زۆرتر

بۆت و ئاوریش بە هێز و تابشتتر. شەبەقی لەنێو تاریکی شەوەزەنگ دا، زەق و زووپ لە چاو دەدا، بە هەناسەبڕکە گەیشتۆتە سەری کووچـە، دڵـی بـە گرمـە لێدەدا، دڵەڕاوکە و ترس تەواوی جەستەی دەخـۆی گرتـووە، مرۆڤـەکان ورد و درشت بەهەرا بە پەنایدا هەڵدێن، بۆ چڕ و بۆ کڕووز دەکووچەی گەڕاوە، بـەدەم زریانەوە دووکەڵ لووڵ دەخوا و بەسەر ماڵاندا پان دەبێتەوە.

پڕ بە گەروو دەقیژێنێ، حەوشەیان پڕەلە حەشیمەت؛ ژن و پیاو، لاو و منداڵ، وەک زەردەواڵـە هـارووژاون؛ هەریەکـەی بـۆ لایـەکی هەڵـدێ، قرچـە قرچـی ئاڵووداران، کلێپ و هۆڕی ئاوری سەرکەش، هەرا هـەرا و زیقـە زیقـی خەڵـک، شێتیان کردۆەت، ئاور بە پەنجەرەی شکاودا خۆ داوێتە حەسارێ.

ئاگای لەخۆی نەماوە، وەک شێتان غار دەداتە دەرکەی ژوورێ، گڕی گـرت و زیقاندی، لە پشتەوە ڕا پڕیان پێداگرت و دەبەفریان گەوزاند. ئاور بۆتە سـەگی هار، قەپال بە هەموو شتێکی دادەگـرێ. بـە هـەرچی وەبـەر دەسـتیان کـەوتبا بەربەرەکانێان لەگەڵ دەکرد، بەڵام هەتا تەواوی ماڵەکە نەسووتا و میچی دیوان نەڕما، چیان لەگەڵ پێنەکرا.

بێ هۆش لە قولینچکێکی لەسەر بەفر کەوتبوو، سـەروگوێلاکی ڕەش ڕەش و موی سەری تەواو هەڵپڕووزابوو، هەر خودا ڕوحمی پێکرد نەیدی مام ئەحمـەد و منداڵەکانی چێیان بەسەر هات.

ئەوێ شەو بردیانەوە ماڵە حاجی محەممەد، هەر بە نێوان ماوەیەکی وەهۆش دەهاتەوە، گوێی لە زیقە زیق و شینوشەپۆڕێ دەبـوو، دەیزریکانـد و بێهـۆش دەکەوتەوە هەتا دوو ڕۆژ و شەوان کەوت، تەنیا تاوناتاوێکی غەڵـدە غەڵـدێکی دەکرد، گێژ و وڕ چاوی دەولاتی دەبڕی، لە ناخی دڵـەوە دەیزریکانـد و دیسـان بێحاڵ دەماوە.

بەیانی ڕۆژی سێهەم ئەو پیرە پیاوانەی بۆ نوێژی بەیان چووبوونە مزگەوت کەسێکێان دیبوو لەنێو خانوو سووتاوەکەدا دەگەڕا، لە دووایە شەو دێزێک بـە پەنایاندا ڕۆیبوو، بەشێک لە شەو بوو بەجێ مابوو، لەو دەمـەوە ئیتـر کـەس نەیدیتەوە... .

***

# (٢٧)

هەشت پیاو لە دیوەخان دانیشتوون، هەشتشۆڕەلاو، سولەیمان و قادرخان لەسەرەوە و ئەوانی دیش دە دوو ڕیزاندا لە خوارەوەیان بێدەنگ چاویان لە سولەیمانە.

شەدەی هەتا حاست بڕۆی ڕەش و پەیوەستی داکێشاوە، پشتێندی توند و تۆڵ لە قەدی هالاندوە، کاغەزێکی لە پێشەو خەریکی کێشانەوەی نەخشەیە.

تاوناتاوێکی سەر هەڵدێنێ، پرسیارێکی لە قادرخان دەکا و سەر لە نوێ دەست پێدەکاتەوە، هەڵم پێش شووشەی پەنجەرانی لێڵ کردۆە. سەری هەڵێناوە، کوڕینە وەرنە پێشتر.

دێنە پێشتر و چاویان تیژ دەکەن. ئێمە لەو شۆڕا بە ئاشکرایی بەرامبەر بە زوڵم و زۆری حوکوومەتی شا، خەباتمان دەست پێدەکەین، ڕێیەکی سەخت و دووژوارمان لەبەرە، لە ئێستاوە پێتان دەڵێم هەرکامتان دەخۆی ڕانابینێ، دەتوانێ هەر ئێستا بگەڕێتەوە، بێ شەرم کردن و دڵهێشان، ئەوە مەسەلەی مان و نەمانە، هەڵبەت زۆرتر کووژرانمان لە پێشە، جا بۆیە پێم خۆشە ئەوەی مانی دەوێ، دەتوانێ لەگەڵمان نەکەوێ!

بۆڵە بۆڵیان تێکەوتووە، پێنووسی دانا سەر نەخشەکە و خۆی قیت کردەوە.

«برایان لێم دڵگیر مەبن، ئەو قسانە دەکەم بە پێویستی دەزانم هەتا هەموو شتێک بکوترێ، ئەنگۆم لە گلێنەی چاوم خۆشتر دەوێ و هەمووتان بۆ من لە عەولای برام عەزیزترن.»

فەتاح هاتۆتە سەر چۆک، نێوچاوانی گرژە.

«کاک سولەیمان ئێمە زۆر لەمێژە شەقمان لە دنیایە، لە خۆشی و حەسانەوە، لە ژینی ژێردەست داوە، بۆیەش ئەو ڕێیەمان هەڵبژاردۆە، پێم وانەبوو ئاوامان تێبگەی.»

سولەیمان بزەی سەر لێوی پەپوولێکی ڕووح سووک بوو نیشتبوو.

«فەتاح گیان! بمبوورن، ئەمن بە ئەرکی خۆمم زانی وەکوو برایەک بتاندوێنم، ئەگەر لە دڵوو گران هات بمبورن، پێنووسی هەڵگرتەوە.»

«جا ئەوجار وەرنە پێش‌تر با شوێنی عەمەلیات و بنکان دیاری کەین.»

سەریان خستۆتە سەر نەخشەی، نیسێی ئاغابانوویان کەوتۆتە سەری.

«ئێمە لێرەین.»

خاڵێکی چکۆڵەی کێشاوە، هەرێمی عەمەلیاتمان دەبێ تەواوی کوردستان بگرێتەوە، لە هەموو شوێنێکی دەبێ خۆ نیشان دەین، هەم لەبەر ئەوەی خەڵکی تەواوی کوردوستان لە هەموو دێ و شارێکی ئاگادار بن و هەم لەبەر خاتری ئەوەی دوژمن سەری لێ بشێوێ، ئەوەتان لەبیر بێ هەتا زۆرتر خۆ ڕاگرین تەنیا ئەگەر سەعاتێکیش زیاتر بێ، باشترە، ئەوەش دەزانین کە دوژمن بە هەر وەسیلەیەکی بۆی برەخسێ دێتە بەرامبەرمان، گەڕانەوە بۆ سەر ژیانی ئاسایی و نێو ماڵ و منداڵمان دەکرێ بڵێین مەحاڵە، هەر وەتر تێکشکان و ڕووخانی حوکوومەتی شا بە ئێمەش لەوەی مەحاڵتر، مینە هێندێک لە کاغەزەکەی کشاوە.

«کاک سولەیمان! جا ئەگەر وابێ کارێکی لە خۆڕایی دەکەین و بەفیڕۆ دەچین.»

هەموویان قیت بوونەوە و چاویان دەزاری سولەیمان بڕی، سولەیمان دەنکێکی سیغار دەرهێنا و دایگیرساند: «مینە گیان! لە تاریکایی شەوەزەنگ لە سارایەکی چۆل و هۆڵدا ئەو شتەی لەدوورەوە دێتە بەر چاو ڕووناکی چرایە، هەر چەند ئەو چرایە بە قەد شەمێکیش بێ.»

«تاریکی، تەنانەت ئەوەی بەردەمیش نابیندرێ! ئێمە دەبێ ئەو چرایە بین و خەپاتمان شەبەقی بێ! ئێمە ناتوانین بیابانێکی تاریک، ڕووناک کەین، بەڵام خۆ دەتوانین نیشان بدەین ڕووناکیش هەیە!»

سمایل دەستی لەسەر شانی مینەی داناوە و بە شەکرە خەنە دەڵێ:

«مینه گیان! کاک سولەیمان ڕاست دەکا، ئێمە تەنیا دەتوانین نیشان دەین ژیانی غەیری ژێردەست و سەرداخستن، دەتوانێ هەبێ، بۆ ساتێکی کورتیش ئەگەر خەڵک بیری لێ بکەنەوە زۆرە!»

دووکەڵی سیغار لەسەر سەریان دەگەڕێ و بە تەواوی دەدیوەکەدا بڵاو دەبێتەوە، هەر کەلێنێکی وەگیر دێنێ خۆ تەسک و لاواز دەکا، بە سمڕ سمڕ بەوێدا بۆی دەردەچێ.

سولەیمان پاڵی بە پاڵەپشتێکەی داوە، دەست پێدەکاتەوە.

«لەپێش هەموو شتێکیدا دەبێ ئێمە ئەو شوێنانەی سەخت و دژوارن و دەتوانن بۆمان ببنە حەشارگە و چەپەر بیانناسین و تەیاریان کەین. لەوشۆش زیاتر نابێ لێرە بمێنینەوە، مەترسی ئەوەی هەیە ژاندەرم بێن.

هەر کامە شتێکی دەکووت، لە خانێڕا بگرە هەتا سەردەشت و بانە و بۆکان و سابڵاغ تەواوی کەوتبۆ ناو هەرێمی عەمەلیاتیان.

سمایل هەستابۆە سەرپێ و بۆ هێنانی چا چۆە پەنای سەماوەر.

«کاک سولەیمان! ئەدی چەک و فیشەک و تووشەمان لە کوێڕا بۆ دێ؟»

سولەیمان دەستی هاویشتۆتە سەر شانی پان و بەقەوەتی قادرخانی، چاوی دەچاوی ڕوونی بڕیوە؛

«قادرخان! ئەوەی وە ئەستۆی خۆی گرتوە، پەیوەندیمان لەگەڵی دەبێ، بۆخۆشمان سەری لێدەدەین. لە شوێنی دیکەش هاوڕێکانمان پەیوەندیمان لەگەڵ دەگرن، لە سابڵاغێش وەهاب و عەزیز ئەوەی پێویست بێ بۆمان دێنن.

قادرخان بە دەنگێکی پیاوانە و گەرم کوتی:

«براله! ئەوە ئیدی خەتای خۆتانە، دەنا پێمخۆش بوو ئەمنیش هەر ڕەگەڵوو بکەوم، یان ئەتگۆ هەر لێرە بایەن.»

«قادرخان! کەس شکی دەپیاوەتی و جۆامێری تۆدا نیە، بەڵام بۆخۆت دەزانی مانەوەی تۆ لێرە زۆر بۆ ئێمە باشترە و مانەوەی ئێمەش لێرە پڕ لە مەترسیە، دووژمن سیخۆر و مووچەخۆری زۆرن، بێتوو لێرە بمێنینەوە درەنگ یا زوو پێدەزانن، ئەودەمە بێئەوەی توانیبێمان کارێکی بکەین، لە ناو دەچین.»

«جا چۆنوو پێ مەسڵەحەتە وادەکەین.»

ئەستێرە کە بە ئاسمانەوەیــە، شــەوبا ڕیشــۆی شــەدە و لـّـکی ئاغابــانۆان دەلەرزێنێتەوە. بارگین دەپڕمێنن، چاویان ڕەش ڕەش دەگێڕن و سمکۆڵێ دەکەن. کلکیان هێندێک هەڵدەسووڕێنن، باریان لەسەر پشتی قایم کراوە، هیدایەت یەک یەک هەوساریان دەگرێ و دەیانهێنێتە دەر.

تاق تاق هیدایەت و قادرخان دەباوەش دەگرن، کانیٚزەرد دە تاریکی ئــاخری شەودا وەک ڕێبوارێکیماندوو و هیلاک سەری لەسەر هەرد داناوە، شیرنە خــەو دەباوەشی خۆی گرتۆە. چەل چەلــە شــەوبا جیرەیــەکی لــە دەرکەیــەکی یــان شەقەیەکی لە تەنەکەیەکی دێنێ و پتەیــەک لــە کۆتەڵــی بێــدەنگی شــەو دەدا، فرەنجیان تەواو دەخۆیان پێچاوە، ساز و تەیار خۆ داوێنە ســەر ئەســپان، زۆر بە هێواشی دە ڕێزێکیدا لە پشت سەری یەک لە دێی وەدەر دەکەون، ســولەیمان لە پشتەوەی هەموویان ئاوڕیان لێدەداتەوە، قادرخان و هیدایەت وردە وردە دێن ببنە بەشێک لە لەشی پان و بەرینی شەو، ڕکێف لێدەدەن، ئەســپ ئــاو دراون، شەش شۆڕە سواری شەو بەرەو تروپکی مێژوو دەڕۆن.

***

## (٢٨)

قەدەرێکی زۆر بوو سەرما و سۆڵ وڵاتی تەنگەتاو کردبوو، دەمدەمە تاو و بان دەکەوت و ڕۆژ بە پەلە پڕووزی تیشکی داویشتە سەر هەرد. چەلی وابوو یەک دوو ڕۆژان هەر وا دەبوو، بێ ئەوەی لە تەشقی سەرما کەم بێتەوە، هەتاو زەفەری پێ نەدەبرد. لە دوایە ئاسمان دیسان شین مۆڕ دەبۆوە، هەور و هێڵ ساز دەبوو، هەور لە پشت چیا سەرکەشەکان ڕا وەدیار دەکەوتن، گەواڵ گەواڵ، ڕەش و بۆر. شیو و چیا و گووند و شاریان دەخستە ژێر پێیان و هەتاویان حەشار دەدا. دەستیان لێکئاڵقە دەکرد و دەبوونە پشتیوانی یەک، هەڵیدەکردە باپۆسکە و باکوتی و دنیا لە پێش چاوان لێڵ و تارماوی دەبوو. سەرما هەتائێسکان خۆی دەکوتا، مرۆڤ ئەوەی کارێکی زۆر گرینگی هەبا ناعیلاج وەدەر دەکەوت و خۆی دەدا بەر قەمچی سەرمایە.

دەرۆژێکی ئاوا سارد و سڕدا بەیانی زوو هێشتا شار بە تەواوی لە خەو هەڵنەستابوو، تاق و لۆق شۆقی چرایەکی سیس و کز بە شووشەی پەنجەراندا دەهاتە دەر، خالید بوخچەیەک لە بن هەنگڵیدا لە دەرگای ئاسن و گەورەی زیندان هاتەدەر، پڕ بە سینگی پشووی هەڵکێشا، ئاوڕی لە پشت سەری داوە، دوو پازگری بەر دەرگا خەواڵو و تووڕە چاویان لێدەکرد. لە خۆشیان ویستی شتێکیان پێ بڵێ، نێوچاوانی گرژ و تاڵیان پەژیوانیان کردەوە. هووی لە دەستی کرد، بوخچەی لەبن هەنگڵی هێنا خوار و بەدەستێوەگرت. بەسەر بەفری پەستاوتووی تازە و کۆندا ڕووی دە جەرگی شار کرد. دووکان تاق تاق پێڵکێیان هەڵدێنا و چاویان دەکردەوە.

ڕووی دەقاوەخانەیەکی نێو بازاڕ کرد، هەڵمی دوو سەماوەری گەورە بە تەواوی شووشەی پەنجەرەیان لێڵ کردبوو، زۆر دەبوون، ئەستوور دەبوون، سارد دەبوونەوە و تنۆک تنۆک بەسەر شووشەکەدا خلێۆر دەبوونەوە. دەیان هێڵی باریک ساز ببوو.

وەژوور کەوت و سڵاوی کرد، قاوەچی لەنێو شەقە شەقی ئیسکانان‌دا سڵاوی لێ هەستاندەوە. جێی‌کی بەتاڵی دیتەوە و لەسەر کورسیلەی دانیشت. گەرما و تینی کووره و سەماوەران لێی هاڵا، گەرمای ئازادی لە ناخێوە گەرمی داهێنابوو، وەک کەسێکی هەوەڵ جار بێ ئەو شتانە دەبینێ، چاوی لەسەر خەڵک و شت و مەکان دەگێڕا، پێی خۆش بوو تاق تاقیان دەباوەش گرێ و ماچیان کات، پێی خۆش بوو بیاندوێنێ و تێبگەن.

کەچی دوور بوون. هەموومان لێک دوورین، دەیەکتر ناگەین، دەهەست و حاڵاتی یەک ڕانامێنین، دوور لە یەکتر هەرکەسە لە دونیای خۆی‌دا دەژی. هەزاران، ملیۆن‌ها، دووڕگەی دوور کەوتوو لێکین، ئاوڕ لێکنادەینەوە، چاومان دووری نابینێ، بەر پێی خۆشمان نابینین، گێژ و وڕ دەخولێینەوە، هەر نەختێک، بە حاڵ لێک نیزیک ببینەوە، هەستمان بناسین، گوڵی ئەوین سەر هەڵدێنێ، جا ئەوی ڕۆژێ ئەگەر هەموو یەکتر بناسین، لێک ورد ببینەوە، دونیا دەبێتە گوڵزار، مردن دەمرێ، ژیانمان هەتا هەتا دەبێ، ئەمن بمرم ئەتۆ دەبی. دەتۆدا دەژیم، ئەتۆ بمری ئەمن دەبم، ئێمە بمرین، ئەو دەژیی!

شەقە شەقەی ئێسکان و ژێرپیالان تێکەڵی دەنگی ڕادیۆیەکی گەورەی زەرد ببوو کە لەسەر تاقەیەکی داندرابوو. سێ چوار چای لەسەر یەک خۆاردەوە و هاتە دەر.

وڵات بە ئێجگاری ڕووناک ببوو. بەفری ڕەق هەڵاتوو جێجێ ببوو بە سەهۆڵ چۆ نێو جەرگەی بازاڕێ، دووکاندار بە وێنەی جاڵجاڵۆوکە خۆیان مات دابوو، لاقیان دەکورسی کێشابوو و چاوەنۆاری مشتەری بوون. تەواوی ئەو پووڵەی پێی مابوو شتی پێکری، پێچی تازە بۆ بابی، لەچکەی سپی گوڵدار بۆ خێزانی. دوو جووت چەکمەی سوور بۆ کوڕەکانی و شەقشەقێک بۆ خەجێ.

ملی ڕێگای بەفراوی جەڕانێی گرت و ڕۆیی، هەر هەنگاوەی هەڵیدێناوە تاسەی دیتنیان زۆرتر شاڵاوی بۆ دێنا، پێی خوش بوو باڵی هەبا و هەر

ئەودەمە بیانگاتێ. دەیهێنانــە پــێش چــاو، ئاگــای لــە ڕێگــا نــەدەما، قــڕەی قشقەلەیەکی یان چریکەی چوڕە پۆپنەیەکی وەخۆی دێناوە.

دەێرۆانێیە دەور و بەری ئەو ڕۆژە کە گرتیان تــاق و لــۆق گەڵایــەکی زەرد و ســوور بــە دارانــەوە مــابوون، ســنووری کێڵــگان دیــار بــوو، تــاق و لــۆق جووتبەندەیەک دەدیترا خەریکی کار بێ، بەڵام ئەوڕۆ هــەموو شــتێک لــە ژێــر بەفری قورسدا پێوار ببوو، نە کەس بە دیارەوە بوو، نە گەڵایەک بە دارانەوە و نە کەوشەنی کێڵگە و مووچە و مەزرایان مەعلووم بوو.

چەندی پێ چووبوو؟ بە چاکی نەیدەزانی. تــەنیا دەیــزانی ئێجگــار زۆر، بــە درێژایی تەواوی تەمەن، هەر کە وەبیری دەهاتەوە دڵــی ڕێکدەکوشــرا. هــەموو ڕۆژێ لە پشت میلەی ئاسنی پەنجەرە ڕا چاویان دەدەرێ دەبڕی، دەئاسمان ، دە هەتاو، دەهەوران، دەپۆلێک کۆتری سپی و ئەبڵەق کــە لــە تەشــقی ئاســمــاندا دەسووڕانەوە، دەڵێن ئێوارەی زیندان ئێجگار بە تەم و خەمە، لە لای وی هەموو کاتێکی هەر وابوو، خەم و خەفەت لە دیواری، لە پەنجەرەی، لــە مرۆڤــی، لــە هەموو شتێکی زینداندا دەباری. مەگیم دونیای بێ زیندان ناتوانێ هــەبێ، یــانی بەشەر لە مێش و مێروان کەمترە؟ هەزاران ساڵە بەرد لەسەر بەرد، ئاسن لەسەر ئاسن دادەندرێ، قورس و قایم، سەخت و سەخت، ئینسانی دەخۆیــان دەگــرن، بۆوەی دەنگی نەیەتە دەر، بڵاو نەبێتەوە، لەنێو بارستی ئەواندا هەرای قەتیس بمێنێتەوە، بەشی خۆیان نەوێ، کە پێیان دهڵێی بۆ؟ دەڵێن یاسایە، بە زیندان، بە کوشتن، هەزاران ساڵە بەو خەیاڵەن، بەو هیوایە، بەڵام کەی کــاژە ڕەســەر توانیوێتی پێش بە ڕۆینی خەیاڵ بگرێ! هەتا بەرد و ئاسن بتوانن.

وەبیری هاتەوە ئازادە، بە کەیفی خۆی دەتوانــێ لاق هەڵــێنێ، چ دیوارێــک بەرامبەری نەوێستاوە! خۆشی دەخۆیــەوە پێچــا. نەیــدەزانی بــۆ بەریانــداوە، هەڵبەت لێیان حەیان بۆت بێ گوناحە، ئەدی ئەو هەموو سوێند و قوڕعانەی بۆ دەخواردن بۆ باوەڕیان پێ نەدەکرد؟

دوور و نیزیکی قاوەخانە ببوو، لای نەدا، دەیهەویست زووتر بگاتەوە دێــی، چیا و تەلان نووقمی مژ بوون، مژێکی ئەســتوور و زۆر، بادینــاوێ شــین شــین دەینۆاند مژ لەسەر سەری دەسووڕا. تاق تاق شاوە سولتانێک، دەنا دووڕنایەک لە قەراغێ باڵی لێــک دەکــردەوە، هێنــدێک باڵــیان لێــدەدا و لــوور دەبوونــە

کەنارێکی دیکە. خانووی دێی کۆزیلکەیان بەستبوو، ماڵــە ئاغــای لــە دوورەوە وەک سوورە کوانێکی دەچوو لەسەر سینگی زەوی هەڵتۆقیبێت.

ئەوی شەوێی وەبیر هاتەوە. ڕک و قین هرووژمی بۆ هێنا، زۆر زوو خۆی لــە چەنگی دەرباز کرد و بیری خستەوە سەر ماڵێ. کۆلان چۆل و هۆل بــوون، بــاوی هەنگاوی خۆشتر کرد، بە بزەیەک لەسەر لێو پێی نایە هەوەل کۆلانی دێی.

چوارپێی ماڵە حەمە ڕەشی لەسەر لێواری دیوار کلکی هــەڵسووڕاند و پێــی وەری، هەتا ئەو سەری دیواری هەروا لەگەڵی ڕۆیی، لە پشت سەریشــیڕا هــەر بەردەوام حەپە حەپی دەکرد. سەری قامکی تەزیبوون و دەتکوت سڕ و بێ هەســت بە بوخچەکەیەوە ڕەق هەڵاتبوون، تاسەی دیتنیان دەرفەتی بیرکردنــەوەی پــێ نەدەدا.

لەو کووچە تێپەڕێ دەگاتەوە ماڵێ، دوو نەفەر لە دوورەوە ناسیانەوە، بــە پەلە بە دوایدا هاتن، لە گەوەی کووچە ئــاوا بــوو، دیــواری ماڵــێی لــێ وەدەر کەوت. گرمە گرمی دڵی بڕستی لێ بڕیبوو، خوێنی وەکوڵ هــاتبوو، ئــەو چەنــد شەقاوەی ئاخری، لاقی نەدەڕۆیی. گەیشتە بەر دەرکیان، شکابوو، چاوی زیــت بوون، چۆ حەسار، چاوی ڕەشکە پشکەیان کــرد، ســەری لــە گێــژەوە هــات، ئەژنۆی سست و بێ تاقەت نووشتاونەوە. دیو و بانیــان تێکتــەپێو، ئاڵــوۆداری نیوە سووتاو و ڕەش لــە ژێــر بــەفردا، قــامکی ڕەش و ویشــکی مــەرگ بــوون دەرپەڕیبوون. لەسەر چۆک دانیشتبوو، تارمایی بەسەر چاویدا کشا، گێژ و وڕ لە حاستە خۆی حەپەسابوو، پڕمەی گریانی لە دوورەوە دەهاتە گوێی ئی خۆی بوو یان ئی یەکی دیکە؟ پڕ بە دێی نەعرەتەی کێشا بووخچە لە دەســتی کــەوتبۆ نێــو بــەفری، دێهاتێکــان یــەک لــە دوای یــەک دەهاتنــە حەوشــە. «خالیــد، کوڕەخالید؟ ئەوە بو وا دەکەی؟»

نەیدەیتن، بۆی جێا نەدەبوونەوە. نەیدەناسینەوە، لێی دەهاتنە پێش، دوور دەبوونــەوە، دەبوونــە بــەرد، ئاســن، دیــوار دەوریــان دەگــرت، لەبــەریان هەڵدەهات، دیوارێکی دی، بڵێند و قایم لە بەرامبەری ڕاوەستا، سەری تێدەکوتا نەدەبزووت؛ بۆ شوێنێکی دیکە و دیوارێکی قایمتر.

حاجی محەممەد و خات زارا بە پەلە خۆیان گەیاندبۆ حەوشــە. دەئامێزیــان گرت و لە گابۆڕیاندا.

«مامە، مامە گیان! بەخاتری خولای پێم بڵێن چ قەوماوە، بابم کوانێ؟ ئەسمەر، ئەسمە لە کۆێە؟ ئەی هاوار منداڵەکانم کوانێن؟»

پڕ بە گەرو هاواری دەکرد، خات زارا دەستێکی دەملی کردبوو، دەستەکەی دیکەی ڕادەوەشاند و پێی هەڵدەکوتن.

«کوڕە خالید گیان! ئەوە لە کوێی ماڵ وێران بووی.»

ژنەکانی دیکەش تێکڕا گەڕمە شینیان دەگێڕا، حەوشە جمەی دەهات.

«ئامۆژن، ئامۆژن گیان! شێت بووم، خۆم دەکووژم پێم بڵێن چیان لێ هاتۆ؟»

«وەیڕۆ کوڕە خالید گیان قوڕی وەسەری خۆت کە، ماڵ وێران بووین.»

شین و شەپۆڕ هەر دەهات و پەرەی سەند، خالید خۆی ڕاپسکاند و غاریدا سەر بزووتان. شێت ببوو، بە دەست و پێ بەفری لەسەر لادەدان و دەری دەکێشان و هاواری دەکرد.

«ئەی هاوار دڵم تۆقی، ئەی هاوار شێت بووم، پشتم شکا ئەی بابەگیان لە کوێی؟»

بە دوو پیاوان بن پیلێیان گرت و کێشایانە پشتەوە.

پرووشە دەستی پێ کردبوو. لەبەر وردی دەنکەکان نەدەبیندران تەنیا ئەگەر وەدەم و چاویان دەکەوت هەستیان پێدەکرد. حەشیمەت لەگەڵیان چوونە ماڵە حاجی محەممەد و پڕسەیان دامەزراندەوە. خالید هەر هەلی بۆ هەڵدەکەوت خۆی ڕادەپسکاند و سەری لە دارو دیواری دەدا. خوێن لە نێو چاوان و لاجاینگی لووزەوەی بەستبوو.

هەتا نوێژی نیوەڕۆ خەڵکی لێ ماوە، لە پاشان وردە وردە دەوریان چۆل کردن، مەلا مەحموود دوو سێ ساعەتان مۆعیزەی بۆ کرد و دڵخۆشی داوە.

خالید چەل چەلە نێوی یەکیانی دێنا سەر زار و ئەو جار سەر لە نوێ دەبۆوە پەیکەرێکی بێ جووڵە و تەکان. بە جووتێک چاوی بە مۆلاق وەستاو!

ئەوێ شەو بێ نان و چا خواردن و بێ ئەوەی ساتێک چاو لەسەر یەک دانێ گوزەراندی، تولحی بەیانی، بێ ئەوەی قسێکی بکا لە ماڵەحاجی هاتە دەر و چۆوە ماڵە خۆی. بەنێو دیوەکاولەکاندا دەگەڕا، دەهاتەوە سەر بزووتان، لای دەدان، شتێکی بێبایەخی دەدیتەوە، هەڵیدەگرت و چاوی تێدەبڕی دەهاتە

شوێنی جێگاوبانی بابی، ئـی ئەسمـەر و منداڵـەکانی، بووخچـەی دەکـردەوە شتێکی لێی دەردەهێنا و بۆی ڕادەداشتن، پێدەکەنی و دەگریا.

حاجی محەممەد پیلی گرت و بردیەوە ماڵێ، هەتا سێ ڕۆژان هـەر وای کـرد، هەموو جار حاجی محەممەد لێی دەگەڕا تێر، تێر کوڵی دڵی هەڵڕێژێ و لە دوایە دەیبردەوە.

بەیانی ڕۆژی چوارەم دەرگای ماڵە حاجی کردەوە و بە شوێن ئەسمـەردا لـە دێی وەدەر کەوت. دوو جووت چەکمەی سوور لە نێو بەفری حەسـاریان زەق لـە چاوانی دەدا... .

***

## (٢٩)

کوێخا فیکەی سمێڵی دەهات. تولحی بەیانی خۆی شووشتبوو، سەری بە گوێزان تاشیبوو، بەرگی تازەی لەبەر کردبوو و بە کەیف و دەماغ دەهات و دەچوو. بە پەلە دەچۆە ژوور، ئامینە گۆجی دەدیتەوە، شتێکی پێدەکوت و دەگەڕاوە حەسار، سەری دە مدبەقێ دەنا و لە کەموکووڕی شتومەکان دەدوا، ماوەیەکی دیکە بووکی بۆ دەهات، دەچۆ ژووری میوانان و سەری میوانانی دەدا و بەخێر هاتنی دەکردن.

سوار بەرامبەری یەکتر دەهاتن. بووک سیس و داماو، ڕووخساری زەردیان تارای سوور داپۆشیبوو. ئاڵقە و کۆچکەیان، بازنە و گوارەیان، کێڵ و بەردی گڵکۆی ئەوینیان بوو بۆیان کرابوو! مات وخەمبار چاویان دەدووری بڕابوو.

گرمەی دەهۆڵ و زیڕەی زۆڕنای چاوەشان ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیی، بووک گۆردرانەوە. لە هەر دوو دێیان شایلۆغان و بەزم ساز بوو. کیژ و لاو دەست دەنێو دەستی یەکتردا دەسووڕان و خۆیان هیلاک و شەکەت دەکرد. سەدان ڕەنگ تێکەڵ یەک دەبوون. لیزگەی ڕەنگینی ئینسانی، پەلکە زێڕینە، بزەی لێو و تریقەی پێکەنین نەدەبڕاوە. سەید حەسەن ڕانگوچۆخێکی کارەنگی تازەی لەبەر دا، کەڵەگەت و چاوو برۆ کاڵ، پێدەکەنی و ڕیزە ددانی سپی و وردی وەدیار دەکەوت. خۆش خۆش دەستی بۆ نێو باخەڵی دەچوو، جرینگە جرینگی قەرەپووڵان منالی دەهارووژاندن، شریخەی تفەنگان گوێیان کیپ کردبوو.

هێرۆ قەراغ چاوەکانی ئاویان تێ تزابوو.

«بمێنم ئی تۆم، بمرم ئی گڵی!»

لەگەڵ خۆی ناسیبوو، هەستێکی نەناسراو سەری لێدابوو، هەستێکی نامۆ و سەیر، ڕای کێشابو، وەدووی خۆی دابوو، ڕفاندبووی! لە چەنگی هەڵاتبوو، پێشەبرکەی دابۆوە، ناعیلاج وە دووی کەوتبوو، کێشابووی هەتا بەرامەر بە جووتێک چاوی شین رایگرتبوو! مرادی بەرامبەر بە خۆی دیتبوو!

لەگەڵ دەستەبێریان، لە لابێر و سەربێران، بەیانان ئێواران، لە مێرگ و چینکان، لە دارستان و مەزرایان، لەسەر بڕان، لە کۆڵان و سەربانان بەرامبەری بەدایم جووتێک چاوی شین وێستابوو. دە خەو و وشیاریدا تەنیا ئەوی دیتبوو. خۆی، و هەستی، دەچاوی ئەودا دیبۆوە. قامکیان لێکئاڵقە ببوو، بۆنی یەکتریان دەناسی، گوێیان بە گرمەی دڵی یەک ڕاهاتبوو. دیتنی قەندیل، بادیناوێ، برووسکەی هەور، ڕێژنە و شۆرابەی باران، دیتنی هەتاو، گوڵێکی، وەبیر یەکتری دەخستنەوە. هەر چۆنێکی با خویان دەگەیاندە یەک، دوور لە چاوان، ترسی چاو لە چاو! سەیرە. دەناو چاوی یەکدا نوقم دەبوون. کەچی ئەورۆ دەوری گیراوە، سەدان چاو زیت زیت لە گوێسوانەی بانی، لە حەساریێ، لە دیوان، لە هەموو سووچێکی ڕا لایان لێ سەندۆە. تەنیا چاوی مرادی لێ ونە. هەرا هەرا و زەنا زەنایە، بەڵام زۆر لەمێژە گوێی کرِ و کپن. گوێی تەنیا بۆ گرمەی دڵی مراد گووزەر دەدەن. بەستە و لاوژەیە، گۆرانی بنبزێو، دیلان و هەڵپەرکێ، شایی و بەزم و زەماوەندە، بەڵام بۆ ئەو شین و شەپۆڕە، گەرمە شین و ڕۆڕۆیە.

هەتا یەڕەو تەنگی ئێوارێ شایی نەبڕاوە. حەوشە و سەربان لە بەرگی کیژ و لاوان ڕەنگامەن، قەرەباڵغە. چەند ساڵیش دەبوو لاوێن بەزمی وای بە خۆیەوە نەدیبوو، میوان لە دێهاتی دوورەوە هاتبوون، دەستە دەستە ڕاوەستابوون. سەید تاهیر بە تەواوی توانای زەماوەندی بۆ سەید حەسەنی ڕەخساندبوو، تەواوی خەڵکی لاوێن بەشدار بوون، ئێلا عەلی نەبێ! مات و خەمبار خەریکی سازکردنی توێشەی سەفەر بوو. هەتا ئەورۆ هەر بێ دەسەڵات و بە هیوا مابۆوە، ئەورۆ ئیدی دوای بەبووک چوونی خەزاڵ بریاری گرت لە دێی بڕوات، لەو وڵاتەی بڕواتە شوێنێکی دوور و هەرایەر، وڵاتێکی کەس نەناس، بڕواتە وڵاتێکی دوور لە گۆرستانی ئەوینی؛ بڕوا هەتا بیرویادی خەزاڵی لە بیر چێتەوە؛ نەوەک

دڵ گڕنەی لێ بگرێت، لاق لە حەرزی کوتێ و هاوار بکا، دەڕۆیی هەتا کێو و دۆڵ و شیو، ببنە دیوار بەرامبەر بە ویستی دڵ!

مەجوعمەیەک لە دوای یەک بە پڕی دەهاتن. هەڵمیان لێ هەڵدەستا. دوای ماوەیەکی، سارد و بەتاڵ دەگەڕانەوە. میوان دەستە دەستە ماڵئاوایان دەکرد و وەدەر دەکەوتن.

ئەستێرە لە ئاسمان گرشە گرشیان ساز ببوو. دێ بێدەنگ و خوست ببوو تەنیا هاشە هاشی بادیناوێ لە پشت ماڵی سەید تاهیر ڕا دەهات و لەگەڵ دەنگی قاز و سووڕەقانگان کە بە ئاسماندا دەڕۆیشتن وێک دەکەوتن، پاشان تەنیا بادیناوێ سەرشێت وو هار گوڕە و لڕفەی خستە گوێی وڵات.

عەتری بەهار بە پەنجەی ناسکی سروەی بەیان، دەپڕژا.

عەلی لە حاند ماڵی سەید نەجمە ساتێک ڕاوەستا؛ دەرگایان نیوە ئاواڵە بوو، سەری داخست و ملی ڕێی گرتە بەر، ئاوڕێکی لە پشتەوە داوە، خانووەکان مێگەلی ماندوو بوون لە حەوشەدا حەسابونەوە. ڕووناکی هەر دەهات و پەرەی دەسەند. هێواش و لەسەرە خۆ هەنگاوی هەڵدێناوە، دەتکوت لاقی قورسن، کۆت و زنجیر کراون، دەتکوت گوڕیسکی ئەستووری پاپۆڕی لێ هالابوو. دیسان ئاوری لادێی داوە، خانوو چکۆلە و ڕەش و بۆر دەچوونەوە، قووقەی کەڵەبابان لە کەمێی دا و ئاسمان و هەرد تۆخێکی ناسکی ڕووناکیان بەسەردا کشا. زۆر دوور ببۆوە، گرمە گرمی دەهۆڵی ماوەیەک لە جێی خۆی ڕایگرت، زۆری پێ سەیر بوو بەو بەیانە زوویەی دەهۆڵی چی؟! گوێی نەدایە و ڕۆیی. دوای نوێژی نیوەڕۆ لە نیزیک سنوور لە چەند قاچاغچیانی بیست، ئەو گرمەی دەهۆڵەکە بیستبووی بۆ وەسەرکەوتنی تەرمی تازە بووکێکی بۆت کە دەنێو بادیناوێدا، دەنێو پێڵە بەهێز و تابشتەکانیدا نوقم ببوو...!

***

## (٣٠)

شەوی مابوو؛ چەند هەنگاو پێش‌تر دیاری نەدەکرد، لە ماڵی کەوپەڕێ دەنگی کەڵە شێران دەهات، دێ باوێشکی دێنا و دەهات لە شیرن خەوی شـەوی بـەهار وەخەبەر بێت.

دوو ژاندەرم لە سەربانی پاسگا دەهـاتوچـۆ دابـوون. بەرامبـەر بـە یـەک دەهاتن، لە حاند یەکتر ڕادەوەستان، قسەیەکیان دەکـرد و لێـک تێدەپـەڕین، هەتا ئەوسەری بانی دەڕۆیشتن و ئەزنە دەگەڕانەوە.

شۆڕە لە دەوران دەوری بانی قـووت ببوونـەوە، بڵـیندایان هـەتا ئـەژنۆی ژاندەرمان دەهات. ژاندەرمێک شـەمچەی دەنێـو دەسـتی‌دا هەڵـکرد و سـیغاری داگیرساند، کزەی سیغاری لە ئەوان ڕا دیار بوو.

سولەیمان بەماتەمات هەتا قەراغ جۆگە ئاوەکە ڕۆیی و زۆر بە ئاسپایی و بە بێ خشپە لەسەر زگ درێژ بوو، ژاندەرم پێکەوە قسەیان دەکرد، دەنگیان بە حاڵ دەگەیشتە سولەیمانی. ئاوڕێکی داوە، سمایل و مستەفا بـەکۆمـە کـۆم خۆیـان گەیاندە پەنایێ و درێژ بوون. خوڕەی ئاوی بەردەمیان یـەک هـەوا دەهـات، لـە سەرتاسەری کەنارەکانی ئەوبەر ئەوبەری بی خوڕسک ڕسکابوون. لک و چێـوی شلک و تازەیان بۆ هەموو لایەکی ڕایەل کردبوو، گەڵای چکۆلە و تازەیان کەینە و بەینەیان لەگەڵ شنەی بەیان هەبوو.

عەولا و فەتاح و مینە بە دوای ئەوان لەسـەر جێـی دیـاری‌کـراو دمـە و ڕوو ڕاکشان. دەبا زۆر بێدەنگ و هەرا لە جۆگەی پڕ لە ئاو پەڕیبانـەوە. پاسـگا لـە جێیەکی گۆڕ هەڵکەوتبوو، مەودای بەینی جۆگە ئاوەکەی هەتا پاسگا هـیچ دارو بەرد و کەندالێکی لێ نەبوو بکرێتە چەپەر، جا لەبەر خاتری ئەوەی دەبا پـێش

ئەوەی ژاندەرم وەخۆ بێنەوە، گورچوو بڕ عەمەلیاتێ بکەن و دەرفەتیان پێ نەدەن.

سمایل و مستەفا ئەرکیان ئەوە بوو هەر ئەوانی سەربانی سۆسەیان کردبا لێیان دەن و نەهێڵن لە پشت شۆڕەی بانی سەنگەر بگرن. هەرتکیان تفەنگ ئامادەی تەقە، سێرەیان تێگرتبوون، چاویان تیژ و گوێیان قولاغ، چاوەنۆڕ مابونەوە. هەریەکەی ژاندەرمێکیان دەسێرەی تفەنگیان گرتبوو.

سولەیمان ڕاوەستا هەتا ئەو ژاندەرمەی هەتا سەر لێواری بەرامبەر بە ئەوان هاتبوو بگەڕێتەوە و پشتیان تێبکا، ئەوجار زۆر بە ئەسپایی لاقی دەنێو جۆگەی نا، تەزووی سەرمای ئاوی سارد گورجێ مچوڕکی پێدا هێنا. پێلاو و کاڵەپێچی هەتا نیزیک ئەژنۆی تلیسانەوە. شڵپەی نزمی لە ئاودانی فەتاح و مینە و عەولاش هات، لاقیان لەسەر بەردی ئاوەسوی تەختی جۆگە هەڵدەخلیسکا، هەر هەنگاوی هەڵیاندێناوە ڕاوەدەستان و گوێیان و چاویان تیژ دەکرد. سولەیمان هەنگاوێکی مابوو بپەڕێتەوە، ژاندەرمێکیان هاتە سەر لێواری بانی چاوی دەحاندی سولەیمان بڕی، تفەنگی لەسەر شانی هێنا خوار، ئەوی دیکە بە پەلە هاتە پەنای هەتا بزانێ چی دیوە. سولەیمان خۆی خستە سەر حەرز، پاژنەی هەرتک لاقی دە ئاودا بەجێ مابوون.

دەنگی چەخماخی تفەنگی ژاندەرمان دەنێو شریخەی کتوپڕی تفەنگی سمایل و مەستەفادا ون بوو. دێ و پاسگا ڕاچڵەکین، شلەژان و هەراسان جەماوەری نێویان لە جێوبان دەرپەڕین. دوو ژاندەرمەی سەربانی پشتاوپشت کەوتن و دە خوێنی خۆیان گەوزان. بە قەت یەک دوو خولەکان تەنیا ڕەپەڕەپی لاقی سولەیمان و هاواڵەکانی بێدەنگی بەیانی زوویان تاراند. هەڵلاهەڵلا و قیژە قیژ لە پاسگا پەیدا بوو. سولەیمان لە لای ڕاست و عەولا لە لای چەپی دەرگای ئاسنی پاسگا لە پەنا دیوار ڕاوەستان.

مینە دەسبەجێ لە بن دیواری دەستی کردە قولاپ و فەتاحی پێدا وەسەر خست. بە دوای ئەو دا عەولا دەستی کردە قولاپ و مینە بە هۆی وی وەسەربانی کەوت، عەولا خێرا هاتەوە جێی خۆی و ڕاوەستا، سمایل و مستەفا بەهەڵاتن خۆیان گەیاندە ئەوبەری جۆگە و بەرامبەر بە دەروازەی پاسگا قامک لەسەر پلتۆکی تفەنگان درێژ بوون. ژاندەرم گێژ و خەواڵوو لەدیوان دەردەپەڕین، سەر

لێ شێواو و ئاڵۆز تەقەیان دەکرد، شریخە شریخی تفەنگان تاساندبوونی، هەر تەقەی تفەنگی فەتاح و مینەی کە دەهات زیڕنی ژاندەرمێکی لەگەلە خۆی دێنا، لەقولینچکی دیوێکی ڕا شووشەی پەنجەرە شکاو بەوێدا فەتاح و مینەیان داگرت، گوللە بە ویزە ویزە وە لێواری بانی دەکەوت لەتە خشت دەر دەپەرین و تۆز و خۆڵیان لێ بڵاو دەبۆوە، گرمژنی نارنجۆکی سولەیمان و عەوڵای دەتکوت دنیای خراپ کرد، دەرگا لەبنەڕێسمە ڕا دەرپەڕی، تەلەزمە بەرد و ورکە خشت وەسەروگوێلاکی سولەیمان و عەوڵای کە درێژ ببوون دەکەوت.

ژاندەرمە تێکیان هاویشت، لەو دیوی ڕا بۆ دیوێکی دیکە بە هەرا هەرا و قیژە قیژ هەڵدەهاتن، کەلاک لە حەسارێ کەوتبوون و خوێنیان لەبەر دەرۆیێ.

گرمەی نارنجوکێکی دیکە پاسگای بە یەجگاری نوقمی تەپ و تۆز کرد و ژاندەرمی شپرزە و کاس هێشتەوە. سولەیمان و عەوڵا خۆیان دە حەسارێ هاویشت، ئەوەی جووڵاباوە لێیان دەدا، دوابەدوای ئەوان دا سمایل و مستەفا کە لە زارکی دەرکە درێژ بوون و تەقەیان دەست پێکرد دووکەڵ و ئاور لەوسەرو ئەوسەری پاسگا دەدیترا، ژاندەرم ئاڵای سپیان هەڵکرد و بە گوڕەی سولەیمان کە کوتی: «چەک فڕی دەنە حەسار و دەست لەسەر سەر بە دوای یەکدا وەرنە دەر.»

ڕەنگ بزرکاو و حەپەساو، هاتنەدەر.

قرچە قرچی سووتانی تەختەی دەرکان و چرژدان و شکانی شووشەی پەنجەران دەنێو گریان و پاڕانەوەی ژاندەرم دا دەهات.

«مەمان کوژن، تەسلیمین، بۆ خاتری خودای مەمانکوژن.»

دووکەل و ئاور پەرەیان سەند. قەفیان دەخوارد و لێکدەهاڵان، کاکڵی ئاور لە توێکلی دووکەڵ دەهاتنە دەر، تەقینەوەی فیشەکان دەستی پێکردبوو.

سمایل و مستەفا دوای خاترجەم بوون لە خۆ وەدەستدانی ژاندەرمان، بە غار بۆ لای تەپۆلکەی دوور لە پاسگا کە ئەسپیان لە پشتەوەی بستبۆوە چوون، دوای ماوەیەکی هەر کامە سواری ئەسپێکی هەوساری دوویان بە دەستەوە گەڕانەوە شەڕگەی.

هەر شەش سوار بوون و چوار ژاندەرمی دیلیان وەپێشە خۆیان دا و بەرەو کەوپەڕ وەرێ کەوتن.

چیا قولاپیان بۆ هەتاو گرتبوو وەسەر بـانی ئاسمانیـان دەخست. خەڵـکی کەوپەڕ هارووژابوون کەس نەیدەزانی چ باسـە، هـەر یـەکی شـتێکی دەکـوت، چووبوونە سەربان، سەر قەڵاغان، دەستیان کردبۆە سەیوانی چاو، چڕەدووکەڵ و بڵێسەی تیژی ئاوریان دەدی.

«کوڕە حەسەن ئەوە پاسگایە دەسۆوتێ!»

«هۆی تەها کوڕە وەرەلێرە ڕا چاو لێ بکە، قیامەتە!»

بە قامکی دیورژنی پاسگایان نیشانی یەک دەدا.

ئەڵماسەی سەر گەڵای داران دەدرەوشانەوە، فرمێسکی مانگ بوو شـەوێ بـە سەریاندا باریبوو. دوور و نیزیکی دێی ببوون، خەڵک بەرەوپیریان هاتبوون.

لە دێیەری دێی چاویان تێبڕیبوون، دڵخوڕتی و ترس لە هـەموویان میـوان بوو.

«ئەو سوارانە کێن؟ داخوا چەتەن؟ ڕێگرن؟ دارودەستەی ئەرسەلانن؟ کـێن؟ لـە کوێرا هاتوون؟ پیاوی ئاغان؟...»

کەس نەیدەزانی. سێ چوار سەگی دڕکلک لەسـەر نـەڕەی پشـت ئامبازیـان بوون، دوور و نیزیکیان دەسووڕان و دەوەڕین، زاتیان نەبوو زۆریان لێ نیزیک بنەوە، سوار قیت و قۆز نیوە غاریان بە ئەسپان دەکرد، تفـەنگیان لـە شـانیان دادەبریسکاوە، ڕێچکەی خۆناوکە لە نێوچاوانیان ساز ببـوو، کاکۆڵـی نـەرم و ڕەشیان لە ژێر شەدە و ئاغابانووان ڕژابۆ سەر تۆێڵیان. ڕێیان بۆ کردنەوە، بـە نێوانێاندا هەتا گۆڕەپانی دێی هـاتن. کلکـە لغاویـان کێشـا و لـە نێوانێـاندا ڕاوەستان. چوار ژاندەرمە بە لاقیاندا نوسابوون، گریان و نووزەیان لێکدرابوو، فزە لە خەڵکی نەدەهات، بە سەیری چاویـان لێـدەکردن، سـولەیمان لەسـەر پشتی ئەسپەکەی خۆی قیت کردەوە چاوی بەسەر خەڵکدا گێـڕا، بـە دەنگێکـی گەرم و پیاوانە سڵاوی کرد، هاواڵەکانیشی بە دوای ئەودا سڵاویان کـرد و پـیرە پیاوەکان سڵاویان لێ ئەستاندنەوە.

«ئێمە لە خۆتانین! کوڕی ئێوەین، نە چەتەین، نە ڕێگـر، تـەنیا کـوردین و بەس، دژ بە زووڵم و زۆری حوکوومەتی شا و ژاندەرمە ڕاساوین!»

دەنگی تەقینەوەی فیشەکان نێو نێوە لە پاسگاڕا دەهات!

«ئێمە لەبەر خاتری ئێوە و هەزارانی وەک ئێوە دەستمان داوەتە ئەو خەباتەی!»

سرتە سرت و پسکە پسک کەوتبوە نێو خەڵک، بەسەر سوورمانەوە چاویان لێدەکردن «بڵێی چەتە نەبن، بڵێی دارودەستەی ئەرسەلانی نەبن.»؟

سێ پیاوی پیرو ڕدێن سپی لێیان هاتنە پێشتر.

«بەخێر بێن پێڵاوتان لەسەر چاومانە، دابەزن با بچینە ماڵێ وەحەسێن.»

سولەیمان کوتی: «سوپاسو دەکەین، ئێستا ناتوانین بێین، کارمان هەیە، بەڵام ئەوەی بزانن لەوەی بە دواوە ئێمە و لەپشتە.»

ژاندەرمە یەکبین دەگریان و دڵە لەرزە قسەی لێ تێکەڵ و پێکەڵ کردبوون. سولەیمان ڕووی دە ژاندەرمان کرد و کوتی:

«ئێوەش هەر برای ئێمەن، بەڵام بێتوو لەوەی دواوە لە هەر شوێنێکی زوڵم لە خەڵکی هەژار و نەدار بکەن دڵنیا بن دێینە سەرتان و تۆڵەتان لێ دەستێنینەوە. ماڵئاوایییان لە خەڵک کرد و دەنێو سەدان چاوی بە مۆلەق وەستاودا لە کۆڵان تێپەڕین و لە دێی وەدەر کەوتن؛ بەرەو شوێنێکی نادیار غاریان بە ئەسپاندا.

چوار ژاندەرمی دێل هەتا ماوەیەکی زۆر هەر گریان و لەرزان، لە دوای خاترجەم بوون لە ڕۆینی سواران کەوتنەوە خۆ، بەسەر خەڵکی داگوراندیان و داوای ئەسپیان لێکردن. لە ترسان هەر کەسەی بە کەلێنێکیدا فیزماڵکی دەدا و خۆی لە چاویان دەشاردنەوە. دوو سێ نەفەر ئاخری ناعیلاج هەر چۆنێکی بوو چوار وڵاخی لەر و لاوازیان بۆهێنان. ژاندەرمە سوار بوون و بەپەلە بەرەو پاسگای جەڕان کە نیزیکترین پاسگا بوو تاویان دان!

دەنگی تەقینەوەی فیشەکان نەدەهات، وادیار بوو هەموو لە ناو چوو بوو، گڕی ئاور دامرکابوو، تەنیا دووکەڵێکی ئاماڵ ڕەش لەسەر پاسگا هەڵدەکشا. لادێیەکان دەتکوت لە نەکاو لە خەوێکی قورس هەستابوون، وردە وردە دەهاتنەوە سەرەخۆ. گرینگی ڕووداویان دەهاتەوە بیر، نەیاندەزانی دەبێ چ بکەن، هەڵێن؟ بمێننەوە؟ بچنە پاسگا بۆ کووژانەوەی ئاور؟ یان هەڵێنە مووچە و مەزرایان؟ سەرلێ شێواو و گێژ چاویان لێکدەکرد و سەدان پرسیاریان

لێکدەکرد. دەهاتنە سەر ڕێــی خانــێ و دەســتیان دەکــردە ســەیوانی چــاو و دە دووریان دەڕۆانی.

هەتاو بەرەو تاقی ئاسمان وەڕێ کەوتبوو، تەزووی بەیانی شـکابوو، پـۆل پۆل باڵندە لە چڵوکی دارو دەوەنان دەنیشتن، جریوە جریویان یەکبین دەهــات. هەتا ڕۆژ درەنگ‌تر دەبوو، دڵخورتی و نیگــەرانی خەڵــک زۆرتــر دەبــوو، لــە مزگەوت کۆ ببوونەوە و تەگبیریان دەکرد. زۆری نەخایاند هــاڕە هــاڕی جیــب و گرمە گرمی سمی سواران لە دوورەوە هات، بەرەبەرە کە هاڕە و ڕمبەیان بڵیندتر دەبوو تەگبیر و بیری ئەوان زۆرتر تێکدەشکا. پیاوە دمڕاست و ڕدێن سپێکان لــە پێشەوە و ئەوانی دیکە لە پشتەوە بەرەوپیریان چوون. جیبێک لە حاست ئــەوان ڕایگــرت، دوا بــە دوای ئــەودا دوو جیــب و پــازدە ســوار گەیشــتنێ، خەڵــکیان گەمارۆدا، چاویان خوێنی لێدەباری. ئەسپ دەســووڕان و دەیانحیلانــد، کــەس زاتی نەبوو جووڵەی بکا، هەر یەکەی بە تەمابوو زووتــر لــە پشــت ئــەوانی دی خۆی لە چاویان بشارێتەوە. سەروان بــاکویی درێــژ و باریــک دەرکــەی جــیبی کردەوە، زۆری حەولدا جێیەکی ویشک ببینێتەوە لاقی لە سەر دانێ. پۆتینی لاقی بریقەیان دەدا، جێیەکی وای نەدیتەوە، ناعیلاج لاقی دەقــوڕ و چڵــپاوەکەی نــا. تێکڕا سەریان بەردابۆوە چاویان لەبەر پێی خۆیان بڕیبوو. سەروان ئــاوڕی لــە پشتەوە داوە، بە قامک، ئاماژەی بۆ ئیستیوار ئەکبەری کرد و بــانگی کــردە لای خۆی. ئیستیوار بە پەلە لە لای جیبەکەی پشتەوەڕا بــۆلای هــات، شــەق و ڕەق بەرامبەری ڕاوەستا. ئیکلامی بۆکێشا و کوتی:

«ئەمر بفەرموون قوربان.»

«ئیستیوار تێیان هەڵدەن... »

خۆی کۆم کردەوە و ســواری جــیبی بــوو، جیبــە هاڕەیــەکی کــرد و ســەری سوڕاوە، قوڕو زەلەقی ژێر تەگەڕانی پڕژا سەر دەم و چاو و بەرگ‌ولیباسی پیاوە پیرەکان. هەراهەرا و زیقە زیقیان تێکــەوت. ڕێژنــەی شــەپ و زللــە و قۆنــداغی تفەنگی ژاندەرمان قیامەتێکی ساز کردبــوو. تەقــەی شــکانی ئێســکان، تەپــەی کەوتنیان دەنێو قوڕ و زەلەقی، ناڵە نــاڵ و پاڕانــەوەیان، هیچــی نــەیانتۆانی تورێک لە تەوژمی ژاندەرمان کەم کاتەوە لە پەنای لەشی یــەکتردا کــەلێنێکیان دەدۆزێوە، بە تەمای دەرچوون، بە وێدا هەڵدەهاتن، شەپێک یان زللەیــەک یــا

قۆنداغە تفەنگێک لە پشتەوەڕا پەژیوانی دەکردنەوە. ژن لە دوورەوە خۆیان دەبڕینەوە، داد و فیغانیان پۆلی باڵندەی سەر لک و پۆپی داری دێ و قەراغی دێی هەڵفڕاندبوو، ئەسپ سەر سمیان دەدا و قوڕو چڵپاو لە ژێر سمیان دەردەپەڕی. چەلی وابوو دەسووڕانەوە و سواریان لەسەر پشتی دەکەوتە خوار، ئەودەم ئیدی سواری کەوتوو ڕوحمی بە کەس دا نەدەهات.

کەس نەیزانی چ ماوەیەک لێیاندان، بەڵام هەتا سەروان لە پاسگا گەڕاوە بە دەگمن هەبوو یەکێک جووڵەیەکی لێ هاتبا. تێکڕا خوێناوی و قوڕاوی، شەکەت و هیلاک لەسەر هەردی تخێڵ ببوون. سەروان لە جیبی نەهاتە خوار، ئیستیوار ئەکبەری هاتە بەرامبەری و ڕەق ڕاوەستا. «ئیستیوار بزانە ئەوانەی قسەیان دەگەڵ کردوون بیانبیننەوە و لەگەڵ خۆتان بیانهێنە جەڕانێ، دوو ژاندەرمیش بۆ کێشک بنێرە پاسگای کەوپەڕێ.»

بەو ڕێگایەی پێیدا هاتبوون لە دێی وەدەر کەوتنەوە. ئەوی شەو هەتا درەنگانێکی لە غاڵبی ماڵانڕا ناڵەناڵ و گریان دەهات، ژن و کچیان برینێیان هەتوان دەکرد و تووک و دوعایان لە ژاندەرم و لە سولەیمان و هاوالەکانی دەکرد...!

***

## (٣١)

هەژدیهایەک بوو، شامارێک بوو، تووڕە ڕادەخوشی، شێت و هار سەری لـە چیای ئەوبەر ئەوبەری دەدا، کەف وکوڵ لە قـەراغ لێـوی دەڕژا. هـاژە و وشـەی قۆناغەرییەک دەڕۆیی. سووڕی دەخوارد، دەهاژا، هەڵدەمسا، مـارێکی بریـندار بوو پاپۆکەی دەخوارد و خۆی داویشت. بڕوات نەدەکرد هـیچ لەمپـەرێک، هـیچ کێوێک و بەردێک توانـای بەرهەڵسـتی بـێ. سـەدان کـانی و جۆگـە ئـاو لـە شاخانڕا، لە شیو و خڕ و کانیان ڕا وەک بێچۆ ماری سپی، خۆیـان دەباوەشـی داویشت. شەو و ڕۆژ ئەو مارانە دەهاتنە خوار، تەواوبوونیان نەبوو، بـە سـەر تەق تەقە بەرداندا، بە سەر گاشـە بـەردی زلـدا، بـە قـەراغ و کـەلێنی تاتـە بەرداندا، بە بەر پێی هەزاران پنچک و بی و چناراندا ڕادەخوشین، درێشـوویان لە پنگ و کووزەڵە و پنچک و سـێسـوی بـەر سکیان دەخشـاند، لـە پاشـان دەچوونەوە نێو زکی دایکیان! بادیناوێ ئەسـتوور و درێـژ دەبـوو، دەبـوو بـە ئەسپێکی سەرکەش و تووڕە، نێرینەی سەر پشتی یاڵ و پژی بوون، سپی سـپی لە چاوانیان دەدا، بڕەو چالاک بەسەر بـەردی گـەورە قەڵـمبازی دەدا و بـەرەو دەشتایی، بەرەو گەرمێن غاری دەدا.

شینکە لە هەموو شوێنێکی پەیدا ببوو، لە قەراغی چۆم و ئاوان، لـە داوێـنی چیا، لە مووچە و مەزرایان، لە دەم کـانی و جۆگـان، لـە سـەربانی مـاڵاندا؛ سروشت بووژابۆوە، زەوی وەجۆش هـاتبوو، پشـووی هەڵدەکێشـا، قاسـپەی کەوان، لە داوێن و بناری شاخی بەرداوێ، لەسەر ڕەوەزە بـەردی گـەورە، لـە چینچینی نەردەک و کەوانەی شاخان، لەسەر دەڵاو و چێنکان، چریکەی بولبول

و سەیرە، سوورانی هەڵو و پەڕکووڕ و باشووان تێکڕا شاباشــی بــووکی بــەهار بوون.

دەمێک بوو چاوی، خیزاو و شەپۆلی بادینــاوێی لــێ میــوان بــوو. کــەناری کاڵانەی چاوی، چینی وردیان تێکەوتبوو. ئەو سێ چوار مانگەی بە سەد ســاڵان لێ گوزەرابوو، چەند جاران ویستبووی دەو مانگــەی ئــاخردا خــوێ بکــووژێ، نــەیتوانیبوو، هەســتێک، نیازێــک، بیرێــک، شــتێک هــەموو جــار دەســتیان کێشابۆوە و نەیانهێشتبوو. مەودا بۆ مردن زۆرە بۆ ژیان کەم؛ گەڕابۆوە باوەشــی ژیان. هەتا نەیبینێتەوە، چەلێکی دیکە چاو دەچاوی ڕەشی نەبڕێتەوە، جارێکی دی پەنجەی دە دەستدا نەکوشێ، ناتوانێ. گریان و کوڵ دەقــورگیدا پنگاویــان خواردبۆوە. مونجیان دەدا، شێت و هار سووڕیان دەخوارد و خۆیان بە کــەناری چاو دا دەدا، ئەو جار بەسەر پانایی دەم و چاویدا پان دەبوونەوە. مانگێک بــوو بە شوێنیدا ڕۆیبوو، دێبەدێ و شاربەشار، کۆڵان بەکۆڵان و ماڵ بــە مــاڵ لێــی گەڕابوو، بەڵام ببۆوە قەترەیەک ئاو و تێکەڵی بادیناوێ ببــوو، ڕاخووشــیبوو، ببوو بە هەناسەیەک هاتبوو و ڕۆیبــوو، دڵــۆپێک فرمێســک بــوو بــە قــوژبنی چاوێکدا ڕژابوو، شەپۆلی بادیناوێ یەک لەســەر یــەک وەســینگی گابــەردێکی دەکەوتن، پەلیان دەدا، هەزاران پڕیشکیان وەحەوا دەکەوت و لەبەر تیشکی ڕۆژ دەدرەوشانەوە!

لە ماڵە خەزووری وەدەریان نابوو، سەرشکەستە و خەمبار تووشــەی تــەمی لەکۆڵ، لە ئەندیزەی وەدەر کەوتبوو. خەسووی وەدوای کەوتبوو، کــڕوکپ بــۆ لای هاتبوو، خۆی دەباوەشی هاویشتبوو بۆنی پێوە کردبوو، بــۆنی کچەکــەی، نەوەکانی. «ئەسمەر لە کوێیە؟»

چاویان وە زنەزن کەوتبوو.

بــێ ئــەوەی ئاگــای لــێ بــێ هــاتبۆوە ســەر ڕێگایــە. دووورادوور زەوی خڕەسووتمانێ ڕەش دەچۆوە، لــە پەســاری کێــوی پشــتەوەی پەڵــە بــەفرێک کەوتبوو نساری تیشە شاخێکی گەورە.

وەختی کێڵان و تۆو پێوەکردنێیە؛ بەری بــەیانێ کــەڵان وەپێشــەخۆی دەدا، نەقیزەیان تێدەکوتێ و هۆهۆی دەنگدەداتەوە. زەوی وەگا هاتۆە.

هەتا زەردەپەڕان، هەتا شێ بوونی پەڵە هەور لە ئاسۆ، سینگی هەڵدەدڕێ.

غۆڵەغۆڵی خەڵکی گوێ لێیە. دەستەیەک سێروو بە فیتە فیت، ئاسمانی سەرسەریان دەمێکی کوورت ڕەش هەڵگەڕاند. لە چۆمی پەڕینەوە، لەسەر پەڵە زەویەکی نیشتن.

«نابێ بەجێی هێڵم، دەبێ بیچێنم!»

هیوا نەمرە، دەژی، لەگەڵ بوونمان لەگەڵمانە! بەرز و نەوی، ژیانی هەمووانی ئاخنیوە، ژیان تاڵ بێ یان شیرین، سەخت بێ یان لەبار، ژینی خۆی لە هیوای گرێداوە، پەیوەندیان ناپسێ، هەرگیزاوهەرگیز!

هەناسەیەکی هەڵکێشا و ورتەیەکی لێوەهات، ئاخ بابە، ئاخ ئەسمەر، هەی مناڵە ژیکەڵانەکانم! پشتم شکا!

***

## (٣٢)

جەڕان پڕ بۆت لە ژاندەرمە، سەروان لەو دەمێوە گەڕابۆوە نێو دێی پەیتا پەیتا بێسیمی بۆ تەواوی پاسگای ناوچەی لێدابوو. هاڕەهاڕی ماشێن و زرمەی سمی وڵاخان نەپساوەتەوە. سەروان تووڕە و تۆسن لە دیوەخانی حەمەدئاغا پاڵی بە پاڵە پشتێوە داوە؛ لەسەر یەک لەسەر یەک سیغاری هەڵدەکا و دەیانکێشێ، ئیستیوار هەر تاو ناتاوێکی دێتە ژوور ئیکلامی بۆ دەکێشێ و ڕاپۆڕتێکی دەداتێ و دەگەڕێتەوە، حەمەدئاغا لە پەنای دانیشتۆوە و قەننەی قوڵتەقووڵتێتی؛ خۆش خۆش هەرای ئەحمەدە زلە دەکا و شتێکی پێدەڵێ. ڕەحمانئاغای کوڕی و ئەرسەلان لە خوارەوەی ئەوان بێدەنگ و بە ئەدەب دانیشتوون.

حەمەدئاغا چەلێکی دی هەرای ئەحمەد دەکا:

«ئەحمەد خێزابن نانی بێنن، جەناب سەروان برسێتی.»

سەروان مژێکی توندی لە سیغاریدا، دووکەڵی هەتا ماوەیەکی دەرنەداوە، ئەوجار بە لووت و زاریدا دەری داوە، وەک لەگەڵ خۆی بدوێت:

«جەناب سەرهەنگ قزلباش زۆر قەڵسە، پێی کوتووم دەبێ هەتا سێ ڕۆژی دیکە قۆڵبەستیان کەم و بیانبەمە خانێ!»

سیغاری دەژێر سیغاریدا دەکووژێنێتەوە. چۆە دەبیرێکی دوورو درێژەوە، ئەحمەد و کاردارێکی منداڵکارە، کەوڵی دێنن و لە نێوەڕاست ژوور ڕایدەخەن، توندوتۆڵ دێن و دەڕۆن و کەل و پەلی شێو خواردن دادەنێن.

حەمەد ئاغا قەننەی بەردەمی لاداوە، ڕووی دەسەروانی کردۆە؛ «جەناب سەروان ئەگەر ئیزنت لەسەر بێ، ئەرسەلان و پیاوەکانی لە گەڵوو بێن.»

ئەرسەلان بزەیەک قولینچکی سمێڵی ئەستوور و ڕەشی لەراندەوە.

«جەناب سەروان ئەمن دەخزمەت دام، ئەمن بەڵەدی تەواوی کوون و کاژێڕی ئەو شاخانەم. بەڵێنیو پێدەدەم لەهەر جێیەکی ئەو کوێستانەی بن بیانبینمەوە.»

سەروان چاویلکەی لە چاوی دەرهێنا، هەڵمی زاری دەشوشەی کرد و لێڵی کردن، شیتالێکی خاوێنی لە باخەڵی دەرهێنا و پێی ئەستڕێوە، دەچاوی کردنەوە و جووان ڕۆانیێ ئەرسەلانی، شان و باهۆی پان و پۆڕی، دەفەی سینگی دەرپەریوو قایمی، کەمبەری باریک و هەیکەلی پیاوانەی، لە ناخی دڵەوە ئێرەیی سەروانی بەدواوە بوو.

«زۆر باشە خۆتان ساز کەن بەیانی زوو بەدوایاندا دەڕۆین.»

تاریک و ڕوونی بەیانی، جریوەجریوو سریوە سریوی باڵندان دەستی پێنەکردۆت، ژاندەرم و دەستەی ئەرسەلانی لەگوڕەپانی دێن. هەوا بێ خەوش و خاوێنە. بەرەبەرە ئاسمان دێ و ڕوون دەبێتەوە، سەروان ئاوڕ لە پشتەوە دەداتەوە، دەدوو ڕیزاندا ڕێکوپێک ڕاوەستاون، بەدەست ئیشارەی ڕۆینێ دەکا. سوار بەرەو کوێستانی هومام، ئەو شوێنەی ڕاپۆڕتیان دابوو بە وێنەی کوتکە مارێکی ژاراوی بە سینگی دێیدا دەخوشێن.

وەرزی کشتوکاڵ بوو، جووتبەندە لە تولحی بەیانێوە دوو دوو و تاق تاق کەڵ و گایان وەپێشە خۆ دەدا، لە دێبەران، لەبنار و پێدەشتان، هێور هێور بە نووکی گاسنی سینگی زەوییان هەڵدەدڕی. بەرامبەر بە تیشکی هەتاو، مست مست تۆی جۆ، گەنمەشامی و هیوایان دەچاند. لەوسەرەوسەری زەوی پێ بە پێی کەڵوگایان دەهاتن و دەچوون، زەوێیان پنۆک پنۆک دەکرد.

حاجی محەممەد و خالید دووکەڵیان وەپێش خۆ دابوو، قەول و بڕیان کردبوو هەوەلێ زەوی ماڵە حاجی بکێڵن، لە دوای ئەوی بچنە سەر زەوی خڕێ سوتمان. پرێسکەی نان و پێخۆریان بەسەر دارێکی کردبوو، لە پشتەوەی کەلان بێ ئەوەی هیچیان قسەیەکی بکا دەڕۆیشتن. بۆنی تەپاڵەو ڕیخی تازەی گاڕانی دێی، کووچەیان داگرتبوو. شکۆفەی داران هەزاران منالی بابۆلەپێچ بوون لە ئامێزی دایکیاندا نووستبوون.

لەدووێنێ ئێوارێوە کە خالید هاتبۆوە، تەنیا چەند جاری قسە کردبوو. ئەویش سەبارەت بە کێلانی زەویکان و وەسەلام، نە باسی بابی کردبوو نە ئی

ئەسمەر و منداڵەکانی و نە ئی مرادی و نە ئی هیچ شتێکی دیکە. حاجی لێی گەڕابوو دەحاڵ و هەوای خۆیدابێ، خاتزاراش تەنیا بە قەراغ چاوی سوور هەڵگەڕاوی، لەبەر خۆیەوە فرمێسکی هەڵدەوەڕاند.

لەوەتی مرادیان بۆ ئیجباری بردبوو، لەوەتی ئەو موسیبەتەی ماڵە مام ئەحمەد هاتبوو پێشێ و لەوەتی مەنافی زاوای کووژرابوو، لە پەنایەکی هەڵدەکوڕما، دەستی بۆ هیچ نەدەچوو، چاوی دەشتێکی دەبڕی، کەسی نەدەدی، هیچی نەدەبیست، ویشک هەڵاتبوو، ئەگەر دیبات بڕوات نەدەکرد ئەوە هەناسەش هەڵکێشێ، خالیدیش کە گەڕابووە نە ئەو هیچی کوتبوو و نە ئەو، چاویان لێکدەکرد، هەر یەکە لە قووژبنێکی هەڵدەکروشما، تەنیا حاجی نێوە نێوە قسەیەکی دەکرد، ئەویش بێ وڵام دەماوە. حاجیش تێکشکابوو، ڕوومەتی چرچ و سیس ببوون، چاوی شینی سارد و سڕ، ڕدێنێکی سپی، پانایی دەم و چاوی داپۆشیبوو. هەرسێک بەقەت چەند ساڵان تێکشکابوون.

دێهاتێکان دووراودوور دەیاندیتن، بە پەلە دەستی منالە وردەکانیان دەگرت و دەژووریان داویشتن، کڕ و کپ لە ماڵیاندا گوێیان هەڵدەخست، جووتبەندان دووراودوور دەستیان دەکردە سەیوانی چاو و بە سەرسوڕماوی و دڵخورتی هەتا لە چاویان ون نەدەبوون سەریان دانەدەخستەوە، پۆلی باڵندان لە لکوپۆپی داران بە هۆی زرمەی ئەسپان هەڵدەفڕین لە ئاسمانی سامالدا دەسووڕان. لێک جێا دەبوونەوە، لە یەک نیزیک دەبوونەوە دوور و درێژ دەبوون و بەرەو تەشقی ئاسمان دەڕۆیشتن، تێکڕا غیژی شوێنێکی دی دەبوون، هەوێردە و زڕەکەو بە خۆیان و جووجەڵەیان بەپەلەپڕووزێ لە بەریان هەڵدەهاتن، لە پەنا مێرگ یان چیمەنێکیدا خۆیان لە چاویان دەشاردنەوە.

دوو میری سەرماو گەرما دەستەوملانی یەک ببوون.

لە لانسارو زینووی چیا بڵیندەکاندا، لەنێو دارستانی چڕ و پڕ پنجدا، لە دەم چۆم و ئاواندا، سەرما بە تابشتتر و لەنێو گوند و دێبەران و شوێنی بەرەو ڕۆژدا، لەنێو دۆڵ و بوهەڵاندا گەرما پڕزۆرتر ببوو.

هەتاو هەزاران ڕمبی زێڕینی داویشتە کێو و تەلان، گژوگیا، بە مەتاڵی سینگیان، دەیانگێڕاوە و دەدرەوشانەوە. شاخ پشت بە پشتی یەکتر قورس و قایم ڕاوەستابوون. سەدان و هەزاران کێوی سەخت بەرامبەریان چەقیبوون، هەزاران

کوڕی بە ئەمەگ بوون بە درێژایی مێژوو و دژ بە زۆرداران ڕاسابوون. دەستە و نەزەر و بێ جووڵە بەرامبەر بە سەرۆکیان قەندیل سەفیان کێشابوو.

کەلێن بە کەلێن و بەرد بە بەرد دەگەڕان، لە مێشە و دارستان قامک لەسەر پلتۆکی تفەنگان گورج لێکبلاو دەبوونەوە بە ترس و لەرزەوە دەڕژانە نێویان. دار بە دار دەیانپشکنی و لەو سەری دەهاتنەوە دەر، بە سینگی شاخان هەڵدەگەڕان، لە پێهەڵی چیای بەرز پشوویان سوار و هەناسە بڕکەیان دەبوون بە سەختی ڕەشمەی ئەسپانێان ڕادەکێشا و وەدوای خۆیان دەدان. لە ئەژمار نەدەهاتن لە لاخڕان سەدان ورکە بەرد و تلێشەبەرد لەبن پێی خۆیان و سمی ئەسپێان دەردەپەڕی، ئارەقەیان لێ سارد دەبۆوە؛ توند و بەپەلە دەهاتنە خوار و دیسان بەرامبەر بە خۆیان چیایەکی دیکەیان دەدی، لەوی هەوەڵێ بەرزتر و قایمتر، کەس نەیدەزانی هەتا کوێ کێشراون، لە کوێی دونیایە دەستێان پێ کردۆە و لە کوێ کۆتاییێان دێت.

سەروان هەتا چاو هەتەری دەکرد بە دووربینی دەیڕۆانییە دووری، لە دووندی چیاکان ڕا پێدا دەهات، نێو ڕەوەزە بەردان، ئەشکەوت و قەڵشتی بەردی گەورە، پێدەشت و داوێنان. چاوەنۆاڕی دیتنی جووڵەی، زیندەوار و ڕەشاییێکی دەماوە. کەچی هەتا ئەو دەمە تەنیا چەند چەلان کەروێشک و ڕێوی و حەیوانە کێوی دیتبوو هیچیتر، بیری دەکردەوە؛ «ئەگەر سەد ئەوەندەش بن، هەزار ئەوەندەش بن، هەموو ڕۆژ لە بەری بەیانێوە هەتا بانگی ئێواریش لێیان بگەڕێن، نایانبیننەوە.»

لە ناخی دڵەوە قەڵس وو تووڕەدەبوو، پێی خوش بوو هێزێکی هەبا ئەو کێوانەی تەخت کردبا، جا ئەودەم دووربینی دەوڵاتی گرتبا و هیچ شتێک نەبا پێش بە چاوی بگرێت! ئێستا مابۆوە چ بکا.

ژاندەرمە ماندوو و بێ تاقەت ببوون، ئەرسەلانیش نەیتوانیبوو هیچ کارێکی بۆ بکا، لە وەسەر کەوتنی شاخاندا زۆریان ئیدی لە نێوەی ڕێگە دادەنیشتن.

سەروان جارێکی دیکە دووربینی دەشاخان گرت، مەڕ لە داوێنی چیای هەڵەمووتی بایزبەگی ڕێچکەیان بەستبوو.

بانگی ئیستیواری کرد و کوتی: «خێرا بڕۆن ئەو شۆانەی بێننە ئێرە.»

«بە چاوان قوربان.»

ئیستیوار لەگەڵ دوو ژاندەرمە و ئەرسەلانی تێهەڵبوون، سێ سەگی مەڕی لە مەڕان جیّا بوونەوە و کلک لە سەر نەرەی پشت شاڵاویان بۆ هێنان، ئەسپی ئیستیوار سڵەمیّەوە و حیلاندی، سەر سمی دا و سواری خۆی بەرداوە، شریخەی تفەنگی ئەرسەلان و قرووسکەی سەگی تێکەڵ بوو.

شۆانەکە بۆ بێدەنگ کردنی سەگەکان سەربەرەوژێر غاری دابوو بە شریخەی کوتوپڕی تفەنگی لە جێی خۆی ویشک هەڵات.

گەیشتنە سەر سەری، لە ترسان زمانی لە گۆ چووبوو، ڕەنگی وەک کای لێ هاتبوو، هەتاو لە تەشقی ئاسمان دەدرەوشاوە، دوو پەڵە هەوری سپی و لۆکەیی لە کەناری ئاسمان، هێدی و لەسەرەخۆ دەڕۆیشتن. شۆانیان وەپێش خویان‌دا و هێنایانە لای سەروان، سەروان سیغاری دەستی فڕێ‌دا سەر حەرزی، لەبن تیرویکی کەوت و دووکەڵی کزی بە کەلێنی لکوپۆپی ڕێیەکی بۆخۆی دیتەوە. ئەرسەلان بوو بە دیلمانج و کوتی: «نێوت چیّە کوڕە؟»

«مارف.»

«خەڵکی کۆیی؟»

«هەوشین.»

دەموچاوی ویشک و کز بوون، تەمەنی چواردە یان پازدە ساڵانە دەبوو، دەسترەیەکی سووری بە پنۆکی سپیّوە لە ملی هاڵاندبوو.

«چەتەکانت ئەڕۆ دیون یان نا؟»

تفی لە گەروودا ویشک ببوو، زۆر بە زەحمەت قووتی‌دا و کوتی:

«ناوەڵڵاە، کەسم نەدیون.»

سەروان لێی هاتە پێشتر، زللەیەکی لە بنان‌گوێی‌دا، خستێە سەر حەرزی، گوێی دەزرینگاوە، سەری لە گێژەوە دەهات و کاس و گێژ ببوو، لەبەر چاوی سەدان خاڵی ورد و چکۆڵە دەسووڕان.

«دەزانم درۆیان دەکەی، هەر ئێستا دەڵێم تەواوی مەڕت لێ بکووژن و بۆخۆشت تیرەباران کەن.»

زمانی نەدەگەڕا، لە ترسان چی وای نەمابوو گیانی دەرچێ، مەڕ بە داوێنی چیّادا بڵاو ببوونەوە، گوێدرێژەکەی لە دوورەوە سێ چوار جار زەڕاندی و بێدەنگ ماوە.

«یالا پێم بڵێ لە کوێن، دەزانم دیوتن، ئەگەر پێم بڵێی بەرت دەدەین و خەڵاتیشت دەدەینێ.»

دیبوونی. دوێنێ شەو لە هەوشینان بوون، لە مزگەوتێ قسەیان بۆ خەڵک کردبوو، بریسکەی چەکیان، لەرەی ئاغابانو و شەدەیان، قسەی گەرم و چاوی دلۆڤانیان، هەمووی ئێستا لە پێش چاو بوو، ئەو بەیانەش کە بۆ جێگۆڕکێ لەگەڵ براکەی هاتبۆوە بەر مەڕی، لە کانیدروان بە سەریان داکەتبوو، بە ماتە مات لێیان چووبۆوە پێش، پاڵیان وە بەردێکی گەورە دابوو و دانیشتبوون، لە پڕ هەستی بە شتێکی سارد لە پشت ملی خۆی کردبوو، مینە لەسەر سەری ڕاوەستابوو.

«کێی کوڕە؟»

«شوانم.»

بۆنی خۆڵ و چیمەن، بۆنی گوڵی زەردەگوێنی و بۆنی ئەسپینگ و گەزیزەی لەبەر کەپوی بوو، ئیستیوار پیلی گرت و هەڵی ئەستاندەوە، سەروان شەقەزلەیەکی دیکەی لە ڕوومەتی دا، چاوی وەختبوو دەرپەڕن.

«ئیستیوار برۆ بە ژاندەرمان بڵێ مەڕی هەموو لێ بکوژن.»

«دیومن، دەزانم لە کوێن.»

قەراغی چاوی ئاویان تێ تزابوو.

«ئیستیوار خێرا ژاندەرمان خڕکەوە بیانهێنە ئێرە.»

جێی سمی وڵاخان خۆڵی شیدار و نەرمی بەحاڵ قووڵ دەکرد، گووڵ و گیای ساواوشەنگ پێشێل کران. ڕووی دە ئەرسەلانی کرد و کوتی:

«ئەو جێیەی دەڵێ پێدەزانی؟»

ئەرسەلان لە شۆانەی هاتە پێشتر و کوتی:

«ئەو کانێی سەرەوەی بەردەمێشی دەڵێی؟»

شۆان سەری لەقاند و کوتی: «بەڵێ.»

«جەناب سەروان زۆر چاک بەڵەدم. سەروان سواری ئەسپی بوو و کوتی:

«خێرابن هەتا ڕۆژ درەنگ نەبۆە دەبێ بیانگرین، بە دووومدا وەرن.»

شۆانیان گێژ و وڕ بەجێهێشت و بەرەو کانی دروان وەڕێ کەوتن، تەپ و تۆزیان گێژەڵووکەیەکی لەنێو دۆڵەکەدا ساز کردبوو.

گووڵە مێلاقە و شلێرە، گووڵە قاش قاشە و گورکە هەزاران خەنجەر بوون لە سینگی زەوی دا ڕۆ چووبوون، مشتوویان دارماڵی خوێنی سوور ببوو، سوور سوور، گەش گەش.

دوو پەڵە هەورەکە پان ببوونەوە، نیسێیان لەسەر زەوی، وێنەی دەگۆڕی، خڕ دەبوونەوە، بڵاو دەبوونەوە، لێک دەکێشرانەوە، بەڵام نەدەپسان، لە ناو نەدەچوون، بە وێنەی زۆر و زووڵم؛ لەوەتی دنیا هەیە هاتوون، لێک هاڵاون، ئەستوور و ئەستوورتر بوون، دەڵێن زووڵم و زۆر لە ئەستووری‌دا دەپسێن، بەڵام نەپساون، لێک کشاونەتەوە، تەنک بوون، دوور و درێژ بوون،سەر لە نوێ پاڵیان وێک داوەتەوە، تەنیا وێنەیان گۆڕیوە و وێنەیان بە هەزاران شکل کەوتۆتە سەر ژیانمان، بوونە ئاغا، بوونە شا، بوونە شێخ و مەلا، بوونە دایک و باب، بوونە منالی پەل ئەستوور، هەر ڕۆژێ و هەر کاتەی، هەر دەمەی شکڵێکیان بە خۆیان گرتۆە، بوونە ڕەسم و نەریتی پووچ، بوونە پوول. یەکێک، گەلێک، لێیان ڕاساوە، شەو و ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەستەوملە بوون، هەزاران سەریان لێ پەڕاندۆە، هەزران جار بە گژیدا هاتوون، پێیان ڕێخشاندوە بەو هیوایەی لە ناوی ببەن و گوورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە. سەر لەنوێ ژیاوەتەوە؛ بە شکڵێکی دیکە خۆی نۆواندۆە، نەیان ناسیوەتەوە هەتا وردە وردە نینۆکی درێژی دەلەشی ژینێیان ڕۆ کردۆە، قاقای کێشاوە و ژیاوەتەوە لێی گەڕاون، بە شوێنی‌دا ڕۆیون بەڵکوو دیسان بیکوژنەوە، بۆ هەتا هەتایە، نەیان دیوەتەوە، لە قوولینچکی مزگەوت یان خانەقایەکی، لە دیوەخانێکی، لە قووژبنی ماڵە خۆیان، لەپەنای خۆیان، دەبال خۆیان‌دا قاقاکەیان گوێ لێبۆە، سەریان داخستۆە و ژیانێیان لەگەلی درێژە داوەتەوە.

ئاوێکی ڕوون و سارد، پاک و خاوێن لە قەڵشتی بەردان دەهاتە دەر، پنگ و کووزەڵە لەدەوری هاڵابوون، لاقیان هەڵ کردبوو هەتا ئەژنۆیان خۆیان دابۆە بەر خیزاوی چکۆلەی، دەیان جاڵجاڵۆکەی ڕەش و بۆر و قاوەیی لەوبەر ئەوبەری داوێیان نابۆوە، لە نێوەڕاست داوگەیان چاوەنۆار مابوونەوە... .

ئاوڕی بەیانی تینی هەر مابوو، ئەرسەلان بە بەری دەستی هێندێک باپوسکەی لێ لادا، دووکەڵێکی کز خۆی بادا، وەک لە خەو هەستابێ یان

دەخەودا بڕوا، بەرەو ئاسمان هەڵگەڕا. گرمەگرمی مێشان لەنێو قەڵشتی بەردانەدا سرنجی ڕادەکێشان.

شوێنی لاقیان لەسەر چینکە و چیمەنی دەورو بەری کانی و ئاورگەکەی دیار مابوو، سەروان دووربینی هێنا پێش چاو و دەوڵاتی بڕیوە، دیار نەبوون، زۆر بە هیوا بوو لە پشت ئەو کێوەی بیانگاتێ، گورج فەرمانی وەسەرکەوتنیدا؛ ئەرسەلان چووست و چالاک وەپێش هەموویان کەوتبوو، زۆریان لێ دوور ببۆوە، جێ جێ بارگینەکەی کوڕژنی دەکرد و نەدەڕۆیی، سەری بۆ لای پشتەوە دەکشاندەوە و چاوی دەسووڕاند، ڕەسمەی لێ توند دەکرد و چڕ و سەخت لە دوای خۆی دەکێشا، گەیشتە دووندی شاخی، پشووی سوار بوو، دەفەی سینگی بەرز و نەوی دەبوو، دوو سووچی لووتی ئەسپەکەی دەلەرزینەوە، پۆسی سک و ڕانی جووڵەیان تێ کەوتبوو، خێرا چاوی دە شیوی خوارەوەی بڕی کە پێچاوپێچ کێشرابوو، جوگە دەستی ڕاگرتبوو و ئاوی سپی و کەفاوی بەسەردا دەڕۆیی، گاشە بەردی گەورە گەورە لەسەر ڕێی چەقیبوون، بە کەلێناندا ڕۆیبوو. کەس دیار نەبوو، چاوی دە شاخی بەرامبەری بڕی، دەڕێزێکی دا وەسەر دەکەوتن. سەروان و ژاندەرم دوا بە دوای یەک گەیشتنێ؛ ئەرسەلان بە قامک بە سەروانی نیشاندان.

«هۆوەتان قوربان، ئەوە لە قەدی کێوین، شەش کەسن.»

سەروان بەپەلە دووربینی لە مل کردەوە هێنایە پێش چاوی، هێدی و هێور وەسەر دەکەوتن، سەروان سەری وەرسووڕاندەوە و بە ئیستیوار کە لە پەنای درێژ ببوو گوت:

«بە هەر چۆنێکی بێ نابێ بێڵین لە شاخی ئاوا بن، حاسێیان کەن.»

هەورەکان گەیشتبوونە سەر سەری سولەیمان و هاواڵەکانی، بۆ دەمێک حاستی ئەوان ڕەشتر لە دەوروبەریان بوو، دیسان کەوتنە بەر تیریژی، هەتاوی دەمەو ئێوارە، کە لەسەر سەری قەڵای ئاستەمی بایزبەگی ڕا دەیهاویشت.

ژاندەرم گورج و گۆڵ لەبن بەردانەدا چوون دەچەپەرێوە، تفەنگیان هێنا سەر دەستان و لێیان دامەزران، تەقە لە تفەنگی ژاندەرمێکی هات، سەروان وەک شێتان گووڕاندی: «ئەوە کێهە حەرامزادە بوو هاویشتی؟»

گولله وەبن پێی فەتاحی کەوت. خێرا ئاوڕیــان داوە و تونـد و تیــژ خۆیــان هاویشتە پەنا بەردان؛ کار لە کار ترازابوو؛ شەڕە تفەنگ دەستی پێکـرد، گوللــە وەک ڕێژنەی بەهار لە هەر دوولایان دەباری، ژاندەرم زاڵ بــوون و لــە بڵــیندی مەتەریزیان گرتبوو، ویزەی گوولله بێ پسانەوە دەهــات، ســەروان لــە داخــان نەیدەزانی چ بکا، ڕیسەکەی لێ ببۆوە خــوری، بــە پێچەوانــەی ئــەو جــۆرەی دەیویست، عەمەلیات دەستی پێکردبوو، ژاندەرم و پیاوی ئەرسەلانی یــەکبــین تەقەیان دەکرد، چەلی وابوو هەتا ماوەیەکی نەیاندەهێشت سولەیمان و ئەوانی دی سەر هەڵێنن، گوللــە وە پــەنایان دەکــەوت، بەســەر ســەریاندا دەڕۆیــی و وەگاشە بــەردی مەتــەرێزیان دەکــەوت. و بــازرەی دەکــرد، تــەنیا شانسـێکی هێنابوویان ئەو گولله نابەوەختەی ژاندەرمەکە و ئەو گاشە بەردانەی مەتەرێزیا بوون، دەنا کەمێکی دیکە ڕۆیبان و لە تاوێرە بەردەکان تێپەریبان ئیــدی هــەتا دووندی شاخی بێپەسێو و لەمپەر دەمانەوە. پلیمە بــەردی ورد و درشــت، پان و تیژ، لە گاشە بەردان دەردەپەڕین و لەولاتریان دەکەوتنە نێــو گیــا و گــووڵان. ئەرسەلان لە تەقە کردنــدا لــە ســەرەخۆتر بــوو؛ هــەتا ســەریان دەرنــەهێنابا نەیداویشت، سەروان لە نێوە ڕاست ئەرسەلان و ئیستیواری درێژ ببوو تەنیا بــە دووربین چاوی لێدەکردن.

«ئیستیوار»

«بەڵێ قوربان»

دەنگیان دەنێو شریخوهۆڕی تفەنگاندا ون بوو.

«نابێ بێڵن شەومان بە سەردا بێ؛ دەنا ئیتر چیمان بۆ ناکرێ، بێ پســانەوە دەستڕێژیان لێ بکەن، مەهێڵن جووڵەیان بــێ و ســەردەرهێنن، بــە گورووبــان حووسێنیش بڵێ لەگەڵ پۆلێک ژاندەرم داخزنە خوار و لێیان بچنە پێشتر.»

سوولەیمان و فەتاح هەرتکێان لە پشت گاشە بەردێکی مەتەرێزیان گرتبوو و ئەوانی دیکە هەر یەکەی بەتەنێ لە خوارەوەی ئەوان لە پشت تــاویرە بەردانــدا خۆیان مات دابوو، تیلکە خەنەی سەر بەردان دەتکــووت مــافوورەی دەســتکاری ژنانی کوردن؛ ساویلکە و جۆان لە سەریان ڕاخرابوون، قاوەیی، ســەوز، زەرد و تێکەڵاو.

گولله باران توندتر بوو ماوەیەکی کوورت و کەم سوولەیمان توانی سـەرێک هەڵێنێ و چاویان لێ بکا، ویزەی گوللەیـەک سـەری پـێ دزێـوە. دەسـتەیەک ژاندەرم بە کۆمە کۆم و بە پەلە لە شاخەکەی داخزانە خوار، لەسـەر گیـاوگووڵ هەڵ دەخلیسکان و دەکەوتن، سەرلەنوێ سەر بەرەو ژێر دەهـاتن. مسـتەفا لـە خوارەوەی هەموویان بوو، ئاغابانووی لەسەر دووندی مەتەرێزی دانـا، درێـژ بوو بە حاڵ سەری لە سووچێکی هێنا دەر و چاوی لێکردن.

«کاک سوولەیمان کوورە ئەوە پۆلێک داخزاونە خوارێ.»

ئاغا بانووکەی بە گوللەی ژاندەرمان ئەنگاوترا و کەوتـە خـوار، پرِیشـکەی بەردی وەدەم و چاوی کەوت، سەری دزێـوە، سـوولەیمان هـەر چـۆنێکی بـوو چاوێکی لێکردن.

«لە جێی خۆ مەبزوون.»

پووکەی لە تفەنگی دەرهاویشت و فیشەکی وەبەر ناوە.

«فەتاح ئەتۆ لەجێی خـۆت مـەبزو و ئـەمن هـەڵدەکشـێمە سـەرتر، خـۆم دەگەیەنمە هۆو دارە گێوژەی.»

«کاک سوولەیمان ئەتۆ لێرە بە ئەمن دەچم.»

«وەختی ئەو قسانە نیە.»

وەک بزنە کێوی لە پشت گابەردەکەی گۆمەتەیدا، وەها گـوورج و گـۆڵ ئـەو کارەی کرد و جێی گۆڕی، ژاندەرم دەرفەتی سیرە گرتنێان نـەبوو، هاوالّـەکانی بە کەلێن و قووژبنی مەتەرێزاندا ژاندەرمیان داگرت و هۆشیان لە سـوولەیمانی وەرگێڕان. سوولەیمان چەلێکی دیکە لە پشت تاشە بەردی دەرپەڕی و خووارکە و پێچەکە و توند و تیژ بەرەو دارە گێوژەکەی هەڵات، سێ چوار گوللەی وەپـەنای کەوت، خـۆی گەیانـدە پشـت دارەکـەی و لـە پشـت کۆتـەرەی وی مانـدووی حەساندەوە، فەتاح لـە خۆشـیان هەناسـەیەکی تونـدی هەڵکێشـا. دەسـتەی گوروربانی چی وایان نەمابوو بگەنە شیوەکەی، هـاواری ژاندەرمەیـەکیان کـە سوولەیمان ئەنگاوتبووی ئەوانی دی لە حاستە خۆیان خستە سەر زەوی.

هەورەکان زۆر دوورتر لە شەرگەی دەڕۆیشتن و نیسـێی‌یـان پـێ بـە پێیـان بەسەر چیاو شیواندا دەخۆشین، هەتاو لە پـەنا قـەڵای بایزبـەگی مەتـەرێزی

گرتبوو، تەنیا بە حاڵ سەری هەڵێنابوو، پاشین تیری زێڕینی خـۆی داویشـتە سەریان.

دەستەی گورووبانیٚ حاسیٚ ببوون، نـە ڕێـی پێشـەوەیان هـەبوو نـە ڕێـی گەڕانەوە؛ هەر یەکە لە پەنا بەردێکی یان کەندالێکی دا درێژ ببـوون و چرکـەیان لیٚ برابوو. سەروان پیشی دەخواردەوە و لەبن لێویدا جنێوی دەدا، لێـی حـەیان بوو تازە چێیان پیٚ ناکرێت و ئەوەی لێی دەترسـا یـانی شـەو، بـە سـەریاندا دەهات. نیسێی ئێوارە بەسەر هەرتک چیا و شیوەکەی داکشـابوو، ژانـدەرم بـیٚ ئەوەی کەس پێیان بلیٚ لە تـەووژمی گوللـەبارانیان کـەم کردبـۆوە و دەتکـوت ئەوانیش زانیبوویان لە خۆڕاییە و چێیان پیٚ ناکریٚ. دەستەی گورووبانی زۆرتر لە هەموویان چاوەنۆاری ڕوێنی هەتاو و تاریک بوونی وڵات بـوون هـەتا لـەو تالوکەی ڕزگاریان بیٚ. ماوەیەک دوایە تاق و لۆق گوللەیـەک دەهاویشـتراو وە بەردێکی دەکەوت، ویزەیەکی لێدەهات و دیسان وڵات بێدەنگ دەبۆوە.

تـاریکی لە قەڵاتی قەرەگونیڕا داخـزا بـۆ لای خـوار و بـەردو دار و کـانی و دارستانی خستبۆ ژێر چۆکی خۆی، لـە دوورەوە هـەر بـەردەی وە ئینسـانێکی دەچوو هەڵ کرووشمابێت، هەر ئینسانەش وە بەردێکی دەچوو لە سینگی چیـادا هەڵتۆقیبیٚ، ژاندەرم شەکەت و ماندوو هەوساری ئەسپێان بە دەسـتەوە گـرت و داخزانە نێو شیوەکە.

سولەیمان و هاواڵەکانی چاویان دە مانگی چـوار شـەوە بـڕیبوو، کەمبـەر باریک و شوخێک بوو بە دیاری پێشکێش بە ئاسمان کرابوو، بەرامبـەر بـە وی بەرەو شوێنێکی نادیار ڕۆیشتن.

***

## (٣٣)

ئەو ساڵ تەڕە بەهارە؛ باران هەر قەدەرناقەدەریکی وەک گـۆزەی سـەرەوژێر دەبارێ، زەوی پەڵەی داوە، وەرزێر چاوەنۆاڕی داهاتێکی باشن، هەر لە نووکی بەیانێەوە لە دێی وەدەر دەکەون، هەتا تاو پەڕ لە مووچە و مەزرایان خـەریکی کارێن، سەری شەوان ماندوو و هیلاک دێنەوە، بە پەلە پەل حەوت هەشت چایان دەخۆنەوە و گەڵاڵەی کاری سبەینێ دادەڕێژن، پارووییـەک نـان دەخـۆن و دوای نوێژی خەوتنان سەریان دەنێننەوە نوقمی خەوێکی قورس دەبن.

حاجی محەممەد و خالیدیش هەر بەم جـۆرەی ڕایـان دەبـۆارد، حـاجی دەو ماوەیەدا دەتکووت بە جارێکی چەند ساڵ پیرتر ببوو، چین و گنجی نێوچـاوان و قەراغی چاوی قووڵتر ببوون، مووی ڕەشی تاق و لۆق دەنێـو سـەر و سمێڵـیدا مابۆوە، خالیدیش دەموچاوی ڕەشتر و کزتر لە جارانە، تاق و لۆق مووی سپی کەوتۆتە نێو سەر و ڕدێنی، چاوی کز بوون، وەک لـە پشـت تـەمومژێکـی زۆر بروانێ، خات زاراش لە وی خراپتر و سیسـتر، هەر دەڵێی ژیان لەو ماڵە بارگە و بنەی تێکناوە؛ نە دەنگی پێکەنین، نە هەراهەرا، نە تەقە تەق و شـەقە شـەق، بێدەنگ و هەست، شەو و ڕۆژ لە سەر سەریان جێگۆڕکی دەکەن.

حاجی بەرماڵی خڕ کردەوە لە پەنای خۆی دانا، ڕووی دە خالید کرد.

«بـۆ سـبەینێ نێوەڕۆیـە نـەجاتمان دەبـێ، پـاش نـوێژێ دەچینـە خڕەسووتمانی.»

ڕووی دەخێزانی کرد، «هەستە جێمان بۆ ڕاخە، شەو درەنگە.»

خات زاراش دەستی بە ئەژنۆی گرت و بە ئەسپایی لـە حـەرز جـوێ بـۆوە، تەقەی لە کەشکە ئەژنۆی هات.

خالید هیچی نەکوت چاوی دەپەنجەرە بڕیبوو. گۆی لێ نێیە، لە دنیایەکی دیکەدا دەژی، لە بیرێکی دیکە دایە، لە جێیکی دیکەیە؛ لە ماڵە خۆیان، لە پەنا ئەسمەر، لەنێو منداڵەکانی، پرخ و هۆڕی بابی گۆی لێیە، قسە پەڕاندنی منداڵەکانی دەخەودا، زریکەی لەنەکاوی خەج لە بێشکەدا و ڕاژاندنەوەی بە دەستی ئەسمەرێ و جیرە جیرِی لانکی، گوێی لە سرتە سرتی ئەسمەرێ، مرەمرِی پشیلە بۆریان، قرتە قرتی مریشکە سەربەکڵاوە کوورکەکەیان. چیان لێ هات ئەو دەنگانە؟ شەو بۆ وا بێدەنگە؟ ئەسمەر لە کۆیە؟ چی لێ بەسەرهات؟ بۆ کەس بەسەر وشوێنی نازانێ؟ بۆتە دڵۆپێک ئاو بە زەوی تینوودا چووە، مەلێکە لە شەقەی باڵی داوە و لە ئاسمانی ژیان تێپەڕیوە، بۆ لە هیچ شوێنێکی نەیاندیوە؟

چای بەردەمی لەمێژە سارد بۆتەوە، خات زارا هاتۆتەوە ژوور.

«خالید! کوڕم هەستە برۆ بنوو.»

ڕاچلەکی، چاوی دەخات زارای بڕیوە، گەرووی گیراوە، بە حاڵ لێوی دەبزوێ، بەڵام دەنگی نایەتە دەر، هەستا سەر پێ و چۆ حەوشە، ئەستێرە لە ئاسمانێ، مانگیان ئابلۆقە داوە، هەزاران ئەستێرە دەسماڵی شانەوشانی شەویان ڕازاندۆتەوە. دێتەوە ژوور و دەچێتە نێو جێگاکەی، خەیاڵی ڕابردو و لێفەی لێ هەڵدەداتەوە، دەچێتە باوەشی، هەمووی لەگەڵ خۆی بۆ هێناوە، دەنگی بابی، هەراهەرا و زریکە زریکی منداڵەکانی، سرت و خوورت و پسکە پسکی ئەسمەری.

خاکەلێوە بەسەر چۆە، بۆتە هەرەتی بانەمەڕ، زەوی و زار و زەمەند، مێرگ و قۆپی و باغ، تەنانەت بەرد و چیاش سەوز هەڵگەڕاون، شاخ لە بەفری پابوونەوە تەنیا قەندیل هەروا بەرز و سەرکەش شابازێکی سپێ کانی و سەرچاوە ژیاونەتەوە. هەزاران گووڵی ڕەنگاوڕەنگ، زەرد و سوور، سپی، پەمۆیی و بنەوش دەستە دەستە بە وێنەی کیژانی لادەیی غەمزە و نازیان گڕنووی بە دڵان دەگرن، بەستە و چریکەی باڵندان، گیزە گیزی هەنگ و شەمەترِیلکان، سرتە سرتی سیسرک و کوولۆان ئاوێتەن، پۆل پۆل پەپوولەی باڵ ڕەنگین لەسەر مێرگ و گیا و گووڵ دەسووڕێن، ناسک و شەنگ دەستیان بۆ درێژ دەکەن، دەستیان دەگرن و هەناسەیان تێکەڵ دەبێ، هەناسەیان دەبیسترێ.

هۆبەی هەوراچێان دوو دوو و چەند چەند پێکەوە لە بناری کێوان، لە سەر کانیان هەڵکەوتوون، مێگەلیان لە پاڵ داوێنی چیاکاندا پەلیان هەڵخستۆە، بارەبارِ و کارەکاریان، زرینگە زرینگ و خلەخلی زەنگوولەیان، ئارام ئارام دەتباتە دنیایەکی جوان، هاشە و لرفەی بادیناوێ دوو شاخ ئەولاتر دەڕوا، لە گوێی ڕووبارەکە سام دەتگرێ، لافاوێکی سەرسوورِهێنەرە تەووژمم دەباتە سەر قەراغەکانی ئەوبەر ئەوبەری، کۆت و زەنجیری لێ هەڵگیراوە.

ئاسمان ڕەش باو بوو، دووراودوور ناسێەوە، ئێستا زۆری مابوو بگاتەوی، دەتکوت بە دڵێداهات بۆ خۆیەتی، گۆزەی بە بەتاڵی لەسەر کانی بەجێهێشت و بە پڕتاو چووە ژووری قاوەخانە.

«برایم، برایم!»

دەنگی برایم لە پشت تەلیسەکەی کەلە جیاتی دەرکە مابەینی قاوەخانە و هۆدەی خۆیان هەڵاوەسرابوو هات.

«دەڵێی چی ئافرەت، چ باسە؟»

«برایم کورِە هەستە هاتەوە!»

برایم پەردەی لادا و هاتە ژوور قاوەخانەی.

«دەڵێی چی، کێ هاتەوە؟»

«مراد، کوڕی حاجی محەممەد.»

برایم ساتیک ڕەنگی بزرکا، حەولیدا خۆی نەدۆڕێنێ، بەقەستی بۆلای سەماوەر چوو، خۆی پێ خافڵاند. هەتا ئایشێ تێی نەگا.

شەو و ڕۆژمان پێکەوەیە، لەچەرخێکیدا، لە شارێک و لە دێیکیدا، لە مالێکیدا پێکەۆەین، بەڵام هیچمان خۆ بە یەکتر نیشان نادەین، خۆمان لە پشت هەزاران قسە و ئاکاری جۆراوجۆر لێک دەشارینەوە، ڕوون و بێخەوش نایەینە بەر نەزەری یەکتر، هەمیشە بە دەمامکەوە لە یەک وەژوور دەکەوین؛ ئەگەر ترسەنۆک بین ناهێڵین کەس بزانێ، ئەگەر ماڵ پەرەست بین خۆ خێر و مەند دەنۆنین، ئەگەر دز بین ساڵح و پاک خۆ نیشان دەدەین، بە ڕاستی ئەگەر ئەو سیفاتە خراپن بۆ ڕایان دەگرین؟ ئەگەر چاکن بۆ دەیان شارینەوە؟ کەس نازانێ کەنگێ فێر دەبین، هەتا منداڵین بێگەرد و پاک دەجووڵێینەوە، هەستی پێناکەین کەنگێ دەخۆیان گرتووین یان چۆنیان فێر بووین.

ئەو شتەی سێ مانگان لە قوونیچکی مێشکی‌دا هێلانەی کردبوو هەر تاوناتاوێکی نەقوورچێکی لێدابوو، وەدی هاتبوو، ئایشێ کوتی:

«برۆ لە جێیکی خۆت بشارەوە، هەتا دەڕوا.»

برایم کوتی:

«جا بۆ خۆم بشارمەوە چیم کردۆە؟»

ئایشێ ئاوڕێکی لە پشتەوەی داوە، وەک پێی وابێ مرادیان لە پشتەوە ڕاوەستاوە.

«ئێستا چت کردوە؟! بە خاتری خودای با شەڕ ساز نەبێ، خۆتی نیشان مەدە.»

برایم لەبەر ئەوەی خێزانی پێی وانەبێ ترساوە بڕێکی دی ڕاوەستا، ئەو جار کوتی:

«زۆر باشەە سەبارەت بە تۆ خۆمی نیشان نادەم، دەنا خوێڕی وا چییە خۆمی لێ بشارمەوە؟»

چۆە نێو هۆدەکەیان و بەوێدا دەرکەی پشتەوەی کردەوە. لە هەورازەکە بەرەو گەزجاری قەراغ چۆمێ داگەڕا.

سەری تاشرابوو، دەموچاوی لە جاران ڕەشتر دەینۆاند و ملی ئەستوورتر و شان‌وپیلی پان و پۆڕتر، سمێڵی نەرم و پڕ، لێوی سەرەوەیان داپۆشیبوو. سلاوی کرد و بێدەنگ چۆە سەرەوەی قاوەخانە لەسەر کوورسیلەیەکی دانیشت، ئایشێ یەکبین بەخێرهاتنی دەکرد، گورج چای بۆ ساز کرد، مراد سەری بەردابۆوە و چاوی دەبن پێی خۆی بڕیبوو، چایەکەی خۆاردەوە، پوولەکەی لەسەر کوورسیلەی دانا، بێ ئەۆەی قسەیەکی بکا، چۆن هاتبوو ئاوارۆیی، نە باسی برایمی کرد نە ئی هیچ شتێکی دیکە. وردە وردە لەپێش چاوی ئایشێ، لەسەر ڕێگای جەڕانێ بوو بە بنیکی بۆر و هەر دەهات و چکۆلەتر دەبوو هەتا جێیکی ئیتر بزر بوو.

ئایشێ بە پاشەلەقە چوو پشت قاوەخانە، ماینە بۆریان سەری بەردابۆوە و لەوەڕا و تاوناتاوێکی کلکی هەڵدەسووڕاند و مێشی لە خۆی دەتاراند.

«هۆی برایم! وەرەوە،...»

دوای چەند مانگان بێدەنگی ماڵیان شکا، هەراهەرا و شین و شەپۆر ساز بوو، دیواری ماڵێ نەیانتوانی بەرگری لە دەنگیان پکەن، جیران و دراوسێ ڕژانە حەسار، خات زارا بە دەنگ و سەدا ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕاوە، مراد لە باوەشی خزابوو سەری هاویشتبۆە سەر شانی، یەکتریان ڕادەژاند، ئەژنۆی سست ببوون، لەرز و رجاف جەستەی داگرت، تاوویاوی بەسەردا هات، لە گابۆرێدا پڕ بە زاری، پڕ بە کۆڵان و دێ، پڕ بە کوێستان، پڕ بە باوەشی بادیناوێ، پڕ بە ئاسمان، تاساندنی؛ هەور ولامیان داوە، شریخ و هۆڕیان لێ پەیدا بوو بە پانایی گۆنای زەوی فرمێسکیان داباری. حاجی خۆی بەسەردا کێشان و لە پڕمەی گریانی دا، گرم و هۆڕی هەوری ڕەش لە سەرتاسەری ئاسمان دەهات، خەونێکی ناخۆش بوو دەیدیت، مۆتە بوو گرتبووی، چۆکی قوورس و ڕەشی خستبۆە سەر سینگی، ڕادەپەڕی، ئەهوەن دەبۆوە،... دنیا ڕووناک و ڕووناکتر دەبیت، تیشکی هەتاو وەک شانەی زێڕن کەزی چیایان دادێنێ، پێ هەڵکووتنی نزمی دایکی لای لایە دە خەوی دەکاتەوە، خەوێکی ناخۆش و گران.

خەم و کوڵ کتوپڕ ئەوکیان گرت، ڕێی پشوویان لێ بەست، خەمێکی قورس بوو بە بارستی قەندیل، لە پڕمەی گریانیدا، بێدەنگ ماوە هەتا دەمێکی تر، خوێنی وەجۆش هاتەوە، ئاسمان شین مۆڕ بوو و ولات خەفە و دڵتەنگ، غەم ئیقلیمگیر ببوو.

جیران و میوان تاک تاک لە ماڵیان وەدەر دەکەوتن، لەبەر باران خۆیان کۆم دەکردەوە و بە پەلە بە پەنای دیوار و قوژبناندا هەڵدەهاتن. دوو سێ ساعەت دووایە بەتاقی تەنیا بێ جووڵە و بە چاوی مولەق بەرامبەر بادیناوێ ڕاوەستابوو، ئاسۆ ڕوون ببۆوە، بەلام لە ڕۆژهەلات و لە سەر دێی ئێستاش بروسکە لێدەدرا و شریخەی بە دوای خۆی دادێنا.

چاوی دەقۆندەرەی چۆم بڕیبوو، لە شوێنی هەرە قووڵی ڕامابوو، گوێی بۆ بیستنی هاواری هێرۆ هەڵخستبوو، هەتا دەستی خالید لەسەر شانی دانەندرا وەخۆ نەهاتەوە.

ڕۆژ و شەو کاریان نە بە خۆشی مرۆڤە و نە بە ناخۆشی، نە بە خەم و کوڵیان نە بە ئاوات و ئارەزویان وەک دوو ئەسپی ڕەجوان و یەکڕان تاو دراون، هێندە توند و تیژ دەڕۆن هەستیان پێناکەی، دەمێک ئاوڕ لەو ڕێیەی هاتوون دە

دەیەوە، تەنیاتەپ وتۆزێک لە غاری ئەو دوو ئەسـپە خۆشـبەزەی دەبـینی کـە تەمەنیان داپۆشیوی، لە کەنگێوە غار دەدەن؟ هـەتا کەنگێـە؟ بـۆ کـوێ دەڕۆن؟ نازانی، کەس نازانێ. ئەسپە ڕەش وەدوا کەوتبوو و ئەسپە سپی لـە گورەپـانی ژیاندا وەپێش کەوتبوو، هەتاو هەزاران تاژەنگی لێ کێشابوو بەرەو پێش هـانی دەدا.

مەودای مەرەخەسی چی وای نەمابوو و دەبا گـەڕاباوە ئیجبـاری، دەلینگـی پاتۆڵی هەڵماڵیبوو و توند و تۆڵ لاقی لەسەر شانی پێمەرە دادەنا و لە حـەرزی قایم دەکرد، حاجی وخالید لەو سەری زەوی خـڕی سـوتمانان خـەریک بـەکار بوون. ئارەقە لە نێو چاوانی ڕێچکەی بەسـتبوو، هـەر تاوناتـاوێکی دڵـۆپێک دەڕژا، سـەر حـەرز و هـەر بڵـێی یـەک و دوو ون دەبـوو و دڵـۆپێکی دی جێـی دەگرتەوە، زیرەزیری سیسرک و کولوان دەمێشکیدا دەزرینگاوە، گەرما هێرشـی هێنابوو، پشت و ملی کاوەکاویان بوو.

ئاوێکی کەفاوی و شلۆێ بە نێو جۆگەدا دەهات، بە شوێن پێمەڕەدا دەخزا ناو دێراوان، بەرامبەر بە سندەگڵێکی ڕاوەدەستا، سووڕی دەخوار، بە کەلێنێکی ڕێی دەدۆزێوە و دەڕۆیی، کەند و لەندی پـڕ دەکـردن، سـەر ڕێـژ دەبـوو و دیسـان دەخزێوە، ژیان ئەو ئاوەیە کە لەسـەرچاوەیکی هـەڵدەقوڵـێ، دەڕژێتـە نێـو جۆگەی تەمەن. لە حاندی گیر و گرفتـان ڕاوەدەسـتێ، سـووڕ دەخـوا و لادەدا، چەلی وایە ڕێی نیە، پنگ دەخوات و دەمێنێتەوە، زەوی توونی هەڵـی دەمـژێ، ژیانی هێرۆی ئاوا بوو! ئاسمان سـاو سـاماڵ بـوو، هـەتاو لـە تـاقی سـەری دەرەوشاوە.

«مراد، هۆی مراد!»

سەری هەڵێنا.

«وەرە ڕۆژ درەنگە نان و چایەکەمان پخۆین.»

دوو سێ پێمەڕەی دی لێدا و پێمەڕەی لە قەراغی جۆگـەدا چەقانـد و ڕوو بـە دارە توویەکەی کەنار زەوی ڕۆیی، دووکەڵی سەر ئاورگی لە سـەرەخۆ و ڕاسـت بەرەو ئاسمان هەڵدەگەڕا. حاجی کەترێکی ڕەشی لەسەر ئـاورگی دانـابوو وردە وردە چیلکە و چاڵی وەبەر ئاوری دەنا. خالیـد چوبـۆ سـەر کـانی و خـەریکی هەڵگرتنی دەستنوێژ بوو.

«ماندوو نەبی بابە.»

«بۆخۆت ماندوو نەبی کوڕم، برۆ ئاوێکی بە دەموچاوت داکە و وەرەوە ئەمن دەچم نوێژێ دەکەم.»

پۆلێک خەزایی وەک بەرد کە لە قەپانچەلە دەرچن بە سەر سەریاندا تێپەڕین، بۆ ماوەیەکی چرپەیان خستە گۆیان، باڵیان ڕێکوپێک دەکردەوە و دەیان بەستەوە، لوور دەبوونە حەرز و دیسان بەرز دەبوونەوە، هەتا لە پێش چاویان بە یەکجاری ون بوون.

خالید و حاجی نوێژیان دابەستبوو، مراد پاڵی بە دارتوویەکەی دابوو و لاقێکی درێژ کردبوو و ئەوی دیکەی نوشتاندبۆوە، شنەبایەک بە حاڵ جووڵەی بە گەڵای دارەکە دەکرد، وە ئاورگەکەی دەکەوت و دەمێک سەری ئاوری وەردەسوڕاندەوە و لە ژێر کەتری ڕەشەی لادەبرد. سرتە سرتی کولوان لە هەموو شوێنێکی دەهات. شەتڵە باینجان پەلیان لێ ئەستوور ببوو سەر و پۆتراکیان بە گوڵی زەرد نەخشابوو گەشتر و بە کەیفتر لە هەموو گیایێکی دەیان نواند، هەڵم بە لوولە و قەراغی سەری کەتریدا بە هەڕەمە دەهاتە دەر، تەقە تەقی لە سەرەکەتری دێنا، سێ چوار دڵۆپ ئاوی کوڵاو و هەڵماوی لە زارکی لوولە دەرپەڕین و ڕژانە سەر خۆڵەمێشی ئاوری کۆن و چزەیان لێ هێنا. قودولکە چای لە پرێسکەی هەڵاوەسراو بە لکی دارتوویەکە دەرهێنا و لۆچێکی دەکەتری کرد، لای گرت و لە پەنا ئاورگی دانا، ئاوریگی لەسەر کانی داوە، نوێژیان تەواو کردبو، گوڕەویان لە پێ دەکردەوە، حاجی لێوی دەجوڵاندەوە، پرێسکە نانی هێنا خوار و کەوڵی چکۆڵەی لێ دەرکێشا و پانی کردەوە، پێنج کولێرەی پەنجەکێشی لەسەر دانا و چاوەنواری هاتنەوەیان ئیستکانی دانان.

خالید کیتەلە ماستی لە کانی دەرکێشا، ئاو تنۆک تنۆک لێی دەتکاوە، لە پشت حاجی بۆ لای مراد هات، هەرسێکیان دانیشتن، عەتری چاو شنەی فێنکی بن دارە توو ماندوویی حەساندنەوە.

دوو پەپوولە بە پەنایاندا هاتن، وەدوای یەکتر دەکەوتن، وەیەک دەچوون؛ دەتکوت یەک پەپوولەیە لەت کراوە؛ هەرتک بە پنۆکی ڕەشی ورد، نزم و نەوی هەڵدەفڕین، بڵیندتر دەبوون و سەر لە نوێ دەهاتنەوە خوار. لە سەر شەتڵێکی نیشتن، برێک باڵیان لەریەوە ئەوسا بێ جووڵە، بوون بە دوو گوڵی شەتڵەکە.

قەرانتووی دوو سۆار لە ڕێی دێی وەدیـار کـەوت، وێرغـەیان بـە ئەسـپان دەکرد، لە مەزرای ماڵە حەمەڕەشی تێپەڕ بوون.

یەک سەر وەنێو زەویەکەی کەوتن، شەتڵ لە ژێر سمی ئەسپان پێشێل کران، هەرسێکیان هەستانە سەر پێ، ڕەحمانئاغا و ئەسپە سوور خونیان ناسێوە، لە پشت وی ئەحمەدە زلە سۆاری ئەسپە بۆری بوو، پەپوولەکان هەڵفرین و لەسەر ڕێیان لاچوون. هەتا دوو سێ قەدەمی وان هەوساریان نەکێشا.

غەزەبیان لێ دەباری، دوو سێ جاران ئەسپ لـە حانـدیان پـاش و پێشـیان کرد، ددانی گەورەیان لە ژێر لغاو وەدیار کەوتبوو، ئەسپە سوور خوێن بە سمی دەئاورگی کوتا و سەبرێکی حیلاندی، بەردی ئاورگی کەوتنـە سـەر ژێلـەمۆی، خۆڵەمێشی سووک نەختێک وەحەوای کەوت و نیشتەوە.

«مەگیم بابم وڵامی لێ نەناردبوون تخوون ئەو زەویەی نەکەون؟»

سەری قەمچی دەدەستی ڕاستیدا دەکوشی و خۆی لە سەر پشتی ئەسپی کـۆم کردبۆوە، تاک تاک چاوی بە سەردا دەگێـڕان، هیچیـان قسـەیان نـەکرد. سـێ بەردی قورس و قایم بوون چەقیبوون.

«لەگەڵ ئەنگۆم نیە؟ هەی حیزبابینە!»

دەستی هەڵێنا و قەمچی داهێناوە، ئەسپە سوورخوێن حیلاندی و هەستا سەر پاشوان، قەمچی سەر شانی خالیدی گرت و خوێنی تێ چزاند، خالید کـت و پـڕ پڕیدایە پێمەڕەی هەڵپەساردراو بـە دارە تـووی، ڕەحمـان ئاغـا چـەلێکی دی دەستی هەڵێناوە و قەمچی لێ داهێناوە، کەچی مـراد وەک پڵـینگ لـە حـەوای گرتیـەوە و قـەمچی لـە مەچـەکی هـاڵا، ڕایکێشـا، ئەسـپ پاشـەوپاش کشاوە، سپێنەی چاوی گەورەتر ببوو، حاجیش غاری دا پێمەڕەی، ئەحمەدە زلە مەودای نەدایە، گەیشتە سەری و گورجێ لـە ئەسـپی دابـەزی وخـۆی پـێدادا. میزەری زەردی حاجی لە سەری بەربۆوە و بۆخۆشی کەوتە بەر زلـە و پێلاقـەی ئەحمەدی. خالید بە هانای هات، لە پشتەوەڕا هەتا هێزی هەبوو پێمـەڕەی لـە شانی ڕاکێشا، نرکەی لە دڵی هێنا، ئەسپە سوورخوون پڕ بە زەوی دەی حیلاند و مرادی وەبەر چەپۆکی خۆی دەدا، قەمچی لە دەست بـەربووبوو، ڕەحمـان ئاغـا بێوچان قەمچی بەسەر و گوێلاکیدا دێنا، مراد خۆی لەبەر سمی ئەسپی لانەدابا، هەموو ئێسکی لەشی تێک دەشکا.

به دوان دەروەستی ئەحمـەدی نـەدەهاتن، لەسـەر حـاجی وەرسـووڕابو و ئامبازی خالیدی ببوو، دەستی زەلام و ئەستووری لە نێو قەدی قـایم کردبـوو و ڕێکی دەکوشی، خالید هەناسەی بۆ نەدەکێشرا، شین و ڕەش ببـووە، چۆلەکـە بوو دەپەنجەی باشوودا پەلەقاژەی دەکرد، بە کەلەی سەری هەتا هێزی هـەبوو لە سەر و ملی ئەحمەدی دەکوتا، بەڵکوو هەلێکی بۆ هـەڵکـەوێ و لـە چـەنگی نەجاتی بێ، وردە وردە بێ تاقەت دەبوو، حاجی کەوتبوە سەر حەرز و خوێن بە کەپۆی‌دا دەهاتە خوار، هاواری مرادی کرد:

«مراد کوڕە بگەیە خالیدی کوشت.»

مراد بە پەلە ئاوڕی لێ دانەوە، ژان و ئێشی خۆی لە بیر چووە، هەر بـە دوو سێ هەنگاوان خۆی گەیاندێ، پێمەڕی لە حەرزی هەڵگرت و هەتا هێزی هـەبوو بە پشتی پێمەڕە لە پشتەسەری ئەحمەدی قایم کـرد، زرینگـەی لەگـەڵ زیـڕەی تێکەڵ بوو، دەستی لەنێو قـەدی خالیـدی سسـت بـوون، خـوێن وەک جۆگـە لەسەری دەهاتە خوار ودەست بەجێ کراس و کەوای تلیسـاندەۆە، لـە حاسـتە خۆی بێهۆش بەربۆوە، ڕەحمان‌ئاغا هەلی‌کێشا دەمانچە و ڕووی دە حاجی کـە لە پێش ئەوانی دیکە ڕاوەستابوو کرد:

«هەی دەویت بابی قورومساغ.»

تەقەی دەمانچە، ئەسپە بۆری بـێ سـواری دەرپەڕانـد. حـاجی پشتاوپشـت بەربۆوە و خوێن لە شانی بازرەقەی بەست.

خەڵکی دێی گەیشتبوونە دوور و نیزیکیان، مام خدر و حەمەڕەش هەر لە دوو ڕا هاواریان کرد:

«کوڕە بە خاتری خودای ئاغا نەی‌کەی.»

ڕەحمان ئاغا ئاوری لێ دانەوە، بـە پەلـە پـەل وەنێـو شەتڵـە باینجانـان کەوتبوون، لاق و لەتەریان قوڕاوی ببوو.

«کوڕە ئاغا گیان با خوێن نەڕژێ، بە خاتری خودای دەست ڕاگرە.»

ڕەحمان ئاغا قامک لە سەر پلتۆکی دەمانچە چاوی لێ دەکردن، ناڵەی حاجی دەهات، خەڵک گەیشتنە کنیان و دەوریان دان، ڕەحمان ئاغا گوڕاندی:

«ئەوجاریش لێیان خۆش دەبم، دەنابە گۆڕێکی باپیرم چۆتێ، بـە مەرقـەدی بابی گەورە، چەلێکی دی لەسەر ئەو زەویانە بیانبینم ئەوی خراپە بە سـەریان دێنم.»

لادێی هەرکامە بۆ لایێکی هەڵدەهات، ئی وابوو غاری دەدا سەر کانی و ئـاوی دێنا، ئی وابوو لەسەر سەری بریندارەکان دانیشـتبوو بەتـەما بـوون خـوێنی بوەسـتێنن، ئی وابـوو وەدوای ئەسـپە بـۆری کـەوتبوو، یـەک دوویـەکیش شتومەکیان بۆ کۆ دەکردنەوە. چۆڕێکیان ئاو بە گەرووی ئەحمەدەزلەی داکرد و نەختێکیشێان بە دەموچاوی پرژاند، خوێنی سەری مەیبوو و تووکی سەری هەتا نیزیک پشت ملی پێکەوە نووسابوون. وردە وردە پێڵوی چاوی هەڵداوە، کـاس و گێژ هەستا دانیشت، دەستی بردە پشت سەری و هێنایە پێش چاو، بەری دەست و سەری قامکی خوێناوی بوو، بە خێسە و مۆڕە چاوی لە مراد کـرد، دەروێـش سەعید بن پیلی گرت و یاریدەی‌دا هەستێتە سەر پێ، بۆ لای ئەسـپەبـۆری چـوو کلکـە ڕەشمـەی لــە دەسـت حەمەڕەشـی هەسـتاند و سـواری بـوو، بـەدوای ڕەحمانئاغادا ڕکێفی لێدا و بەرەو دێی وەنێو بێستانی کەوت... .

نزیک بیست شەو لەو ڕووداوە تێپـەری، مـاوەی مـراد تـەواو ببـوو بـەڵام نەچوبووە، زۆریان قسە لەسەر کردبوو دەبێ چ پکەن، بۆ ئاخرین ڕێگا بڕیاریان دا بچنە خانێ و لە دادگایە شکایەتیان لێ بکەن، لەگەڵ دەم ڕاست و ڕدێن سـپی دێی ڕاوێژیان کردبوو، یاسا و قـانوون لــە وڵاتی ئێمــەدا، لــە ژیـانی ئێمــەدا نامۆیە، ئاخری لەسەر ئەوەی ساغ ببوونەوە حاجی و خالید بچنــە شـکایەتێ، بەڵکوو زەویەکەی لە چەنگی حەمەدئاغا دەرکێشنەوە. حەمەڕەش و کاک ڕەحـیم بەڵێنیان دابوو شاهیدیان بۆ بدەن.

کاز و کووزی بەیانێکی جۆزەردان بوو، لەماڵ هاتنە دەر و ملی ڕێی خانێیـان گرت و ڕۆیشتن. ڕۆژ مەشخەڵی گەورە و ڕووناکی هەتاو بە دەسـتەوە تـاریکی و تارمایی بە یەکجاری تارانـد. گـەنم و جـۆی زەوی ئەوبـەر ئەوبـەری ڕێگایـە غووشەیان زەرد و قورس لەبەر گزینگی هەتاو دەدرەوشـانەوە، شـنەی بـەیان دەنێویان کەوتبوو، جووڵە جووڵێکی سەیریان دەکرد، هەر دەستەی سەری بـۆ لایێکی دەسووڕاند، دەتکوت شنە ڕێی لێ ون بۆت هەر لاسکەی بەسـەر ڕێیکێـان پێ نیشان دەدا، ئەویش گێژ و سەر لێ شێواو دەگەڕا. گـەلا چەوەنـدەرەکان لــە

خەوی قورس هەستابوون خۆیان لەبەر یەک کێشابۆوە و لەسەر جێگا و بانی زەوی پان ببوونەوە گوڵە بەرۆژە قشونێکی ڕێکوپێک بوون بەرامبەر بە مەزنیان هەتاو، قیت و قۆز ڕاوەستابوون.

دوور و نیزیکی خانێ بوون. لە لای چەپی ڕێگایە مەزرایەکی گۆڕ و گەورەی گەنمەشامی لێیان وەدەر کەوت. نێوان ڕێگا و مەزراکەی دڕوو زەردە ڕسکابوون، سەدان خاڵخاڵۆکە پێیان هەڵگەڕابوون.

هەرتکیان سەریان وەرسووڕاند و چاویان لە گەنمەشامیان کرد کە شووباری دایکانیان دەدا، کۆرپەیان مەلۆتکە کردبێ و لە باوەشی خۆیان گرتبێ.

پیرە پیاوێک لە سەرەخۆ خەریکی چەقاندنی داوەڵان بوو، دیار بوو گەنمەشامی وەختی ئەوەیان هاتۆت لەبەر هورووژمی قەلەڕەشان ئاگاداری بکرێن.

دەستیان لێ هەلێنا و دووراودوور ماندوو نەبوونیان لێکرد.

«ماندوو نەبی.»

«بەخێرێن، خودا عافووتان کا.»

لە جەڕانێ ڕا ئەو قسانەی لە دادگایە دەبا بیلێن چەند جاریان کوتبووە، جێی وشەیان گۆڕیبوو، لە مێشکیاندا گەڕابوون بەلگەی باشتر و چاکتر ببیننەوە، بە ڕەستەکانیان زیاد دەکرد، لێیان کەم دەکردنەوە.

هەتا نوێژی نیوەڕۆ لە دیو و ڕاڕەوی دادگا هاتبوون و ڕۆیبوون. چەند جاریان لێ تووڕە بوون، لە دیوێکی بۆ دیوێکی دیکەیان ناردبوون، پاڵە پەستۆیان پێدەدان، تەنانەت جنێویشیان پێدابوون. ئەوێ ڕۆژ چیان بۆ نەکرا، شەو میوانی حاجی بایز بوون ئەویش بە ڕوویەکی سارد وەریگرتن.

سبەێنێ سەرلە نوێ چوونەوە دادگا، هەتا ئەو پووڵەی بۆ وەختی مەبادا لەگەڵە خۆیان هێنابوو، نەیان کردە بەرتیل، چیان بۆ نەچۆ پێش، لە ئاکامدا دەلەسیەکیان بۆ ساز کردن و پێیان کوتن ئەنگۆ بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆتان، دوای حەوتویەکی دیکە لەگەڵ شاهیدان وەرنە ئێرە.

حەمەدئاغا قاقایێکی بلێندی لێدا، ڕووی دە ئەحمەدەزلە کرد.

«کوڕە، دەرویشی لەگەڵە خۆت بەرە تایەکی ئارد بدەیە، پاشانیش بۆخۆت دەچێیە ماڵە حەمەڕەش و ڕەحیمی، بانگیان دەکەیە ئێرە».

هەتا حاجی و خالید گەڕانەوە حەمەڕەش لە قسەی خۆی گەڕابووە، کاک ڕەحیم لە دێی ترۆ کرا، گەسکیان بۆ لەسەر پشتی گوێدرێژان دانا و لە دێیان وەدرنا.

یەک حەوتو دوایە حاجی و خالید بەرەو خانێ وەڕێ کەوتن، لە ڕاست مەزرای گەنمەشامی دەمێک وچانیاندا و لەسەر دوو بەردان بەرامبەر بە مەزراکە و پشت لەڕێیە دانیشتن، ئاسمانی سەر مەزرا لەبەر هوروژمی قەلان، ڕەش داگەڕابوو، قڕەقڕیان لە هەموو لایەکەوە دەهات، لەسەر شان و پیلی داوەڵان دەنیشتن! وچانیان دەدا! چرنووکیان لێ قایم دەکردن! دەیان قڕاند و بە هۆی قووەی شان و پیلی داوەڵان هەڵدەفڕین و شاڵاویان دەبردە سەر گەنمەشامی!!

چوونە دادگا، پێیان کوتن دەوسیەی ئێوە دراوەتە پاسگاکەتان!! مات و کەسەر گەڕانەوە، قەلە ڕەشەکان زۆربەی گەنمەشامیان ڕووتانبووە و داوەڵ هەروا لە حاست خۆیان ویشک و ڕەق ڕاوەستابوون!!!

***

## (٣٤)

شەوانە ئاسمان سەرتاسەر ساو و سامالْ دەبوو. گڕشە گڕشی ئەستێرە لە هەموو سووچێکەوە دەهات، مانگ نەرم نەرم هەنگاوی هەڵدێناوە، پاپۆڕێک بوو لە زەریای بێ پێلی شەودا ئارام ئارام دەخوشی، شەومە وڵاتی دەڕازاندەوە؛ بە کەلێنی لکوپۆپی داران، بە کولانەی سەربانی ماڵان، تریفەی دەڕژاندە ناو چاوان، بە غەمزە و نازەوە دەهاتە سەر کانیاو و ڕووباران، لە ئامێزیاندا دەزا، دەبوو بە سەد، بە هەزار، هەر یەکەی سواری خیزاوێکی دەبوون و ڕوو بە کەناریان دەڕۆیشتن. هەتا کەڵەبابی بەیان دەیخوێند، هەر لەگەڵ کێو، لەگەڵ دار، لەگەڵ ئاو، لەگەڵ سروشت دەدوا، بەری بەیان خۆی لە باوەشیان دەر دەکێشا، داوێنی زێو کفتی هەڵدە کرد و نەرم و نیان ژۆانگەی بەجێدەهێشت.

ئەو جار هەتاو بە شوێن ویدا لە چیا وەسەر دەکەوت، مست مست وڵاتی زێڕەوشان دەکرد، کوێستان کۆشی دەگرتەوە؛ گوڵ و گیا، دار و دەوەن سەریان هەڵدێنا، مەلی خۆشئاواز بە چرپە و چریکەیان داوەتیان بۆ دەگێران.

بەرەبەرە هەتاو سەخیتر و گەرما بەهێزتر دەبوو، جووتبەندە پشتیان چەمابۆوە و یەک پشوو دروێنەیان دەکرد، گەنم تیشکی هەتاو بوون ڕژابوون. خۆر لە تەشقی ئاسمان چەقیبوو، وڵات بێهست و خوست و گەڵای داران بێجووڵە. قرچەقرچی نیوەڕۆ بوو، ئێستا دەبا سێ دێی دیکەی کردبا، گوێدرێژەکەی بە حەوسەلە و لەسەرە خۆ دەڕۆیی، زۆر گوێی نەدەدا بە نەقیزە و هەچەی هەمزەی.

دەماوەی ئەو چەند ساڵەدا زۆر چاک لێک حاڵی ببوون، ئەو دەیزانی دەبێ لە کوێ لێی گەڕێت چۆنی پێ خۆشە بڕوات و ئەویش دەیزانی لە کۆی دەبێ توند

بڕوا و لە کویێ سەبر ، ئەو دەیزانی کەنگێ شەکەت و ماندوویە و ئەویش دەیزانی لە کوێ دەبێ توند بڕوا و لەکوێ سەبر ، ئەو دەیزانی کەنگێ شەکەت و ماندوویە و ئەویش دەیزانی ئەویان کەنگێ قەڵس و تووڕەیە و نابێ لە قسەی دەرچێ، ئەو نەقیزە تێکوتان و هەچە لێکردنەش بەپێی عادەت بوو، دەنا هەر بە نێوان ماوەیەکی باری سەر پشتی لێ ڕاست دەکردەوە و ئەویش گوێی دەلەقاند و کلکی یەک دوو جاران هەلدەسووڕاند و وەڕێ دەکەوتەوە. هێندە بەو ڕێ و بانەدا هاتبوون و چووبون تەواوی کەند و لەندیان پێدەزانی، شارەزای هەموو کانی و ئەستیران بوون، تەنانەت بە هێلانەی مەل و دەعبایا نیشان دەزانی، سالێ نۆ مانگی ڕەبەق ئەوە کار و پیشەیان بوو لەو دێیە بۆە ئەو دێیە.

هەمزە بە خۆیەوە سێ برا و دوو خوشک بوون، هەر یەکە لە شوێنێکی، وەک جووچکەی باڵندان پەڕوازە ببوون، برایەکی چکۆلەی لە کانێ زەرد بوو ئەو دێیەی کە ئێستا لێی وەدیار کەوتبوو. تاق و لۆق لە کۆلانەی ماڵێکی دووکەلێکی بۆر بە خۆبادان هەڵدەکشا و لە پانای ئاسماندا بزر دەبوو. کۆڵان چۆل و هۆل بوون، جار جار منداڵێک یا ئافرەتێک لە ماڵێکی دەهاتنە دەر و دەچوونە ماڵێکی دی. سی چوارپێ لە دوورەوە ئامبازی بوون، حەپە حەپیان بێدەنگی دێی تێکدا. گوێدرێژەکەی دەستی بە زەڕین کرد، هەمزە داردەستی هەڵسووڕاند و تاراندنی:

«چخە، چخە هەی بابو بە کەران دەگێم، چخە.»

غاری دەدانێ، لەبەری هەڵدەهاتن، لەسەر ڕا شاڵاویان بۆ دێناوە. ئافرەتێک بە هانای هات و سەگەکانی لێ دەرکرد. چوارپێ لەوبەر ئەوبەری مشتومڕیان بوو و ددانیان لە چیرەوە دەبرد. دەرکەی ماڵان جیرەیەکی ناخۆشیان لێدەهات و دەکرانەوە، ژن و کچ و منالْ تاق تاق و دوو دوو دەهاتنە دەر، هەر لە دوورەوە دەیاندواند:

«ماندو نەبی کاک هەمزە.»

«خودا سلامەتت کا پوور فاتم.»

«ئەرێ کاک هەمزە گڵەسەرت پێیە؟»

«پێمە خات نازدار.»

پاڵی وە دیوارێکی دا، شمەکی لە پشت گوێدرێژی داگرت و لە پێش خۆی دانا، لەدەورەی هاڵان، سەری مار و مێروی پێبوو. بە جارێکی سێ چوار نەفەر پێکەوە دەیان دۆاند، چەنەیان لەگەڵ لێدەدا. منداڵ سەر قژن و پێخواس لە پەنای هەڵترووشکابوون و سەریان خستبۆە سەر شمەکی.

«وامەکە، کوڕە دەستیان لێ مەدە.»

«هەی دەوامی عەمرت نەدا هەستە واوەرە.»

منداڵ دایکیان بۆ کڕینی شیرنیاتی کوندە جەرگ دەکرد و دایکیان بە چەپۆک با یان بە جنێو بە تەمای لە کۆڵخو کردنەوەیان بوون، دەنا زۆر ناعیلاج بان چەند قڕانیان شت بۆ دەکرین و خۆیان لە چنگیان قوتار دەکرد ئەوسا دیسان لەگەڵ ژنانی دێی دەستی بە قسە دەکردەوە.

سەگەل لە ژێر سێبەری دیواران کەوتبوون، زمانیان لە گەرمان دەرکێشابوو، کەف لە قەراغ زاریان دیار بوو، تاوناتاوێک بە بێوازی زاریان بۆ گرتنی مێشە سەگێکی دەکردەوە و پێکیان دادەداوە، تەقەی وێککەوتنی کەلپێان دەهات. گوێدرێژەکە بە گوێی حەولی دەدا پۆلە مێشی نیشتووی سەرکاڵانەی چاوی بتارێنێ، فایدەی نەدەکرد ئەوجار سەریشی دەلەقاند... .

شمەکی خڕ کردەوە و هاویشتیەوە سەر پشتی گوێدرێژەکە و بەرەو ماڵە هیدایەتی هەچەی لێکرد. قادرخان هەر لە هەوەڵەوە وەتاغ و پێشخانێکی بۆ هیدایەتی لە گۆشەیەکی حەساری گەورەی خۆی ساز کردبوو، دوای دوو سێ ساڵان کە لێی ئەمین بوو ژنی بۆ خواست و وەتاغێکی دیکەشی بۆ لێ دروست کرد، نێو ماڵی دایە، بە جارێکی سەروماڵی خۆی پێ سپارد.

گوێدرێژی بردە تەویلە و دایکرد جلوبەری لێ کردەوە و هێندێک پاشا خۆری ئەسپی قادر خانی لەپێش دەمی دەئاخوڕی کرد و شمەکی بە کۆڵی د ادا و گەڕاوە حەسار. هاجەری براژنی بۆ ژووری فەرمووی کرد و بەدوایدا چۆ ژوور. منالی هیدایەتی تازە دەهات پێ هەلگرێت و بە دیواری هەڵ دەڕووسکا:

«یاڕەبی بەخێر بێی کاک هەمزە، براژنە زێنەب چۆنە؟ منداڵەکان چۆنن؟ پێت لەسەر چاوم دانا.»

بە پەلە خەریک بە ساز کردنی چا و شێو بوو.

«خودا سلامەتت کا، ئەدی ئەوە هیدایەت لە کوێیە؟»

یەک دوو پەڕۆی منداڵەکەی لە ژووریَ کەتبوو، هاجەر گوورج هات و هەڵی گرتنەوە.

«ئەوە دێتەوە، قادرخان ناردیە جێیکی، ڕەنگە ئیستێکی دی پەیدا بێتەوە.»

پەڕۆکانی بردە دەر و لە پێش‌خانە داینان و گەڕاوە.

«دەی زۆر چاکە.»

ڕووی دە منداڵەکەی کرد:

«دا وەرە بزانم، هەی لە مامت کەویَ، عەلی گیان! وەرە بزانم.»

مێش لە دەم‌وچاوی عەلی دەنیشتن، هەڵدەفڕین و لەسەر ڕا لە قەراغ لێو و کەپۆی دەنیشتنەوە، دەستی دەگیرفانی پاتۆڵی نا و دەنکێکی نوقڵی سوور دەرهێنا و بۆی ڕاداشت.

«دەوەرە دەی عەلی گیان!»

منداڵ بە لارە و لار و تەکە تەک بۆ لای هات و بە دەستە چڵکنەکانی نوقڵەی لیَ وەرگرت، لەجێوە کەوتە سەر قون و دانیشت. مێش دەسبەجیَ لەسەر شیرنێکەی نیشتن و ڕەشیان داگەڕاند.

«ئەدی بۆ براژنە زێنەبیشت نەدێنا؟»

چای دێم کرد و چادانی لەسەر سەماوەر دانا و جامی نایلۆنی پێش لوولە سەماوەرەی ڕاست کردەوە.

«وەڵاهی سوعدا سوورێژەی لیَ هاتۆ، لەبەر ئەوەی نەم‌هێنا.»

«چاک دەبیَ ئیشاڵڵا، عەلیش تازە چاک بۆتەوە، دە ڕۆژان نەخۆشێکی پێوە نوسابوو ئەو هەموو نووشتە و دوعایەم بۆ دەکرد هەر وەک خۆی بوو، هەتا خودا چاکە بۆ میوانی قادرخانی کات، شەربەتێکیان دایە پێی چاک بۆوە.»

هەتا سەعاتێک دوای نان و چا خواردن چاوەڕێی هیدایەت ماوە؛ پاش ئەو ماوەی هەستا سەر پیَ و ماڵئاوایی لە براژنی کرد و گوێدرێژی وەپێش خۆی دا و بە سەر ڕێی «خورینج»دا هەچەی لیَ کرد. بەڵێنی بە براژنی دابوو هەر چۆنێک بیَ بۆ شەو بگەڕێتەوە ویَ، هەتا ئێستا چەند جاری دیش هاتبوو هەر چاوی بە هیدایەت نەکەوتبوو، بیرێک، خەیاڵێک، پرسیارێک وەک مۆرکە مێشکی دەخوارد... .

**له تەواوی ئاوایێیەکان، باس باسی ئەو سوارانە بوو؛ باسی خەڵاتێکی کە حوکمەت بۆ ڕاپۆرت لێدان یان دەست بەسەر کردنیان تەرخانی کردبوو، لە ماڵان، لە مزگەوتان، لە کۆڵان و مووچە و مەزرایان، لە هەموو شوێنێکی هەر باسیان دەکرد. «دەڵێن دەوڵەت سەت هەزار تمەنی دەدا بە هەرکەس پێیان بڵێ لە کوێن یان بیان گرێت.»**

**هەر غەوارەیەک دیتبایان بە سەیری چاویان لێدەکرد، سرنجیان دەدا بە قسە و ئاکاری.**

**«کوڕە حەسەن بڵێی ئەوە لەوان نەبێ؟ چاو چۆن چاو لە وڵاتی دەکا، کوڕە پێم وایە هەوە، دیارە خەڵکی ئەو لایانە نیە.**

**«وەڵاهی جا چوزانم، خودا دەزانێ، جا بێتوو هەویش بێ چۆنی دەگری؟ هەڵبەت دەمانچەیەکی هەر پێیە.»**

**«ئەرێ سۆفی ڕەحمان ئەو دوو نەفەرەی شەوێ چوونە ماڵە مام سوڵتانی نەتناسین؟»**

**«بەدی چێودارن خەڵکی لای مەحاڵین، لەبەر چی دەپرسی؟»**

**«وەڵاهی جا چووزانم، کوتم نەکا ئەوانەی دەوڵەت لێیان دەگەڕێ هەوبن.»**

**«کوڕە نەوەڵڵا، فەقیرانە جابۆ بە کوشتنیان نادەی؟»**

**ژاندەرم بە دێیان وەر ببوون، پرسیاریان لە خەڵک دەکرد، چەند دەستە چەتە کە هەتا دوێنێ ڕێگریان دەکرد و نێوی ژاندەرمیان بیستبا حەوت شاخ ئەولاتر هەڵدەهاتن، شان بە شانیان دەگەڕان... .**

**هەمزە هەتا نیزیک زەردەپەڕان زۆربەی شمەکی فرۆشتبوو شەکەت و کاسوڵ دەرێی گەڕانەوەی کانێزەرد دابوو. بیری چووبۆ سەر ئەو خەڵاتەی خەڵک باسیان دەکرد، وەگیری کەوتبوو، پێبوو، خانووبەرەی چاک، مەڕ و ماڵاتی زۆر، زەوی و زار و باغی گەش، نوقمی خەیاڵی شیرن هەچەی لەبیر چووبۆوە.**

**ون بوویەکمان هەمیشە، هەموو کاتێ هەیە. لێی دەگەڕێین. چاو دەگێڕین. نایبینینەوە. تاپۆی دەبینین وەدوای دەکەوین. هەڵدێین نایگەینی، نازانین چێیە، چۆنە، تەنیا نێوی دەزانین. بیستوومانە. بەختەوەری لای خەڵک دەیبینین بێخەبەر لەوەی ئەوانیش لە لایان نیە، وەک ئێمە لێی دەگەڕێن، پووڵ، خانوو، مەزرا، باغ، زەوی، دنیا ڕادەکێشن، لەسەر یێکی کەڵەکە**

دەکەین، ئەی بەڵکوو بیبینمەوە، تەمەنمان، کات و ساتمان، ڕۆژ و ساڵمان بە دوایدا دەڕۆین، هیچ سۆراغێکی نیە، سەر و پۆتراک سپی، پشت چەماو، چاو سیس و لیڵ، گێژ و وڕ، ماندوو و هیلاک، با بە دەست و دەست بەتاڵ، دەمێنینەوە، منداڵمان، نەوە و نەتیجەمان وەک ئێمە، بە ڕێی ئێمەدا دەڕۆن بە شوێنیدا، ئەوانیش نایبیننەوە هەر وەک ئێمە و باب و باپیرانمان نەمان‌دیتەوە، لە کوێ‌یە؟ لە لای کێیە؟ چۆنە؟ کێ دیویێتی؟ بڵێی دەباڵ خۆمان‌دا، لە لای خۆمان، لە ماڵە خۆمان‌دا نەبێ؟ داپۆشرابێ. دەڵێن چاو هەموو شتێکی دەبینێ ئیلا بۆخۆی نەبێ، بڵێی ئەوەش وانەبێ؟ دەباڵ خۆمان دابێ و نەی‌بینین، ئەدی ئەگەر وانیە بۆ ئەوانەی دنیاشیان هەیە هەر لێی دەگەڕێن؟...

ئێوارەی کوێستان بە سام و هەیبەتە، کێو لەتارمایی بومەلێڵدا خۆیان مات داوە، ڕێگرن بە خۆف و سام سەر و چاویان داپۆشراوە، ڕێگا پشتێندە لە کەمەریان هالاوە.

گارانی دێی لە پێشی هێور هێور دەرێیەدا بوو، تەپ و تۆزێکی زۆر لە ژێر سمی گا و گامێشان وەحەوا کەوتبوو، بۆڕە و هۆڕەیان تێکەڵ یەکتر دەبوو لە پاڵداوێنی شاخێکی بڵیند کە لووتکەی دەتکوت هەڵۆیەکە ئامادەی فڕین، مێگەلی دێی مۆل درابوون، شەبەقی ئاوری شوانێک خەنجەرێک بوو چووبوە ناو زگی دێوەزمەی تاریکی. یەکسەر ڕووی دەماڵە هیدایەت کرد و بە دوای گا و گوێلکی ماڵە قادرخان گوێدرێژی بردە حەوشە.

براژنی بەرەوپیری هات، گوێدرێژی بۆ بردە تەویلە، خێرا مەسێنی:ی ئاو بۆهێنا و بەدەستی داکرد.

«ماندوو نەبی کاک هەمزە.»

«سلامەت بی براژن، هیدایەت هاتۆتەوە؟»

«ناوەڵلا، کاک هەمزە ! زۆرم پێ سەیرە ئێستا نەهاتۆتەوە.»

چڵک و چەپەرێکی زۆر لە دەست و دەم و چاوی دەبۆوە، پشتێندی قەدێک کردەوە و پێی ئیشک کردەوە، هێندێکی چاو لە گاڕان کرد، لەبەر دەرگای تەویلە پاڵەپەستۆیان پێک دەدا و دەیانبۆڕاند.

«کاک هەمزە! ئەتۆ بچۆ ژوور، چام دێم کردۆ ئەمن دەچمە یاریدەی ئەو ژنانە ئێستا دێمەوە ژوور.»

گیزه گیزی سـەماوەر تێکەڵـی هەناسـە و پشوکێشـانی منداڵـەکەی ببـوو، چراییێکی کەم شۆق لە نێوەڕاسـت ژووریٚ داییسـا، مێشـە کـوێرێکی زۆری لـیٚ هاڵابوون، بۆنی مزراویلکە دەهات، چۆە پـەنای سـەماوەر و چـاییێکی بۆخـۆی تێکردک گۆرەوێکانی داکەند و هاویشتێە سووچێکی دیوەکەی.

دەنگە دەنگی براژنی و یەک دوو ژنی دیکە دەهات، پووڵـەکانی لـە باخەڵـی دەرهێنا و خەریکی بژاردنێان بوو. وردە وردە دەنگ و هەرای دەریٚ کەم بۆوە. دوو چای دیکەشی خواردبۆوە، دەریٚ بە یەکجاری تاریک ببوو شۆقی چرای گڕسۆزی خۆشتر دیاری دەکرد، براژنی هاتەژوور و دیسان بەخێرهاتنی کرد.

جیرەی دەرکەی حەوشە هات، دەنگی نزم و نەوی سمی وڵاخان لە دوای یـەک وەک ئەوەی دەچوو چەند کەس لە سەربانی بێن و بڕۆن. هاجەر کە هەر بە پێوە ڕاوەستابوو کوتی:

«پێم وایە هیدایەت هاتەوە، بابچم.»

چۆە دەر، تاپۆی سۆاران بە بەر پەنجەرەدا وەدیار کەوت، پرمـەی ئەسـپێان هات، هەمزە هاتە پشت پەنجەرە و چاوی تێبڕین، بـۆی نـەبژاردران. هیدایـەت ئەسپی بردنە تەویلە و میوانیش لە پلیکانان وەسەر کەوتن و چوونە دیوەخانـیٚ هاجەر هاتەوە ژوور، هەمزە چوبۆە سەر جێی خـۆی دانیشـتبۆوە، هاجـەر بـە بزەیەک لەسەر لێو کوتی:

«ئەوشۆ قادرخان میوانی هەن.»

هەمزە قودووی تووتنی دەرهێنا و کوتی:

«کێی میوانن؟»

«جا خۆ بە خودای ئەمیش نازانم، هەر ئەوەندەم گویٚ لێبوو یکێان پێم وایـە نێوی سمایلە.»

«سمایل!؟»

«ئادی سمایل.»

هەمزەچی نەکوت و سیغارێکی هەڵبەست و دایگیرساند. هاجەر خێـرا چـوو لەو دیوی ژێرسیغاری بۆ هێنا و لە پێشی دانا.

هیدایەت هاتە ژوور، خۆیان دەباوەش یەک هاویشت و دەست و مووچی یەک هاتن. هاجەر چای بۆ هەرتکێان تێکرد و بۆی دانان، هیدایەت گـۆرەوی لـە پـیٚ

داکەند و بۆ خێزانی ڕاداشت، هاجەر لێی وەرگرت و بە غار چوو ئەوانی هەمزەشی هەڵگرت و بردنی بیان‌شوات. شێو خورا و کشانەوە پشتەوە، مێشە کوێرە لە دەوری چرای دەسووڕان، یەک دوو پەپوولەی چکۆلەش لەگەڵ بوون، وەشووشەی دەکەوتن، باڵیان دەسووتا یان بە شووشەکەوە ڕەق هەڵدەهاتن یا دەکەوتنە بەرپێچراکەی، هەمزە قامکی شادەی دەکەلێنی دوو قامکی لاقی ڕاکردبوو چڵکی لێ هەڵدەوەراند، منداڵەکە یەک دوو چەلان نووکاندی و بێدەنگ ماوە.

«کاکە گیان ئەمن هەتا دیوەخان دەچم، نەکا قادرخان کاری پێم بێ، ئەتۆ ئەگەر خەوت دێ بنو، هاجەر کچێ! جێی بۆ کاکم ڕاخە.»

هاجەر لە پێشخانە ڕا دەنگی هات:

«لەو دیوی بۆم ڕاخستۆە.»

هەمزە نەی‌توانیبوو ئەو قسەی دەدڵیدایە بیدرکێنێ. هیدایەت چوبۆە دەرێ، منداڵە لە خەو هەستابوو، کاس و گێژ چاوی دەمامی بڕیبوو، ئەوجار دەستی بە گریانێ کرد.

«براژن وەرە عەلی دەگری.»

هەستا سەر پێ و چوو دەر، فانووسی بەر هەیوانی هەڵگرت و بە هاجەری کوت:

«ئەمن دەچم سەرێکی گوێدرێژەکەی دەدەم.»

هاجەر هاتەوە ژوور و هەمزەش چۆە تەویلە، ئەسپ چاویان زیتەزیتی بوو، پڵێتەی فانووسی نەختێک هەڵکێشا، حەوت ئەسپ بوون، هەر حەوت سمیان بە لبادی تەتەرپێچ کرابوو، دەیان پڕماند، سەریان دەنێو ئاخوڕ دەنا و هەڵیان دێناوە.

«ئەوە بۆیە دەنگی سمێان نەدەهات.»

لێی یەقین ببوو ئەو میوانانە کێن، هەر ئەوێ شەوێش دەنێو شەڕ و هەڵلاکەدا دەنگی هیدایەتی ناسیبۆوە، بەڵام لێی یەقین نەبوو، ئیدی ئەوشۆ خاترجەم ببوو ئەوانەی وا بێدەنگ و هەست لەگەڵی هاتبوون سمایل و هاواڵەکانین. جێ سمی بارگینان لەسەر پەین‌وپاڵی تەویلە سەدان وێنەی سەیریان ساز کردبوو. پەپوولەیێک لە دەوری فانووسی دەسووڕا، یەک دوو

جاران خۆی بــە دەموچــاوی دادا و دیســان لــە دەوری شووشــەکەی ســووڕاوە، گوێدرێژەکەی دوور لە ئەسپان بە تەنێ سەری دەئاخۆڕی نابوو. گــەڕاوە ژوور و لەسەر جێی خۆی ڕاکشا.

قوقەی کەڵە شێران بەرز بۆوە، کزە بایەک فێنک و سووک نەبوونی هــەتاوی بە دەرفەت زانیبوو، وەنێو دێی کەوتبوو، جریوە و سریوەی چۆلــەکان لەســەر لک و پۆپی غاڵبە داری نێو دێ و بەردێ ساز ببوو، دێ لــە شــیرنە خــەو ڕاســت دەبۆوە، پێش وەدەرکەوتنی گاڕانی دێی گوێدرێژی وەپــێش خــۆی دا و ڕووی بــە جەڕان و پشت لە هەتاو ڕۆیی!

***

# (٣٥)

لە زۆر شوێنان گەنم دروابوونەوە، یەغنی یەغنی داندرابوون، زەوی پنـۆک پنۆک ببوو.

سێ ڕۆژ بـوو جـەڕان وەجـۆش و خـرۆش هـاتبوو، هەواڵـی ژنخواسـتنی ڕەحمانئاغا وەک تۆپ دەنگی دابۆوە، ورد و درشت هـاروژابوون، هەرشـتێکیان بیستبا چەند هێندەشیان پێوە دەنا و بە یەکتریان دەکوتەوە، مرۆڤ لەسەر قسە و هەواڵی ئاسایی و ڕاست زۆرتر دڕدۆنگ دەبێ و لەسەر هەواڵی درۆ و قسەیێکی کە لێی یەقین نەبێ زۆرتر پێ دادەگرێ و بەدڵیەوە دەنووسێ.

«دەڵێن حەوت شەو و ڕۆژ نانی دەدەن، لە مامەش و سوندوس و مەحاڵـی ڕا میوانیان بانگێشتن کردۆە.»

«دەڵێن بووک حەفتا وشتری جێاز پێیە!»

«جا دەبێ واش بێ، کجی سەڵمان ئاغای گۆڕە هەرمێیە، خۆ ئی مەمانان نێە.»

«ئامینە گۆج لە لای تووبای باسی کرۆە. گوایە حەمـەدئاغا مڵـکی کەوپـەڕ و ترکەشی لەگەڵ پێنج سەت سەر مەڕ پێ بەخشیون!»

«وەڵا دایکم ئەمیش لە پورفاتمم بیست، ئاغاژن حەوت کیلۆی زێڕ بۆ بووک داناوە!»

زۆر بە پەلە گەنمیان دەدرووە، گەوەزیان گەورەتر دەکرد، بـەیانان زووتـر دەچوونە مەزرایە و ئێواران هەتا چاویان دەیدیت نەدەهاتنـەوە، هـەتا بگەنـە داوەتی مالە ئاغای لەو نێوە دا تـەنیا ماڵـە حـاجی محەممـەد مـات و کەسـەر گوێیان بۆ هەواڵان ڕادەگرت، چاویان لـە هـاتوچـۆی خەڵـک دەکـرد. کوێخـا ڕەسووڵ بە خۆی و خێزانی لەبەری بەیان ڕا هەتا نوێژی شێوان لە ماڵـە ئاغـا دەمانەوە، دەروێش سەعید ڕاوەستانی نەبوو، بە تایبـەت ئەگـەر یـەکی ماڵـە

ئاغای چاوی لێبا، بە غار دەهات و دەچوو، شەو و ڕۆژ ژن و پیاو، قەرەواش و نۆکەر، دەست و پەیوەندی ئاغا خەریکی کاربوون، جێی ئاغا و میوانان، ئاغاژن و ماڵە بووک، جێی بووک و زاوا، تەواویان ساز و ئامادە کرابوون، لە قاوەڵتوونی ڕا ئاغا لە چەند لایان ڕا هاتن، هەر زرمەی سمی ئەسپان بوو دەهات، کۆک و پۆشتە سواری ئەسپی سوور، ڕەش، بۆر، سوورخوون و کوێت و بەڵەک دەهاتن، هەر یەکەی چەند پیاویان لە دۆاوە بوو، هەتا ئێستا جەڕان قەتی ڕۆژی وا بە خۆیەوە نەدیبوو.

چەند دەستە دەهۆڵ و زووڕنا لە بەیانێوە دەستیان پێکردبوو، چاوەش کۆک و بۆشناغ، قیت و قنج، پاکوخاوێن چاوەڕێی دەست پێکردنی هەڵپەڕین و ڕەش بەڵەک لە گۆشە و کەناری حەوشە ڕاوەدەستان.

لادێیی لە کۆڵان، لەسەر ڕێیان، لە گۆڕەپانی دێی، لەبەر دەرگای مزگەوت و لەسەر ڕێی ماڵە ئاغادا دەنیشتن، هەرکە قەرانتووی سواران وەدەر دەکەوت و لێیان نیزیک دەبوون، گورج هەڵدەستان و ڕێیان بۆ دەکردنەوە، تێکڕا سڵاویان لێدەکردن و بەخێر هاتنیان دەکردن.

«ئەوە کێیە؟»

«کوڕە جا چۆن ئەوەی ناناسی، ئەوە سڵەمان ئاغای نەڵاسێیە.»

«کوڕە بکشێنەوە لەسەر ڕێیە، مامەندئاغای میراوێ هات.»

«وسوو کوڕە پێم وایە ئەوەی دێ خدرئاغای کێلێیە، ئەدی ئەوی لە گەڵێتی بۆ نایناسم؟»

«هەی ماڵت نەرمێ هەی، جا چۆن نایناسن! بێ بەڵا بی هەی. چۆن ئەوە بایز ئاغای شنۆڕەنگێیە.»

قیت و قۆز لە سەر پشتی ئەسپان بەنێو خەڵکیدا دەڕۆیشتن، ئی وابوو هەر چاویشی لێ نەدەکردن.

هەتا ئێوارێ هەر هاتن، کەس بۆی نەژماردران، ئاخرین دەستە ئی ڕەشکۆخانی بوو، خانی بە هەیبەت و بە سام لەسەر پشتی ئەسپێکی قەرە دانیشتبوو، ئەسپە قەدەم دەڕۆیی، ڕەشکۆخان دوو سووچی سمێڵی تیژ بوون و نەختێک زۆرتر لە خەتی لێوی بۆ لای ڕوومەتی کزی کێشرابوون، چاوی تیژ و چکۆڵەی زیتەزیتیان بوو، کەس زاتی نەبوو چاوی تێبڕێ، ئاوریان لێ

دەبۆوە، جوان چاک و ڕووخسار پیاوانە، ترس و خۆشەویستی دەدڵی هەموو بینەرێکی داویشت، قۆردەماغ و بەهەوا بەنێویاندا تێپەڕی.
«ئەوەتا ڕەشکوخان، چاوی لێ کە دەڵێی ڕۆستەمە.»
ڕەشکوخان نێوبانگی ئازایەتی و دڵڕەقی لە تەواوی ناوچەدا بڵاو ببۆوە، پیاوی دەوڵەتی بوو، ساڵ دوازدە مانگ پەنجا سواری شەڕکەری لەبەر دەستدا بوو، هەتا ئێستا چەندین دەستەی بەنێو بانگی چەتە و ڕێگرانی تەفر و تۆناکردبوو، کوشتبوونی یا گرتبوونی.
«دەڵێن تیری هەتەر ناکا.»
دەوڵەتیش لێی دەترسا و هەتا ئێستا قەتی بێ قسەیی نەکردبوو، هەر نێوی ڕەشکوخانی بەس بوو هەتا چەتە و ڕێگر و لادێی چەق و چۆیان تێکەوێ؛ نەببوو بە شوێن چەتێکیدا ڕۆیبێ و دەست بەتاڵ گەڕابێتەوە، زۆری نەخایاندبوو کەلاکی لە پاشکۆی ولاخان نابوو. لە کوێستانێ هێنابوونیە شاری، دەنا ئەوەی خۆیان بە دەستەوەی دابوو، ولامیان لێ ناردبوو ئەگەر بێتو ڕەشکوخان بۆخۆی دەستەبەریان بێ ئەوە خۆیان تەسلیم دەکەن، قسەی گەڕانەوەی نەبوو، کوتبای عافووتان دەکەم دەوڵەتیش کاری بە سەریانەوە نەدەما، ساڵێکی حەسەن چەقەل ئاوری کردبۆوە، ژاندەرم و دێهاتی لەبەری وەزاڵە هاتبوون، دەستەیەکی پازدە نەفەری ساز کردبوو، هەر شەوێ مێگەلی دێیکی بڕدەدا، لێیان وەژوور دەکەوت ئەوەی هەیانبا لە پووڵ و زێڕ و شتی دیکە لێی دەستاندن، تەنانەت ڕوحمی بە گۆارە و بازنەی کیژۆلانیش نەدەکرد، زۆری ژاندەرم کوشتبوون، هەرکە دەشیان زانی شەپکەتووندە، هەتا قەدەرێک خۆیان دەشاردەوە، ون دەبوون و سەر لەنوێ لە شوێنێکی دی سەریان هەڵدێناوە، دەوڵەت هانای بۆ ڕەشکۆخانی برد.
«ئەرێ ئەوێ ساڵێ ئەتۆشم دەگەڵ بووی، حەسەن چەقالی هێناوە خانێ؟»
«ئا، ئا کوڕە ماڵتە پێکەوە نەچوبووینە ماڵە عەلی کەرناسی؟»
«پەکوو! قەت ئاگات لێ بوو دەتکوت دێوە! ڕاست گوللە لە نێوچاوانی درابوو ئەلانیش لەبەر چاومە!»
خان چەند جاران خەڵکی لادێی لەسەر شتی زۆر بێبایخ کوشتبوو، بەلاقیدا نووسابوون، پێلاویان ڕاموسیبوو، گریابوون و پاڕابوونەوە، ژنیان، منداڵیان

بە قەرەواش و نۆکەری ببوون، کۆتەلێک لە بەرد بوو ڕاوەستابوو بێ بەزەیی. دەرفەتی دابوونێ بە شاخی هەڵڕووسکێن، بێتو ئاوابن دەیبەخشین لێیان گەڕابوو غاردەن، ئاوڕیان نەدابووە، هەناسەبڕکە ببوون، پشویان سوار، کەروێشک بوون تاژی سەری دەدووی نابوون، دەفەی سینگێان دمەی ئاسنگەران بوو بڵیند و نەوی دەبوون، بەپەلە پڕوزی و ترس وەسەر دەکەوتن، گوێیان زیاتر لە تەواوی ئازای ئەندامێان وەکار خستبوو چاوەڕێی تەقەی تفەنگی، ئارەقە لە نێو چاوانێان ڕێچکەی دەبەست، زاریان ویشک و دڵیان بە گڕمە کوتابووی، چی وایان نەمابوو، چوار دەست و پێ لە نەردەکی کێوی وەسەر کەوتبوون، چەنگەڕنیان کردبوو و دڕوو و داڵ دەست و پەلیانی داڕوشاندبوو، هەر ئاوڕیان نەدابۆوە و ڕاوەنەستابوون، گەیبوونە دوندی شاخی، هیوای ژیانێان لەو دیوی دیبوو، بەغار داگەڕابوون، سەریان مابوو ونبێ، شریخەی تفەنگێکی هاتبوو تەنیا یەک جار، ڕووی دەپیاوەکانی کردبوو و پێی کوتبوون:

«بڕۆن کەلاکی بێننەوە.»

جەماوەر لە حەوشەی ماڵە ئاغا پێڵی دەداوە، دەیان کارکەر و نۆکەر بێوچان و ڕاوەستان دەهات و چۆدا بوون، بۆنی چێشتی تەواوی حەوشە و باغی دارماڵ کردبوو، قاقای میوانان لە دیوەخان ڕا بێ نێوبڕ دەهات، شایەر و گۆرانیبێژ دەستیان پێ کرد، بەزمی قومار و ئارەق دامەزرا.

دەیان سوار ئەسپیان ڕازاندەوە، سەر و کەللەیان پێ هەڵاوەسین، بە گوڵینگەی سوور و زەرد و سەوز نەخشاندیانن، سۆار ئەنگوچکە سۆرانیان سپی سپی لە چاوانی دەدا. تەقڵە و ڕمبازێنی سواران بەرەو «گۆڕهەرمێ» دەستی پێکرد. هەتا حەوت شەو و ڕۆژان شایلۆغان و شایی درێژەی هەبوو، شریخ و هۆڕی تفەنگان گوێی جەڕانیان کڕ و کپ کردبوو، خەو لە چاوان زڕابوو.

سەروان و ئیستیوار بۆیەک دەمیش چاویان لەسەر قادرخان هەڵنەگرتبوو، بۆ هەر جێیکی ڕۆیبا دووراودوور ئاگایان لێبوو، ئێوارەی ڕۆژی شەشەم ئیستیواری لەگەڵ دەستەیەک ژاندەرم ناخافڵ ناردە کانێزەرد و تەواوی ماڵیان پشکنیبوو، هێندێکیان چەک و کەل و پەلی دی دیتبۆوە، سەروان بە تەما بوو هەر ئەوێ شەو بیگرێت، حەمەدئاغا نەی هێشتبوو پێی کوتبوو:

«ئێستا میوانی منە، هەتا لێرە بێ نابێ کارو پێی بێ، جا لەدوایەش کەیفی خۆتانە.»

میوان دەستە دەستە دەڕۆیشتنەوە، قادرخان بە سوورای ئەسپی، لەپێش هیدایەتی لە حەوشەی ماڵە حەمەدئاغا بەرەو کانیزەرد ڕکێفی لێدا.

هەتاو داوێنی دەهەورێکی ئەستیور ئاڵقابوو، کوتیک لە داوێنی زێڕینی بە دەست هەورەکەی مابۆوە، لە دووری، لە نیزیک ئاسۆ ئاوڕی لێدابۆوە، شنەبایەکی فێنک لەرەی بە یاڵ و پڕی ئەسپان دەدا. ژاندەرم لە پشت گابەرد و کۆتەڕەی داران لەوبەر ئەوبەری ڕێیە، لێیان خەفتابوون.

بادیناوێ گڕف و هۆڕی دەکەژ و کۆدا زایەڵەی دەداوە و شین شین خۆی دەنۆاند.

سەروان لە پشت کەنداڵێکی درێژ ببوو و دووربینی دەرێیە بڕیبوو. وەدیار کەوتن، نەرمە غار دەهاتن. سەروان بە ژاندەرمانی کوتبوو کەس ئیزنی نێیە تەقەیان لێبکا، دەبێ بە زیندویی بیانگرین.

قەلمراوێک لە نهێم ڕا لوور بۆە سەر بادیناوێ و دیسان بە پەلە بەرەو بەرزایی باڵی گرتەوە.

چی وایان نەمابوو بیانگەنێ، دە ڕێزێکی داو شان بە شانی یەکتر ئەسپیان دەئاژواند. قادرخان لە دەستی بادیناوێ و هیدایەت لە لای کێوی. ژاندەرم وایان خۆ مات دابوو هەتا لێیان دەرنەپەڕین نەیانزانی. ئیستیوار بە ئیشارەی سەروانی لەگەڵ دوو ژاندەرم گوز و گومەت خۆیان هاویشتە سەر ڕێیان، ئەسپ سڵەمینەوە و حیلاندیان. قادرخان و هیدایەت بۆ ساتێکی کورت کسپەیان لە دڵی هات و حەپەسان. تفەنگیان ڕووبەڕوو گرتبوون، ئیستیوار بە دەنگێکی کڕ کوتی:

«لە ئەسپی دابەزن.»

ئاوڕیان لەوبەر ئەوبەری خۆیان داوە، لوولەی تفەنگی ژاندەرمان لە لای شاخی دەنێو ڕەهەندان ڕا، ئاراستەیان کرابوو، چاویان لە لای بادیناوێ بڕی، تیشکی هەتاو وەگەڵای سەر چڵووکی سپیدار و چناران کەوتبوو و سپی دەچوونەوە، قەلمراوێکە لەنگەری گرتبوو لە پڕلووری چۆمی بوو.

«خێرابن دابەزن، دەنا دابێژ دابێژوو دەکەین.»

سەروان لە جێی خۆی هەستا و بۆلایان هات. هیدایەت گورج و گۆڵ دەستی بۆ بەر پشتێندی برد و هەر بڵێی یەکودوو دەمانچەی هەڵکێشا.

«قادرخان ئەم پێشیان پێدەگرم، ئەتۆ هەڵێ.»

شریخەی تفەنگی ژاندەرمان بەرز بۆوە، ئەسپ حیلاندیان و هەستانە سەر پێ و سوران، تەپ و تۆزێکی زۆر لە ژێر سمیان وەحەوا کەوت، ئەسپی قادرخان بەرەو بادیناوێ باڵی گرتبوو، هیدایەت بێ ئەوەی دەرفەتی تەقەی هەبێ لەسەر ئەسپ سەرونخوون بۆوە، کەوتە سەر حەرز و بێجووڵە و تەکان گیانی دەرچوو.

قادرخان بە پشتی ئەسپەکەیەوە نووسا، گوللە بە پەنایدا ویزەیان دەهات. ئەسپ لە ترسان شێت ببوو سواری خۆی بە پڕتاو هەڵگرتبوو، دوور و نیزیکی مێشەڵانەکەی بوون، هەرتکێیان بە گوللەی ژاندەرمان پێکان و دەخۆلێ گەوزان. ژاندەرم بەغار بە دوایاندا دەهاتن. هاواری سەروانی یەکبین دەهات.

«بە زیندویی، بە زیندویی بیگرن.»

قادرخان هەستاوە سەرپێ، دەستی بە باسکی گرتبوو، خوێن بەنێوان قامکیدا بازرقەی دەکرد و گەرمی داهێنابوون.

ئەسپ لە حاستە خۆی لینگەفرتەی کرد و چیمەن و گیا و خۆڵی بە سمی لێکدا قادرخان هەتا هێزی هەبوو ڕوو بە بادیناوێ هەڵات، گەیشتە قەراغێ، بادیناوێ پێڵ لەسەر پێڵ جەستەی لە کەنارەکانی ڕادەکێشا و بە تەوژم و گوڕ دەگەڕاوە. سەروان هاواری کرد:

«لێدەن، مەهێڵن هەڵێ.»

بەڵام پێش ئەوەی گوللەی ژاندەرمان بیگاتێ، بادیناوێ وەک ئەسپێکی تۆڕ و ڕەسەن هەڵی گرت و لە پێش چاوانی ون کرد، تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ڕەنگی سوور لە ڕوخی چۆم دیترا و پاشان وەک خۆی لێ هاتەوە.

تەرمی هیدایەتێان لەسەر پشتی ئەسپەکەی دانا و بردیانەوە دێی، لە حەساری پاسگا تەرمیان لەسەر پشتی ئەسپ هێنا خوار و لە قولینچکێکی دایان‌نا، چاوی بێ قوچاندن دە ئەستێران بڕیبوو، ئیستیوار هاتە دیوی سەروان ئیکلامی بۆ کێشا و کوتی:

«جەناب سەروان هەمزە چەرچی هاتۆە بۆ خەلاتەکەی. سەروان بزەیەکی تاڵی هاتێ و کوتی:

«تەرمەکەی بدەنەوە!»

***

## (٣٦)

دەو ماوەیەدا کوێخا ڕەسووڵ هەتائەو جێیەی بۆی گونجا خۆی لە چاو پێکەوتن و تووش هاتنی مراد پاراست، وەک شتێکی ئەگەر تووشی ببۆا و چاویان دەیەک ئالقابا، بێ ئەوەی بۆخۆی بیهەوێ، هەموو جار سەری بەردەداوە، ترسێک جەستەی داگرتبوو، دڵی داخورپابوو ڕەنگوڕووی گۆڕدرابوو، مانای چاوی مرادی نەزانیبوو، لێیان حاڵی نەبوو، تێی نەدەگەیشت. سارد و سڕ، دوو گۆمی شین و بێبن بوون، چاوی وزەی ڕاوەستان لە بەرامبەریانیدا نەبوو، تێیان نوقم دەبوو، تەنووراو و گێژاو دەخۆیان دەگرت و ڕەپێچەکیان دەدا، دەیان سووڕاند و دەیانخنکاند، چاوی پەلەقاژەیان دەکرد بەڵام دەرچوونیان نەبوو، لەوەتی هاتبۆوە چ دیتبای و چ نەیدیتبا هەستی بەو چاوانە دەکرد و لێیان دەترسا، بڕستی لێ بڕابوو، چاوی مرادی سەرما و سۆڵی زەمهەریریان لێ دەباری، بادیناوێ بوو شەپۆلی لێدەدا، هێرۆ بوو دەچاویدا دەیزریکاند. چی دیکەی تاقەت نەمابوو، چۆە پاسگا و ڕاپۆرتی لێدا کە مەودای مەرەخەسێ کەی تەواو بۆە و نەچۆتەوە. بۆ ڕۆژی دوایە هێشتا هەتاو باڵای بە تەواوی بەرز نەکردبووە و تازە گاڕان لەدێی وەدەر کەتبوو ئیستیوار و ژاندەرمێک بە ئەسپی هاتنە حەوشەیان، حاجی محەممەد ڕوو بە پەنجەرە و چاو لە حەسار دەسحێباتی دەکرد، خالید لە پەنا سەماوەر دانیشتبوو و چای دەخۆاردەوە، مراد لەحەوشە لەسەر چاڵاوی ئاوی هەڵدێنجا و خات زارا لە ئەویلە خەریکی گەسکلێدانی پەین و پاڵ بوو.

ئیستیوار لە ئەسپ دابەزی و بۆلای مراد هات، مراد سەتڵی پڕی ئاوی لە قەراغ چاڵاوێ دانا، تنۆک تنۆک ئاوی لێ دەڕژاوە نێو چاڵاو و دەنگێکی نزمیان

لێدەهات، حاجی محەممەد لەبەر پەنجەرەی هەستا سەرپێ و خالیدیش ژێرپیاڵەی چای پڕ بە دەستەوە، سەری بۆلای پەنجەرە خوار کردەوە و قوت بۆوە.

«هەتیوە سەگبابە ئەوە بۆ نەچوویەتەوە خزمەتێ، هەڵاتووی ها؟ وەڵا بە گۆڕی بابتدا دەڕێنم.»

خات زارا کز و لاواز مووی سپی سەری لە ژێر دەستماڵەکەی وەدیار کەوتبوو، ببوونە دوو شەق، هەر شەقەی بۆلایەکی سەری چووبوون، حاجی محەممەد و خالید بە پەلە هاتنە حەوش، ئیستیوار هەستی کردبوو جێیتی شتێکیان لێ بقاچێنێ، بێ ئەوەی ئاوڕیان لێداتەوە، دەستێکی بە سمێڵی داهێنا و دەستەکەی دیکەی لە کەلەکەی لە حاست کۆڵتەکەی ڕاگرت، بۆ ئەوەی برنووکەشی لە شانی نەیەتە خوار هێندێک شانی چەپی هەڵکێشا سەر و نەختێک خۆی بۆ لای ڕاست خوار کردەوە، باڵای کەمێک لە مراد بەرزتر بوو، سکی لە ژێر لیباسەکەی دەرپەڕیبوو و کەوتبۆە سەر رفانووسقەکەی، ملی ئەستوور و سێ چوار تاڵ مووی ڕەشی لەسەر سینگی لوولیان خواردبوو، کەناری سپێنەی چاوی سوور ببوونەوە.

«لەگەڵ تۆمە کوڕە!»

خات زارا خۆی هاویشتە نێوانیان و دەستی بە پاڕانەوە کرد:

«کوڕە بە قوربانت بم، ئەورۆ بەنیاز بوو بچێتەوە، ناساز بۆە نەیتوانیوە بچێتەوە.»

حاجی محەممەد و خالیدیش گەیشتنە پەنایان: «بەخێرێی سەرکار ئیستیوار، دەفەرموو ژوور بۆ لەوێ ڕاوەستاوی.»

ئیستیوار بێئەوەی جوواب بداتەوە یان چاویان لێ بکات، نەڕاندی: «وەپێشم کەوە هەی تووڵەباب، دەڵێم هەتا ئەوێ هەر بە شەپانت بەرنەوە.»

مراد خوێنی وەکووڵ هات، کسپوکۆ تەواوی لەشی ئاخنی، پشووکێشانی پێ چەتوون بوو، قسەی بۆ نەدەکرا، لێوی خۆی دەکرۆشت، ئیستیوار دەستی هەڵێناوە هەتا لە بنانگۆی ڕاکێشێ و زووتر حاجی بۆ دانی بەرتیل وەپەلە پخات. خات زارا خۆی بە دەستێوە هەڵاوەسی. ئیستیوار ڕقی هەستا و پاڵێکی توندی بە خات زارایوە ناو خستێ سەر حەرز، مراد سەری لەگێژەوە هات، دنیا

لەپێش چاوی تاریک بوو؛ ئاگای لەخۆی نەما، هەموو شتێکی لەبیر چۆوە، دایکی، بابی، هێرۆ، دنیا. هەتا هێزی هەبوو بە مست لە دمی ئیستیواری ڕاکێشا، وەک شێتانی لێ هاتبوو، بەکەس ڕانەدەوەستا، ژاندەرمەکەی دیکە خێرا لە ئەسپ دابەزی و بە تەمای تفەنگ هەڵکێشان بوو، بەڵام خالید مەودای نەدایە و وەک پلنگی خۆی هاویشتە سەری و هەرتکیان کەوتن.

چوارپێکەیان یەکبین دەوەڕی و لە دەوریان دەسووڕا و کلکی هەڵدەسووڕاند. خات زارا و حاجی محەممەد هاوار و فیزاریان دەکرد، هەرا هەرا و سرمە سرم ساز ببوو. ئیستیوار بەربۆوە سەر هەرد، هێڵێک خوێن بە قەراغ لێویدا دەهات، بە پەلە قاژە دەستی برد بۆ کۆڵتەکەی، مراد لەسەر لاچووبوو، قرتەی بەرگی دەمانچەی کردەوە، مراد شێرانە غاریدا، کادڕی پەنا دیواری پڕدایە، مەودای پێنەدا یەک بە خۆی دەسکی ڕاکرد. زێرژنێ هەموویانی تاساند، خوێن بە هەر شەش نووکی کادڕدا فیچقەی کرد، کار لە کار ترازابوو، تێکڕا حەبەسابوون، تەنانەت خالید و ژاندەرمەکەش دەستیان لەشەڕ هەڵگرتبوو و ڕەق هەڵاتبوون؛ چاویان لە ئیستیواری دەکرد کە وەک مارێکی بریندار لەدەوری خۆی جینگڵی دەدا و ناڵەی دەکرد. مراد شەنەی لە سکی دەرکێشا و چەلێکی دیکە هەڵی هێنا و دەملی ڕاکرد و بۆ هەمیشە بێدەنگی کرد. خوێن بەرچاوی گرتبوو، گورج دەستی دا بە تفەنگی کەوتوو، چەخماخی لێدا، هاتە سەر سەری ژاندەرمەی، ژاندەرم لەسەر قوون دەکشاوە پشتەوە، لاڵ و تات بوو، ڕەنگی سپی سپی وەک مردۆانی لێ هاتبوو، کەس فزەی لێ نەدەهات، چاو مۆلەق و بیر ئاڵۆز ڕامابوون، هاتە سەر سەری، شریخەی تفەنگی سەری پڕژاند.

بۆ وای لێهات؟ ئەوڕۆش وەک ڕۆژان بوو، دەیتوانی وای لێ نەیە، کاری دونیا چەلی وایە بە پشمینێکی، بە کۆخەیەکی، بە هەناسەیەکی، دەگۆڕدرێ، بە قسەیەکی، بە ساتێکی، ئەو گۆڕانەش لەسەر تەواوی ژیان، تەواوی دونیا، تەواوی مرۆڤ شوێن دادەنێ، کات و سات هەر وەک پێشوون، لەپڕێکی ڕووداوێکی چووک، ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێ، هەڵی دەتەکێنێ، دەیڕووخێنێ و سەر لەنوێ سازی دەکاتەوە.

نازانین کێهە سات، کێهە خولەک، ساعەت، ئاوسن، بەچی ئاوسن؟ کوتوپڕ دەزێن، کۆرپەیان دەکەوێتە باوەشمان، نازانی ئەوە چییە، سروشتە؟ قەزایە؟

قەدەرە؟ ویستە؟ کەس نازانێ ئەگەر خولەکێک زووتر یان درەنگتر ئیستیوار هاتبا، ئەگەر چرکەیەک درەنگتر یان زووتر خات زارا کەوتبا، لە وانەبوو وای لێ نەیە!

هەتا ماوەیەکی هەروا تاسابوو، چاویان لە کەلاکی ژاندەرمان دەکرد، تەنانەت قسە کردنیشیان لەبیر چووبووە، مراد کەوتە خۆ، خۆی دەباوەشی دایک و بابی هاویشت: «گەرنم ئازا کەن.»

پریدا بە فیشەکدان و دەمانچەی ئیستیواری. وردە وردە وە خۆ هاتنەوە، خات زارا لە پڕمەی گریانیدا، خالیدیش دەستبەجێ چەک و فیشەکدانی ژاندەرمی هەڵگرت و خۆی دەباوەشی هاویشتن، سواری ئەسپان بوون، لادێیکان بەپەلە و سەر سووڕماوی دەرژانە نێو حەساریان، وەک کارەبا بیانگرێ لە جێی خۆیان ویشک هەڵدەهاتن. مراد و خالید بێ ئەوەی کەس بدوێنن، ڕکێفیان لە ئەسپاندا و وەک دوو تیری سەختە کەوان کە لە ژێی دێی جۆ ببنەوە بەرەو سینگی چیاکان تێهەڵبوون.

خەڵک ڕژابوونە حەوشەیان، جمەیان دەهات، بە دیتنی تەرمی ئیستیوار و ژاندەرمی زاریان لە ترسان داپچڕیبوو، لێیان حاڵی بوو چ قەوماوە، خوێنی هەرتکیان ڕژابۆە سەر خۆڵی حەسار، دەهات بمەیێ، سێ چوار مێشەکەرە خۆیان گەیاندبۆ سەر کەلاکان، پشتوباڵیان سەوز، سەوز تروووسکەی دەهات، چ بکەن؟ خۆ بشارنەوە؟ هیچیان نەیان دەزانی دەبێ چ بکەن، ڕمبەڕمبی سواران لە کووچە ڕا هات، ژاندەرم کەوتنە سەریان، دەرکەیان لێداخستن، وەک گوورگی برسی دەنێویان کەوتن و هەڵبڕهەڵبڕیان تێخستن، ئی وا بوو خۆی بە ژوورەکاندا دەکرد، ئی وا بوو بە تەما بوو بە پەنا دەست و لاقی ژاندەرمان هەڵێ، ئی وابوو بە دیواران هەڵدەڕووسکا، زیقە زیقی ژن و منداڵان وەک حەشەرە لای لێکردبوو؛ ژاندەرم هەرکەسیان وەبەر دەست کەوتبا دستیان لێ نەدەگێڕاوە، چووک و گەورە و ژن و پیاویان نەدەزانی، کەس ئاگای لە کەس نەمابوو، بە سەر یەکدا دەکەوتن، هەڵدەستانەوە و بە پەلە قاژە و پەلە پڕووزی ڕایان دەکرد، دەورەیان گیرابوو، شین و شەپۆڕی ژن و منداڵان هێندەی دیکەی حۆل کردبوون، هەتا شەکەت و هیلاک بوون، تێیان هەڵدان، ئەوجار کەلاکیان پێ هەڵگرتن و بردیانە پاسگایە. گورووبان بێسیمی بۆ تەواوی

پاسگاکانی دەورو بەر و خانێ لێدا، حەمەدئاغا و پیاوەکـانی ماوەیـەک دوایـە شان بە شانی ژاندەرمان کەوتنە شوێنیان.

بۆنی گەڵای دارەبی، بۆنی ماسی، بـۆنی گیـا و گۆڵـی کـەناری بادینـاوێ دەهات، قاپۆڕی گۆیماسی و قرژاڵ و نینۆکـە شـەیتان تروسکەیان دەهـات، ئەسپ ئێستاش هەر سینگیان بەرز و نەوی دەبوو، ئارەقە لە تەواوی پۆسی سک و ران و لە تەریان دەدیترا، مراد و خالید تەواوی سەر و چاویـان نـووقمی تـۆز بوو، هەتا ئێرە هەر چوار ناڵ هاتبوون، لە ئەسـپان هاتنـە خـوار، بادینـاوێ خەوی لێکەوتبوو و تەنیا دەنگی پشووکێشانی لەو شوێنە دەبیسرا. قاشە ماسی پۆل پۆل دەهاتنە سەر چۆمێ، پشتیان دەسووڕاند، بەر سکی سپێان لـەچـاوانی دەدا، پڕیان بە مێشـولە و پەپوولـەی سـەر ئـاویدا دەدا، شـەپۆل و لێچـاوی چکۆڵەیان ساز دەکرد، دەچوونەوە قووڵایی و لە چاوان ون دەبوونـەوە. هاتنـە سەر چۆمەکە، دەموچاویان شووشت، فێنکایی بـە لەشـیاندا گـەڕا، ئەسـپیش هاتنە قەراغ ئاو و دەمیان تێنا، ئاو بە قەراغ لغاویاندا دڵۆپ دڵۆپ دەڕژاوە نێو چۆمی. مراد پشتێندی کردەوە و دەموچـاوی پـێ سـتریوە و تونـدتر لـە خـۆی هالاندەوە.

«مراد بچینە کوێ؟»

مراد ئاوڕی لە پشـت سـەریان داوە، قـەدەم و هـالاوی گـەرما لەسـەر ڕێ و مەزراکان دەیان تراویلکەی ساز کردبوو: «بۆ خۆشم نازانم دەبـێ بچینـە کـوێ، هەڵبەت ئێستا ڕاپۆرتیان بە هەموو پاسگایەکی داوە، نابێ چەلێ تخـونی هـیچ دێیکی بکەوین، چەلێ خۆ مات دەین هەتا دوایە بزانین چۆن دەبێ. ئەسپ تێریان خواردبۆوە، گەڕابوونـەوە سـەر گیـا و گۆڵـەکەی، مـێش لـە دەوری چاویـان هالابوون، زوو زوو چاویان دەترووکانـد، کلکیـان ڕاسـت و چۆپـە پێـدەکرد و سمیان دە حەرز دەکوتا. «چەلێ دەبێ لە چۆمی دەین و بپەڕینەوە.»

خالید چوو بۆ لای ئەسپەکەی. «زۆر باشە ئێرە بۆار دەدا.»

ئاوی سارد ڕەجافی خستە لەشی ئەسـپان، نەدەڕۆیشـتن، لـەجێی خۆیـان دەچەقین و سەریان بۆ دواوە دەکشاندەوە، بیبلەی چاویان دەسووڕاند، سمیـان لەسەر بەردی خڕ و ئاوەسۆ هەڵدەخلیسکا، بەڵام لە بەرامبـەر ورەی ئینسـاندا سەریان دانۆاند و ناعیلاج بەرەو پـێش ڕۆیشـتن، ئـاو هـەتا سـینگی ئەسـپان

دەهات، هەرچۆنێکی بێ پەڕینەوە و سمیان لەسەر ڕەڵمی ئەو بەری دانـا، جـێ سمێان بە تەواوی لەسەر ڕەلمی، نەخشی بەست، ئاو لەلینگ و لەتەری مرادی دادەچۆڕا و دەکەوتە سەر ڕەڵمەکە، دەسبەجێ قووت دەدرا، تاقێک دارە گـوێز و گاتووی خۆرسک لە قەدی کێوەکەی بەرامبەریان سەریان بـۆ لای جۆگـە ئـاوی بەرپێیان خوار کردبۆوە، زیقە زیقی خەزایان لەوێڕا دەهات. ئـاوێکی کـەم بـە جۆگەکەی‌دا دەهاتە خوار، بەرێیکی پڕ لە پێچ و پەنادا دەڕۆیی، لەبن کێوەکە لە سەرەخۆ و هێدی دەبۆوە، دەڕژا نێو مێرگێکی چکۆڵە و تێی‌دا ون دەبوو. هەتا بن کێوی ڕکێفکوت ڕۆیشتن، لەوێ لە ئەسپان دابەزین و جڵەویان بە دەستەوە گرتن و بە دوای خۆیاندا کێشایانن، دەستەیەک خەزایی لەسـەر دارەکـان هەڵـفڕین، یەک دوو دەوریان لە ئاسمانی ساماڵ دا و بە زیقە زیـق نیشـتنەوە، توویـەکان سوور ببوون؛ تاق و لۆق دەنکی ڕەشیان تێ‌کەوتبوو، هێندێک تووی نیوە خوارد و و لەت بە دندووکی خەزایان ڕژابوو، بەشێک لەکۆتەری دارەکان و ئەرزەکەیان سوور کردبوو، لکوپۆی دارە گوێزان پان و پۆڕ کشابوونە سەر جۆگە و لەوێش تێپەڕ ببوون. کزە بایەکی فێنک و خۆش لە سەرێ ڕا دەهـات و بـە نێـو گـەڵا و لکوپۆپی داران‌دا دەڕۆیی، داردەسـتیان بـۆ درێـژ کـرد بیگـرن، لـە دەسـتیان هەڵخلیسکا، وە دەموچاوی مراد و خالید دەکەوت. هەوساری ئەسپێان سەرتر لە خۆیان لە لکی دارە گێوژێکی بەستبۆوە، لە ژێر دارە گوێزێکی پیر پاڵیان دابۆوە و قسەیان دەکرد.

لە ژێر پێیان بادیناوێ خەیاڵێکی شیرن بوو ڕادەخوشی، قۆندەرەی لە دەیان شوێن سپی سپی دەدرەوشاوە.

ئەرسەلان هەر بەنێوان مەودایەکی غاردان، هەوساری ئەسپی دەکێشا و خۆی لەسەر پشتی داویشتە خوار، دەهاتە سەر شوێنی سمـی ئەسـپێان، چـاوی لـە دەوروبەری دەبڕی، زۆر لە ژاندەرمان لە پـێش‌تـر ئەسـپی تـاودەدا، شـوێنی هەڵگرتبوون. کوێخا ڕەسووڵ تینگاوتینگ لە پشتەوەی حەمەدئاغـا غـاری بـە ئەسپ دەدا، گەیشتنە قەراغ چۆمی، چاویان لەوبەری چۆم کرد، وڵات بێ هەست و خوست بوو، ئەرسەلان لەسەر جێ سمی ئەسپان هەستا و هاتە پـەنا ئەسـپی حەمەدئاغا ڕاوەستا:

«لێرە لە چۆمیان داوە، زۆر لەمێژە، چۆن دەفەرمووی ئاغا؟»

گورووبان بە نووکی پۆتینی دەبەرسکی ئەسپەکەی کووتا وو هاتە پەنایان.
«چ بوە ئاغا؟»
ئاغا ئاوڕی لە سوارەکانی پشتەوەدا کوتی:
«بێرەدا ڕۆیون، ئێمەش لە چۆمی دەدەین و دەپەڕێینەوە.»
ئەرسەلان گورج خۆی هاویشتە سەر ئەسپەکەی، بە جارێ شلّـپ و هۆڕیـان ساز بوو، پڕیشکی ئاوی لە ژێر سمی ئەسپان دەردەپەڕی، لەبەر تیرێژی هەتاو بریسکێان دەدا، مراد و خالید ئاگایان لێبو، تفەنگیان هێنابۆە سـەر دەسـتان و لە پشت کۆتەرەی دارە گوێزەکەیدا لێیان دامەزران، مراد سـیرەی دە بادینـاوێ گرت، دەتکوت دەیهەوێ تۆڵەی هێرۆی لێ بکاتەوە، لوولەی تفـەنگی هەڵـێنا سەرتر، کوێخا ڕەسووڵی کەتبۆ بەر سیرەی، قامـک لەسـەر پڵـتووکی تفـەنگ مابۆوە، نەیدەتوانی، ڕووی دە ژاندەرمێکی کە شان بـە شـانی وی ئەسـپەکەی هان دەدا کرد، شریخەی دوو تفەنگان وڵاتی شپرزە کرد، خەزایی تاران و بە قیژە قیـژ دوور کەوتنـەوە، ژاندەرمەکـە پشتاوپشـت دەچـۆمی کـەوت و بۆخـۆی و ئەسپەکەی سووڕان. حەمەدئاغا و سوارەکان نەڕێی پێشێیـان هـەبوو نـە ڕێـی گەڕانەوە، ئەسپ دەیان حیلاند و سواریان دەخستە نێو چـۆم، هـەر شـریخەی تفەنگێکی ژاندەرمێک یان پیاوێکی ئاغا هاواری لێدەهات و دەکەوتن، بە جارێکی شپرزە ببوون، هەرا هەرا و حیلە و کوڕژنی ئەسپێان دەگەێشتە مراد و خالیدی، حەمەد ئاغا نەڕاندی:
«بگەڕێنەوە دوایە، بگەڕێنەوە دوایە.»
ئەو ژاندەرمانەی ئێستا لە ئاویان نەدابوو لە ئەسپان دابـەزین و لـە قـەراغ چۆم و پشت گـەز و دەوەنـان خۆیـان مـات دا، مەتـەرێزی مـراد و خالیـدیان گوللەباران کرد، گوللەیان وە لک و پـۆپی داران دەکـەوت و دەیخسـتنە سـەر هەرد، گوللەیەک شانی ڕاستی حەمەدئاغای گرت، هەوساری لە دەست بەربۆوە و نەعرەی لێدا و دەچۆمی کەوت، سێ چوار پیاوی، خۆیان بە چـۆمی دادا و بـە مرخیش مرخیش گەیاندیانەوە کەنارێ، گوللە وە ئێسکی کەتبوو شـکاندبووی، ئێسکی سەرشانی دەرپەڕیبوو، پێنج ئەسپی ژاندەرمان دوویان لەو بەڕی چۆم و سێیان لە لای ژاندەرمان سەر لێ شێواو، تراتێنیان دەکرد.

خۆر هاتبووە سەر سەری بادیناوێ، ماوەیەک دوایە مراد و خالید بە پەنای داراندا هەڵکشان، هەوساری ئەسپیان بە دەستەوە گرت و چوستوچالاک بەرەو دووندی شاخەکە تێهەڵبوون، لە تفەنگ ئاوێژێکی زۆرتر دوور ببوونەوە، ڕاوەستان و چاویان لە قەراغ بادیناوێ کرد.

ژاندەرم بێ ئەوەی کەسیان دیبێ، یەک پشوو گوللەیان خەسار دەکرد، لە چیاکەی ئاوا بوون و بەرەو بەری مێرگان ئەسپێان لینگدا.

***

# (٣٧)

هەواڵی ئەوشەڕە دێبەدێ دەڕۆیی، جەڕان چی دیکـەی ژانـدەرم نەدەکێشـا، هارە هاری جیب و ڕمبەڕمبی سواران بوو کە هەتا نوێژی شێوان دەهات؛ سوار لە پاسگاڕا بۆ ماڵە حەمەدئاغا و بە پێچەوانە لە ماڵــە ئاغـا ڕا بـۆ پاسـگایە، لــە جەڕانێ ڕا بۆ خانێ و لە خانێ ڕا بۆ جەڕانێ ڕمبازێنیان بە ئەسپان دەکرد. کەس بروای نەدەکرد کوڕی حاجی محەممەد و ئامۆزاکەی ئەو کارەساتەی بگێڕن.

کوێخا ڕەسووڵ تاو و تووی بەسەردا هــاتبوو، ڕەنگــی زەرد هــەڵگــەڕابوو، هەتا دوێنێ قەڵسەی لە کوڕێکی بێدەنگ و کەم دۆگێڕابوو، لاوێکــی بــێ دەسـت هەڵات و لەسەرەخۆ، کەچی ئەورۆ بەرامبەر بە خۆی هەڵۆیەکی دەدی، بوێرێک و شیرکۆڵێک، ئەگەر ئەورۆ بۆخۆی لە شەڕەکەی دا نەبا، قــەتی نەدەسـەلماند ئەوە هەر ئەو مرادەی دوێنێ بێ، کاس و وڕ بە دوای ڕەحمـانئاغـا و سـەروانی دەهات و دەچوو، نەی وێرابوو لە لای کەس باسی ئەوەی بکا ئەو بوتە هۆی ئەو ڕووداوانە. حەمەدئاغایان خێرا دەجیبێکی هاویشت و بەڕێیان کردە خانێ؛ ناڵــە ناڵ و هــاوار هــاواری هــەتا ماشـێنەکە لــەدێـی وەدەر کــەوت هــەر دەهــات، ڕەحمانئاغا ئاوری لێدەبۆوە، دەتکوت خوێنی تەواوی لەشی ڕژابوو. نێو دەم و چاوی، توورە و تۆسن لێوی خۆی دەکرۆشـت و بــە پەلــە دەهــات و دەچــوو و جنێوی دەدا، سەروانیش لــەوی باشـتر نــەبوو و هــەر ژانـدەرمێکی هاتبـا لای حەتمەن جنێوێکی پێـدەدا و بــە تــووڕەیی وەڵامــی دەداوە، هــەر تاوناتــاوێکی ژاندەرمێک دەهات و پێی دەکووت:

- قوربان، جەناب سەرهەنگ فـلانی کــاری پێتــە، خێـرا غــاری دەدا ســەر بێسیمەکە، بە توورکی و فارسی قسەی لەگەڵ دەکردن، سـیغاری بــە سـیغاری

دادەگیرساند. هەواڵی شەڕەکە لە دێیان نەوەستابوو، دەنێو کووچە و شەقام و دووکان و بازاڕی شاریشدا بڵاو ببۆوە، زار بە زار دەڕۆیی، پێوەیان دەنا، کووژراویان زیاتر دەکرد، شەڕیان قوورس‌تر دەکرد. «دەڵێن زیاتر لە پەنجا ژاندەرم گووژراون.»

«ئەو جۆرەی دەگێڕنەوە بیست نەفەری لەگەڵە.»

«کوڕە دەڵێن حەمەدئاغا و کوڕەکەشیان ئەوڕۆ لە نەخۆشخانەی ڕا بەڕێ کردونەتە ورمێ.»

«بابم، خەڵک جارز بوون، هێندەیان زووڵم لە خەڵکی کردۆ حەقیانە.»

هەر لادێیکان دیبا بە غار لێی وەکۆ دەبوون.

«ئەرێ کاکە خەڵکی کۆی؟»

«خەڵکی شیناوێم، بۆ براله دەپرسی؟»

«ئەو شەڕە لە کوێ بوو، دەڵێن سەد ژاندەرم کوژراون، ڕاستە؟»

«جا چوزانم وەڵڵاهی ئەمنیش وام بیستۆە؟»

«هۆی مامە گیان دا هەتا ئێرە وەرە؟»

«دەڵێی چی؟»

«ئەرێ لە کوێ‌ڕا هاتووی؟»

«لە باولە شێخی ڕا بۆ دەپرسی؟»

«ئەرێ دەڵێن ئەو شەڕە لە لای دێی ئێوە بۆە؟»

«ناوەڵا کاکی خۆم لە کنە مە نەبۆە.»

«ئەدی نەشت بیستۆە؟»

«بەرێ وەڵا دەڵێن کوڕی حاجی محەممەدی جەڕانێ جوقەواری لێبریون.»

هەواڵەکە خۆی بەنێو حەوشە و وەتاغی ماڵە حاجی بایزیش داکردبوو، حاجی لە خۆشیان شایی دەدڵیدا دەگەڕا، لەسەر پێ بەند نەدەبوو، لە ئێوارێوە کە بیستبووی، وەشوێن ڕاستی و درۆی هەواڵەکە کەوتبوو، هەر تاریک و ڕوونی بەیانێ کاردارێکی نارد هەتا عەلی و سێ قاچاغچێکەی دیکە کە لە وەتاغی تایبەت بە خۆیان نووستبوون وەخەبەریان بێنێ. بانگی کردبوونە لای خۆی، شەو درەنگانێ گەیشتبوونێ و وەڵاخیان بردبۆە تەویلە و چووبوونە دیوی تایبەتیان، حاجی بەیانێ زوو پێش مەلا بانگ‌دانی لەحەوشەکە بۆ

ئاودەستان چوو، خدری کارداریان مەسینەی پڕ لە ئاوی بۆ هێنا، پێی کوت حاج ئاغا بارچێەکان شەویٚ درەنگ هاتنەوە، حاجیش پێی گوت، برۆ پێیان بڵێ بێنە لام، ئەودەمی هەرپێیان کوت، چەتان مەناف سمێڵ و هاواڵەکانیان کووشتۆ و ماڵیان بردوون، شکی حەمەدئاغا و ئەرسەلانی کردبوو، بەلاّم چی لە دەست نەهاتبوو و وەسەر خۆی نەهێنابوو، چاوەنۆاڕی ڕۆژێکی وا مابۆوە، لە کەلێن و قووژبنی مێشکیدا بۆ ئەو چاکانەی لەگەڵ حاجی محەممەد کردبوو دەگەڕا، وەبیر خۆی دێناوە، مەنافی وەبیر خۆی دێناوە، بیرێکی ناخۆش بۆ دەمێکی ماتی کرد، نەدەبا ئەسپە کوێتی مەنافی لە ماڵیان ئەستاندبا، بەلاّم گورج دڵخۆش بۆوە، خێزانی مەنافی هیچ دەنگی نەکردبوو، ئەی بابم مێردەکەی ئەوهەمۆ بارەی لێ بەفیرۆ دابوو، ئەسپێک لە جێاتی ئەو هەمۆ ماڵەی هیچ نیّە، ئینسان دەسبەجێ هەر دەنگێک، بیرێک لە ناخێوە سەر هەڵێنێ و پێی خۆش نەبێ سەر کوتیدەکا، دەنگی دەبڕێ، لە چەنگی هەڵدێ، ڕێی لێ دەگۆڕێ، ناهێڵێ ئەو خەیاڵ و بیرانەی بۆ خۆی پێی خۆشە لێی تێکدا، بۆیە هەر دەخەودا کە ئاگای لە خۆی نامێنێ و تۆانای بێدەنگ کردنێانی نیّە، وەهاوار دەکەون و سوڕ و نهێنی لێ ئاشکرا دەکەن، لە کوێ ڕا هاتوون؟ کەنگێ لە ناخماندا مزڵیان کردۆە؟ لە کوێ لێک جوێ بووینەوە، لە چی ڕا نێوانمان ناخۆش بوو، پێک هەڵپرژاین، بۆ مەگیم چەند کەسین؟ لەشیکین، بەلاّم یەک کەس نین، کێهەیان ئێمەین؟!

قاچاغچیەکان هاتنە ژوور و سلاّویان کرد، لە خوارەوەی حاجی دانیشتن، حاجی دەستی بە کەشیدەی سەری داهێنا، بزەیەکی لێدا و کوتی:

«ماندوو نەبن کوڕینە.»

سەلیم گوورگە وڵامی داوە:

«مەرحەمەتت زیاد بێ حاجئاغا.»

«چوو کردۆە؟ ڕێگاوبان چۆن بوو؟»

«وەڵڵاهی قوربان زۆر خراپ بوو، کەڵ بە مووی بەندە؛ تەواوی ڕێگا و دێێکان پڕبوون لە ژاندەرم، مێشوولە دەرناچێ.»

«ئاو وا.»

«وەڵلاهی بەسەری جەنابت بە چەرمەسەرێکی هاتینەوە، نەبێتەوە، هەر بە کوێرەڕێ و شاخاندا هاتووین، نەمان دەوێرا لە هیچ دێیکی لادەین.»

«دەی هەر بەخێرێنەوە، لەڕێیە چیونەبیست؟»

«وەڵلاهی حاجئاغا هەر باسی ئەو شەڕەی قەراغ بادیناوێمان بیست، دەڵێن کوڕی حاجی محەممەد ڕاوچی و ئامۆزاکەی یاخی بوون.»

حاجی چاوی ڕوێبوو، دەبیر و هەزرێکی قووڵدا نوقم بوو کەس نەیدەزانی دەوکاتەدا بیر لە چی دەکاتەوە، خدر هاتە ژوور و کوتی:

«حاج ئاغا!»

حاجی ڕاچڵەکی و تێی ڕاما، «دەڵێی چی خدر؟»

«حاجئاغا! کەماڵ دەڵێ ئەگەر کاری بە من نێە بڕۆم.» حاجی کوتی:

«پێی بڵێ جارێڕاوەستێ نەچێ، کارم پێیەتی.»

ڕوی دە سەلیم کرد و کوتی:

«ئێوەش بڕۆن نان و چاتان پخۆن.»

چوونە دەر، حاجی تەنیا ماوە، هاتە بەر پەنجەرە و چاوی دە حەسار بڕی.

مریشکێکی کورک تووکی ببوونە نەشتەر، باڵی فش کردبوو بەدەوری جوجەڵاندا دەسووڕا.

خەیاڵ هەڵیگرت، خدری لە حەسار دیت بۆلای مدبەق دەچوو، سێ چوار جار لە شووشەیدا، خدر سەری هەڵێنا، بە ئیشاەی دەست لێی حاڵی کرد بە کەماڵی بڵێت بێتە لای.

کەماڵ قەڵەو و بە خۆوە وەژوور کەوت، دەتکوت جحێڵی حاجی بایز بوو، جێاوازیان ئەوەندە بوو کە حاجی دەم و چاوی ئاولاوی و کەپۆی هێندێک گەورەتر و سەری سپیتر لەوی بوو.

سڵاوی کرد و لەبەر دەرکە ڕاوەستا.

«بابە کارت پێم بوو؟»

«وەرە دانیشە، ئا، کارم پێتە.»

«فەرموو دەخزمەتت دام.»

«ئەو دەرکەش داخە و وەرە پێشێ.»

حاجی لەسەر دۆشەگەڵەی پەنا پەنجەرە دانیشت و کەماڵ هاتــە بەرامبــەری لەسەر چۆک دانیشت.

«هەر ئێستا هەڵدەستی دەچی کوێستانی ئوغنی؛ هۆبەی حاجی ساڵە لەوێن، یەک سەر دەچیٚ لای خۆی و ئەوانەی پێت دەڵێم، پێی دەڵێی و دەگەڕێیوە.»

کەماڵ برۆی لێک نزیک کردن و کوتی:

«خێر دەبیٚ ئیشاڵڵا، بەو بەیانەی چ قەوماوە؟»

حاجی بزەیەکی هاتیٚ و کوتی:

«ڕۆڵە گیان! ئەتۆ کارت بەوەی نەدابیٚ، چت پێدەڵێم ئەوەی بکە، دەچی دەڵێی بابم دەیکوت ئەو ئەسپە کوێتەی لەکنیم دانــابوو بــۆم بفرۆشــێت نەیفروشــیٚ و لەگەڵ ئەو پووڵەی دەتدەمیٚ و دووسەت فیشەک و هێندێک توێشە، تێکــەوەیان پێچێت و بە بێدەنگی لەهەر شوێنێکی کوڕی حاجی محەممەد و ئامۆزاکەی لــێن، بیبات و بیانداتیٚ، پێشیان بڵیٚ ئەوە ئەمن بۆم ناردوون.»

کەماڵ لەو قسانەی بابی سەری سووڕ مابوو، ئەویش هەواڵی یاخی بــوونی مراد و خالید و شەڕی قەراغ بادیناوێی بیستبووی بەڵام بە قــەت ئــەو قســانەی بابی پێی سەیر نەببوو.

«لەبەر چی بابە گیان؟»

«ئەهە، ڕۆڵە چت پێدەڵێم وابکە، ئەتۆ چت لە وەی داوە؟ ئێستا زۆرت مــاوە بابی خۆت بناسی، دە هەستە دەی هەتا ڕۆژ درەنگ نەبۆە وەڕیٚ کەوە، ئێــواریٚ زوو خەبەرەکەم بۆ بێنەوە.»

کەماڵ هەستا سەرپیٚ.

«ئەمما کوڕەتەنانەت لەلای خێزانیشت باسی ئەو شتەی نەکەی هــا، باســی سەرە، دە برۆ دەی بزانم چ دەکەی.»

«زۆر باشە بابەگیان! ها دەجا با هاچەری دووکانیشت بدەمیٚ.»

دەستی دەباخەڵی کەوای ڕاکرد و بە خرینگە خرینگ دەستەیەکی کلیل دەرهێنا و بۆی ڕاداشت، چۆە دەر. حاجی سەری وەرســووڕاندبۆوە و چــاوی دە حەســار بڕیبوو، مریشکە کورکەکە کوولویکی دیبوو و وەدوای دەکەوت، جوجکەکانیشــی بەلەز و پەلە بەدوایدا هەڵدەهاتن، جــار جــار دەکەوتنــە بــەر پێــی دایکیــان و زریکەیان لیٚ هەڵەستا.

تیرێژی هەتاو لەگەڵای سەر چڵووکی دارە ڕاج و سووورە چناری ئەوبەر ئەوبەری تاقە شەقامی خانێی دابوو. ژن لەبەر دەرگایان ئافتاوە و گەسک بەدەستەوە ڕاوەستابوون و قسەیان دەکرد.

کەماڵ هەتا لە شار وەدەر کەوت هە رقۆرتەی بە ئەسپی کرد، هەر لە ئاخرین ماڵ کە وەک هەتیوێکی فەقیر، دوور لە ئامێزی گەرمدا مابۆوە تێپەڕی ڕکێفی لە ئەسپەی دا و چوارناڵ بەرەو کوێستانی توغن تاوی دا.

***

## (٣٨)

کوێستان هەموو ساڵ هەزاران ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ، دەمێک گوڕە و هۆڕەی ڕەشە بایە، دەمێک تریشقە و چەخماغەی هەور و ڕێژنە و شەستەی باران، ڕۆژێک تەپ و مژ و تۆف و کڕێوە و ڕۆژێک ترووسکە ترووسکی تیرێژی هەتاو لەسەر بەفرانە، دەمێک گورگەزی و پەلکە زێڕینە و ڕۆژێک ساوبانە و ئاسمانە ساماڵ سامالّە. بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەش، زەوی ڕەنگ دەگۆڕێ، دەمێک سپی سپی، دەمێک بۆر و قاوەیی، ڕۆژێک سەوز و کەشلایە، ڕۆژێکیش زەرد دەنوێنێ، دەستە دەستە، باوەش باوەش گوڵی ڕەنگاوڕەنگ سەر بڵێند دەکەن، پەلکە زێڕینەن بەربوونەوە، هەراش دەبن، گەشوگەشتر دەبن، دەبنە ڕووگەی هەزاران مێش و پەپوولە و باڵندە، وردە وردە نەشەیان دەشکێ، مرخیان دەمرێ، سیس هەڵدەگەڕێن و پەل پەل دەبن، مێرگ و بژوێن لە کەمێ دەدەن، هەتا وەرزێکی دیکە کە دیسان سروشت دەبوژێنەوە. ئەو گۆڕانە لە هەموو شێتک و هەموو شوێنێکی بەدی دەکرێ، لە ئاسمان، لە زەوی، لە کێوان، لە لێڕەوار و مێشان، لە چۆم و کانیاوان، لە شیو و خڕ و دۆڵان، لە شا رو دێیان، لە گیا و گۆڵ و دەوەن، لە دەعبا و جووڵەوەران، تەنانەت لە ئینسانیش، لە ڕوخساریان، لە ئاکار و کردەوەیان، لە بیر و هزر و خەیاڵاتێان. دنیا لە وەتی بۆە ئەو ئاڵوگۆڕەی دیوە، گوڵ هەر هەمان گوڵ بوون، وێک چوون، هەزاران ساڵ وێک چوون، باڵندە جوچکە بوون پەرەوازە بوون و هەڵفڕیون سەر لەنوێ ساڵێکی دی، چەند ساڵی دی، جێی دایک و بابیان گرتۆتەوە، یەکی دی نەبوون هەر هەمانی پێشوو بوون تەنیا ڕواڵەتێان گۆردراوە، ئینسانەکانیش هەر بەو شێوەیە جێی یەکتریان گرتۆتەوە، لەسەر جێی یەکتر دانیشتوون، بەلاّم

گۆڕانێیان ڕواڵەت بۆ و بەس، تەنیا تاقمێکی زۆر کەم ئەوانی پێشو نەبوون، یەکی دیکە بوون، ڕەنگێکی تازە، بیرێکی تازە، ئاکارێکی نوێیان هەبۆە، گوڵێک بوون لە زستاندا ڕسکاون! بە پێچەوانەی یاسای سروشت!

هەر شەوەی لە گووندێکی بوون و هەر ڕۆژەی لە پەساری کێوێکی، قسەیان لەسەر دڵی دێهاتێکان دەنیشت، هەستێکی خۆشیان دەدانێ، ترس و خۆفی ژاندەرم و ئاغایان لە دڵیان ڕەوی‌بوو، هیوایان بە ژیانێکی نوێ، بە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتو، بەڕسکانی گوڵ لە زستانی ژیاندا، زۆرتر دەبوو، ترسێکی کە بە می‌رات لە باب و باپیران، لە کۆنەوە، لە زۆر لە مێژینەوە، پێیان بڕابوو کەم دەبۆوە، ترس دەترسا:

«پێکەوە بن، لێک هەڵمەبڕن، خۆتان نەوێ، یەکتروو بوێ، ئێمەو لە پشتە، مەترسێن، لێیان ڕاسەوە بن، تێکیان بشکێنن، قەڵایان پووش و هەڵاشە، دەتوانن بیڕمێنن، بخوێنن، گوێ مەدەنە قسەیان، فریویان مەخۆن، خۆ مەفرۆشن، یەکتری مەفرۆشن، جا دەمێنن.»

شوێنی قسەیان هەر بە وەدەر کەوتنێیان لە دێ کەم دەبۆوە، ترس و خۆف دوور نەڕۆیبوون، شاڵاویان دێناوە، دەخزانە گیانێیان، لێک دردۆنگ و نامۆ دەبوون، لێک دەترسان، چاویان لە تەپ و تۆزی ژێر سمی بارگینان دەکرد، دەگەڕانەوە سەر یاسای پێشوویان. هەواڵی کوژرانی هیدایەت و ون‌بوونی قادرخان تێکی شکاندبوون، نەشەیان بڕابوو.

مات و دەستەوئەژنۆ لە دەوری ئاوری دانیشتبوون، دەستیان بۆ خواردنی پێخۆریشیان نەدەچوو، چاویان دە گرشە پۆلوان بڕیبوو، بلێسەی ئاور کەوتبوو، چەل چەل یەکێان چێوێکی ویشکی دەشکاند و دەی خستە سەری، دووکەڵ وەک گیان، لە لەشی دەردەچوو، گڕی دەگرت و بە وێنەی خەمی دڵیان سەری هەڵدێنا. هەر دەمە یەکیان سیغارێکی دەردەهێنا بە بزوتێکی دایدەگیرساند، مژێکی توندی لێدەدا، دەموچاوی بۆ چەند چرکان لەبەر شەبەقی سوور دەچوو، دەمدەمە گڕفەی ئاوری و شۆڕەشۆڕی جۆگەی سەرەوەیان و سریوە سریوی سریلان بێدەنگی دەشکاند. مانگ بە کەلێنی لکوپۆپی داراندا چاوی تێبریبوون... .

هەر یەکە لە پەنایەکی درێژ ببوون و چاویان دە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە بڕیبوو، سولەیمان و سمایل پازگر لە پەنا ئاورەکە بەرامبەر بە یەکتر دانیشتبوون.

شەوی کوێستان لە ڕۆژەکەی جوانتر و دڵبزوێنترە، خەیاڵات بەهێز دەبێ، تاسە و هیوا بێ سنوورتر، خۆت تێکەڵ سروشت دەبینی، تێکەڵ ئاسمان و ئەستێران، تێکەڵ کەژ و کێوان، دار و دەوەن، سەوزە و چیمەن و مێرگ، کانی و جۆگە ئاو، بۆ خۆت نی سروشتە، دەنگی سروشت نێە دەنگی تۆیە، لە گەرووی ئەو دێنە دەر، لە خوڕە و خوشەی جۆگەیەکی، لە سریوە سریوی ئەستێران، لە سرتە و خشپەی گەڵاداران، لە شمشاڵی شەوبا!

چاویان دەپۆلوکان بڕیبوو کە باپوسکێکی تەنک وردە وردە دایدەپۆشی، بێ ئەوەی چاو لە چاوی یەکتر بکەن، وەک دوو تاشە بەردان، بەرامبەر بە یەکتر دانیشتبوون، دەنگی پشووکێشان و پرخەی هاوڕێکانیان بەرز ببۆوە، سمایل هەناسەیەکی هەڵکێشا و پشووی بە ئارامی داوە دەر، سولەیمان سەری هەڵێنا و ڕۆانێە چاوەڕەش و گەورەکانی: «چێە سمایل برالە بۆ وا دەکەن؟»

سمایل زەردەیەکی تاڵی هاتێ و کوتی:

«کاک سولەیمان بۆخۆشت لە ئێمە خراپتری، لە ئێوارەێوە کە ئە هەواڵەمان بیستۆە، ئەتۆ لە هەموومان زۆرتر تێکچووی.»

سولەیمان دەستی دەباخەڵی نا و پاکەتی سیغاری دەرهێنا، بۆ سمایلی ڕاداشت: «ڕاست دەکەی، سمایل ئەو خەبەرە وەک پێکولێکی دەجەرگم ڕۆ چوو، بەڵام براله ئەوە شتێکە لە پێش هەموومان دایە.»

دووکەڵی سیغاریان لەگەڵ هەناسەیان داوە دەر: «هەموومان ئەوەی دەزانین، بەڵام زۆرتر خەمی من ئەوەیە کە چەلی وایە ئەو خەیاڵە ناخۆشە دام دەگرێ، نەکا ئەو کارانەی ئێمە هیچ شوێنێکی لەسەر ژیانی خەڵک دانەنێ.»

سولەیمان کوتی:

«سمایل گیان! ڕۆژی هەوەڵێ لەسەر ئەو بابەتە دواوین، ئێمە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین یەکەودەر دوو ئاڵ و گۆڕی خەڵک ببینین، ئێمە بە ئەرکی خۆمان زانیوە لە بەرامبەر زووڵم و زۆری حوکوومەتی پەهلەوی‌دا ڕاوەستین، دەو ڕێیەش‌دا سەر و ماڵمان داناوە.»

سمایل بە چێوێکی هێندێک پۆلوان خر دەکاتەوە سەریەک:

«دەتوانین هەمووومان دەست لە دەست یەکتردا دنیایەکی خۆشتر، ژیانێکی شیرین‌تر پێک بێنین، ئەو ژاندەرمەی کە هیدایەتی پێکاوە بۆ نابێ بیر لە ئەوە بکاتەوە کە ئەویش تەنیا چەلێک هاتۆتە سەر ئەو دنیایە، حەقی بەسەرەوە هەیە، بۆ ئێمەش نابێ بیر لەوەی بکەینەوە ئەو ژاندەرمەش منداڵی دایک و بابێکە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی وین، بابی منالانێکە بۆنی لەشیان دەمێشکی‌دا ماوەتەوە، بۆ دەبێ سینگی یەکتر بکەینە ئامانجی گوللەکانمان؟»

سولەیمان چاوێکی لە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە و ساماڵ بڕی، بێ بن و بێ سنوور، تەنیا خەیاڵی ئینسان دەتوانێ گرێوە غاری لەگەڵ بکا. ئاسمان دارماڵی ئەستێران، هەزاران، میلیۆنها بێشەر و کێشە لەهەرێمی کەشکەلان دەدرەوشێنەوە.

«سمایل ئەوەی ئەتۆ و ئێمەش دەمانهەوێ، توولە نەمامێکە لە قاقرە دەشتی ژیانمان‌دا و پێویستی بە ئاوە، ئاوێکی سوور و گەش. ئەمنیش گوللەی بە هەر ئینسانێکی‌وە نێم، پێم وایە بە خۆمیەوە دەنێم، بەڵام دەبێ پێوەی نێم، دەبێ ئەو نەمامە، ئەو دارە، ئاو بدرێ و ڕەگ ئاژۆ بێ و نیسێی بکەوێتە سەر تەواومان.»

کزە بایەکی خۆش هات، باپوسکەی سەر پۆلوانی لادا و وەگرشە گرشی خستن، نۆبەی کێشکی وان تەواو ببوو، دڵیان نەهاتبوو هەڵیان هەستێنن، مینە لەسەر جێیەکەی قوت بۆوە، چاوی لە دەوروبەری خۆی کرد ئەوجار چاوێکی لە سەعاتی دەستی کرد و هەستا سەر پێ، یەک دوو جاران مستەفای ڕاتلەکاند.

«مستەفا هەستە نۆبەمانە.»

بە ئاسپایی هاتنە پەنای سمایل و سولەیمانی.

مانگ لەسەر سەریان لاچووبوو، چی وای نەمابوو ئەستێرەی ڕۆژ تەنیا ئیشکچی ئاسمان بمێنێتەوە، سولەیمان و سمایل بەئارامی چوونە سەر جێی خۆیان و ڕاکشان، بەیان بەربوون بوو، شنەی بەیان بە حاڵ گەڵای دار و سەوزە و گیای دەورو بەریانی دەلەرزاندەوە.

مستەفا هەستا سەرپێ، یەک دوو پشووی توندی کێشا و بۆ هێنانی ئیزنگی لە ئاورگەکە دوور بۆوە، مینەش کەتریەکەی دەست دایە و چۆوە سەر کانێکەی کە

سەرچاوەی دەنێو زرەپنگی پیر و سێسویاندا وەشارتی بوو، ئاوێکی ڕوون و خاوێن زنەزنی بوو، خیزی بندینی ترووسکەیان دەهات. گوێی لە خشپەیەکی بوو، خێرا سەری هەڵێنا، چاوی دەقەدی کێوەکە بڕی، تاپۆی داران لێل و تەماوی دیار بوون، خوار و خێچ داهاتبوونەوە، پشووی لە سینگیدا ڕاگرت، خشپەیەکی دیکە لەو بەری ڕا هات، گۆی قوڵاغ، چاوی دەوێ بڕی، تارمایەکی دیت، بۆ دەمێکی وەدی هات و لە پشت داران ون بۆوە، تارماییەکان زۆرتر ببوون، هات هاواری هاواڵان بکا، دەنگی دەرنەهات، کەتری لەسەر کانی بەجێهێشت و بە کۆمەکۆم بەلەز داگەڕا خوار، تەپەتەپی لاقی مستەفای وشیاری کردەوە، ئاوڕی لێداوە.

«چ بۆە مینە؟ بۆ هەڵدێی؟»

«هەستن کوڕە هاتوونە سەرمان!»

هاوڕێکانی شلەژان، کاس و مەنگ ڕاست بوونەوە.

«چ بۆە مستەفا؟»

سولەیمان بوو کە پری بە چەکی داگرتبوو.»

«کاکە سولەیمان مینە دەڵێ پێم وایە ژاندەرم هاتوونە سەرمان.»

هەر بڵێی یەک و دوو کەوتنە خۆ، هەر یەکە لە پەنا کۆتەرە دارێکی یان کەندالێکی دەنا پشت بەردێکی دامەزران. زۆریان لێ نزیک ببوونەوە، وڵات ڕووناکتر ببوو، دار و ئینسان ئیتر لێک جوێ دەبوونەوە، یەک دوو پەڵە هەوری بێوار لە لای ڕۆژهەڵات دیار بوون وەک بەپیری ڕۆژەوە چووبن.

ژاندەرم لە ئەژمار نەدەهاتن بە جارێک حەوت هەشتێک پێکەوە جێیان دەگۆڕی، لە سێ لایان ڕا بۆیان دەهاتن، تەنیا لە پشتەوەیان ڕا بە سۆنگەی خیزۆک بوونی شاخ و نەبوونی هیچ دار و بەردێکی کە بۆیان ببێتە چەپەر نەهاتبوون، پشتیان لێ نەگرتبوون، بەڵام دەیانزانی ناتوانن بە وێدا دەربازبن. عەوڵا سەبرێکی کوتی:

«کاکە دەڵێی چی؟ ئەوە هەر لێمان دێنە پێش، تەقەیان لێ بکەین؟»

سولەیمان ئاوڕی لە پشتەوەیان داوە، لە کێوە خیزۆکەکەی ڕۆانی، تاقمێک دڕوو و داڵ و سەلکەتەشی زەرد هەڵگەڕابوون، زەردەی هەتاو گەیشتبۆە سەر دووندی چیای هۆزەلاوی.

«مەتەرێز و قایم هەڵبژێرن، وا دیارە شەرێکی قورسمان لە پێشە، ڕێی دەرچوونمان نابێ، هەتا ئاخرین فیشەک دەبێ شەڕێ بکەین.»

هاوڕێکانی لەسەر زگ خشین و چەپەری قایمتریان دۆزیەوە و خۆیان ئامادەی شەڕ کرد. سولەیمان تفەنگی هێنا سەر دەست و سیرەی تێگرتن ژاندەرمێک بە تەمای پەناگرتن لە پشت دارێکی، لە پەنا گابەردێکی دەرپەڕی، تەقەی تفەنگی سولەیمان تەواوی ژاندەرم و هاواڵەکانی خۆی ڕاچڵەکاند، کەژ و کێو دەنگی داوە، شەڕە تفەنگ دەستی پێکرد، لە هەر دوو لایان ڕا ڕێژنەی گوللە دەباری، پێست و لکوپۆپ و گەڵای داران بەر دەبوونەوە خوار، تلێشە بەردی گەورە و چکۆڵە، پان و تیژ، دەردەپەرین، گیزە و ویزەی گوللە وەک فیتوی هەزاران هەزار ماری بریندار و ژاراوی بڵیند ببوو.

ببوونە سێ پەلوو و هەر دوو نەفەرەی بەرگریان لە لایەک دەکرد، ژاندەرم لە پەنای بەرد و داران ڕا تەقەیان لێدەکرد، تازیاری بڵیندبوونی مەتەرێز و زۆر بوونی نەفەراتیان هەبوو، شەڕێکی نابەرابەر و مشتۆدەس، شەڕێکی ناپیاوانەیان بەسەردا سەپاندبوون، چەپۆکانە و کوڕژنی ئەسپیان کە لە پەنا یەک و لە نێوان شەڕگەدا بەسترابوونەوە کارەساتی هێندەی دی قورس کردبوو، لە دوای ماوەیەکی ئەسپ شەتلانی خوێن گلار دەبوون، ژاندەرم هەر شەشیان لێ کوشتن هەتا بەهیچ چەشنێکی ڕێی قوتار بوونیان نەبێت. سەروان چەند جار پێش هێرش پێی کوتبوون دەبێ چ بکەن.

«هەتا فیشەکیان لێدەبڕێ هەر لەدوورەوە لەگەڵیان بەشەرێن و زۆریان لێ مەچنە پێش، ئەسپیان دەسبەجێ لێ بکوژن، دەمهەوێ هەتا ئەو جێیەی بۆتان دەگونجێ بە زیندوویی بیانگرن.»

ژاندەرمیش هەتا ئێستا هەر وایان کردبوو، زۆر لە سەرەخۆ دەبا جەغزی گەمارۆیان لێ تەنگ کەنەوە هەتا ناعیلاج بن خۆ بە دەستەوە دەن. ژاندەرم یەکبین گوللەیان بەسەردا دەبارانـدن، مەتەرە لۆزێکیان لەسەر بەردێکی دابەستبوو، دوو ژاندەرم لە پشتەوەی ڕاوەستابوون، یەکیان، هەر مینە و فەتاح سەریان دەرهێنابا وەقرمە قرمی دەخست و نەفەری دووهەم پەیتا پەیتا قەتاری فیشەکی وەبەر دەنا، بۆنی باڕووت و خوێن بە وڵاتی وەرببوو، لەبەر لووتیان

لانەدەچوو، گوێیان کیپ ببوو و دەزرینگاوە، دەست و دەم و چاویان شەلاڵی ئارەقە.

دەستیان توند و تۆڵ فیشەکی وەبەر تفەنگی دەنا، گورج قامک دەچوونە سەر پلتۆکی، کڕتەیان لێدێنا و تەقەی جارێکی دی دۆڵ و دەرانی وە هاوار دەخست. شەستیرەکە نێو نێوە دەتکوت کەوە دەقاسپێنێ، سەری پێ دەشاردنەوە و تفەنگی بێدەنگ دەکردن، تەپ و تۆزی لە پەنایان وەحەوا دەخست، جاری وابوو فەتاح و مینە هەر نەیاندەتوانی هەتا چەند خولەک سەر وەدەرنێن جا دەو کاتانەدا ژاندەرم گورج جێیان دەگۆڕی.

خور پڕشنگی خستبۆە سەر شەڕگەی، بڕێک لە هەورەکان شیبەلەک ببوون و بێ جوولە بەری ڕۆژیان گرتبوو. شەڕ ماوەیەک هێدی دەبوو سەرلەنوێ توند دەبۆوە، تفەنگیان گەرم دادەهات، لوولەیان دەخۆلی دەنا، سولەیمان هاواری کرد:

«دەست بە فیشەکەوە بگرن.»

دەنگی دەنێو قرمەی شەستیردا ون بوو. خەڵکی ئاوایی شێخان هەر لەگەڵ بیستنی هەوەڵ تەقە هاتبوونە سەربان، ورد و درشت گوێیان هەڵخستبوو، بارە و کاڕەی ئاژەل لە هۆڵ و گەوەڕان ڕا بڵیند ببوو، خەڵک قەتیان شتی وا نەدیبوو، هەر کامە شتێکی دەکوت:

«کوڕە ئەوە بڵێی چ باس بێ؟! ئەو هەموو قشونە بۆکوێ دەچن؟! لەگەڵ کێ بەشەڕ دێن؟»!

«ڕەنگە داڕو دەستەی ئەرسەلانی بن.»

«کوڕە نەوەڵڵا ئەرسەلانی کوێ، ئەو پیاوی حەمەدئاغای جەڕانێیە، دەوڵەت کاری بەسەریەوە نێە.»

«دەی ئەدی ئەو هەموو ژاندەرمە لەگەڵ کێ بەشەڕ دێن؟»!

«هەڵبەت ئەو سوارانەی دەڵێن بە دێیاندا دەگەرێن و قسە بۆ خەڵکی دەکەن، ئەوانن.»

هەتاو بە هێز و تابشت هاتبۆەچەقی ئاسمان چەقیبوو، بە جارێکی شەڕ قورس ببوو، ئارەقە لە تەواوی لەشیان دەتکا، پۆسی سک و پشت و ملیان کاوە کاوی بوو، برسێتی و تونێتی وەک دوو ژاندەرم هاتبوونە سەریان، تەنگی پێ

هەلچنیبوون، بەڵام ورەیان هەر وا بەرز بوو، هەر ژاندەرمێک بە حال بە دیارەوە با دەیانپێکا، ژاندەرم وردە وردە لێیان هاتبونە پێشتر.

سمایل فیشەکی لێبڕابو، لەمێژ بوو بە دەمانچە شەری دەکرد، عەولاّ گوتی:

«وەرە ئێرە، وەرە پەنای من.»

سمایل بۆلای عەولاّ شەمارەی کرد، گوللەیەک وەک سکڵ چزەی لە باسکی هێنا و تفەنگ لە دەستی کەوت. خوێن فیچقەی کرد و سۆرانی سوور هەڵگەرا، هەر چۆنێکی بوو بە دەستەکەی دیکە تفەنگی هەڵگرت و خۆی گەیاندە عەولاّ و لە سەر سک درێژ بوو، دەستی چەپی توند لە سەر جێ برینەکەی دانا، ژانێکی یەکجار زۆر بە تەواوی لەشیدا دەگەرا، خوێن بە کەلێنی هەر پێنج قامکی دا دەهاتەخوار، عەولاّ ئاوری لێداوە و گوتی:

«سمایل ئەوە چ بۆە؟ بریندار بووی؟»

«چ نیە، پێم وایە ئێسکی نەگرتۆە.»

عەولاّ خێرا جامانەی لە مل کردەوە و باسکی بۆ بەست.

ژاندەرم بە ڕێی شێخاندا یەک لە دوای یەک دەهاتن، جێی کوژراو و برینداریان دەگرتەوە، دەتگوت لە حەرز هەڵدەقوڵن هەر دەهات و زیاتر دەبوون، هاواری مینە بەرز بۆوە، گوللەیەک نێو چاوانی کون کردبوو، پشتەوڕوو کەوت، وەک دەخەو دابێت، لەسەر سینگی زەوی ڕاکشابوو زەردە خەنەیێک لە سەر لێوی هەلکەندرابوو.

کسپ و کۆ تەواوی جەستەی دەخو گرتن، بێ پرینگانەوە و ترس لە کوژران، یا تەواو بوونی فیشەک ژاندەرمیان داگرت بۆ چەند ساتان بێدنگیان کردن.

سەروان لە پشت گاشە بەردێکی، لە نەردەکی کێوی ڕا بە دووربین چاوی لێدەکردن، بزەی هاتێ، لێکدا لێکدا ئاجوودانی بانگ دەکردە لای خۆی و دەستووری پێدەدا، ئاجوودان بەنێو داران دا تیژ خۆی دەگەیاندە ژاندەرمان و فەرمانی پێدەدان و سەر لە نوێ دەگەراوە سەرێ.

خەڵکی شێخان نان و چا خواردنێان لە بیر چوبۆوە، ببوونە چاو، گوێ، زمان.

«کوڕە بە سەری تۆ ئەوە کاری وەی نیە، جا چۆن دەڵێی شەش کەسن؟ ئەوە لە شەوێوە بەشەر دێن!»

«کوڕە بابم ڕەنگە بـارزانی بـن هاتبینــە ئــەو دیــوەی، حەتمــەن قشــوونی مەلامستەفان، ئەی دەنا کێن؟»

چواریان فیشەکێان لێبرابوو و بە دەمانجە بەشــەڕ دەهــاتن، ئێــوارێ هــەر سولەیمان تاقمێکی فیشەک پێ مابوو. ناهومیدی کوندەبۆیەک بوو هــاتبۆ ســەر سەریان دەسووڕا، تەواوی دەور و بەریان قاپورە فیشەکی لێ کەوتبوو.

هەتاو دەمێک بوو لەسەر سەریان لاچوبوو، بەرەو چیاکــانی ڕۆژئــاوا رێــی داگرتبوو، بەجارێکی سەدان گوللە بەســەر ســەریاندا دەرۆیــی، هــەر جێیکــی چاویان لێدەکرد لوللەی تفەنگی ژاندەرمیان دەدیت.

سەروان فەرمانی بە ژاندەرمان دا دیســان هێرشــیان بەرنــە ســەر و کاریــان یەکسەرە کەن. لەبن هەر کەنــداڵ و بــەرد و دارەی ژانــدەرم ڕاســتەوە بــوون و بۆلایان هاتن.

کتوپڕ شریخەی دو تفەنگان لــە پشــتەوەی ســولەیمان و هــاوالانی هــات، زیرژنی دوو ژاندەرمی بــە دواوە بــوو، بــە دوای ئــەواندا هــاوار و زیقــەی دوو ژاندەرمەی دیکە زایلەی داوە، خلۆر بونەوە و لە پەنا کنــدالێکی داگیرســانەۆە، هەر بلێی یەک و دوو کەلاکی حەوت ژاندەرمان کەوتە حــەرزی، هــەم ژانــدەرم و هەم مینە و ئەوان سەریان سوڕ مابو.

«چ باسە؟»

کەس نەیدەزانی ئەو ژاندەرمانەی کێ ئــەنگاوتۆە، لێیــان حــەیان نــەبوو، ئاوڕیان لە پشتەوە داوە، لە دوندی چیا خیزۆکەکەی بەحاڵ سەرکڵاوەیێکی میل و کاکۆلێکی زەرد و ترووسکەی لوولەی دوو تفــەنگان دیــار بــوو. ســولەیمان و هاوالانی وزەیان هاتەوەبەر، ژاندەرمیان داگرت، ژاندەرم ســەریان لــێ شــێوا و تێکێــان هاویشــت، بــە پەلــە پــەل و چەنگــەڕنی هەڵدەکشــانەوە ســەر، هەڵدەخلیسکان و تۆز و خۆڵ لەبن پێیان هەڵدەستا، دەستیان لــە دار و بــەرد و دڕک و داڵی قایم دەکرد و بە شاخی هەڵدەڕووسکان، لە پەنا کۆتەرەی دارانــیش ڕاوەنەدەستان، هەر گوللەی ژاندەرمێک خلۆر دەبۆوە خوار.

هەر بە حال جێیان وەدیار کەوتبا زیرەیان لێ بلێند دەبوو، قەتیان شــتی وا نەدیبوو، سەروان لە داخان ئاوری گرتبوو، دووربــینی هێنــا پــێش چــاو و لــە دونــدی شــاخەکەی ڕۆانی، ئــەویش تــەنیا کــاکۆلێکی زەرد و ســەرکڵاوەێک و

ترووسکە تروسکی دوو چەکی دی و بەس، هاواری ئاجودانی کرد و گوڕاندی بەسەریدا و گوتی:

«خێرا بڕۆ بە ئەو موسەلسەل چیە دەوید بابەی بلێ، ئەدی ئەو چ غەلەتێکی دەکا، لێیان دات.»

کەچی پێش گەیشتنی ئاجودان گوللەیەک وەنێوچاوانی موسەلسەلچی کەوت و شەستیر بێدەگ بوو، ژاندەرم لە حاست سەروانیش ڕاوەنەدەستان، ترسێک وەدوایان کەوتبوو نەبێتەوە، زاتیان نەبوو ئاوڕ لە پشتەسەر بدەنەوە، مردن سەری دە دووی نابوون.

سەروان هەستابۆە سەرپێ و پڕ بە زار جنێوی پێدەدان و بە سەریاندا نەعرەی لێدەدا:

«بگەرێنەوە هەی ژن فلان فلان شودەینا، هەموتان دەدەم تیرەباران کرێن. یەک بەخۆی هاواری دەکرد و دەیقیژاند، ئاجودان بە هەناسەبڕکە گەیشتە نیزیکی، دوو هەنگاوی مابوو بیگاتێ گوللەیەک وە پشتەئەستۆی کەوت و لە ملی هاتەوە دەر، وەک دارێکی نێو پواو لەبەر تەوژمی ڕشەبا دەرجا کەوتە حەرز، سەروان حەپەسا و چەند چرکە تێیڕاما، وەخۆ هاتەوە گورج خۆی هاویشتە پەنا گاشە بەردێکی و کڕ و کپ ماوە ژاندەرم بە یەکجاری شکان و ڕەوەک بوون، لە هەر گۆشە کەلاکی یەکیان کەوتبوو، نالە نالی بریندارێکی لە نێو داران ڕا دەهات، وردە وردە نزم بۆوە ئەوسا بە یەکجاری ئەویش بێدەنگ بوو.

هەتاو پاشین تیشکی لەسەر زەوی کۆ کردەوە، هاویشتیە سەر کۆلی و لە شاخی ئاوا بوو، تەنیا هێلێکی شێی دوور و درێژی لە ئاسۆلێ بەجێما، تارمایی سەر لە ئێوارە بەسەر وڵاتی داکشا، وڵات کش و مات بوو، ئەننەهوو لەوەتی دونیا هەیە لەو شوێنەی قەت هیچ نەقەوماوە؛ بێدەنگ و هەرا، شۆرە شۆری ئاوی نێو جۆگە دەرژا گوێیان، سمایل و هەوالانی هەستانە سەرپێ، تەواوی ئازای ئەندامیان نوقمی ئارەقە و غومال ببوو، ئێستاش بروایان بەو ڕووداوە نەدەکرد، چاویان لە چیا خێزوکەکەی پشت سەریان بڕیبوو، دوو لاو هێدی هێدی داگەرانە خوار، چەک لە شاندا و فیشەکدان لە شان و قەد هالاو، سمایل زاری کلێلە ببوو، خەون بوو دەیدیت، بڕوای نەدەکرد، زۆری نەخایاند هاتەوە سەرخۆ.

«کوڕە مراد گیان! ئەوە ئەتۆی؟»

تێکڕا بە پیریانەوە چوون و دەئامێزیان گرتن.

«مراد! ئەتۆی؟»

«کاک سمایل»

خۆیان دەباوش یەک هاویشت. فرمێسک بزە لە کەناری چاویان وەدیهات، تەرمی مینەیان هەڵگرت و لە تەشکی چیاکە ناشتیان، فاتیحایان بۆ خوێند، دەمێک لەسەر گلکۆی هەڵتووتەکان و پڕ بە دڵ گریان، ئاغابانویان بە کێلەکەی داکرد، ماڵئاوایی یەکجاریان لێکرد و بەجێیان هێشت. ئەستێرە لە پێش مانگدا هاتبونە دەر، کوڕی کیژۆڵان بوون چاوەنۆاری هاتنی بووک، هەتا نیزیک بەیانی لە دەوری بهالێن و پسکە و سرتە و قریوەی لەگەڵ بکەن.

وڵات تەقەی تێ کەوتبوو، هەواڵی ئەو شەڕە دێ بە دێ و شار بە شار ڕۆیی، شێخان کەوتە سەر زاران، خەڵک هارووژابوون، لە قاوەخانان، لە دووکان و کاروانسەرایان، لە مزگەوت و خانەقایان، لە کووچە و کۆڵان و شەقامان، لە ماڵان، لە هەرجێیکی کە چوبای باس باسی ئەو شەڕە بوو.

«حەمە گێڕی شێخانێ دوێنێ هاتبوە ماڵیمان، خێزانی هێنابۆە لای حەکیم، دەیگوت لە شێخانێ جۆگەی خوێن ساز بۆە، دەیگوت بە چاوی خۆم پتر لە سەت ژاندەرمەشم دیت سەریان برابوو، دەیگوت خێزانم لەو دەمێوە نەخۆشی پێوە نووساوە، ترساوە، مەلا عوسمان نوشتەشی بۆ نووسی، فایدەی نەکرد.»

لە ڕادەبەدەر چاو و ڕاویان هەڵدەبەست و پێوەیان دەنا.

«ئێستا تووشی بایرە کەچەلی بووم، لە مەیدانی ئاسنگەران مەلەغانی دەکڕی، سوێندی دەخوارد دەیکوت سێ شەو و ڕۆژان شەڕ بۆت؛ سێ قشونی گەورە لە خانێ و سەردەشت و شنۆ هاتنە سەریان یەکیشی نەگەراوە، هەتا دوو ڕۆژان هەر کەلاکیان گوێستەوە.»

«دادە ئەستێم ئەو بەیانەی لە شێخانێ ڕاهاتۆ، دەڵێ سمایلی کوڕیان پێری برد کەلاکی پێ هەڵگرن، دەیکوت سمایل کوتویەتی بە قوربانی چاکە پیری بم، هەموویان لە حاستی وێ ویشک هەڵاتبون، بێ ئەوەی گوللەیان وێ کەوتبێت هەر دەستمان دەدانێ هەڵدەوەرین.»

دەستە، دەستە ژاندەرم ڕوویان دە کوێستان دەکرد، لە ئەژمار نەدەهاتن، لە تاریک و ڕوونی بەیان ڕا هەتا نوێژی شێوان دەبیندران، خـڕ و پـڕ ئامادەبـاش بوون، دەیان شوێن هەڵگر و ڕێناس لە پێشەوەیان دەڕۆیشتن؛ شاخ بـە شـاخ و دۆڵ بە دۆڵ دەگەڕان، سیخوڕ هەردەمە هەواڵێکی تازەیان بۆ دێنان.

«قوربان پێرێ ئێوارێ لە ئاغەڵان بوون، لە مالـە فـەقێ محەممـەدی نـان و چایان خواردۆ و بانگی شێوان بۆلای گەدەی ڕۆبون.

«جەناب سەروان لە ژوورێیە؟»

«ئا، چ کارێکت پێیتی؟»

«بڕۆ ژوور.»

«سەڵام قوربان.»

«سەڵام، ها چیت کردۆە؟»

«قوربان دوێنێ شەو لە کانیبەردانێان دیون، لە مزگـەوتی خەڵـکیان وەکـۆ کردۆە و قسەیان بۆ کـردون، بـەیانی زوو بـۆ لای کوێسـتانی لەنـدی شـێخان ڕۆیون.»

«قوربان سەلام.»

«سەلام، چ خەبەر؟»

«ئەو ڕۆ بەیانی لە هەواری هەمزائاغایان دیون، ئەوشۆ لەوێ دەمێننەوە.»

سەروان سەری لێ شێوابوو، قەڵس و تووڕە گوێی بۆ ئەو هەواڵانە ڕادەگـرت و نەیدەزانی چ بکا، لە سەرەوە ڕا لێکدا لێکدا بێسیمێان بۆ دەکـرد و داوای ئـەو چەند کەسەیان بە زیندوویی یان مردوویی لێدەکرد، لەو سەر ئەوسـەری دیـودا ڕاوێچکەی دەکرد و پیشی دەبردەوە بەرەخۆی.

«ئاخ ئەگەر زانیبام ئەو دۆانەی سەر کێوی کێ بوون؟»

«ئاخ ئەگەر وەدەستم کەون.»

خوێن دەرژا نێو دەموچاوی، سوور هەڵـدەگەڕا، دەمـاری ملـی دەردەپـەڕی، دەستەپاچە دەستی دەباخەڵی دەنا، سـیغاری دەر دەهێنـا و سـیغار لـە سـەر سیغار دای دەگیرساند، لێکدا لێکدا مژی لێدەدان.

شەش ڕۆژی ڕەبەق بەو هەمۆ شوێنهەڵگر و سیخوڕانە بەدوایانـدا ڕۆیبـوو، هەر کەڕەتەی شتێکی بیستبوو. هەر شـوێن هەڵـگر و سـیخوڕەی جێیکیـان پـێ

نیشان دابوو، دەستە وەستان و کەسەڕ گـەڕابۆوە جـەڕانێ، ژانـدەرمێک هاتـە ژوور، ئیکلامی بۆ کێشا و کوتی:

«جەناب سەروان حەمەد ئاغا پیاوی ناردۆە لە دووت، عەرزت دەکا بـۆ شـێو خواردن تەشریفت بچێتە وێ.»

سەروان هەر بە ئاماژەی دەست ژاندەرمی مەرەخەس کرد و ناردێ دەر، بیری خواردنی شێوێکی چەور و چێڵ و خواردنەوەی ئارەق بۆ یەک دەم هەموو شتێکی لەبیر بردەوە، کڵاوی لەسەر کورسیلە هەڵگرت و لـە سـەری نـا، شـەق و ڕەق هاتەدەر، ئەسپێکی قەرەساز و تەیار هەوسـاری بـە دەسـت پیـاوی ئاغـا لـە حەساری پاسگا ڕاگیرابو، سوار بوو لە پێش پیاوەکەیـدا لـە دەروازەی پاسـگا وەدەر کەوت و بەرەو ماڵە ئاغا ڕکێفی لێدا، پەرژینی دەوری باغی ئاغـا لەبـەر شیلان و توودڕکان سوور دەچووە لەوبەری پەرژین لکوپۆپی دارە سێو و بـەهێ لە زۆری بەرو بۆ داهاتبونەوە، باریان قورس بوو، گەڵایان ڕەنگی زەرد و سوور و نارنجێان تێ کەوتبوو.

یەکسەر چۆە حەوشەی ماڵەئاغا، ئەحمەدە زلە هاتە بەرامبەری و هەوساری لێ وەرگرت.

«جەناب سەروان! ئاغا لە لای ئەستیرەکە چاوەڕێتە.»

لەسەر تاتە بەردێکی پان و خاوێن کەنارەیان ڕاخستبوو کەلوپـەلی ئـارەق خواردنەوە لەسەری چندرابوو، جریوە جریو و کۆکنایشی تـەێرۆ تـەواران لـە گۆشە و کەناری باغ دەهات. حەمەدئاغا دەستی هەڵ بەسترابوو و پاڵـی بـە دوو سەنیری گەورە دابوو. دەموچاوی کەمتـاکورتێکی زەرد هەڵـگەرابوو، ڕەحمـان ئاغای کوڕی لەبەر سەروانی جفتەپا بوو و دەستی دەنێو دەسـتی نـا و بـەخێر هاتنی کرد، سەروان سڵاوی کرد، حەمەدئاغا قوونـە جووڵـێکی کـرد و سـەروان دەستی لەسەر شانە ساغەکەی دانا و نەیهێشت هەسـتێ، لـە پـەنا وی لەسـەر کەنارە دانیشت، کڵاوی لەسەر لابرد و یەک دوو جار بە بەری دەستی تەکاندی و لە تەنیشت خۆی دانا.

«بەخێرێی سەروان، ماندوو نەبی.»

«زۆر مەمنون ئاغا، شانت چۆنە؟»

« لە سایەی سەری دۆستان چاکترم.»

ئەحمەدەزلە خێرا مەسینە و تەشتی بۆ هێنا و ئاوی بە دەستی داکرد.

سروە گەڵای دارانی دەنگاوت، هەتاو دار بە دار گەڕابوو و پرشنگی لە دەست سێو و بەهی‌یان هەستاندبۆوە، تەم و خەم بە سەریاندا دیار ببوو، باغ خەمین مابۆوە. وزە وزی مێشولان پەیدا بوو، پۆلێک هاتبوونە سەر سەریان، لێک هاڵابوون و دەسووڕان، کاردارێک چراتۆرێکی بە هاشە هاش هێنا و لە نێوەڕاست ڕاخەری داینا، شۆرەی ئاو کە دەڕژا نێو ئەستێر لەگەڵ قرەقڕی بۆقان ئاوێتە بوون، ڕەحمانئاغا ئیستکانی هەتا نیوە لە ئارەق پڕ کردن و لەبەر دەستی دانا، بۆنی کەباب کە ئەحمەدەزلە لە سەر کەشەفێکی بۆی هێنان، دەباغی گەڕا، یەک دوو ئیستکانیان هەڵاویشت و کەبابیان لەسەر خوارد، سەریان گەرم داهات، نێو گەروو وسکیان دەسووتا، چاویان سوور بووە و دەنگی قاقایان بەنێو داران دا ڕۆیی. حەمەدئاغا کەمێک لەسەر جێی خوی خزی، رووی دە سەروان کرد و کوتی:

«سەروان، چوو کردوە، نەوگرتون؟»

سەروان ئیستکانی بەر دەستی هەڵگرت و یەک پشوو پێداکرد، ڕەحمانئاغا خێرا بە چەنگاڵی قرتمێکی کەباب بۆ لێکردەوە و بۆلای دەمی برد، سەروان لێی وەرگرت و لە سەری خوارد، دەستی بۆ پاکەتی سیغارەکەی کە لەسەر کەنارەکە داینابوو درێژ کرد.

«نا، دەڵێی بوونە ئاو دە حەرزی رۆ چوون، هەوالیان هەر جارێ لە جێیکی دێت، سەرم سوڕ ماوە، بەیانی لێرەن، نیوەڕۆیە لە ئەترافی سەردەشت و شەوێ لە سابلاخێ، کەس نازانێ بەکوێدا دەڕۆن، یان کەنگێ دەڕۆن.»

ئەوجار باسی شەڕی شێخانێ دامەزراند، ئەحمەدە زلە کەشەفێکی گەورەی پڕ لە خەیارماست و باینجان و میوە بۆ هێنان، سەروان ئیستکانێکی دیکەی خواردەوە، کەوچکێکی خەیارماست لەسەر خوارد و بە دەسرێکی سپی دەمی سڕیەوە، دەتکوت لەسەر ڕا بۆ خۆی دەگێڕێتەوە، دەتکوت دەی‌هەوێ چەلێکی دی هۆی تەریکبوونی لەسەرکەوتن بۆ دەرکەوێت.

«دە دەستم دابوون، هیچ دەرەتانێان نەبوو، نەیاندەتوانی لە جێی خۆیان ببزوون، هەموو لایەکمان لێ بڕیبوون، ها ئێستا بیانگرین ها ئیستیکی دی...»

دوو سێ پەپوولە هاتبونە نێوان مێشوولەکان، قالۆنچێکی گـەورەی بالـدار بەسەر سەریاندا هەڵفری، ڕۆیی، لەسەر ڕا گەراوە، کەوتــە ســەر کــەنارەی، یەک دوو جار لە حاستە خۆی سووڕاوە، باڵەکانی جوان بۆ خڕ نەکرابوونەوە، ڕەحمانئاغا بە پشتی دەست فرێیدا قەراغێ.

«نازانم لە پڕ ئەو دوانەی سەر شاخی لەکوێ پەیدابوون، ئەلانیش نــەمزانی کێین و کێ پێ کوتبوون.»

ئارەق جلەوی ئەسپی زمانی پێشل کردبوو، بەسەر تەق تەقە بەردی ڕابردو و غاری پێدەدا.

«قــەتم ئــەنگێوەی وا نــەدیبوو، هــەر گوللــەی دەیــان هاویشــت یــەکیان لێدەکوشتین.»

مانگ تریفەی لە پشت کێوان ڕا وەدیار کەوتبوو، ها ئێستا هــا ئیســتێکی دی بۆ خۆشی وەدی هاتبا، حەمەدئاغا ئیستکانی خــۆی هــەڵگــرت، هێنــدێکی تــێ ڕوانی و بە گەرووی داکرد، قاشێکی باینجان دە خەیارماســت هــەڵکێشــا، برێکی خۆێ پێدا کرد و لەسەری خوارد.

«پێت بڵێم ئەو دوانە کێ بوون؟»

سەروان وەک منداڵێکی کە وادەی کڕینی شــتێکی بــە بــایخی بــدەنێ لەســەر جێیەکەی قووت بووە.

«چی، ئەتۆ دەزانی کێ بوون؟»!

حەمەدئاغا قاقایەکی کێشا و کوتی:

«چۆن نازانم، هەر ئەو دوو توڵەبابانەی ئەمنیان بریندار کردا!»

«یانی دەڵێی مراد و خالید بوون؟»

ڕەحمانئاغا هەڵیدایە و کوتی:

«بەڵێ جەناب سەروان ئەوان بوون!»

سەروان سیغارێکی دیکەی داگیرساند، هاتە ســەر چــۆک دانیشــت، مژێکــی توندی لێدا.

«ئێوە چوزانن؟ خۆ ئەودەم کوتیان ئەوان هەڵاتوونە عێراقێ.»

حەمەدئاغا کوتی:

«درۆ بوو، هەر لێرە مابوونەوە، سڵەمان ئاغای گوڕهەرمی دووجاری پیاو ناردبوونە سەریان.»

سەروان چاوە شینەکانی مرادی هاتنە پێش چاوی.

شەو شەق ببوو و مانگ کەوتبۆە سەر و لێژی ئاسمان، لە سەری هەڵدەخلیسکا، کادزە لە نێوەراست ئاسمان وەک ئاهەرایێکی کە هەزاران گۆ ئەستێرە لەوبەر ئەوبەری بدرەوشێنەوە بەرەو وڵاتی نادیار کێشرابوو. سەروان ماوەیەک بوو سەر قورس و گران خەوی لێ کەوتبوو پرخ و هۆری تێکەڵ سرتە سرتی سیسرکان ببوو.

***

## (٣٩)

کەس نازانێ لەکوێ ڕا هاتۆە، بۆ کوێ دەڕوا، خەڵکی کوێیە، لە کوێ گەورە بۆە، بە دوای چێەوە، لە چی دەگەڕێ، بۆ وای لێ هاتۆە، نە قسەیەک، نە گریانێک، نە پێکەنینێک، نە بزەیەک، دارێکە سووتاو و یشک، بەردێکە ڕەش و بێدەنگ، تارماییە، شەو دێزێکە، لە نەکاو دێت و لە پڕ ون دەبێ، لەگەڵ ڕۆژ وەدیار دەکەوێت و لەگەڵ شەو دەڕۆاتەوە، ئینسانە یان زیندەوەرێکی دی، چێە؟ چاوی وە ئینسان دەچێ، تەنیا چاوی، منداڵ یەک یەک و دوو دوو لە بەری هەڵدەهاتن، بە قیژە قیژ و هاوار و فیزار خۆیان بە دەرکەی ماڵیاندا دەدا و هەڵدەهاتنەوە ژوور.

«حەک دەرکی بابانت بە قوڕێ گیرێ، هەتیوە ئەو چ باسە؟ ئاوا خۆت بە دەرکەی دا دەدەی؟!»

کولێریەک، نانێکی وەردەگرت، دەبنەهەنگڵی دەنا و چۆن هاتبوو ئاواش دەگەڕاوە، بێشکێکی بە کۆلێوە و لیزگێکی مورووی لە مل دابوو، بێشکێکی بەتاڵ، لیزگێکی شین، مناڵ دە پازدەیەک خڕ دەبوونەوە، غیرەتیان تێک دەکردەوە، لە دوورەوە بەردەبارانێان دەکرد، هەتا مێشە و دارستانان بە شوێنی دا دەڕۆیشتن، هەرا هەرایان دەگەیشتە دێی.

«بێشکە لە کوڵ، لێزگە لە مل، بێشکە بەتاڵ، لێزگە لە مل.»

لەبەریان هەڵدەهات، ڕاوەدەستا، لێیان دەگەراوە، دادەنیشت، بێشکەی دێنا پێش خۆی ڕایدەژاند.

«خەجێ لای لای خەجێ، چاوت لێکنێ ئەستێرە هاتوونە ژوورێ.»

«خەجێ لای لای خەجێ، خەجێ چاوت لێک نێ سپەی دەچینە سەیرێ.»

منالّ هەرایان دەکرد:

«بێشکە بەتالّ، لێزگە لە مل، خەجێ دەچۆمی کەوت.»

دەیقیژاند، دەیزریکاند و بێشکەی توند توند دەباوەش دەگرت و هەلّ دەهات، لە قوژبنێکی، لە پەنا دیوارێکی، بێشکەی دێناوە پێش دەستی و ڕایدەژاندەوە، لێزگەکەی دە دەست دەگرت و بۆ لای دەمی دەبرد، بۆنی پێوە دەکرد، لای لایی دەست پێدەکردەوە، دەموچاوی لە ژێر قژی ئالۆز وو ڕەشدا شاردرابۆوە، لەڕەنگی یەک بوون، لە ڕەنگی شەو، ڕەش ڕەش، هەر بە حال کزەی ئاوری دیبا سەروقژی خۆی دەڕنی و بە پێخواسی غاری دەدا، شوان تاریکانێ دیتبویان، بیسمیلایان کوتبوو، غەیب نەببوو، هەرلێیان هاتبۆە پێش چوارپێ ئامبازی ببوون، دوور و نیزیکی گەرابونەوە، هەر ئاوری دیبوو، پر بە شەو زریکاندبووی و لە پێش چاویان ون ببوو.

بێ ئازار بوو و کاری بە کەس نەدابوو، کۆم ببۆوە و سەری بەردەداوە، جوابی کەسی نەدەداوە، کەس نەیدەزانی شەوانە لە کوێ دەنوێ، یان چی لێدێ، ئەورۆ لێرە دەبوو، دەرۆیی و هەتا یەک دوو مانگان کەس هەوالّی نەدەزانی، لە نەکاو لەو سەری کۆلانێکی وەدیار دەکەوت، هەرچی وەبەر دەستی کەوتبا لە خۆی دەهالاند، قژی ئالۆز و پلوز ڕژابوونە سەر دەموچاوی ڕش و سووتاوی.

تەنیا لەگەلّ کاک رەحیم دەدوا، بە قسەی دەکرد، چاوی دە چاوی دەبری، دوو تنۆک: ئەسرین لە قولینچکی چاوی وەدیار دەکەوت، سەری بەردەداوە و بەدوایدا دەڕۆیی، ماوەیەک بوو لە ژێرخانی مالّە کاک رەحیمدا دەماوە، بەیانان زۆر زوو وەدەر دەکەوت، بە دێیاندا دەگەرا، دەچوو لای کۆچەر و ڕەوەندەکان، شەو درەنگانێکی دەخزایەوە نێو ژێرخانە تاریکەکەی، چەند ساعەتان چاوی دەتاریکی دەبڕی، دە ڕەشایی‌دا نوقم دەبوو، دنیای تاریک تاریک...

شەو زرینگابۆوە، چەق و لووری سەگان لە گۆشە و کەناری دێی دەهات.

مەلا بانگی بەیانێ دەدا، سێ چوار کەلّەباب خوێندبوویان. پیاو وردە وردە بۆ نوێژی بەیان لە مالان دەهاتنە دەر و دەچوونە سەر حەوزێ. قادرخان بالا بەرز و چوار شانە بەرامبەر بە کاک رەحیم ڕاوەستابوو. ئاسمان کەش هەور بوو، خۆیان دەباوەش یەک هاویشت.

«کاک ڕەحیم چۆنت چاکە بدەمەوە؟»

«قادرخان چم نەکردۆە جوابم بدەیەوە، مەیلی خودای لەسەر بوو ئەو ژنە شێتە بتبینێتەوە و ئەمن بێنێتە لات، ئەو قەدەرەش هەر وەمزانیوە برای خۆمم لێ میوان بۆە.»

قادرخان ئاورێکی لە ژێرخانە تاریکەکەی داوە، ڕووناکی ڕێی چوونی وێی نەبوو.

ڕووی دە کاک ڕەحیم کردەوە.

«قەتم ئەو پیاوەتێیەت لەبیر ناچێ، ئیشاڵلا ڕۆژێکی بتوانم قەرەبۆت بدەمەوە.»

جارێکی دی یەکتریان دەئامێز گرت و سەر و دەم و چاوی یەکتریان ماچ کرد.

ماڵئاوایی کرد و بە ئەسپایی دەرکەی کووچەی کردەوە، دەنێو تارمایی بەیان بەربووندا لە «بێکۆست» وەدەر کەوت.

***

## (٤٠)

لە ترسی ئاغا کەس نەیدەوێرابە لای ماڵە حاجی محەممەدێوە بچێ، وەک گولی دوراوایان لێ هاتبوو، لە کۆڵان و کووچان ئەگەر تووشیان هاتبان، چ ئی حاجی و چ خێزانی، سەر زارەکی جوابی سلاویان دەدانەوە و توند و تیژ لێیان تێدەپەرین، بە هەلکەوت ئەگەر یکێان چەند ساتێک لەگەلیان ڕاوەستابان و دواندبایانن، وەک بارێکی قاچاغیان پێ بێت، یان داخوا تووشی تالۆکێکی بەسام هاتبن خێرا خێرا ئەو سەر ئەوسەری کۆلانیان چاو لێدەکرد، هەموویان لێک دەترسان، چووک و گەورە، ژن و پیاو، ترسی ئاغا شالاوی بۆ هێنابوون، تەنانەت لە مالێشدا لە یەک دەترسان، گەورە لە چکۆلە، ژن لە پیاو، پیر لە جحێل، بۆ هەر شتێکی حاجی و منداڵەکای چووبانە ماڵە هەر کامێان بە دەستی بەتاڵ دەگەرانەوە، ترس مۆتە بوو قورگی «جەڕانێی ڕێک دەکوشی، ئاغا هەڕەشەی لێکردبوون هەر کەس بیاندوێنێ یا هامووشۆیان بکا لە دێی دەتارێنم، دەڕوێش سەعید کز و دالگۆشت بۆ شۆفاری لە کۆلانان دەخولاوە، هەموو ئێواران لە ماڵە ئاغای دەستە و نەزەر ڕاوەدەستا و هەوالی دێی خڕوپڕ لە پێش دادەنا.

ئاخر مانگی هاوین بوو، ولات ڕوون ببۆوە، باغی ماڵە ئاغای دەتکوت بووکی رازاوەیە، دەسمالی ڕەنگاوڕەنگی سەرنجی ڕادەکێشا، سێو سوور سوور وەک نەقیمە لەسەر قاشە ئەنگوستیلەی قامکی داران دەدرەوشانەوە، ئاغاکۆک و پۆشتە سواری ئەسپێی شێ لە حەوشە هاتە دەر و نیوەغار بۆ لای گۆڕەپانی دێی ڕکێفی لێدا، لەپشت سەری ئەحمەدە زلە تەژە و زەبەلاح بە سۆاری دەرۆیی.

پیاوی پیر کە خویان لەبەر تینی کەمهێزی هەتاوی بە سالاچوو هەلخستبوو تێکرا لەبەری هەستان، کوێخا ڕەسوول بە پیرێوە هات، حەمەدئاغا ئەسپی

ڕاگرت، ئەسپە شێ شاخی کرد، هێندێکی سمکۆل کرد و سەری دوو سێ جار لەقاند، ئەوجار گوێی قووت کردن، کوێخا دەستەونەزەر ڕاوەستابوو.

«سەلاموعەلیکم ئاغا.»

«عەلێکەسەلام کوێخا.»

«ئاغا گیان! تەشریفت بۆ کوێ دەچێ؟»

ئاغا چاوی بەسەر پیاوە پیرەکاندا گێرا، هەموو دەستەونەزەر ڕاوەستابوون و زاریان پان کردبۆوە، ملیان کەمتاکورتێکی لار ببوو بەتایبەت کە چاوی ئاغای لە سەریان دەگیرساوە زۆرتر لارەمل دەبوون.

تەواوی ژیانمان پێکەوەین، لە شایی و شیندا، لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە لای یکین، لێک هالاوین، هەر یەکە لە لایەکی و لە جێیکی لێک وەخڕ بووین، بەڵام دەستە و نەزەری یەک نابین، گرێی ژیانمان لە یەکتر ئالۆز دەکەین، بایەخ دانانێن بۆ یەکتر، بۆ ئینسان، کێ دەتوانێ بڵێ ئینسانێک لە ئینسانێکی تر گرینگترە؟ کێ ئەو حەقەی هەیە منالێک لە منالێکی دی بەبایەختر بزانێ؟ کێ ئەوەی دە مێشکمان هاویشتۆە، بۆ دەری ناهاوێین؟ فرێی نادەین؟ بۆ لەجیاتی بایەخ بۆ بێبایەخ دانێین، بۆ یەکتر دانانێین؟ بۆ لە جیاتی کڕنۆش بردن بۆ پوڵ و پارە، بۆ ملک و داهات، قەدری ئینسانی نەگرین، ئینسانێکی کە دونیایەکە لە جوانی لە پەنامان ڕاوەستاوە، بۆ دهستمان نادەینە یەکتر و گرێ پووچکەی ژیانمان بە یەکەوە ناکەینەوە؟ ڕەش دیارە، سپیش دیارە، بۆ لێکیان دەدەین و ڕەنگی بۆر ساز دەکەین؟ بۆ ژیانی سەگمەرگی و بێبایەخ بۆ یەکتر ساز دەکەین؟ دەکرێ شەومان نەبێ، ڕۆژی ڕووناکمان هەتا هەتا بێ، دەتوانین ژیانمان، چارەنوسمان لێک گرێ دەین، بیکەینە بوکێکی ڕازاوە، هەرچی ئینسانە بێتە زەماوەندی،...

«دەچمە ماڵەئەو حیزبابەی.»

«لەبەر چی ئاغا گیان؟!»

«دەچم دەیهێنمە نێو تەویلەی ماڵێمان دەیدەم دەپەینی گرن، جا با هەتیوەکەی پیاو بێ و بە فریای بێت، یان دەویدا دەتوپێ یان بیژۆەکەی دێتە هانای.»

ڕکێفیان له ئەسپیدا و ڕوویان دەکۆلانی باریکی دێی کرد، تەپوتۆزێکی زۆر له ژێر سمی ئەسپان وەحەوا دەکەوت، لوولی دەخوارد و به دوایاندا دەڕۆیی و نەیان دەگەیشتێ، دەنیشتەوه سەر حەرزی، سرت و خورت کەوته نێو خەڵکی، کوێخاکه له پێشدا له مەبەستی ئاغا ئاگادار بوو و ئەو پرسیار و قسانەشی هەر لەبەر گزێکی بوو که له پێشدا دایان ڕشتبوو، رووی ده خەڵک کرد و گوتی:

«با بچین تکایەکی بۆ بکەین، ئەی بەڵکوو لێی خۆش بێ.»

غەڵده غەڵد ده خەڵکی کەوت، هەر کەسه شتێکی دەکوت، چەلی وابوو تێکڕا قسەیان دەکرد و کەس لێیان حاڵی نەدەبو، له خۆشی ئەوەی به داژداری کوێخا دەتوانن له نزیکەوه ئاگایان له رووداوەکه بێت لێیان تێک دەچوو له ڕۆیشتنێدا وەپێش کوێخای دەکەوتن، له پڕ وەبیریان دەهاتەوه داوای لێ بووردنێان دەکرد و دەکشانەوه پشتەوه، دوور و نیزیکی ماڵه حاجی محەممەد بوون، بەرامبەریان ئەحمەده زله به پاڵەپەستو حاجی وەپێشه خۆی دابوو، هەتا هێندێک له ماڵه خۆیانی دوور خستەوه، خات زارا و ڕەعنای کچی و مناڵەکان کووچەیان وەسەر سەری خۆیان گێڕا بوو، قەرەباڵغ بوو، سەربانی ماڵانیش لەژن و مناڵ و پیر و جحێل پڕ بوون، ئاغا بەسواری هاته بەرامبەر حاجی که گێژ و وڕ چاوی له دەورو بەری دەکرد، بێ ئەوەی قسێکی بکا پێلاقێکی به سینگی دادا و خستێه حەرزی، زیقەی خات زارا و ڕەعنای هەتا ئەوسەری گەڕەکێ ڕۆیی، خات زارا سینگی لێدەکوتا و بەرۆکی خۆی دادڕی، ڕەعناش به چەنگان قژی خۆی دەردەکێشا و به نینۆکان ڕوومەتی داڕووشاند. حاجی مێزەری سەری چەند شەقاو دوورتر له خۆی کەوتبو و لێک هەڵوەشابوو، کوێخا هاته نێوان ئاغا و حاجی.

«ئاغا گیان! کوڕه ئاغا گیان! پیاوی چاک به، ئەو جارەش لەبەر خاتری من چاوپۆشی بکه، ئاغا گیان! ئەمن تکات لێدەکەم.»

«لاچۆ کوێخا به مەرقەدی شێخی زەنبیلی، به گۆڕێکی بابم چۆتێ دەستی لێ هەڵناگرم.»

سەری ئەسپی وەرسووڕاند و به پەنای کوێخادا بۆ لای حاجی که له حەرزی هەستابۆوه ڕۆیی، دیسان پێلاقێکی پێدادا و بەری داوه. خەڵک وەک سەدان

پەیکەری گۆشت و ئێسک، وەک لە سەدان چەرخ لەمەوبەر ویشک هاڵاتبن، بــۆ جووڵە چاویان لێدەکردن.

هەر شتێکی لە رادەبــەدەر، پووڵــی زۆر، جــوانی زۆر، دەنگــی زۆر خــۆش، ترسی زۆر و بوێری زۆر، بێ دەستهەڵاتی زۆر، هــەموویان دەتــوانن ئینســانی ویشک کەن، مێشک و بیری هەڵتەکێنن، لە کاری بخەن.

«ئەحمەد! هەتیوە وەرە هەتا نێو تەویلەی بە شەپان بەرە و بلێ دەپەینی گڕن.

قەمچێکی لە لاترافی ئەسپی دا و وەک گردەلوولێکی دێی بەجێهێشت و بــەرەو پاسگا غاری بە ئەسپەکەیدا.

***

## (٤١)

کانیاو زابوونەوە، ئاویان روون روون بە وێنەی چاوی قرژاڵ لە بەر شنەی بەیان و ئێواران دەلەریەوە، مێش‌هەنگوین پاشێن ئاوبارەیان هەڵدەمژی، بە گیزە گیز دەیانکێشاوە نێو پلۆرەیان، جالجالۆکە لە مابەینی لکی ناسک و باریکی داران یان پنچک و پنجاران یا هەر شوێنێکی دی کە وەگیریان هێنابا داویان دەتەنی، داو باریک باریک دەمێک لەبەر تیشکی ڕۆژ دەدروشانەوە و دەمێک بە تێپەربوونی سروە بە پەنایاندا دەلەرزینەوە، سمۆرە لەسەر شابۆقی داری گەورە، دارە بەرو و گوێزان دەهاتنە سەر پاشۆان، زیت زیت چاوی ڕەشیان دەگێڕا، لە نەکاو قفازیان دەدا سەر لک یان دارێکی دیکە، کەندەسمە یەکبین کۆتەرەی دارانیان دادەگرت وەک قرمەی ڕەشاش دەنێو کەپتار و دارستاندا دەنگی دەداوە، هەڵو بەرزەفڕەکان بۆ یەک ساتیش باڵیان وێک نەدەهێناوە، میری مەزن بوون لە هەرێمی ئاسماندا دەسووڕان، لە دوورەوە قەندیل سەری دەناو تەپ و مژ و هەوردا شاردرابۆوە، ساڵ دوازدەی مانگێ دەست و ملانی یەکن، هەور و قەندیل، مژ و قەندیل، دەمێک هەور سەر دەکەون، دەمێک قەندیل، دەمێک تەپ و دومان دای‌دەپۆشن، دەمێک قەندیل سەربەرز و سەرکەش سەری هەڵبریوە.

مێگەلی حاجی سالە لەنێو دۆڵێکی تەڕوبڕدا موڵ درابوون، بێر لە داوێنی بەردی پەێوان دامەزرابوو، مەر دوو دوو هەریەکەی دەچوونە لابێرێکی، بارەو کارەیان ڕۆژەڕێیک دەڕۆیی، زەنگە زەنگی زەنگوڵە یان زایلەی دەداوە، شوان لای سەرێیان لێ گرتبوون و ڕێی هەڵبرینیان بۆ نەهێشتبونەوە، بێری دەفری شیردۆشینێان لە بەر دەستی، هەریەکە لێنگی مەر یا بزنێکی دەگرت، لاقیان پێ

داویشتنه ئەوبەری دەفڕ و گورج و گۆڵ گۆانێان دەگرتن، خوشه و شـخبی شـیر لاوژەی کوێستان بوو. هۆ هۆی شۆانان ئاوێنەی تریفه و حیلک و هۆری شـەنگه بیریان بوو.

حاجی ساله سەعاتێک دەبوو هاتبوو بەرامبەر بەو شـاخەی کـه پـێوابـوو میوان بەوێدا دێن، لەسەر لبادێکی خاوێن دانیشتبوو، نیسێی شاخی پشـتەوەی کەوتبۆه سەری، قەنەی بەر دەستی تاویک بوو وه قوڵته قوڵت کەوتبوو، بـۆنی نان ساجی و گۆشتی سوورکراوه به ڕۆنی کوردی ده چادران گەڕابوو، به کـەلێن و کولێنی چیغاندا قوتار ببوو هەتا بەر کەپوی حاجی ساله دەهات، میـوان لـه نەردەکی بەرده پەێوان وەدی هاتن، چوار پێ به حەپه حەپ ئامبازیان بوون، لـه پەنا داران ڕا، له پەنا مەڕی ڕا، له پەنا شـۆانان ڕا، لەسـەر و خـوار ڕا بۆیـان چوون، کلک لەسەر نەڕەی پشتی وەک تیری سـەختەکەوانی، ڕێـک و پێـک ده ریزێکیدا له بستوی شاخی دەهاتنه خوار، لوولەی تفەنگ و دەستکی دەمانچه و مشتوی خەنجەری بەر پشتێنیان لەبەر هەتاوی پاڵینان شاهیکی دەداوه، ورتکـه بەردی چکۆڵه و خڕ لەبن لاقیان تلار دەبوونەوه، شـۆان چوارپێـان دەنـگدان و بەرەو پیریان چوون، بێری دەستێان لەسەر گوانی مـەڕی ڕاگرتبـوو، مـەڕ بـه تەمای روینێ خۆیان دەپچـری، سـەگ لـه دەوریـان دەسـووڕان و دەوەڕیـن، گەیشتبونه حاستی بێریان، بێری هەستابونه سـەر پـێ و تیسـکی مـەڕیان بـه دەستەوه ڕایانگرتبوون.

«سەلامعەلیکم.»

«عەلێکه سەلام، بەخێرێن.»

«سوپاسو دەکەین، بۆخۆ ماندووش نەبن.»

«مەڕی حاجی سالەن؟»

«ئەرێوەڵلا.»

«ئەدی تاولوو لەکوێیه؟»

«لەو باسکەی ئاوابن دەیانگەنێ.»

«حاجی ساله بۆخۆی له چادرێیه؟»

«بەڵێ ئەوه چاوەڕێتانه، دەفەرموون ماندوو بحەسێننەوه.»

مێرم کـولمـی دوو قـاش‌قـاشە بـوون، چـاوی ڕەشــی دەدرەوشـانەوە، کەزیەکانی لە ژێر پەنجەی زۆرداری لەچکەدا هــەڵاتبوون، ڕەش ڕەش، شـەوی تاریکی ئەنگوستە چاویان بە خۆدا دەشکاندەوە.

«ئەگەر ئاوو لەکنە چۆڕێکمان دەنێ.»

بێری غاریان‌دا سەرکانێ، بە تریقە و پێکەنین، نەقوورچیان تێک دەکوتـا و لێکێان هەڵ دەقورینجاند، سەریان بـەردەداوە، مێرم دەفرێکـی ئـاو بـۆ مـرادی ڕاداشت، مراد دەستی درێژ کرد و لێی وەرگرت، ساتێک قامکێـان وێـک کـەوت، قامکی مێرم ئاور بوون، چاوی لەسەر چاوی شینی مـراد هەڵـگرت و دە حــەرزی بڕی.

«دەستت خۆش بێ.»

بە دوای هاورێکانی‌دا تی هەڵبوو. بە تریقە و پێکەنینی بێریـان مێـرم وەخـۆ هاتەوە.

«مێرم! کچەتیوە ئەوە هۆشت لە کوێیە؟»

وەک لە شیرنە خەو هەستابێ سەری هەڵێنا و چاوی دە مـراد و هاوالــەکانی بڕی کە لە پشت سەری یەک لە پێهەڵی شـاخی وەسـەر دەکـەوتن، بۆلای مـەڕە سـووری چـوو، چووبـۆوە بـال ئـەوانی دیکـە، سـەری بـەردابۆوە و خـۆی دەشاردەوە، بەکرە لەبەر تەوژمێ ڕک و ئێرەیی خۆی پـێ ڕانـەگیرا، گۆچـانی هەڵێنا و هەتا هێزی هەبوو لە پشتی چوار پێ بۆری پەنا خوی ڕاکێشا، سەگ بە قڕوسکە قڕوسک لەبەر دەستی هەڵات.

حاجی سالە دووراودوور بەرەوپیریان چوو، یەک یــەک دە ئـامێزی گـرتن و پاینازی کردن. کڵپەی ئاوری بەر دەرکەی خێوەتی حاجی سالە حاندی ڕەشماڵی گەورەی میوانانیشی ڕوونـاک کردبـوو، هۆبــەیان شــەش ڕەشمــاڵ بـوو، دوو ڕەشماڵ یەکی میوانان و یەکی حاجی سالە هەتا شەوی ئاخری هەواری عـادەتی بوو لەبەر دەرگای ڕەشماڵی خۆی لە پەنا ئاوری دانیشێ، هەموو شــەوێ دەبـا ئاورێکی خوش کراباوە، زۆرتر لەبەر قەنەی بوو کە کەم وابوو لــەپێش دەسـتی نەبێ، لە چادری گەورەی میوانــان دەور تــا دەور دانیشـتبوون، لبـادی تــازە و نەخشین ڕاخرابوون، ســەنیری گـەورە و نـوێ لەسەرتاسـەری ژوورێ لەبــەر پشتیان داندرابوو، چراتۆڕێک لە نێوەراستیان داییسا و نێو چادری بە تــەواوی

رووناک کردبوو، نیسێیان کەوتبۆە سەرکوێنان، چیغی بەر چادری لادرابوو؛ دەرێیان بە تەواوی لێ دیار بوو. سولەیمان دەورو بەری هۆبەی گەرابوو، بە هەر چوارلای دا تا مەودایەکی زۆر ڕۆیبوو هەرچی کەلێن و کولێن و قولکە و پەنا بوو پشکنیبووی، لە دوای ئەرخەیان بوون، گەرابۆوە، یەک پێ لە بەری هەستان و وەسەرەوەی خۆیان خست.

«فەرموون دانیشن.»

ڕاوەستان هەتا ئەو دانیشت جا ئەو جار دانیشتنەوە، ڕووی دە حاجی سالە کرد و کوتی:

«دەبێ بمبووری حاج ئاغا! هی ئەوەی نێیە خودای نەخواستە لەنگۆ بەشک بین، بەڵام ناعیلاجین لە هەموو جێیکی دەێی وشیار بین.»

هەیبەتی سولەیمان و هاوالانی پشتی حاجیان بۆ دەمێک لەرزاندەوە، دەتکوت ئەوشۆ حەوت کێوی لێ میوان بوون، حەوت کێو هاتوونە هەواری، یەک لە یەک بەرزتر.

«ئیختیارت هەیە، کاری چاکوو هەر ئەوەندەیە برالە بۆ پێم ناخۆش دەبێ، ناوەڵلا لە کەس ئەرخەیان مەبن، حووکمات سیخور و مووچەخۆری زۆرن.»

قرچەە قرچی بزووتان لە کاتی بێدەنگ بوونیان دەبیسرا.

حاجی خۆش خۆش هەڵدەستا و دەچۆە بەر دەرکەی چادر و بە دەنگی بڵیند هەرای هەوارچیانی دەکرد:

«خێرابە کوڕە! مەسینە و تەشتی بێنە.»

«زووبە کچێ! ئەو تەشکەبەری بێنە ئێرە رایخە.»

دەهاتەوە ژوور و ئەزنە بەخێرهاتنی دەکردن.

«گەورەو کردین، یاخوابەخێرێن.»

بۆنی دووکەڵی سەختەداری، بۆنی چێشت و بۆنی کوێستان تێکەڵ ببوون و هەر دەهات پەرەیان دەساند، هەر دەمە یەکێان لە هەرێمی ڕەشمالی میوانانیدا پڕ زۆرتر دەبوو.

شێویان خوارد، هاتنە بەر دەرکەی خێوەتی حاجی سالە و لە دەوری ئاوری هالان و دانیشتن. ئاورینگ خۆیان لە چەنگ ئاوری دەرباز کرد، دەکەوتنە باوەش تاریکی و ئەویش دەسبەجێ قووتی دەدان، نیسێی مرۆڤان لەسەر حەرز،

لەسەر کۆینی، لەسەر چیغان کورت و درێژ دەبوو، هەوارچی بە پەلە بە نێــوان چادراندا دەهاتوچۆ دا بوون، دەم و چاویان لەبــەر شــەبەقی ئــاوری، ســوور دەچۆوە، چاویان جریوە جریوی بــوو، حــاجی ســالە لــە نێــوان فســاندا بــە خێرهاتنی دەکردنەوە.

«یاخوا بەخێرێن، گەورەو کردین، خێر و بەرەکەتوو هێناوە.»

بە سام و قورس و قایم دانیشتبون، وزەوورەیان لێ دەباری، حــەوت هەڵــو بوون لە ئاسمانی دڵی هەوارچیان شاباڵــیان کردبــۆوە، حــەوت ئەســتوندەکی ڕەشمالی هەژاران بوون، حەوت سەختەداری لێڕ بوون کەوتبونــە ئــاوری شــەڕ دژی زوڵم و زۆر، بڵێرەیان هەتا تاقی ئاسمانی ژیانیان هەڵدەکشا.

کچ گەڵ بە بیانوویەکی لە چادران دەهاتنــە دەر، لەســەر شــانیان ئاوڕیــان لێدەدانەوە، یا کاتی چوونە ژوور لەحاند دەرگا دوو دوو و سێ سێ، خولــەکێک وەکۆ دەبوون و پسکە پسکیان دەکرد و لە دوایە دەچونە ژوور، حاجی ســالە بــە مەقاشی بەر دەستی هێندێکی پۆلووی لە ئاورکەی هەڵگرت و لەسەر قەنەی دانا و ئاوری لێ تازە کردەوە، یەک دوو مژی توندی لێدا، قوڵتە قوڵتی وەک دەیــان بەردی لەسەریەک لە سەریەک دەچاڵاوی باوێن دەچوو، دووکەڵی بــە گۆشــەی لێوی‌دا دەرداوە، رووی دە سولەیمان کرد و کوتی:

«کاک سولەیمان! ئەگەر لە دڵو گران نایە پرسیارێکو لێ بکەم؟»

«فەرموو حاجی گیان! دەخزمەتت داین.»

«کاک سولەیمان! ئەو جۆرەی بیستوومە ئێوە بە دێیاندا دەگەڕێن و خەڵــکی دژ بە ئاغا و ژاندەرمان هان دەدەن، لەبەرچی؟»

سولەیمان بە دەنگێکی کە بۆنی توورەیی و گلەیی و خەمی لێــدەهات وەڵامــی دوە:

«حاجئاغا! پێم سەیرە ئەوەی دەپرسی، جا چۆن ئەتۆ بۆخۆت خەڵــکی دێــی نازانی لەبەر چییێە؟ ئەدی ئەو هەمۆ زوڵم و ناحەقییێە کە ئەوان لەگــەڵ خەڵــکی دەیکەن نایبینی؟»!

حاج سالە قەنەی بەر دەمی لادا و کوتی:

«کاک سولەیمان! عەرزم کردن ئەگەر لــە دڵــوو گــران نایــە لێــو دەپرســم، برالە.»

«حاجی گیان! لە دڵمان گران نایە، بەڵام بۆ ئەتۆ دەبێ شتی وا بپرسی؟! خۆ ئەتۆ لەو خەڵکە دوورە پەرێز نی، ئاگات لە ژیانی وان هەیە.»

«کاک سولەیمان! مەبەستم لەو پرسیارە ئەوە بوو کە برالە ئەمن تاڵی و سوێریم زۆر چێشتۆە، لە ئێوە بە ساڵاچووترم، دونیام قوونە کەو کردۆە، پەرژێنێکی قایم بێ زۆرم چەتە و ڕێگر و قەرەپشی دیون، هەر کامیان پشتیان بە ئاغایەکی قایم بۆە، دیسان زۆری نەکێشاوە دەست بەسەر کراون، جا بۆیە پێم سەیرە ئێوە هیچ ئاغایەکوو بە خۆتانەوە نەهێشتۆتەوە، چۆن دەتوانن خۆڕاگرن، جا خۆ بە خودای ئەو خەڵکە ئاسایەش کە لێو وەخرٍ دەبن هەر لەدوورەوە نێوی ئاغا و ژاندەرمان ببیسن خۆیان پیس دەکەن، چ بگا بەوەی بێنە پشتوو.»

عەوڵا هاتە سەر چۆک و لەجیاتی کاکی وەڵامی داوە:

«حاجئاغا! ئێمەنەهاتووین خۆراگرین، مەبەستیشمان پوڵ و ژیانی ئاسودە نییە، دەنا هەموومان ئەوانەمان هەبوو، هاتووین ئەوەی بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بە جێی بێنین.»

شەو درەنگانێکی چوونە نێو چادری، هەر یەکە لەسەر جێێکی لێی ڕاکشا و چاویان دەکۆینی ڕەشماڵ بری، کوێن وە شەوی تاریک و شەورەنگ دەچوو، ڕەش ڕەش، هەر بەنێوان دوو ساعەتان یکیان کێشکی دەکێشا، کوێستان کش و مات بوو. مراد هات و جێ گۆڕکی لەگەڵ فەتاح کرد و لە پەنا ئاوری دانیشت، کزەی ئاوری شۆان لە کەوانەی ڕەزی مامەی سرنجی ڕادەکێشا.

تەزووی ساردی بەری بەیان مچوورکی بە پیاوی دادێنا و تووکە مندارەی لەش قیت دەبوونەوە، مراد چێوێکی سەبر سەبر لە پۆلوان وەر دەدا و سکڵی وەشارتی ژێر باپووسکانی وەدیار دەخست، دەنێو خەیاڵات دا ون ببوو، شڵقە شڵقی مەشکە لە ڕەشماڵی هەوارچیان ڕا ژیانی وەخەبەر دێنا، بێری یەک یەک و دوو دوو دەهاتنە دەر و دەستیان دەدا دەفرِی شیر دۆشین و ڕاوکە، بە سرتە و پسکە بەرەو مێگەلی دەرۆیشتن، مێرم لەچکێکی سووری لە سەر بەستبوو، بسکۆڵی بۆلای رووومەتی شەقی هەڵگەرابوون، بە پرتاو چاوێکی لە مراد کرد، چاویان لێک گیرساوە، مراد سەری بەرداوە، خەمێکی قورس لە دڵیدا لە ژێر

باپووسکەی زەمان وەدیار کەوت، هەر دەهات و گڕشەگڕشی زیـاد دەبـوو هـەتا جێیکی کزەی لە جەرگی هێنا، بە دڵۆپێک فرمێسک دایمرکاندەوە.

«هێرۆ... !»

سەری هەڵێنا، مێرم لە دوورەوە کارمامزێک بوو شلک و نەرم بازدی دەدا.

شەو تەواو بوو، عەتری گوڵ و گیا لەسەر یاڵ تەبەقی هەوای خـاوێن و بـێ خەوشی کوێستان پێشکێشی هەوارچیان کرا، میوان یەک یەک لە خێوەتی هاتنە دەر، نان و چایان خوارد، هـەتاو پڕشـنگی کـەوتبۆە سـەر تـەلان و بەنـدەن، هەستانە سەر پێ و ماڵئاوایان لە حاجی و هەوارچیان کرد، حاجی دەسـتی لـە سەر باسکی سولەیمان ڕاگرت و کوتی:

«کاک سولەیمان ئەمن لە حاست ئێوە خـۆم بـە سـاحەبماڵ نـازانم، هـەر وەختێکی بە سەرمان کەنەوە خزمەتکارێن؛ بەسـەر و ماڵـەوە دەخزمـەتوو دام، ئێستاش برالە ئێمە قەدەرێکی دیکە دەچینەوە ئارانێ، بەڵام لـە هـەر جێیـەکی پێویستیو بە من یا بە شتێکی بوو مشکولۆزمەن بن وەڵامم لێ نەنێرن.»

هێندیان شت بۆ لەنێو توشەبەرە و کوڵەپشتیان نابوون بە زەحمـەت بۆیـان هەڵدەگیرا، ماڵ ئاوایان کرد و ڕێکوپێک روو وەدووندی شاخی کونە چەکچـەکی هەڵگەران. مێگەڵ لەنێو شیوەکەی دوێنێدا موڵ درابوون؛ بالە بالیـان دە کـەژ و کۆساردا دەنگی دەداوە، دووکەل لە کۆچک ئاورگی ڕەشماڵان ڕا هەڵدەسـتا و بـە نێوان کوێن و چیغان دا دەهاتە دەر و لە ئاسمانی پان و بەریندا ڕێیان لێ هەتڵە و سەریان لێدەشیوا، هەر ساتەی ڕوویان لە شوێنێکی دەکرد. مـراد ئـاوڕی لـە دوایە داوە؛ بێری لە دوورەوە دەنێو دۆڵەکەی دا دەهاتن و دەچوون، دەیان گوڵی زەرد و سوور و سپی کوێستان لەبەر تیرێژی خۆرەتاو دەدروشانەوە.

***

## (٤٢)

ئاوازەیان لە هەرێمی کوێستان تێ‌پەریبوو، سروەی فێنکی بەیان بـوو، لـە تەوقە سەری کێوان وەڕێ کەوتبوو، شیو بە شیوو کێو بە کێو خوشیبوو، لەگەڵ ڕەنگی هەزاران گوڵ ڕەنگابوو، لەگەڵ چرپەی سەدان مەڵ تێکەڵ ببـوو، چوبـۆە نێو دڵی بادیناوێ، ببوون بە یەک، ڕاخوشـیبوون، دێ بـە دێ و مـاڵ بـە مـاڵ گەڕابوو، دەروازەی شارانی شکاندبوو، بەنێو کۆلان و شەقامان‌دا سـووڕابووە، لە مالان وە ژوور کەوتبوو، جموجۆلێکی سەیری دە خەلکی هاویشـتبوو، ژیـان ژیابووە، مردن مردبوو، ڕاوەستان ڕاوەستابوو.

دەولـەت سەری لێ شێوابوو، فەوج فەوج ژاندەرم لە ورمێ و نەغەدە و خانــێ و سەردەشت ڕا بۆ کوێستان دەهاتن. سەروان باکۆیی‌یان لابردبوو و سـەروانێکی تەژە و ڕەشتالەیان لە جیاتی دانابوو، خـوێن لـە چـاوی دەبـاری، قەلـس و تووڕە، ویشک و بێ روحم، نێوی خۆی بە خویەوە بوو، سەروانە شـێتە، ژێـر دەستەکانی لە حاسـتی وەک مێوژۆکـە دەلـەرزین، بـە سـام وێنـەی گـورگ، تازەلەسەر کوت‌کردنی شۆڕشگێڕانی ناوچەی لوڕستان گەرابۆوە.

بەر قەدی چیای دەوروبەری گوندەکان پەڵە پەڵـە و پنـۆک پنـۆک ببـوون، زەرد، قاوەیی و جێ جێ سەوز دەچوونەوە، مێگەل وەنێـو شـێوەرد و پـەرێزان دەکەوتن، بۆنیان بە قەسەڵ و داسووکەی گەنم و جۆیانــەوە دەکـرد، لووتێـان هەڵدەقرچاند، دەپشمین یان دەکۆخێن، بە بارە بارِ و هێرە هێـرِ بـەرەو ژووری هەڵدەگەران، دەهاتنــە سـەر چینکـە و مێرگـان شـۆان لەسـەر تاتـە بـەردان هەڵدەتووکان دەنا دەچوونە سەر رەوەز بەردان پاڵیان دەداوە، شمشالـیان لــە قەدی پشتێندی دەر دەکێشا و پڕ بە کوێستان تێیان دە ژەنی. دونیا داسوکنابوو و

گوێی بۆ ستران و لاوژەی سروشت هەڵخستبوو، هاوین نەشەی پەڕیبوو، ئینسان و سروشت وەک یەکن؛ منداڵ و بەهار، لاو و هاوین، پیاو و پائیز، پیر و زستان، کات و زەمان ئەسپێکی یەکڕانن، خۆشبەز و خۆشڕو، توند و تیژ سواری هەڵدەگرێ بێوچان دان، بێ ڕاوەستان، لە بنکەی منداڵی ڕا بۆ ماڵی پیری، ئەستێرەی کلکدار لە ئاسمانی شەوی ساماڵە؛ ڕادەخوشی، هەتا چاو لە کلکی دەکەی سەری بۆتە کلک، لەپڕ دێت و لە نەکاو ون دەبێ، وا توند و زوو ژیان تێپەڕ دەبێ زۆر چەلان ئینسان هەستی پێ ناکا، تەنیا لە قەرەس و هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕابردوو، لەگەڵ هاوسەفەران باوڕی پێدەکرێ!

شەو باڵی ڕەشی لێک کردبوونەوە، لەسەر وڵات لەنگەری گرتبوو، مانگی کەت و لەت بە حاڵ لە سووچی ئاسمان دیاری دەدا، سەدان ئەستێرەی گەورە و هەزاران هەزاری چکۆلە trووکە تروسکیان بوو، شنە بایێکی فێنک شەوگەری دەکرد، بە سەر ملە و باسکی کێوان شەمارەی دەکرد، لەنێو شیو خڕاندا، ڕادەوستا، چاوی دەگێڕا بە سەری قامکی پژ و پۆی بێکۆل و سپیدارانی دەهۆندەوە، خەوی لە چاوی دەتاراندن، سرتە و پسکەیان هەتا نێو ئەشکەوتەکەی دەهات، فەتاح کەتری لەسەر ئاورگی هەڵگرت و هێنایە پەنا خۆی داینا، ئاوری بەر دەرکەی ئەشکەوتی شەوبا بە پەنایدا ڕۆیبوو، گەشابۆوە، نیسێی لاوان لەسەر دیواری ئەشکەوت دەکێشراوە وەک بیر و هەزری ئالۆز، لێکدەهاڵان، خوار و چەوت دەبوون و هەمین لێک جوێ دەبوونەوە، دوو دوو سێ سێ پێکەوە قسەیان دەکرد، چەڵ چەڵ دەنگی قاقا و پێکەنینیان ڕەسەر دەنگەکانی دی دەکەوت، تەنیا خالید بێ جووڵە و دەنگ لە زارکی ئەشکەوت پاڵیدابۆوە و چاوی دە دیواری ئەشکەوتەکە بڕیبوو، مرۆڤ نەبوو، بەرد بوو سەدان ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو، سەخت و ویشک، دیوار بوو، نیسێی ئەسمەر و منداڵەکانی کەوتبۆوەسەری، لێک جیا دەبونەوە، خوشەی چا دەنێو قرۆشکان دا بۆ ماوەیەکی کورت هەموویانی بێدەنگ کرد، عەتری چا دە دەماریان گەرا، سولەیمان قرۆشکەی پڕی خالیدی لەبەر دەست دانا و دەستی هاویشتە سەر شانی، خالید ڕاچڵەکی.

«خالید گیان! بۆ قسان ناکەی؟ بۆ وا بێدەنگی؟ ئەتۆش قسێکی بکە.»

ئاو لە چاوی تزابوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا و زەردێکی هاتە سەر لێو.

«بمبوورن ئاگام له خۆم نەبوو.»

«براله بۆ وا دەباڵ خۆت دای؟ دەزانم چت چێشتۆه، بەڵام نابێ وا بکەی.»

«بەخۆم نێیه کاک سولەیمان.»

سولەیمان له پەنای دانیشت و چاوی ده شیوەکەی خوارێ بڕی، ساتێک پێکەوه دوان، نزم و نەوی دەنگیان هات، سولەیمان هەستا سەرپێ و هاتەوه سەر جێی هەوەڵێ دانیشت، دەستی به سمێڵی ڕەشی داهێنا، چاوی جووتێک ئەستێرەبوون کەوتبوونه حەرز، وڕەیان لێدەبۆوه، بەسەر تاک تاکیاندا گێڕای، هەستێان کرد دەیهەوێت قسێکی بکا، بێدەنگ بوون، تەنیا شنەی شەو لەنێو دۆڵەکەدا هەدای نەدەدا، سرتوخوڕتی هەر دەهات.

«کوڕینه دەمەوێ شتێکو پێ بڵێم.»

فەتاح کوتی: «فەرموو کاک سولەیمان گوێمان له تۆیه.»

«هەروەک دەزانن دەوڵەت ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ زۆرتر دەرەتانمان لێدەبڕێ، مەترسی ئەوەی هەیه له شوێنێکی دەگیر کەوێن و تێکڕا له ناو بچین و ئاورێکی که هەڵمان کردۆه زۆر زوو بکوژێتەوه، جا لەبەر خاتری ئەوەی به بڕوای من وا چاکتره له سبەینێ ڕا ببینه چەند پەل، هەر پەلەی بچێته مەڵبەندێکی، هەتا مەترسی لەنێوچوونی تێکڕایی نەمێنێتەوه، هەر وەها دەوڵەت زۆرتر سەری لێ پشێوێ و له تەوژمی کەمبێتەوه.»

خەمێکی گڕان به سەریاندا سەپا، بێدەنگی جارێکی دی ئەشکەوتی داگرت، چەکه چەکێک تیژ به بەر دەرکەدا تێپەری، خەمی لێک هەڵبرانێان، خەمی دووری یەکتر، سست و ماتی کردن، دەنگیان دەلەرزاوه، تەم و خەم له چاویان دەڕژا.

«برایان ئەمیش وەک ئەنگۆ له جوێ بوونەوەمان مات و کەسەرم، بەڵام پێم وایه ڕێیەکی دیکەمان بۆ نەماوەتەوه، ئێمه دەبێ بەسەر هەست و ویستی خۆماندا زاڵ بین.»

ماوەیەک دوایه هەر دوو نەفەرەی بۆ ناوچێکی دیاری کرابوون، فەتاح و عەولا ناوچەی محاڵ و بۆکان، مراد و خالید ناوچی پیران و لاجان، مستەفا و قادرخان بەری مەنگوران، سولەیمانیش بۆ دابین کردنی هێندێک کار و بار و کەرەسه بۆ ئەو دیو دەڕۆیی. هەتا درەنگانی دانیشتبوون و چاویان ده چاوی

یەک بڕیبوو، وێدەچوو بیانهەوێ وێنەی یەکتر بۆ هەتا هەتایە دەبیر و یادیان دا هەڵگرن، ڕوحیان دەچوو دەباڵ یەکەوە، دەبوونە یەک، بە نێو چـاوی یەکـدا دەهاتنە دەر، ببوونە یەک، چاردە ئەستێرەی گەش کلە کلیان بوو.

«شەو درەنگە کوڕینە بنوون.»

چەق و لووری گورگ و چەقەڵان واقە واقی ڕێوی و دەیان دەنگی دیکە شـەوی کوێستانیان بە سام کردبوو.

***

## (٤٣)

هەواڵی بارمتەبوونی حاجی محەممەد وەک بای سەر سەر دەڕۆیی.

«حەمەدداغا حاجی محەممەدی دەپەینی گرتۆت.»

«کێ کوتی؟»

«ئێستا وسوو قۆڕ لە جەڕانێ هاتۆتەوە، لە مزگەوتی باسی دەکرد.»

«ئەرێ ڕاستە دەڵێن حەمەدئاغا خزم و کەسی مرادی دە پەینی گرتۆە؟»

«وەڵڵاهی وا دەڵێن، زیاتر لە سەت ژاندەرم و پیاوی تفەنگداریشی لە دەوران دەوری ماڵی داناوە، باڵدار ناتوانێ بەسەریدا بڕوا.»

«ماندوو نەبی.»

«لە کوێ بووی؟»

«لە بادیناوێی مەنگوڕان، بۆ دەپرسی؟»

«چ باس بوو؟»

«وەڵڵاهی دەڵێن مراد دوێنێ شەو لە وێ بۆوە، سوێندی خواردوە بێتوو ئەو قسەیە ڕاست بێ خاکی حەمەدئاغای بە تووڕەکان بکێشێ.»

«کاک حەسەن بەکوێدا هاتێوە؟»

«بە جەڕانێ دا.»

«ئەرێ لەوێ چ باس بوو؟»

«وەڵڵاهی جا بڵێم چ باس بوو، دار و بەردی بۆتە ژاندەرم، ڕێ ڕێداری نێیە، لە دە جێیان زۆرتر پێشیان پێگرتم، وەڵڵاهی هەتا لەدێی وەدەرکەوتم نێوە عومر بووم.»

داوگەیان لە جیاتی حەمەدئاغا دادەناوە، مرادیان پێوە دەکرد.

«هەر بێتو بچێتە نێو دێی کاری تەواوە، شەش دەری لێدەگرن، وەک بێژینگی دایدەبێژن.»

«حەی! ئەۆە حەمەدئاغای پێدەڵێن، جا چۆن دێڵێ لە دەستی هەڵێ، منالێکی ئاوا خاو چوون دەرەقەتی دێ؟»

«کوڕە وەڵڵاهی هەر لە هەوڵێشەوە خۆی کەرکرد دەنا رەعیەت کەڵەوەکێشی بۆ لەگەڵ ئاغا و دەوڵەتی پێدەکرێ.»

ڕێی چوونی نێو دێ و ماڵە ئاغایان بۆ مراد دەکێشا.

«کوڕە جا خۆ مرادیش وا کاڵ نییە، بە خودای دەڵێن هیچ حەیوانە کێوێک لە شاخی لەگەڵی دەرناچێ.»

«جا بۆ شەڕی قەراغ بادیناوێت لەبیر چۆتەوە؟ چ عەشرێکی ساز کرد، هەتا چەند ڕۆژان هەر کەلاکیان گوێستەۆە، دەڵێن ئێستاش هەر لێی ماوە.»

«کوڕە ئەوە مرادە و دۆغری، ئەوەتا مارفە کەچەڵ پێرێ لە مەزرای خۆی تووشی بۆە، کوتویەتی ئەگەر تەواوی ژاندەرمی دنیاش لەخۆی وەخڕ کات هەر دەیکوژم.»

پێکەوەیان بە شەڕ دەدان، دەمێک حەمەئاغایان رەسەڕ دەخست و ماوەیەک مراد، ئێواران زووتر لەجاران لەبە ربەروچکەی مزگەوتان هەڵدەکوروشمان، چاویان لەبەر دوا تیرۆژی هەتاو چکۆڵە دەکردەوە و دەستیان دەکردە سەیوان و دەیانڕۆاندە دووری، ڕێبوارێکیان دیتبا و هەواڵێکیان زانیبا.

هەوارچی چیغ و تاوڵیان خڕ کردبۆوە، ماڵاتیان وەپێش خۆ دابوو و وڵاخیان جەڵەب کردبوو، قەتارێکی دوور و درێژ لە پێدەشت و بناری کێوەکان، لە کاتۆر و قەراجان ڕا بەرەو دەشتایی، ڕوو بە ئاران و دێیەکانی دەرێیدا بوون.

هۆبەی حاجی سالە بە تەنیا مابۆوە، پاییز پێی نابۆوە سەر سینگی کوێستان.

قەرانتووی دوو سوار وەدیار کەوت، حاجی سالە تێی ڕۆانین، ئەسپە کۆیتی ناسێوە، کێوێک بوو دەهاتە خۆار، یاڵ و پژی بە شنە دەشەکاوە، نەدەڕۆیی، ڕۆیشتن نەبوو، نسکینەی دەکرد، سوار و ئەسپ بە هەیبەت لە ملەی کێو بەرەو چادران تلیان دەخۆارد، تیرۆژی هەتاوی ئێوارە لە سینگی کوێتەی دابوو، دەریایەک بوو ڕەنگاوڕەنگ، دارماڵی پێل، زەرد، سوور، ڕەش تێکەڵ دەبوون، ئەو ئەسپە چ بوو؟ چ ڕەنگ بوو؟ کوێستانی لەند بوو سەخت و گەردەنکەش، سوار لە وی قایمتر، دوور و نیزێکی چادران ببوون، جڵەوی ئەسپیان

لێوەرگرتن، بریقە بریقی تفەنگ و خەنجەریان دە چاوان دەچەقی، سڵاو و چاکوخۆشیان کرد، حاجی بەرەوپیریان گەیشتبۆە پەنا ئەسپە، سوار دابەزین و ئاوقای حاجی هاتن.

«یاخوا بەخێر بێن، چاوم ڕوون بووە، کوڕەئەو ئەسپانە بگێڕە ئارەقەیان لێ سارد نەبێتەوە.»

شان بە شانی روو بە چادری میوانان وەرێ کەوتن، مێرم لە نێوان چادری بابی و میوانان ڕاوەستابوو، سەلێکی کەشکی تازە پێبوو بە تەمابوو لەسەر کۆینان داینێ، چاوی لەسەر هەڵنەدەگرتن، دەترسا گوێیان لە گرمەی دڵی بێ، گەرمایەکی خۆش بە دڵیدا گەڕا، بڵێسەی کێشا، هەتا کۆڵمەکانی هات، کردنی بە دوو پشکۆی سوور سوور.

«یاخوا بەخێرێن، پەک چەندەم ئارەزوو دەکردن.»

«خودا ئیمانت سلامەت کا حاجی ئاغا.»

«گەورەو کردینەوە، ئەوە بۆ ئێستا لێمان ناپرسن، براله خۆ وانابێ، هەر ڕۆیشتنوو هیچ باسوو نەبوو.»

مراد بزەییێکی هاتێ و کوتی:

«حاجی ئاغا ئێمە لە هەر کوێ بین هەر لە ژێر سایەی تۆداین.»

هەتا لە مێرم نزیکتر دەبوونەوە، دڵی توندتر لێی دەدا، دڵ کۆترێکی یەخسیر بوو بە تاسەی فڕین باڵی لێک کردبووە، دەهات خۆی لە پەنجەی شەرم ڕاپسکێنێ و لە شەقەی باڵ بدا و هەتا ئەوپەری ئاسمانی ئەوین تیژ بڕوا. دەستە دەستە کوڵلو، ورد و درشت، بە باڵی سەوز، شین، سوور لەبن پێیان هەڵدەفڕین، بۆ ساتێکی چاویان تێک هەڵقا، کەزی ڕەشی جەللە دا و بوو لە سەر رێی مراد داندرابوون، داو، داو لێک هالابوون، بۆ گرتنی مەلی چاو، ببوونە کەمەندی ڕەش و نەپس، بۆ گرتنی ئاسکی دڵ هاویژرابوو، حاجی سالە میوانی بردنە چادرێ، دەنگە دەنگی دوو پیاو کە خەریکی کوشتنەوەی بەرخێکی بوون بە نارێکی دەهات، جموجۆڵ وە هەوارچیان کەوتبوو، منال دەهاتنە بەر دەرکەی خێوەتەکە و بە سەیری چاویان لێدەکردن، دایک یا بابیان یا هەوارچێک تێدەخوڕاندن.

«کوڕە هەتیوە! ئەوە بۆ چوونە وێ؟ واوەرن بزانم.»

منداڵ بە پەلە پرووزی بۆ ئاخرین جار چاویان لێدەکردن و هەڵدەهاتنەوە قەراغێ، لە دەوری یەک دەهاڵان و دەستیان دەکرد بە گێڕانەوەی ئەو شتانەی دیبوویان، هێندێک لە چیغی لادرابوو و شاخی بەرامبەریان بەوێدا کەوتبۆە بەر چاو، سێبەری شاخان هەتا نیزیک چادران هاتبوو، دۆایین تیشکی ڕۆژ لە ڕەوەزەبەردی سەر بستۆی کێوی بەرامبەریان درابوو و بڵاو ببۆوە، زەردەگۆینی پڕژ و چکۆڵە و سەرکە تەشی لە حاست خۆیان کپ ببوون، چەل چەل بایێکی سەبر هەڵیدەکردە سەر پووش و قانگەلاشی داوێن شاخان، تێیان دادەسووڕا، بەستە و گورانی بنبزێوی تێ هەڵدەکرد، وە جووڵە چووڵ و سەمای دەخستن، دەستیان دەناو دەستی دەنا و لەگەڵی دەڕۆیشتن، لە شوێنێکی دیکە بەجێی دەهێشتن و دەگیرسانەوە. نان و چا خورابوو، باڵیان دابۆوە، سریوە سریوی مەشکە دڕە و قرەقڕی بۆق لە دوورەوە دەهات. سێ چوار پەڵە هەوری ئەستێڕ هێدێکا هێدیکا ڕێی وڵاتی نادیاریان گرتبۆە بەر، بۆ ماوەیەکی نیسێیان کەوتە سەر ڕەشماڵان، حاجی سالە سەری بەردابۆوە، چی نەدەکوت، مراد کوتی:

«حاجی چ بوو؟ خودای نەخواستە دەڵێی زۆر ساز نی.»

حاجی هەناسێکی هەڵکێشا و کوتی:

«وەڵلاهی شتێکم بیستۆە نازانم چۆنی بدرکێنم.»

ڕەنگی دەموچاوی مەیلەوزەرد ببوو و لێوی ویشک و بەبار دەینۆاند، قەراغ برۆی چەپی جێ برینێکی کۆنی لەسەر دیار بوو. مراد و خالید لە جێی خۆیان قووت بوونەوە.

«چ بۆە حاجی؟ پێمان بڵێ.»

بەر دەرگای خێوت دەمێک تاریک بوو، کڵپەی ئاوری دەرێیان لێ شاردراوە، زۆر زوو مێرم هاتە ژوور و دیسان چاوگەیان وەک خۆی لێهاتەوە، لەبن لێوی سڵاوی کرد و بە شەرمەوە ریزێکی چا بۆ گێڕان، حاجی شەفیع لەگەڵ مێرم چاوی دەگێرا.

«کچم بە دایکت بڵێ هێندیکیشمان شەوچرە بۆ بنێرێ.»

مێرم بێ ئەوەی سەر هەڵێنێ، ئیستکانی چای لەبەر دەست مراد دانا و کوتی:

«بە چاوان.»

عەتری میخەک، عەتری سینگ و بەرۆک، جووتە مەمکی چکۆڵەی ژێرکــراس کە دوو سەیرە بوون، دندووکی سووریان لە چیمەنی چاو دەدا، بۆ دەمێکی کورت مرادی بردە دونیای خۆشی ئەوین، ڕفاندی: «هێرۆ!»

خەم و کەسەرِ شاڵاویان هێناوە، دڵی سست بــوو، قوڕگیــان گــرت و قــامکی تیژیان لە جەرگی رۆکرد،کزە لە جەرگی هات.

حــاجی ســالە ســەری لــەدەرگــای خێــوەتی کــە مێــرم پێــدا چوبــوە دەر وەرسووڕاندەوە و کوتی:

«برالە ئەورِۆ جەڵەب کرێک خەڵکی خرِە بەردان لێرە بــوو، دەیکــوت گوایــە حەمەدئاغا حاجی محەممەدی بابتی لە تەویلەی ماڵە خۆیدا دەپــەینی گرتــۆت، مراد بەرچاوی تاریک بوو، لەپرِ ئاوریــان تێــدا هەڵایســا، ڕەنگیــان گــورِدرا، دووگۆمی قووڵی پێ نەدەربوون، خوێن رژابوە نێو دەموچاوی، یەک پارچە ئاور بوو، پولوو بــوو، سکڵــی بــێ وەشــارتی بــوون، ئاوریــان دە وڵاتی بــەردەدا، ئاورینگی رِک و قینیان لێدەبۆوە.

«بابم! کەنگێ؟ کێ دەیکوت؟ هەستە خالید هەستە با برِۆین.»

وەک هەڵۆ غیژی تفەنگێ بوو، لە چاو تروکانێک دا خۆی خرِ دا، خالیــدیش دەسبەجێ هەستا سەرپێ، حاجی سالە هاتە پەنایان، قۆڵی گرتن.

«کورِە کاک مراد ئەوە چ دەکەن؟ بە تەمای چن؟»

مراد نەیدەزانی چ دەکا، شێرێکی بریندار بوو، گورگی بیچــوو خــوراو بــوو، هەڵۆی پێکاو بە تیری نامەردان بوو.

«کورِە کاک مراد بەخاتری خوڵای دانیشــن، پەلــەی مەکــەن، ئــەوە دەهــۆێ حەمەدئاغایە، جا چوون ئەوەندەی نازانن؟ ئەنگۆ بە تەمان بە پێی خۆتــان خــۆ دە داوێ باوێن؟»

مراد کوتی: «ئەتۆ بۆ لە ئێوارێوە ئەوەت باس نەدەکرد؟ لەبەرچی؟ جا چــۆن ئەو ئەتکی ئاوامان پێ بکا و ئەمن لێرە دانیشم، خێرابە خالید.»

خالید ریزی ئاخری فیشەکدانی لە خوی بەست و کوتی:

«با برِۆین، ئەمن سازم.»

حاجی باسکی توندتر رِێک کوشین و بە دەنگێکی بەرزتر لەپێش کوتی:

«هەرسێک تەلاقم کەوێ ناهێڵم ئەوشۆ برِۆن.»

ئاوێک بوو بەسەر ئاوڕی ڕکیان، لە حاستە خۆیان بێ جووڵە مانەوە.

«ئەی بابم جا چۆن دێڵم ئەوشۆ بچن خۆتـان بەکوشـت دەن، دانیشـن، بـە شەوێکی حاجی محەممەد چی لێنایە، دەی دانیشنەوە، ئەنگو بە هەویان خۆت و خوڕایی خۆ بە دەستە وی دەن، بۆ نازانن دار و دیواری پڕ کردۆە لە ژاندەرم؟ جـا دانیشن دەی هەتا سبەینێ.»

چوونە سەرجێی هەوەڵیان هەڵکوروشمان، چەلێکی دیکە بەردەرکـەی چـادر گیرا، پیاوێکی کەڵەگەت و چاوبڕۆکاڵ، مەجوعمەیەک بە دەسـتەوە هاتـە ژوور سڵاوی کرد و مەجوعمەی لە نێوەڕاست ژوور دانا، پڕ بـوو لـە مێـوژ و گـوێز و هەنجیر.

حاجی سالە دوای ئەرخەیانبوون لە ڕۆینی پیاوەکە هێندێک بە قوونەخشکە لە مەجوعمەی هاتە پێش و کوتی:

«جا گریمان ئێستا ڕۆیشتباشن، بۆ بەیانی دەگەیشتنە جەڕانێ، بە خـودای وەک دوو کەوان ڕاویـان دەکـردن، برالـە ئـەنگۆ لەکنـەخۆ یـاخین و دەوڵـەت بەخوێنی سەروو تینویە، ئەوشۆ لێرە جۆان بیری لێ بکەنەوە، جا لـە پاشـان چوو پێچاکە ڕەچاوی گرن.»

هەتا کەڵەباب لە گوشە و کەناری هۆبە نەیان خوێند، هەزارویـەک خـەیاڵ نەیهێشت خەو وەچاویان کـەوێ، زەردە لـە دوونـدی شـاخی نـەباتی دابـوو، ڕێژنەی ڕووناکی لە بستوی شەمتینی دەکردە خوارێ، جریـوە جریـو و چڕپـەی دەیان سەیرە و بڵاکوتک، قاسپەی کەو و چریکەی قەناری، تـەلان و بەنـدەنیان وەجووڵە خست. ئەسپە کوێت لە پێشەوە وەک هەڵویەکی باڵیگرت، لە دوورەوە جووتێک چاوی ڕەش و گەش پێکابووی.

خەزام بە تلەتل داکشابۆە نێو دارسـتان و لێڕان، پەڵـە سـورگ لـە هـەموو شوێنێکی دەدیترا، پاییز پاشەکشەی بە هاوێن کردبوو، لێزمەی ڕەنگ بـوو بـە سەر زەوی داباریبوو، سوور، زەرد، سەوز و نارنجی لێکدرابوون، لـە دوورەوە دارەکان بە وێنەی سەدان کیـژ و و لاوی شـۆخوشـەنگ، خـنجومـنج دیلانیـان دەگێڕا، لە داوێنی شاخان هەزاران زەردەگوێنی و کیفار، چاڵوک و سەلکەتەشی وەستابوون.

چوار نـــاڵ هـــەتا دوور و نیزیکـــی جـــەڕان هـــاتبوون، تیلاوتیلـــی شـــاخان و بەچۆلبڕاندا ئەسپیان تاو دابوو؛ بێ وچان و ڕاوەســـتان. گـــورەی بادینـــاوێ لـــە پشت زاواکێوی ڕا دەهات، ئەسپە کوێت باڵی گرتبوو، وێدەچوو هەوســـاری لـــێ نەکێشابا هەتا ئەوسەری دونیا غاریدابا، بای سەڕســـەڕ بـــوو وەڕێ کـــەوتبوو، تاوێرە بەردی دووندی چیاکان بوو جاڵە ببوو، پەرکوری ئاسمانی ســـاماڵ بـــوو لوور ببۆوە، بادیناوێ بوو خۆڕم و بە تەوژم دەرێیە دابوو، مراد هەوساری لـــێ توند کرد، حیلەی کێوەکانی لەرزاندەوە، چلاغ پێـــی کـــرد و لـــە حانـــدی خـــۆی سووڕاوە، خالید کوتی:

«هەتا تاریکبوونێ لێرە دەمێنینەوە.»

چوستوچالاک دابەزین و هەوساری ئەسپان بە دەستەوە بەرەو قامیشەڵانێکی نێو شیوەکەی وەڕێ کەوتن، قامیش گیانیان هەبوو، زیندوو بوون، سەریان بـــۆ لای یەک خۆار دەکـــردەوە و دەدوان، لێکدەکشـــانەوە، خـــوار دەبـــوون و ڕاســـت دەبوونەوە، بای ئێوارێ دەتکوت دەست بەسەر پشتیاندا دێنێ، قامیش دەستەمۆ بۆی ڕاوەدەستان، ئەویش هەتا ئەوسەری دەڕۆیی و دەگەڕاوە، قڕە قڕی بۆقان، خشەخشی قامیشان، وشەی مار و خزۆکان، شلپەی لەسەرە خو و نزمی ڕقـــان، ئاوێتەی ناڵە ناڵی زریان ببوو، نیسێی کێوان کەوتبۆەسەر شیو و پێدەشـــتان، وڵات کش و مات دەچوو، تەمێکی گران ڕژابوو، کڵک هەڵتەکێنەیەک لەسەر چڵـــە پۆپەی چاڵوکێکی نیشت، دەمێک تێی چریکاند و کڵکی هەڵـــتەکاند، چاوەچـــاوی کرد، هەڵفڕی و تیژ بە وێنەی بەردێکی بە بەرەقانی هاویژڕابێ بەسەر سەریاندا تێپەڕی، ئەسپە کوێت گوێی لە مووچەوە برد و سەری هەڵێنا ڕەشکێنەی چـــاوە گەورەکانی بێ جووڵە مانەوە.

خالید مات و خەمگین پاڵی بـــەە کوتـــەرەی ئەســـتوور و ویشـــکی تاقـــە دارە قەزوانەکەوە دابوو کە هێندێک دوورتر لە قامیشـــەڵانەکە بەتـــەنێ ڕاوەســـتابوو. چاوی دەزلکاوە کە برِی کە تەواوی ڕوخی بە جلە و قەوزە ســـەوز هەڵـــگەڕابوو و بە نیسێی ئێوارەی ئاماڵ ڕەش دینواند. بۆق دەهاتنە ســـەر ئـــاو. چـــوار پـــەلیان لێکدەکردەوە و گـــووپ و ســـکیان هەڵدەمســـاند، دەیـــانفڕانـــد و ئەزنـــە بلقێـــان دەخواردەوە ژێر ئاوەکە مراد هاتە پەنای و دانیشت، دەستی لە سەرشانی دانا.

«خالید! زیپکه بەردێکی دەئاوەکە هاویشت، بۆقێک سەری خستەوە بن ئـاو، خیزاوی چکۆڵەی لێ ساز بوو، کـەمێک ڕۆیشـتن و دەنێـو قـەوزە و جلـەکاندا قەتیس مانەوە.

«بڵێم چی مراد، نە دەزانم شەوە نە دەزانم ڕۆژە بۆ ساتێکیش ناتوانم لـەبیر خۆمیان بەرمەوە، بە دایم و دەرهەم لەپێش چـاومن، لەگەڵـم دەدوێـن، بـانگم دەکەن، بۆڵام دێن، دێم دەباوەشیان گرم لێم دەکشێنەوە، دوور دەبنەوە.»

لە پڕمەی گریانی دا.

«ئەو موسیبەتە چ بوو تووشمان بوو؟»

مراد سـەری وەرسـووڕاندەوە سـەر زلکاوەکـەی، ڕەقەیـەک بـە ئـارامی و لەسەرەخۆ لە نێو قامیشاندا وەدیار کەت، لە قـەراغ ئاوەکـەی هێنـدێک تونـد رۆیی، سەبرێکی خۆی تێهاویشت و ون بوو.

«بۆ وامـان لـێ بەسـەر هـات؟ دادەنیشـم و هەڵدەسـتم؛ بـابم ، ئەسمـەر، منداڵەکانم وەبیر دێنەوە، بانگم دەکەن، دەستیان بۆ ڕادەدێـرم، دێم هاواریـان کەمێ، دەنگم نایەتە دەر.»

فرمێسـک لـە کـەناری چـاوی دەهاتـەخوار، سـەری بـەردابۆوە و دەنگـی دەلەرزاوە، قسەی جوان بۆ نەدەکرا.

«تەنیا ئارەزوویەکم هەیە و هەر بەو هێوایەش ماوم چەلێکی دیکە ئەسمـەری ببینمەوە، چاو دەچاوی برم، هیچی دی، چەلێکی دیکە قـامکی دەدەسـتم گـرم و لێی پرسم ئەسمەر! کوا منداڵەکانم؟ تەنیا جارێکی دیکە گوێم لـە دەنگـی بـێ و هیچی دی.»

ئاوڕی داوە، زۆر لە مێژبوو مراد بەجێی هێشتبوو چووبۆوە لای ئەسپەکوێتی ڕاوەستابوو ملی دەگەوەی باسکی گرتبوو.

تاریکی بەسەر وڵاتی داکشا، پەڵەهەوری ڕەش لە پشت چیاکان چـەپخونیان کردە سەر ئاسمان، بەهێز و قـەوەت یـەک لـە دوای یـەک دەهـاتن، دەبوونـە پالوبەنی یەکتر، دەبوونە دێـوی ڕەشـی چیرۆکـان، ڕەش ڕەش یـەکتریان لـە باوەش دەگرت بەخۆف و بە سام بەرەو مانگ، بەرەو خنکانـدنی کیژۆڵـەی بـێ تاوانی ئاسمان دەڕۆیشتن، هەزاران ئەستێرەیان کـوێر کـرد، مانگیـان دەنێـو

خۆیان گرت، له چوار لایانڕا دەوریاندا. ماوەیەکی کورت خۆی ڕاپسکاند، له دوایه له چاوان نەدیو کرا، ولات ئەموسته چاو بوو.

دەرگای تەویله کراوە، حاجی محەممەد زۆری حەولدا لەبەر ڕووناکی کەمی بەر دەرکەی، ئەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون بیانناسێتەوە. تەواوی لەشی سڕ و سست ببوو، سەری دێشا و زاری ویشک هەلاتبوو، دوو شەو و ڕۆژبوو هەتا ملی دەپەینی گیرابوو، پشووکێشانی بۆ چەتون ببوو، خینه خینی له سینگی دەهات، بۆی حەیان نەکرا کێن، لێی هاتنه پێش، له دەنگیان ڕا ئەحمەدەزله و دەروێش سەعیدی ناسیوە ئەوی دیکەشیان ژاندەرم بوو، ئەحمەدە زله و دەروێش سەعید به پێمەڕە خێرا خێرا پەینوپالەکەیان لادا، به ڕاکێش ڕاکێش هێنایانه دەر، شنەی شەو بەنێو پڕ و پۆوی گەلای داراندا ڕادەخوشی، گەیشته حاستی وی، کۆخێکی توند دایگرت، سینگی دەهات بپچڕێ، چاوه شینەکانی وەختابوو له کالانەی دەرپەڕن، ژاندەرمەیەک به قونداغی وەپێشه خوی دا، له پەرژینی پەڕاندیانەوە و بەنێو باغی دا بردیان، هیچ کوێی نەدەدی، لکوپۆپی داران وەسەر و چاوی دەکەوتن و دایان دەڕوشاند، به بێدەنگی به قەراغ و قەراغی کووچه تەنگ و تاریکەکانی دێی دا بەرەو پاسگایان برد، نەیزانی چۆن بوو دەریان هێنابۆوە، هەلبەت ئەوەش بەزمێکی دیکەیه بۆیان ساز کردۆە، ئەحمەدە زله و دەروێش سەعید لەنیزیک پاسگا ڕا گەڕانەوە، دەروێش سەعید وەک تارماییکی دوور و درێژ خۆی به مالێیاندا کرد، دەنگه دەنگ و جنێو و هەرای لەگەل ئامینه گۆج هەتا ئەحمەدە زله له کووچەکەیان لێ هالاوە هەر دەهات.

تاک و تووک ترووکەی چرایەکی دەهات، تەنیا له باشور و باکوری دێی ڕاشەبەقی چرای پاسگا و مالە حەمەدئاغا به وێنەی چاوی دووگورگان کسکه کسکێان بوو، له جێاتی ڕمبه، سمی بارگینان تەپەی لێدەهات، به لبادی سمیان داپێچابوون. گوڕەی بادیناوێ دەمبەدەم زیاتر دەبوو، ماوه ماوه بۆ ساتێکی کورت مانگ وەدەر دەکەوت و تریفەی دەڕژانده سەر ڕووبارەکه، دیسان ون دەبۆوە و تارێکی ولاتی دەئاخنێوە. قەراغ و قەراغی بادیناوێ دەڕۆیشتن، دوور و نیزیکی باغی مالەئاغا ببوون، تاپۆی داران ڕەش و تاریک دیار بوو، وشەی دەنێویان دا بێ نێوبڕ دەهات، مراد به دەنگێکی نزم کوتی:

«خالید دەڵێم ئەسپەکان لێرە بەجێ هێڵن، لێرەڕا بە پێیان بچین.»
خالید کوتی:
«ئێرە چاک نییە زۆر لێیان دوور دەبین، بیان بەینە پەنا کەندالی پشت دارە ئالبالۆکان.»
بە ئاسپایی هاتنە خوار و ئەسپێان بردە نێو کەندالەکە و بەستێاننەوە، زیاتر لە پنجاە گەزیان مابوو بگەنە پەرژینی باغی، بە ماتە مات دەچوونە پێش، هەر بەنێوان چەند هەنگاوان ڕادەوستان و گوێیان هەڵدەخست، تەنیا هاشەهاشی بادیناوێ و هوژەی با بوو دەهات.
هێندە بە منداڵی هاتبوونە دزی سێو و بلالوک و میوەی دی وەک بەری دەستێان دەیانناسی، دەیانزانی لە کۆی دەبێ بازدەن، لە کۆی کێهە داری لێیە، قرچە قرچی گەڵا و چێوی وێشکی کەوتوی سەر حەرز لەبن پێیان دەهات؛ خۆیان وێکدێنا و زۆر بە ئەسپایی لاقیان دادەنا، چی وایان نەمابوو بگەنە پەرژینی ئەو سەری باغی، لەوێش ڕا ئەگەر پەڕیبانەوە بیست گەزیان دەما بو تەویلەکە، تفەنگیان ئامادە ڕاگرتبوو، هەر بە حال خشپەیەک هاتبا لە سەر جێی خۆیان بێجووڵە هەڵدەتووتەکان و چاو وگوێیان تیژ دەکرد، مراد بە سرتە کوتی:
«خالید ئەتۆ هەر لێرە بمێنەوە، مەیە پێشتر.»
بۆخۆی سەبرێکی لە نەویترین بەشی پەرژینەکە کە دیتبوویەوە بازدیدا ئەوبەری و لەسەر جێی خۆی مات بۆوە، هیچ باس نەبوو، بیرێک بە مێشکی دا هات، زۆری پێ سەیر بوو، بۆ دەنگی چوارپێکانی ماڵە ئاغا نایە؟! چوون شەوانە دوو چوارپێیان لە باخی لە لای تەویلە و هۆلاندا بەرەڵا دەکرد؛ سواریان لە ئەسپی دێنا خوار، ئەوشۆ دەنگیان نەدەهات و دیار نەبوون، کار لە وەی گوزرابوو. بە کۆمە کۆم بۆ لای دەرگاکە چوو، دوو سێ هەنگاوی ئاخری تونـد هەڵگرت لە مابەینی دەرکە ڕەق بە دیوارەکەیەوە ڕاوەستا، سەبرێکی پاڵی بە دەرکەیەوەنا، جیرەیەکی لێهات، بۆنی توندی پەین و پاڵ هاتە بەر کەپۆی، بە دەنگێکی زۆر سەبر کوتی:
«بابە! بابە گیان لێرەی؟»
هێندێکی دیکە پاڵی بە دەرکەیەوە نا. شریخەی تفەنگێکی وڵاتی تاساند؛ وەک پڵینگێکی خۆی هاویشتە سەر حەرز، لاقی لە سەربنە ڕێسمەی دەرکەی تەویلە

مابۆوە، گولله کە وەبن سەری وەدیواری کەوتبوو، تەپوتۆز و پڕیشکی سۆاغەکەی چووبوو نێو چاوی، شەڕ دەستی پێکرد، مراد سەری لێ شێوابوو، نەیدەوێرا وڵامیان بداتەوە، ترسی کوژرانی بابی قامکی ڕەق هەڵاندبوو، تەویلە یەکجار تاریک بوو، گوللەی ڕەشکوژ وە دیواران دەکەوتن، لوولەی تفەنگی هەڵێنا و دەسەرەوەی گرت، خۆی دا پەنا ئاخۆڕەکە و مات بۆوە.

بڵێندایی بابی لە حەرزی قەرس کردبوو، لوولەی دە سەرەوە گرتبوو بە چەشنێکی بە هیچ جۆر وەبابی نەکەوێ، گرم و هۆڕی تفەنگان خەوی لە چاوی دێهاتێکان تاراند؛ خەواڵوو سەر لێ شێواو لە جێوبانیان دەر پەڕینە دەر، دنیا خرابوون بوو، گولله لە هەموو لایەکەوە بە سەر سەری خالید دا دەڕۆیشتن، خۆی بە حەرزیەوە نووساندبوو، نەیدەزانی لە کوێ ڕا پێوەی دەنێن، گولله وە پەنای دەکەوتن، ویزەیان دەهات، بە سەر سەریدا دەخوشین، قڕچە قڕچی شکان و دەرپەڕینی لکی داران دەهات، بێ ئەوەی بزانێت لە کوێ ڕا تەقەی لێدەکەن یان کەس ببینێ، هەر جارەی ڕووی تفەنگی دە لایەکی دەگرت و تەقەی لێدەکردن، هەور بە جارێکی بڕستیان لە مانگ بڕیبوو، مراد دەستی ڕاوەنەدەستا، نەعرەی ئەحمەدە زلە تەویلەی پڕ کرد، هاوار و گازەی مەڕ و ماڵاتی وەک ڕۆژی حەشری لێکردبوو.

خەڵکی جەڕانێ خەواڵو و کاس هەر یەکەی لە ماڵێکی دەهاتنە دەر، چاویان زەق زەق دەکرد هەتا ئەو تارمایانەی بە پڕ تاو بەرەو باغی ماڵە ئاغا دەڕۆیشتن بیان ناسنەوە، ژاندەرم بە پەلە پەل غاریان دەدا، خەڵک وردە وردە لە پەنا دیوار و دەرکان لێکهاڵان.

«ئەرێ مام خدر ئەوە چ باسە؟ دەروێش هۆی دەروێش ئەوە لە ماڵە ئاغای چ قەوماوە؟»

«ڕەسوول ئەوە ئەتۆی؟»

«ئائا بۆ خۆمم.»

«چ بۆە؟ ئەو شەڕەچیێ؟»

«پێم وایە مراد و خالید هاتونەوە.»

«مراد و خالید؟»!

«پێم وایە دەگیر کەوتون.»

«ئەمن دەمزانی دێنەوە.»

نێویان وەک تۆفێکی دەنێو دێی دا بڵاو بۆوە.

«مراد هاتۆتەوە، زۆر سەیرە جا چۆنیان وێراوە بێنەوە؟»!

زیرژنی ژاندەرمێکیش لە تەویلە هات و ئەوجار تەقە لەوی براوە، بەڵام لە دەرێ نەدەپساوە، توندتر ببوو، مراد لە سەر سک خوشیو بۆ لای سەرەوەی تەویلە چوو.

«بابە بابە گیان! لێرەی؟»

هیچ دەنگێک نەهات، مراد زانی لەوێ نییە، گورج هەستا سەرپێ و بە پرتاو خۆی گەیاندەوە بەر دەرگاکەی.

«خالید، خالید!»

هەرا هەرای ژاندەرم و پیاوی ئاغا لە نێو باغ و لە لای دێی ڕا هات.

«خالید جوابی داوە: «مراد ناتوانم لە جێی خۆم ببزووم.»

«ئەمن دایاندەگرم، خێرابە، بازدە وەرە ئێرە.»

دەستی بە تەقە کرد، ئەو جێیانەی پێی وابوو خۆیان حاشار داوە دایدەگرتن، خالید هەر چۆنێکی بوو بازدی دا و لەوبەری پەرژینەکە لەسەر سک خۆی خشاند، خۆی دەژووری هاویشت و لە پەنا دیوارەکەی ڕاوەستا، دەرکەیان خێرا داخست.

«زۆر پیس دەگیر کەوتوین، هیچ ڕێیەکمان نییە.»

خالید قاپخە فیشەکی لە تفەنگی دەر هاویشت و فیشەکی دیکەی وەبەرنا، دەنگی تەقەی نەختێک کەم بۆوە، لە جیاتی تەپە تەپی لاقی ژاندەرمان هات، لە سەربانیش تەپەیان، دەهات، مراد گورج هاتە بەرامبەر بە کۆلانچە ڕاوەستا، دەمێکی کورت مانگ خۆی ڕاپسکاندەوە بە کۆلانچەکەدا چاوی تێبرین، تەپەی لاقەکان لەو سەری بانەکە ڕا دەهات.

«خالید خێرا بە وەرە بچۆ سەر دەستم.»

دەستی بۆ کردە قۆلاپ، خالید دەستێکی بە کۆڵەکەی پەنا مراد گرت و لاقی هاویشتە سەر دەستی، زامنی نارنجوکی بە دەستەکەی دیکە گرتبوو، خێرا هاویشتیە سەربانێ و لەسەر دەستی مراد ڕا خۆی هاویشتە خوار، گرمەی

نارنجۆکی وڵاتی هەڵتەکاند، تەواوی دێ دەنگی داوە، گوێی تەواویان کپ و هەتا چەند چرکان وڵات بە یەکجاری بێدەنگ بوو. خالید دیسان هاتەوە سەر دەستی مراد و خۆی هەڵاویشت و قەراغی کۆلانچەکەی گرت و خۆی هەڵکێشا سەر، مرادیش لە خوارێ ڕا بە هانای هات، خالید وە سەربانی کەوتبوو، دەسبەجێ پشتێندەکەی لە قەدی کردەوە و بۆی ڕایەڵ کردە خوار، مراد لە هەموو قەدی خۆی هالاند و بە هۆی شان و پیلی خۆی و خالیدی ئەویش وەسەر کەوت. چەلێکی دیکە شریخ و هۆڕی تفەنگان ساز بۆوە، نەعرەی حەمەد ئاغا و سەروانە شێتەی لە نێو هەرا هەرای ژاندەرمان بە ڕاشکاوی دەبیسرا.

«مەهێڵن، مەهێڵن، لێیان دەن، هووەتان لەسەر بانین، نابێ هەڵێن، وەک دوو سەگان بیان تۆپێنن.»

کاڕە و بارەی ئاژەلی، حیلە حیلی وڵاخان، بۆڕە بۆڕی گا و گوێلکان وڵاتیان ئەوەندەی دی شپرزە کردبوو، بە کولانەی هۆڵەکەدا خۆیان ڕایەڵ کردەوە خوار، نارنجۆکێکیان هاویشتە بەر دەرگاکەی، لە بنەرێسمە ڕا دەریان پەڕاند، مەڕیان وەدەرنا، مەڕ لە حاندی دەرگا پنگیان دەخوارد، نە دەڕۆیشتن وەک ئاوی زلکاوێکی لە قەوزەی تاریکی دا قەتیس مانەوە، هۆ هۆیان لێکردن و بە زۆر وەپێشە خۆیان دان، ئەوجار هەر حەیوانەی بەرەو شوێنێکی هەڵات ژاندەرم سەریان لێ شێوا، لە هەر سووچەوە تارمایەک بۆ لایان دەهات، گوللەیان پێوەدەنان کاڕە و بارەیان بەرز دەبۆوە، مراد و خالید لە پەنا حەیوانەکاندا خۆیان گەیاندەنێو باغی، باغ و ماڵە ئاغای وا شپرزە و تێکەڵ پێکەڵ ببوو کەس نەیدەزانی ئەوە کێیە لە پەنایەتی، یان ئەوە چێیە لەولای دەڕۆیی. تەقەی تفەنگان هەر دەهات، مراد و خالید شەلاڵی ئارەقە و تۆز لە پەرژینی بازدیان دا ئەوبەری، خۆیان هاویشتە سەر ئەسپان، مراد باسکی بە لکوپۆپی داران بریندار بوو و خوێنی لێدەتکاوە، ئەسپە کوێت بۆنی خوێنی هاتە بەر لووتی، حیلاندی پڕ بە شەو، حیلەی هەتا چیاکان ڕۆیی، وێیان کەوت و گەڕاوە، بوو بە ڕەشەبا هەڵیکوتا سەر هەوران، لەجێی خۆی هەڵقەندن، لێکی هەڵوەشاندن، تاراندنی و هەر کوتەی بۆ شوێنێکی هەڵداشت، ئەو جار سوارەکەی هەڵگرت و تێکەڵ شەوی کرد.

***

## (٤٤)

کوێستان شلەژابوو، سەدان ژاندەرم و پیاوی ئاغایان بە شــاخانەوە بــوون، فەوج فەوج و دەستە دەستە دەهاتن، لە خانێ ڕا، لە سەردەشتێ ڕا، لە سابلاغێ و ورمێ، تەواوی ڕێگاوبانیان گرتبوو، دەوڵەت بە تەواوی هێزی هاتبۆ مەیدان، تەواوی پاسگا ئامادەباشیاندرابوویە، دەستەی چریکیان ساز کردبــوو، ســەدان دێهاتی لەگەڵیان کەوتبوون، ماڵ بە ماڵ دەگەڕان، لادێیەکان ورد و درشت، پــیر و جحێڵ کەوتبونە بەر پەلاماریان، سۆسەیان لە هەر شوێنێکی کردبا وەک موور و مەلخ تێدەوەروکان، تەواوی ناوچەکەیان قڕۆق کرد، ڕێی هاتوچۆی خەڵکیان دەگرت، شەو و ڕۆژیان نەدەزانی، لەبەری بەیانان ڕاکێوماڵــیان دەکــرد هــەتا شەکەت و هیلاک دەبوون و دەستەیەکی دیکە لە حێاتیان شەوگەریان دەکرد، لــە دەیان ڕێگا و ڕێچکە بۆسەیان بۆ دانابوون، لێیان دەخەفتان، قەڵــس و تــووڕە دەچوونە نێو دێیان، دێیان دەورە دەدا، ئامبازی خەڵک دەبوون.

«وەرە پێشێ هەی توڵە باب، ئەوە دوێنێ شەوێ لێرە بوون ها، لە ماڵە ئێوە نان و چایان خواردۆە، گورووبان، گورووبان، ئەو سەگبابەی وەبــەر شــەپان دەن، بیبەنە پاسگایە.»

نێوبــانگی مــراد و مســتەفا و هاواڵــەکانیان دەمــاودەم ڕۆیبــوو، ســنووری پەڕاندبوو، زاویتە بووبە تەوژم ڕِۆیبوو، چوار قورنەی کوردســتانی داگرتبــوو، ئەرتەش بۆ یاریدەی ژاندەرمان هاتبوو، ڕۆژ نەبوو فڕەفڕ و وڕەوڕی هێلیکــوپتر و تەیاران نەیە. ئاورێک بوون، دوکەلێک بوون، کەوتبونە هێلانــە زەرگــەتان، هارووژاندبوونی، لە تەواوی ناوچەی لاجان و پیران و دەشتی گەلــوانێ نێــوی مرادی کەتبۆ سەر زاران.

«کوڕە شتی سەیری لێدەگێڕنەوە.»

«دەڵــێین دە هــیچ دەرکەیەکــەوە ناچــێ، گوڵلــە نایبــڕێ، ئــەمنیش بیستومە، ئەسپێکی هەیە باڵدارە، هەڵدەفڕێ.»

ئەو خەیاڵانەی کە قەت بۆ هیچ کەس نایەتە دی و هەموو کەسیش دەیانکـا، دەوێـدا وەخـڕیان دەکـرد، شـتێکی سـەیریان لــێ سـاز دەکـرد، دێوێـک، جادووگەرێک، ساحیرێک، فریشتەیەک، پاڵەوانێکی نەمر، حەسرەتیان دەخۆارد بۆ چەلێکی لە پێش ئەو ڕووداوانەدا بە ڕێبواری یان بۆ کارێکی نەچوونە جەڕانێ ببینن، لەپێش چاویان بۆت نەیانزانیوە.

«ئەرێ عەلی ئەتۆ بۆخۆت دیوتە؟»

«وەڵلاهی ئەمن بۆخۆم نەمدیوە، بەڵام مامم دیویتی، چۆتە بــەرگن کـڕینێ، لە ئەوغنێ تووشی بۆە.»

دەیگێڕاوە دەیکـوت: «هــەر بــەرگنم لەئیسـترەکە نــابوو، لــە بـارەنگێوی ئاڵقاوکەوت، هەرچەندی کردم و کراندم هەڵنەستاوە، نریخەنریخی گـوێی کـەڕ کردم، کوتم خودایە ئەوە بۆ هەڵناستێتەوە، لەپڕ نیسێک هاتــە سـەرمان، بـە سەرێکی خۆم هەوەڵێ وەمزانی سێبەری هەورە، سەرم هەڵێنا، زمانم شکا، لاقـم لە گۆ چوون و نووشتانەوە، کوڕە چ ببینم! دێوێک لەسەر سەرم ڕاوەسـتابوو، هەتاچاو هانا دەکا بڵیند بوو، خودایە ئـەوە چیــە؟ دێـوە، درنجــە، سـاحەبی ئاوە، ورچە، بەرازە، دەستی دەبەر سکی ئێسترەی ناو بە بارەوە هەڵــی هێنــا و بۆی هێنامە سەر ڕێیەکەی، بە خوڵای بیستوومە دەڵێن ودمێکی پێیە، هەرکــەس نەزەری خراپی بۆی هەبێ و چاوی دەچاوی کەوێ لەجێی خـۆی ویشـک دەبـێ، دەڵێن ئەوێ جارێش کە حمەدئاغا داوی بۆ دانابۆوە، یەکسەر چووبوو بابی لــە تەویلە دەرهێنابووە و بەڕێی خۆی دا ڕۆیبوو، یــەک ژانــدەرمیش نــەیتوانیبوو تەقەی لێ بکا، جا پــاش ئــەوەی ڕۆیبــوو، وەک خۆیــان لێهــاتبۆوە، دەڵــێن سوێندی خواردوە جووقەواری لە ژاندەرمان ببڕێ.»

ئاغا دەستە دەستە لێک کۆ دەبوونەوە، هەریەکەی چەند پیاوی چەکداریان لە دەوران دەوری دەڕۆیی، لە تۆقی سەریان هەتا بەری پێیان چەک و فیشەک بـوو لە خۆیان هالاندبوو، لە دەوری ماڵیان و سەربانیان شــەو و ڕۆژ کێشـکچێـان

دانابوو، خەڵک وڕەیان کەوتبۆ بەر، نێوی مراد بەس بوو هەتا ژاندەرم زەندەقیان بچێ.

بارودۆخی دێهات و کوێستانان ئاوا بوو بەڵام لە سابلاغێ، لە ماڵێکی چکۆلە لە گەڕەکی باغی سیسە عەزیز و وەهاب پێکەوە لە تاریکایی سەر لە ئێوارە دانیشتبوون، عەزیزکورتە باڵا و پتەو، چاویلکەیەکی دەسک قاوەیی لەسەر کەپۆی گیرسابووە، ڕووی دە وەهاب کرد و کوتی:

«وەهاب چی بکەین؟ دەڵی چی؟»

وەهاب سەری بەردابۆوە، چاوی دەنەخشی مافورەی بڕیبوو.

«عەزیز گیان! چەلێ چمان پێناکرێ، دەست بەسەر کراوین، لە بەیانی ڕا یەکێک بە دوامەوە بوو، ئێستاش ئەگەر هاتمە ئێرە هەتا سەری کووچەی هەر بە دوامدا هات، لەوێ ڕا ئیدی نەهات، پێم وایە هەر لەوێ ڕاوەستابێ.»

عەزیز بە قامکی گەورە و شادەی دەستی چەپی عەینەکەکەی هێندێک هەڵکشاندەوە سەر و کوتی:

«کاغەز و نامەکانت سووتاندن؟»

«ئادی، هەر دوێنێ شەو ئەگەر پێت کوتم سووتاندمن.»

عەزیز هەستا سەرپێ و هاتە قەراغ پەنجەرە، بە حال پەردەی لادا و بە سیلەکەی دا چاوی دە کووچە بڕی؛ تاریکی بە وێنەی ڕێگرێکی لە نیوەی کووچە ڕا پێشی پێگرت و نەیهێشت زۆرتر بڕوا.

«جا چاکە خۆنابێ هەر ئاواش ڕاوەستین، ئێستا چاوەڕێمانن.»

پەڕە سێلکە تیژ بەسەر ئاسمانی شاردا هەڵدەفرین، دەمێک سپیایی بەر سینگیان لە تارمایی ئێوارەی درەنگدا وەدیار دەخست، جریوەیان لە هەموو لایەکی ڕا دەهات، هەرا هەرای مناڵە وڕتکان کووچەی لەسەر سەری خۆی دانابوو، بۆنی خۆڵی ئاوپڕژێن کراو، بۆنی گوڵان، بۆنی کوولەکەی سوور کراوە، بۆنی ڕۆن و پیوازی سوور بۆوە بە پەنجەرە دا خۆی دە ژوورێ داویشت، پەڵە هەورێکی ئەستوور و ڕەش لە ئاسمان دیار بوو، دەهات سەبر سەبر لێک هەڵوەشێ و بە پانایی ئاسمانی دا بڵاو بێتەوە.

پەردەی داداوە، دوو سێ جار لەو سەر ئەو سەری ژووری هاتوچوو، دەستی لەسەر سمێڵی دانابوو، تاڵتاڵ دەیکێشان و بیری دەکردەوە.

«عیلاجمان نێیه، دەبێ یەک دوو ڕۆژی دیکە ڕاوەستین، وا دیارە لە ژێر چاوەدێری ساواک داین.»

وەهاب قەمسەری لەبەر خۆ داکەند و لە پەنا خۆی دانا و کوتی:

«ئەدی ئەو شتانەیان چۆن بۆ بەرین؟ ئێستا هەڵبەت زۆریان پێویستە.»

عەزیز هاتە بەرامبەری دانیشتنەوە، چاوی لە پشت شووشەی چاویلکەدا هێندەی دی چکۆڵە کردنەوە، وە کەسێکی دەچوو جادوی لێ کرابێ، بێ جووڵە و تەکان مابۆوە، دیار بوو هەزرێک خۆی بە مێشکی داکردبوو، لە نەکاو برۆی لێک دوور خستنەوە، چین‌وچروکی نێوچاوانی پابوونەوە، چاوی زەق کرد و کوتی:

«بیرێکم کردۆتەوە، ئەگەر بیگرێ زۆر چاک دەبێ، هەم ئێمە سۆسەمان لێ ناکەن هەم ئەو شتانە بە دەستیان دەگا.»

وەهاب خۆی قیت کردەوە و کوتی:

«چۆن؟ چی بکەین؟»

«دەڵێم بە نەسرینیدا ئەو شتانەیان بۆ بنێرین، کەس سۆسەی ئەو ناکا و لێی بەشک نابن.»

وەهاب کوتی: «پێم وانێە بتوانێ.»

هەراهەرا و زیقە زیقی منالان لە دەرێ بەردەوام دەهات.

«ڕێیکی دیمان نییە، وەک ڕۆژی ڕووناک دەزانم ئاگایان لە هات‌وچۆی ئێمە هەیە، هەر بێت‌وبمان هەوێ بڕۆین دەسبەجێ دەمانگرن.

جا زۆر باشە، هاتوو قەبوڵیشی کرد، لە کوێیان دەبینێتەوە؟»

«دەی باشە، کچێکی جۆان و جحێڵ چۆن بەتەنێ بەو هەمۆ پووڵ و شتانەوە بینێرینە ئەو دێ و دێهاتەی؟»

«دەگەڵ دایکم و پوورم دەینێرین، ئەوان سەبارەت بە سمایلی هەموو کارێکی دەکەن.»

تارماێیکی گران بەسەر دیوەکەدا کشابوو، زەنا زەنای منالان لە کەمبێ دابوو، جار جار تەپە تەپی ڕۆیشتنی دوو یا چەند کەسان لە پشت پەنجەرەکە ڕا دەهات، ڕاوەدەستان، پێکەوە قسەیان دەکرد و دەڕۆیشتن، لەسەر ڕا دەنگی لاقی دیکە دەهاتەوە.

«ماندوو نەبی وەستا حەسەن.»
«سلامەت بی ئیشالّلا! فەرموو دەخزمەت دابین.»
«خودا ئاوەدانی کات!»
«تاهیر هەتیوە بەسەر وەرەوە مالێ، ئەوە بۆ نایەوە؟ ئەدی مووحسین لە کوێیە؟ برۆ بانگی کە با بێتەوە.»
«سەلاموعەلیکم.»
«عەلێکەسەلام، باجە ئامین چۆنی؟»
«ڕاوەستاو بی کورم.»
«ئەوە بۆ کوێ بەو شەوەی؟»
«وەلّلا ئەوە دەچمە مالّە حەلّیمی خوشکم.»
مندالّەکان لە دۆایین ڕووناکی کەمهێزی سەری شەوێش نەدەگوزەران، پڕ بە کووچە و کۆلّانان غاریان دەدا، «قالّە مالە زەنبەر زوو.»
وەهاب هەستا سەرپێ و لە تاریکایی دیوەکەدا سەبر سەبر بەرەو پەنجەرەکە چوو، بە حاستەم قولینچکی پەردەکەی هەلّداوە و چاوی دەکۆلّان بڕی، چاوی تیژ کرد، هەتا ئەو جێیەی بۆی گونجابا، چاوی لە ئەو سەری کووچەش دەکرد، یەک دوو تارمایی دەهاتوچۆ دابوون، ترووکە تررووکی چرای مالّی بەرامبەریان لە پشت پەردەوە خۆی بە چاوی دادا، سریوە سریوی سریلە و واژە واژی بۆقان کە لە لای چۆمێوە دەهات جێی هەرا هەرا و قیژە قیژی منالآنیان گرتبۆوە.
«وەهاب کەس دیارە؟»
«نازانم ولآت زۆر تاریکە، پێم وانێیە کەسی لێبێت.»
عەزیزیش هەستا سەر پێ و لە پەنا وی چاوی دە کووچە بڕی، قولینچکی پەردەیان داداوە، هاتنە نێوەڕاست ژوورەکەی ڕاوەستان.»
«وەهاب جا ئەگەر وایە ئەمن ئەوە دەچمە مالّە پوورم، ئەتۆش هەر قەراغ و قەراغی چۆم بچوو مالّەکاک ڕەشیدی شتەکان ساز کە، دوایە هەرتکمان دێینەوە ئێرە، بەلآم وریا بە.»
بە ئاسپایی دەرکەیان کردەوە و پیان نا کۆلآنەکە.
هەورە ڕەشەکان لە ئاسمانێ پان ببوونەوە، زاو و زوویان کردبوو، زۆر ببوون. وەهاب بۆلای مێشەی قەراغ چۆم و عەزیزیش ڕاست بە کۆلآنەکە دا ڕۆیی،

بێ ئەوەی دەرفەتیان بدەنێ هەرتکیان گرتن، هەر لـە سـەری کۆلانەکـە چـوار پیاوی زەبەلاح و تەژە لە عەزیزی وەدەر کەوتن.

«هەر بجوولێیەوە دەکوژرێی، دەستت بە پشتە سەرت بگرە و بچـۆ لای ئـەو دیوارە، زووکە، دەێ، یالّلا.»

یەک دوو شەپیان لە لینگولەتەری دابوو، لـە پشـتەوە ڕا هـەموو گیانیـان گەڕابوو، وەریان سووڕاندبۆوە، بە پالّە پەستۆ دە ماشێنێکی کە لە کووچەیێکی دیکە ڕایگرتبوو، هاویشتیان، هاڕە هـاڕی ماشـێنەکە دەنێـو کۆلانـە تەسـک و باریکەکە دا بەرز بۆوە، لەجێی خۆی هەلّقەندرا و بەرەو شوێنێکی نادیار ڕۆیی.

وەهاب هـەر خشـپە هـاتبوو ڕاوەسـتابوو، ئـاوڕی لـە ئەوبـەر ئەوبـەر و پشتەسەری خۆی دابۆوە، گۆرە و هاژەی چۆمی سابلاغ لەگەلّ قرەی سەدان بۆق لێک درابوو، خشە خشی خەزەلّوەر و چێوی ویشک و ڕووتەکان لە ژێـر لاقـی، دەیان سلّەماندەوە، گەیشبوو حاندی چڕ و پڕی مێشەکە، لکوپۆپی داران لێـک نیزیک ببوونەوە، تاریکیان لە خۆیاندا قـەتیس کردبـوو، ڕەش و بـەش چـاو چاوی نەدەدی، دەستی لە پێش دەموچاوی ڕاگرتبوو، سەبر سەبر دەچوو پێش، هەستی بە شتێکی سارد لەسەر ئەستۆی کرد، تاپۆی چەند کەسـان لێـی هاتنـە پێشی و دەورەیان گرت.

«هەر چرکەت بێ کوژراوی، دەسبەجێ کەلەبچەیان لەدەسـت کـرد و بـە دوو کەسان بن پیلیان گـرت و لـە مێشـەکەیان هێنـا دەر، ماشـێنێکی ڕەش چـرای کووژابوونـەوە، ڕاگیرابـوو، دەرکـەیان خێـرا کـردەوە و پالّـیان پێوەنـا و دەپشتەوەیان هاویشت. دوو کەس یەک لەو لای و یەک لەو لای دانیشتن، ماشێن چرای هەلّکرد و هاڕەی لێ بەرز بۆوە، چرای شەقامەکان زەرد و خەفە هـەزاران هێلّ و تیشکی کز و باریکیان لێ ڕایەلّ ببوو، لێک جـوێ دەبوونـەوە، دەبوونـە هـەزار تیشـک، دیسـان دەبوونـەوە یـەک، بـاڕێزە دانـە دانـە وەشووشـەی پەنجەرەکان دەکەوتن و لە سەری پـان دەبوونـەوە، تـاک و تـووک مرۆڤـێک یەخەی کۆت یا قەمسەرەکەی هەلّدابۆوە، خۆیان گرمۆلّە کردبوو و توند و تیـژ دەڕۆیشتن.

***

## (٤٥)

پاییز بە یەکجاری وڵاتی داگیر کردبوو، زاوێتە و بای بە تەوژم بە گفە گـف و گژە گژ دەهات و دەچوو، جەستەی کز و لاوازی درو داڵانی دەلەرزاندەوە، خەزەڵ و گەڵای سوور و زەرد هەڵگەڕاوی دارانی ڕەپێچەک دەدا، لە باوەشــی داێکیـانی دەرفاند و خولـی پێدەدان، دەیسووڕاندن، هەڵیدەگرتن، لە ژێر پێی خۆی فـڕێی دەدان و لەشی گڕان و قورسی خۆی بەسەردا دەکێشـان، قرچـە قرچــی شـکانی پشتێان دەهات، بەسەر تــەرمی هــەزارانیان دا تێدەپــەڕی، کوێســتان ڕەنگامــە ببوو، ڕەنگی زەرد لە هەموو شوێنێکی زاڵ بوو، ڕێوی‌کان کلکیان ئەســتوورتر و لەشێان زەلامتر لە جاران ڕاوەدەســتان و چـاوی گەشـیان زیـت زیـت دە وڵاتی دەبڕی، لمبۆزیان لە زەوی دەخشاند، نووکی کەپۆیان هەڵدەقرچاند، ســەریان هەڵدێناوە، توند و تیژ بە شوێن یەکدا هەڵــدەهاتن، کلکیــان هەڵدەســووڕاند و بەسەر گابەرد و تاتە بەردان دا بازیان دەدا، بە پێهەڵــی چیاکــان هەڵــدەگەڕان و سەر لەنوێ سەر بەرەوژێر دەهاتنەوە خۆار، سوورە کەروێشکان بە ماتە مات لە کولانەیان دەهاتە دەر و دەموکــەپۆیان دەجوڵانــدەوە، دەهاتنــە ســەر پاشـۆان هەڵدەتووتەکان، گوێیان قوڵاغ دەکـرد، ڕەشـکێنەی چاویـان دەسـووڕاند، لــە پاشان وەک بای سەڕ سەڕ خۆیان لە نێو ڕەوەزە بەرد و تیشە شاخان لە چاوان ون دەکرد، حەیوانە کێویَ شــەڕە شـاخێان دەکـرد، لێکدەکشـانەوە، ســەریان دادەنواند، ئامبازی یەک دەبوون، شاخیان لێک گیر دەکرد و یەکتریان پاڵ پێوە دەنا، هەمیسان چەلێکی دیکە هێرشیان دەبردە سەر یــەکتر، ئــەوجار بــە دوای یەکدا بە سەر گڕە بەردەندا گومەتیان دەکرد، خەرتەڵ و سیســارکە کەچەڵــەکان باڵیان دەکردەوە، حەوت هەشتێک پێکەوە، لەنگەریان دەگـرت، لــە ئاسمــانی

کوێستان دەسووڕان، دەیان جەغزەیان دەکێشا، بێوچان و حەسانەوە لە ئاسمانێ دەمانەوە، مار سڕ و سست لەبەر هەتاوی کز لە سەر تلیشە بەردێکی یان لکی دارێکی پاپۆکەیان دەخوارد، چاویان سیس و مات، بێ جووڵە و بزووتن مولەق دەماوە، مارمێلکە و سەرمازەڵە بە هەشتاو لە پەنا دڕویەکی یان گاشە بەردێکی دەردەپەڕین، بە پەلە پەل خۆیان لە شوێنێکی دیکە ڕاکردە، جاڵجاڵۆکە بێ حەوسەلە و قەڵس لە سووچێکی‌دا وگەیان مات دەبوون، چاوەنۆاری نیچیری دەمانەوە، هەرگێزەی باڵی مێشێکی یان جووڵەوەرێکی لەسەر داویان هاتبا، قەڵس و تووڕە و توند و تیژ غاریان دەدا سەری، بە پەلە بە دەوریدا دەسووڕان و گورج و گوڵ دەست و پێیان دەبەستەوە، مێرو بێ ماندووبوون و وەستان لە دوو لایان ڕا ڕیچکەیان دەبەست، هەرکامە دەنکێک دانەویلەیان لەشی جووڵەوەرێک، دەنا پەڕە کایەکیان بە دمەوە دەگرت و بە مڕخیش مڕخیش دەیانکێشا، دەگەیشتنە حاست یەکتر، ڕاوەدەستان، سرتێکیان دەکرد و ڕێیان دەدا بە یەکتر و لێک تێدەپەرین، گەلبازەی قاز و قورینگان شەوی کوێستانیان دەڕازاندەوە، دەستە دەستە، قەتار قەتار، کاروان کاروان، بەرەو گەرمێنی دەرێدابوون، هەتا چاو هەنای دەکرد بڵیند و بەرز دەفرین، بە پەنای ئەستێران دا ڕادەخوشین.

چەند دەستە ڕێگر و قاچاغچی دەکەمینی ژاندەرمان کەوتبوون، شریخ و هۆڕی تفەنگان هەتا نیزیک بەیانان هاتبوو، لە هەرتک لا کوژرابوون، چەلێکیش سەلیم گورگە و عەلی و هاوڕێکانیان کە باری حاجی بایزیان پێبوو دەکەمین کەوتبوون، لەبەر ماڵی کانی باغی لێک دامەزرابوون، شریخە شریخ و نەڕەنەڕ و حیلە حیلی ئیستر و ئەسپان گوێی شەوی کپ کردبوو.

عەلی و هاوڕێکانی بریندارێکیان دابوو، ژاندەرمانیش یەکیان لێکوژرابوو، پاشان بێ ئەوەی یەکتر ببینن، هەرتک پاشەکشەیان کردبوو.

جەڕان چەلێکی دیکە قەرەباڵغ ببوو، دەیان ژاندەرم و چریک و پیاوی ئاغایان لە بەینی پاسگا و ماڵە ئاغا دەهاتوچۆ دابوون، ئاغا ڕێزاوڕێز لە دیوەخانێ دانیشتبوون،ترووسکە ترووسکی چەک و بریقەبریقی خەنجەریان چاوی مرۆڤی دەوەستاند.

حەمەدئاغا دوو ڕۆژ بوو خەریکی ڕێکوپێککردن و سازکردنی دەستەیەکی گەورە لە ئاغا و پیاوەکانیان بوو، لە نووکی بەیانیێـەوە هـەتا بـانگی شـێوان کاردار دە هاتوچۆ دابوون، هەموو ڕۆژ چەنـد سـەریان حـەیوان دەکوشـتەوە، تەواوی ئەو ئەفسەر و کاربەدەستانەی کـە لـە شـاران بـۆ گـرتنی مـرادو وان هاتبوونە جەڕانێ لە ماڵە ئاغای بوون. بەزمی قومار و ئـارەق خواردنـەوە دەو دوو شەوەدا دامەزرابوو، لادێیەکان زاتیان نەبوو بە لای ماڵە حاجی محەممـەددا بچن و خۆیان لێدەپاراستن.

کوێخا ڕەسووڵ دوو ڕێزی فیشەک لە خۆی هاڵاندبوو، بڕنوویەکی سەرتۆپی قوڵەی لە شان کردبوو، خەنجەرێکی مشتۆ ڕەشی دەبەر پشتێندی نابوو، شەوانە هیلاک و ماندوو دەهاتەوە ماڵ، سێ چوار باوێشکی دێنـا و لێـی وەر دەکـەوت، پڕخووهۆڕی ڕۆژەرێیک دەڕۆیی و خەیاڵاتی خەزاڵی هەڵدەقرتاند.

بەیانێکی سارد و سڕ، مژێکی تەنک لە زینوی قەندیل هاڵابوو، کەڵەبابان لە چوار لای جەڕان بانگیان دەدا، دەیان سوار، ساز و تەیار لە حەوشەی ماڵەئاغا وەدەر کەوتن، خڕموهۆڕی ئەسپێان لادێیەکانی لە غورابی خـەو ڕاپەڕانـد، بـە پەلە هاتنە بەر دەرگای ماڵ و سەربانان، چاویان تێبڕین، بۆیان نـەژماردران، یەک بە دوای یەکدا ڕکێفوت بەرەو کوێستانی میرگە چەکۆ لینگیان بە ئەسپاندا.

***

## (٤٦)

شەو و ڕۆژێک لە ئەشکەوتێکی چاوەنۆاڕ مانەوە، هەر بە نێوان ماوەیەکی یکێان هەڵدەستا سەرپێ و دوربینی دەهێنا پێش چاو و هەتا چاو هەتەری کردبا تەلان و شیو و خڕانی دەڕوانی، کەس دیار نەبوو، دەوەن و چالوک لە دوورەوە وە مرۆڤان دەچوون خۆیان مات دابێ.

بەیانی زوو پێش ئەوەی تاو بکەوێ، خۆیان خڕدا، زەنگاڵیان هەڵبەستوو بە پێ و چالاک بە بزنە ڕێیاندا، بە چۆلبڕ و قەدبڕاندا هەرێمی دێیان تێپەڕ کرد، دەرەنگانێکی گەیشتنە سەر زاوا بووکان، چرای ماڵان هەڵکرابوون. سەبر سەبر داگەڕانە خوار، هەتا لە شاری نیزیکتر دەبوونەوە کوتە کوتی دڵیان زیاتر دەبوو، هەستێکی خۆش جەستەی داگرتبوون، هەودایەکی پێوار و نادیار دەیکێشان، دوای ماوەیەکی زۆر، ونبوییێکێان دیتبۆوە، بیرەوەری، خەیاڵاتیان، لەبەر شەبەقی چرای ماڵان دیتبوو، سمایل تفەنگی لەسەر شانی هەڵتەکاند و کوتی:

«کوڕینە دەڵێم هەرسێکمان نەچینەوە شاری، یەکمان هەر لە قەراغ شار بمێنێتەوە، تفەنگەکانی پێ بێ، بەشقەم ئەوانی دی دەگیر کەون با یەکمان خەبەرەکەی بۆ ئەوانی دی بەرێ.»

فەتاح کوتی:

«زۆر باشە ئەمن لە قەراغ یەرغووی چاوەڕێو دەبم، زۆرو پێنەچێ، دەبێ شەوەکی لە شار وەدەرکەوینەوە.»

تفەنگیان دابە فەتاح و دوو بە دوو بەرەو کۆڵانە تاریکەکان وەڕێ کەوتن.

ژیان لەو کۆڵانانە، لە چوار لای کوردستان بە دایم ئاویلکەیەتی، برسێتی، هەژاری، ڕووتی و نەداری، بناغەی سستی زۆربەی خانووی کوردانە، خانۆەکان چکۆڵە و نابوتە کە پاڵیان وە پاڵی یەک داوە، پەنجەرە چاویان بە خێسە و مۆڕەدەرۆانە یەکتر، شەوانە لە هەوری چڵکن و ڕەشی زۆرداران ڕێژنە خلێلە و بێباوەڕی بە سەریاندا دەباری، پووش و هەڵاشی نەزانی باشاری ناکا، تنۆک تنۆک دایدەداتە سەر زەینی منالان، دەیان تلیسێنێتەوە.

«عەولا دەڵێم نەچینەماڵەخۆمان لەوانەیە دەژێر چاوەدێری ساواک دابن.»

عەولا ئاوڕێکی لە پشتەوە داوە، تاریکی حەزیایەکی ڕەش بوو، خانووکانی ئەو سەری کووچەی هەڵلووشیبوو، زاری داپچریبوو لێیان دەهاتە پێش.

«ئەدی دەڵێی بچینە کۆی؟»

سمایل بۆ وڵامەکەی هەرچەند کە هەر تەنیا بۆخۆی ئاگای لە سووڕی دڵی بوو، دیسان بڕێک دڕدونگ ماوە.

«دەڵێم بچینە ماڵە پوورم.»

عەولا کوتی:

«زۆر باشە، چۆنت پێچاکە وا دەکەین.»

ئەوشۆ ئاسمان ساماڵ ساماڵ و دارماڵ دارماڵ لە ئەستێرانە، چەمێکی بێ بن و کەنارە، کەران تا کەران کێشراوە، ڕون ڕون تەخت و بندێنی دەبیندرێ.

عەتری یاس لەسەری کۆلان ڕا دێ، سمایل پڕ بە سینگی هەڵیدەمژی، عەتری گوڵی نێیە خۆی بە سینگی داکردۆە، عەتری ئەوینە، خۆی بە باوەشی داداوە. سێ چوار جاریان لە دەرکەی داوە، چاوەنوارِ ماونەوە.

«کێیە؟ کێیە؟»

«بیکەوە پووری.»

پووری حەپەساوە، واق وڕ ماوە، باوەڕ ناکا، خێرا خۆیان دە حەسار هاویشت و دەرکەیان داخستەوە، ئاوقای بوو، دەباوەشی گرت.«سمایل گیان! ئەوە ئەتۆی چوون هاتوویەوە؟»!

فرمێسک لاتیرەی سەری بەهارین دادەبارێن.

«دایە، دایە گیان! کێیە؟»

دەنگی گەرمی نەسرین چاوی سمایلی بۆ لای پەنجەرە کێشاوە، شلک و ناسک، مووی سەری پەخشان و زەرد ڕژاونە سەرشانی، ئاگای لە خوی نەماوە، لە پلیکانان هاتە خوار. «سەلام کاک سمایل!»

دەنگی دەلەرزێتەوە.«سەلام نەسرین.»

هەموو شتێکیان بە چاو پێک کوت.

چەلی وایە زمان دەوەستێت، قفڵ دەکرێ، ناگەڕێت، وشە لەسەری وێشک هەڵدێ، چاو بە هانای دێ، سیحر و جادوویە دەکا، هەزاران بەستە و گۆرانی، سەدان شێعر و هەڵبەست، دەیان سرپە و پسکەی بە بێدەنگی داوێتە گوێی دڵ.

«کوڕم بۆ لێرە ڕاوەستاون، وەرن بڕۆنە ژوور، دەی زووکەن دەرێ ساردە.»

یار بە تیلەی چاو یەکتریان دەئەنگاوت تا دەرفەتێک، هەڵێکی کورت هەڵکەوێت.

چاو لێک دەئاڵقێن، دە یەکتردا دەتوێنەوە، لێک دەهاڵێن، دەبنە یەک، یەکتر ڕادەکێشن، گەورە دەبن، سنووران دەپەڕێنن، دەبنە زەریای بێ بن و بێ کەنار، ڕوون ڕوون، پێڵ لەسەر پێڵ دێن، مونج ئەدەنەوە، کەس نازانێ لە کوێڕا، لە کەنگێوە بارانی ئەوین دارژاوەتە سەر گوڵی دڵی، لەپڕ وەخۆ دێتەوە، گوڵ ڕسکاوە، هەراش بۆت، عەتری لەشی داگرتۆ، زەینی تەلەس و مەست کردۆە، ڕێی بیری لێ گرتوە، تەنیا، تەنیا بە خەیاڵ گوزەر دەدات و بەس، ئەوین وردە وردە کار لە دڵ دەکا، لە پڕ بادەیشکاند، هێور هێور وەخۆ دێیوە، کارت کراوە!

پووری دەمێکە بۆ بانگکردنی دایک و بابی وەدەر کەوتۆە، دەمانچەیان هەتا ئەو جێیەی بۆ گونجاوە لەبەر پشتێندیان حاشار داوە، دایک و بابی هاتوون، خوشک و بڕا لەدەوری هاڵاون، فرمێسک و بزە لە چاوان دیارە، شین و گریان، پێکەنین و بزە تێکەڵاون، دژ هۆنی! جووت بوونی دوو هەستی دژ بە یەک، دە کاتێکدا! بیر دەگریی، خەیاڵ پێدەکەنێ، ئەقڵ قەڵسە، هەست قاقا دەکێشێ! باوەشی دایکی دەخۆی گرتۆە، دنیا ڕاوەستاوە، ساتوکات حەبەساون، دەنگ لە دنیایە نەماوە، تەنیا ختەختی دڵی دایکە، ئەسپی وشە لە لێنگدان کەم دێنێ، نسکۆ دەکا، هەڵوی هەست لە هێلانەی دڵی دایک ئەوج دەگرێ.

«ڕۆڵە گیان! سمایل گیان! بۆ وات لێکردین؟ بۆ ڕۆیشتی؟ کوڕم لە چیت کەم بوو؟»

گوڕ گوڕ فرمێسک لە چاوی دینە خوار. «بۆ نازانی دڵی دایک چۆنە؟ ئاخر بۆ وات لێکردم؟ بە خودای هەموو شەو هەتا بەیانی هەر دەگریم.»

توند توند بە سینگیەوە دەیکوشێ و بۆنی پێوە دەکا، سمایل دەستی هاویشتۆتە ئەستۆی، سەری بەرداوەتەوە. بابی هەواڵی گیرانی وەهاب و عەزیزی داونێ، مانگیلە بەرەو حەلحەلەی ئاسمان هەڵکشاوە، کاتی ڕۆینێیە، تەقەی دووری تفەنگێکی دێ، هەستاونە سەر پێ، جارێکی دی، ڕەنگە بۆ ئاخرین جار، پڕ بە چاوان دەڕۆاننە یەک، هەتا نگارەی یەکتر بۆ هەمیشە، بۆ هەتا هەتایە دەگەنجینەی خەیاڵ دا هەڵگرن، سۆزەی شەوبا لە حەسار پڕی پێدا گرتوون، بە ئاسپایی بابی سمایل لەبەر دەرگا ئەوسەر ئەوسەری کووچە چاو لێدەکا، کەس دیار نیە، هاتوونە دەر، تیشکی چرای دارتێلان زەرد و کز لە سەر چێوی وێشکی داران هەڵکروشماوە، شەوبا داری ڕاژانـدوە و بەربۆتەوە سەر حەرزی، شەقام مات و دڵتەنگن، لە سەری کووچە ڕائاوڕیان لێدەدەنەوە، چاو سیس و مات لێیان دەڕوانن، سمایل دڵی نەدەڕۆیی، بەستراوبۆوە، دەتکوت پاهەنگی لە لاقی دراوە، لە پێشی تاریکی و وڵاتی نادیار هەتا ئەوسەری دنیایە کێشراوە، دڵی دایکی، خۆشەویستی، باب و برای، ئەوینی بێدەنگی، کەزی پەخشانی نەسرین ڕای دەکێشنەوە، دەبێ بڕوا، لەسەر کۆڵانی ڕا دەستی هەڵێنا و بە دوای عەولادا خۆی دە زاری هەژدیهای تاریکی هاویشت، برسی و بێ بزە چاوەنۆاریانە، ماوەیەک دوایە بەو شوێنەی پێدا هاتبوون شان بە شانی یەک دەڕۆیشتن هەڵیان کێشابوو خەنجەری ورە و خەبات، دەگژ هەژدیهاکەی ڕۆچوو.

***

## (٤٧)

تیشه شاخی مەزن سینگی ئاسمان دادەڕوشێنن، خەنجەری هەسان دیتوون لە کالانی زەوی هەڵکێشراون. چیاکانی کوێستانی مێرگە چەکۆ سەخت و هەڵەمۆتن، لە زۆر شوێنان لێک کشاونەوە؛ شکێر و کەلێنە بەردی گەورەیان ساز کردۆە، هەنجیرە کێویلکە، چاڵووک، گێوژ، ودەیان پنج و پنجاری دیکە، هەر بستێکیان خۆڵ وەدەست هێناوە، پەنجەیان لێ توند کردۆە، ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە، بە وێنەی گەلی کورد، قانع و بە هیمەت، بە تنوکێک ئاو، بە مستێک خۆڵ ساڵێکی دەگوزەرێنن.

ساڵ درەنگە و هەوارچی بەرەو دەشتی لاجان و شارویران و دەشتی قوڕی داکشاونە خوار، مێرگە چەکۆ بێدەنگ و خامۆشە، تەنیا هاشەی بەردەوامی جۆگە ئاوی بەرپێی گومەشینێ، تەنیا گژە گژی باو خشە خشی ڕەشەگوێنی و کیفار و قانگەلاشە، نێوە نێوە چرپەی مەلێکی لەسەر چلۆکی دڕک و داران دەبیسرێ، لە دورەوە تاپۆی قەندیل تەماوی دەنێو جەغزێک لە هەوری سپی دا دیارە، لە لای ڕۆژهەلاتیش کوێستانی لەندی شێخان سپی دەچێتەوە.

هەتا ماژگە ڕاوەنەستان، سەر و پۆتراکیان، نوقمی تەپوتۆز و ئارەقەبوو. ئەسپ لەبەر ماندوویی؛ دەهاژان، پیلەی لووتیان دەلەرزاوە، گوێیان دەلەقاند و دەیان پڕماند. لە ماڵێ ماژگە هەوساریان کێشا، لەحاست کانی بەر مالان لە ئەسپان هاتنە خۆار، پشوویان دا، حەمەد ئاغا چاوەکانی زیتە زیتیان بوو، تفەنگی لەبەر ڕۆژی دەبریسکاوە، قۆچاغ و چالاکتر لە ڕۆژانی پێشووی نیشان دەدا، دوو لای سمێڵی سەوزە تێدابوو، کوێخا ڕەسووڵ بۆ هەرجێیکی چووبا بە دوایەوە بوو. ئاغا و ژاندەرمان هەر سێ سێ و چوار چوار لە شوێنێکی

ڕاوەستابوون و قسەیان دەکرد. ئەسپ لە حاست خۆیان سمکۆڵیان دەکرد، سەریان بۆ لای یەک دەبرد. پۆلێک قشقەلە لە سەر دارستانی پەنایان دەسووڕان و دەیان قراند، بەرامبەری بای بالیان لێدەدا، نەیاندەتوانی، شوێنێیان دەگوڕی و پشت لە با توند و تیژ دەڕۆیشتن، ئەزنە دەهاتنەوە سەر دارستانەکە، کوێخا سجیلی ماژگە لەگەڵ دوو پیاوان بەرەوپیریان هات: «سەلاموعەلەیکم حەمەدئاغا.»

«عەلیکەسەلام.»

حەمەد ئاغا لە سەر کانیکەی هەڵتروشکابوو، دەست و دەم و چاوی دەشووشت.

«کوێخا وەک بزانی یاخێکان لە کوێن؟»

کوێخا کوتی:

«ئاغا گیان! ئەو جۆرەی شۆانی ماڵە عوسمانە زەردی باسی دەکرد دەبێ لە بەردە هەڵۆی بن.»

«کەنگێی دیون؟»

«دەیکوت ئەوشۆ لە کونە گوورگان هاتوونە لام، نان و چایان خوارد و لەدوایە بۆ لای بەردە هەڵۆی تێهەڵبوون.»

«ئێستا شۆانەکە لەبەر مەڕێ؟»

«ئەریوەڵڵا ئاغاگیان! دەفەرمووی پیاوی لە دوا بنێرم بێتەوە.»

حەمەد ئاغا بێ ئەوەی جوابێ بداتەوە بەرەو سەروانە شێتە کە لەگەڵ دوو ئاغایان ڕاوەستابوو و بە دووربینی چاویان لە شاخان دەکرد، ڕویی.

«جەناب سەروان!»

سەروان دووربینی لەپێش چاو لابرد.

«دەڵێ ئێستا دەبێ لە هۆ و شاخەی بن.»

بە قامکی شادەی ئاماژەی بە چیایەکی بڵیند و سەخت کرد، ڕەوزە بەردی زەلام چین چین لە سەرێ دیار بوو، مابێنیان پڕ لە ڕەشەگوێنی و بادامەکێوی و کیفار ڕسکابوون، سەروان دووربینی دەوێ گرت، بێ ئەوەی هیچ بڵێ تێی ڕوانی، لە دووندی ڕا هەتا داوێنی چاولێکرد؛ سەری سەبر سەبر سووڕاند و تەواوی چیای ئەوبەر ئەوبەریشی چاو پێداگێرا، دووربینی هێنا خوار و کوتی:

«کەنگێیان دیون؟»
حەمەد ئاغا کوتی:
«دەڵێ شەوێ چوونەوی، ڕەنگە ئێستاش هەر لە وێ مابنەوە، دەنا ئەوە چوونە ماڵی گردەسووری، لەوێ دەیانگەینێ.»
سەروان چاوێکی لە کوێخای ماژگە کرد کە ئێستا هاتبوو پەنا کوێخا ڕەسووڵی ڕاوەستابوو.
«نەیکوت چەند نەفەر بوون؟»
حەمەدئاغا هاواری کوێخای کرد و کوتی:
«کوێخا خدر وەرە ئێرە.»
کوێخا بە پەلە خۆی گەیاندە نیزیکیان. «دەخزمەت دام.»
حەمەدئاغا کوتی:
«کوێخا؟ نەیکوت چەند کەس بوون؟»
«ئاغا گیان! دەیکوت دوو کەس بوون، مراد و ئامۆزاکەی.»
«کوێخا! ئەتۆ دەڵێی چی، بڵێی هەڵنەکشابنە دوڵمەیدانی؟»
کوێخا کوتی:
«ئاغا گیان! پێم وانیە، دەو فەسڵەیدا کەس لەوێ ناژی، یان لە بەردە هەڵۆن یان دەبێ چووبنە ماڵی گردەسووری، ئێستا دوڵمەیدان کەسی لێ هەڵناکا.»
دەیهەوست زۆرتری لەسەر بڕوا، ئاغا مۆڵەتی نەدایە، پشتی تێکرد و ڕووی دە سەروانی کرد و کوتی:
«دەڵێی چی سەروان؟»
سەروان کوتی:
«دەبێ خێرا بە دوایاندا بچین، ڕۆژ کورتە، با شەومان بەسەر دا نەیە.»
هاواری کرد: «ستوان خێرا بن سوار بن.»
ماوەیەک دوایە تەپ و تۆزی پشت سەریان کوتکە مارێک بوو، بریندار و ژاراوی، لوولی دەخوارد و دەخوشی.
کەلێن بە کەلێن و بەرد بە بەرد و گۆینی بە گۆینی‌یان گەڕا، ڕەشە گۆینی بالایان بە قەت ئینسانی، پانوپۆڕ، نیسێ‌یان هەتا چەند گەزان ڕۆیبوو، مار لە

بن سمی ئەسپ و پۆتینی ژاندەرمان ڕادەخوشین. تیلاوتیلی شاخ خۆیان گەیاندە ترۆپکی، لەو دیوی شاخی، گردەسووریان وەک هێلکە لە پێش چاو بوو. ڕێیکی بۆر و باریک؛ بەنێک بوو گردەسووری بە زەوی دڕووبووە، چوار لای دێی شاخ بوو، خانووەکان لە داوێنی بەردە هەلۆی پالیان وە پالی یەک دابوو، لەو سەری دێی جۆگەلەیەک بە نێو مێشەلانێکیدا دەڕۆیی، لە ئەوان ڕا چنار و ڕاجەکان بلیندتر لە بێ خورسکەکان دیاری دەکرد. لە سەربانی سێ چوار مالان دوکەل هەلدەستا، قوڕی بەر مالان زەرد لە چاوانی دەدا، گردەسوور کاروانێکی ماندوو بوو، بار و بنەی خستبوو و وچانی دەدا، دووکەلی سەربانان بە دەم، دەمەی ئێوارە چەپ و چیڕ دەبوون، دەستەیەک ژاندەرم بە ڕاستە ڕێیەکدا بۆ لای گردەسوور غاریان دەدا.

سەروان کوتی:

«ئەسپان لێرە ڕاگرن، بە ماتە مات لە شاخی بچنە خوار، خێرا چوار لای دێی بگرن.»

ئەو جێیانەی ڕووت و بێ گیابوون بە شەمارەلێی دەهاتنە خوار و ئەو شوێنانەی گۆینی دایان پۆشیبوو بە کۆمە کۆم دەڕۆیشتن، گردەسوور چۆل و هۆل بوو، جەنگەی نێوەڕۆیەبوو، بە دەگمن منداڵێک یان ێکی گەورە بە دەرەوە بوو، چوار لای دێیان گرت و هەروا دەهاتن جەغزەی گەمارویان تەنگتر دەکردەوە، چوار پێ دەستیان بە وەڕین کرد، نەیان دەبڕیوە، ئامبازیان دەبوون، هەتا نیزیکیان دەڕۆیشتن و دگەڕانەوە، پۆلیک ژاندەرم ئەو سەری دێیان گرت، لەوبەر ئەوبەری ڕێیە دامەزران، چوارپێ هەدایان نەدەدا، غاریان دەدا سووچێکی حەپەیان لێدەکردن و دەیانمڕاند، غاریان دەداوە لایەکی دیکە، سەوەڕ لە تەواوی دێی دەستی پێکرد. خەلکی گردەسوور بە پەلە لە مالان دەهاتنە دەر، بە سەر سووڕماوی و ترس چاویان لە چوار لای دێی دەگێڕا، لە هەموو گۆشەیەکی لوولەی تفەنگان دەترووسکانەوە، دێ بە تەواوی گەمارۆ درابوو.

خالید بە پەلە هاتە بەر پەنجەرە و ڕاوەستا، چاوی دە دەرێ بڕی، جموجۆلی ژاندەرمانی لەسەربانی مالان و داوێنی گردی بەرمالان دیت، بە کۆمە

کۆم و بە پەلە جیٚگۆرکیان دەکرد، خانەخێو بە پڕتاو خۆی بــە ژووریــدا کــرد و کوتی:
«کاک مراد دەوەرەو گیراو.»
مراد خێرا هەستا سەرپیٚ و هاتە پەنا خالیدی.
«خالید چ باسە؟»
«دەورەیان گرتوین.»
مراد بە پەنجەرە چکۆڵەکەی دا چاوی دەدەریٚ بڕی، دەیان چەکداری دیت بــە پڕتاو هەڵــدەهاتن، لێیــان نیزیــک دەبوونــەوە، عومــەری خانــەخۆی ڕەنگــی بزڕکابوو، ویشک هەڵاتبوو، زمانی نەدەگــەڕا، چــاوی دە زاری مــراد و خالیــد بڕیبوو. غاریاندا سەر تفەنگان کە لە قــولینچکی دیوەکــە درێژیــان کردبــوون، فیشەکدانیان لە خۆیان ڕابەست، خۆیان بۆ شەرێکی قورس خڕدا. مراد چــاوێکی لە عومەر کرد کە هەروا لەجێی خۆی ڕەق هەلاتبوو.
«کاک عومەر خێرا بە منداڵەکانت بەرە دەر، هەتا شەڕ دەستی پیٚ نەکردۆت.»
عومەر وەک لە خەوێکی گران ڕایان تلّەکاندبیٚ بە شلّــەژاوی بەجێیهێشــتن و دەرپەڕی دەر، هاواری خێزانی کر:
«زلّەخا! زلّەخا! ژنەتیوە زووکە ئەو منالانە بەرە دەر، زووکە دەی ماڵ وێران بووین.»
زیقە و زریکەی منداڵان کە باسک و پیلیان بە دەست عومەر و دایکیــان بــوو و ڕەکێش ڕەکێش دەیان بردنە دەر، لەگــەڵ هــاواری ژاندەرمــە و ئاغایــان وێــک کەوتن.
«مراد دەڵێی چی؟ چ بکەین؟ بچینە دەر یا لە ژووری بەشەڕێن؟»
مراد جارێکی دیکە بە پەنجەرە دا چاوی لە دەری کرد. بــا دەرگــای ئاواڵــەی حەسارێی دەجووڵاندەوە، لەپڕ قەوەتی دا بە خوی و تونــد پاڵــی پێوەنــا و بــە جارێکی کردیٚوە، خۆی دە حەوشە هاویشت و هات وە تووک و پەڕی ســیٚ چــوار فرووج و بارۆکە کەوت، شانی پیٚ خۆار کردن، لەبەری هەڵاتن و لە پەنا دیــواردا خۆیان مات کرد.
«پێم وایە هەر لە ژووریٚ بین چاکترە، تازە دەرفەتی چەپەر گرتن لەدەرێمان نێیە، دەمان ئەنگوین، دەبیٚ هەر لێرە بەشەڕێین هەتا شەومان بەسەر دا دێت.»

گوڕەی سەروانە شێتە هات:

«تفەنگوو فڕێ دەنە دەر، دەست لە پشت سەرو دانێن و وەرنــە دەر، خــۆ بــە دەستەوە دەن، بۆ خۆم بەر عۆدەو دەبم، عافوو بۆ وەر دەگرم، وەرنە دەر، هیچ ڕێیکوو نییێە.»

دوو ژاندەرم خۆیان هاویشتە ئەوبەر و ئەوبەری دەرگــای حەســار، نــووکی پۆتینیان دیار بوو، سەگ بێدەنگ ببوون، تەنیا دەم حەپەیکیان دەکرد و دیسان بێدەنگ دەبوونەوە. سەروان جارێکی دیکە گوڕاندی هەر ئــەو قانــە و دەدەمــێ، وەرنەدەر.

مراد چاوێکی لە خالید کرد، گوم شین شین ڕژانە نێو یەکتر.

«ئەتۆ لێرە بە، ئەمن دەچمە دیوەکەی دیکە.»

گورجێ لەهەیوانێ تێپەڕی و خۆی دەدیوەکە هاویشت، بە پڕتاو هاتە کــەنار پەنجەرە و خۆی بەدیوارێۆە لکاند.

بۆ خاو لە ژوورێدا مابۆوە، بــۆنی دیــواری شــێدار، بــۆنی پــەرۆ و پاڵــی منداڵان، بۆنی نەوتی چرا، بۆنی بەڕە کۆن و لبادی سۆاوە لەبەر پێیان.

گوڕەی سەروان بڵیند بوو:

«بیان کوژن.»

بە جارێکی تەقەی دەیان تفەنگ بەرز بوو، گیزە و ویزەی گوللە لــە هــەموو سوچێکی دەبیسرا، قیژە قیژ و هەراوهوریای خەڵک، دەنگی بڵیندی مەڕ و مات، قیڕەقیڕ و قیژەقیژی قاز و مراویــان، قوڕســکە قوڕســک و حەپــە حــەپی چــوار پێیان، گردە سووریان وەک ڕۆژی حەشر لێ کردبوو. مراد و خالید هــەر نــەیان دەتوانی جوابیشیان بدەنەوە، دەســترێژی ژانــدەرمان وەهــا زۆر و تونــد بــوو مۆڵەتی نەدەدانێ ســەر وەدەر نــێن، گوللــە بــە پەنجــەران دا دەهاتنــە ژوور، شووشەی بە خڕمە خڕم شکابوون، گوللە بــە جــارێکی دە پازدەیــەک دەهاتنــە ژوور، وە دیواری بەرامبەریان دەکەوتن، تــەپ و تۆزیــان لــێ ســاز دەکــردن، سۆاغی دیوار لێدەبۆوە.

هەرتکیان لە کەناری پەنجەرە خۆیان مات دابوو و چــاوەنۆاری هــەلێک بــۆ جــواب دانــەوەیان بــوون، گوللــە بــاران مــەودای نــەدەدانێ، تــەنیا چــەلێک توانیبوویان سەر وەدەرنێن و جوابیان بدەنەوە، سەروان بە دەست ئیشارەی بــە

دوو ژاندەرمی بەر دەرکە کرد کە لێیان بچنە حەوشە، توند و تیژ و خوار و خێچ غاریاندا، دوو ژاندەرمی دیکە دەسبەجێ جێیان گرتنەوە، هەر تەپەی هات ئەوی دیکە خۆی دمەوڕوو خستە سەر حەرز و بە حەرزیوە لکا. گوللە باران دەستی پێکرد، ئەو ژاندەرمەی حەساری گوللەی خالیدی وەپەنا سەری کەوتو تۆزی لێ هەستاند، لە پەنا ڕێژنە گوللەی ژاندەرمان هەر لەسەر زگ خۆی خشاندە پشتەوە هەتا گەیشتە لای دەرکە، خۆی هاویشتە دەر، فروج و بارۆکە قوشقی و گێژ لەو سەر ئەوسەری حەوشە هەڵدەهاتن، ویزەی گوللە هەڵیداویشتن و وەقیرەی دەخستن، هەڵدەفرینە سەر لێواری بان یا هەر شوێنێکی بڵیند کە دیتبایان، لەوێش دانەدەسەکنان، بە فڕە فڕ بازدیان دەداوە خوار.

خەڵکی ئەو کوچەی هەر لە پێش سازبوونی تەقەماڵیان بەجێهێشتبوو و بە پەلە پرووزی دەستی منداڵیان گرتبوو و خۆیانده ماڵەکانی دیکە ڕاکردبوو، دەرگایان ئاواڵە مابووە.

گوللە باران یەکجار توند ببوو، تەلەزمە دارێ پەنجەران هەتا نیوەڕاست ژوور و قەراغی دیواری بەرامبەریان پەریبوون، دیواری بەرامبەریان دابێژ دابێژ کرابوو، گرمەی نارنجوکێکی کە لە سەربان ڕا هاوێشتیانە بەر ئەو پەنجەرەی کە مراد لە کەناری خۆی مات دابوو ماڵەکەی لەرزاندەوە، تەپوتۆزێکی زۆری دە ژوورێ هاویشت و پەنجەرەی بە تەواوی لە چوارچێوە دەرپەراند، بەدوای وێشدا گرمێکی دیکە تەواوی دەنگەکانی دی دەخۆیدا شاردەوە.

مراد هەڵتروشکابوو و تفەنگی لە نێوان لاقی ڕاگرتبوو، چاوی لە دیواری بەرامبەر بڕیبوو، گوێی قولاغ بۆ بیستنی تەپەی لاقیان هەڵخستبوو، لە قولینچکی دیوەکە چاوی بە پاچێکی کەوت، هاواری لە خالید کرد:

«خالید بە دوو شەقاوی بڵیند خۆی دە ژووری مراد هاویشت.»

«خالید خێرابە دەبێ دیواری بنکۆڵ کەین.»

خالید پڕی بە پاچ داگرت و دەست بە کاری کوناودیو کردنی دیوار بوو.

دیوار شێدار بوو و ڕووخاندن و کوون کردنی زۆری نەخایاند، کونێکی چکۆڵەی تێدا ساز بوو، ڕووناکی دیوی جیرانیان بەوێدا هاتە ئەو لایە، مراد بە پەلەهات و پاچی لە خالید وەرگرت، گرمەی نارنجۆکێکی لەبەر پەنجەرە هات، سەریان دزیوە و هەڵترووشکان. خالید هەر تاوناتاوێکی تەقەیکی لێدەکردن،

دیوار کوناودیو ببوو، بە سمرِ سمرِ خۆیان تێڕاکرد، چووبوونە ماڵەکەی دیکە. ژاندەرم لە بانی و کووچە ڕا خۆیان دە حەوشە هاویشت، بە هەڵاتن و خوارەکـە و پێچەکە خۆیان گەیاندە پەنا پەنجەران و مات بوون، چەنـد چرکـان بێـدەنگ بوون و پشوویان دە سینگیاندا ڕاگرت، ئەوجار زامنی دوو نارنجۆکیان کێشـا و لەگەڵ یەک دە ژووریان هاویشت، گرمەیان گردەسـووری هەڵـتەکاند، مـیچ و بانی ماڵەکەی ڕماند، تەپوتۆزێکی وایان ساز کرد چاو چاوی نەدەدی، دیوڕژن ماڵە عومەری دەخۆیەوە پێچا.

ئاغا و ژاندەرم پـەیتا پـەیتا نارنجۆکیـان داویشـت و گوللـەیان بـە دار و بەردیوە دەنا، بۆنی خوڵی سووتاو، بۆنی دار و قامیشی سووتاو، بەرەو لبادی شەواتە دە کووچەی گەڕا.

مراد و خالید تـەواوی جەسـتەیان بـە ئارەقـە خووسـابوو، لـەو ماڵـەش ڕاوەنەستان؛ دیوارێکی دیکەیان کوناودیو کرد و بەوێدا چوونە ماڵـێکی دێ، بـە ماتە مات هاتنە بەر پەنجەرە، زۆر بە ئاسـپایی و وشـیاری چاویـان لـە دەرێ کرد، پۆلێک ژاندەرم و ئاغا لە زارکی دەرکە دیار بوون کە بە هەڕمە دەڕۆیشتن، پاچڕکی پاچڕکی هاتنە بەر پەنجەرە، پاچڕکی پاچڕکی هاتنە حەسار، بە تلەتل خۆیان گەیاندە پەنا دەرکەی کووچە و خۆیان ماتدا، ژاندەرمە و ئاغا ڕژابوونە حەساری ماڵە عومەری، دیوە ڕوخاوەکانیان گوللە باران دەکرد، مـراد تفـەنگی خۆیدا بە دەست خالید و خۆی بەدیواری هەڵاوەسی و سـەرەتاتکی کـرد، سـێ ژاندەرم لـە بەشـی پێشـەوەی دارسـتان دا ڕاوەسـتابوون و چاویـان دە ماڵـە ڕووخاوەکەی بڕیبو، بە پەنا قەلاغ و گیشە گیایانـدا و پـەنا دیـوارانـدا لێیـان نزیک بوونەوە، سیرەیان تێگـرتن، تەقـە لـە تفـەنگیان هـات، دوو ژانـدەرم هاواریان لێ بڵیند بوو و سلارِ بوونەوە، ئەوی دیکەیان بە تەمای چەپـەر گـرتن بۆ لای دارێکی غاریدا، نەگەیشتێ بە گوللەی خالیدی پێکا، خۆیان دەدارسـتانی هاویشت، هاوار و گوڕەی ژاندەرمان لەدوایان بوو.

«هووەتان، هووەتان، لەنێو دارەکاندان.»

«مەهێڵن هەڵێن، لێیان دەن.»

بەڵام تازە مراد و خالید لە پەنا داران ڕوو بـە بنـاری کێـوی بـەردەگوێنێان دەخووشین، دوو بزنەکێوی بوون بـە شـاخی هەڵـگەڕابوون، ویـزە و فیتـووی

گوللان دەنێو داراندا دەهات. لە قەدی کێوی هەر یەکەی لە پشت گابەردێکی لێیان دامەزران، تەنگەیان بە ژاندەرمان هەڵ چنی، هەر گوللە هاوارێکی بە دۆاوە بوو، شەڕ مەغلۆبە ببوو، هەرچی بەحاڵ جووڵەی هاتبا لە جووڵەیان دەخست. ژاندەرم و ئاغا تێکڕا خۆیان لە پشت دار و بەرد و جۆگان تلۆڕ کردبوو، بۆ پشوو هەڵکێشانیش نەیاندەوێرا زۆر بجووڵێنەوە، مراد چاو مار بوو، تیژ تیژ، هەڵو بوو لە حەویقی ئاسمان نیچیری دەدیت، لەتەواوی کوردستاندا ئەنگێوەی وا نەبوو، لەمێژ بوو تاریفی زار بە زار ڕۆیبوو. بەڵام ئەوڕۆ قیامەتی کردبوو.

سەروان سۆنگەی نێوبانگی بۆ دەر کەوتبوو، چرکەی لە هەمۆان بڕیبوو، کردبوونی بە دار، بە بەرد، بە کۆتەڵ، دەتکوت هیچیان گیانیان دەبەر دانییە، لەوەتی دونیا هەبۆە لە ئەو شوێنە ویشک هەڵاتوون. حەمەد ئاغا خوێنی خوێنی دەخواردەوە، نەیدەتوانی لە جێی خۆی ببزوێت، گوللەی خالیدی وە پەنا ڕانی کەوت، پاتۆڵی گرتبوو و سووتاندی، هەستی کرد گوللەی دیکە بێت وەخۆی دەکەوێ، دیتبوویان، دەبا جێی گوڕیبا، دە هەڵێک دا غاری دا بۆ لای سوورە چنارێکی ئەستوور کە دەنەزەری گرتبوو، تەواو نەگەیشتە پەنای گوللە مرادی وەنێو چاوانی کەوت، بێ فزە و نرکە بەربۆوە، کوێخا غاری دا سەری، دەسبەحێ ئەویش بە گوللەی خالیدی پێکا و لە پەنا ئاغا بەربۆوە.

سریوە سریو و قرەی بۆق دەستی پێکرد، تەقە لە کەمی دا، هەتاو دەهات لە پشت ڕەوەزە بەرد و تیشە شاخی بەردە هەڵو مەتەریزە بگرێت، تارمایی و نیسێ هەڵیا کوتا سەر زەوی، لە تروپکی بەردەگۆینیان دوو هەڵو بۆ دەمێکی کورت وەدیار کەوتن و بزر بوون.

***

## (٤٨)

ماوەیەک بوو ئەرسەلان بڕستی لە خەڵک بڕیبوو، بە تایبەت لەو دەمەوە ئەبوو دزەش بە دار و دەستەوە هاتبۆە باڵی، بەڕۆژ پیاوی دەوڵەت بوون و بە شەو چەتە، بە شەو لەگەڵ ئاغایان بوون و بە ڕۆژ ڕێگر.

ئەبوو دزە دە شەوێکی تاریک و بە سام دا لەئەشکەوتی مەنجەڵەدا، لەگەڵ برا و سێ چەتەی دیکە خووت و خافڵ لە چوار هاواڵی دیکەیان ڕاستەوە بوون، دە خەودا سەری هەر چواریان گۆش تا گۆش بڕیبوو، ماڵەکەیان دەنێو خۆدا بەش کردبوو، سەری چوار چەتەکانیان بەیانی زوو بردبۆ پاسگای کەچەڵ ئاوێ، لەو دەمەوە ئەبوو دزە نێوبانگی کرد، بە ڕۆژ شوێن هەڵگر و پیاوی حوکمات بوو و شەوانەش دەگیان دێهاتیان بەردەبوو، هەتا ئەو قەدەرەی لەگەڵ دار و دەستەی ئەرسەلانی لێک پرینگابوونەوە، ناوچەکەیان بێ ئەوەی قسەی لێ بکەن دەنێو خۆیاندا بەش کردبوو، لەبەری مێرگان ڕا هەتا دەور و بەری خانێ و دەشتی لاجان و شنۆیە هی ئەرسەلان و لەوێ بەرەو لە تەنگی گرژاڵ ڕا هەتا پردی بریسێ و دەورو بەری سەردەشت و لە شاتمانێ ڕا هەتا وڵاتی سۆسنایەتی بەشی ئەوبوو دزەی بوو.

ئەو سەروبەندەی لە دوای ئەوەی ئەرسەلان بە داژداری حەمەد ئاغا و ئاغاکانی دیکە هاتبۆە نێو هەرێمی ئەبووی و تەنگەی پێ هەڵچنیبوون، هیچ عیلاجی نەما و هاتە باڵی. پێکەوە بوونە بەڵای گیانی خەڵک و قاچاغچێیان، کوت و پڕ لە پەنا گابەردێکی لێیان دەردەپەڕین.

«ڕاوەستە سەگباب، ڕووت بە.»

«بە خاتری خولای خێزانەکەم نەخوشە، دەیبەمە شاری، چ پوولێکی وام نیە، هەمە و نیمە ئەوەندەیە.»

«وست بە سەگباب، چرتەت بێ دەتکوژم.»

لە پەنا دارێکی یان لەنێو کەندالێکی لێیان دەهاتنە دەر.

«هەڵنەیەی تولەباب، هەرچی پێتە بەجێیهێڵە.»

«کوڕە مەعز بۆ ڕەزای خودای، تاقە ئەو تا تووتنەم هەیە، شەش سەرم خێزان لە سەرە.»

تەقەی تفەنگی کە بەسەر سەریان هەڵدەتۆقاندن دەیکردنە تیری سەختەکەوان، لە ڕەپێڵە وڕێچکە ڕێیاندا لە کاروانی قاچاغچێیان قووت دەبوونەوە.

«دایک حیزینە ڕووت بن.»

«کوڕە کاک ئەرسەلان دەبەر ئەو کەوشانەت مرم ئەو جارەمان لێ گەڕێ، کوڕە هیچ عیشایە خولای شک نابەین، پوولمان بە قەرز وەر گرتۆە.»

«گیرفان و کەوشیان بگەڕێن.»

«ئەها، هۆوە هەلات، دالاچن.»

شریخەی تفەنگ دەنێو شیو و دۆڵەکاندا دەنگی دەداوە.

شەو و ڕۆژێک بوو لێیان خەفتابوون، قامێشەلانێک پڕو بڵێند لە خوار کانیسوور دەشەکاوە، بسکۆڵیان نەرم و زەرد، هەزاران گولێنگەی ساز کراو لە گزینگی هەتاو بوون کە دەجووڵانەوە، ئاوی کانێکەی لەبن تەپۆلکێکی دەهاتە دەر، دەوروبەری کانی خۆلێکی مەیلەو سوور و نەرم داپۆشیبوو، ئاوەکە کەم کەم دەهاتە خوار، بە بن پردێکی چکۆلە و کۆندا دەڕۆیی، لەوێ کە تێدەپەڕی پانتر دەبوو، بە پەنا خڕکەبەرد و گاشەبەردان دا دەچۆە پێش، ڕەنگی دەگۆڕدرا، ڕۆخی وردە وردە بە جلە دادەپۆشرا، گەرای سەدان بۆق، دەبیندرا کە بە بندێنی لکابوون، بە ڕۆێنی ئاوەکە دەجووڵانەوە، ئاوبرێکی دیکە کە دەڕۆیی دەرژا نێو قامیشەلانەکە، نێو قامێشەلان تاریکتر و فێنکتر لەدەرەوە بوو، چەتە سێ سێ و چوار چوار لە نێوی دا لەدەوری یەک وەکۆ ببوون، بە دەنگی نزم نەقڵ و نەزیلەیان دەگێڕاوە.

وڵات چۆل و هۆل و جەنگەی نیوەڕۆیە بوو، سەلیم گورگە هەموو ڕێگاوبانی بە چاو دەپشکنی، بە هەر خشپەیەکی لەسەر ئەسپ قووت دەبۆوە و هەوساری

دەکێشا و ئەسپی ڕا دەگرت. هەتا لێی حەیان نەبا چ نێت نەدەڕۆیی، لە سنوور ڕا هەر بەو جۆرەی هاتبوون. سەلیم زۆر چەلان تووشی بە تووشی ژاندەرم و چەتان ببوو، هەموو جار گورگی داودۆز بوو لە داوگەیان پرینگابۆوە، دەنا بە فێڵێکی دەرباز ببوو، دەموچاوی ڕەش و چڕ بوو، لە سەر پشت مل و نێوچاوانی چینی دڕشت و قووڵ پەیدا ببوو، وریا و بە هەست و یەکجار وشیار بوو، دەبا گورگیش با، دەنا پارۆکی نان وەگیر نەدەکەوت، یا دەبێ گورگ بێ یا ڕێوی گزەکار و فێڵەزان دەنا چەقەڵ و کەمتیاری بەرما و خۆر، ئەوانە نەبێ دەبێ مەڕ بێ، سەر داخا، سەری خۆی، منداڵی و خزم و کەسی لە بن تیغی تیژ ببینی! لەسەر ئەو خاکە ڕێیکیان نەهێشتۆتەوە، تەنیا نابێ ئینسان بێ، کە بوو دەوری دەدەن. گورگ و ڕێوی و چەقەڵ، بە ددانی تیژ، بە گزە و دەهۆ، بەلەملە خۆدان و مەڕایی، تەنگەتاوی دەکەن، ئەنجن ئەنجنی دەکەن!

دوور و نیزیکی کانی سوور ئەسپی سلۆک بوو، گوێی لەموچەوە برد و سەبرێکی حیلاندی، نەدەڕۆی، وڵات یەکجار بێدەنگ و خوست بوو، ترسێک دایگرت، لە سەر پشتی ئەسپ ڕا سەرەتاتکی کرد، ئاوڕی داوە و بە ئاماژەی دەست کاروانی ڕا گرت، ئەسپ و ئێستر کلکیان ڕاستە و چەپە پێدەکرد، عەلی هاتە پەنای، ئەسپی ڕاگرت.

«چیت دیوە کاک سەلیم؟»

سەلیم سەبرێکی کوتی:

«زۆر سەیرە ئێرە بۆ وا بێدەنگە؟ دەنگی هیچ دەعبایەکی نایە! وەختی دی لەبەر زیقە زیقی باڵندان لێرە سەرسام دەگری، لەوانەیە لێمان خەفتابن، پێیان بڵێ ڕاوەستن، مەینە پێش، خدریشم بۆ بنێرە ئێرە.»

عەلی سەری ئەسپی وەرسووڕاند و نەرمە غار هەتا کاروانێ ڕۆیی.

«خدر وەرە بڕۆ کاک سەلیم کاری پێتە، بچۆ بزانە دەڵێ چی.»

خدر دوو سێ جار بە پاژنەێ دەبەر سکی ئەسپی کوتا و خۆی گەیاندە ڕاستی سەلیمی.

«چ بۆە کاک سەلیم بۆ ڕاوەستاوین؟»

«خدر ئەتۆ وەپێش کەوە، بڕۆ بزانە کەس دیارنێە؟»

«زۆر باشە.»

چەلێکی دی دەبەر سکی ئەسپە ڕەش بۆزی کوتا و بۆلای کانیسوور هانیدا.

دوور و نیزیکی قامیشان ڕەشایێکی دیت دەنێویاندا بە حاستەم جووڵاوە، لێی ورد بۆوە، هات سەری ئەسپەکەی وەرسووڕێنێ، بە گوللەی ئەبوو دەزەی پێکا، هاواری وڵاتی داگرت، ئەسپە ڕەشبۆز بە بریناری هەڵی گرت و ڕووی دە کاروانی کردەوە، سۆار لاقی دە ئاوزەنگی گیرابوو بە دوایدا لەسەر حەرز دەکێشرا، خشکەی دیار مابوو. چەقە و گوڕە و تەقە و هەرا ساز بوو، چەتە لێیان دەهاتنە دەر، دەستریژیان لێدەکردن، قاچاغچی هەر کامە خۆی لە جێیەکی هاویشتبوو، حیلە حیل و نریخە نریخی ئەسپ و ئێستران هێندەی دیکە هەنگامەیان ساز کردبوو، غاریاندەدا، جووتەیان داویشت و سەر لێ شێوا و بۆ لایەکی دی هەڵدەهاتن و ڕمبەیان لە حەرز دێنا.

سەعاتێک بوو لێک دامەزرابوون، نە چەتە و نە قاچاغچی زاتیان نەبوو لە خەل، بێنەدەر، ئەرسەلان نێوبانگی سەلیم گورگەی لەمێژ بوو بیستبوو، دەیزانی زۆر وشیارە و هەتا ئێستا چەند چەتە و ڕێگری کوشتوون، سەلیمیش قەت لە هیچ چەتەیەکی بە قەت ئەرسەلان نەترسابوو، هەمیشە لە سووچێکی دڵی لە ئەو ڕۆژە ترسابوو. چەتەیەک لە پشت بەردێکی خۆی فڕێدا پەنا بەردێکی دیکە. لاقی جوان بۆ خڕ نەکراوە، سەلیم سێ و دووی لێ نەکرد ئەنگاوتی، هاوار و ناڵەناڵی، چەتەکانی دیکەی لە جێی خۆیان مات کرد، ئەرسەلان دەیزانی بە هاسانی ناتوانێت دەست بە سەریان کات، لە پشت گابەردەکەی ڕا بە دەنگێکی بۆر هاواری کرد:

«سەلیم خۆت لەسەر هیچ و خۆڕایی بە کوشت مەدە، ماڵەکەی بەجێ هێڵن و بڕۆن.»

سەلیم لە قەستی دەنگی خۆی زۆرتر کڕ کرد و وڵامی داوە:

«ئەرسەلان، سەرم دا دەنێم بەڵام ماڵێکی پێم ئەسپاردرابێت بەجێی ناهێڵم.»

ئەرسەلان دیسان گوڕاندی:

«کوڕە لەسەر هیچ و خۆڕایی خۆتان بە کوشت مەدەن، حاجی بایز چ مەنزووری ئەو بارە نییە، ئەنگۆش هەمووتان بکووژرێن گونی پێ ناچێت، ئەوەتا مەناف سمێڵ لەسەر ماڵی وی بە کوشت چوو، کەچی ئەسپەکوێتی لە منداڵی هەستاندن.»

سەلیم بێدەنگ ببوو، وا دیار بوو بیر لە قسەکانی دەکاتەوە، ئەرسەلان پێی وابوو قسەی کاری خۆی کردۆت و سەلیم نەرم بۆت، دەنگی بڕێک دۆستانەتر کرد و کوتی:

«مۆڵەتوو دەدەینێ بڕۆن، بارەکەی بەجێ هێڵن و وڵاخان بەرن.»

«پێم کوتی سەرم دادەنێم، ماڵی ئەمانت دانانێم.»

تەقە دەستی پێکرد، تەنیا سەلیم دەنێو هاوڕێکانیدا تفەنگی پێ بوو، دەنا ئەوانی دی هەر بەدەمانچە تەقەیان دەکرد دوو قاچاغچی لە پشتەوە ڕا سەبر سەبر کشانەوە، فیزماڵکێان دا و بۆی دەرچوون، سەلیم تەنیا عەلی لەگەڵ مابوو، عەلی مشتۆی دەمانچەی دە لەپی دا ڕاگرتبوو و لە پشت گابەردێکی خۆی مات کردبوو، هەتاو لە چەقی ئاسمان گوێێکی ئاورین بوو وەستابوو، جوولەی نەدەکرد، خۆفی مردن بە سەر سەلیمدا زاڵ ببوو، تاو تاوە دەیهەویست دەنگ هەڵێنی و داڵدەی بوێت، پەژیوان دەبۆوە، نەیدەتوانی ئەو کارەی بکات، نەیدەتوانی لە قسەی خۆی بگەڕێتەوە، چۆن بە ڕووتکراوی بچێتەوە؟ چۆن چاو لە چاوی حاجی بایز و خەڵک بکا؟ چۆن خەڵک لە پشتەسەری بڵێن سەلیم گورگە لەترسی چەتان توولەکی کرد و تووکی هەڵوەراند؟

ئینسان کەلێن و قوژبنی نەناسراوی زۆرن، تەنگ و چەڵەمەی دونیایە دەکێشێ، لێدەدا، دەکوژرێ، دەدزێ، ئارەقەی دەکا، کارێ دەکا، دەخوێنێ، دڵی دێشێ، دڵان دیشینێ، غار دەدا، ڕادەکا...، هەمووی تەنیا و تەنیا لەبەر مانەوە، لەبەر خاتری درێژەپێدان بە ژیانە، کەچی جاری وایە ئەو ژیانەی لە پێناو شتێکی چکۆڵە، قسەێکی ، بیرێکی دادەنێت.

ئەرسەلان لەخۆشی ئەو بارە زۆرەی وەدەستی دەکەوت فیکەی سمێڵی دەهات، چاوی دە ئەسپ و ئێستری ڕەوەک و باری تا سەنگی سەر پشتێان دەبڕی.

سەلیم فیشەکی لێ بڕابوو دوو دانە نەبێ هیچی دیکەی پێ نەمابوو، سەری هەڵێنا بزانێ زۆری ماوە شەویان بەسەر دابێ، کەچی ڕۆژ دەتکوت نابڕێتەوە، بە هەزاران هەودای زێرین هەتاو لە تەوقە سەری ئاسمان درۆابوو، ئارەقە تەواوی لەشی سەلیمی خووساندبوو، عەلی لە وی خراپتر نەی دەوێرا لە پشت گابەردەکە سەر وەدەرنێ، چاوەڕۆانی داهاتوویەکی ناخۆش خۆی گرمۆڵە کردبوو و مشتۆی دەمانچەی دە لەپی دا توند توند دەکوشی. حیلەی ئەسپێکی

بەرز بۆوە، حیلەی ئەسپ نەبوو، گرمژنی ڕووخانی کێوان بوو، هەورە تریشقە و چەخماخەی هەوری ڕەش و تورە بوو، نەعرەی شێر بوو.

ئەرسەلان دڵی داخورپا، ئەسپە کوێتی ناسێوە هەوە بۆخۆیەتی، هەستاوەتە سەر پاشۆان، دەسوورێ، چلاغ پـێ یـە دەکـا. سمکۆڵـی دەکـا، هـەردی هـەڵ دەتەکێنێ، خوڵی وە حەوا دەخا، دەیکاتە گێژەڵووکە، بـاهۆز، ڕەشـەبا، دفـە دفی گوێیان کەڕ دەکا، ئەوە منافە لەسەر پشتی سوارە، نا، نا، شـۆرە سـواری تۆڵەی هاتۆتە سەری. حەبەسابوو، دەست لەسەر تفەنگ ویشک هەڵاتبوو، دڵە لەرزە و چەق و چۆ دای گرتبوو، ئەوە ئەرسەلان نەبەز بوو؟ زەنـدەقی خسـتبۆە نێو دێهاتی و قاچاچیان، ئەوە ئەرسەلان بوو خەڵک منداڵیان پێ دەترساند؟ نا هەو نەبوو، ڕێوی بوو دە پەنجەی شێر دا دەگیر کەوتبوو، ئەرسـەلان نـەبوو، ویشکەڵێکە، هەژگەڵێک بوو لە ترسی ڕەشەبا هەڵدەلەرزی، ئەبوو دزە ئێسـتا بە چاکی تفەنگی نەهێنابۆە سەر دەست، گوللەیەک نێوچاوانی کوون کرد و لـە پشتە سەری هاتەوە دەر، زیقە و هاواری چەتان ساز بوو، دەرفـەتی هـەڵاتنیان نـەبوو، وەک خـەزەلی ئـاخر و ئـۆخری پـاییز دەکـەوتن. ئەرسـەلان ویشـک هەڵاتبوو، دە سیرەی چاوی ماری دا مت ببوو، لێی هاتنە خوار، ئەسـپە کوێـت کلکی لەسەر نەڕەی پشتی نابوو، چاوی دوو گۆی ئـاورین بـوون، ئاورینگیـان هەتا چاوی ئەرسەلان دەهاتن، دەیان سووتاند، دەیان کـردە خەڵـۆس. هاتنـە سەر سەری، تاو ویاو لەشی زەلامیان خستبۆە لەرز، وەڕینەی دەکـرد، چـاوی مەنافی بوو، گەورە ببوون، گەورە بە قەت هەتاو، دەیان سووتاند، ئاوریان تێ بەردەدا، جۆناو لەنێوچاوانی ئەرسەلانی ڕێچکەی بەستبوو، بەردێک بـوو لـە زەوی هەڵتۆقیبوو، شریخەی تفەنگێکی هـات و سـەر پـرژا، چـاوی هـەر وا دە چـاوی کوێتـە دا قـەتیس مابوونـەوە، کوێتـە حیلانـدی و سـووڕا، سـووڕا و حیلاندی، هەستا سەر پاشوان، سمکۆڵی کـرد، لـووتی لەرزانـدەوە، ڕووی دە شاخی کرد، تیژ و بەهێز بەوێنەی بازوک تێهەڵ بوو، لەسـەر تروپکـی شـاخی دوو جاران لە حاندی خۆی سووڕا، چاوی لە چوار لایـان گێـرا، بەرامبـەر بـە خدرئاوی ڕاوەستا، پڕ بە کەژوکۆ حیلاندی و لە پشت شاخی ئاوا بوو.

***

## (٤٩)

«ئەسپی باڵداری هەیە، سوێند دەخۆن دەڵێن ئێستا لێرەیە دە چاو تروکانێکدا لە سێ شاخ ئەولاترە، کلاوی سەخرە جەندی هەیە.»

ژاندەرم بە بیستنی نێوی لە هەر شوێنێکی بان خۆیان دەپاسگایان داویشت، کونی مشکیان پێ تەنگ ببوو، ڕۆژ بەڕۆژ نێوبانگی زۆرتر پەرەی دەساند، لە لاجان و دەشتەبێڵ و سندوسی تێپەریبوو، بە مەحاڵ و گەورک و منگوڕایەتیش دا بڵاو ببۆوە، لە هەموو وڵاتێکی باسیان دەکرد.

«هەر کێلکێکی بۆ دانێن دەی ئەنگێوی.»

«هەتا ئێستا نەدیتراوە گوللەی هەتەر بکات.»

«دەڵێن کوتەیەتی هەتا یەک ژادەرم بمێنێ لە شاخی نایەتەوە.»

«لە شەر دا کەس دەستی نابینێ.»

«وەڵڵا بابم ئەمن بۆ خۆم لەنادری ئامۆزام بیست دەیگێراوە دەفحێکی لە دوڵەتووی لە سەر کانیگوێزەی ئابلۆقەی دەدەن، دەیکوت بە چاوی خۆمان دیتمان خەوی لێکەوتبوو بە تاقی تەنیا، هەر لێی چووینە پێش، مەزانە بە خشپەمان وەخەبەر هاتۆت، خودا لەو سەرە شاهیدە وامان لێ ڕاستەوە بووە کەس نەیدیت بە کوێدا لە پشتە سەرمان سەری وەدەرنا، هەر ئەوەندەمان زانی هاوار و زیقە پەیدا بوو، سەرمان سووڕ مابوو، ئەمن نەبێ خۆم لە پۆلێک تودڕکدا شاردبووە کەسی نەهێشت، بە چاوی خۆم دیتم لووت و گوێی تەواویانی بڕی و دە تورەکێکی هاویشت.»

«ئەدی کاک حوسێن ئەتۆ قەتت دیوە؟»

«ئەی بۆ نەمدیوە بابم، لەکنە خۆ خەڵکی وڵاتێکین، بە قەت حەوت کەسانە، چەلێکی بابی جوومگەی بە دەستەوە گرتبوو هێنای سەری بۆ پتاشم، پێم سەیر بوو دوو هێندەی من بوو، بابی کوتی سەری ئەو منداڵەم بۆ پتاشە، کوتم جا بابم گەمەم بۆ پێدەکەی، ئەگەر ئەوە منداڵە هەڵبەت ئەمیش مەلۆتکەم!

«دەگێرنەوە دەسەر پاسگای هەنگەوێی کرد کە بیست هەزار تمەنی بۆ بنێرن هەر بۆ شەوێ بۆیان ناردۆت.»

هەر دەهات و زیاتر لە دڵی خەڵکدا جێی دەکردەوە، لادێی ورەیان هاتبۆە بەر، لە خەوێکی قورس هەستابوون، هەودای ترس لە ئاغا و ژاندەرمیان لێ پسابوو، لە بەریان ڕادەوستان، جۆابیان دەدانەوە، پشتیان قایم و گەرم بوو، مرادیان لە پشت بوو، ژاندەرم بە جارێکی لەکزیان دابوو، ترسی مراد مۆتەیەکی بە خۆف بوو ئەوکی گرتبوون، نێوی مراد لەرز و ڕەجافی دەخستە لەشیان. ئەرتەش لە تەواوی شاری دەوروبەر بە هانای ژاندەرمان هاتبۆە مەیدان. هەزاران ژاندەرم و چریک و سەرباز بەدێهاتی وەرببوون، ، پەیتا پەیتا هێزی تازەدەهات، خەڵکیان وەبە رقۆنداغ و شەپ دەدا، لاوەکانیان دەگرت و سیمجنیێان دەکردن، لە داخان شێت و هار ببوون، شاڵاویان بۆ هەموو کەس دەبرد، کەچی هەر هەواڵی دیتنی مرادیان لە شوێنێکی دەبیست خودا خودایان بوو بۆ ئەو شوێنە بەڕێ نەکرێن.

بەیانان زوو خۆسار دەکەوتە سەر حەرز، لەسەر هەموو شتێکی دەدیترا، لە مێرگ و چینکان، لە پەرێز و شێوەردان، لەسەر تۆیکڵی دار و دەوەنان، دەمێک دوایە چۆن هاتبوو ئاواش دەچۆوە، دێهاتێکان ئازووخەی زستانیان داخستبوو، سەربانی ماڵ و ئاغەڵانیان گڵەبان کردبوو، خۆیان بۆ سەرما و سۆڵی زستان خڕ دابوو. پاشێن قەتارەی قاز و قورینگان بە غار دەچوونە ئەو دیوی، زستان قشونێکی بێ ڕوحم و گران بوو، پێشەنگی ناردبۆە ساپێتەی کێوان، یەکشەوە چەپخونی کردە سەر وڵاتی.

ئاخری زستان داسەپا، زستانێکی سەخت و درێژ تەنگە تاوی کردن، زستانی وا سەخت بە بیری کەس نەبوو، بانەوبانیان دەبا کردبا، دەرکە و بانیان بە بەفری قورس گیرابوو، گرمژنی ڕنوووکەوی لەسەر شاخان دنیای دەلەرزاندەوە، شەو و ڕۆژ بەفر دەباری، ئاسمان بەدایم بۆڕ بوو، هەوری بە

بارشت پەێتا پەێتا دەهاتن، پشتیان دەدا بە پشتی یەکتر، قورس دەبوون، بۆڕ دەچوونەوە، لەسەر یەک لەسەر یەک کۆشیان هەڵدەڕشت، شەو و ڕۆژ بەفریان دەباراند، وەک بە هەزاران کوتەک لۆکە بکوتن، چیا و بەند و شیو و خڕ یەکدەست سپی دەچوونەوە، بەفر هەموو شتێکی داپۆشیبوو، تەنیا چڕنوکی گورگ و ڕێویان بەسەر هەزار لایە و لانەی کەڕۆیشکاندا لەسەری دیار بوو، ڕێچکەیان شکاندبوو.

شەوانە لۆرەی گورگی برسی لە هەرایەرەوە دەهات، لەو ماوەیەدا عەلی دوو سێ جار بەدزی چاوی بە خەزاڵ کەوتبوو، هەر دووکیان گۆڕدڕابوون، خەزاڵ ڕەنگ و ڕووی ژنانەی گرتبوو، بڕێک قەڵەوتر و گۆیشتن ببوو، جوانێکەی زۆرتر ببوو، خوێن شیرن و ڕوح سووک‌تر لە جاران دیاری دەکرد، شەرمی کچانەی جێی خۆی دابوو بە ترسی ژنانە. عەلیش پتەو و ڕەش‌تر لە جاران دیاری دەکرد، بەڵام ئاگری ئەوینیان هەروەک جاران بە بڵێسە مابۆوە، کە یەکتریان دەدیت هەروەک پێشوو سوور هەڵدەگەڕان، گەرمایەک دەلەشیان دەگەڕا، خوێنیان وەکوڵ دەهات و چاویان دەدرۆشاوە، بزە دەبوو بە دوو کۆترە باریکە کە لە سووچی لێویان هێلانەیان دەکرد. بە دەوری یەکتردا دەیان گماند.

کە کوێخا ڕەسووڵ کوژرابوو، خەزاڵ گەڕابۆوە ماڵە بابی، عەلیش لەبەر خاتری سەرما و سۆڵی زستان و گیرانی ڕێ و بانەکەلەدێی مابۆوە.

دوای ئەوەی مراد لە چەنگی ئەرسەلانی ڕزگار کردبوون، باریان بە سلامەت گەیاندبۆوە ماڵە حاجی بایز، حاجی بایز لە خوشیان دەستخۆشانێکی چاکی دابونێ، هەر ئەوێ ڕۆژێ بە وەسیلەی عەلی و سەلیمی وەڵامی لە حاجی سالە ناردبوو هەر چۆنێکی بۆە، مرادی ببینێتەوە، پووڵی بۆ بەرێ و پێی بڵێ: «حاجی دەیکوت بێتو لەگەڵ باری من بێ و بڕوا هەرچی بیهەوێ دەیدەمێ.»

دوو شەوان لە ماڵە حاجی سالە میوان ببوون هەتا حاجی گەڕابۆوە. بە ڕوویێکی سارد و ناخۆشەوە پێی کوتبوون مراد کوتوویەتی، ئێمە پیاوی ئەو کارەی نین، ئەرسەلانیشمان لەبەر خاتری خەڵکی کوشتۆوە، نە لە بەر بارەکەی وی، پووڵەکەشیان بۆ ناردبۆوە.

هەرتکیان دڵنیا بوون هیچ لەمپەر و کۆسپێکان نایەتە سەر ڕێ، جارێکیان خەزاڵ بۆ سەردانی دایکی عەلی وێڕای دایکی خۆی هاتبوو ماڵیان، لەوێ

چاویان به یەک کەوتبوو، بەڵام مەودای قسە کردنیان نەبوو، جارێکیشیان لە دووکانی کاک حەسەنی تووشی یەک هاتبون، دوو چەلانیش عەلی چووبۆوە ژوانێ، لەبەر شۆقی کەمی مانگ دا بۆ ماوەیەکی کورت چاویان پێک کەوتبوو، دەستی یەکتریان گرتبوو و گوێیان بۆ سرپە و پسکەی یەک هەڵخستبوو:

«ئەدی خەزاڵ! دەڵێی چی؟ چ بکەین؟ خۆ ئەمن ناتوانم هەتا سەر چاوەڕێ بم.»

«عەلی گیان! شوورەییە کەس چی چاکمان پێ ناڵێ، ئێستا سێ مانگ نیە کوێخا ڕەسووڵ مردۆە، دەبێ چەلێ ڕاوەستین.»

مانگ بەرامبەر بە هەوری بۆر ڕادەوەستا، بەر هەڵستی دەکردن، تریفەی زێوینی دەناردە مەیدانی شەڕ.

بەڵام دەرەوستیان نەدەهات، دەوریان دەدا، لەهەموو لایەکەوە شاڵاویان بۆ دێنا، دەنێو خۆیان دەگرت، بە جارێکی خەفەیان دەکرد، تاریکی دیسان وڵاتی دێناوە ژێر چۆکی خۆی، کۆلان بە خوف و سام دەبون، عەلی مات و کەساس، سەری بەردەداوە، بە بێوازی دەخزا نێو ماڵیان، سەری لە سەر سەنیری دادەنا، بە پەنجەرەیدا چاوی لە ئاسمانی تەماوی دەبڕی.

زستان ئەویی ساڵێ هەموو زەبر و زەنگی خۆی وەشاند، هەتا بەرە بەرە هەتاو گوڕاوە، زستان کەوتە ئاویلکە و جواناوی لە هەموو شوێنێکی دیترا، ڕەشانگ کەوتە نێو دێ و دێبەران، وردە وردە شیووخڕیش لە بەفری پابوونەوە، خاڵ دە بەفری چیاش کەوت، هاشە و خۆڕەی جۆگە ئاوان لەهەموو سووچێکی بەرز بۆوە، بای وادە ئەسپێکی خۆشبەز بوو تەقڵە و ڕمبازێنی دەکرد، گۆێ لە زستانێ ڕفاندبوو، زەوی پشووی دەکێشا، هەناسەی گەرمی بەفری دەتواندەوە، حاجی لەک لەک لە سەفەری دوورودرێژیان گەڕابوونەوە، لە سەربانی مزگەوتان خەریکی ڕێکوپێک کردنی هێلانەی پاریان بوون، چیلکە و چاڵی تازەیان دەهێنا و سەر لەنوێ ماڵ و حالیان دەرازاندەوە، باڵیان لێک دەکردەوە، دندووکیان پەیتا پەیتا لێک دەدا و مووژدەی هاتنی بەهارێکی تریان دەدا بە خەڵکی، دەنگی بەرخ و کارژیلان خۆشی داویشتە دڵی دێهاتیان.

پژ و پۆی داران دندووکەیان دابوو، چرویان دەرکردبوو، وڵات دەهات کەش لابێت، دەمێک تاوی توندی باران و ڕەهێلە، دەمێک گورگە زێو، ساتێک ساوبان دەبوو.

شەوێکی فێنکی سەری بەهاریە، بە هۆی بارانی دوێنێ شەو، کۆلان، کەند و لەندیان خۆناوکەی تێدا ڕاوەستاوە، قوڕ و زەلەق بە لاق و لەتەران دەنووسێ، گەواڵە هەوری بۆر و چڵکن بە ئاسپایی بە بەردەمی مانگێدا دەخوشین، شەوێکی سارد و تاریکە، تاق و لۆق ئەستێرەیەکی کز چاو دادەگرێ، چرای لاوێنێ دەمێکە کووژاونەوە، عەلی سەعاتێک دەبێ، دەنێو دارستانی کەنار بادیناوێدا ڕاوێچکەیەتی، بادیناوێ بە گور و تەوژم دەنێو تاریکی دا ڕادەخوشێ، هاشە و لرفەی هەتا ئەوسەری دنیا دەڕوا، گەرما و سەرما تێکەڵ بوون، لە ناخێوە بڵێسەی ئەوین و دڵداری، بلێزەی تاسەی دیتنی یار گەرمی دادێنێ، دەیسووتێنێ، خوێنی وەکوڵ دەخا، تەزووی کزەبای شەوی بەهار، بەسەر بادیناوێدا، بازدەدا و خۆ بە ئامێزی دادەکا، مووی لەشی دەکاتە نەشتەر، تێکەڵبوونی دوو هەست لە کاتێکیدا، نازانێ کێهەیان ڕەسەرن، کە بیر لە خەزاڵی دەکاتەوە گەرم دادێ، هەرکە بیر لە شەوی تاریک و تەنیایی دەکاتەوە، مچووڕکی پێ دادێ، بڵێی بێت؟ بڵێی بوێرێ؟ بیر و هەزری جۆراوجۆر و دژ بە یەکتر داوی جاڵجاڵۆکەن مێشکی دەتەنێتەوە، جەغز لەسەر جەغز داو لەسەر داو، بڵێی خەوی لێ نەکەوتبێ؟ بڵێی پێیان نەزانیبێ؟ ئەدی بۆ دیار نیە؟ سەری هەڵبڕیوە، چاوی لە ئاسمانێ، هەور مێگەلە مەڕی ڕەش و سپین، بە شوێن یەکدا سەریان لە دووی یەک ناوە، لە مێرگی ئاسماندا دەڕۆن، خەزاڵ لە سەری شەو ڕا دڵی بە گرمە کوتاوێتی، ترساوە، ڕەنگی بزرکاوە، دەڵێی هەموویان گۆێیان لە ختەخت و کوتەکوتی دڵێتی، لەپڕ ئاوڕیان لێ دەداتەوە، چاو بۆ دیتنی نیشانێک لە سۆسە و گومانیان دەگەڕێ، خۆ بە شتێکی دەخافڵێنێ، شەو بەرەو شەق بوون، دەڕوا، لە سەری شەو را دەیان جار لەگەڵ خوی بەشەڕ هاتۆت و دڵی سست بۆت، ئەژنۆی لەرزیون و چاوی گەشی کز بوون، ساتێک دوایە ورەی بەرز بۆتەوە، وەجۆش هاتۆتەوە، چاوی ترووسکاونەوە، خوێنی بە تەوژم و گوڕ بەنێو دەماریدا ڕاخوشیوە، دەموچاوی سوور چۆتەوە، ئەوین هانی داوە، دەیان جار دەناو ئەو شەڕ و کێشەی ناخی و خلێلەدا دەستوپێی لێداوە، چی کردبا؟ بەڵێنی داوە بە عەلی بچێتە ژوانی و قسەی خۆیان ئەوشۆ ببڕنەوە، لە لایەکیشەوە ترس لە باب و براکانی نەیاندەهێشت.

«جا خۆ هەر بە حاڵ سۆسەی بکەن سەرم دەبڕن.»

چاوی دە ئاسمان بڕیوە، مانگیلە بزەیە لە قولینچکی لێوی نیشتبۆ. دەنگی بابی گوی لێیە، «ئافرەت وەرە ئەو نانەی بەزیاد کە.»

خێرا هەڵدەستێ و دەچێتە دیوەکەی دیکە، باب و براکانی کشاونەوە، پاڵیان بە سەنیر و دەستەنۆنەکەیوە داوە، باس و خواسان دەکەن، خەزاڵ هۆشی لە وان نەماوە، دەترسی چاویان لێ بکا یان گوێ بداتە قسەیان، نە کالە سوڕی بگەن، بە پەلە کەوڵ و قاپوقاچاغان کۆ دەکاتەوە، چەند جاری حەوڵ دابوو دەو ماوەیەدا بە دایکی ڕاسپێرێت، بەڵکوو ئەو بە بابی بڵێ، هەموو جار پەژیوان ببۆوە، لە ترسی لۆمەی دایک و باب و دەوروبەری، هەتا وەختێکی دێ، چرا گڕسۆز کووژاوەتەوە، فانووسێک بە بزماری لەسەر کۆڵەکەی هەیوانی هەڵاوەسراوە، سریلە دەستیان بە بەزمی شەوانەیان کردۆە، خەزاڵ چۆتە سەر جێیەکەی، خۆی لە خەو داوە، ناڵە ناڵی دایکی لە تاو ژانی خالیگەی نابڕێتەوە، پڕخە پڕخی باب و براکانی لەو دیوی ڕا دێ، لێکیان دەکاتەوە، بێ جووڵە چاوی دەمیچی بڕیوە، سەری سووڕاندۆتەوە بە پەنجەرەیدا چاو لە دەرێ دەکا، هەور لێک هەڵوەشاون، لە چەند لایان ڕا کێشراون، تەنک بوون، پچڕپچڕ و کوتکوت بوون، لە مابەینیان ئاسمانە و ترووکە ترووکی چەند ئەستێرەی دوور، هەستاوەتە سەرپێ، گوێی هەڵخستۆە، بە هێواشی دەرکەی دەکاتەوە، دێتە سەر هەیوانێ، پڵیتەی فانووسی داکشاوە، نیسێی کورت دەبێتەوە، دێتە حەسار، چوارپێکەیان لە قولینچکی حەسار خۆی خەپەرە کردۆە، گۆی هەڵدەخاتەوە، چەک چەکێک توندوتیژ بە سەر سەری دا تێدەپەڕێ، دڵی دادە خورپێ، پاچڕکی پاچڕکی دەچێتە لای دەرکە، چوارپێکە چاوی لەگەڵ دەگێڕێ، بێ ئەوەی سەر لەسەر دەستی هەڵگرێت.

بە حاڵ کڵکی هەڵ دەسوورێنێ و لە حەرزی دەدات.

خەزاڵ دەرکەی دەکاتەوە، دەچێتە دەر، گەیوەتە دارستانەکە، عەلی بەرەوپیری دێ.

«خەزاڵ خەزاڵ، وەرە ئێرە، ئەوەتام.»

لەبەر شۆقی کەمی مانگ دا دەگەنە یەکتر، دەستیان داوەتە دەستی یەکتر، گەرمای لەشیان تێکەڵە، هەناسەیان ئاوێتە، دونیا ڕاوەستاوە، هەور پێش

چاوی مانگیان گرتۆتەوە، دە ئامێزی یەک دا نوقم بوون، بوون بە یەک، ببوون بە بەشێک لە دونیا، لە دارستان، لە سروشت، لەشەو.

«خەزاڵ گیان! ئەوە بۆ هەر نەدەهاتی؟»

قامکی ئەستووری بە پرچی دادێنێ.

«عەلی گیان! نەمدەوێرا، بە خودای هەتا هاتم نیوە گیان بووم، بۆخۆت باب و براکانم دەناسی، هەر سۆسەی بکەن ئەمیش و ئەتۆش دەکوژن.»

«جا باشەخەزاڵ گیان! قەول وانەبوو بە دایکت بڵێی بابت تێبگەیەنێ؟»

«عەلی گیان! هەرچەند دەکەم لە ڕووم هەڵنایە، دەڵێم نەکا تانە و تەشەرم لێدەن، بڵێن ئێستا کفنی مێردەکەی زەرد نەبۆە، بە تەمایە مێردی بکاتەوە.»

«خەزاڵ گیان! خۆ ئەمیش ناکرێ هەروا چاوەڕێ بمێنمەوە، ئەگەر ئەتۆ لە ڕووت هەڵنایە ئەمن دایکم دەنێرمە لای دایکت.»

خەزاڵ چاوی دە چاوی بڕیوە. «ئەو مانگەش دەست ڕاگرە پاشان بینێرە.»

کووندە بەبۆیەک خوێندی، لە شەقەی باڵیدا و فڕە فڕی دەنگی داوە، شەو شەق بۆت، لکوپۆپی داران دەجووڵێنەوە. خشپەیەک دێ؛ هەرتک ڕادەچڵەکێن، عەلی دەستی بۆ دەمانچە چۆە. «هەی حیزە.»

برووسکەی تیغی خەنجەرێکی لەشی شەوێ دەدرێنێ، برووسکەی هەورە ڕاست هاتۆتە خوار و لەسەر شانی عەلی نیشتۆە، عەلی دەمانجەی هەڵکێشاوە، شریخەی بەرز بۆتەوە، هاوارێک و زریکەێک وەڵاتی ناساندۆە، لاوێن لەغورابی خەوی ڕاچەنیوە، هەور لە دوورەوە لە چەخماخەی دەدەن، گرم و هۆریان دێ، عەلی حەبەساوە، قامکی لەسەر پلتۆکی دەمانچە ویشک هەڵاتۆە.

ئەوە کێیە؟ خودایە ئەوە چ بوو؟ لە کوێ ڕا هات؟ خەزاڵ! کچەتیوە ماڵ وێران بووین، ئەوە کێیە؟ خەزاڵ لە هۆش چۆە، لە پەنا تەرمەکە کەوتۆە، غوڵغوڵە و حەشرە لا دە لاوێنێدا ساز بۆە، دەنگ هەر دێن و نیزیک دەبنەوە، خۆناوەکە وردە وردە دەستی پێکردۆە، لە تۆقی سەری داران دادەچۆڕێن. عەلی هاتۆتە سەر سەری ڕاوەستاوە، سەرما دەزری ئاژنی کردۆە، گێژ و وڕ بەنێو دارستانەکەیدا دەڕوا، سەدان تاپۆ و سەهوێڕ بۆلای دێن، دەستیان درێژ دەکەن، پەنجەیان لە ئەوکی توند دەکەن، پشووی بۆ ناکێشرێ، هەناسەی سوارە، دەخۆی دەگرن، دەورەی دەدەن، لە هەموو لایەکەوە بۆ لای دێن، شێت و هار بۆە، گوللەیان

پێوەدەنێ، خۆی لە دەستیان دەپچڕێنێ، دیسان دەگەوەی پۆلێکی دیکەدا قەتیس ماوەتەوە، هەڵا و هەنگامە دەنێو مێشەڵانەکەدا ساز بۆە، کەس نازانێ چ قەوماوە؟ ئەو خوشک و برایە بۆ بەو نیوەشەوەی خەڵتانی خوێن کەوتوون؟ کێ لێی داون؟ چی ڕووی داوە؟

«کوڕە ئەوە سەید حەسەنە، هەی بابەڕۆ ئەوەش خەزاڵە.»

چ بۆە؟ کەس بیری بۆ نەدەکراوە، باران خۆڕەم دەباری، هەور، تریشقەیان نیزیک کردۆتەوە، خەزاڵ وەهۆش هاتۆتەوە، دنیا لە سەر سەری دەسووڕێ، ئینسانەکان لە دەوروبەری دەسووڕێن، عەلی لێی دێتە پێش، بزەی لێدەدا، دەستی بۆ درێژ دەکا، خەنجەرێکی خوێناوی لە ئاسمان دێتە خوار، تنۆک تنۆک خوێنی لێ دادەچۆڕێ، سەری لە گێژەوەدێت، چاو دە ئاسمانێ دەبڕێ، هەور دەیان گرماند، خوێن دادەبارین.

سەید حەسەن شەتەڵانی خوێن بۆ لای دەهات، دیزریکاند، لە هۆش دەچۆوە، هەزاران خەنجەر دەهاتنە خوار، خوێن تەواوی وەلاتی داگرت، لاقی بە خوێن دەبوو، هەتا ئەژنۆی دەچوو دەخوێنەوە، هەنگاوی هەڵدێناوە، زۆرتر ڕۆ دەچوو، هەتا ملی، دەهات بخنکێ، هاواری دەکردەوە، وەهۆش دەهاتەوە، سەری ڕادەوەشاند، ناڵەناڵ و شینوشەپۆری دایک و خزمانی لە دوورەوە دەبیست، زۆر لە دوورەوە، لەنێو دارستانێکی تاریک و بە سام، دەنگەکان تێکەڵ دەبوون، هاواری دەکردنێ، دەنگی لە ئەوکی نەدەهاتە دەر، پەنجەیەکی توندی خوێناوی قۆڕگی ڕێکدەکوشی، هەمیسان دەیزریکاندەوە و بێحاڵ دەبۆوە.

سەید نەجمە هەر ئەوێ شەو لەسەر تەرمی سەید حەسەنی سوێندی خوارد. «بە جەدم! مراد هەتا نەتکۆژم دەستت لێ هەڵناگرم، ئاخری تۆڵەی خۆت کردەوە، مراد شەرتە بە شەرتی پیاوان! تۆڵەی خوێنی سەید حەسەنیت لێ بکەمەوە!»

خەزاڵ بێ سەر و زمان لە ماڵ کەوت، ببوو بە دار، بەرد، بە تەرم، چین و چرووکی لەدەموچاوی هەڵقەندران، سیس و کز، چاوە گەشەکانی بێ جووڵە و بزووتن، بێ خەو و نووستن دەمیچی دەبڕان، زمانی قفڵ درابوو، لاڵ و تات. چەندیان نوشتە و دوعا بۆ کرد چاک نەبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، هی ئەو دوونیایەی نەبوو، شەوێکی سارد و تاریک لە دونیایەکی دیکە ڕا کەوتبۆە نێو دارستانێکی خوێناوی.

***

## (٥٠)

خوێن جۆمان بوو، بەهار شۆخ و شەنگ دابەزیبوو، زەوی و زار، چیا و دۆڵ و دەرانکەش دەچوونەوە، وڵات خەملابوو، لە مێرگ و داوێـنی شـاخان چـۆپ چۆپان بوو، گیا و گوڵ هەتا قەدی ئینسان هەسـتابوون، هـەر جێیکـی چـاوت لێکردبا ڕەنگابوو، سروشت خەمڵ و خشڵی لە خۆی هاڵاندبوو، چـەپ چـەپی و ڕەبـەنووک و شـلێر و هەڵاڵـە پێدەشـت و بنـاری چیاکانیـان ڕەنگـین کردبوو، خومخومی جۆگە ئاو و ڕووباران شـەو و ڕۆژ بـێ پسـانەوە، چرپـەی هەزاران مەلی خۆش ئاواز بوو دەهات. چیا سەرکەشەکان خاڵ بەلەک ببـوون و سەدان چۆڕاوگە لەبن پێیان ساز ببوو، تەنیا قەندیل یـەک دەسـت بـە وێنـەی چۆڕێ شیر تۆێژاڵی بەسـتبوو، خاڵـی تـێ نەکـەوتبوو، بـەڵام بـۆ سمایـل و هاوالانی دونیا خەمبار و تەماوی بوو، هەواڵی کووژرانی سولەیمان کسپەی لـە دڵ هێنابوون، ڕەشەبای خەم لک و پۆپی خۆشی داپڕووزقاندن، چاو نمـێن و دڵ بە خەم هەڵدەکرووشمان.

لە دیوێکی گەورە و دوور و درێژ لە پادگـانی جەڵـدیان دەیـان ئەفسـەر لـە دەوری مێزێکی دانیشتبوون، گوێیان بۆ قسەکانی ئەفسەرێکی گەورە کە لە تاران ڕا هاتبوو ڕاداشتبوو. بە سەریاندا دەیگوڕاند و تێیان دەخوڕی.

«بێ لیاقەتن، چۆن هەتا ئێستا نەتانتۆانیوە بەو هـەموو هێـزەی باشـاری چەند کەسان بکەن، ئەو ڕووداوانە بە گوێی شای گەیشتۆت یـەکچار توورەیـە، هەرچی زووتر دەبێ ئەو یاغیانە لە ناو بچن.»

یێکیان بە ترسەوە کوتی:

«قوربان ئێمه له بابەت ئەو گرفتەی هیچ چەشنە درێغێکمان نەکردۆت، بەڵام بۆ خۆت دەزانی وڵاتەکە یەکجار چڕ و شاخاویٚ و ئەوانیش شارەزای هەموو کون و کاژێرێکی هەن، خەڵکیش یاریدەیان دەدات، ئەورۆ لێرەن سبەینێ لە شوێنێکی دیکەن.»

ئەفسەرەکە بە سەریدا ەڕاند:

«ئەو قسانەم بە گۆی دا ناچێت، ئەوە مایەی ئابڕوو چوونمانە، ئەدی ئەو هەموو سیخوڕ و مووچە خۆرانە و بۆ چێت، بنێرن لە دووی ڕەشکۆخانی، خەڵاتیان بۆ سەریان زیاد کەن، خەڵکی وەتەماح خەن، دەگژیان ڕۆکەن.»

هەر خێرا ڕاسپاردەیەک چوو لە دووی ڕەشکۆخانی، ڕەشکۆخان بیٚ سیٚ و دوو بەچل سواری تەیار بۆ ئێواریٚ گەیشتە پادگان، سیٚسەد هەزار تمەنیان خەلات بۆ سەریان تەرخان کردن.

وڵات هارووژاوە، شەو و ڕۆژ ژاندەرم بە دێهاتانەوە وەربوون، دەستەیەک دەڕۆیی، دەستەیەکی دی دەهات، فەوجێک شەو دەمانەوە، بەیانی زوو دەڕۆیشتن، فەوجێکی تر جێیان دەگرتنەوە، بیٚ نێوبر دەهاتن و دەڕۆیشتن. یەک دوو چەلان سمایل و عەولا و فەتاح دەبۆسەیان کەوتن، هەر بە قوونە شەڕ قوتار بوون، مراد و خالیدیش جارێکی لە حاستی ماڵی تەرکەشی دە داویان کەوتن، هەتا تاریک بوونی شەریان کردبوو، دیسان چرکەیان لە ژاندەرمان بڕیبوو، کەس نەیوێرابوو لە حاستە خۆی ببزوێت، لە تارێکی شەودا ژاندەرم شەو ڕەویان کردبوو و بە پێدەزکی لە شەرگە دوور کەوتبوونەوە، مراد و خالیدیش ڕێتاریان کرد و نەدیو بوون، هەر دەهات و نێوبانگی زۆرتر دەر دەکرد.

«ئەریٚ بیستووتە؟»

«چی؟»

«دەڵێن ڕەشکۆخان بە حەفتا سواران لێی دەگەڕێت، خودا ڕوحمی پێبکا، باڵێشی هەبێت ناتوانیٚ ئەوجار دەرباز بیٚ، دەڵێن ڕەشکۆخان دندووکی چۆلەکەی دەنگیویٚ! ئەی خۆ لە خۆڕا حوکمات لەسەر ئەو هەموو ژاندەرمەی ڕا لەدووی وی نە ناردۆت.« «ئەی چۆن لەبیرت چۆتەوە حەسەن چەقەلی چۆن کوشت!»

«ئەی بابم ئەوە دەڵێی چی لە خۆتەوە، بۆ پێت وایە مرادیش حەسەن چەقەلە؟ با ڕەشکۆخان نەبێ بابی ڕەشکۆخانی بێت، با حەفتا سوار نەبێ، حەوسەت بن، خۆ دیسان باشاری مراد ناکەن.»

بە شەریان دەدان، بەێکیان بە کوشت دەدان و دیسان زیندوویان دەکردنەوە و لە شوێنێکی دی شەرێکی تریان بۆ ساز دەکردن.

سەید تاهیر لەگەڵ سەید حوسێنی کوڕی چوبۆە باڵ ژاندەرمان و شاخ بە شاخ لە گەڵیان دەگەڕا.

***

## (٥١)

باران بڕان بوو، هەوری بێوار لە ئاسۆ ڕا وەدی دەهاتن، زۆر ڕۆژان سەر لە بەیانان هەتا درەنگانێ بێ جوولە دەوەستان، ڕۆژ پەران پەراوێزیان بە تیشکی هەتاوێ شی بەڵەک دەبوو، شەوێش بەوێنەی نیسێیک لە شوێن خۆیان دەمانەوە، یان زۆر بە ئاسپایی وەڕێ دەکەوتن و لە شوێنێکی دیکەی ئاسمان ڕاوەدەستان، میلیۆنها ئەستێرە کلەکلیان دەهات، کادزەی ئاسمان شینبۆز، شەقامێکی بێ سەر و بن بوو کێشرابوو. سەدان هۆبە لە کوێستانی پێک هاتبوون، مێگەلیان پەلیان هەڵخستبوو، لە ئەشکەوت و شکێر و ڕەوەزە بەردان کزەی ئاوری شۆانان ساز ببوو، ئاوات و تاسەیان، هەست و ئێحساسیان، بە دەم شمشاڵیان دەگۆێی کەژوکۆسار دەچرپاند. ڕەشماڵ لە تەشکی داوێنی چیا و شاخان هەڵدرابوون، پەچەمەڕ لە پشتەوەیان دروست کرابوون، کازوکوزی بەیانان خوڕڕەمی کەوان، دەستی پێدەکرد، شاخە و شاخ جوابی یەکتریان دەداوە، قاسپەیان سروشتی لە شیرنە خەو ڕاست دەکردەوە، زەردە زیرە و بولبول لەسەر چڵە پۆپەی درکێکی یان گوڵێکی تیان دەچریکاند، بای بسکان بە سەری قامکی شووش و باریکی کەزی و بسکۆڵی سەوزە و گوڵی دادەهێنا، زەردە لە کێوانی دەدا، سروشت توێژی تاریکی فڕێ دەدا، ڕۆژ سپی مارێک بوو لە دوندی چیاکانی ڕۆژ هەڵات دادەخزا.

بەکرە ئێستا نەچووبۆوە بەر مەڕی، دوێنێ شەو قۆلاخی مەڕێکی گورگ خواردوی لەگەڵ خۆی هێنابۆوە هۆبەی حاجی سالە، هەتا ڕووناک بوونی وڵات هەر مابۆوە، قەدەرێک بوو ئاراوقەراری لێ هەڵگیرابوو، بیروخەیاڵی مێرمی بۆ یەک دەمیش بەری نەدەدا، ڕۆژ هەتا ئێوارێ دەشمشاڵەکەی دە توورانـد، قسەی

پێدەکرد، پێی‌دەناڵاند، دیسان دڵی ئۆقرەی نەدەگرت، بۆی دابین نەدەبوو، هەرکە دەبوو بە چێشتانگا و یا پالیان، دەست و پێی خوی لێ تێک دەچوو، وەک منداڵێکی لەبەر دەست مێری ڕادەوەستا، دەستەونەزری دەماوە، بەڵکوو بە تیلەی چاو، چاوێکی لێ بکات، بەڵکوو بزەیێکی چکۆڵەی بێتە سەر لێوە گۆشتن و ئاڵەکان، بەڵکوو چرکێک قامکیان وێک کەوێت، کەچی هەموو جار تەنیا خێسە و مۆڕەی مێری بەرامبەر بە خۆی دیبوو، دەسووتا، ئاوری تێبەر دەبوو، کوڵ و کەسەر دڵیان دەئاخنی، مات و مەلوول، دوای دۆشینی مەڕان لە شاخی دەدا، دار دەستەکەی هەڵدەسووڕاند، لە پاشەڵی گوێدرێژەکەی یان کەفەڵی چوار پێکانی ڕادەکێشا، لەشی سست دەبوو، هەستی دەکرد سەری قورسە و ناخی مەلوول، دەچوو سەر تەختە بەردێکی پان یا پاڵی بە کوتەرەی دارێکی دەدا و لێی دادەنیشت، نەیدەزانی چەند وەختە دانیشتۆە، بە تەنێ دەماوە، مەڕ و ماڵاتی لێ ون دەبوو، هەستی پێنەدەکردن، نەیدەزانی لە کەنگێوە شمشاڵی بەلێویەوە گرتۆە، ئەوین بڵێسەی کێشابوو، کلپاتەی، خەرمانی دڵی ئاور تێبەردابوو، بە ئاواتی گوزەرانی شەو و هاتنی ڕۆژ بە شوێن مێگەلی دا دەرۆی، چی دیکە نەیدەتوانی راوەستێت، شێت دەبوو، شێت ببوو، نە شەوی شەو بوو نە ڕۆژی ڕۆژ، نە خۆراکی خۆراک بوو، نە خەوی خەو، لەمێژ بوو خەیاڵێک، بیرێک وەک مۆرکە کەوتبۆە مێشکی، وردە وردە خواردبووی.

«دەبێ ڕەپ و ڕاست بە حاجی سالە بڵێم، مێری دەداتێ؟ یان دەڵێ چاکە، یان دەڵێ نا. دەبێ پێی بڵێم، خۆ ئەگەر بێت و بڵێ باشە، تازە تەواوە، مێری ناتوانێ لە قسەی دەرچێ.»

لە لای خۆی بەڵێنی حاجی دەدا بە خۆی، لە خۆشیان ڕەگی نێوچاوانی، چڵیان داویشت، وەخۆ دەهاتەوە، چاوی بە لیباس و دار دەستەکەی دەکەوت، ئەغیار دەبووە، خەم و کەسەر هێرشیان بۆ دێناوە.

«جا کۆا دەمداتێ؟ چیم هەیە؟ ئەمنی شوانکارە و ئەوی خاوەن ئەوداهاتە، کوا شتی وا دەبێ؟»

ئەوگار و سیس خۆی وێکدێناوە، چاوی دەبەردێکی، دەگیایەکی، دەخلێنێکی کە خەریکی پاڵ پێوەنانی کشپلێکی دەبوو، دەبری.

ئەستێرەی ڕۆژ بە حاڵ دیاری دەکرد، دەهات تێکەڵ ڕۆژ بێت، هەوارچییەکان لە خەو هەستابوون، هەر یەکەی لە سووچێکی هۆبەی دەهاتوچوو دابوون، بۆنی گیا و گوڵان، بۆنی جاترە، هەتا ئیسقان دەسمی، چریکەی بولبولێکی لەدوورەوە لە نێو سپیداری کەناری جۆگە ئاوەکە دا بڵیند ببوو، تروووسکەی خۆناوی سەر گۆنای چەپچەپی و گوڵە گورگان لە چاوانی دەدا، ئەستێرە بوون شەوێ باریبوون.

مێری لە چادر هاتەدەر، گوڵە مێلاق بوو، خاشخاش بوو، هەراش ببوو، شەو دە کالانەی چاویدا قەتیس مابۆوە، ڕەش ڕەش، بسکۆڵی ڕەشمار بوون، عاشقە و ماشقە لێک هاڵابوون، بەکرە هەراسی لێ هەڵگیرا، دڵی وەکوتە کوت کەوتبوو، دەلەرزی، دەبا وەڕێ کەوتبا، چووباوە بەر مەڕی، لای هاواڵەکەی، لاقی کۆت و پاهەنگی لێدرابوو، لە هەردی جۆ نەدەبوونەوە، نەیدەتوانی.

بە حەرزیەوە نووسابوو، مێری لە پێش چاو لاچووبوو، بە بیانووی یاریدەدانی هەوارچیان خۆی خافڵاند، لەنێو دەنگە دەن و قسەی هەوارچیان‌دا قاقای مێری گوێ لێدەبوو، بڵیسەی ئاوری ئەوین لە دڵیدا سەری لەئاسمان دەدا، بە پڕتاو ئاوڕی داوە، بە شوێن قاقاکەی چاوی دەگێڕا، مێری دیتەوە، نەرم و نیان، خەیاڵێکی شیرنی شەوانە بوو، پەیکەرێک بوو لە هەوران دوروستکرابوو، خۆناو و شەونمی سەر گۆنای گوڵێکی بوو، هەتاو لەسەر چیاکان وەسەر کەوتبوو و تیرۆژی بە تەواوی کەوتبۆوە سەر چادران، دەنگی بەرخ و کارژیلان لە پەچە مەرەکەی‌دا بەرز ببۆوە، چیغی بەر چادری جاجی سالە وەلاچووبوو، چادرەکە بەتاڵ بوو، کەسی تێدا نەبوو، تیشکی هەتاو هەتا نیوەی ژوورەکەی ڕووناک کردبوو، نیوەی دیکەی هەروا دەنیسێیەدا مابۆوە. بەکرە بە بەردەرکەدا ڕۆیی، چاوێکی لە ژوورەکە کرد، دەستێک نوێنوبان دە جاجمێکی تازەدا لە قولینچکی سەرەوە داندرابوو، دوو سێ کەنارەی نەخش سووری دەستچن لە سەر لبادی خاوێن ڕاخرابوون، لەوبەر ئەوبەریش دوو کەولە مەڕی قاوەیی پان کرابوونەوە.

بێری وردە وردە بە شاخەکەی هەڵگەڕابوون، دوو دوو و سێ سێ پێکەوە، هەر کامە دەفرێکی شیردۆشین لە قۆڵدا بە پێکەنین و تریقە تریقە لە چادران

دوور دەبوونەوە. چاوی لەدوایان مابۆوە کە بە دەنگی حاجی سالە وەخۆ هاتەوە، کە دەهات بچێتە نێو چادرەکە، لەبەر دەرگای هەرای لێکرد.

«کوڕە بەکرە! ئەوە بۆ نەچوویەوە بەر مەری؟»

بەکرە ڕاچڵەکی، ئاوڕی لێدابۆوە کوتی:

«حاج ئاغا! ئەوە دەڕۆیشتم.»

حاجی چوو نێو چادرەکەی. بەکرە هەمیسان چاوی دەبڕیان بڕیوە، دەیان گەمی و پاپۆری ڕەنگاوڕەنگ بوون، لەسەر زەریای سەوزی کەما جاران، دردونگ ماوە، نەیدەزانی چ بکا، ماوەیەک بێ ئەوەی بتوانێ خۆی ساخ بکاتەوە لەجێی خۆی ڕاوەستا، نێوچاوانی گرژ ببوو، ڕقی لە خۆی هەستابوو، دەست بە ئەژنۆ مابۆوە، خۆی یەک لا کرد و بە پەلە هاتە بەر دەرکەی چادری ڕاوەستا، نیسێی کەوتە سەر کەنارەی بەر دەرگاکە، حاجی سالە سەری لەسەر مجرێکی چکۆڵە هەڵگرت.

«ها چ باسە بەکرە؟ ئەوە هەر لێرەی؟»!

بەکرە پێوە ببوو، بۆ ساتێکی ویستی درۆیەکی هەڵبەستێ و خۆی لەو گێژاوە نەجات دات، نەیتوانی؛ دەبا کوتبای، هەر لە قەراغ چادرەکە لەسەر چۆک دانیشت سەری بەرداوە، سەری گۆچانەکەی توند دەدەستی دا دەکوشی، حاجی دیسان کوتی:

«رزگارمکە، قسەیەکت پێیە، بێدرکێنە بزانم دەڵێی چی.»

«حاج ئاغا بە نۆکەری خۆتم قەبووڵ کە.»

حاجی کوتی:

«هەستە هەستە بچۆوە سەر کارەکەی خۆت دەی، یاڵلا. لەو قسانە گەڕێ، ڕۆژ درەنگە.»

بەکرە وەک ئاوێکی ساردیان پێداکردبێت لە حاستە خۆ شانی داچۆران، هێز و وزەیان تێدا نەمابوو، هات بڵێ، دەجا ئەمن لێرە دەڕۆم، ئەوەشی نەتوانی، ورتێکی لەبن لێویوە هات کە تەنیا بۆ خۆی بیستی، ماوەیەک دوایە تیشکی تاوی هەتا دەستە نوێنەکەی خزابوو.

***

## (٥٢)

لە بێوران ڕا شوێنیان هەڵگرتبوون، دێ بە دێ بە دوایانـدا ڕۆیبـون، چەنـد جاران دەوریان دابوون، هەموو جار جەغزی گـەمارۆوویان شـکاندبوو و دەربـاز ببوون، دوو شەو و ڕۆژان بێوچان وەدویان کەوتبوون، لـە هـەموو سـووچێکی ژاندەرمـە لێیـان دەرپـەڕیبوون، قـادرخان و مسـتەفا زۆر پیاوانـە لێیـان ڕاسابوون، پشتیان دابوو پشتی یەکتر، هـەر بـە قوونـە شـەڕ شـاخە و شـاخ ڕۆیبوون، بە برسێتی و ماندوویەتی، لە شەڕ لەگەڵ ئـەو دەسـتەی بـە چـاکی قوتار نەدەبوون، تووشی دەستەیەکی دیکە دەبوون. بە هەر چەرمەسەرێکی بـوو خۆیان گەیاندبۆە شەڵماشی.

گوڕەی تاڤگەی شەڵماشێ ڕۆژە ڕێیـەک دەڕۆیـی، شـا مارێـک، شـابازێکی گەورە بوو لە نهیمێ ڕا لوور ببۆ هەردی، پەلکە زێرینە لە قەدی هالآبوو، پژەی لە دوورەوەوە دەموچاویان دەکەوت، هەموو ساتێک وەک کێوێـک بـڕووخێ یـا ڕنۆویەک، دەنگی گڕمژنی دەهات، دەکەوتە سەر زەوی، کەفی دەکرد، لە حاستە خۆی سووری دەدا و ئاشە تەندوورەی ساز دەکرد، ئەوجار هێمن دبـۆوە، شـین شین بەسەر گاشە بەردی زڵ زڵدا بازدی دەدا، دیسان لە شوێنێکی دیکە بن پێـی بەتاڵ دەبۆوە، ئامبازی هەردی دەهاتەوە و تاڤگەی ڕزگەی پێک دێنـا، ئەوبـەر ئەوبەری شەخەلی کیپ و مووبر ساز ببوو، پژوپۆی دارە هەنار و گێوژ و گوێز و هەنجیر و هەرمێیان هەمبێزی یـەک ببـوون، لـەگوێی چۆمەکـەڕا لـە هـەردی ڕسکابوون و بەرەو ئاسمـانی شـین هەڵـچووبوون، گمـەگمی کـۆتر، لەسـەر لکوپۆپێیان، ئاوێتەی لرفە لرفی سەر وەشێنەکان دەبوون.

شەکەت و کاسوڵ لە دارستانەکە هاتنەدەر، لاقیان لەسەر تاڵوو و گیایـەکان هەڵدەخلیسکا و دەستیان بە پنج و پنجاران دادڕووشا، هـەتا هاتنـە بەسـتێنی

چۆمی، خیزاو هەتا کەناری چۆم دەهات وەخیزەڵانەکەی دەکەوتن و دەگەڕانەوە. قادرخان بەلەپی دەست دوو سێ جار ئاوی بە دەموچاوی داکرد و ئەوجار یەک دوو لەپی هەڵگرتوو خواردیوە، مستەفا تفەنگی لە شان هێنا خوار و لە پەنا خۆی دانا، هاتە سەر چۆمەکە، ئەویش دوو سێ لەپی ئاو بە دەموچاوی داکرد و هێندێکی خۆاردەوە، چاوی دە قادرخانی بڕی کە هەڵترووشکابوو، چاوی لە سەر بڵقی ئاوەکەی مابۆوە، بۆ ساتێک وەدی دەهاتن و دە تۆقینەوە.

«قادرخان بیر لەچی دەکەیوە؟»

قادرخان هەناسەیەکی هەڵکێشا، چاوی دەچاوی مستەفا بڕی.

«مستەفا بیرم لەوەی دەکردەوە، مرۆڤەکان وەک ئەو بڵقانەن، ڕۆژێک دێنە سەر ئەو دونیایە، ماوەیەک دوایە ون دەبن، یەکی دیکە جێیان دەگرێتەوە، ئەدی ئەگەر وایە ئەو هەموو ناکۆکی و نامرادێ چیە؟ ئەو ساتە کەمەی لەبەر چی لێک ناخۆش دەکەین؟»

مستەفا زەردێکی هاتێ، هاتە پەنای، ئەویش هەڵترووشکا و دەستی لەسەر شانی دانا، بە دەستەکەی دیکە ئاوێکی کە بە سمێڵی نووسابوو ستریوە.

«قادرخان! وەرەزی ماڵێ دەکەی؟»

«مستەفا گیان! هەر ئەوە نێیە، دەفکری خۆم دانیم، ئەمن تازە خۆم بوو کۆشتنێ داناوە، مەبەستم لە کاری دنیایە، تاقمێک ئینسان بۆ ئەوەی جێیکی زۆرتر لەو دنیا بێ وەفایە داگیرکەن، بۆ ئەوەی دەمێکی زۆرتر لەسەر ئەو زەویە بژین، حازرن هەموو شتێکی بکەن، بە هەموو جۆرێکی بیگوزەرێنن، ئەوەتا براله ئەوە چەند وەختە یەکبین هەر کوردە شەرمان لەگەڵ دەکەن، لەبەرچی؟ بۆ نازانن ئێمەش وەک خۆیانین، لەبەر خاتری ئەوان، منداڵی وان دەستمان لە ژیانمان هەڵگرتۆە؟»

مستەفا هەناسەیەکی هەڵکێشا.

«جا بڵێم چی براله؟ وەڵلاهی ئەمنیش دڵم هەمووی خوێنە، زۆر چەلان وەختە خۆم بدەمە بەر گوللان، یان بە قەست سینگم پێوەنێم، هەتا لانیکەم ئامانجی کوردێکی ودی بێت کەچی لەدوایە پەژیوان دەبمەوە، بیر لەوەی دەکەمەوە، ئەوانە کورد نین، تەنیا زمان و لباسیان کوردانەیە. دەنا بۆ خۆیان کورد نین.»

پژەی ئاو وەدەم و چاویان دەکەوت و فێنکی دەکردنەوە. قادرخان ئاغابانووی لەسەر کردەوە، تیسکی ڕەشــی مــووی بــە هــۆی ئارەقــە پێکــەوە نووســابوو، ئاغابانووی شەق کردەوە و گورجوگــۆڵ لەســەری بەســتەوە، حەســابوونەوە، هەستانە سەر پێ و بە ڕێچکــە ڕێیکــی دا وەرێ کــەوتن، گەیشــتنە ســەری ئــاو هەڵدێر، دارەبی خۆیان کۆم کردبۆوە و لکوپۆپیان ڕژابۆە نێو ئاو.

لەسەر ڕا بۆیان هاتن، شریخ و هۆڕی تفەنگیان بڵیند بوو، خۆیان لــە پــەنا دوو بەردان حاشاردا، پشت لــە چــۆم و ڕوو لــە ژانــدەرمان دامــەزران، گوللــە وەچوومی دەکەوتن، چزەیان لێدەهات و سارد دەبوونەوە، شەر دەستی پێکــرد، کەلاکی سێ ژاندەرمان لەسەر حــەرزی کــەوتبوو، دوو ســاعات بــوو بــە شــەر دەهاتن، لە پرێکی هەرتکیان قامکیان لەســەر پلــتۆکی تفــەنگ ویشــک هــەلات. ژاندەرم منداڵی باغەوانیان وەپێشە خۆ دابوو، لە پشت سەری ئــەوان بــە کۆمــە کۆم بۆیان دەهاتن، زیقە و هاتوهاواری منــداڵان تێکــەڵ گــوڕەی تاڤــگە ببــوو. چاوێکیان لێک کرد، خەمبار و مات نەیان دەزانی چ بکەن؟

ترسی کوژرانی ئەو منداڵە بێتاوانانە لەجێی خۆیان ویشکی کردبــوون. هــەر دەهات و زۆرتریان لێ نزیک دەبوونەۆە، لە لاقــی ژانــدەرمێکیان دا، بــەڵام بــێ کەڵک بوو، ئەوانی دیکە هەر دەهاتنە پێش‌تر.

قادرخان پەیکەری بابێک بوو بەرامبەر مناڵەکەی خۆی، هیوا، ئەوە هیوایــە بۆتە نیشانە تفەنگی، سیرەی تێدەگرتن، دیسان تفەنگی دێنــاوە خــۆار، هــیچ عیلاجیان بۆ نەمابوو ئیستێکی دی دەهاتنە سەریان، چاویان لێک کرد.

«مستەفا خۆ دەچۆمی باوێن.»

خۆیان بە چۆمی دادا، قڕمە قڕمی تفەنگان لە دوای یەک هات، دەمێک دوایــە وڵات کش و مات بوو، پەڵکە زێرینە، دەم بە دەم سوورتر و سوورتر بوو، پەڵــکە زێرینەی سوور و خوێناوی لە قەدی تاڤگەی شەڵماش هاڵابوو، سەروەشین لــە گابۆری دا، ئێستاش دەنگی شەپۆری چەند شاخ ئەولاتر دەڕوات.

***

## (٥٣)

دڵاوێن بوو، وەرزێر تاریک‌وڕوونی بەیان پرێسکە نان و پێخۆران بە دەستەوە دەگرت، مەلەغانیان داویشتە سەرشان و بەرەو مووچە و مەزرا بە پێ و قۆچاغ دەڕۆیشتن، گەنم ملیان لار کردبۆوە، خشەخشیان بەهۆی تێپەربوونی لارەباییکی دەنێویاندا لێ هەڵدەستا. تیشکی هەتاو بوون ڕژابوون، زەرد زەرد.

جووتیار و قەرە بێوچان، دەیان دروون، تنۆکی ئارقە لەنێو چاوانیان ڕێچکەیان دەبەست، تێکەڵ یەک دەبوون، شۆڕابەیان لێ ساز دەبوو، لەسەرومل و سینگیان دەتکاوە.

دەستی ماندوو لە سەر سکی تێرە! ئەتۆ بڵێی وا بێت؟ کۆا وایە؟

لە کوێ وایە؟ دەبێ بڵێن دەستی خوێناوی، دەستی پیس، دەستی زۆر لە سەر زگی تێرە! هەزاران ساڵە لە بەیاندا هەتا بانگی شێوان، پشت کۆم دەبنەوە، دەست شقارڕ شقارو زگ برسی برسی! بۆ کەس نازانێت؟ یان دەزانین و خۆ گێل دەکەین؟ چاو دەکەینەوە، باب و باپیرانیشمان هەر ئاوا دیوەت، مناڵەکانیشمان هەروا دەبینن، بەڵام بۆ یەکجاریش پشت ڕاست نابنەوە، سەر هەڵ نایە، چاو ناگێردرێن، هەتا ببینین کێ وای کردوت؟

بۆ وایە؟ دەڵێن ئەوە قسمەتە، وشێکی کە سەران دادەنۆنێت، پشتان کۆم دەکات و زمانان لاڵ، چاوان کوێر و مێشکان ویشک فڕوفێڵی تاقمێک لە ئینسانەکان بەسەر خودا یا بەسەر قسمەت دادنێن، ئاغایان ساز دەکەن، بۆخۆشیان نۆکەریان دەکەن، خۆی بۆ بە کوشت دەدەن، خۆینی یەکتر دەرژن، هەتا دەستی حەساوەی ئەوان لەسەر زگی تێر و دەستی ماندووی خۆیان لە سەر زگی برسی بێت!

وەڵات لــە تەشــقی گــەرما چووبــوو، قــەدەم و هــاڵاوی گــەرما، ڕەورەوە و تراویلکەی ساز کردبوو، زرەکانی ویشــک ئاوایــان هــاتبوو، نێــوە ڕۆیــان لــە تەوژمی گەرما وڵات قڕوقپ دەبوو، دار و بەرد و ئینسان و دەعبا تێکڕا دەهاژان، تەنیا سیسرک و کوڵلو و یەکبین دەیان زریکاند و زریکــەیان مێشــکی ئینســانی تەنگە تاو دەکرد. چەڵ چەڵە سرویکی کز و لەڕ لە سووچێکی ڕا دەهات، بەحــاڵ شەکەی بە لکوپۆی دارە بووزەکــەی دەداوە دەموچاویــان دەکــەوت، لــەوانیش تێدەپەڕیَ، هێندێک دەرۆیی لە تەشقی گەرماکە دە پەشۆکا و ڕووی دە شوێنێکی دی دەکرد، دیسان گەرما بەسەر وەڵاتی دادەسەپاوە، لەبن دارەکەی لەسەر پشت ڕاکشابوون، مەودای نێوان گەلایان هەزاران پەنجەرە بــوون، روو بــە ئاسمــانی ساماڵ و کەوی ڕەنگ‌کرا بوونەوە، دوو باشوو تیژ تیژ باڵیان لێــدەدا، جــەغزی گەورەی نادیاریان لە ئاسمان‌دا ساز دەکرد. مراد کوتی:

«خالید! با ئەمیشت لەگەڵ بێم.»

خالید هەستا دانیشت، چاوی دە چیای بەرامبەریان بری.

«مراد گیان! پێم خۆش نێیە ئەتۆ بێی، ئاوا چاکترە، پێکەوە بــین دەســبەجێ دەمان ناسنەوە، ناوەڵڵاە هەر بەتەنێ دەچم باشترە.» مرادیش هەستا دانیشت، باشووکان چووبوونە ئاسمانی سەر چیای بەرامبەریان دەسوران.»

- خالید گیان دونیا هەزار موقەدەرە، با لەگەڵت بێم.

خالید هەناسەی دەرداوە.

«ئەگەر بەتەنێ بچم کەس سۆسەی ناکا، ئەتۆم لەگەڵ بێ خەڵک زۆرترمــان شک لێدەکەن»

«جا خالید گیان! ئەوە دەشچی، ئەمما چووزانی خدرەشەڵ راستی گوتبێ؟»

«بە دڵم داهاتۆە ڕاست دەکا، نیشانەکانیشی ڕاست بوون، خەڵکی دێیکن، لە منداڵیوە دەیناسێت، هاتوچۆی مالە بابیشی هەیە، لێم یەقینە لەوێیە.»

«دە زۆر باشە، دەجا ئەمن هەر دوور و نیزیکی دێی خــۆ مــات دەدەم، ئــەتۆ خێرا بچۆ بی‌بینەوە و وەرەوە لام.»

خالید کوتی:

«مراد گیان! بۆ هەر دەیکەیە زۆری؟ برالە ئەندیزە دەشتە و دێبەری جێــی وای لێ نیێە خۆتی لێبشارێوە، بێتوو دەوڵەت پێبزانێ وەک کەو دەگــیر دەکــەوی،

ئەو جار گوێت لێنەبوو خدرە شەڵ کوتی هەر سێ برای چەکیان هەڵگرتۆت و بە شوێن ئێمەن ئەوان هەرچی بێت ئەمن ئێستاش هـەر زاوایـانم لـە بـەر لۆمـەی خەڵکیش بێت لە ماڵە خۆیاندا کاریان بە من نییە، بەڵام بەسەر تـووە نـاچن، خلاتێکی کەمیان بۆ سەرمان دانەناوە، ناوەڵلا ئەتۆ هـەر لێـرە مـەبزو و ئـەمن شەوەکی دەچم و دێمەوە.»

وردە وردە لە تەشقی گەرما کەم ببۆوە، سروشت جـم وجۆڵـی تێکـەوتبوو، پەپوولـە لەسـەر لاسـک و چلـووکی گـوڵ و گیـا دەنیشـتن، مانـدوویان دە حەساندەوە، لەرزە لەرزیان وەباڵیان دەخست، سەر لە نـوێ هەڵـدەفرینەۆە، هەنگ بە ویزە ویز بە ولاتێوە ببوون، مێرو خێزەرەیان بەسـتبوو و بـە پەڵـە و لەز دەهاتوچۆ دابوون، هەتا دارە بووزەکەش دەهاتن، وەسەر تێکۆلی ئەستوور و شەقار شەقاری دەکەوتن، پێیدا هەڵـدەگەران، لەسـەر دوو فیڵـقانەی لـک و پۆپی، هەر پۆلەی بە شوێنێکیدا دەڕۆیشتن، دەنێو گەلایاندا لەبەر چاویـان ون دەبوون.

باشوو لەنگەریان گرتبـوو، باشـووی خـەیاڵ لـە ئـەسمانی ڕابردوویـان، لەنگەری گرت، سووڕان و سووڕان، لـە ئاسمـانی جـەڕان سـووڕان، گاڵـتە و گەمەی منداڵی، گەرانی ئێواران لە کۆلانی تەسک وباریکدا، جۆرابێن و ئالایشی شەوانی زستان، باشوولێک هەڵبران هەر کامەی تیژ روو بە ئاسمانێک بالیـان لێدا، ئەسمـەر، منداڵـەکانی، هێـرۆ، بادینـاوێ، لێوبـەبار و مـات چاویـان دەئاوزینگی هەتاو بریبوو، تارمایی ئێوارێ و نیسێی کێـوان ولاتیـان بـە خـەم کردبوو.

ئینسان سروشتە، سروشت ئینسان، یەکن، کە دڵ بە خەم بـوو سروشـتیش خەماویە، بە تەمـە، کـە دڵ گەشـاوە، سروشـت دەگەشـێتەوە، دەرازێتـەوە، دەخەملێ لە پێش چاو، پێکەنینە، بزەیە لە هەموو سووچێکی، لە جووڵانەوەی پەڵکی دارێک، لە هەڵفرینی پەپوولەیێک، لە شەقەی باڵی مەلێک.

خالید هەستابۆە سەر پێ، بەرگی گۆری، دەمانچەکـەی لـەقـەدی پشـتوێنی تاقەت کرد، دارە دەستەکەی بەدەستەوە گرت، هات بەرامبەر بە مراد ڕاوەسـتا، بێ قسە چاویان دە چاوی یەک بڕی، ئاوقای یەک هـاتن، بۆنیـان بـە یەکـەوە دەکرد، دەتکوت دوای ساڵها دووری و فیراق هـەوەڵ جـارە یـەکتر دەبیننـەوە،

دەستیان لە ملی یەکتر توند کرد، هەناسەیان دەسینگدا قەتیس مابۆوە، لێک جویّ بوونەوە بەڵام چاویان جیا نەببوونەوە خالید چۆ سەربانی شەو هەتا ئەندیزە لەگەڵی بڕوات، مراد چاوی لە دوای ماوە، هەتا بە یەکجاری شەو لەگەڵ خۆی برد. چرای مالیّ ئەندیزە لە دوورەوە کزە کزیانە. هەوەڵ جار کە هاتبۆە ئەندیزە و چاویان پێک کەوتبوو، دڵیان داخورپابوو.

لە شەو دا دونیای خەیاڵ بەرین دەبیّ، هەموو شێتک دەشەودا، دەتاریکی دا ون دەبیّ، خەیاڵی ئینسان ڕوون و ڕوونتر دەبێت.

دەنگی مەلای مزگەوت دیّ، باوی هەنگاوی خۆش دەکا، لە شاخی هاتۆتە خوار و کەوتۆتە دەشتایی، لەبەر تریفەی مانگەشەودا راستەرێی دەبینێتەوە و دێتە سەری.

شەوێکی فینک و بیّ خەوشی ئاخری جۆزەردانە، جلەوی ئەسپی بە دەستەوە گرتۆت چاوی دەترووکەی چرای ماڵە ئەسمەر گیرساوە، ئەسپە تاوناتاوێکی سم لە حەرز دەکوتیّ و لاسکە لاسکیّ دەکا، چرا یەک لەدوای یەک دەکوژێنەوە.

«ئەدی ئەوە بۆ هەر دیار نییە؟»

شەو دێزیک بۆ لای دێت، جلەوی ئەسپی توند بە دەستەوە گرتۆت، بۆ لای دەچیّ.

«بۆ خۆیەتی، هەوە گەیشتنە یەکتر، بووخچەی لێوەر دەگریّ. «هاتی ئەسمەر خێرابە سۆار بە.»

دوو پشتەکی سوار بوون، زرمەی سمی ئەسپ دەگوێی شەودا دەزرینگێتەوە. تاق و لۆق مرۆڤێک بە کۆلاناندا دەڕۆیشتن، گەیشتە دەرازینی ماڵیان، چوار جار دەرکەی دەکوتیّ، دەنگی منداڵان لە ژوورێدا دێت، دەنگی خەسووی گویّ لێیە.

«محەممەد کوڕە برۆ بزانە ئەوە کێیە لە دەرکەی دەدات.»

دەرگا کراوە، مێر منالێک بەرامبەری ڕاوەستاوە.

«فەرموو کاکە! کارت بە کێیە؟»

«بلیّ میوانی ڕادەگرن؟»

«محەممەد کێیە؟»

محەممەد ئاوڕێکی لە نەنکی داوە.

«دایە گەورە! پیاوێکە دەڵێ میوانی ڕادەگرن؟»
«کوڕم پێی بڵێ پیاومان لەماڵ نییە.»
خالید چی دیکە ڕانەوەستا، بە پەنا کوڕەکەیدا هاتە حەسار.
«سەلام باج ئامین، ئەمنم!»
دەنگی ئاشنا بوو، باج ئامین بەرامبەری هات، لێی ورد بۆوە.
«خالید ئەتۆی؟»!!!
دەستی بە گریان کرد.
«خالید گیان ئەتۆی؟»
خۆی دەباوەشی هاویشت و پێیدا نووسا.
«خالید گیان! خالید کوڕم! بۆ هاتووی؟»
«ئەسمەر! ئەسمەر! لەکوێیە؟ دەڵێن هاتۆتەوە ئێرە.»
باج ئامین ئانیسکی لێدەدا.
«ئەسمەری چی کوڕم، بۆ هاتی؟ وەرە، وەرە ئەوەتا ئەسمەر.»
قۆڵی گرت و لەگەڵ خۆی بۆ لای ژێرخانێکی چکۆڵەی برد، دەرکەی داخرابوو.
«ئەوەتا ئەسمەر لێرەیە.»
ئەوجار لە حاستە خۆی دانیشت و سەری دەبەر خۆینا، خۆی ڕاوەشاند و ناڵاندی.
خالید پالێکی بەدەرکەوە نا و چۆە ژوور، تاریکی ڕەش و بەش کوێری کرد.
«ئەسمەر! ئەسمەر گیان! ئەمنم خالید، لەکۆی بۆ دەنگێ ناکەی؟ ئەسمەر گیان! ئەمنم خالید، نامناسێوە؟ کۆای بۆ قسان ناکەی؟»
لەتاریکی دا لاق هەڵدێنێتەوە، دەچێتە پێشتر، ئەسمەر نالێکی لێهات.
«هاتێوە خالید گیان! ئەدی بۆ وا درەنگ؟ زۆر لەمێژە چاوەڕێم، وڵات تاریکە، زۆر تاریکە، نات‌بینم، منداڵەکانیشم نابینم، چاو دەگێرم، ئەوەتا دیتمەوە، چاو خالید گیان! عوسمان و عەلی دەستیان بۆ ڕاداشتووی، خالید گیان! چت بۆ هێناون؟
خالید گیان! تۆخودا دەنگێ مەکە خەجی دێ خەوی لێ بکەوێ.»
دەستی کرد بە ڕاژاندنی بێشکەی بەتاڵ.
«دەبنوو ڕۆڵە گیان! شەو درەنگە بابو و ئەوشۆش نایەتەوە.»

جیرەی بێشکە دەتاریکی دا پەڵ دەکوتێ، خالید وێشک هەڵاتۆت، زەریای گریان لە ئەوکی دا مونج لێدەدات، هاتە پێشتر، لە تاریکیدا دەستی درێژ کرد دەستی ئەسمەری گرتۆە، دەدەست خۆیدا دەکوشێت.

«ئەسمەر گیان! ئەسمەر! بۆ وامان لێهات؟ ئەوە چ بوو بە سەرمان هات؟ کۆا منداڵەکانم؟»

«ئەوتانین خالید گیان! لێرەن لە پەنای منن، گوێت لە دەنگیان نییە؟»

«ڕۆڵە گیان! بێدەنگ بن بابوو ماندوویە، تازە هاتۆتەوە، خەجی گیان کچم، خەجی دە هەستە دەی بچۆ باوەشی بابت.»

جیرەی لانکی بڵیند بۆت.

«ئەسمەر گیان! شێت بووم ئەی هاوار تۆخودا ئەوە چ موسیبەتێک بوو تووشمان بوو؟ توخودا قسەم بو بکە، پێم بڵێ بۆ وامان لێهات؟»

ئەسمەر ناڵاندێوە.

«خالید گیان! کورە خالید! دونیا تاریکە، زۆر تاریکە، منداڵەکانم ون کردۆت، چم لێدەکەی، کورە چم لێدەکەی؟ دنیا تاریکە نایان بینمەوە، کورە خالید گیان! توخودا قسان مەکە با دەنگیانم گوێ لێ بێ.»

نالەی بێشکەی هەستاوە، ئاگایان لە دونیای دەرێ نەمابوو، نالە بوو و هەناسە و هەنیسک، هیچی تر.

زۆر لەمێژبوو دەورەی ماڵی درابوو، هاتبوونە نێو حەساریش، لەوبەر و ئەوبەری دەرکەی ژێرخانێ مات ببوون، چەند جاران سەروانە شێتە گوڕاندبووی: «وەرە دەر، چەکت دانێ.»

هیچ جوابێکی نەبوو، تەقەی تفەنگان مەلی شەویان قووشقی کرد. بەجارێکی سەدان گوللەیان هاویشت، چەلەنگی بنزینیان دەژوور هاویشت و ئاوریان تێبەردا، تەنیا ناڵە دەهات و هیچیتر، بڵیسەی ئاور هەتا ناخی ئاسمان هەڵدەچوو، پەروپۆی مەلی شەو سووتا، بۆ کروز و کز دە دێی گەرا، تەنیا نالە دەهات و بەس.

بەیانی زوو خەڵکی ئەندێزە، دوو نەفەریان دیت خۆیتان بەسەر بێشکێکی سوتاو داگرتبوو و ببوونە خەڵوس، لێزگێکی ڕەش لە نێوانیان کەوتبوو، لارە باییک وەنێویان کەوت، ناڵەیەک هات و ئیتر هیچ.

***

## (٥٤)

پەپوولە پاییزە نەرم و نیان، سووک و بەناز، لەگەڵ نزەبا کەوتبوون، بەسەر مێرگ و گیاجاراندا، لێر و دارستاندا، بە سەر سەری تاتە بەرد و ڕەوەزاندا دەڕۆیشتن، پۆل پۆل، دەستە دەستە، پێیان دەنا سەر توێلی رووبار و چۆمان، ماندوویان دەحەساندەوە، دیسان خۆیان دە ئامێزی شنێ بایێکی دی داویشت و هەڵدەفرینەوە، بەرەو تەوقەسەری ئاسمانی دەمەوپاییز، بۆ هەموو شوێنێکی دەڕۆیشتن، خەیالی ئینسانی بوون سنوور و کەوشەنیان دەپەراند، بە باڵی هەست دەفرین.

دێ بە دێ دەڕۆیشتن، هەر شەوەێ لە دێیێکی دەمانەوە، دێهاتێکان لە مزگەوتێ وەخڕ دەبوون، سەر لە ئێوارێ هەتا درنگانێ قسەیان بۆ دەکردن.

«ئێمە نەچەتەین نە ڕێگر، تەنیا دژی زۆری پەهلەوی ڕاساوین.»

«ئێمە لەبەر خاتری ئێوە هاتووین.»

لادێی بەسەر سوورماویی چاویان لێدەکردن و لێیان دەهاڵان، لەبەری پێیان ڕا هەتا تۆقی سەریان دەسیرەی چاو دەگرت، بە سرتە پێکەوە قسەیان دەکرد، نەیاندەزانی کێن و چیان دەوێ؟ چەتەن؟ ڕێگرن؟ پیاوی دەوڵەتێن؟ چ کارەن؟

هەر کەسە شتێکی بەوی پەنای دەکوت:

«نەکا چەتە بن، هەڵمان خەلەتێنن؟»

«هەڵبەت زۆرن، ئەوانی دی ڕەنگە خۆیان شاردبێتەوە.»

«جا چاکە ئەگەر چەتەن ئەدی بۆ چڕ و چاویان هەڵنەبەستووە؟ ئەدی بۆ ئاوا بە ئاشکرایی دەگەڕێن؟»

«ڕەحمانی عەلی دۆترشی دەیکوت هاتوونە مزن ئاویش، قسەیان بۆ خەڵکی کردۆت، تولحی بەیانێ وەدەر کەوتن، دەیکوت تەنانەت دەنکە جوێکیشیان لە خەڵکی نەستاندۆت!»

«بە خودای جا بڵێم چی، پیاو نازانێ چکارەن، جا باشە ئەدی لەچی دەگەڕێن بەو دێ و دێهاتەدا؟»

«جا چووزانم بڕالە وەڵلاهی ئەمیش وەک تۆ، سەبرکە بزانین دەڵین چی؟»

قسەیان لەسەر دڵیان دەنیشت، ورەی بەرز دەکردن، تین و تاوی دڵیان پەرەی دەسەند، لێیان دەهاتنە پێشتر، قسەی دڵیان بوو بە زمان ئەوان دا دەهات، شتیان لێدەپرسین، دردونگ دەمانەوە.

«کوڕە بابەگیان ئەوە دەلێی چی، چوار نەفەر ڕووتە و پووتە یاخی بوون، کۆا ئەوانە لەگەڵ حوکومەتیان پێدەکرێ، هەستە بڕۆ با بڕۆینە ماڵێ، کەس نازانێ دەڵێن چی!» کێشەیان دەنێوان‌دا ساز دەبوو.

«ئا، ئا، ئەوە لە ترسی سەلیم ئاغای وادەلێی، نەکا ببیسێتەوە و مەزرای کانیقەلقانێت لێ بستێنتەوە، ئەتۆ دەرۆی بڕۆ، ئەمن لەوانە ڕووتترم، لە کەسیش ناترسێم.»

بەری بەیان پێش مەلا بانگ‌دان زرمەی سمی ئەسپان هەتا ماوەێکی دەهات.

بەسەر توولە ڕێیکی‌دا دەڕۆیشتن، مانگ خەرمانەی دابوو، خڕکە بەرد لە ژێر سمی ئەسپیان خلۆر دەبوون، لە پشت سەری یەکتر لە ئەسپان گەرابوون بە کەیفی خۆیان بڕۆن، سەبر سەبر، نەرم نەرم.

داگەرانە خوارێ، دێیان لە پێش چاو بوو، ماڵی سوتوو زۆریان، دووکەل لەبانیان هەڵدەستا، کیسەلێک بە ئاسپایی خۆی خستە پەنا بنەگوێنیکی، خشە

خشێکی ساز کرد و مات بوو. هاتنه بەر دێی، سەوەڕ دەستی پێکرد، له چوار لایان وەڕە وەڕە دەهات.

دێهاتێکان لە کۆڵان و کووچان دەیاندیتن، بە پڕتاو خۆیان بە ژووریّ دادەکرد و دەرکەیان توند پێکەوەدەدا، دەنا لەبەر دەرگا ڕاوەدەستان و چاویان لێدەکردن.

ڕێژنەی پرسیاری بێوەڵام بەسەریان دادەباری.

ماوەیەک دوایە مجێوری مزگەوت وەسەربانی کەوت و جاڕی کێشا.

«ئەی خەڵکی سوتوو، تێکڕا وەرنە مزگەوت، ورد و درشت هەمووتان وەرن، سێ جاران هەرای کرد.

هەرسێکیان لە لای منبەری مزگەوت لە پەنا مەلای دانیشتبوون، ئەنگۆچە سۆرانیان توند وتۆل لەمەچەکیان هاڵاندبوو، ئاغابانوویان ڕێکوپێک هەتا نێو چاوان داکێشرابوو، ریزاوریز فیشەک لە شان وقەدیان هالابوو.

هەوەڵ ردێن سپی هاتنە ژوور، سڵاویان کرد، هەرسێک لەبەریان هەستان.

بەرە بەرە مزگەوت قەرەباڵغ دەبوو، جێی دەرزی هەڵاویشتن نەمابوو، ڕووخساری پیاوانە و قسەی پتەو و بەنرخیان کاری خۆی کردبوو، خەڵک لێیان هاڵابوون، سوتوو ڕۆژی وای بە خۆیەوە نەدیبوو.

«کوێخا شەریف! کوێخا شەریف! لەکوێیە؟ کەس نەیدیوە؟ نازانن لە کوێیە؟»

دیار نەبوو، لەگەڵیان هاتبۆە مزگەوت و فیزماڵێکی دابوو و بە ئەسپایی بۆی ڕۆیبوو، خەڵک ترس هەڵیگرتن، بە پەڵە پەڵ هەڵدەستان بڕۆن، خوتوخافل وڵات پەشۆکا، غوڵغۆلە و سرمە سرم دەخەڵک کەوت. یەکێک بە پڕتاو هاتبۆ ژوور.

«هەستن هەڵێن کوێخا ژاندەرمی هێناون، ئەوە خەریکن دێنە ئێرە.»

هەڵات هەڵات و قیژە قیژ، پاڵپەستۆدان و کەوتن، هەڵەنگوتن و وەبەر پێ کەوتن، توورە بوون و جۆیندان و دیسان هەڵاتن مزگەوتی شپرزە کردبوو، ترس تەنگەتاوی کردبوون.

ژاندەرم بە دێی وەرووکابوون، سمایل و هاوالەکانی کتوپڕ دەستیان دا بە تفەنگ و بە پەنجەرەدا خۆیان هاویشتە دەر. ژاندەرم لە پەنا دیوار و قەلاغ و گیشە گیایاندا لێیان دەهاتنە پێش، لەسەربانان دامەزرابوون، خەڵک زەردەواڵە بوون بەری هێلانەیان ئاوری لێکرابۆوە، هاروژابوون.

هارە هاری ماشێنان سەری لێ شێواندبوون، ژاندەرمە لە تەواوی کووچان دەهاتنە دەر، لە پەنا هەموو دەرکێکی خۆیان مات دەدا.

عەولا و هاورێکانی فیشەکیان وەبەر تفەنگ نابوو، حازر و ئامادە چەپەریان لەنێو جۆگە و پەنا دیواران گرت. دستریژی ژاندەرمان دەستی پێکرد، زیقەی ژن و مندالانی بەدوا دابوو، وەک لێزمە گوللە دەباری، سمایل هاواری کرد:

«عەولا پێم وانییە بتوانین بگەینە ئەسپان، دەبێ بەپێیان لە دێی وەدەر کەوین.»

فەتاح کوتی:

«بەمیش هەروا چاکترە، دەبێ بە قووتە شەڕ خۆمان بگەینێ کێوی، دەنا پشتمان لێ بگرن دەرچوونمان نابێت.»

عەولا سیرەی دە ژاندەرمێکی سەربانی گرت، ژاندەرمە عەولای نەدیبوو، بە ماتە مات دەهاتە پێش، تەقە لە تفەنگی هات و ژاندەرم بەربۆوە حەساری ماڵەکە، تەپەی هاتە گوێیان و ئەوانەی والە پشت سەری دەهاتن، خۆیان بەسەربانەکەیەوە لکاند.

«زۆر چاکە کوڕینە، خێرابن، با زوو لەدێی وەدەرکەوین، دەنا ئەوانە تۆڵەی ئێمەش لە خەڵکی دەکەنەوە، دوومان ڕەچەی دەشکێنین، یەکیشمان ڕایانگرێ.»

سمایل تەقەی لە تفەنگی هێنا و کوتی:

«عەولا! ئەتۆ و فەتاح بکشێنەوە پشتەوە، ئەمن لێرە پشتوو دەگرم.

زیقە و هەرای ژن و مندالان لەکووچان دا بلاو بۆوە وەک لافاوێکی ژاندەرم بە کۆلاناندا دەهاتن، حەولا و فەتاح لە زارکی کووچەیێکی ڕادەوستان، بە هەلاتن دەچوونە پێشێ، ژاندەرم ڕێیان لێدەبەستن و دایاندەگرتن، دەگەڕانەوە بە کووچەیەکی دیکەدا دەڕۆیشتن، سمایل گورج و گۆل مەتەریزی دەگۆڕی، چوست

و چالاک لەبن کەنداڵێکی دەردەپەڕی، خۆی داویشتە پەنا دیوارێکی . ژاندەرم لە حەرزی هەڵدەقولین، لە ئاسمانێ ڕا دەبارین، ڕۆژ گەیبۆە چەقی ئاسمانێ، سەدان ژاندەرم دایانگرتبوون، ژاندەرم بە ماتە مات و تلە تل لە پەنا دیوار و کەندالاندا وەجم و جۆڵ دەکەوتن، لەجێی وابوو ماوەیەکی زۆر سینگە تلۆر دەبوون و شەریان دەکرد، گرمەی نارنجۆکیان سووتوی ڕادەتلەکاند، بە هەر چەرمە سەرێکی بوو لە شاخیان دا، بەرد بە بەرد، گوێنی بە گوێنی، لەند بە لەند دادەمەزران، شەڕێکی پیاوانە و ئازایانە کرد، ژاندەرم و چریک بە شوێناندا ڕۆیشتن، لە نژ و سارا و میراوێش ڕا بۆیان هاتبوون، وەک مێروی بەهووژە دەهاتن.

گەیبوونە دارینە، شاخی چڕ و سەخت، ئەشکەوت و شکێری گەورە زاریان، داپچڕاون، داوێنیان دڕودالْ، چالوک و گوێژ لەسەر جێی شەریانە، لاقیان لە بەڕەی خۆیان زۆرتر ڕاکێشاوە، پێکەوەنووساون، هەنجیرە کێویلکە فیشەک دانن لە شانی تیشە شاخان ڕا بەستراون، ڕێی شاخێکیان لێ دوور کەوتوونەوە، ئارەقە لەبەری پێیان دەتکێ، برسین و توونی، دێنە سەر جۆگە ئاوێکی وچان دەدەن، ئەنگورەی ئێوارەیە، خۆر لە سەر سەریان لەمێژە لاچووە، بوولبولێک لەسەر درووی کیفارێکی تێدەچریکێنێ، ێیکی دی لەسەر تاقە بەردێکی ڕا هاوچڕی دەکا، زرەینگ بە گوڵی بنەوشەوە لارە لاریانە.

ئاویان بە دەموچاوی داکرد، سینگیان پڕ کرد لە هەوای بێخەوش، دۆڵەکە کش و بێ هەرایە، ئەنە هوو قەت چی تێدا نەقەوماوە، دەست دەگیرفانی پاتۆلیان دەنێن، سەر و کەشکێکی بۆر و ڕەق دەردێنین، بە دەست دەیشکێنن، دەزاریان داوێن، سمایل چاوی گێڕا، ئەشکەوتێکی چکۆلەی دیت.

«فەتاح! دەڵێم بچینە نێو ئەو ئەشکەوتە، بۆوەی دەبێ ئەوشۆ تێدا بحەسێنەوە، زارکی بە گوێنیان دادەپۆشین.»

«فەتاح و عەولا چاویان لە ڕاست ئیشارەی قامکی کرد.

«جێگایەکی ئاستەمە و بە هاسانی ناتوانن بێنە سەرمان.»

به پێوقۆچاغ به پەنای دەون و جاراندا به شـاخەکەی هەڵرۆوسـکان، هـەتا لێی نیزیکتر دەبوونەوە، هەورازەکە سەختتر و ڕژدتر دەبـوو، چەنـد گـەزی ئاخریان چنگە کڕی کرد. تیلکە خەنەی قاوەیی و ئامال ڕەش سەرتاسەری بەردی قەراغ ئەشکەوتیان داپۆشیبوو، کەس نازانێ، لە کەنگێوە خۆیـان بەسـەر ئـەو بەردانەدا داگرتۆە، بوونە کولیجەیەکی مەخمەر لەبەریاندا. ئەشکەوتەکە خـۆر نەوەزان بوو، دڵۆپ دڵۆپ ئاوێکی ڕوون لە قەڵشە بەردەکانی، لە میچەکـەی ڕا دەڕژانە ڕۆخی، بۆنی شێ و تەڕایی هاتە بەر کەپۆیان، بۆ دەمێکی هەستیان بـە سەرما کرد. ژاندەرم لەدوورەوە بۆر دەچوونەوە، سەرتاسەری شاخەکان لێیـان پڕ بوون، نەیانتوانی زارکی ئەشکەوتەکە بشارنەوە. عـەوڵا دە ئەشـکەوتەکەدا گەڕا، هاتە بەر دەرکەکەی، تیشە شاخێکی سەخت و تیژ لە پەنا ئەشکەوتە کـە چەقابوو، پێشی بە هەوران دەگرت، پێتـاکی لێدەسـاندن، بـە کـەلێنی نێـوان ئەشکەوتەکە و تیشە شاخەکەدا خۆی هەڵکشـاندە سـەرێ، ئەوبـەر ئەوبـەری ئەشکەوتی جوان چاو لێکرد، گـەراوە نێـو ئەشـکەوتەکەی. هـەتاو ون ببـوو، وێدەچوو ئەشکەوتێک یان شکێریک قووتی دابێ.« کوڕینـە ئێـرە جێـی چاکـە، ئەوشوو لێرە دەبین، نیوە شەوێ دەڕۆین، چـەلێ بـا بـڕێکمان لـێ بگـەڕێن، ماندوو دەبن دەگەڕێنەوە.»

بەڵام وانەبوو، ژاندەرم لە داوێنی ئەشکەوتەکە سـقامگـیر بـوون، شـوێنان هەڵگرتبوون، دیتبویانن، پێنج شـەش گوللـە وەئەوبـەر ئەوبـەریان کـەوت و ناعیلاجی کردن خۆ درێژ کەنە حەرزی، بە خشکە هاتنە زاری ئەشـکەوتێ، هـەر سێکیان دە ریزێکیدا، یەک دوو هەنگاو دوورتر لـە یـەک، مەتـەرێزیان گـرت، زۆربەی لەشیان دە ئەشکەوتیدا مابۆوە.

عەوڵا دووربینی دە وڵاتی گرت: «کوڕینە وا دیارە ئاگایان لێ بـۆە هاتووینـە ئێرە، هەموو لایەکیان لێ گرتووین.»

ڕەشکۆژ و گوللەی ویل دەهاتن، فەتاح کوتی:

«بکشێنەوە دوایە، زۆر چووینە پێشێ، لەوانەیە وێمان کەوێ.»

نەختێک کشانەوە. ژاندەرم بە ماتــە مــات ســەرەو ژوور دەهــاتن، لــە دوای هەرچەند گەز خۆیان دەخستە حەرز و پێوەی دەلکان، یەک جــێ هــەر ســێکیان تەقەیان لێکردن، ژاندەرمێک نرکەی لە دڵی هات وخلــور بــۆوە، لنگــە فرتــەی لەوان ڕا دیار بوو.

شەو چی وای نەمابوو زاڵ بێت. ژاندەرمە هەر دەهات و زۆرتریان لێدەهاتنــە پێش بە تەمابوون لەدۆایین ڕووناکی بەجێ ماوی ڕۆژ کەڵک وەرگــرن و خۆیــان بگەینە سەریان، ئاوایان وەگیر نەدەکەوتن، هاڕەی ماشێنان هات، لە بۆمەلێلی ئێوارەدا سێ تۆپی سەر جیبــان ڕوو دەوان کــرا، ژانــدەرم زۆریــان لــێ نیزیــک بوونەوە، لەداوێن و کەناری ئەشکەوتەکەدا زۆر بە بڵاوی مەتەرێزیان گرتبــوو. وردە وردە وەسەر دەکەوتن. سمایڵ و فەتاح پێکەوە دوو نارنجۆکیــان هاویشــتە نێویان گرمەیان ژاندەرمیان بۆ ساتێکی بێدەنگ کرد، هەمیسان تەقە و شــریخە دەستی پێکردەوە، لە پڕ ژاندەرم تەقەیان وەستا. بێدەنگ بوون.

«سمایل ئەوە چ بوو؟ بووا بێدەنگ بوون؟»

ژاندەرم بە پەلە و بە خشکە داخزانە خۆار، سەر داوێنەکەی کەسی لێ نــەما، هەموو ڕژابوونە نێو خڕەکەی و خۆیان مات دابوو، لە نەکاو گرمژنی هەرســێک تۆپان کێویان ڕووخاند، دار و بەرد هەموو لەرزێوە، هاواری سمایلی بە دوایــان دابوو.

«سمایل! سمایل گیان! چبوو؟ وەکوێت کەوتوە؟»

«لاقم، لاقم عەولا.»

کەس نەیزانی ئەو بەردە زلە لە کــوێڕا دەرپــەریبوو و کــەوتبۆ ســەر لاقــی سمایل و شکاندبووی. ئەشکەوت نوقمی تەپوتۆز و دووکەڵ بــوو، هەرســێکیان کاس ببوون، پەردەی گوێیان وەخت بوو بــدرێ، دەزرینگــاوە، سمایــل شــین و ڕەش دەبۆوە، نێو دڵی بە تاڵ دەبوو، گەرمایەکی ناخۆش دایدەگرت، لاقــی زۆر پیس شکابوو، نەیدەتوانی بیبزێوێ. عــەولا بەردەکــەی لەســەر لابــرد، هیچــی لەگەڵ پێ نەدەکرا، فەتاح بەتەنێ تەقەی دەکــرد، هــەور نــەبوونی ڕۆژیــان بــە دەرەت زانیبوو، هاتنە هەرێمی ئاسمان، رێنکە بوون، شەخەڵ بوون، شــانیان

وەشانی یەک کەوت، یەکتریان دەناسیەوە، همبێزبوون، سمایل لێوی خۆی دەگەست، هاواری لێ نەیە، نووسکەی دەهات، بەو حاڵەش تفەنگی هەڵگرتەوە، عەولا دەستە وەستان مابۆوە.

«سمایل گیان! ئەتۆ ناتوانی بکشێیەوە پشتەوە.»

فەتاح هەر بەتەنێ تەقەی دەکرد، لەنێو تاریکاییدا کە هەستی دەکرد. جوولەیەکی دێوە چاوی تیژ دەکرد و تەقەی لێدەکرد.

هەور لە چەخماخەیاندا، دەتکوت شتێکیان لێ ون بۆە، لێی دەگەرێ. فەتاح لەسەر ئانیشکی کەمێک کشاوە پشتەوە، ئێستاش هەر گوێی کپ بوو بە جوانی قسەی عەولا و سمایلی گوێ لێ نەدەبوو.

«عەولا دەڵێن چی؟ چ بکەین؟ زۆر خراپ دەگیر کەوتووین، ئەگەر هەر لێرە بمێنینەوە ئەوشۆ یان تۆلحی بەیانی دەگەنە سەرمان.»

تۆپەکان بست بە بست شاخەکەیان دەکوتا.

عەولا کوتی:

«دەزانم، ئەدی لاقی سمایلی چ لێ بکەین؟ ناتووانێ بروا.»

فەتاح کوتی:

«لە کۆڵی دەکەین.»

سمایڵ کوتی:

«نا، کاکە گیان ئەمن لێرە بەجێ هێڵن، ئێوە بڕۆن.»

عەولاکوتی:

«ئەوە دەڵێی چی؟ جا چۆن شتی وا دەڵێی، بۆ ئێمە ئاوا دەناسی.»؟!

سمایل کوتی:

«عەولا گیان! بمبوورە، مەبەستم ئەوە نەبوو.»

عەولا کوتی:

«یانی قەوڵ و قەراری ئێمە وابوو، یەکتر لە وەختی وادا بەجێ هێڵین؟ یان هەرسێکمان دەکوژرێین یان ئەتۆش لەگەڵ خۆمان دەبەین.»

سمایل کوتی:

«عەولا گیان! برالە، قسەی کاک سولەیمانیو لەبیر چۆتەوە، ئێمە نەهاتووین لە خۆرا خۆمان بە کوشتن دەین درنگ یا زوو دەگەینەوە یەکتر، دەبێ ئەو ئاورە نەکوژێتەوە، دەبێ بەردەوام بێ، خوتوخۆرایی هەرسێکمان بۆ لێرە بە کوشتن بچین، ڕۆژێک زۆرتر بمێنین سەرکەوتنە، سەعاتێک زۆرتر بەرامبەریان ڕاوەستین سەرکەوتنە، سێ و دووی لێ مەکەن ئەمن لێرە چەلێ دەیان خافلێنم، هەستن هەتا درەنگ نەبۆوە بڕۆن، ئێمە ئی خۆمان نین.»

گریان لە چاویان تۆرابوو، لە ئەوکیاندا ڕاوەستابوو، نە دەهاتە مالّی چاو، یەکتریان لە ئامێز گرت، بوونە لەشێک، هەناسەیان بەش کرد، سڵاو بوو بە ماڵئاوایی، گریان بوو یا پێکەنین، کەس نەیدەزانی، چەلی وایە ئینسان نازانێ ئەوە چ هەستێکە هاتۆتە گوڕەپانی ژیانی، نایناسی، قەتی نەدیوە، نامۆیە، زمان دەوەستێت، گۆی دەبەسترت، چاوو دەقووچێت، تەنیا هەودایێکی پێوار دەکێشرێت، هەودایێک نێیە، هەزار دانەن، دەبنە پرد دەنێوانی دڵاندا، لە نێوان هەستەکاندا، چەند لەش دەبنە لەشێک، کەسێک دەبێتە چەند کەس، عەولا و فەتاح نەبوون دەڕۆیشتن، سمایل بوو، ئەوە سمایل نەبوو ژان و ئێش بێهێزی کردبوو عەولا و فەتاح بوون، گریان ئاشت بۆوە. خشەی قانگە لاش و بابردەلان ساز ببوو، ڕەشە با هەڵیکوتابۆە سەریان عەولا و فەتاح گۆی قولاغ و قامک لەسەر پلتۆک لەسەر سک خشان، بە کەلێنی شکێر و ئەشکەوتەکە دا وەسەر کەوتن، گەیبوونە زینۆی کێوی، تەقەیان ساز ببوو، ڕۆیبوون بەرەو دیتنی گزینگی بەیان، شەو بەرەو شکان دەڕۆیی، شەوی تاریک و تنۆک دەهات لێک هەڵوشێ، ڕووناکی لە نێوی بێتەدەر، سمایل چاوی گەشی یەکبین دە ڕۆژهەلاتی بریبوو، چاوەڕوانی دیتنی تیشکی ڕۆژ، هەور دەمێک لەمەوبەر لێک ڕەویبوونەوە، توانای مانەوەیان نەمابوو، بە شوێن یەکدا بەرەو وڵاتێکی دوور دەخزێن. چرپەی مەلان دارینەی لەخەو هەستاند.

سابلاغی لە پێش چاو بوو بە تەواوی کولانەکانی، چۆمە شینەکەی، بووداق سوولّتان، باغی موکایلی، بۆنی گوولّی گولاوی حەساری مالان، دەنگی پێکەنین و قاقای لاوەکان، هەراهەرا و زیقە زیقی منالّە ورتکان، تریقە و حیلکەی

کیژۆڵان، شەرمی نەسرینی، ئەوە نەسرینە لە دووندی هۆو کێوە بڵیندە ڕا پرچە زێڕینەکەی بەسەر شانی شاخدا پەخشان کردۆە، بزەی لەسەر لێوە، دەستەنەرم و نۆلانەکانی بۆ لای درێژ کردۆە، بەسەری قامکە شـووش و باریکـەکانی گـڕی خستۆتە جەستەی.

هەتاو بڕێکی دی هەڵکشاوە، کـەزی تێکـەڵ کـەزی نەسـرین بـۆە، پێکـەوە ئاسمانی ڕادەکێشن. ژاندەرم وەک مورو ومەلەخ بە شـاخەکەیوە بـوون، هـەتا ئاخرین فیشەک شەڕی کرد، فیشەکی لێبڕا، چاوەڕوان چاوی دەژاندەرمان بـڕی کە بۆلای دەهاتن، سەروانە شێتە زەلام و تەژە لەگەڵیانە، سمایل بە حاڵ گیانی لەبەردا ماوە، هەڵی کێشاوەتە دەمانجـە، ژانـدەرم لێـی هاتووتـە پـێشتـر، سەروان هاوارێ دەکا:

«بەزیندوویی بیگرن، مەهێڵن.»

غاری دەدەنێ دەمانجەی لەسەر لاجاینگی خـۆی دانـاوە، چـاوی دە هـەتاو بـڕیوە، بزەێیکـی کـاڵ هاتۆتـە سـەر لێـوی ویشـکی، شـریخەی دەمانچـە دەئەشکەوتێ دا زایلەی دەداتەوە، پەپوولە پاییزەێیک نەرم و نیان پێدەنێتە سەر تەرمەکەی، دێتە سەر چاوی، خۆی داوێتە سەر دەست بای بەڕی بەیانێ، بەرەو ئاسمانی ڕۆیوە، سوور سوور، لە هـەراویی ئاسمـانی سـامالّدا هەڵکشـاوە، پەپوولە پاییزە پۆل پۆل و دەستە دەستە لە حەرزی جوێ دەبنەوە، سوور سـور بە ئاسمانێوە دەبن، ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە، هەتا پێش چاوی هەتاو دەڕۆن، لە چاوی‌دا دەتوێنەوە.

***

## (٥٥)

خەل وخەرمان خڕ کرابوونەوە، بۆ نێو دێیان ڕاگوێزرابوون، مــانگی ڕەبــەر بوو، شەقە مێو خوار و خێچ لاسکیان درێژ کردبوو، لە ژێر گەڵا مێواندا، هێشوو ترێی شیرن لە هەموو ڕەنگێکی شۆڕ ببوونەوە سەر حــەرز، تیشـکی هــەتاو بــە کەلێنی گەڵایاندا وێیان دەکەوت، لێزگەی موورواری و نەقیمان بوون، جار جــار خشەخشێک لەدیراواندا هەڵدەسـتا، پشــت و کلکــی ئەسـتووری ڕێــوێیکی کــە چووست و چالاک بە نێویاندا هەڵدەهات، دەدیترا. کوێستان ژیوە ڕۆو بوو، گوڵ و گیا هەڵەسوونەیان هێنابۆوە، بەیانان وڵات فێنک، دەکرێ بڵــێن هێنــدێکیش سارد دەبوو، ماوەیەک هەست بە سەرما دەکرا، بەرە بەرە وڵات گەرم دادەهات، ئێواران لەسەر ڕا لە تەشقی گەرما کەم دەبۆوە، شەوانە لــە واقــەواقی ڕێویــان باغەوان خەویان لێدەتارا، ڕۆژ ڕۆژە بایێکی توند، سپیدار و چنارای ڕادەژانــد و سەر و پۆترِاکی ئاڵۆز دەکردن. کەس نەیدەزانی جاج بــایز دە چ بیرێکــی دایــە، دووجار خێزانی ناردبووی لە دووی پێی بڵێن بێ نانەکەی سارد دەبێتەوە، بەڵام حاجی دەحاڵێکیدا کە لە ئەوسەر ئەوسەری دیوەکە ڕاپێتەی دەکرد، بــە دەسـت ئاماژەی پێکردبوون بچنە دەر، ئێستاش هاتبوو بەر پەنجەرە چاوی دە حەســار بڕیبوو، خێزان و کارداری هــەموویان دەیــانزانی هــەر وەختێکــی ســەودائیکی گەورەی لە پێش بێ یان کارێکی زۆر پەشەمی هەبێت ئاوا دەکا، جا درەنگ یازوو ڕێیکی باشی دەدیتەوە، لە پڕێکی وەک لە خەو هەستابێ هات و هاواری هەمووی دەهاروژاندن، کەچی خێزانی دۆای ئەو هەموو ساڵــەی لەگەڵــی ببــوو بــە پێــی عادەت هەر لە دووی دەنارد، حــاجیش هــەتا گرێکــەی بــۆ نــەکراباوە جــوابی نەدەداوە، کە بیرەکانی ڕێکوپێک دەکرد لە پێشدا بڕێکی هەرا دەکرد، لە دوایــە

بۆخۆی دەهاتەوە لایان، کەچی ئەورۆ لە گورە و نەڕەی هیچ باس نەبوو، هەتا پاش نیوەڕۆیە هەروا دەبیر و هەزرێکی قووڵدا نوقم ببوو، خێزانی لەسەر نانی بە کەماڵی کوتبوو.

«کەماڵ کورِم ئەتۆ نازانی بابت دە بیری چ دایە؟ ئەوە لە قاوڵتوونی کە لە دووکانێ‌را هاتۆتەوە، دەژووری دایە، دوو جاریشم ناردۆە لە دووی بۆ نانی، جوابی نەداومەوە.»

کەماڵ لێوانێکی لە دۆ پڕ کرد و قورتمی لێبڕی، سمێڵی بە لێوی مژێوە.

« جا ئەمن چووزانم، بە ناشکوری نەبێ هەر دەڵێی کوڕی ئەو ماڵەش نیم، قەت باسی چیم لەگەڵ ناکا، ئەمن چووزانم.»

لەسەر سفرە کشابۆوە.

«ئەوەندەی دەزانم لە پادگانێ ڕا لەدوویان ناردبوو.»

بێدەنگی و گەرمای خۆشی پاش‌نویژ وردە وردە لە ماڵە حاجی وەژوور کەوتبوو.

هاواری حاجی بڵیند بوو:

«ئافرەت! ئافرەت! کەماڵ لە ماڵە، بۆم بنێرە سەرێ.»

خێزانی هاتە سەر پلیکانان:

«چۆتە دووکانێ، برسیتە، نانت بۆ بێنم؟»

«ئیشتیان نابا، خێرا یەکێکی لە دوو بنێرە بێتەوە.»

بای پاییز لەوەی دەچوو کە ڕێی ون کردبێ، لەحەوشەی گەورەیان دەستی بە دیواراندا دەگەڕاند، ئەی بەڵکوو دەرکەی ببینێتەوە، لە داخان سێ چوار گەڵای ویشکی ڕەپێچەک دا و وەپێشە خۆیدان، هێندێکی هەڵسووڕاندن و لە قولینچکی حەوشە بە دیواری ددان و بۆخۆی وەسەر دیواری کەوت و بە سەربانانەدا ڕۆیشتەوە.

کەماڵ بە هانکە هانک، لە پلیکانان وەسەر کەوت، هاتە ژوور و سڵاوی کرد.

«سەلام.»

«عەلیکە سەلام ڕۆڵە، وەرە دانیشە کارم پێتە.»

کەماڵ دەستە هاچەری لە گیرفانی دەرهێنا بە جرینگە جرینگ بۆی ڕاداشت.

حاجی بایز دەستی قەڵەو و ئاماڵ سووری بۆ درێژ کرد و لێی وەرگرت.

«فەرموو بابەگیان دەخزمەتت دام.»

«کوڕم ئێستا هەڵدەستی دەچی جەڕانێ، ماڵە حاجی محەممەدی ڕاوچی، پێی دەڵێی بابم دەیکوت، زێڕی بە دەستەوە بێت، داینێ و بێتە ئێرە، خێزانیشی لەگەڵە خۆی بێنێ.»

کەماڵ سەری سووڕ مابوو، دەیزانی ئەوانەی ئەو باسیان دەکا دایک و بابی مرادین، لە تریاکیش هاتوچوویان قاچاغترە، ئەدی ئەوە چۆنە بۆ ئێرەیان بانگێشتن دەکا؟ خۆ بابم هێندە خاو و کاڵ نییە، هات لێی بپرسێ، حاجی مۆڵەتی نەدایە:

«لەوێش ڕا دەچی گەدەی، ماڵە حاجی ساڵە، پێی دەڵێی بابم دەیکوت مرادی لە بنی حەویقیش بێ، بیبینێتەوە، لە کنەخۆی ڕایگرێ، هەتا ئێمە دەچین، دە هەستە دەی، ئەبووش لەگەڵ خۆت بەرە، بەڵام ئەو شتانەی، پێم کوتی بە حاجی ساڵە بڵێی، لە لای ئەبووی باسی مەکە، مەهێڵە کەس بزانێ.»

ڕۆژ پەر بوو، کەماڵ و ئەبوو ڕکێفکوت بەرەو جەڕان ڕۆیشتن، حاجی بایز قوڵتەی لە قەنەی هێنا، چاوە چکۆڵەکانی دەگرشە گرشی پۆلوان بڕیبوو، چووبوو دە فکرەوە.

ئەو بە یادی پوولێکی لە فرۆشتنی خوری و بەرگنان بە دوو تورکی مەراغەیی وەرگرتبوو. دەستە دەستەی کردن، جێیک لەبەر دەرکەی دووکان ڕایگرت، بە پڕتاو سەری هەڵێنا، خێرا پووڵەکانی دەداخڵەکەی نا و چاوی لەسەر جیبەکە ماوە.

سەربازێکی کەڵەگەت هاتە ژوور.

«سەلام»

«عەلیکە سەلام و ڕەحمتوڵڵا و بەرەکاتوهوو.»

«دووکانی حاجی بایزی ئێرەیە؟»

«بەڵێ فەرموو.»

«بۆ خۆتی؟»

«بەڵێ.»

نامەیەکی سەر بە شەقڵی بۆ ڕاداشت و کوتی:

«ئێرەش ئیمزاکە.»

دەفتەرێکی لە پێش دانا. حاجی دۆستی ئەرتەشی و ژاندەرمی زۆر بوون، نێوانی لەگەڵ زۆریان خۆش بوو، دەرکەی هەمیشە بۆیان ئاوەڵا بوو، بەڵام ئێستا دڵی لە پڕێکی داترووسکا، قامکی لەرزین، زۆری حەولدا لەرزینەکەی بشارێتەوە، ئیمزای بۆ لە دەفتەرەکەی دا. سەرباز ئێستا نەچووبۆوە دەر، پاکەتەکەی کردەوە.

«ئەورۆ ساعەت دەی بەیانێ وەرە پادگانی جەڵدیانێ.»

کار و باری بە کەماڵی سپاردبوو و چووبوو پادگانێ، بردبوویانە دیوی فەرماندەی پادگان، سێ سەرهەنگ و ڕەشکۆخان و سەروانە شێتەش لە ژوورەکەی بوون، سەندەڵێیکیان پێ نیشان دابوو، فەرموویان پێکووتبوو، فەرماندە پادگان لە پشت میزە گەورەکەی ڕا چاوی تێبڕیبوو، کوتبووی: «حاجی بایز ئەتۆی؟»

«بەڵێ قوربان.»

«دەزانی بۆ بانگمان کردویە ئێرە؟»

دیسان دڵی داخورپابوو، بێ گومان سۆسەی کردبوو.

«ناوەڵڵا قوربان.»

«ئێمە ئاگامان لە هەموو کارەکانت هەیە، دەزانی ئەتۆش بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ یاخێکان و یارمەتی دانان، لەوانەیە لە سێ دارە بدرێی؟»

حاجی ڕەنگی بە ڕوویەوە نەمابوو، خۆی دۆڕاندبوو، قەتی بیر لەوەی نەکردبووە کارەکە ئاوای لێ بێ، ئەو بەتەما بوو مراد و خالیدی بکاتە پیاوی خۆی و بۆ کەڵک وەرگرتن لە ماڵی دنیایە یارمەتیان بداتێ، ئێستاش پێوە ببوو، خۆی چکۆڵە دەدی، بێهێز، بێ ئەنوا، شانی داچۆڕابوون، چاوی لە یەکێکی، لە قسەیەکی کە بە هانای بێت بە سیسی دەگێرا.

«جەناب سەرهەنگ بەخودای ئەمن هیچ جوورە پێوەندێکم لەگەڵیان نیە، درۆیان عەرز کردووی.»

سەرهەنگ بەسەری دا گوڕاند:

«ئەدی نەجاتدانی بارەکانت لە دەست چەتان بە وەسیلەی مرادی، ئەدی ناردنی ئەسپی ڕەسن بۆ مراد، ئەدی ناردنی پوڵ و فیشەک بویان، هەڵبەت ئەوانیش هەموو درۆن ها؟»

حاجی قەڵافەتی زەڵامی تێک تەپیبوو، جکۆڵە ببۆوە، دەگیر کەوتبوو، چاوی بەسەر ئەوانی دیدا دەگێڕا، بەڵکوو قسەیەک، تکایەک، ڕزگاری بێت.

ڕەشکۆخان هاتە هانای: «جەناب سەرهەنگ ئەمن لەمێژە حاجی دەناسم، هەمیشە بە شای وەفادارە، ئەوشتانەی فەرمووت هەمووی دروست، ئەو هەڵخەڵەتاوە، ئێستاش ئەگەر دەکرێ قانێکی بدەیە، ئەمن دەستەبەری دەبم.»

حاجی بووژاوە، گەشاوە، دەیزانی قسەی ڕەشکۆخانی لە حەرز ناکەوێ، چاوی دە سەرهەنگی بڕی بە مەرائیکی زۆرەوە کوتی:

«قوربان هەرچی پێم بڵێن لەسەر چاومی دادەنێم، هەرچۆنێکی ئەتۆ بیفەرمووی وا دەکەم، ئەمن سەر وماڵم دە پێناو شا دایە.»

فەرماندە سیغارێکی هەڵکرد، مژێکی لێدا، دووکەڵەکەی سەبر سەبر دەرداوە، ئانیشکی هاویشتە سەر میزەکە، هێندێک خۆی کۆم کردەوە. «زۆر چاکە، ڕەشکۆخان ئەوقانەی لەبەر خاتری تۆ دەدەمێ، دەبێ زیندوو یان مردووی مرادیمان بۆ بێنێ، جا ئەودەم لێی خۆش دەبین و هیچ خەلاتیشی دەکەین.»

باڕستی با پووسکە لە سکڵی سەر قەنەی هەر دەهات و زۆرتر دەبوو، دەمێک بوو تووتنەکەی خڵاس ببوو، دووکەڵێکی زۆر کەمی دەدا، ئاوی نێو شووشەکە لێڵ و پڕ لە خڕت و خاڵ ببوو. زاری ویشک هەڵاتبوو، قەنەی لەبەر دەستی لادا، دەستی بە ئەژنۆی گرت و هەستا سەر پێ، لەبەر شەبەقی چرائیکی گرسۆز لە پلیکانان هاتە خوار.

حاجی ساڵە بەیان بەربوونێ سوارێکی بەرەو کێوی فەرەنگ بەڕێ کرد؛ لە دوای کوژرانی خالید مراد چووبوو سەر ئەو کێوەی، کە لە ڕۆژئاوایی ڕا دەیڕواندە محەمەدشا و ماسۆی و دایما و دەشتی سندووسێ. حاجی ساڵە زۆری حەولدا شتێکی لە کەماڵی بزانێ، هیچی بۆ دەرنەکەوت، تەبیاتی حاجی بایزی چاک دەزانی، دەیزانی کارەکانی زۆر بە نهێنی دەکات، بەو حاڵەش بیری دەکردەوە بەڵکوو بتوانێ شتێکی لە کەماڵی ببیسێت، زۆری پێ سەیر بوو، حاجی بایز چۆنە دەیهەوێ مرادی ببینێ؟ ئەویش ئێستا کە هەر دەوڵەت سۆسەی بکا، باسی سەرە، هەڵبەت دەبێ کارێکی زۆر گرینگی پێبێت!

سەدان پرسیار مۆرکە بوون، بیریان دەخوارد، هیچ عیلاجی غەیری سەبر کردن نەبوو. قڕە قڕی بۆقی لە دەمدەمەی ئێوارێ و لە جۆگە ئاو و زڵکاواندا ساز ببوو کە مەحموود گەڕاوە گەدەی، هەواڵی دیتنی مرادی بە حاجی ساڵە دا.

«ها مەحموود بەخێرێوە، چت کرد؟»

«جاجی ئاغا نیوە عومر بووم، وەڵلاهی دەتکوت پڵینگە لێم ڕاسا، لە ئەسپ دابەزی، بەسەرت هەتا لە پێشم دەرنەپەڕی و لوولە تفەنگی لەسەر سینگم دانەنا، نەمزانی، هەی لەو پیاوە! یا ڕەبی خودا بێمزەرەدی کات، پیاوی ئاوا چوست و چالاکم هەر نەدیوە.»

«زۆر باشە ڕاسپادەکەت پێکوت؟»

«ئەرێ وەڵلا حاج ئاغا.»

«دەی چی کوت؟»

«کوتی پێی بڵێ دێم، چاوەڕۆان بێ.»

«دە زۆر باشە ئەو ئەسپەی بەرەوە تەویلە، با ئارەقەی لێ سارد نەبێتەوە، لە هیچ جێێکیش باسی ئەو شتە مەکە.»

«بەچاوان حاج ئاغا، خاترجەم بە، خۆ منداڵ نیم.»

هەوساری بە دەستەوە گرت و بردیە تەویلە.

جمووجوولێکی سەیر دە ماڵە حاجی ساڵە کەوتبوو، سبەینێ ئێوارەی ئەو ڕۆژەی مەحموود لە لای مراد هاتبۆوە، میوان گەیشتبوونەجێ؛ حاج بایز و حاج محەممەد و خێزانی. حاج ساڵە و خێزانی بەرەوپیریان چوون و پاینازیان کردن. پیاو چوونە دیوە خانێ و ژنیش چوونە دیوێکی خاوێنی دیکە حاجی محەممەد بەجارێکی پیر و شکابۆوە، چاوی ئاو مرواریان هێنابوو و پرۆش ببوون، مووی سەر لاجاینگ و نێوچاوانی کە لە ژێر کەشیدەی هاتبوونە دەر، وەک کلوی بە فریان لێهاتبوو، خات زارا ویشک و لاواز، خەمێکی گرانی لە چاوی دەبارین. مێری چەند جاران بە بیانووی چا هێنان و کاری دیکەهاتبۆ ژوور و چاوی لە خات زارا کردبوو.

خات زارا دەستەوبەجێ محەبەتی مێری کەوتبۆ دڵ.

«هەی رووت سپی بێ کچم! خودایە ئاواتی خۆت بگەینێ.»

گڕەپێچە لەتەندوری ماڵە حاجی ساڵە هەتا میچی دەڕۆیی ئاورینگی لێ جێا دەبۆوە، قورمی شۆر بۆوەی میچی دەلەرزانـدەوە. ئـاور دامرکـابوو، تەنـدوور سوور ببۆوە، ببوو بە پشکۆ، بۆ چەک و بۆکـزی گۆشـتی چـەور دەحەوشـە دا گەڕابوو.

یەک دوو پشیلە لەسەر دیواری ڕا دوور لە چاوی چوارپێیان لەدەوری مدبەقێ دەسووڕان و دەیان میاواند، ئاسمان ئەوشۆ بێ هەور و ساماڵ بـوو، کلـە کلـی ئەستێران لە دەمێک لەوە بەر دەستی پێکردبوو. قاقـای حـاج بـایز لـە ژوور ڕا دەهاتە حەسار، دەرگای گەورەی ماڵە حـاجی ساڵـە تایـەکی کرابـۆوە، شـەو زرینگابۆوە کە خرم و هۆری ئەسپە کوێتی هات، دەتکـوت کێـو گـرمژنی دەکـا، هاتە حەسارێ، یەک دوو جـاری پڕمانـد و سمکۆڵـی کـرد، مـراد دەسـتی بـە سەروگوێی داهێنا و لێی دابەزی.

خات زارا بە هەڵاتن بەرەوپیری چوو، مراد واق و وڕ مابوو.

«دایە گیان ئەوە ئەتۆی؟ دایە گیان!»

«مراد کوڕم.»

لە گابۆڕی دا و خۆیان دەباوەشی یەک هاویشـت، هـەموویان لـە دەوریـان ئاپۆڕەیان دا.

«مراد گیان! دەمکوت نەکا بمرم و چەلێکی دیکـە نـەتبینمـەوە، مـراد گیـان دەبەرت مرم، ئەدی بۆ وا کز بووی؟»

بۆنیان بە یەکەوە دەکرد.

«دایە گیان! لە تاوانت وەخت بوو شێت بم.»

حاجی محەممەدیش هات و خۆی بەسـەر داگـرت، دەمێـک دوایـە مـراد لـە دیوەخانێ لە خوارەوەی هەموویان دانیشتبوو، ڕیزاوڕیـز فیشـەکی لـە خـۆی ڕابەستبوو، دوو مانچە لەوبەر ئەوبەر قەدی پشتێندەکەی دەستکیان دیار بـوو، چوار نارنجۆک بە فانووسقەکەی هەڵاوەسرابوو، کڵاوی میلـی لەسـەر نـابوو، ئاغابـانووی لـە ملـی هاڵانـدبوو، تەنکـە ڕدێنێـک دەموچـاوی ئامـاڵڕەشـی داپۆشیبوو، خەتی سمێڵی ڕەش و ڕێک و پێک بەسەر لێوی داکێشرابوو، چـاوی مەند مەند دوو گۆمی شین بوون.

مانگ تریفەی ڕژاندبوو حەسار و دیوەکان، بە سەری دابەش کردبوون، حاجی بایز نۆبەی قسەی کەسی نەدەدا، قاقا لە دوای قاقا و نەقڵ لەسەر نەقڵ دەیگێڕاوە، وەختی شێو خواردن بوو، لەمدبەقێ مەجۆعمە پەیتا پەیتا دەچندران، دەدران بە دەست کارداریکی، بە غاردان لە ترسی ساردبوونەوە یان دەیهێنا پێشخانەی، لەوێ ڕا مەحموود دەستی دەدانێ و دەیبردنە ژوور، حاجی بایز بە بیانووی ئاو دەستان هاتبۆە دەر، مەجۆعمەی سێهەم ڕۆیبوو ژووری و لەبەر دەستی حاجی ساڵە داندرا، چوارەمی بە دەستی مەحموودەوە بوو، حاجی بایز بەرامبەری ڕاوەستابوو.

«مەحموود دا کوڕە ئەوەی بدە بە من دەیبەمە ژوور، غاردە لە بیرم چوو حەبەکانم لە تێڕی ئەسپەکەم بێنمە دەر، دەبێ پێش نانی بیانخۆم، بڕۆ بە غارێکی بۆم بێنە.»

مەجۆعمەی لەدەست وەرگرت و مەحموود بە پەلە بۆلای تەویلە ڕۆیی.

چاوی لەوبەر ئەوبەری کرد، دەنگی پیاوان لە دیوەخانێ ڕا نزم و دەنگی ژنان لە دیوەکەی دیکە ڕا بڵیندتر دەهات. کەس دیار نەبوو، لە مدبەقێ کارداران بە پەلە مەجۆعمانیان بۆدیوی ژنان دەڕازاندەوە.

بەلەز دەستی دەباخەڵی کەوای ڕۆکرد، کاغەزێکی لوول دراوی دەرهێنا، بە پەلە پەل بەسەر چێشتەکەی داتەکاند، تۆزێکی سپی کەوتە سەری، بە دەستی قاپەکەی ڕاتلەکاند، مەجۆعمەی هەر لەوێ بە جێهێشت و چۆە ئاودەستان دەیزانی ئەو مەجۆعمەی ئاخری لە پێش کێ دادەندرێت.

مێری تاسابوو، زۆری پێ سەیر بوو، ئەوە چبوو حاجی بەو چێشەی داکرد؟ بڵێی ژار بێ؟ بۆ کێ؟

بڵێی بۆ بابم یا بۆ مرادی؟ دەرگاکەی پێوەدابوو، پشتی بە دەرکەیەوە نووساندبوو، چووبوو دەهەزرێکی قووڵ. هەر بە حاڵ دەرکەی کردبۆوە بێتە دەر، ڕاوێژی حاجی بایز و مەحموودی گۆی لێبوو و هەر بە کەلێنی دەرکەی دا چاوی لێکردبوون، ئێستاش حەبەسابوو، خودایە چ بکا؟ مابۆوە.

بە دایکی بڵێ؟ بە بابی بڵێ؟ چی بکا؟ نەیدەزانی. کاردارەکەی لە مدبەقێ ڕا هاتبوو مەجۆعمەکەی بردبۆوە ژوور لە پێش مرادی دانابوو، حاجی بایز گەڕابووە ژووری، دڵی وەکوتە کوت کەوت، حاجی ساڵە رووی تێکرد و کوتی:

«دەی براله ئەوەش کاک مراد و ئەوەش دایک و بابی، جا پێمان بڵێ چ باسە؟»

حاجی بایز چاوی لە مەجۆعمەی پێش مرادی بریبوو، زمانی بۆ دەمێکی لێ تێکەڵ بوو.

«وەڵلاهی! یەکەمین پێم خۆش بوو چاوێیان پێک بکەوێ، دوامینش کوتم بەڵکوو بە قسەی دایک و بابی بکا و لە شاخی بێتەوە، بۆخۆم بەر عۆدەی دەبم عافووی بۆ وەردەگرم.»

حاجی محەممەد کوتی:

«ماڵت ئاوەدان بێ یارەبی حاجی ئاغا!

حاجی ساڵە کوتی:

«دەز زۆر مەبارەکە خۆ وەڵلاهی ئەمیش پێم حەیفە، پیاوێکی ئاوا چاک، ڕووت و ڕەبەن لە شاخان دا بمێنێتەوە.

بڕێکی دیکەیان قسە کرد، حاجی ساڵە کوتی:

«جا باشە با چێشتەکە سارد نەبێتەوە، فەرموون.»

دەستیان بۆی چوو. حاجی ساڵە زۆر چاکی حاجی بایز دەناسی، زوو زانی درۆیان دەکا، چی دیکەی لەدوا نەدا.

حاجی بایز کوتە کوتی دڵی حەجمینی لێ هەڵگرتبوو، دەیهەویست قسان بکا هەتا لە پەنا قساندا بڕێک ئەهۆن بێتەوە. خات زارا بە قیژە و هەرا خۆی دە ژوور هاویشت، دەستیان لەسەر پاروی ماوە، بە پڕتاو خۆی بە ژوور داکردبوو بە دوای ویش دا خێزانی حاجی ساڵە و مێری هاتن.

«هەی بێ شەڕەف!»

خات زارا ڕووی دە حاجی کردبوو، بەسەری دا دەیقیژاند، «هەی خێری، جا چۆنت دڵ هات؟ تف تف.»

پەیتا پەیتا تفی پێدا دەکرد.

«چ بۆە زارا کچێ ئەوە چ دەکەی؟»

تێکڕا چاویان دەرپەڕیبوو.

«ئەوە چ بۆە، ژنەتیوە ئەوە بۆوا دەکەی؟»

حاجی بایز مردبوو، نەمابوو، زمانی وەستابوو، لێوە لەرزە و چەق و چۆ دایگرتبوو، پێڵووی چاوی چلێیان دەدا، دەرجا ئارەقە لەنێو چاوانی نیشت.

«کورە ئەو بێ شەرەفە چێشتی دەرمان داو کردوون! هەی بێ شەرەف.»

هەرا هەرا و قیژە قیژ ساز بوو، هەر سێکیان لەجێی خۆیان قیت بوونەوە، حاجی ساڵە کوتی:

«کێ دەڵێ؟»

«بەدی دیتوویانە، هەی خێری.»

مراد هەڵی کێشا دەمانچە و گوڕاندی:

«دا لاچن با ئەو سەگەی بە قوربانی گولەیێکی بکەم.»

حاجی ساڵە خۆی هاویشتە نێوانیان.

«کورە کاک مراد کورە بۆخاتری خودای ڕاوەستە.»

دەستی مرادی دانۆاندەوە خوار، ئەوجار بۆ خۆی ڕووی دە حاجی بایز کرد و تێی ڕاخوراند.

«هەی ناپیاو، جا چۆن لەماڵە من دا کاری وا دەکەی؟ وەڵـلاهی جێیتی لێی گەڕێم بتکووژێ.»

حاجی بایز کەوتە خۆ، بە لاقی حاجی محەممەد دا نووسا.

«کورە حاجی محەممەد بەخاتری خولای! بە خاتری ئەو پێغەمبەرەی، مەهێڵە، مەهێڵە بمکووژێ، کورە گووم خوارد.»

ترس دەخۆیدا پێچابۆوە، وەک شەق شەقە دەلەرزا و ڕەنگی دەموچاوی سپی دەچۆوە، مراد چەلێکی دی گوڕاندێوە:

«حاجی ساڵە بەرم دە با ساردی کەمەوە، سەگی وا.»

حاجی بایز پێڵاوی حاجی محەممەدی ماچ دەکرد. «کورە حاجی گیان! بە قوربانی ئەو کەوشانەت بم مەهێڵە، غەڵەتم کرد.»

دەستی بە گریانێ کرد. خات زارا دەستی پێکردبووە.

«هەی نامەردت کەن، جا چۆن نامری!»

هێندێکیان مراد ئەهۆن کردەوە، بابی و حاجی ساڵە تکایان لێکرد، نەیکوژێت.

کاردار سێ چوارێکیان هاتبوونە ژوور و چاویـان لـە ئـەو ڕوداوە سـەیرەی دەکرد.

کەڵەباب لە چوارلای گەدەی ڕا دەستیان بەخوێندن کـرد، دوو سـێ پارچـەی تەنکی هەور لە سووچێکی ئاسمان وەدیار کەوتبوون، کەس ئاگـای لـێ نـەبوو کەنگێ و لە کوێ ڕا هاتبوون.

چەڵێکی دیکە دایک و باب و حاجی ساڵە و مەحموودی دەئامێز گرت، سواری ئەسە کوێتی بو، ئەزنە ئاوڕی لێداناوە، جووتێک چاوی ڕەش دەسیرەی خۆیان گرتبوو، دڵیان پێکابوو، چاوی مامزێکی دەشتی هەرایەر بـوو، بزێکیـان هاتـە سەر لێو، ڕکێفی لە ئەسپە کوێتیدا، هۆڕە بایەک بوو بـەرەو بنـاری چیاکـان تێهەڵبوو، هەتا لە چاوان ون بوو لەرەی ئاغابانوو و یاڵوپژی کوێتەی چاویان بە دووی خۆیان داکێشا.

*******

دەمەی سە رکێوان شابازێک بوو، باشوویەک بوو، هەڵـۆیەک بـوو لـووڕی شیو و خڕ و گوندان دەبوو، چرنووکی تیژ و قـایمی لـە هـەموو شـتێکی تونـد دەکرد، یەکشەوە تاریک و ڕوونی بەیانی دەستی پێکردبوو، پڕووشـە و کـڕێوە لەهەوری بۆر دا پژانەوە خوار، ئاردەلۆکە بوو دەبارین، پوولەکەی سپی بـوون دەڕژانە سەر سیخمەی زەوی، هەتا بە حاڵ وەلاتی سپی کرد باری، دوایـە لێـی کردەوە، هەتاوی مات لە نێو جەغزی هەوراندا خۆی ڕاپسکاند، تیرێژی خسـتە سەر زەوی، ئاسەوای بەفری لێ نەهێشتەوە، دووکەڵی ماڵان باقە باقە تێکەڵـی هەوران دەبوون، بۆنی ئاوردوی سـوتـاوو، نـانی تـازە، بـۆنی پـەین و پاڵـی بەرماڵان کە هالاویان لێ هەڵدەستا، هەموو شوێنێکیان داگیر کردبوو، پاسـاری پۆل پۆل و بەلەز لە ئاسمانی بۆر باودا دەهاتوچۆ دابوون، لەسەر لـکوپـۆپی داری بێگەڵا دەنیشن، پڕ بە دێ دەیان چریکانـد، مێرمناڵـێکی بـزۆز و هـار بـە قۆچەقانی بەردێکی تێهەڵدەکردن، تێکـڕا فـڕەیان دەهـات، دوورتـر لـە سـەر گوێسوانەی ماڵێکی یان تەویلەیـەکی هەڵـدەکورمانەوە، لـەوێش حـەجمینیان نـەدەبوو، بـەرەو هـەورە بۆرەکـان هەڵـدەفڕینەوە، پـاش دەمێکـی لـوری پەینوپاڵێکی بلاو دەبـوون. پیـاوی پـیر لـە پـەنا دیـواران هەڵـدەتووتەکان، دەسحێبی ڕەنگاوڕەنگیان هێدی و لەسەرەخۆ دەگێڕا، جغارەیان هەڵدەبەسـت و

پێکەوە قسەیان دەکرد، لاو و مێرمناڵ هێندێک دوورتر لە وان سەرقاڵی مێشێن دەبوون، هەرا هەرایان گەرەکە ماڵێک دەرۆیی، پیرێژن نەوەکانیان، لە کۆڵ دەبەست، لەبەر دەرکێکی لێک وەکۆ دەبوون. شەو درنگانێکی میوانی ماڵە ئەحمەد چاوەشی ببوون.

«کێیە؟»

«میوانی ڕا دەگرن؟»

«فەرموون ماڵە خۆتانە.»

«دەرکەی لێکردبوونەوە.»

«فەرموون، بەخێرێن.»

بردبوونی ژوور، دیواری دیوەکان بۆر و ئاماڵ ڕەش بوون، تەندوورێک لە نێوەراست ژووری ساز کرابوو، دوو سێ منداڵ لە دەوری نوستبوون و پڕخەیان دەهات.

خێزانی ئەحمەدی کەوڵی هێنا و نان و پێخۆری بۆ دانان، دۆ ژەنگ لە میچی ژووری شۆر ببۆوە، دوو سێ داوە جالجالۆکە لە قوژبنی دیواران ڕەش هەڵگەرابوون.

بۆ خەو، ئەحمەد بردنی دیوێکی هێندێک خاوێنتر.

ڕەشکۆخان و سەروانە شێتە دوو شەو و ڕۆژ بوو بە دوایانەوە بوون؛ دێ بە دێ و شاخ بە شاخ شوێنیان هەڵگرتبوون، نەیان هێشتبوو ژاندەرم وەچان بدەن. سەروان دەیزانی بێتوو قەدەرێکی دیکە تێپەرێت و زستان بەسەر دابێت لەو وەڵاتە شاخاویە چیان پێناکرێت و دەبێ دەستە و دەستان بگەرێنەوە. جا بۆیە قەرە بە قەرەیان هاتبوون، لە تەواوی دێی سەر ڕێیان ماڵ پشکنێان کردبوو، ماڵ بە ماڵ گەڕابوون، لە خەڵکیان دابوو، بۆ ترساندنیان گوللەیان بەسەر هەڵتۆقاندبوون.

کرێوە تازە دەستی پێکربوو، فەتاح لە خەو هەستا، چاوی هەڵگوڵۆفی، عەولای دێت لەبەر پەنجەرە دانیشتۆت و چاو لە حەسار دەکات.

«عەولا ئەدی بۆ نۆبەی ئێشکی من هەلت نەستاندووم؟»

عەولا ئاوڕی لێداوە و سلاوی لێکرد لە پاشان کوتی:

«خەوم نەدەهات.»

چاوی دوو گۆمی خوێن بوون.

فەتاح هەستا سەر پێ و نوێنەکانی خڕ کـردەوە، فیشـەکدانی لـە خـۆی ڕا بەست و هاتە پەنای عەولا دانیشت.

«عەولا چ پکەین؟ بڕۆین؟»

«ڕاوەستە خانە خێو هەستن، دەنا عەیب دەبێ.»

دەنگە دەنگی ئەحمەد و خێزانی لە دیوەکەی دیکە ڕا هات، ئەحمـەد بـەحـاڵ دەرکەی لێکردنەوە، سەبرێکی سەری هێنا ژوور، سلاوی کرد و هاتە ژوور.

«یاخوا بەخێر بێن، پێو لەسەر سەرم دانا.»

«خودا ماڵت ئاوادان کا.»

هەرتکیان لەبەری هەستابوون.

«فەرموون توخولا! حەدم نێیە.»

خێزانی هاتە ژوور بەخێر هاتنی کردن، ڕۆبۆە نوێنوبانەکـەی و هاویشـتێ سەر شان و بردنێ دەر.

فەتاح کوتی: «بمبوورە بڕالە نێوت چییێە؟»

«ئەحمەد.»

«ئەدی ئەنگۆ کێین، خەجالەتم لێو دەپرسم، پێمخۆشە بزانم.»

عەولا کوتی: «قەیدی ناکات، ئەمن نێوم عەولایە و ئەو برادەڕەشم فەتاحە.»

«یاخودا بەخێرێن، ئەدی ئەوا بۆوا زوو لە خەوێ هەستاون.»

عەولا کوتی:

«وەڵلاهی کاکەگیان دەبێ بڕۆین، هەتا وەلات ڕووناک نەبۆت.»

«جا چۆن دێڵم ئاوا زوو بڕۆن، براڵە چاو لێ مەکەن فەقیرین، بەخودای هەتا نان و چای نەخۆن ناهێڵم لە ماڵێ وەدەرکەون، شەوێش چی واو نەخۆارد.»

فەتاح کوتی:

«کاک ئەحمەد گیان! ناکرێت بمێنینەوە، هەتا ڕوونـاک نـەبۆ دەبـێ لـەدێی وەدەرکەوین.»

«دەجا ڕاوەستن ئەوە دێمەوە.»

بەلەز چۆ دەر و بانگی خێزانی کرد.

«عافرەت، عافرەت.»

دەنگی نزمی خێزانی لە تەویلە ڕا تێکەڵی بۆڕەی مانگاییێکی هات.
«دەڵێی چی کابرا؟ ئەوە دێم.»
«لە مانگاکەی گەڕێ، خێرا وەرە کارم پێتە.»
ژنەکە دوای ماوەیێکی کورت هات، دەستی لێک دوور ڕاگرتبوو، بەری هەرتێک دەستی دیار بوو تازە خەنەی تێدابوون.
دەلێی چی؟ چیت دەوێ ئێستا بە چاکی نەمدۆشیوە.»
سرت و خورتێکیان کرد، ژنە خێرا چۆوە مدبەقێ، کولێرە و پێخۆری بۆ دە دەسرێکی پێچان و بۆی هێنان.
عەولا و فەتاح هاتبوونە حەسار و خەریکیماڵئاوایی بوون.
«کاک ئەحمەد ئەو زەحمەتەی ناوێت، پێخۆرمان پێیە.»
«جا زەحمەتی چی، ناقابیلە.»
«کاک ئەحمەد تکات لێدەکەین تەنانەت بە ماڵ و منداڵیشت بڵێ باسی ئێمە لە لای کەس نەکەن ئەوشۆ لێرە بووین، دەنا تووشی چەرمەسەری دەبن.»
ئەحمەد بزێکی هات و کوتی:
«ئەرخەیان بن، ئەگەر ئیزنم بدەن، شتێکو لێدەپرسم.»
«فەرموو.»
«دەوهەوێت بۆ کوێ بچن؟»
چاوێکیان لێک کرد، عەولا کوتی:
«ئەگەر ڕاستیت دەوێ دەمان هەوێت بچینە قالۆی شێخان ماڵە فەقێ حەسەنی.»
«جا چاکە بەڵەدن.»
«ناوەڵلا دەیبینینەوە.»
«جا چۆن دەبێ، ڕێگاو بەو زستانەی لێ هەتەڵە دەبێت، سولەیمانی کوڕمو لەگەڵ دەخەم، پێو نیشان بدات.»
«سولەیمان! سولەیمان!»
«بەڵێ بابە گیان!»
لاوێکی ڕەقەڵە لە ژوور هاتە دەر.

«سولەیمان وەپێش کاک عەولا و کاک فەتاحی دەکەوێ هەتا قالوێ شێخانیان لەگەڵ دەچی و دەیان بەیە ماڵە فەقێ حەسەنی.»
عەولا کوتی:
«کاک ئەحمەد لەوی گەرێ بۆخۆمان هەر چۆنێکی بێت دەیدۆزینەوە.»
«لەوانەیە لە ڕێیە تووشی ژاندەرمان بین، پێم مەسڵەحەت نییە ئەومان لەگەڵ بێت، ئێوە هەر شەوێ لێم وەژوور کەوتن زوو زانیم دەبێ ئەوانەی فەقێ حەسەن باسی بۆ کردوم بن، ئەخر ئێمە پێکەوە زۆر برادەرین، دوامینی ئەوەش خۆ ئەنگۆ ناتوانن بچینە نێو دێی، دەوناسنەوە و ڕاپۆرتوو لێدەدەن، وا چاکترە سولەیمانو وەپێش کەوێت و ئەو بچێتە ماڵی فەقێ حەسەن و تێیبگەینێت.»
«جا زۆر باشە.»
سولەیمان بە پێ و قۆچاغ وەپێشیان کەوت، لە مێرگە پەپوولە لەسەر کانی ماران عەولا و فەتاح دانیشتن. سولەیمان بەسەر ڕاستە ڕێیدا ڕۆیی، دوور و نیزیکی قالوێ شێخان ببوو، وەلات بە یەکجاری ڕووناک ببوو، با هەوری دەوران دەوری هەتاوی ڕامال دابوو.
ڕەشکۆخان لەمێژ بوو بە دووربینی چاوی تێبریبوو، لەپشت دارە گوێزێکی پیر و گەورە خۆی حاشار دابوو، چی وای نەمابوو سولەیمان بیگاتێ، لێی دەرپەری، سولەیمان داترووسکا.
«وەرە پێش کوڕە برانم.»
بەدڵە لەرزە بۆ لای چوو.
«خێرابە دەی وەرە ئێرە.»
سولەیمان گەیشتە بەرامبەری، کەسی بە غەیری ڕەشکۆخان نەدیت، چاوی ڕەشکۆخان ترووسکەیان دەهات، مووی سمێڵی دانەمە ببوون.
«نێوت چێیە کوڕە؟»
«سولەیمان!»
«خەڵکی کۆی؟»
«خەڵکی قالوی زەندانم.»
ڕەشکۆخان چاوی لەو بەر ئەوبەری خۆیان کرد و ڕووی تێکردەوە.
«لەچی دەگەرێ ئەوە؟»

سولەیمان برێک دور دۆنگ ماوە.

«دەچووم، دەچوومە قالوێ شێخان کارم هەیە.»

ڕەشکۆخان لێی چۆ پێش و دەنگی نزمتر کرد.

«ڕاستیم پێ بڵێ هاوالەکانت نەدیوم؟»

«هاواڵەکانت؟»

ڕەشکۆخان چەلێکی دی ئەوبەر و ئەوبەری چاو لێکرد و هەنگاوێکی دیکەی لێ هاتە پێشتر.

«دوو نەفەرن، لێک هەڵبراوین، نەت دیون؟ یەکیان نێوی عەولایە و ئەوی دییان فەتاحە.»

«سولەیمان ئەرخەیان بوو.»

«با لەگەڵ من بوون ئەوە لەسەر کانی ماران دانیشتوون.»

«زۆر چاکە، زۆر لەمێژ بوو لێیان دەگەڕام، ئەدی ئەتۆ بۆ کوێ دەچووی؟»

«دەچوومە ماڵە فەقێ حەسەنی بانگم دەکردە کن وان.»

«دەی زۆر باشە.»

بە دەست ئاماژەی کرد، ژاندەرم و پیاوەکانی لە پشت تەپلۆکێکی ڕا هاتنە دەر، سولەیمان دەست و پێی لێ تێک چوو، حەپەسا، دوو ژاندەرم دەسبەجێ گرتیان سەروانە شێتە کوتی:

«بیبەنێ پاسگای قالوێ.»

خۆمخومی کانی دەهات، کەنارەکانی پڕ لە زرەپنگ و سێ سوو بوو، کرێوەی بەیانی نیشتوو لەسەر دەوران دەوری کانی، خۆی نەگرتبوو توابۆوە.

چوار لایان لێگرتبوون، هەتا بە تەواوی دەرەتانیان لێ نەبرین خۆیان ئاشکرا نەکرد، گوڕەی سەروانە شێتە دەنگی داوە.

«خۆ بە دەستەوە دەن، دەنا دابێژ دابێژ دەکرێن.»

هەتا ئاخرین فیشەک بەشەر هاتن، بەرە بەری نیوەرۆیە هەرتکیان بە گوللەی ژاندەرمان پێکان.

***

## (٥٦)

هەور چوار وەرزی ساڵ دین، گەواڵ گەواڵ، سپی سپی، بۆر بۆر، ڕەش ڕەش لە زینوێ ڕینکە دەبن، لێکدەهاڵێن، تۆپەڵ دەبن، پان دەبنەوە، درێژ دەبنەوە، شاڵاوی بۆ دێنن، دەگۆرێنن، بە سەری دادەدەن بەڵکوو، ئەی بەڵکوو ئەویش بە چۆک دابێنین، بەڵامقەندیڵ هەروا وەک جاران، وەک هەمیشە سەربەرز و گەردەنکەش لێیان ڕاساوە، سەری لەناویاندا هەڵبریوە.

زستان جارێکی دی خۆی بەسەر سروشت داسەپاند، ڕەشانگی لە هیچ شوێنێکی نەهێشتەوە، چەلێکی دی گرم و هۆری داپسانی کەوی و رنوو لە چیا ئاستەمەکان، گرمژنیان دەشەودا، تەنورەی تێکڕایی سەدان دێوی بەسام بوو. بەفر کلوو کلوو دەباری، جێ جێ هەتا چەند گەزان دەکەوتە سەر یەک و مێرگ و زەبەن لە ژێری هەتا درنگانێکی ون دەبوون.

بای سەر سەر تاژنگی بە ژانی دەوەشاند، پێش ئەو بەفرە قوڕسە دوو جاران مراد دە بۆسەی ژاندەرمان کەوتبوو.

چەلێکی لە گردی هێلانە تاسان، چەلێکی لە کانیسپی، وایان لێ ڕاسابوو نەبێتەوە، پڵینگ بوو دە جەغزی چەقەڵاندا، یەک تەنە بەڕەنگاویان ببوو، ڕووی تفەنگی دەهەر لاییێکی دەکرد جووقەواری لێدەبرین، قەتیان شتی وا نەدیبوو، نەیاندەزانی کەنگێ و چۆن جێ گۆڕکی کردۆە. چوست و چالاک، مارێک بوو بە شاخیدا دەخوشی، پڵینگ بوو لە رەوەزە بەردان ڕا قەفازی داویشت.

«پشت لە هیچ قوشونێکی ناکاتەوە!»

«چاوی لە هیچ ئینسانێکی ناترسێت!»

هەلۆ بوو لە ئاسمانی هەراودا شاباڵی کردبۆوە، قەنـدیل بـوو سـەرکەش و سەخت ڕاوەستابوو، بادیناوێ بوو هەموویانی دەگێژاوی دا نوقم ببوون.

هەرتک جار ڕەشکۆخان و سوارەکانی بە هانای ژاندەرمان هاتبوون، بێسیم لە سەر بێسیم بۆ پاسگاکانی دەوروبەر کرابوو و لێکدا لێکدا نیرو هاتبوو.

«مراد لە گردی هێڵانە تاسانە، دەورەمان داوە.»

ژاندەرم زینجیر لەمە بـە شـوێن یەکـدا هـات بـوون، لـە هـەموو لایـەک، ڕەشکۆخان و پیاوەکانی بە تەمای هەڵگەران بـە شـاخی بـوون، هـەر گوللـەی مرادی یکێانی سلاڕ کردبۆوە، چـەلێکی گوللـە وەنێـو چـاوانی سـواری پـەنا ڕەشکۆخانی کەوتبوو، ئەسپ و سوار هەرتکیان سـلاڕ ببوونـەوە، دەسـبەجێ فەرمانی دابەزین و چەپەر گرتنی دابوو، نە ژاندەرم و نە سوارەکانی ڕەشکۆخان زاتیان نەبوو هەنگاوێکیش بچنە پێشتر.

هیچیان نەیاندەزانی لە پەنا کێهە بەردی دا یا دەنێو کێهـە شـکێر و قەڵشـە بەردی دا یا لە پشت کێهـە دەوەنێکـی ڕا پێوەیـان دەنـێ، چەنـد نەفـەری لـێ کوشتبوون. ڕەشکۆخان و سەروانە شێتە فەرمانیان دابوو وێگـرا هێـرش بەرنـە سەر، لە هەموو لایەکەوە بۆی چووبوون، کەس نەیزانی چی لێهـات، بـەکوێ دا ڕۆیی، ئاسمان هەڵـی لووشـی، حـەرز قـووتی دا، چـۆن دەربـاز بـوو، هـەر ئەوەندەیان زانی لە تەشکی کێوەکەی کـەلاکی سـێ ژانـدەرمان کـەوتبوو، لـە دوورەوە قامیشەلانی سەر جۆگە ئاوکەی داوێن شاخی دەلەریەوە، گورجی لێـی وەر ببوون، ئاوریان تێبەردابوو، سەدان تفەنگیان پێوەنابوو. دوو شـەو دوایـە ڕاپۆرتیان دابوو ئەوە لە کانیزەردی دیتراوە!

سەید نەجمە هەرتک جاران هەستی کردبـوو دەسـیرەی تفنگـی مـراد دایـە، هەرتک جار ژاندەرمی لەولاو ئەولای ئەنگاوترابوو، نووزەیان لێبـڕابوو، زۆری پێ سەیر بوو بۆ لەوی نەدابوو، چاوەنۆاڕی هەلێک بۆ ئەنگاوتنی مراد مـابۆوە. ڕەشکۆخان، پیشی دەخواردەوە، لێوی دەکرۆشت، نێوچاوانی گرژ و تاڵی ترسی دەخستە نێو سوارەکانی، بەسەر شۆڕی وێرای ژاندەرمان دەگەرانەوە پاسگایە، هەستی تێک شکان، هلۆڵ بوون، سووک بوونی خۆی دەکرد.

«دوێنێ شەو ناردویەتی سەر پاسگای شینئاوێ، داوای پیتاکی لێکردوون!»

«کوڕە شتی چاک بڵێ، جا چۆن دەنێو ئەو هەموو ژاندەرم و سوارانە دا چۆت؟»

«بابم خۆ ئەمن و ئەتۆ نین، ئەو بە ئاسمانان دا دەڕوات، کەس نایبینێ.»

«دەی چاکە چیان کردۆت؟»

«ئەو جۆرەی دەڵێن ژاندەرم بۆیان نەناردۆت، دوو شەو و ڕۆژ لێیان دامەزراوە هەرچی جوولە کردوە لە جوولەی خستۆت، لە ئاخری سەر ژاندەرم بە ترسەوە لە سەر شۆرەی بانی سەراسوویان کردەوە، ئالایێکی سپیان هەڵداوە و پۆڵەکەیان بۆ ناردۆت.»

«هەی چاوی سەرم بی مراد! هەی لەمنت کەوێت، مراد گیان! دەی باشە ئەگەر وایە دەبێ ئێستا پولێکی زۆری هەبێ.»

«کوڕە نەوەڵڵا! هەر بۆ ئەوی شەو هەمووی دەنێو خەڵکی کۆنە لاجاندا بڵاو کردۆتەوە.»

«ئەرێ مام حەسەن چێیە؟ ئەوە بۆ وا پەرۆشی؟»

«کوڕە جا بڵێم چی، بەسەرت دار و نەدارم ئەو پازدە سەر کاوڕە بوو لە حوسێنی مام کەریمیم کریبوو، ڕۆژێکی کابرائێکی عەجەم لەگەڵ گورووبانە ڕەشە لێم وەژوور کەوتن و کاوڕەکانی لێ کرِیم، گورووبان کوتی:

«ئەوە پوورزامە و بۆ خۆم دەستەبەری پولەکەی دەبم، ئێستا ئەوە دوو مانگە ئەوان سوار و ئەمن پیادە، دوو کەرەتیش چوومە پاسگایە، هێندیان لێداوم نەبێتەوە.»

«هەی بێ بەڵا بی هەی، ئەدی ئەوە بۆلێرە دانیشتووی؟ هەستە بڕۆ مرادی ببینەوە، شەرتە دوو ڕۆژی ناکێشێ بۆت دەستێنی.»

«جا بڵێی شتی وا ببێ؟»

«ئەی چۆن بڕالە خۆ ئەمن بە قەستیت وا پێنالێم.»

ناوی مراد لیزمای سەر بەهار بوو لە شاخی دەهاتە خوار و لافاوی پووش و هەڵاشی زولمی ژاندەرمی لەگەڵە خۆی ڕادەدا.

سەر لە ئێواران ئاسمان ڕەش بـاو دەبـوو؛ خۆڵەمێشـیان بـە چـڕوچاوی دا دەکرد، بۆر بۆر. کرێوە و پرووشە لووت و بـزوت دەسـتی پێـدەکرد، وردە وردە دەنکەکان درشت دەبوون، سەمایێکی نەرم و جوانیان لە ئاسمان دەست پێدەکرد، عشوەیان دەنواند و دەکەوتنەوە سەر شان و پیلی هەموو شتێکی. شەوانە چەق و لووری گورگان تا دوور دەڕۆیی گرد و گۆڵی بەیانان زریقین ساز دەبوو، تیشکی خۆر لە سەر ئاوێنەی بەفر لە چاوانی دەدا، دار ڕووتەن و کـز سـەریان دەبـاڵ خۆیان نابوو، دەبیرێکی قووڵ ڕۆ چووبوون.

دەچۆ هەر دێیکی تـین و تـاوی بـەهارێ لەگـەڵ خـۆی دەبـرد، لـە دەوری ئاپورەیان دەبەست، چاویان دەچاوی دەبڕی، سفرەی دڵیان بۆ هەڵدەڕشت.

«کاک مراد! ئەو ئیستیوارەی پاسگای پووشئاوێ بڕستی لە خەڵـک بریـوە، ماڵە خاڵم لەوێندەرێن دەیانگوت هەڕاسی پێ هەڵگرتوین.»

«کوڕە کاک مراد! بە خاتری خولای؛ ئاوا بە ئاشکرایی مەچۆ نێو دێیان، نەکا لێت خەفتابن، دەڵێن دەوڵەت پوولێکی یەکجار زۆری بۆ سەرت داناوە.

مراد زەردەی دەهاتێ، دەستی لە سەر شانی دادەنان، لێیان میوان دەبوو.

بەیان بەربوون لادێیکان ئەسە کوێت و سوارەکەیان دەدیت، بە وێنـەی بـای سەرسەر بەرەو سینگی چیاکان تێ هەڵدەبوون، هەڵدەفڕین، ڕوو بـە ئاسمـان هەڵدەکشان، لەسەر سەری قەندیل دەسـووڕان، جـوانی لـێ ورد دەبوونـەوە، هەڵۆیکی ڕەشیان دەدیت باڵەکانی کردوونەوە، تیرۆژی خۆر لە سـەر شاباڵـی تررووسکێتی.

ئاو چۆڕە لەبن پێی بەفران دەستی پێکرد، خوڕە خوڕ و خومخۆمی جۆگە لـە هەموو شوێنێکی وەدیهات، گوڵ و گیا سـەریان وەدەرنـا، سروشـت گـووڕاوە، ڕەپستە و ئاوەنێا لەدێبەری دێیان لە ژێر بەفری قورس دا قوتار بـوون، لـک و پۆی دار و دەوەنان دنذووکیان دا و سەر لە نـوێ خـوێن لـە دەمـاری ویشـکیان وەکوڵ هاتەوە گەلوازەی باڵندان لە ئاسمانی سەر سەری مەزرا و دێهاتـان لـە بەیان ڕا هەتا شەو دەبیندران. قاسپەی کەوی گەراوە لە گـەرمێن بـۆ دیتنـەوەی یار، وەلاتیان لە بیرە خەو هەڵدەستاند.

وەرز توند و بە پێ دێن و دەڕۆن، زۆر چـەلان هەسـتیان پێناکـەین، دەنێـو دونیای زەینی خۆماندا دەگیر کەوتووین، ئاگامان لێبراوە. لەو هەموو جـوانی سروشت، ئاگامان لە ئاوسبوون و زاو زووی زەوی نێت، هەزاران گوڵ لە پـەنا یەکتر، لە پێش چاومان سەر هەڵدێنن، بزەیان لەسەر لێو، پێمـان پێدەکـەنن، بانگمان دەکەن، هەڕاش دەبن، ڕەنگیان تێکەڵ دەبێت، وڵات دەخەملێ، ئاگامـان لێ نێت! بـەرە بـەرە زرد هەڵـدەگەرێن، هەڵـدەپرووین، سروشـت لـە گەشـە دەکەوێت، بیری لێ ناکەینەوە، هـەر کەسـە دە دنیـایێکی بەرتەسـک و چکۆڵـە قەتیس ماوین، ژیان لێمان دوور دەبێتەوە، کەچی بـە دوای تراویلکـەین! ژیـان چێیە؟ خواردنە؟ زۆر خواردنە؟ نوستنە؟ چییێە؟ ئەوانە ژیانن یا کەرەسەی ژیان؟

ڕۆژی وابوو تۆف و تەپ و مژ دەسـبەجێ زینـوو ملـەی کێـوانی دادەگـرت، هەلیدەکردە بایێکی سارد و بە تەوژم، گژە گـژی ڕۆژی ڕێیـە دەڕۆیـی، سـەرما پاشین دەستە ملانی لەگەڵ تین و تاوی هەتاو دەکرد، جەستەی ناسـکی گـوڵانی وەبەر قەمچی دەدا، هەتا بنـاری چیاکـان دەهاتـە خـوار، توانـای لێـدەبرا و تێکدەشکا، گەرما هێدیکا، هێدیکا قشونی ناردبۆە سەری.

دشت و جێی هەراو زووتر گەرم داهاتبوون و هەوارچی چیغ وو چادریـان لـە وڵاخان نابوو، مێگەلە مەریان وەپێش خۆ دابوو ڕوویان دە زۆزانان کردبوو.

لوورەی بلـوێری شـوان جـارێکی دی هاوچـڕی، قاسـپەی کـەو و شـۆرەی جۆگـەئـاوان بـوو، کەروێشـک زاوزوویـان کردبـوو، فەرخـەیان خەپاڵـە و خوێنشیرن دەهاتنە بەر کوڵانەیان، چاڵووک سەر و پۆتراکیان بە گوڵی پەمویی ڕازابۆوە، گولە مێلاقە باوەش باوەش جاڕە گوڵانیان سوور داگەراندبوو، بزنـە کێوی شاخیان گەورەتر و قایمتر لە پار ببوو، سەر چڵـووکی گیـا و دەوەنیـان هەڵدەقرتاند، سـەمای هـەزاران پەپوولـە کـە نەخشـی گوڵـیان لەسـەر بـاڵ هەڵکەندرابوو و بەشنە بایێکی بالیان دەلەرزێنـەوە، تێکـڕا غـەمزەی بـەهاری کوێستان بوون. هەوارگەی حاجی ساڵە ئەوساڵ کوێستانی قەندیڵ بوو، لەسـەر کانی خودا، ڕەشماڵ چڵە بەنان لە پەنا یەکتر هەڵدرابوون، پەچە مـەڕ ڕوو بـە

قەندیلْ و پشت لە چادران ساز کرابوون. ئەوساڵ زووتر لە ساڵان هاتبوونە هەوار و مەڕیان بە سینگی قەندیل هەڵگەرابوو.

شەوێکی فێنک و خۆشی بانەمەڕ بوو، کزە بایێک بڵێسەی ئاوری بەرخێوەتی حاجی دەلەرزاندەوە، بڵێسە خوار و خێچ دەبوون و شەبەقیان لەسەر دەم و چاوی حاجی و میوانی جێی دەگۆڕی.

حاجی ساڵە گوێی بۆ قسەی میوانەکانی هەڵخستبوو، نێو نێوە قسێکی دەکرد و ئەزنە مژی لە قەننەی دەداوە، چاوی دەکۆگا ئاوەرکە بریبوو.

حاجی بایز و سەید نەجمە بەرامبەری دانیشتبوون و نۆبە بە نۆبە قسەیان دەکرد.

هەوارچیان هیچیان بۆیان حەیان نەبوو باسی چ دەکەن، لە ڕووداوەکەی پاییز ڕا حاجی بایزیان نەدیتبوو و پێیان وابوو نێوانیان بە یەکجاری تێکچۆت و هەڵبەت ئەوشۆش هەر لەبەر بەشکردنی ماڵ و داهاتیان هاتبوو.

حاجی بایز قەننەی بەردەمی لادا «بڕالە حاجی گیان! ئێمە چاکەی تۆمان دەوێت، ئێستاش هەتا دەرەنگ نەبۆ وەخۆ کەوە با لە دەستمان دەرنەچێت، دەی دەڵێی چی؟»

حاجی ساڵە هەناسێکی هەڵکێشا و کوتی:

«چا بڵێم چی؟ وەڵڵاهی تێماوم، جابێتوو بە قسەشوو بکەم، ئەو کارە چۆن پێک دێت؟ خۆ بۆخۆتان لەمنی چاکتر دەناسن، دەڵێی مەلی داو دۆزە، خۆ بەخودای بێتوو شک بکات خاکم بە توورەکان دەکێشێت.»

سەید نەجمە کوتی:

«حاجی گیان درەنگ یازوو هەر دەگیڕ دەکەوێت، چا بۆ خەڵاتەکەی بۆ تۆ نەبێ، بۆ لە کیس خۆتی دەدەی؟ خۆ بە جەدم ئەمن چاوم لەوەی نییە، ئەوەندەی تۆڵەی سەید حەسەنی لێ بکەمەوە بۆ من بەسە.»

حاجی ساڵە هاواری کرد:

«مەحموود! کوڕە وەرە ریزێک چا بێنە.»

مەحموود گورج هات.نیسیێ لەبەر تریفەی مانگەشەو و شەبەقی ئاور ببوو بە چەند دانە.

حاجی بایز کوتی:

«حاجی ئەو ئێستا متمانەی بە تۆ هەیە و شکت لێناکا، ئەوەش نەبێت بەو زوویانە دەگیر ناکەوێت، لەوانەیە لەجێیکی وەبەر ڕشکوژی بێت و لە هیچ و خۆرایی خەڵاتەکەش بۆ یێکی دیکە بێت.»

تەماح نیسێیک بوو وردە وردە خزا نێو گیانی حاجی ساڵە.

شەو شەق ببوو، میوان لە خێوەتی گەورەی میوانان پڕخ و هۆریان دەهات، ئاور خومارین ببوو، دەم دەمە قرچێک لە بزووتێکی دەهات یان بە وێکەوتنی شنەی نێوە شەو باپۆوسکە لەسەر سکلان لادەچوو؛ گڕشە گڕشیان هەتا دوور دەڕۆیی.

بۆمە لێلی بەیان لەگەڵ ساز بوونی شلقەی مەشکان لە ریزە چادری خوارەوە، حاجی بایز و سەید نەجمە ئەسپیان تاو دا و لە هۆبەی دوور بوونەوە.

وەڵات ڕووناک ببوو، شەنگەبێری بە تریقە و پێکەنین بەرەو حەوشەی مەڕ وەدەر کەوتن، مێری لە دوورەوە سوور دەچۆوە، گوڵە مێلاق بوو وەڕێ کەوتبوو.

حاجی ساڵە هەتا بەیان خەوی لێنەکەوت، یەکبین لەجێدا جینگڵی دا، بیر و هەزری جۆراوجۆر هاتبوون و ڕۆیبوون، شەر لە ناخێوە ساز ببوو، ئەوەی بۆی گرینگ بوو مان یا نەمانی مراد نەبوو، ترسی لۆمەی هەوارچیان و خەڵکی بوو، دەبیر ئەوەی دابوو کارەکەی بە چەشنێک پێک بێنێ ماوەلی نەبێت دەرچێت، دەنا کەسێکی ترسی لە دەوڵەت بەو هەموو ژاندەرمەی نەبێ و ئاوایان تەنگە پێهەڵچنێ، کەسێکی وەک حاجی ساڵە بۆی چ نییە، شتێکی برێکی دڵ پێخۆش بوو ئەوە بوو، دەیزانی لە گۆشێکی دڵی مرادی، مێری جێی خۆی کردۆتەوە.

هەتا نوێژی نیوەڕۆ لە چادری نهاتەدەر و ڕاوێچکەی کـرد، بـە چ بیـانۆکی بیکێشێتە ئێرە، چەلی وابوو لەو بریارە پەژیوان دەبۆوە، دیسان تەماح شالاوی دێناوە.

لووره بلوێری شۆانێکی لە دوورەوە دەهـات، هـەتاو لـە تەشـقی ئاسمـان ڕاوەستابوو.

«مەحموود! مەحموود! وەرە ئێرە کوڕە بزانم.»

«فەرموو حاجی ئاغا.»

«بە بێدەنگێکی هەڵدەستی دەچی مرادی دەبینێوە، پێی‌دەڵێی حاجی ساڵە زۆر نەخوشە و بەجیٚوبان کەوتۆت، داوای دیتنی تۆ دەکات.»

مەحموود زۆری پێ سەیر بوو، چاوێکی لە بەری پێی ڕا هـەتا تـۆقی سـەری لێکرد.

حاجی ئاغا! ناسازی؟»

«چیت پێ دەڵێم ئەوەی بکە، پێی بڵێ دەیکوت هەر چۆنێکی بۆت سپیٚشەو لێم میوان بێت کارێکم پێیتی.»

شەنگەبێری چەلێکی دی دەفری شیر دۆشێنیان لە قۆلی کردبوو بـەرەو بێـر دەڕۆیشتن، سوارێک بە پڕتاو بە پەنایان‌دا تێپەڕی.

مـەحموود لـە تاریـکوڕوونی بـەیان هەواڵـی دیـتنی مـراد و ڕاگەیانـدنی ڕاسپاردەیدا بە حاجی، ماندوو و شەکەت چۆوە نێو چادری خۆیان.

ئەویٚ ڕۆژیٚ حاجی بە جێوبان لە چادری خۆیدا کەوت، ڕۆژپەران چەند پەڵـە هەور لە سووچێکی ئاسمان ڕاوەستابوون، پەراوێزیان زێرنیشان کرابوو.

سەوەر دەستی پێکرد، هەوارچی تاق و لۆق هاتنـە بـەر دەرگـای چـادران و چاویان دەشاخێکی بڕی کەکوێتەی پێدا دەهاتە خوار، دوور و نیزیکـی چـادران نەرمە غار هـات هـەتا حانـدی ڕەشمـالان، مێـری لـە مابـەینی دوو چـادران ڕاوەستابوو، چاوی تێبریبوون، گڕپە گڕپی دڵـی دەهـات، مـەحموود لـەپێش هەمۆاندا بوو.

«بەخێری کاک مراد، فەرموو دابەزە.»

گورج و گۆڵ دابەزی، هەوساری کوێتەی دا بە دەست مەحموود و بۆخــۆی دە گەوەی هەوارچیان دا ماوە.

«کاک مراد فەرموو چادری حاجی، لە بەیانێوە چاوەڕێتە، هــەر باسـی تــۆ دەکا، زۆر ناسازە.»

مراد بە بەردەمی چــادراندا رۆیــی، چــاوی دە چــاوی مێــری هاوقــا، لێـک گرێدران، سەری بەرداوە و لێی تێپەر بوو، لــە چــادری حــاجی ساڵــە وەژوور کەوت و سڵاوی کرد و هەتا سەر سەری ڕاوەنەستا.

حاجی لە پڕێکی دڵی داخورپا و ڕەنگی بزرکا، بەڵام زوو بەسەر خــۆی دا زاڵ بۆوە.

«هــاتی کــاک مــراد، یــاخودا بەخێری، دەترســام نــەیێ و ئــەمن بمــرم و نەتبینمەوە.»

«حاجی ئاغا ئەوە چ بۆە؟ ناسازی؟ چاک دەبی ئیشاڵڵا.»

«فەرموو دانیشە. مەحموود کوڕە بە مێری بڵێ چای بێنێت.»

بە دەست ئاماژەی بە کەولێکی قاویی و خــاوێن بەرامبــەر بــە جێوبانەکــەی خۆی کرد و فەرمووی مرادی کرد.

«دەفەرموو دەی کاک مراد.»

دەنگی دەلەرزاندەوە و نزم و نەویتر لە جاران قسەی دەکرد.

مراد تفەنگی لە شان هێنا خوار و لە سەر کەولەکەی دانیشت.

مێری کەشەفێک چا و قەندان بە دەست هاتە ژوور، سڵاوی کرد.

«بەخێری کاک مراد.»

«سڵامەت بی!»

مێری سوور هەڵگەڕا، چای دانا و بسکۆڵی کە کەوتبوونە سەر ڕوومــەتی بــە دەست دەژێر لەچکە سوورەکەی دا شــاردێوە و خــانومــان گــەراوە دەر، بــۆنی مێخەک و عەتری لێ بەجێی مابوو.

پۆلێک مێش یەک جێ خۆیان بە قەندان دادا و لە دەوری سووڕان، مراد بە پشتی دەستی تاراندنی، کڵۆێکی قەند هەڵگرت و دەزاری هاویشت، دەستی بۆ چایەکەی برد و هەڵیگرت.

«ئەوە حاجی لە کەنگێوە وات لێهاتۆت؟»

«لە دوێنێ بەیانێوە، بەسەرت گوز و گۆمەت تاوویاو دایگرتم، ئازای ئەندامم دێشێ، زۆر سەیرە قەتم ئاوا لێ نەهاتۆت، دوێنێ شەو یەک بین ئارەقەم کردۆە، ئێستاش لەبەر شتێکی لە دووم ناردوی، ڕاستێکەت دەوێت نەمدەویست زەحمەتت بدەم بەڵام پێم خۆش بوو لە بابەت مەسەلەیەکی بتدوێنێم.»

مێری جارێکی دی هاتە ژوور و ئیستکانی بەتاڵی بردنەوە دەر.

مراد کوتی: «فەرموو حاجی گیان! ئەمن دەخزمەتت دام.»

«کاک مراد ئەمن لەوانەیە لەو نەخۆشێ هەڵنەستمەوە، جا بۆیە لە دووم ناردی چونکینێ بە پیاوت تێدەگەم و متمانەم تەنیا بەتۆ هەیە، ئێستاش بۆخۆت دەزانی مەر و ماڵاتم لەگەڵ حاجی بایزی پێکەوەیە، جا خۆ ئەویش چاک دەناسی، هەر بێتوو شتێکم لێ بێت دەسبەجێ دەستیان بەسەر دادەگرێت و ماڵ و منداڵم بێ بەش دەکا، بۆیە پێم خۆش بوو دوای من ئەتۆ سەرپەرەستیان بکەی و ئاگات لێیان بێت، نەهێڵی ئەو خودانەناسە ناحەقیان لێ بکا.»

یەک دوو چەل بە توندی کۆخی، بێدەنگ ماوە.

«حاجی گیان! لە خۆڕا دەترسی، ئیشاڵلا چیت لێ نایە، ئەوجاریش خاترجەم بە و پێویستی بە کوتن نێیە هەتا ئەمن هەبم ناهێڵم کەس زوڵمیان لێ بکا.»

جموجۆڵ وە هەوارچیان کەتبوو، دەنگە دەنگ و سرمە سرمیان دەهاتە چادری حاجی.

هەور دەستی یەکتریان گرت و بەرەو مانگ ڕۆیشتن، ماوەیەک دوایە لێی وەربوون، بۆساتێکی دنیایان ڕەش و بەش کرد، دەمێک دوایە هەڵبڕانەوە و هەر کوتەی بۆ سووچێکی ڕێتاریان کرد. ئەستێرە جریوە جریویان ساز بۆوە.

لە دۆڵی خوارەوەی هۆبە، سپیدار و سوورە چنار پتەو و قایم شانیان وەبەر ڕەشماڵی شەو دابوو، ڕایان گرتبوو، عەتری سەدان گوڵ و گیای کوێستان تێکەڵ ببوون، بە دەرگا و چیغی چادران‌دا لێیان میوان دەبوون، لە مێرگ و کەماجاران‌دا گۆەئەستێرە دەترووسکانەوە، پڕمەی ئەسپە کوێتی دەهات، مراد چاوی دەکوێتی ڕەشماڵ بڕیبوو، وردە وردە پیلۆی کەوتنە سەر چاو، خەوێکی قورس ڕفاندی.

مانگ لە حەلحەلەی ئاسمان پێی چەقاندبوو، گەگڕ ببوو.

ڕەشاێیک بە پەنا چادران‌دا خوشی و تێکەڵ تاریکی بوو، بەکرە ڕێچکە ڕێیانی وەک بەری دەستی دەناسی، سینگی ببۆە مۆشەی ئاسنگەران، خۆش خۆش بڵیند و نەوی دەبوو، بێ ورنگدان هەڵدەهات و شیو خڕی بە جێ دەهێشتن، بۆ یەک دەمیش ڕووخساری شەمێ لە پێش چاو لا نەدەچوو، لەخۆشیان ئەودەمەی حاجی ساڵە بە سرتە بەڵێنی پێدابوو بیکاتە زاوای خۆی، قسەی بۆ نەکرابوو، بە دەستی دا نووسابوو و ڕای‌موسیبوو، دەسبەجێ فرمێسک بزە لە گۆشەی چاوی وەدیهاتبوو.

«حاجی ئاغا بڵێی لەو شاخە ڕا خۆت فڕێ دە خوار تێنافکرم و گورجێ خۆم فڕێ دەدەم، هەر شتێکی پێم بڵێی لەسەر چاومی دادەنێم.»

کە پێی کوتبوو دەبێ هەتا پاسگای بەردەقەلان هەڵێی و ڕاپۆرتیان دەیەی، بۆ ساتێکی دڵی داخوڕپابوو، هەستێکی ناخوش، جۆرێک هڵۆل بوون، بۆشایی دەخۆیدا دیبوو، بەڵام زۆر زوو ڕای‌دابوو.

قەندیل دەجەغزی تەپ و مژدا سەری شاردرابۆوە، مژ لە دەوری سەری دەسووڕا، ئەستوور دەبوو، تەنک دەبۆوە، بەحاڵ تاپۆی قەندیل وەدیار دەکەوت و دیسان ون دەبۆوە.

سیسرکە دەهات بێدەنگ بن، حیلەی ئەسپە کوێتی بڵیند بوو، دوو سێ جاری حیلاند، مراد چاوی هەڵێنا، تاریکی ئێستاش ژووری ڕەشماڵی میوانانی دەلەپی خۆیدا ڕێکدەکوشی. گوێی هەڵخست، حیلەی کوێتەی ناسێوە، بڵیند ببوو. گورجی هەستا سەرپێ و پڕی دایە تفەنگی، حیلەی کوێتەی بەسام بوو، هاوار

بوو. فیشەکدانی خێرا لە خۆی بەست و خۆی خڕ دا، بە پڕتاو هاتە بەر دەرکەی چادری، بەرامبەری، تاریکی دەنێو دۆڵەکەیدا پێلی لێدەدا، ڕەشماڵەکان ڕەشتر لە شەو دەیاننواند، سەرمای بەریبەیان تەزووی بە لەش دا هێنا، کوێتە لەو سەری چادران یەکبین دەیحیلاند، سەوڕێکی زۆر توند لەسەر شاخان دەستی پێکرد، مراد چاوی دەپێهەڵی قەندیل بڕی، سەدان تاپۆ دەهاتنە خوار، چاوی دەبەرامبەر و ئەوبەر ئەوبەری چادران بڕیوە، ڕەشایی جێ گورگیان دەکرد، شەش لایان لێ گرتبوو، حەرز و بۆ لە ژاندەرم و پیاوی ڕەشکۆخانی هەڵگیرابوو، بەرە بەرە وڵات ڕووناک دەبوو، بە غار چۆەلای چادری حاجی ساڵە، دوور و نیزیکی دەرگا هەرای لێکرد.

«حاجی! حاجی! هەستە ژن و منداڵان ڕاگوێزن.»

دەرگای چادری هەڵداوە، جێوبانی حاجی بەتاڵ و شپرزە مابۆوە، سەری سووڕما.

«لە کوێیە؟ بۆ کوێ چۆت؟»!

ژاندەرم لێی هاتبوونە پێش، لە لای چادری هەوارچیانیش ڕا دەهاتن، ئیدی بە جوانی دەیدیتن، لە هەموو لایەکەوە بۆی دەهاتن، شەو بە جارێکی دەڕۆژیدا تۆاوە، ڕەنگێکی بۆریان لێ ساز ببوو.

هات غار داتە لای ئەسپە کوێتی، جموجۆوڵی زۆری ژاندەرمان لەو لای ڕا پەژیوانی کردەوە و لەجێی خۆی ڕایگرت، چارە نەمابوو، کەنداڵێکی دیتەوە خۆی تێهاویشت و لێیان دامەزرا.

شریخ و هۆڕی تفەنگان ساز بوو، بە جارێکی هەوارگە شپرزە بوو، قرمە قرمی ڕەشاش و شریخەی تفەنگان کوێستانیان وەلەرزە خست، گوللە بە ویزە ویز دەهاتن، وەچادران دەکەوتن و کوناودیویان دەکردن، شەڕێکی مشتۆ دەس و نابەرابەر؛ سەدان نەفەر بەرامبەر بە یەکێکی، هەڵۆی تیژباڵ دەگەوەی قەلاندا. هەر گوللە زێڕژن و زیقەی ژاندەرمێکی لەگەڵ بوو، وەک مار ووشەی دەهات و ڕادەخوشی، ڕووی تفەنگی دە هەموو لاییکی دەکرد و چرتەی لێدەبڕین، وەها توندوتۆڵ و چۆست و چالاک جێی دەگۆڕێ دەرفەتیان نەدەبوو بێ ئەنگێون، لەو

کەنداڵە بۆ پەنا کەندالێکی دیکە، لە پەنا ئەو چادرەی بـۆ چـادرێکی دی. بـەرە بەرە لەو ژاندەرمانەی لە داوێنی قەنـدیل دامـەزرابوون دەچـۆوە پێشـێ، چـادر هەرتک دابێژ دابێژ کرابوون و بۆ کرووزیان ئاوێتەی بۆنی بـارۆوت بـوو. ئەگـەر توانیبای ئەو ژاندەرمانەی داوێنی قەندیلی تێک شـکێنێت و پـاڵ وەشـاخی دات تەواو دەبوو، ئیدی دە ئەوەندەش‌بـان باشـاریان نـەدەکرد و نـەیان دەتـوانی زەفەری پێبەرن، بەڵام ژاندەرم چین چین مەتەریزیان گرتبو، باشاری نەدەکردن.

ڕەشکۆخان لە مەبەسـتی گـەیبوو، لـە پـێش لووزەوەێیـک سـوار لـە لای ڕۆژهـەڵات ڕابۆی هاتن، ڕەپ ڕەپـانی سـۆاران شـەڕگەیان وەلـەرزە خسـت، دەسبەجێ لێیان دامەزرا، وەک ڕێژنەی باران گوللەی هاویشت، کـەس دەسـتی نەدەدیت، چۆست و چالاک دەی ئەنگاوتن، دووەم گوللەی شـانی ڕەشـکۆخانی تێک شکاند، ئەسپی سەرسمی داو وێڕای سوارەکەی گلار بوونەوە، بە دوای ویدا چوار سواری دیکە سەرنخوون بوون، سـوار قرۆقـەیان پێکـرا و بـڵاو بـوون، شەڕێکی پیاوانە و ئازایانەی دەکرد، خۆناوکە لە نێوچاوانی ساز ببـوو، بـۆنی بارووت و بۆنی ڕەشماڵی سووتاو بەسەر شەڕگەیدا پان ببۆوە گـوڕە و هـاواری سەروانە شێتە بۆ یەک دەمیش نەدەبڕاوە، لـە دوورەوە هەسـتابۆ سـەر پـێ و بەسەر ژاندەرماندا دەینەڕاند.

«مەهێڵن هەڵێت، لێی دەن، بچنە پێشێ.»

مراد سیرەی تێگرت و بێماوەلدان ئەنگاوتی، سـەروانە شـێتە بـۆ هەمیشـە بێدەنگ بوو، وەرسووڕاوە لای شاخی ئەوانی وێی داگرتەوە.

سەید نەجمە لەمێژ بوو لێی خەفتابوو، سیرەی تێگرت و تەقەی لە تفـەنگی هات و هاواری مرادی گوێ لێبوو، گوللـە ئێسـکی ڕانی تێـک شـکاندبوو. وەک پڵێنگی برینـدار وەرسـووڕاوە، سـەید نەجمـە سـەری لـەنێو کەنداڵـەکەی دا شاردبۆوە.

سێ سەعات بوو دەورەیان دابوو و هەر دەهات و زیـاتر دەبـوون، لـە ژمـار نەدەهاتن، هات و هاواری مێری لـەنێو چـادران ڕا دەهـات، خـۆی لـە دەسـت ئەوانەی گرتبوویان ڕادەپسکاند، بە تەمابوو خۆی بگەێنێتە مرادی.

فیشەکی لە تەواو بوون دابوو، شان‌وپیلی گیرابوون، خوێن لەڕانی بازرقـەی بەستبوو بە سەرپاتۆڵی دا دەڕژا سەر حەرز و تێکەڵ خۆڵی دەبوو. دەم‌وچاوی دە تەپ‌وتۆزدا ون ببوو، سفت و سۆی برینەکەی تەواوی جەستەی داگرتبوو، بـەو حالەش دەی‌ئەنگاوتن، ئێستاش کەس نەیدەوێرا سـەر وەدەر نێـت، گـوللیێکی دیکە وەخالێگەی کـەوت و کونـاودیوی کـرد، دەم‌وچـاوی ڕەش وشـین بـۆوە، پشتێندی قەدی سوور سوور هەڵگەڕا، لێوی بە هۆی گەستنی، تەواوی خۆیناوی ببوو.

هەتاو خۆی هەڵکشاندبۆە سەر شەڕگە، شریخەی تفـەنگ نەدەبـڕاوە، وردە وردە بـێ‌تاقـەت بـوو، خـوێنێکی زۆری لەبـەر ڕۆیبـوو، وزەی جوولانـەوەی نەمابوو، ئاخرین فیشەکی دەبەر دەمانچەی نا، ژاندەرمێکی کە دەیهەویست جێ گورکی بکات دەسیرە گرت و ئەنگاوتی، هێزی نـەمابوو، دەمانچـە لـە دەسـتی بەربۆوە. سەدان داڵ و خەرتەل هاتنە سـەری، پێلـۆی چـاوی هەڵـێنا، سـەید نەجمە لەسەر سەری ڕاوەستابوو.

مراد زەردێکی هاتێ و کوتی:

«ئاخری کاری خۆت کرد؟»

سەید نەجمە قاقایێکی بڵێندی کێشا و کوتی:

«تۆڵەی سەید حەسەنیم لێکردێوە، چۆنت داخ لەسەر دڵم دانا؟»

«بەڵام ئەمن سەید حەسەنم نەکوشت، بە هەڵە چووی.»

«درۆیان دەکەی هەموو کەس دەزانێ ئەتۆ کوشتووتە.»

مراد چاوی دەلای چـادری هـەوارچیان بـڕی، مێـری بـە قـژ ڕنـین بـۆلای هەڵدەهات.

«هیچ ئینسانێک لە کاتی مردندا درۆیان ناکات.»

سەید نەجمە کەوتە سەر چۆک و شانی داچۆڕان و تفەنگی لە دەست کـەوت، بوغز ئەوکی ڕێک کوشی، تنۆکێک فرمێسک خۆی بە قەراغی چاوی دادا.

«شتی وا نابێ، ئەی هاوار.»

خۆی بەسەر داکێشا و لە پڕمەی گریانیدا.

حاجی ساڵە و حاجی بایز بە دوای مێری هەڵاتن، گەیشتنە سەر سەری، مێری خۆی بە سەر داکێشا و خۆی برێوە.

مراد زەبری‌دا بە خۆی، چاوی هەڵێناوە، حاجی ساڵە لە حاست خۆی سەری بەردابۆوە، ویشک هەڵاتبوو، مراد بزێکی لێدا و بەحاڵ قامکە بێ‌هێزەکانی جووڵاندەوە، قامکی مێری بە قامکی خوێناوی گرت و چاوی دەچاوی بڕی، بادیناوێ دیت دەگوڕێنێت، سووڕ دەخوات و لوورەی دێ، هێرۆی دیت دەچاوی لە پێلی مێردا بۆلای دەهات، ئاخرین وزەی دەکار گرت و دەستەکەی دیکەی بڵێند کرد و بۆلای چاوی مێری برد، نەگەیشتنێ و بەربۆوە، سەری سووڕاوە، چاوی لەسەر قەندیلی مابۆوە، زینوێ بەتەم بوو.

ئەسپە کوێت لە دوورەوە هەستا سەر پاشوان، پڕ بە ولات حیلاندی، حیلەی پشتی قەندیلی لەرزاندەوە، قەندیل گریا و گریا، فرمێسکی گۆڕ گۆڕ لە چاو هاتنە خوار، دەستیان دا بە یەک و خۆیان دە باوەشی بادیناوێ هاویشت، بادیناوێش بە وێنەی ئەسپە کوێتی حیلاندی، سەری لە دار و بەردان‌دا و شێت و هار بەرەو وڵاتی پێوار لنگاری دا.